حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی کۆیە- فاکەڵتیی پەروەردە
بەشی زمانی کوردی

# ڕۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکەسوور) لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە (٢٠١٥-٢٠٢١)

نامەیەکە، پێشکەش بە فاکەڵتیی پەروەردەی زانکۆی کۆیە کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

لە لایەن
شوان عثمان نوری

لە ساڵی (٢٠١٦) لە کۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین بڕوانامەی ماستەری لە (ئەدەبی کوردی)دا وەرگرتووە.

بە سەرپەرشتی
پ.د. هاوژین صلیوە عیسی

٢٧٢٣ی کوردی
٢٠٢٣ی زایینی

# پێشکەشکردن

**ئەم تێزە پێشکەشە بە:**

**- دایک و باوکی خۆشەویستم**

**- هاوسەر و منداڵە چاوگەشەکانم**

**- خوشک و برا ئازیزەکانم**

**- مامۆستایانی بەشی کوردیی زانکۆکانی کوردستان**

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت

ئەم تێـــــزە، بە ناونیشـــانی (ڕۆمانەکانی "کاروان عومەر کاکەســـوور" لە ڕوانگەی دەروونشـیکارییەوە) لە ژێر چاودێری و سـەرپەرشـتی من، لەلایەن (شـوان عثمان نوری) لە فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە ئامادەکراوە، بەشـێکە لە پێداویسـتییەکانی بەدەسـتهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت

پ.د. هاوژین صلیوە عیسی

ڕۆژ: / /2023

---

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرۆک بەش

لەســەر پێشـنیازی سـەرپەرشـتی نامەکە، کە ناو و واژۆی لەسـەرەوە هاتووە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ دەکەم بۆ تاوتوێکردن.

پ.د. دەریا جەمال حەوێز

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕۆژ: / /2023

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان بە ناونیشانی (ڕۆمانەکانی "کاروان عومەر کاکەسوور" لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە) خوێندەوە، لەگەڵ خوێندکار (شوان عثمان نوری)دا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (          ) بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

واژو:

ناو:

ئەندام

ڕێککەوت:   /   /2023

واژو:

ناو:

ئەندام

ڕێککەوت:   /   /2023

واژو:

ناو:

ئەندام

ڕێککەوت:   /   /2023

واژو:

ناو:

ئەندام

ڕێککەوت:   /   /2023

واژو

ناو

سەرۆکی لیژنە

ڕێککەوت:   /   /2023

ئەندام و سەرپەرشت

ڕێککەوت:   /   /2023

---

لە لایەن ئەنجومەنی فاکەڵتیی پەروەردە - زانکۆی کۆیە پەسەندکرا.

واژو:

ناو: پ.د. سەفین جەلال فەتحوڵڵا

ڕاگری فاکەڵتیی پەروەردە

ڕێککەوت:   /   /2023

# نـــــاوەرۆک


| | |
|---|---|
| II | پێشکەشە |
| III | پشگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشت |
| IV | ڕەزامەندیی لیژنەی گفتوگۆ |
| V | ناوەرۆک |
| IX | پێشەکی |
| XII | سوپاسنامە |
| XIII | پوختەی تێزەکە |
| ١ | بەشی یەکەم: ئەدەب و دەروونشیکاری |
| ١ | تەوەری یەکەم: چەمک و پێناسەی دەروونناسی |
| ٢ | تەوەری دووەم: پەیوەندیی نێوان ئەدەب و دەروونناسی |
| ٦ | تەوەری سێیەم: میتۆدی ڕەخنەی دەروونی |
| ٩ | بەشەکانی عەقڵ لای فرۆید |
| ٩ | ئاستی هەست |
| ١٠ | ئاستی پێش هەست |
| ١١ | ئاستی نەست |
| ١٤ | بەشەکانی کەسایەتی لە دیدی فرۆید |
| ١٤ | ١- ID |
| ١٦ | ٢- EGO |
| ١٨ | ٣- SUPER EGO |
| ٢١ | ئۆدیبۆس و گرێی خەسان |
| ٢٤ | خەون |
| ٢٨ | وزەی لیبیدۆ و قۆناغەکانی گەشەی سێکسی |
| ٣١ | ڕەمەکەکانی ژیان و مردن |
| ٣٢ | کارل گۆستاڤ یۆنگ |
| ٣٦ | بنەماکانی پێکهاتنی کۆنەست لای یۆنگ |
| ٣٦ | ١- ڕووپۆش(دەمامک) |
| ٣٦ | ٢- سێبەر(الظل) |
| ٣٧ | ٣- ئەنیما و ئەنیمۆس |

| | |
|---|---|
| ٤- خود(الذات) | ٣٨ |
| ئەلفرێد ئەدلەر | ٣٩ |
| شارل مۆرۆن | ٤٣ |
| ژاک لاکان | ٤٤ |
| پێکهاتەی دەروونیی مرۆڤ لای لاکان | ٤٦ |
| ئانا فرۆید | ٤٦ |
| ئیریک فرۆم | ٤٧ |
| بەشی دووەم: ڕەنگدانەوەی دیاردە دەروونییەکان لە ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسووردا | ٤٩ |
| کورتەی ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسوور | ٤٩ |
| - ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش | ٤٩ |
| - ڕیگەکانی ژەهر | ٥٠ |
| - مۆزەخانەی کوڕە قژدرێژ | ٥٤ |
| - یادەوەریی بووکەڵەکان | ٥٥ |
| تەوەری یەکەم: ناونیشان لە ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسووردا | ٥٧ |
| - بنیاتی ناونیشان | ٥٧ |
| - چەمک و زاراوەی ناونیشان | ٥٨ |
| - گرنگیی ناونیشان لە دەقی ئەدەبیدا | ٦٠ |
| - ئەرکی ناونیشان | ٦٣ |
| - جۆرەکانی ناونیشان | ٦٤ |
| - دەلالەتەکانی ناونیشان لە ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسووردا | ٦٤ |
| - ناونیشانی ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسوور لە ڕووی دەروونییەوە | ٦٥ |
| - ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش | ٦٦ |
| - ڕیگەکانی ژەهر | ٦٩ |
| - مۆزەخانەی کوڕە قژدرێژ | ٧١ |
| - یادەوەریی بووکەڵەکان | ٧٣ |
| - تەوەری دووەم: پاڵنەرە دەروونییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسووردا | ٧٧ |
| - گرێی هەست بە کەمی کردن | ٧٧ |
| - ڕەشبینی و گەشبینی | ٨١ |
| - تووڕەیی هەڵچوون | ٨٨ |
| - سایکۆ عیشق | ٩٧ |
| - سایکۆ پیری | ١٠٢ |

| | |
|---|---|
| - سایکۆ گریان | ١٠٣ |
| - سایکۆ نەخۆشی | ١٠٦ |
| - سایکۆ هەژاری | ١٠٨ |
| - دڵەڕاوکێ | ١١٠ |
| بەشی سێیەم | ١١٧ |
| تەوەری یەکەم: تایبەتمەندییە دەروونییەکانی کارەکتەرەکان و ڕەنگدانەوەیان لە ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسووردا | ١١٧ |
| - ململانێی خود | ١١٧ |
| - نامۆیی | ١١٩ |
| - پەیوەندیی نامۆیی بە ئەدەبیاتەوە | ١٢٢ |
| - هۆکارەکانی نامۆیی لای کاروان عومەر کاکەسوور | ١٢٥ |
| - جۆرەکانی نامۆیی | ١٢٦ |
| ١- نامۆیی خودی | ١٢٧ |
| ٢- نامۆیی کۆمەڵایەتی | ١٣٣ |
| ٣- نامۆیی جوگرافی | ١٣٨ |
| ٤- نامۆیی ڕامیاری | ١٤٢ |
| ٥- نامۆیی تەکنەلۆژی | ١٤٣ |
| ٦- نامۆیی سێکسی | ١٤٤ |
| - شەرم | ١٤٦ |
| - ترس | ١٥٢ |
| - خەم | ١٦٤ |
| - پێش هەست | ١٧٠ |
| - نەستی تاک | ١٧١ |
| - سادیزم | ١٧٣ |
| - جۆرەکانی سادیزم | ١٧٤ |
| - ماسۆشیزم | ١٧٨ |
| - خودشەیدایی(نەرگسیەت) | ١٨١ |
| - چەپاندن | ١٨٥ |
| - خەون | ١٨٩ |
| تەوەری دووەم: تەرزە سەرەتاییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسوور | ١٩٤ |
| ١- ئـــاییــن | ١٩٤ |
| ٢- ئەفسانـــە | ١٩٧ |

| | |
|---|---|
| ٣- کلتــور | ١٩٨ |
| ٤- پەند و قسەی نەستەق و یاری وەکو ڕەگەزی فۆلکلــۆر | ٢٠٩ |
| تەوەری سێیەم: فۆرم و مەبەستەکانی بەکارهێنانی دەمامک لە ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسووردا | ٢١٠ |
| - دەمامکی ئایینی | ٢١٠ |
| ٢- دەمامکی کۆمەڵایەتی | ٢١٣ |
| ٣- دەمامکی ڕامیاری | ٢١٨ |
| ئــــەنجـــــامەکان | ٢٢١ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٢٢٣ |
| ملخص البحث | ٢٣٩ |
| ABSTRACT | ٢٤٠ |

# پێشـەکـی

دەروونشیکاری؛ وەکو زانستێک، خزمەتێکی زۆری بە بواری ئەدەب و هونەر کردووە، دەروازەیەکە، لە ڕێیەوە چووەتە نێو دەروونی ئەدیب و نووسەران و کەسایەتییانی شیکردووەتەوە. بەمەش پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و لێکدانەبڕاو لەنێوان دەروونناسی و ئەدەبدا هەیە و هەردووکیان سوودیان لە یەکتر وەرگرتووە، بە جۆرێک دەروونناسی لە هەموو زانستەکانی دی لەپێشترە بۆ داهێنانی ئەدەبی، بەو پێیەی دەروونشیکاری، دیوە شاراوەکانی ناخی ئەیب و بارە چەپێنراوەکانی نەست ئاشکرا دەکات. ژانری ڕۆمانیش، وەکو ژانرێکی ئەدەبی، پانتاییەکی فراوانی هەیە لە خستنەڕووی دیوە شاراوە و ئاڵۆزەکانی دەروونی کارەکتەرەکان. ڕۆماننووسانی کورد، بە سوود وەرگرتن لە ڕۆماننووسانی ئەوروپی، بە ئاگاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەو چەمکانەدا کردووە، کەوا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم فرۆید و قوتابییەکانی هێناویانەتە ئاراوە، بەشێوەیەکی ستاتیکی لەنێو ڕۆمانەکانیاندا کاریان لەسەر کردووە.

ئەم تویژینەوەیە بەناوی (ڕۆمانەکانی "کاروان عومەر کاکەسوور" لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە)، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی لایەنی دەروونی و پاڵنەرە دەروونییەکانی کارەکتەرەکان لە نێو ڕۆمانەکانی ڕۆماننووسدا. بەو پێیەی ئەدەب و دەروون پەیوەندییەکی لەمێژینەیان بەیەکەوە هەیە و لە یەک دانەبڕاون. نووسەر و ئەدیبان لەم ڕێگەیەوە خۆیان لە فشارە دەروونییەکان خاڵی دەکەنەوە. گوزارشتیش لە ناخی تاکی خوێنەر دەکەن. یەکێک لەو ژانرە گرنگانەی وردتر گوزارشت لە ناخی تاکەکانی کۆمەڵگەکەی دەکات، ژانری ڕۆمانە. (کاروان عومەر کاکەسوور)یش وەکو ڕۆماننووسێکی دیاری دوای ڕاپەڕین، ڕۆمانەکانی ڕەهەندێکی قووڵی دەروونییان هەیە، ئەمەش دەبێتە کەرەستەیەکی گونجاو و لەبار بۆ توێژینەوەکەمان، کەوا لە ڕوانگەیەکی دەروونییەوە ئاوڕ لە ڕۆمانەکانی بدەینەوە بەو ئامانجەی هەموو ئەو بارودۆخە دەرونییانەی پەیوەستن بە کێشەکانی تاک و کۆمەڵگە و هەموو ئەو خەسڵەت و گرێ دەروونییانەی لە ئاکامی کۆمەڵێک هۆکار دروست بوون، دەستنیشان بکرێن.

ڕۆماننووس تا ئێستا خاوەنی (١٢) ڕۆمانە، بەڵام سنووری ئەم توێژینەوەیە تەنیا (٤)چوار ڕۆمان لەخۆی دەگرێت، کە لە چوارچێوەی میتۆدی ڕەخنەی دەروونی و بە تایبەتیش قوتابخانەی دەروونشیکاری، بەپێی ڕیزبەندی ساڵی چاپ کاریان لەسەر کراوە، ئەوانیش

بریتین لە: (ڕێبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش ٢٠١٥ - ڕێگەکانی ژەهر ٢٠١٧ – مۆزەخانەی کوڕەقژدرێژ ٢٠٢١ - یادەوەریی بووکەڵەکان ٢٠٢١)ن.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (ڕەخنەی دەروونشیکاری) پەیڕەو کراوە. لە ڕووی تیۆرییەوە چەمک و پێناسەی دەروونزانی خراوەتەڕوو. ڕۆمانەکانی ڕۆماننووسیش، نموونەی گونجاون بۆ پراکتیزە کردنی ئەم قوتابخانەیە.

**ناوەرۆکی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکدێت: بەشی یەکەم، کە بەشێکی تیۆرییە، لە سێ تەوەر پێکدێت. لە تەوەری یەکەمدا باس لە چەمک و پێناسەی دەروونننانی و لە تەوەری دووەمدا پەیوەندیی نێوان ئەدەب و دەروونننانی خراوەتەڕوو. لە تەوەری سێیەمدا باس لە میتۆدی ڕەخنەی دەروونی و قوتابخانەی دەروونشیکاری کراوە. ڕابەرانی ئەم قوتابخانەیە باسکراون. هەموو ئەو چەمکانەی (فرۆید و یۆنگ و ئەدلەر) وەکو سێ تیۆرداڕێژەر، دایانهێناوە، بە وردی کاریان لەسەر کراوە. لە بەشی دووەمدا، کە لە دوو تەوەر پێکدێت. تیایدا لە پێشدا کورتەی ڕۆمانەکان خراوەتەڕوو بۆ بەرچاو ڕوونیی خوێنەر. لە تەوەری یەکەمدا، چەمکی ناونیشان و پەیوەندیی ناونیشان بە سێگۆشەی (نووسەر – دەق – خوێنەر) و ئەرک و جۆرەکانی ناونیشان باسکراوە. دواتر باس لە دەلالەتەکانی ناونیشان کراوە و ناونیشانی ڕۆمانەکان لە ڕووی دەروونییەوە ڕاڤەکراوە. لە تەوەرەی دووەمدا باس لە گرنگترین ئەو پاڵنەرە دەروونییانە کراوە، کە نموونەیان لە نێو ڕۆمانەکاندا بەردەستە. لە بەشی سێیەمدا، کە سێ تەوەرە، لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە تایبەتمەندییەکانی کارەکتەرەکان کراوە. لە تەوەرەی دووەمدا ئەو تەرزە سەرەتاییانەی لە کۆنەستی تاکدا وەکو گەنجینە پارێزراون و نەوە دوای نەوە گوازراونەتەوە، خراوەتەڕوو. لە تەوەرەی سێیەمیشدا باس لە فۆڕمەکانی بەکارهێنانی دەمامک کراوە. لە کۆتاییشدا کۆمەڵێک ئەنجام خراونەتەڕوو، کە هەڵقوڵاوی توێژینەوەکەن. لە پاشاندا لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

## گرفتی توێژەر:

بەو پێیەی ڕۆماننووس شێوازێکی تایبەتیی لە نووسین و گێڕانەوەدا هەیە، بە تایبەتی لە ڕۆماندا، ڕۆمانەکانی فرە کارەکتەر و فرە ڕووداون، کات و زەمەن تێکشکاون، زمانی نووسینی، زمانێکی ترازاوە. لە ڕووی دەروونیشەوە ڕۆمانەکانی هەڵگری ڕەهەندی دەروونیی قووڵن. بۆیە پەیبردن بە دیوە شاراوە و نهێنی و کۆد و ڕەمزەکان پێویستی بە خوێندنەوەیەکی چڕ و قووڵ هەیە، تاکو هەموو ئەو ڕایەڵانە بەیەک بگەیەنرێت و دەستنیشان بکرێن.

## گرفتی توێژینەوە:

گرفتی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە، بابەتی فرەزاراوەیییە. ئەو چەمکانەی لە بواری دەروونشیکاری باسیان لەبارەوە کراوە، هەوڵمانداوە خۆمان لەو فرەزاراوانە بپارێزین و ئەو زاراوانە بەکاربهێنین، کە زیاتر لەلایەن نووسەرانەوە کۆدەنگییان لەسەرە.

## سوپاسنامە:

### ڕێز و سوپاسی بێپایانم بۆ:

- سەرپەرشتی بەڕێز (پ.د. هاوژین صلیوە)، کە بە دڵسۆزانە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی تێزەکەی گرتە ئەستۆ و ڕێنوێنی کردم لە تەواوکردنی تێزەکەدا.

- سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیە، فاکەڵتیی پەروەردە و سەرۆکایەتیی بەشی زمانی کوردی، کە دەرفەتی خوێندنیان بۆ ڕەخساندم.

- مامۆستا خۆشەویستەکانم لە بەشی زمانی کوردیی زانکۆی سەلاحەدین، لە قۆناغی بەکالۆریۆس و ماستەر؛ زانکۆی کۆیە، کە لە قۆناغی دکتۆرا وانەیان پێگوتووم، هەمیشە پاڵپشت و ڕێنیشاندەرم بوون بۆ گەیشتن بەم قۆناغ و پلە زانستییە.

- هاوژینی خۆشەویستم (ساکار ئیبراهیم)، کە کاتی خۆی لەگەڵ بەشکردم.

**پوختەی تێزەکە:**


لێکۆڵینەوە لە ڕۆماندا بە پێی قوتابخانەی دەروونی یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی گرنگی پێدراوە. ئەمەش لە پەیوەندیی نێوان ئەدەب و دەروونناسی، کە پەیوەندییەکی لەمێژینە و کۆنیان لەگەڵ یەکدا هەیە، سەرچاوەی گرتووە. ئەو پەیوەندی و بەیەکداچوونەی ئەدەب و دەروونزانی وایکرد لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم قوتابخانەیەکی نوێ دابمەزرێت، ئەویش قوتابخانەی دەروونشیکاری بوو، کە (فرۆید) و قوتابییەکانی (یۆنگ) و (ئەدلەر) ڕابەرایەتییان دەکرد، کە بە پلەی یەکەم کاریان لەسەر نەستی مرۆڤ دەکردەوە. ڕۆمانی دەروونیش بنیات و پرۆگرامێکی تایبەتی هەیە، بەو تایبەتمەندییانەی تێیدایە، لە ڕۆمانی تەقلیدی جیا دەکرێتەوە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە ڕۆمانەش ئەوەیە، کەوا ڕۆماننووس جەخت لەسەر ناوەوەی کارەکتەرەکان و هەڵچوون و حەزە چەپێنراوەکانی ناخی کارەکتەرەکان دەکاتەوە. (کاروان عومەر کاکەسوور)یش وەکو ڕۆماننووسێکی دیاری کورد، ڕۆمانەکانی زیاتر ڕەهەندی دەروونییان هەیە، بەوەی تایبەتمەندی و پاڵنەرە دەروونییەکان بە زەقی لە نێو ڕۆمانەکانیدا بەرچاودەکەوێت. کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکانی، کارەکتەری ئاڵۆز و پڕ لە کێشمەکێشمن، کێشەیان لەگەڵ دەوروبەری خۆیان هەیە، لەگەڵ ئەو تێگەیشتنە کێشەیان هەیە، کە لە دەوروبەریاندا هەن. بۆیە کارەکتەرەکان گۆشەگیر و نامۆ و یاخین. هەڵبژاردنی ناونیشانەکانیش دەلالەتی دەروونییان هەیە. ئازاری هەریەک لە کارەکتەرەکان، ئازارێکی قووڵە، لەگەڵ ئەوەشدا چێژ لەو ئازارەیان وەردەگرن. ترس وەکو خەسڵەتێکی دەروونی پانتاییەکی فراوانی لە نێو ڕۆمانەکانیدا گرتووە. ترسی کارەکتەرەکان، ترسە لە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ترسە لە بوونی خۆیان. بەمەش هەموو ئەو چەمکە دەروونییانەی قوتابخانەی دەروونشیکاری و ڕابەرانی ئەم قوتابخانەیە کاریان لەسەر کردووە، لە نێو ئەم ڕۆمانانەدا خراونەتە ڕوو و باسیان لەبارەوە کراوە.

## بەشی یەکەم: ئەدەب و دەروونشیکاری

### تەوەری یەکەم: دەروونناسی و پەیوەندیی بە ئەدەبیاتەوە

#### یەکەم: چەمک و پێناسەی دەروونناسی

دەروونناسی یان سایکۆلۆجیا وشەیەکی لاتینییە، لە دوو وشەی (psycho واتا دەروون و logy) بە واتای زانست یان لێکۆڵینەوەی زانستی دێت، بەیەکەوە مانای زانستی دەروون (دەروونناسی) دەگەیەنێت. لە زمانی عەرەبیدا (علم النفس) و لە زمانی فارسی (روانشناسی) و لە زمانی ئینگلیزی (psychology) و لە زمانی فەرەنسی زاراوەی (psychogie) بەکاردێت. ((زۆرجاریش وشەی psychirios بە مانای ڕوحانی، یان دەروونی بەکارهاتووە لەگەڵ وشەی "logos" کە بە مانای زانست یان لێکۆڵینەوە بەکارهاتووە.))(عەبدوڵڵا،٢٠١٣: ٩)

لە ڕووی چەمک و زاراوەوە ئەگەر بێین پێناسەی دەروونناسی بکەین، ئەوا خۆمان لە بەردەم کۆمەڵێک پێناسە دەبینینەوە، ئەگەرچی خاڵی هاوبەش لە نێو ئەم پێناسانەدا هەیە، بەڵام خاڵی جیاوازیش هەیە و هەر دەروونناسێک بەشێوەیەک ئەم زانستەی پێناسە کردووە کە لەگەڵ بۆچوون و ڕوانینەکانی یەکبگرێتەوە. هۆکاری ئەم جیاوازییەش بۆ لێکۆڵینەوە لە لایەنە شاراوەکانی دەروونی مرۆڤ و کاریگەریی و کارتێکردنی هەڵسوکەوتەکانی دەگەڕێتەوە، چونکە لێکۆڵینەوە لە دەروونی مرۆڤ، لێکۆڵینەوە نییە لە دەروونێکی ئەبستراکت (ڕووت)، بەڵکو لێکۆڵینەوەیە لە هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ، لێکۆڵینەوەیە لە ((ژیانی دەروون و ئەوەی لەناو ئەو دەروونە دایە لە بیرکردنەوە و هەست و ئارەزوو و بیرەوەری و هەڵچوون.))(عزت،١٩٦٨: ٣)

لێرەدا هەندێک لەم پێناسانە دەخەینەڕوو:

دەروونناسی: ((ئەو زانستەیە کە لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، مەبەست لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاریش ئەوەیە، کە هەموو ئەو چالاکییە ژیریانەی مرۆڤ ئەنجامی دەدات، چ هەستی بێت وەک یادکردنەوە، بیرکردنەوە، لێکدانەوە، پێشبینیکردن، یان نەستی بێت لە هەڵچوون و خۆشەویستی و تووڕەبوون و ترس و دڵەڕاوکێ و ڕک و کینە و حەز و ئارەزوو. هەروەها لایەنی جووڵەیی وەک نووسین و ڕۆیشتن و قسەکردن و چاپکردن و سواری ئۆتۆمبێل دەگرێتەوە.))(محمد،٢٠٠٤: ١٦) بەپێی ئەم پێناسەیە، دەروونناسی لە دوو ڕوانگەوە کار لەسەر مرۆڤ دەکات، لایەنێکی پەیوەستە بە هەست و کارکردنە لەسەر جموجۆڵ و ڕەفتار و

ڕەوشتەکانی مرۆڤ، لایەنەکەی دی پەیوەستە بە نەست و کارکردنە لەسەر دەروونی مرۆڤ و ئەوەی لە ناخی مرۆڤ دایە لە ترس و دڵەڕاوکێ و هەڵچوونەکان.

دەروونناسی: ((زانستێکی وەسفییە، لە ڕێگەی وەسفکردن و پەیوەندیی کردارەکان بە یەکتری و کاریگەرییان لەسەر ڕەفتارەکانی مرۆڤ بەدوای کردارە ژێرییەکاندا دەگەڕێت.))(زیدان،١٩٧٣: ٢٣)

دەروونناسی: ((زانستێکە هەوڵدەدات لە پێکهاتەکانی دەروونی مرۆڤ بکۆڵێتەوە و نهێنییەکانی دەروونی مرۆڤ ئاشکرا بکات.))(ابوالسعود،٢٠٠٥: ٢٠) ئەم پێناسەیە، زیاتر جەختکردنەوەیە لە دەروونی مرۆڤ و پەی بردنە بە هەموو ئەو شڵەژان و هەڵچوونەی لە ناوەوەی مرۆڤ هەڵدەقوڵێت.

دەروونناسی: ((ئەو زانستەیە کە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و چالاکی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، بەو پێیەی ئەمانە دەرکەوتەکانی دەروونن، هەروەها بایەخیش بە لایەنی سۆز و هەست و نەست و عەقڵ و درککردن و بنیاتی کەسێتی مرۆڤ دەدات. لە هەموو ئەو هۆکارانەش دەکۆڵێتەوە کە تایبەتمەندیی کەسێتی تاک دیاریدەکات. سەرەڕای ئەمانەش لە میانەی جیهانی دەروونی ناوەوەی تاکەکانەوە لە کەسایەتییان دەکۆڵێتەوە و ڕاڤەیان دەکات.))(سەعدون،٢٠١٥: ٢١-٢٢)

دەروونناسی: ((زانستی دەروونە بە تەنیا، یان لە دەروون و ڕاستییەکانی دەکۆڵێتەوە، پاشان بەوە ناسرا، کە زانستی ئاوەزە، پاشتر بە زانستی هەستەکان، دواتریش بەوە ناسرا، کە زانستی لێکۆڵینەوەی ژیانی عەقڵییە.))(عبدالقادر،٢٠١٧: ١٢)

لە کۆی هەموو ئەو پێناسانەدا دەتوانین بڵێین زانستی دەروونناسی ئەو زانستەیە لە دەروونی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە و ئەو کاریگەرییانە دەستنیشان دەکات، کە لایەنی دەروونی لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ جێدەهێڵێت.

## دووەم: پەیوەندیی نێوان ئەدەب و دەروونناسی

پەیوەندیی نێوان ئەدەب و دەروونناسی پەیوەندییەکی تێکچڕژاوە. ئەم پەیوەندییە ڕیشەیەکی قوڵ و دوور و درێژی هەیە. ئەم پەیوەندییە بە جۆرێکە، کە ڕەنگە دەقێکی ئەدەبیمان دەستنەکەوێت دووربێت لە کاریگەریی نووسەرەکەی، ئەم پەیوەندییەش بە تێپەڕبوونی کات پەرەی سەندووە. دەروونە ئەدەب دادەهێنێت، بە هەمان شێوەش ئەدەب دەروون بنیاد دەنێت.

دەروونە کە هەموو لایەنەکانی ژیان بەیەک دەگەیەنێت تا ئەدەبی لێ بەرهەم بهێنێت، ئەدەبیش ڕاستییەکانی ژیان هەڵدەگێڕێتەوە تاکو کون و کەلەبەرەکانی دەروون ڕووناک بکاتەوە.

دەروونناسـی لە بـواری ئەدەبیـدا هەوڵـدەدات ڕۆشـنایی بخـاتە سـەر چـوار بـابەتی گرنـگ، ئەوانـیش: ((لێکـۆڵینەوە لە دەروونـی نووسـەر و لێکـۆڵینەوە لە کـردەی داهێنـانی هـونەری، لێکۆڵینەوە لە نموونە و یاسا دەروونییەکان لە نێو کۆدە ئەدەبییەکان و لێکۆڵینەوە لە کاریگەری ئەدەب لەسەر خوێنەر.))(ویلیک-أوستن،١٩٨٧: ٨٣)

دەقـی ئەدەبـی پەیوەنـدییەکی ڕاسـتەوخۆی بە دەروونـی نووسـەرەکەیەوە هەیە، ئەو دەقە لە هەست و سۆز و هەڵچوونە پەنگخواردووەکانی دەروونییەوە سەرچاوە دەگرێت و شـاعیران و نووسەران ناتوانن دەقەکەکانیان لە ڕەنگدانەوەی ئەو لایەنە دەروونییەی خۆی دەخزێنێتە نێو پێکهـاتەی دەقەکەوە دابـبڕن. بەمەش سـایکۆلۆژیا و ئەدەب کـاردەکەنە سـەر یەکتـر و ((ئەدەب وەک دیـاردەیەکی دەروونــی و ئەقڵــی ڕەنگــدانەوەی نــاخی ئەدیبــان و هونەرمەنــدانە، شــتە هەڵقوڵاوەکانی ناخ و قوڵاییەکانی دەروونەو بەم پێیە لایەنی دەروونی شتێکی تۆکمەیە لە کاری ئەدەبیدا.))(ڕەسووڵ،٢٠١٢: ٧٣) دەقـی ئەدەبـی لە ڕەگەزە گرنگەکـانی هەسـت و سـۆز و ئەندێشـەی نووســەر بەدەر نیــیە ، کە ئەمــانە بنەمــای بەهێــز و پــردی پەیوەنــدیین لە نێــوان نووســەر و خــوێنەری دەق، واتە ((ئەو بــابەتەی نووســەرێک یــان ئەدیبێــک دەینووســێت و لە دووتــوێی تێکستێک ئارام دەگرێت، کاتێت خوێنەریش دەیخوێنێتەوە لەڕێی ئەوەی کە خۆی تیا ئەبینێتەوە، یــاخود موعانــاتی ئەدیبەکە بەشێکیشــە لە موعانــاتی خــوێنەر، بەڵام بــۆ هەمــوو کەســێکیش بە ڕەهــایی نیــیە، واتە خــۆی لە نێــو ئــاوێنەی دەقەکە دەبینێــتەوە، نووســەریش چەنــد ســایکۆیانە دەقەکەی دابڕێژێـــت ئەوا خـــوێنەریش لە بەردەم ئـــاوێنەی دەقەکە بە ڕوونتـــر خـــۆی دەدۆزێـتەوە.))(صلیوە،٢٠١٣: ١٩-٢٠) نووسـەر هەوڵـدەدات هەسـتی پەنگخـواردووی نـاخی لە نێو دەقی ئەدەبیدا بەرجەسـتە بکات و خـۆی خـاڵی بکاتەوە، لەبەر ئەوەشـە ((ڕەخنەگران شـیعر بە دەلاقەی ناسینی دەروونی شاعیر و نووسـەر لەقەڵەم دەدەن، بە هەمـان شـێوەش دەروونناسـی هەر لە سـەرەتاوە بـاوەڕی بەوە هەبـووە، کە ڕەفتـار و هەسـتەکان کاریگەرییـان لەسـەر مرۆڤ هەیە،))(قادر، ٢٠٢٢: ٢) ئەمەش جۆرێک لە ئارامیی و ئاسوودەیی بە دڵ و دەروونـی دەبەخشـێت. بەم جۆرە دەروونـی نووسـەر دەبێتە هەوێنی لەدایکبوونی دەقی ئەدەبی، چونکە ((ئەدیبەکـان کاتێــک دەربــارەی هەر بابەتێــک دەنووســن وەکــو (شــیعر و پەخشــان) هەڵگێــڕانەوەی یــان ڕەنگدانەوەی هەست و نەست و سۆزی ناخیەتی.))(حەسەن،٢٠١٩: ٤٤)

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یۆنانییەکان، دەبینین لەسەر بنەمای کاریگەریی دەروونیی شیعر لەسەر هەست و سۆز و ئەقڵی خوێنەرە لاوەکان، (ئەفلاتۆن) شاعیرانی خستووەتە دەرەوەی کۆمارەکەیەوە، ((ئەفلاتۆن لە ڕوانگەیەکی دەروونییەوە ڕەخنەی لێگرتوون بەهۆی ئەوەی شاعیران لە دەقە شیعرییەکانیاندا کاریگەریی خراپ لەسەر دەروونی لاوەکان جێدەهێڵن و ڕەوشتیان تێکدەدەن، بە تێکچوونی دەروونی خەڵکیش، کۆمارەکەی تووشی داڕووخان دەبێت، بۆیە ئەمانەی لە کۆمارەکەی بەدەرناوە.))(احمد،٢٠١٥: ٢٤) کەچی (ئەرەستۆ) لە کتێبەکەیدا (هونەری شیعر)دا، دەربارەی شاعیران و کاریگەرییان لەسەر خوێنەر بۆچوونی جیاوازی هەیە. لە پێناسەی بۆ تراژیدیا دەڵێت: ((ڕووداوی وای تێدایە کە بەزەیی و ترس دەوروژێنێت و بەمەش پاکبوونەوە لەم دوو سۆزە دێنێتە دی.))(ئەرستۆ،٢٠٠٤: ٢٧) ئەرستۆ ئەم کاریگەرییە دەروونییەی بەرز نرخاندووە و ئەوەی نیشانداوە کە لە ژێر کاریگەریی وروژاندنی هەستی بەزەیی و ترسدا بینەری شانۆی تراژیدی دەروونی پاکدەبێتەوە، بەمەش باری دەروونی هاوسەنگ دەبێت.

ڕۆمانسییەکان بایەخێکی زۆریان بە لایەنی دەروونی داوە. (سانت بیف) نوێنەری ڕەخنەی ڕۆمانتیکی و وەک ڕابەرێکی گەورەی میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی، پێی وایە ((کەسێتی ئەدیب دەروازەیەکە بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمەکەی و چێژوەرگرتن لێی.))(قطوس،٢٠١١: ٥٤) سانت بیف بەدواداچوونێکی وردی بۆ ژیانی نووسەر کردووە، بەم ڕێگەیە ((وێنەی جۆرێک لە سیاسەتی دەروونیی ئەدیبمان بۆ دەکێشێت.))(حیدوش،١٩٨٩: ١٣) ئەمەش هەوڵێکی ڕەخنەیی دەروونییە لەسەر بنەمای کارکردن لە ژیاننامەی نووسەر. شاعیرانی ڕۆمانتیکی لە شیعرەکانیاندا گوێیان بە هیچ دەستوورێکی ئەدەبی نەدەدا و پشتیان بە هیچ دەستوورێکی ئەدەبی نەدەبەست، چونکە ئەم ڕێبازە لە بنەڕەتدا شۆڕشێک بوو دژی هەموو کۆتوبەند و یاسا دەقگرتووەکانی کلاسیک. لە ڕووی تیۆرییەوە بە ئارەزووی خۆیان شتەکانیان لێکدەدایەوە، بێ بیرکردنەوە شیعرەکانیان دەردەبڕی، ئەمەش ئاماژە و دەلالەتێکی نەستی بوو نەک بلیمەتییان.(ئەحمەد،١٩٨٩: ٣١) ڕۆمانسییەکان وردتر لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەروون کردووە، بەتایبەتی لە لایەن هەریەکە لە (وردزۆرس١١٧٠-١٨٥٠) و (کۆلیردج ١٧٧٢-١٨٣٤)، ئەمانە هەوڵیانداوە لایەنە شاراوەکانی ناخی شاعیران دەربخەن و لێکۆڵینەوەکانیان لە بارەی شیعرەوە پەیوەست بووە بە ڕەهەندی دەروونی، ((تەنانەت کۆلیردج بە ڕێخۆشکەر بۆ فرۆید دادەنرێت.))(خلیل،٢٠٠٨: ١٠٢)

(وردزۆرس) پێی وایە ((ئەدەب زادەی هەڵچوونە بەوەی نووسەر یان ئەدیب ڕاستەوخۆ گوزارشت لە هەڵچوونەکان دەکات.))(ویتش،١٩٦٧: ٥٢٤)

سێگۆشـــەی نووســـەر و دەق و خـــوێنەر و ئەو کـــاریگەرییەی نووســـەر لە ڕێـــی بەرهەمە ئەدەبییەکەیەوە لەسەر خوێنەر جێیدهێڵێت، وایکرد میتۆدێکی نوێ بێتە کایەوە، ئەویش میتۆدی ڕەخنەی دەروونی بوو لە کاری ئەدەبیدا، کە تیایدا بایەخ بە هەر سێ جەمسەری (نووسەر – دەق – خوێنەر) دەدات. ڕەخنەگران بۆ تێگەیشتن لە لایەنە شاراوەکانی دەق، پەنا بۆ ژیانی نووسـەر دەبەن، لەم ڕێگەیەوە ((دەتوانن گشت ئەو کۆدە ئاڵۆزانەی دەروونـی نووسـەر و شاعیر و هونەرمەند شیبکەنەوە و بگەڕێنەوە بۆ ژیانی منداڵییان و بزانن ئایا هۆکاری ئەو گرژی و ئاڵۆزییانە چینە کە وای کردبێت بەرهەمێکی ئاوا لەدایک بێت و کێشە دەروونییەکانی نووسـەری تێدا ڕەنگبداتەوە.))(صلیوە،٢٠١٣: ٨) ئەگەر دەق بکەینە دەروازە بۆ تێگەیشتن لە دەروون و شتە پەنهانەکانی ناخی نووسەر، ئەوا ژیانی نووسەریش کۆمەڵێک هێمای تایبەتن بۆ تێگەیشتن لە دەق. ڕوونتر بڵێین بۆ تێگەیشتن لە نەست و لایەنە شاراوەکانی مرۆڤ، دەتوانرێت پێکەوە پشت بە ژیانی تاکە کەسی و خەون و نووسین و چالاکییەکانی ببەسترێت بۆ ئەوەی هەموو لایەنە شاراوەکانمان بۆ ئاشکرا بێت، بەڵکو پێکەوە دەتوانن باشتر لایەنە نهێنییەکانی دەقمان بۆ ڕوون بکەنەوە. (وڵبەر سکۆت) بۆچوونی وایە، کەوا ((بەرهەمی ئەدەبی ڕەنگدانەوەی کەسێتی خاوەنەکەیەتی لەبەر ئەوە هاوکارە بۆ تێگەیشتن لە ژیانی ئەو، هەروەها بەڵگەنامەیەکە بۆ گەیشتن بە چۆنیەتی ژیانی ئەو نووسەرە و قووڵبوونەوە لە بارەی دەروونی ئەو.))(قصاب،٢٠٠٧: ٥٦) هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەری نووسـەر هەن و ئەو ڕووداوانەی ڕۆژانە ڕوودەدەن و دەیانبینێت و کاری تێدەکەن، دەبن بە بەشێک لە یادگاری و لە یادگەی نووسەر دەمێننەوە و لە نووسینی دەقەکەدا ڕەنگدەدەنەوە. کەواتە ((ئەدەب هەمیشە بە جۆرێک لە جۆرەکان هەوڵی خستنەڕووی نهێنی و لایەنە شاراوەکانی ناخی نوسەرانی داوە و، هەموو نووسەرێکیش هەوڵدەدات دەقەکەی بە جۆرێک بەرهەم بهێنێت تا زۆرترین کاریگەری لای خوێنەر بەجێ بهێڵێت، ئەم کاریگەربوونەش پەیوەندی بەو دەربڕینانەی ناخی نوسەرەوە هەیە کە لەناو دەقەکەدا هەستیان پێدەکرێت.))(غەریب،٢٠١٤: ٢٢١) لە پرۆسەی داهێناندا، لە بواری شیکردنەوەی دەقدا، دوو ڕەوت لە ڕەخنەی ئەدەبیی جیهانیی بەدی دەکرێن، ڕەوتێکیان دەق لە نووسەر و ژینگە و دەوروبەر دادەبڕێت و ڕوو دەکاتە ناوەوەی دەق. ڕەوتەکەی دیکە، دەق بە نووسەر و ژینگە و دەوروبەر گرێدەدات، ڕەخنەی دەروونییش لەو جۆرەیانە، کەوا دەق بە ژینگە و نووسەر دەبەستێتەوە. ئەم میتۆدە پێی وایە، دەق دەربڕینە لە ناخی نووسەر، نووسەری داهێنەر کاتێک دەقێک بەرهەم دەهێنێت، وەرگر لەبەرچاو دەگرێت و هەوڵدەدات ئەو بەرهەمەی بە جۆرێک بێت، کاریگەریی لەسەر وەرگر جێبهێڵێت. بەمەش ئەدەب و هونەر دەبن بە چاوگەی نووسەر و لە قوڵایی دەروونەوە هەڵدەقوڵێن.

### تەوەری دووەم: میتۆدی ڕەخنەی دەروونی

ئەم میتۆدە وەکو میتۆدێکی ڕەخنەیی لەسەر بنەمای پەیوەندیی دەقی ئەدەبی بە دەروونی نووسەر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم سەریهەڵدا، دوای ئەوەی لە لایەن (سیگمۆند فرۆید[١] ١٨٥٦-١٩٣٩) زەمینەی بۆ سازکرا، بە تایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی پەرتووکی (لێکدانەوەی خەونەکان) لە نۆڤەمبەری (١٨٩٩)، ئەمەش لە ئاکامی ((ئەو پەیوەندییانەی کە ئەدەب و بیر و سایکۆلۆژیا بە یەکتری دەبەستێتەوە.))(ئیگلتون،٢٠٠٤: ٦) هەرچەندە ئەم زاراوەیە پێش (فرۆید) بۆ یەکەمجار لەلایەن زانای دەروونناسی ئەمریکی (ولیەم جۆنس) لە کتێبەکەی خۆی بەناوی (بنەماکانی دەروونناسی) لە ساڵی (١٨٩٨) بەکارهێنراوە.(گەرمیانی،٢٠٠٦: ٤) ئەم میتۆدە کارکردنە لەسەر دەقی ئەدەبی ئەمەش ((چەند بنەما و ڕێ و شوێنێکی هەیە بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی ناوەوەی دەق، لە ڕێی ڕۆچوون بۆ نێو ژیانی ئەدیب و چۆنیەتی ژیانی هەر لە منالییەوە تا قۆناغەکانی ژیانی.))(صلیوە،٢٠١٣: ٢٥) "فرۆید" لە ئاکامی کارکردن لەسەر نەخۆشەکانی، تێبینی ئەوەی کرد، بەمەش توانی کۆمەڵێک بنەمای سەرەکیی و زانستی بۆ دەروون دابڕێژێت، کە ((هەتا ئەڤرۆ ژی کارتێکرنەکا مەزن د بوارێ دەروونناسیدا هەیە، نوژدارەک بوو دێمێ جیهانێ گهۆڕی، هەرچەندە ئەو دەروونناسێن د دویڤدا هاتین دیارکر، کو هندەک گوتنێن فرۆیدی د دروست نینن، بەلێ کارتێکرنا ئەوی د بوارێ دەروونناسیێ و شلۆڤەکرنا دەروونیدا هێشتا یا بەردەوامە.))(حاجی،٢٠٢٠: ٢٦) فرۆید لە لێکۆڵینەوەکانیدا بایەخێکی زۆری بە نائاگایی داوە بەتایبەتی لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانیدا، ((چەمکی نائاگایی یەکێکە لەو چەمکانەی کاریگەریی گەورەی لەسەر ژیانی تاکدا هەیە، عەقڵی نائاگایی لای ئەم زانایە بە کۆگای هێز و ئارەزووە چەپێندراوەکان دادەنرێت.))(مەنتک،٢٠١٨: ٧٧) ئەم میتۆدە وەک یەکێک لە میتۆدە ڕەخنەییەکان باس لە پەیوەندیی نێوان دەق و نووسەر و ئەو کاریگەرییە دەکات کە دەقی ئەدەبی لەسەر باری دەروونی خوێنەر جێیدەهێڵێت. بە بۆچوونی فرۆید هەموو تاکێک هەروەک چۆن هەستی هەیە، بە هەمان شێوە خاوەنی نەستە، ئەم نەستەش سەرچاوەی یەکەمی داهێنانی ئەدەبییە. فرۆید ((نەستی تاکەکەسی و خەون و حەزی سێکسی و خەفەکراوەکانی نەستی کردە چوارچێوەیەک بۆ تیۆرییەکەی. بەلایەوە نەستی تاکەکەسی گرنگترین بنەمای ئەم ڕێبازەیە، لە نێو هەموو ئەو شتانەی کە لە نەستیدا خەفەکراون، جەخت لەسەر غەریزەی سێکسی دەکاتەوە،

[١] سیگمۆند فرۆید: لە (٦-٥-١٨٥٦) لەدایکبووە، پزیشکێکی نەمساوی بووە، لە ساڵی (١٨٨١) کۆلیژی پزیشکی تەواوکردووە. پسپۆڕی لە پزیشکی دەروونناسی وەرگرتووە. دامەزرێنەری زانستی دەروونشیکاری بووە و بە بیردۆزی نائاگایی یان (عەقڵی ناوەکی) ناوبانگی دەرکردووە. باوکی بازرگانێکی جوولەکە بووە، لە تەمەنی (٤)ساڵیدا بۆ ڤیەننا کۆچیان کردووە. بە هۆی مەترسییەکانی شەڕی (هێتلەر) بۆ خۆحەشاردان لە نازیەکان چووەتە لەندەن. لە ساڵی (١٨٨٥) بۆ لێکۆڵینەوە لە هستریا و خەواندنی موگناتیسی چووە بۆ پاریس. دواتر گەڕاوە ڤیەننا و لە ساڵی (١٩١٠) کۆمەڵەی دەروونشیکاری دامەزراند. لە ساڵی (١٩١٩) لە زانکۆی ڤیاننا وانەی بە قوتابیان گوتۆتەوە. لە (٢٣-٩-١٩٣٩) بە نەخۆشی شێرپەنجە لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە. لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی: (لێکدانەوەی خەونەکان – موسا و یەکتاپەرستی – ئایندەی وەهمێک – شارستانیەت و نیگەرانییەکانی – تەوتەم و تابۆ)(فرۆید،٢٠٠٧ :١٤-١٥) ، (عباس،١٩٩٠: ٣٤)

کە زیاتر پابەندە بە سەردەمی منداڵیی مرۆڤەوە، کە بەلایەوە سەرچاوەی داهێنانی ئەدەبییە.)) (سەعدون،٢٠١٥: ١٢٤). فرۆید لە داهێنانەکانیدا لە بواری شیکردنەوەی دەروونی پشتی بە تێکستە ئەدەبییەکــان بەســت و پێــی وایە، ئەدەب وەک یــاری و خەون وایە، لە ڕێــیەوە شــاعیر و نووســەران خۆیــان لە فشــارە دەروونییەکــان خــاڵی دەکەنەوە. فرۆیــد لە لێکۆڵینەوەکانیــدا گرنگییەکی زۆری بە نەست داوە، ((پەنای بردووەتە بەر مێژووی ئەدەبی و زۆربەی وتار و زاراوەکانی خۆی لە شیکاری دەروونیدا لەوێوە وەرگرت.))(فضل،٢٠١٦: ٦٣) وەکو سوودوەرگرتن لە شانۆنامەی (گرێی ئۆدیب)ی شانۆنووسی یۆنانی کۆن (سۆفۆکلیس) و (هاملێت)ی ولیەم شکسپیر. هەروەها پەنای بردووەتە بەر هەندێ تابلۆی هونەری وەکو تابلۆی (مۆنالیزا)ی لیۆناردۆ داڤنشی. یەکەم کەسیش بوو ((تێکستی ئەدەبی بە تایبەتی ڕۆمانی لەژێر تیشکی سایکۆلۆژیادا شیکردەوە، چونکە وەک فرۆید خۆی دەڵێ: مەبەستی ڕۆماننووس ئەوەیە وامان لێبکات هەست بەوە بکەین کە قارەمانی ڕۆمانەکە لە ئێمەوە نزیکە و ئەمەش پەیوەندیی سۆزداریمان لەگەڵ قارەمانەکەدا بۆ ئاسان دەکات.))(ئەسوەد، ٢٠١١: ١١٤) وەکو (برایانی کارامازۆف)ی دۆیسکۆیڤسکی و ڕۆمانەکانی (مارکیز دۆساد). فرۆید سەرەڕای ئەوەی خۆی پزیشکی دەروونی بووە، بەڵام زۆر حەزی لە ئەدەب و هونەر بووە، زۆر بەڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵ شاعیر و نووسەران کردووە، بەتایبەتی ئەو شاعیرانەی ئاشنایی زۆریان بە دەروونی مرۆڤ هەبووە. خوێندنەوە زۆرەکانی ئەم زانا دەروونناسە بۆ ئەدەب، وای لێکرد دەروونشیکاری لە ئەدەب دابمەزرێنێت و برەوی پێبدات، بەهۆی ئەوەی دەقی ئەدەبی خەزێنەیەکی گەورە بوو، پڕبوو لە ڕەمز و کۆد و هێما، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بۆچوونەکانی کەریگەریی مەزن بکەنە سەر ئەدەبی هاوچەرخ. ئەدەب دەرچەیەکە لە ڕێیەوە ئەدیبان دەیانەوێت خۆیان لەو هەموو ئارەزووە سەرکوتکراوانەی ناخیان ڕزگاربکەن، کە لە ناوەوەیاندا پەنگیان خواردووەتەوە و بەهۆیەوە دەروونیانی ئاڵۆزکردووە. بە بۆچوونی فرۆید ((کاری هونەری بە گشتی و کاری ئەدەبی بە تایبەتی، ڕیگەیەکە بۆ دەربڕینی ئەو حەزە چەپێنراوانەی لەناو دەروون و نەستی مرۆڤدا هەن.))(حاجی،٢٠٠٨: ٤١) بەمەش فرۆید و دەروونناسانی تریش خزمەتێکی گەورەیان بە دەقی ئەدەبی کرد لە ڕێی سوود وەرگرتن لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی شاعیر و نووسەران، پێیان وابوو دەقی ئەدەبی و کارە هونەرییەکان ((ڕێگەیەکن لەو ڕێگایانەی کە دەروونی تاک بەکاریان دێنێت بۆ مەبەستی خۆی، دەرچەیەکە بۆ تێرکردنی ئارەزووە چەپێنراوەکان و گوزارشتکردن لێیان، لێرە بەرهەم و دەقی ئەدەبی هەڵگری ناوەخنێکی شاراوەیە، وەک خەون نائاگایی مرۆڤی لەخۆ گرتووە.))(مەلازادە،٢٠٢١: ٢٥١)

گرنگیدانی فرۆید بە بەرهەمی ئەدەبی لە بواری شیکردنەوەی دەروونیی مرۆڤ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەوا ((فرۆید بە پێچەوانەی دەروونناسەکانی پێش خۆیەوە لە فەلسەفەوە نەچووە ناو دەروونزانییەوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ لە پزیشکایەتییەوە چووە ناو سایکۆلۆژیەتی مرۆڤەوە و قوتابخانەی دەروون و شیکردنەوەی وەک قوتابخانەی زانستی لە سایکۆلۆژیەتی نوێدا چەسپاند هەر خۆیشی دەزگای لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی لە ئەدەبدا لە ژێر کاریگەری ئەم قوتابخانەیە خستە سەر پشت.))(گەرمیانی:٢٠٠٦: ٢٧) ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای مێژووی دەروونناسی، دەبینین ئەم زانستەش؛ وەکو هەموو زانستەکانی دی، بەشێک بووە لە فەلسەفە. هەردوو فەیلەسوفی یۆنانی، (ئەفلاتۆن و ئەرستۆ) لە میانەی بۆچوونە فەلسەفییەکانیاندا، هەندێک جار ئاوڕیان لەلایەنی دەروونیی مرۆڤ داوەتەوە، بەڵام (فرۆید) وەکو پزیشکێک، لە ئاکامی تێبینییە کلینیکییەکانی لەسەر نەخۆش، ڕێگەیەکی وردی بۆ لێکۆڵینەوە لە دەروونی مرۆڤ گرتەبەر. ئەو نەخۆشانەی چارەسەری دەکردن، شۆڕشێکی گەورەی نەک تەنیا لە بواری دەروونناسی پەیداکرد، بەڵکو ئەدەب و هونەریشی گرەوە. فرۆید وەکو پێشڕەوی قوتابخانەی دەروونشیکاری، گرنگییەکی زۆری بە باری دەروونی تاک و کاریگەریی ئەو بارە دەروونییانە لەسەر ئەدەب و هونەر داوە، بەتایبەتی کاتێک تاک ناتوانێت پێناسیی جیهانی ناوەوەی خۆی بکات، تەنیا لە ڕێی ئەدەب و هونەر، توانای ئەوەی هەیە، بارە دەروونی و حەزە چەپێنراوەکانی ناخی بەدەربخات. ئەدیب و شاعیران لە ڕێی بەرهەمە ئەدەبییەکانیانەوە، لە هەموو کەس زیاتر توانای ئەوەیان هەیە وەسفی ژیانی سۆزداری و خەون و بارە چەپێنراوەکانی ناخیان بکەن.

دەروونشیکاری فرۆید لە بواری شیکردنەوەی ئەدەبدا، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی هەبوو، ئەم کاریگەرییەش بووە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک قوتابخانەی ئەدەبی، یەکێک لەمانەش قوتابخانەی سۆریالیزمە، کە لە ژێر کاریگەریی نائاگایی و هەستی ناوەکیدا کاری دەکرد. ((کتێبی "لێکدانەوەی خەونەکان"ی فرۆید کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ئەوانەوە هەبوو، بەتایبەتی بەسەر خودی ڕابەری سۆریالییەکان (بریتۆن) لە کاتێکدا ئەو وانەکانی پزیشکی خوێندبوو، بۆیە هەوڵیدا تیۆرەکانی فرۆید تێکەڵ بە تیۆرەکەی سوریالیەت بکات لە " شیکردنەوەی خەونەکان"، ئەو ئارەزووە چەپێنراوانەی مرۆڤ، چونکە ئەو لەو بڕوایەدا بوو، لە ناوەوەی مرۆڤ دنیایەکی جوان حەشاردراوە و پێویستە بەدیاری بخەین.))(مەنتک،٢٠١١: ٢١)

فرۆید پێشڕەوی قوتابخانەی دەروونناسی، گرنگییەکی زۆری بە لێکۆڵینەوەی بارە دەروونییەکان و کاریگەریی لەسەر ئەدەب داوە. پێی وایە مرۆڤ ناتوانێت لە ژیاندا پێناسەی

جیهانی ناوەوەی خۆی بکات، بۆیە لە ڕێی شیکردنەوەی دەروونییەوە هەوڵدەدات دیوە شاراوە و بارە چەپێندراوەکانی ناخی دەربخات. ئەدەب ماددەیەکی خامە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت سوودی لێوەربگرێت بۆ شیکردنەوەی بارە دەروونییەکەی.(المليجي،٢٠٠٠: ٤٢)

فرۆید پیشڕەوی ئەو دەروونناسانەیە، کەوا ((پەردەیان لەسەر ڕاستی کەسێتیی مرۆڤایەتی و ناخە قوڵ و شاراوەکانی هەڵماڵیوە.))(الشرقاوی،١٩٧٨: ٣٧) بەهۆی قوڵبوونەوەی لە دەروونی مرۆڤ، هۆشیاری مرۆڤی بۆ سێ ئاست دابەشکرد: ئاستی هەست، ئاستی پێش هەست، ئاستی نەست، کە ناودەبرێت بە (هۆشیاری ناوەوە)، ئەمەش دەرگا لەسەر تێگەیشتن لە دەروونی مرۆڤ ئاوەڵا دەکات. ئامانجی سەرەکیش لەم دابەشکارییە، تێگەیشتن لە ڕێڕەوە دەروونییەکانی مرۆڤمان لا ئاسان دەکات. هەریەکە لەم ئاستانەش تایبەتمەندیی خۆی هەیە، لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین:

**ناوچەکانی ئەقڵ لای فرۆید:**

فرۆید مێشکی مرۆڤی بۆ سێ بەش دابەشکرد، ئەوانیش:

**١- ئاستی هەست(الشعور – Conscious)**

ئەم چەمکە بەشێکە لە ئاگایی مرۆڤ، کە ئاگادارییەکی تەواوی بەسەر هەموو ڕەفتار و قسە و چالاکییەکانی ئێستای مرۆڤەوە هەیە. ((کۆمەڵە هەڵچوون و بارودۆخێکە کە لە بەشی ڕووناکی ناخ دان و مرۆڤ بەرانبەریان هۆشیارە، بەڵام هەستترین پرۆسەکانیش تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم هەستین و زۆر زوو ون دەبن و لە نەستدا شوێن دەگرن، ئەگەرچی هەندێک لەوانە بە ئاسانی دەتوانن دووبارە بێنەوە ناو هەست.))(ئیمامی،٢٠١٨: ٢٥٣)

ئەو بەشەی ئاگایی کۆگای خەزنکردنی داتا و زانیارییەکان نییە، بەڵکو ((مرۆڤ بەهۆی هەستەکانییەوە کە زانیارییەک وەردەگرێت، بۆ ماوەی نزیکەی چارەگە چرکەیەک ١/٤ چرکە تا بیست چرکە لە تۆماری یادی هەستیاریدا دەمێنێتەوە، لەو ماوەیەی ئەو زانیارییە لەو تۆمارکەرە دایە، هەڵبژاردنێکی توند ڕوودەدات، تەواوی ئەو زانیارییانە لە ماوەیەکی کورتدا قابیلی بیرهاتنەوەیە.))(عەزیز،٢٠٠٩: ٢٠) بەو واتایەی هەموو کار و کردەوەکانی مرۆڤ و ئەو ڕووداوانە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ دەیانبینێت و بەر هەستەکانی دەکەون و ڕۆژانە بەشێوەیەکی ئاسایی هەستیان پێدەکات.

هەستکردن، بە سادەترین پرۆسە دەروونییەکان دەژمێردرێت، کە لە ئەنجامی کاریگەریی شتەکان و دیاردەکانی جیهانی دەرەکی و بارودۆخی ناوەوەی مرۆڤ دروستدەبێت و ڕەنگدانەوەی لەسەر مرۆڤدا دەبێت.(عزیز،٢٠١٤: ٤٨) وەک هەستکردن بە ئازار یان هەستکردن بە گەرما و خۆشی و ناخۆشی، ئەمانە گشتیان بیر و هەستی ئێمە داگیردەکەن. مرۆڤ لە ڕێگەی هەستەکانەوە درک بە شتەکانی دەوروبەری دەکات. درککردنیش ((پرۆسەیەکی مەعریفییە و چەند لایەنێک لەخۆ دەگرێت، واتە مرۆڤ توانای هەڵبژاردنی هەیە لە نێوان وروژێنەرەکان، واتە مرۆڤ لە سەرەتای پرۆسەکە بڕیاردەدات ئاگاداری کام لە وروژێنەرەکان بێت و کام وروژێنەر پشتگوێ بخات.))(عەزیز،٢٠١٤: ٥٤) کاتێک ئێمە بە شەقامێکدا گوزەر دەکەین، کۆمەڵێک شت دەکەوێتە بەر دیدەمان، کەچی تەنیا ئەو شتانە تۆماردەبن، کە چاو و مێشکی ئێمە بە وردی دیقەتی داوە و لێی ڕوانیوە. ناوچەی هەست ئەو وێنانە دەگوازێتەوە بۆ ناوچەی پێش هەست و لەوێ دەپارێزرێن، بە هەوڵدانێکی کەم دەتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ ناوچەی هەستمان. واتە ((ئەو شتەی لەم چرکەیەدا، کە لات گرنگە دەکەوێتە چەقی هەستی و ئەوانیتر دەکەونە پەراوێزەوە.)) (الماضي،٢٠١٠: ١٥٠)

بەکارهێنانی چەمکی هەست لای فرۆید و زانایانی دەروونناسی بە مانای جیاواز بەکارهاتووە، لە ڕوانینی فرۆیدا ((هەست لە بەرانبەر نەستدا سەنگەری گرتووە و ڕێگری لەوە دەکات کە بابەتەکانی پەیوەست بە نەست بچنە ناو ئەوەوە.))(فروید،١٣٦٣هـ: ٣٩) ئەمەش بەو مانایەی هەست بەشێکە لە ئاگایی مرۆڤ بەرانبەر ئەو بارە نەستییانەی لە ناوەوەیدا ڕوودەدەن، ((ڕووپۆشێکی دەورانەدەورە، دەوری نەست و پاڵنەرە ناوەکییەکانی داوە.))(ئاسۆن،٢٠٢١: ١١٠) کارە نەستییەکان وەکو هێزێکی فشارکەر بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان بێنە ناو هەستەوە، کەچی لە لایەن هەستەوە ڕێگرییان لێدەکرێت.

### ٢- ئاستی پێش هەست (ما قبل الشعور)

ئەم بەشە ئاماژە بە هەموو ئەو زانیاریی و شارەزایی و بیرەوەری و بیرۆکانەی لە ناو هزر و دەروونی مرۆڤ پارێزراون دەکات و ((دەتوانێت ئەو شتانە بیر خۆی بخاتەوە، کە مەبەستیەتی.))(حسێن،٢٠٠٧: ٦٦٠) بەمەش هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەری مرۆڤ هەن و هەموو ئەو ڕووداوانەی ڕوودەدەن و هەستیان پێدەکات، وەکو میمۆرییەک داتاکان خەزن دەکات و لە کاتی پێویستدا دەیانگوازێتەوە بۆ ناوچەی هەست. ((هەموو ئەزموونەکان، کە لە ئاستی ئاگاییدان دادەبەزن بۆ ئاستی پێش ئاگایی یان نیمچە ئاگایی و لەوێدا دەمێننەوە تاکو

جارێکی دی بەهۆی هۆکاری ئاساییەوە بانگدەکرێنەوە بۆ ئاستی ئاگایی.))(الماضي،٢٠١٠: ١٥١) ناوچەی هەست کاریگەرییەکی گەورەی لە ژیانی ئاسایی مرۆڤدا هەیە، چونکە مرۆڤ ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئەو ژینگە و واقیعە دەبێتەوە، کە تێیدا دەژیت، ڕووداوگەلێک لە دەوروبەری ڕوودەدەن و هەستیان پێدەکات. کاتێک زانیارییەکی زۆر لە ڕێگەی هەستەکانییەوە وەردەگرێت، ناتوانێت هەموو ئەو زانیارییانە لەناو خۆیدا هەڵبگرێت، بەو پێیەی ناوچەی هەست شوێنی کۆکردنەوە و پاراستنی زانیارییەکان نییە، بەڵکو بەشێکی زۆر لەو زانیارییانە بۆ ناوچەی پێش هەست دەگوازێتەوە و دەبن بە ڕابردوو، لە کاتی پێویستدا بە هەوڵدانێکی کەم دەردەکەونەوە و دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەی هەست، هەروەکو فرۆید زاراوەی پێش هەستی داناوە بە ((ناوچەی خڕبوونەوەی ڕووداوەکانی هۆشی دانا))(مام کاک میرخان،٢٠٠٤: ١١)، ئەمەش وەکو ئەزموونێک سوودیان لێوەردەگرێت. بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ڕابردوو دەتوانێت ژیان ڕێ بکات و پلان و بەرنامە بۆ داهاتوو دابنێت. بە واتایەکی دی هەموو ئەو تۆمارانەی لە یادگەی مرۆڤدا خەزنکراون و پارێزراون، بەهۆی ئەو تۆمارانە مرۆڤ دەتوانێت باس لە ڕابردووی خۆی بکات. واتە پێش هەست ((پردی پەڕینەوەی سەرجەم ئەو دیاردە و زانیارییانەیە کە دەچنە بیرەوەری و میمۆری و لە ڕێگەی پێش ئاگایی واتە بیرکردنەوە دێنەوە بیرمان و کە بیریشمان هاتنەوە، دێنەوە بەشی ئاگایی"شعور"))(موسا، ٢٠١٩: ٤٣) ڕابردووی مرۆڤیش کاریگەرییەکی گەورە لە ژیانیدا دروستدەکات و بەهۆی ئەزموونەکانی ڕابردووی دەتوانێت لێکدانەوە بۆ ژیان بکات، وەک بیرهێنانەوەی بیرەوەرییەکان یان ڕووداوێکی تایبەت یان کاتێک خوێندکار لە کاتی تاقیکردنەوە وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە. هەموو ئەو شتانەی پێشتر خوێندوویەتی و ئەزبەری کردووە، گوازراونەتەوە بۆ پێش هەست و لەوێ پارێزراون، بە هەوڵدانێکی کەم دێنەوە بۆ ئاستی هەست. ئاستی پێش هەست پردی پەیوەندییە لەنێوان هەست و نەست, بەڵام لە هەست نزیکترە بەوەی گەڕانەوەی بۆ ناوچەی هەست ئاسانترە.

### ٣- ئاستی نەست (لاشعور – Un conscious)

ئەمەش ئەو ئاستەیە، کە تیایدا مرۆڤ ناتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەو شتانەی لە دەروونی حەشاردراون بەبیر خۆیان بهێنێتەوە. بە واتایەکی دی هەموو ئەو بیرۆکە و ئارەزوو و ترسە چەپێنراوانە دەگرێتەوە، کە لە ئاستی ئاگایی مرۆڤدا نەماون. ((ناخودئاگا (نەست) بریتییە لە کۆگا یان گۆڕستانێک، هەموو ئارەزووە سەرکوتکراوەکان و یادەوەرییە ئازاربەخشەکانی تێدا دەنێژرێن، ئەوانەی لە ڕێگەی دەروونشیکارییەوە نەبێت سەختە

بهێنرێنەوە یاد.))(فرۆیدیزم،٢٠٢٠: ٢٧٦) هەموو ئەو ڕووداوانەی لە منداڵییەوە لە ژیانی مرۆڤدا ڕوودەدەن بوونەتە ڕابردوو، ئەگەرچی لە یادی کردوون، بەڵام ئەمانە نەسڕاونەتەوە، بەڵکو لە نەستیدا عەمبارکراون. بە بۆچوونی فرۆید مرۆڤ دوو جۆر یادەوەری هەیە، ((یادەوەرییەکی خود ئاگا، ئاسان دێتەوە یاد، هێندە بەسە م رۆڤ بگەڕێتەوە بۆ ئەرشیفەکەی و ئەوەی ویستی لێی وەربگرێتەوە و بیدۆزێتەوە. هەروەها یادەوەرییەکی دیکەی ناخودئاگا، واتە لەیادکراو و تێپەڕیو و ڕۆچوو بە ناو چاڵاوەکانی دەروونیدا کە سەختە بهێنرێتەوە یاد.))(فرۆیدیزم،٢٠٢٠: ٢٧٧) لە دیدی فرۆیددا نەست لایەنێکی گرنگی دەروونی مرۆڤ پێکدەهێنێت، لە لێکۆڵینەوەکانیدا زیاتر بە نێو قوڵاییەکانی مرۆڤ ڕۆچوو، ئەو ناوچەیەی ناخود ئاگا(نەست) بە نموونەیەک ڕووندەکاتەوە، کاتێک دەڵێت: ((ئاگایی ئێمە بە نیسبەت نەست و نائاگاییمانەوە لەو شاخە سەهۆڵینە دەچێت کە لەناو دەریایەکدایە و تەنیا نوکی شاخە سەهۆڵینەکە دیارە. نوکەکە بریتییە لە ئاگاییمان و بەشی هەرە زۆری ئەو شاخەی کە لە ژێر ئاوەکەدا شاردراوەتەوە بریتییە لە نەست و نائاگاییمان.))(ئیستوپ،٢٠١٩: ل١١) بەپێی ئەم بۆچونەی فرۆید بەشێکی زۆر لە ژیانیی دەروونی ئێمە کەوتووەتە نەستمان، بەشێکی کەمیش کەوتووەتە ناوچەی هەستمان و بەهۆیەوە بەردەوامی بە ژیان دەدەین. بەمەش ((مرۆڤ لە لایەن کۆمەڵێک پاڵنەری نادیار و شاراوە ئاراستە دەکرێت کە خۆی ناتوانێت جڵەویان بکات، ئەم پاڵنەر و هێزە شاراوانە هەر سەر بە مرۆڤ و ژیانە سایکۆلۆژی و بایۆلۆژییەکەی ئەون.))(ئیستۆپ،٢٠١٩: ل١١)

ئەگەرچی چەمکی (نەست) مێژوویەکی دووروودرێژی هەیە، بەر لەوەی فرۆید لە توێژینەوەکانیدا بەکاری بهێنێت، لە پێش زایین بە فۆرمی سەرەتایی و ئایدیالیستی و زۆر جاریش میتافیزیکی باسی لێوەکراوە. هەروەها ئاماژە بەوە دەکرێت، کەوا (شکسپیر) لە شانۆنامەکانیدا ناوچەی نەستی خستووەتەڕوو بێ ئەوەی ناوی بهێنێت. لە سەدەی هەژدەهەمیشدا لە لایەن فەیلەسوفانی ئەڵمانی (فریدیش شیلینگ) و دواتریش شاعیری ئینگلیز (کولریج)، دواتر لای (شۆپنهاوەر و نیچە) ڕەگ و ڕیشەی ئەم چەمکە دەدۆزرێتەوە. هەندێکیش ئەم چەمکە دەبەنەوە لای پزیشک و فەیلەسوفی ئەڵمانی سەدەی هەژدە (ئێرنست پلانتەر)، سپینۆزا و لایبنیس و هیگڵ و کیرکەگاردیش کەم تا زۆر ڕەهەندە فەلسەفییەکانی ئەم چەمکەیان بەکارهێناوە. جگە لەمەش بڵاوبوونەوەی پەرتووکی (فەلسەفەی ناخودئاگا – philosophy of the un conscious) لە ساڵی (١٨٦٩) لە لایەن ڤون هارتمانەوە، ئەوەمان پێدەڵێت کەوا ئەم چەمکە پێش فرۆید باسی لێوە کراوە، بەڵام ئەم زاراوەیە بەتەواوی لەسەر دەستی (فرۆید) ئاشکرا بوو. فرۆید توانی ئەم چەمکە ((سەرکەوتووانە شیتەڵ بکاتەوە و پارێزگاری لێ بکات و چەندەها بەڵگەی زیندووشی بۆ سەلماندن و بوونی نەست دەستنیشان

بکات.))(قەرەچەتانی، ٢٠١٥: ٣٠٣) فرۆید بایەخێکی زۆری بە زاراوەی (نەست) داوە و  بە گرنگترین بەشــی دەروونــی مرۆڤــی دانــاوە، لە شــیکردنەوەی دەروونــی و پرۆســە ڕەخنەییەکانیــدا دەریخستووە. لە ئاکامی لێکۆڵینەوە وردەکانی، نەست دەکاتە بنەمایەکی گرنگ بۆ تێگەیشتن لە هەســت. ئەوەش ڕوونــدەکاتەوە، کەوا نەســت لە پەیوەنــدییەکی دیــالێکتیکی دایە بە نــاوچەی هەست، کە تیایدا هەموو حەز و ئارەزووە شاراوەکانی ناخی دەهێننە ناوچەی هەست. فرۆید نەست بە چەپاندن دەبەستێتەوە، هەرچەندە جیاوازیش لە نێوانیاندا دەکات، بەوەی چەپاندن ناگــاتە ئاســتی ئاگــایی. بەپێــی تێگەیشــتنی فرۆیــد نەســت لە چەمکــی چەپانــدنەوە ســەرچاوەی گرتــووە، ئەگەرچــی دوو جۆر لە نەست لە یەکتــر جیادەکــاتەوە، ئەوانیش نەســتی شــاراوە، کە توانای هەیە بێتە نـاو جیهـانی هەسـتی و، چەپێنـراو، کە توانـای نییە بێتە نێو جیهـانی هەسـتی. (فرۆید،٢٠٢٠: ١٣-١٤)

نەســت ڕووبەرێکــی فراوانــی لە نێــو مرۆڤــدا داگیرکــردووە، هەمــوو ئەو حەز و ویســتە چەپێنــراوانە دەگــرێتەوە، کە بەهــۆی داب و نەریــت و ئــایین و کولتــوری کــۆمەڵگە ڕێــگە بە تێربوونیـان نەدراوە و سـەرکوتکراون. ئەگەرچـی ((هەنـدێک لە خەفەکراوەکـان کە لەگەڵ داب و نەریت دەگونجێن، ڕێگەیان پێدەدرێت کە بێنەوە ئاستی هەست، بەڵام هەنـدێکی تریـان ڕێگەیـان پێنادرێــت دەربچــن، لەبەر نەگونجانیــان لەگەڵ بەهــا کۆمەڵایەتییەکانــدا، هەر بە خەفەکــراوی دەمێننەوە، بەڵام کۆڵیش نادەن، بە ناچاری بۆ دەربازبوونیان پەنا بۆ شتی دی و هۆکاری دیکە دەبەن، وەک خەون، خۆیان دەگۆڕن و لە ڕێگەی ڕەمـز و هێمـاوە خۆیـان لەنـاو دەقی ئەدەبیدا دادەنــێن.))(ســەعدون،٢٠١٥: ٣٠-٣١) بەمەش میکــانیزمی جێگــۆڕکێ(displacement) لای فرۆیــد بەشێک لە ماهییەتی نەست پێکدێنێت. بۆ نموونە کاتێک یەکێک لە خەودا سەگێکی ڕەش دەبینێت و سڵی لێدەکاتەوە، ڕەنگە براکەی بێت و بەیـانی بەریەککەوتنێک لەنێوانیانـدا ڕوودەدات. بەمەش ســەگ و بــرا وەکــو دوو کــارەکتەر جــێگەی یەکتریــان گۆڕیــوەتەوە، بەمەش نەســت لە ڕێــگەی خەون بینینـەوە ڕێگاکـانی گۆڕیـون. ئەمەش هەوڵێکـی نەسـتەکییانەیە بـۆ تێربـوونی خواسـتێکی چەپێنراو.(ئیستۆپ،٢٠١٩: ١٨-١٩)

یەکێک لەو ڕێگایـانەی بەهـۆیەوە حەز و ئـارەزووە خەفەکراوەکـان بتـوانن دەرفەت بێـنن و ئــازادانە خۆیــان لەو زینــدانە ڕزگــاربکەن، خەونە. خەون((ئــامرازێکی ســەرەکی بەتــاڵکردنی ئـارەزووە چەپاوەکـانی نەسـتە، پیشـاندانی ئەو ڕاسـتییە دەروونـییە، کە نابینرێـت و بـوونێکی هەسـتپێکراوی نییە.))(ڕەسووڵ،٢٠١٢: ٣٩) خەون شـاڕێگەی چـوونە ژوورەوەمـانە بە نێـو جیهـانە پەنهانەکــانی نەســت. بەلای فرۆیــدەوە خەون ((بە ئەنجــام گەیانــدنی هێماییــانەی ئــارەزووە نەسـتەکییەکانە، کە لە شـێوەی هێماییـدا دادەڕێژرێـت، چـونکە ئەگەر ئەو مـاددەیە ڕاسـتەوخۆ

دەربېڕدرێت، ئەوا دەشێت دواتر ببێتە خورپە و شێواندنێک کە بەس بێت بۆ ئەوەی بەئاگامان بهێنێتەوە.))(ئیگڵتن،٢٠١٦: ٣٥٦) بەمەش حەز و ئارەزووە کپکراوەکان بە وێنە و دەربڕینی جیاجیا لە شێوەی ڕەمز و هێما لە خەوندا دەردەکەون.

## بەشەکانی کەسایەتی لە دیدی فرۆیدەوە

بە گوێرەی تیۆرەکەی فرۆید، کەسایەتیی مرۆڤ لە سێ ڕەگەزی سەرەکیی پێکهاتووە، ئەوانیش (Super Ego – Ego – Id)ن. ئەم بەشانەی کەسایەتیی لە ئەنجامی مامەڵەکردنیان لەگەڵ یەکتردا ڕەفتاری مرۆڤ بەدەردەخەن. ((هەریەک لەم بەشانە لە کەسێکی ئاسایی و تەندروست دەبێت لە هاوسەنگییەکی گونجاودا بن، چونکە ناهاوسەنگی و ناڕێکی لە هەر یەکێک لەم بەشانە، دەبێتە هۆی ناڕێکی باری دەروونی و لێکەوتنەوەی چەندین نەخۆشی دەروونی.))(حەسەن،٢٠١٢: ١٤)

### ١- ID ئید:

ئەو بەشەی پێکهاتەی دەروونی مرۆڤە، کە لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤ لەگەڵیدا لەدایکدەبێت. ((کۆنترین بەشی کەسایەتییە، واتە کاتێک مرۆڤ لەدایکدەبێت تەنیا ئەم بەشەی هەیە و لە تەکیدا لەدایکدەبێت، بە درێژایی ژیانیش لەگەڵی دەمێنێتەوە.))(قەرەچەتانی،٢٠٠٣: ٨٦) ئید کۆگایەکە، هەموو ئەو شتە قەدەغەکراوانەی تێدا خەزنکراوە، کە واقیع ڕێگربووە لە تێرکردنی. ئید ((گوێ بە هیچ بەربەستێک نادات کەوا ڕێگری بکات لە تێربوونی.))(ضاوی،١٩٩٤: ٢٧٠) ئید بەشێکی غەریزی ئەبستراکتە و نوێنەری کۆمەڵێک حەز و خواستی ئاژەڵیی ڕەمەکییانەیە و کوێرانە داوای تێربوونی دەکات. یەکێک لەو ڕەمەکانەش، کە فرۆید زۆر جەختی لەسەردەکاتەوە، ڕەمەکی سێکسییە، کە ((بەپێی پرەنسیپی(مبدأ) چێژ و دوور لە گشت یاسا و ڕێسایەکی مەنتیقی و مرۆڤانە کاردەکات و هیچ شتێک دەربارەی داب و نەریت و ئاکاری جوان و بەهای کۆمەڵایەتی نازانێت و گوێڕایەڵیان نابێت و هەر چ پێداویستی و حەز و ئارەزوویەکی نابەجێی مرۆڤیش کە ناتوانرێت تێربکرێن ئەوا خۆیان لە کۆگا و سەردابی "ئەو"دا مەڵاس و حەشاردەدەن و لەوێوە لە کاتی تایبەتیدا "خەوبینین، سەرخۆشی، نەخۆشی، زمان تەتەڵکردن، لەبیرچوونەوە، شت ونکردن) دزە و هێرش دەکەنە سەر لانەو بارەگای "من" و تووشی ئازار و سەرئێشەی دەکەن، ئامانجی سەرەکیشیان تەنیا تێرکردنی ئەو حەز و ئارەزووە ئاژەڵییە نابەجێیانەیە.)) (قەرەچەتانی،٢٠١٥: ٢٩٦) ئید گوێ بە هیچ یاساو ڕێسایەکی کۆمەڵگە نادات،

هەمیشە لەگەڵ ژینگە و دەوروبەر و یاسا و داب و نەریتەکاندا لە ململانێ دایە. ئامانجی تەنیا تێرکردنی حەزەکان و گەیشتنە بە چێژ ((بێ ئەوەی گوێ بە باوی کۆمەڵ یان ئاکارە پەیوەندیدارەکانی مافەکان و مەرجە ئەخلاقییەکان بدات.))(کۆمەڵێک نووسەر،٢٠١٤: ٢٠٦)

فرۆید گرنگییەکی زۆری بەو بەشەی کەسایەتیی داوە و ((بە عەمبارێکی مەزنی وزەی لیبیدۆی داناوە))(فروید،١٩٨٢: ٥١) لە ئاکامی لێکۆڵینەوە لە قۆناغەکانی ژیانی منداڵ، بۆی دەرکەوتووە کەوا ((خودی دونیای "iD" لە قۆناغی منداڵی مرۆڤدا باڵادەستە و ئەو غەریزە سەرەتاییانە پاڵنەرن بۆ هەڵسوکەوتەکانی منداڵ، کە منداڵ لە قۆناغی سەرەتای منداڵیدا هەوڵی جێبەجێکردنیان دەدات و ڕاستەوخۆ گوزارشت لەو پاڵنەرە شەڕانگێزانە دەکات بێ ئەوەی هەست بە پەشیمان بوونەوە یان تەریقبوونەوە بکات و عادەت و کلتوری جیهانی دەرەکی ناپارێزێت.))(العیسوي،٢٠٠٢: ١٣٧) بەمەش هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی منداڵ و داواکارییەکانی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو بەشەی دەروونەوە هەیە.

منداڵ لە سەرەتای قۆناغی منداڵێتیدا پێویستی بە تێرکردنی ئیدە، هەموو ئەو حەزە فیسیۆلۆژییانەی پێویستیان بە تێرکردن هەیە، وەکو خەو و خۆراک و خۆخاڵیکردنەوە لە پیسایی، بەهۆی ئەوەی "ئید" لە قۆناغی سەرەتای منداڵدا باڵادەستە و منداڵ ئازادانە ئەو ڕەمەکە سەرەتاییانە جێبەجێ دەکات، بێ گوێدانە یاسا و ڕێساکانی واقیعی دەرەوە. وردە وردە ئەو حەز و ئارەزووانە لەگەڵ گەورەبوونی منداڵ گەشە دەکەن، کاتێک ((منداڵ بوو بە بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی تێدەگات هەموو شتێکی بۆ ناچێتە سەر و (ئەو)ی تێر ناکرێت، ئینجا نەستی وەگەڕ دەکەوێت و شتە چەپێنراوەکان لە نەستیدا کۆدەبنەوە و کەڵەکە دەبن، چونکە ئەگەر ئارەزووە غەریزییەکان تێرنەکرێن، کە لە (ئەو)دا هەن، هەلومەرج و حاڵەتی تەحەمول نەکراو دێتە ئاراوە.))(فرۆید،٢٠١٥: ٢٠٧) بەمەش نەست دەبێتە کۆگای هەموو ئەو حەز و ئارەزووە سەرکوتکراو و چەپێنراوانەی هەر لە منداڵییەوە ڕێگەیان پێنەدراوە بێنە دەرەوە و خۆیان لەم زیندانە ڕزگاربکەن، تەنیا لە ڕێگەی خەون دەتوانن خۆیان لە شێوەی ڕەمز و هێمای ئاڵۆز نیشان بدەن یان لە باری بێ هۆشیدا، چونکە لەم بارانەدا نەست ئەکتیڤە. ((هاتنە دەرەوەی "ئەو" بۆ ناو واقیع و جێبەجێ بوونی، مرۆڤ ڕزگار دەکات لە دڵەڕاوکێ و دوودڵی، چونکە ئەگەر بنۆڕین ئەو غەریزانە، خەیاڵ بۆ مرۆڤ دروستدەکەن و وا دەکەن مرۆڤ ئارامی نەبێت هەروەک چۆن غەریزەی سێکس خەیاڵ دروستدەکات بۆ مرۆڤ بەمەش مرۆڤ تووشی شڵەژان دێت، کاتێک ئەو وەسوەسیە کۆتایی دێت لە مرۆڤدا کە ئەو غەریزانە تێربکات و ڕازی بکات.))(عەبدوڵلا،٢٠١٣- ٣٨) تێرکردنی حەزە چەپێنراوە کەڵەکەبووەکانی نەست و خۆخاڵیکردنەوە

و گەیشتن بە چێژ، مرۆڤ لەو شڵەژانە دەروونییە ڕزگاردەکات و ئاسوودەیی پێدەبەخشێت، ئەگەرچی ئەم ئاسوودەییەش ((یەکجاری نییە، بەڵام بۆ ساتێک مرۆڤ ئارام دەکات.))(کالفن،١٩٧٣: ٢٢) هەندێ جاریش لە ڕێگەی نووسین، نووسەران بە گەڕانەوە و شۆڕبوونەوە بە ناو خودی خۆیاندا بەشێک لەو چەپێنراوانە لە ڕێگای نووسینەکانیانەوە بخەنەڕوو، چونکە ((تێرنەکردنی ئەو غەریزانەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەنێو بەرهەمی نووسەران و شاعیران و بەهرەمەندەکان، لە ڕێی نووسینەوە ئەو شتە چەپێنراوانە دێتەوە نێو دونیای بوون.))(صلیوە،٢٠١٣: ٥٨) "فرۆید" ئید دابەشدەکاتە سەر دوو بەش: ((بەشە سروشتییەکە: ئەو ڕەمەکە بۆماوەییانەن کەوا وزە بە کەسییەتی دەبەخشن بە من و منی باڵاشەوە.

بەشە وەرگیراوەکە (المکتسب): ئەو کردە ئەقڵییە چەپێنراوانەن کەوا من یان "هەست" نەیهێشتووە خۆیان بەدیاربخەن.))(فرۆید،٢٠١٧: ١٦١)

### ٢. من (Ego):

بەشێکی ترە لە کەسایەتیی مرۆڤ و دەرخەری کەسایەتیی مرۆڤە، وەکو پاسەوانێک وایە لە نێوان ئید و منی باڵا. ((بەشە لۆژیکییەکەی پێکاتەی دەروونی مرۆڤە و نێوەندگیرە لە نێوان ئید و سوپەر ئیگۆ و دونیای دەرەوە. بەگوێرەی هەلومەرجی باو دەجوڵێتەوە و هەوڵدەدات خواستەکانی ئید بێنێتەدی، بەڵام بەشێوەیەکی بابەتی و واقیعیانە.))(فرۆید،٢٠٢٠: ٨٠) ئیگۆ وەک چاودێرێک وایە بەسەر هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی ئید، هەوڵدەدات میکانیزمێکی گونجاو بدۆزێتەوە بۆ تێربوونی حەز و ئارەزووەکانی ئید. بۆیە هەندێک لەو ڕەمەکانە تێردەکات، کەوا ئید داوای دەکات، بە جۆرێک کۆمەڵگە پەسندی بکات، لە هەمان کاتیشدا منی باڵا ڕەتی نەکاتەوە. کەواتە بوونی "من" پێویستە ((بۆ ڕێکخستنی جۆری ڕەفتار و جۆری دەربڕینی بیرۆکەکان، بۆ ئەوەی مرۆڤ وەک ئاژەڵ ڕەفتار نەکات و ویژدانی ببزوێنێت.))(صلیوە،٢٠١٣: ٥٧) بەو مانایەی "من" دەسەڵاتی "ئید" سنووردار دەکات، بۆئەوەی بە ئارەزووی خۆی نەیەتە ناو واقیع، تەنیا لەو کاتانەدا، کە "من" بێ ئاگایە، زۆرجار بیرە چەپێنراوەکانی ئید دزە دەکەن و دەردەکەون. زۆرجاریش ((تێربوونە ڕاستەوخۆکان دوادەخات، کە لە لایەن ڕەمەکەکانەوە فشار دروستدەکەن، بۆ کاتێکی گونجاو و خوازراو لە کۆمەڵگەدا))(العیسوی،٢٠٠٢: ١٣٨)

"من" دەبێتە سەرچاوەی هەموو ناجێگیری و کێشە دەروونییەکانی مرۆڤ ئەگەر نەتوانێت هاوسەنگی لە نێوان ململانێکانی ئید و منی باڵا لە لایەک و جیهانی دەرەوە لە لایەکی دیکەوە ڕابگرێت، چونکە ((لە یەک کاتدا بەرەنگاری فشار و داواکاری ئەو سێ زلهێزە دەبێتەوە، لە لایەک "ئەو" دەیەوێت وەک ئاژەڵ پێداوستییە فیسیۆلۆژییەکانی تێربکات و پاڵەپەستۆ بخاتە سەر من، لە لایەکی دیکەوە "منی باڵا" فشاری تایبەتیی خۆی دەخاتە سەر "من" و ناهێڵێت بەشێوەیەکی ئاژەڵی و سەرەتایی و منداڵانە هەڵسوکەوت بکات و تووشی ئازاری ویژدان و هەستکردن بە گوناھ دەکات، هەروەها واقیع و جیهانی دەرەوەش پێداویستی و مەرجی تایبەتی خۆی هەیە و "من" ناتوانێت لێیان دەربچێت، چونکە بەزاندنی سنووری جیهانی دەرەوە و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵێک ئەندێشە و گرفت بۆ "من" دروستدەکات.))(قەرەچەتانی،٢٠١٥: ٢٩٨) واتە ئیگۆ دەبێت لە یەک کاتدا هەم لە خەمی کۆنترۆڵکردنی ئیددا بێت و هەم ڕەزامەندی سوپەرئیگۆ بەدەستبهێنێت، لە هەمان کاتیشدا یاسا و ڕێسا جۆاکییەکانی جیهانی دەرەوەش هەڵسەنگێنێت. ڕاگرتنی ئەم هاوسەنگییەش لە لایەن ئیگۆوە بەرپرسیاریەتییەکی گەورە و گرنگە، چونکە هەر کاتێک هاوسەنگیی دەروونی مەترسی لەسەر ئیگۆ دروست بکات و ببێتە هۆی شلەژان، ئیتر زەنگی مەترسی لێدەدرێت. بەمەش ئیگۆ تووشی شلەژانی دەروونی دەبێت و هەستی ترس و دڵەڕاوکێ لای مرۆڤ دروستدەکات.

"من" لە سەرەتای قۆناغی منداڵیدا لاوازە، تەنیا "ئید" زاڵە، بۆیە "من" لە سەرەتادا تەنیا ((پێویستی بە پارێزگاری و چاودێری دایک و باوک و کەسانی چواردەوری هەیە.)) (قەرەچەتانی،٢٠١٥: ٣٠٠) بەڵام لە قۆناغی دووەمی منداڵیدا وردەوردە گەشەدەکات و خۆی لەگەڵ یاسا و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا دەگونجێنێت، واتە کاتێک منداڵ ((تەمەنی شەشساڵی تێدەپەڕێنێت و لەوە بەدواوە دەست بە دەرکەوتن دەکات، چونکە منداڵ تا ئەو کاتە گرنگ ئەوەیە "ئەو" تێربکات، بەڵام دوای ئەوە مرۆڤ وردە وردە شارەزای یاساکانی خێزان و کۆمەڵ دەبێت و هەروەها دەبێت خۆی لەگەڵ ئەو واقیعەدا بگونجێنێت، بۆیە "من" دەست بە دەرکەوتن دەکات.))(عەبدوڵڵا،٢٠٢١: ٧٥)

"فرۆید" هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە، کە "من" سەربەخۆ بکات، بۆئەوەی هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بێت هاوسەنگی لە نێوان "ئید" و "سوپەرئیگۆ" بکات و هەر جارەو نەبێتە داردەستی هەریەک لە "ئید" و "سوپەرئیگۆ" و بە هەوەس و ئارەزووی ئەوان نەجوڵێتەوە، بۆئەوەی لە ڕووی عەقڵییەوە گەشە بکات. ((هەر لەبەر ئەوەشە "من" مەحکومە بەوەی هەندێک جار نموونەیی بێت و گەلێک جاریش مەیل و حەز و ئارەزووەکان تێر بکات و لەناو واقیعیشدا ژیان

ڕێ بکات، چونکە هەریەکە لە "ئەو" و "منی باڵا" داخوازی خۆیان هەیە و داوایەکەش ئاراستەی "من" دەکرێت، بۆئەوەی بۆیان جێبەجێ بکات.))(ئیسماعیل،٢٠٢٠: ٣٦) فرۆید توانیویەتی "من" بکات بە ((ئۆردەرێک بۆ ئەوەی سەنتەرێک بێت بۆ کۆنترۆڵ، کۆنترۆل بە مانا ئەرێنییەکەی، تاوەکو "من" لە هەموو جووڵە و بزۆزییەکانی دەروون و جەستە بە ئاگا بێت و چارەنووسی بوونە مرۆییەکە نەکەوێتە ژێر هەژموونی هەڵچوون و سۆز و دیاردە نائیرادییەکانی دیکەوە.))(حوسێن،٢٠٢١: ٤٧)

ئەگەرچی "ئیگۆ" درێژکراوەی ئیدە و لە "ئید" کەوتووەتەوە، لە هەمان کاتدا ئەرکی ڕێکخستنی کاروبارەکانی ئیدە، نێوەندگیرێکیشە لە نێوان پرەنسیپی چێژ "ئید"ئاگایی" و "نائاگایی"یە.))(مەلازادە، ٢٠١٦: ٢٤١) بەمەش ئیگۆ ڕۆڵێکی سەرەکی لە چەپاندنی بەشێک لە حەز و ئارەزووەکانی ئید دەبینێت، چەپاندنیش یەکێکە لە کارە هەرە سەرەکییەکانی ئیگۆ و ((سەرەکیترین میکانیزمی بەرگرییە و لە بەشی سەرەوەی لیستی چالاکییەکانی بەرگریی ئیگۆدا جێکەوتکراوە.))(کۆمەڵێک نووسەر،٢٠٢٠: ٥٧)

بە بۆچوونی زۆرێک لە دەروونناسان و تەنانەت "فرۆید"یش، (من) و (خود) ئەگەرچی پەیوەندییەکی تۆکمە و پتەویان بەیەکترەوە هەیە، لە هەمان کاتدا هەریەکەیان سەربەخۆن و لە ڕووی ئەرکەوە لە یەکتر جیاوازن. فرۆید ئاماژە بە سەربەخۆیی "من" و جیاوازی لەگەڵ "خود"دا دەکات و دەڵێت: ((هیچ شتێک لە ناخی ئێمەدا لە "من" ئارامتر نایەتە بەر هەست. ئەو "من"ە سەربەخۆیە لە هەموو ئەوانی دی جیایە، جاری واش هەیە دەرکەوتنی "من" هەڵخەرەتێنەرە و ڕۆدەچێتە ناو قەوارەیەکی دیکەی لە خۆ بێئاگاوە، ئەویش "خود"ە، کە "من" تەنیا دەبێتە ڕووخسارێک بۆی.))(فروید،١٩٧٩: ٨)

"من" لە هەر کۆمەڵگەیەکدا کۆمەڵێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە لە ڕووی کلتوور و دابونەریت و ئایین و بەها باڵاکانی ئەم کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژی، بەمەش لە "من"ی کۆمەڵگەیەکی تر جیادەبێتەوە، بەو واتایەی ((لە سەرتاسەری دونیادا تەنها یەک جۆر "من" نییە، بەڵکو بەپێی کۆمەڵگا دەگۆڕێت، هەندێک شت لە دابونەریتی ئێمەی کورد قبوڵکراو نییە، بەڵام لە کۆمەڵگای ئەوروپی ئاساییە.))(ئیسماعیل،٢٠٢٠: ٣٦) بەم پێیە بارودۆخی جوگرافی و ئەو ژینگەیەی "من" تێیدا دەژی، کاریگەری لەسەر "من" دروستدەکات، چونکە (("من" بەدوای شتێکدا دەگەڕێت، کە کۆمەڵگا پەسندی کردووە، "من" کەسایەتی خۆی لەنێو کلتور دەبینێتەوە.))(صلیوە،٢٠١٣: ٦١)

### ٣- منی باڵا (Super Ego):

یەکێکی دیکەیە لەو زاراوانەی فرۆید لە ((ساڵی ١٩٢٣))(ئاسۆن،٢٠٢١: ١٣٢) دایهێنا، بەشی سێیەمی کەسایەتیی مرۆڤ پێکدەهێنێت. ئەمەش لە "من"ەوە سەرچاوەی گرتووە و ڕۆڵێکی مەزن لە ئاراستەکردنی ڕەفتار و کردارەکانی مرۆڤ دەبینێت. بە لای "فرۆید"ەوە سوپەرئیگۆ ((مەڵبەندی هەموو لایەنە بەرزەکانی ئاکار و بەها کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانە.))(مەلازادە،٢٠١٦: ٢٤٢)

"منی باڵا" دەیەوێت کەسایەتیی مرۆڤ تەندروست بێت و دوور بێت لە هەموو خەوش و نەنگییەک، بۆیە هەمیشە وەکو پۆلیسێک چاودێری دەکات. بە بۆچوونی فرۆید دوو هۆکار دەبنە هۆی پەیدابوونی سوپەر ئیگۆ، ((هۆکاری یەکەمیان بایۆلۆژیە و هۆکاری دووەمیان مێژووییە.))(فروید، ١٩٨٢: ٥٨) "منی باڵا"، منێکی نموونەیی(میثالی)یە و نوێنەرایەتی بەها باڵاکانی نێو کۆمەڵگە دەکات، کە لە قۆناغی یەکەمدا لە سەرەتاکانی قۆناغی منداڵیدا لاسایی ئاکارە باش و ڕەوشتە جوانەکانی دایک و باوک و مامۆستا و کەسە نزیکەکانی دەوروبەری خۆی لە نێو خێزانەکەی دەکاتەوە. واتە ((منی باڵا بەرهەمی پەروەردەیە، کە نوێنەرایەتیی ڕێوڕەسم و دابونەریتی کۆمەڵگە دەکات لەگەڵ ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانەی خوازراون یان نەخوازراون.))(الشعیبی،١٩٦٣: ٢٨) منداڵ لە سەرەتادا گوێڕایەڵێکی تەواوی دایک و باوکیەتی، هەوڵدەدات ئەوەی دایک و باوکی فەرمانی پێدەکەن جێبەجێی بکات، ئەوەشی پێیدەڵێن لێی دووربکەوێتەوە، نەیکات، بۆ ئەوەی ڕەزامەندیی دایک و باوکی بەدەستبهێنێت. منی باڵا ((ئەو کاریگەرییەیە کە لەسەر دەروون دەمێنێتەوە لە منداڵییەوە بۆ ماوەیەکی درێژ، منداڵ لەگەڵی دەژی بە پشت بەستن بە دایک و باوکی و بەجێهێنانی فەرمان و نەهیکراوەکانی.))(فروید،١٩٥٤: ٩) لەم قۆناغەدا منداڵ لاسایی دایک و باوکی دەکاتەوە و هەوڵدەدات وەکو ئەوان بێت. سوپەر ئیگۆ ((سەرجەم ئایدیا باڵاکان و بنەماکانی ئاکار و دابونەریت وەردەگرێت و دەیپاڵێوێت و دەیکات بە بنەمایەکی گشتی، لێرەدا دەکرێت بە ویژدانی مرۆڤ ناوی بهێنین، کە ئامۆژگاریمان دەکات و سزا و پاداشت بۆ ڕەفتار و کردەوەکانمان دادەنێت.))(بۆکانی،٢٠٠٦: ١٥٦) لێرەدا "منی باڵا" وەک هێزێک لە ناوەوەی مرۆڤدا ئەرکی چاودێری کردنی "من"ە، لە هەر کارێکی دزێو و ناپەسەند سەرزەنشتی دەکات، کە لە قۆناغی دواتردا بۆ سزا دەگۆڕێت. ئەو هێزە لە سەرەتادا لە دەرەوەی منداڵ دروستدەبێت و دواتر بۆ ناوەوەی دەگوازرێتەوە، چونکە ((منداڵ پێش ئەوەی "منی باڵا"ی بۆ دروست بێت، هێزی دەرەکی، کە خۆیان لە دایک و باوک و پۆلیس و مامۆستایاندا دەبینێتەوە سزا و سەرزەنشتی منداڵ دەکەن، بەڵام دوای ماوەیەک لە ڕێگای پەروەردەکردنەوە ئەو هێزە دەرەکییە دەگوازرێتەوە بۆ ناو خودی مرۆڤ و هێزێکی دەروونی

ناوەکی دروست دەبێت کە ناودەبرێت بە "ویژدان" و جێگەی کار و فەرمانەکانی ئەو هێزە دەرەکییە دەگرێتەوە.)) (قەرەچەتانی،٢٠١٥: ٣٠١) بەمەش منداڵ لە سەرەتادا ئەو وێنە نموونەییە لە باوانی وەردەگرێت و بەو وێنەیە سەرسام دەبێت و هەوڵدەدات بیپارێزێت. ئەم وێنەیە لە قۆناغێکی دیکەدا دێتەوە ناوەوەی مرۆڤ و وەکو ویژدانی مرۆڤ کاریگەریی لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ دروستدەکات. ویژدانیش ((لەسەر بنەمای خراپی ڕەفتارێک کە منداڵێکی لەسەر سزادەدرێت دروست دەبێت.))(حسێن،٢٠٠٢: ٥٦) بەمەش تاک بەهۆی سوپەرئیگۆوە ((دەبێتە پارێزەری کولتور و ئاداب و هەموو ئەو سرووت و ڕێوڕەسمانەی لە کۆمەڵگەدا پلەی موقەدەسیان بۆ خۆیان داگیرکردووە.))(عەبدوڵلا،٢٠٢١: ٨٠) ویژدانی مرۆڤ لەگەڵ گەورەبوونی مرۆڤ بەرە بەرە گەشە دەکات، بەمەش مرۆڤ هەوڵدەدات ئاکار و ڕەوشتی جوان لەنێو کۆمەڵگەدا بنوێنێت، سەرچاوەی ئەمانەش ویژدانە.

به بۆچوونی "جەی. ئێف. دۆنسێڵ" و زۆرێک لە دەروونناسان ((منی باڵای فرۆید ناچێتەوە سەر چەمکی ویژدان و لە جێگەیەکدا پێکەوە کۆنابنەوە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە منی باڵا دەزگایەکی کۆمەڵایەتی و ڕەمەکییە، بەڵام ویژدان هێزێکی ئەقڵیی و ئاکارییە، منی باڵا لەگەڵ بەها و دابونەریتە باوەکان پێکەوە دەشێلدرێن و دەبنە پێکهێنەری کەسێتیی تاک، ویژدان بریتییە لە نەژادی مرۆڤ، داوەریی کردەوەکانی دەکات.))(دۆنسێڵ،٢٠١٩: ٤٤) "ئەریک فرۆم"یش ئاماژە بەوە دەکات، کەوا ((منی باڵا جیاوازە لە ویژدان، چونکە یەکەمیان سەر بە دەروونزانی تێرامانە، بەڵام دووەمیان سەر بە زانستی ئاکارە.))(فرۆم،٢٠٠٤-١٧١) کەواتە کار و هەڵسوکەوتێکی دیاریکراو، کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات مەرج نییە لەلایەن کۆمەڵگەوە پەسند بێت، واتە پەسندی و ناپەسندی ئاکار و ڕەفتارەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دی و لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی دی گۆڕانی بەسەردا دێت. بۆیە ویژدان بەپێی ئاکار و ڕەوشتی مرۆڤەکان دەگۆڕێت، قسەکردن لەسەر ویژدانێکی کۆیی (دەستە جەمعی) کارێکی ئاسان نییە. (هاوژین صلیوە) بۆچوونی وایە، هەردوو جۆر لە "منی باڵا" یەکتر تەواودەکەن. ((منی باڵا لە هەردوو بارەکەدا "منی نموونەیی" "ویژدان" تەواوکەری یەکترن، چونکە منی نموونەیی بە ویژدان کامڵ دەبێت، چونکە ویژدان هەمیشە وەک فلتەرێکی بەهێز وایە، ڕێگرە لەو شتانەی کە ناواقعین یان دوورن لە دابی کۆمەڵگا.))(صلیوە،٢٠١٣: ٦٢) بەم پێیە "منی باڵا" چاودێرە بەسەر "من" و کاروکردەوەکانی مرۆڤ ڕێکدەخات و لە ویژدان جیانابێتەوە.

سوپەرئیگۆ ڕۆڵی داوەری دەبینێت و بیر و چالاکییەکانی "ئیگۆ" دەخاتە ژێر داوەریی خۆیەوە، هەمیشە ((لە ململانێی بەردەوام دایە بە هاوکاری "من" بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو "id" و ئاراستە

کردنــی: حەزە چڵێســەکان و چێــژە تاکییەکــان بە تەوەرێکــی ڕاســت و خــزمەت بەخــش بــۆ کــۆمەڵ.))(حەمەد،ب.س: ١١٠) بەمەش "منــی بــاڵا" مەیلێکــی ئایــدیالی لای مــرۆڤ دەنوێنێــت، بە پــێچەوانەی "ئیــد" کە لایەنــی لادان یــان ئــارەزووی تێرکردنــی شــەهوەت دەنوێنێــت. ئەم دوو گۆشەیەی دەروون لە ململانێیەکی بەردەوام دان، ئەم ململانێیەش دەبێتە هۆی ئەو دڵەڕاوکێ و خەمۆکیی و هەڵچوونەی هونەرمەند پێیدا گوزەردەکات. کەچی "من" ڕۆڵی ناوبژیوان دەبینێت لە نێوان "ئید" و "منی باڵا"دا.(کۆمەڵێک نووسەر،٢٠١٧: ٣٤)

## ئۆدیبۆس و گرێی خەسان

گرێــی ئۆدیــب[٢]یەکــێکە لەو زاراوانەی بــۆ یەکەمجــار فرۆیــد لە تیــۆری دەروونشــیکاریدا بەکاریهێنــا. گرێیەکــی دەروونیــیە، بــۆ یەکەمجــار ((لە ســاڵی ١٩١٠ لە وتارێکــدا بەنــاوی "دەروونناســیی ئــارەزووی عاشــقانە – دەربــارەی گشــتیترین جــۆری ســوکایەتی لە ژیــانی عاشـقانەدا" دەردەکەوێـت.))(ئاسـۆن،٢٠٢١: ١١٨) ئەوەش ئامـاژەیە بەوەی منـداڵی کـوڕ دەکەوێـتە داوی ئەڤینی و هۆگربوون بە دایکی و ڕق لێبوونەوە لە باوکی و ئیرەیی بردن پێی. ئەم گرێیە وەک ((دیاردەیەکی سەنتراڵی قۆناغی سێکسیی سەرەتای منالی دەردەکەوێت. پاش ئەم قۆنـاغە، ئاوابوونەکەی ڕوودەدات، واتە ئەم گرێیە خۆی ڕادەستی چەپاندن دەکات و بەدوایدا قۆنـاغی متبوون دەستپێدەکات.))(فرۆید،٢٠٢١: ٢٩) ئەمەش بەرانبەر (گرێی ئەلیکترا) لە کچاندا دەوەستێت. ئەم گـرێیەش گوزارشـتێکە بۆ خسـتنەڕووی خۆشەویسـتیی کچ بۆ بـاوکی و ڕق لێبـوونەوە لە دایکی. هەردوو گـرێیەکەش بەنـاوی دوو کـارەکتەری نێـو ئەفسـانەی کـۆنی یۆنـانی نـاونراون. "فرۆیــد" پێــی وایە منــداڵی کــوڕ لە ســەرەتای تەمەنیــدا هــۆگری دایکیەتــی و زیــاتر دایکــی خۆشـدەوێت. بە هەمـان شـێوەش منداڵی کچ بـاوکی زیـاتر خۆشـدەوێت. بە بۆچـوونی فرۆیـد منداڵی کوڕ ((لە تەمەنی سێ ساڵییەوە تەنانەت تاوەکو چوار ساڵیش هەستێکی جنسی بەرانبەر بە دایکی لە لا دروست دەبێت، بۆیە غیرە لە بـاوکی دەکات و بە ڕەقیبی خـۆی دادەنێت، هەر بــۆیە کارامەییەکــانی منــداڵ کــاریگەرییەکی گەورەی لەســەر ڕەفتــاری ئــادەمیزاددا هەیە.))(الماضي،٢٠١٠: ١٧١) هەر زوو فرۆید هەستی بەم بارە دەروونییە لە مرۆڤدا کردبوو، بۆیە

[٢] گرێی ئۆدیب: لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە، لە ناوی پاڵەوانی شانۆنامەی (ئۆدیپ پاشا)ی سۆفۆکلیسەوە وەرگیراوە. (ئۆدیپ) پاڵەوانێکی یۆنانی کۆنە، کوڕی (لائیۆس)ە. ساحیرێک بە (لائیۆس)ی گوتبوو، ئەگەر منداڵەکەتان کوڕ بوو، ئەوا باوکی خۆی دەکوژێت و دایکی خۆی مارە دەکات. کاتێک منداڵە کوڕەکەیان بوو، باوکی لە ترسی پێشبینی ئەو غەیب زانە، منداڵەکەی فڕێدا. دواتر شوانێک دۆزییەوە. دواتر پێشبینی غەیب زانەکە هاتە دی. کاتێک باوکی خۆی کوشت و دایکی خۆی مارە کردەوە. دوای زانینی ڕاستییەکە، دایک خۆی کوشت و ئۆدیبیش چاوەکانی خۆی کوێر کرد. گرێی ئۆدیبیش بە واتای هەموو ئەو حەز و ئارەزووە سێکسییانە دەێت، کەوا لە منداڵی کوڕ دا هەیە و ئاراستەی دایکی دەکات.(فرۆید،٢٠٠٥: ٦)

لە هەوڵی لێکۆڵینەوەی ورد بوو بۆ گەشەپێدانی بۆچوونەکای خۆی. بۆ ئەمەش سوودی لە شاکارە ئەدەبییەکان وەرگرت. لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردنی شاکارە ئەدەبییە جیهانییەکانی وەک شانۆنامەی (ئۆدیێب)ی سۆفاکلیس و (هاملێت)ی شکسپیر و (برایانی کارامازۆف)ی دۆیستۆڤیسکی، بوونە بنەما بۆ لێکۆڵینەوە لەم گرێیە و بەهێزکردنی بۆچوونەکانی سەبارەت بەم چەمکە.

منداڵی کوڕ درەنگ بێت یان زوو تێدەگات، کەوا دایک و خوشکی وەک ئەو ئەندامی نێرینەیان نییە، لە ترسی لێسەندنەوەی ئەندامی نێرینەی لەلایەن باوکییەوە و خەساندنی، حەز و ئارەزووە سێکسییەکانی لەگەڵ دایکی هەڵدەگرێت. واتە ((مەیلە سێکسییەکەی دادەمرکێنێت، خۆی دێنێتە ڕیزی باوکی و، ئاواتی ئەوە دەخوازێت ڕۆژێک ببێتە خاوەن ژن، وەکو چۆن هەنووکە باوکی خاوەنی دایکێتی. دواجار کوڕ بە شێوەیەکی ناخودئاگا و سەرکەوتووانە بەرەو قۆناغی پیاوەتی ڕێگا دەگرێتەبەر.))(حسێنی،٢٠٠٦: ١٧٤) بەمەش ئەم گرێیە دەچەپێت و بەرەو هەڵوەشانەوە و لەناوچوون دەچێت. بە بۆچوونی "فرۆید"یش ((ئەوەی دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخستنی زاوزێی فالووسی لە منداڵدا، هەر ئەم هەڕەشەی خەساندنەیە.))(فرۆید،٢٠٢١: ٣٢)

گرێی ئۆدیب، کە "فرۆید" بە چڕی کاری لەسەر کردووە، دۆزینەوەی بارێکی دەروونی ناوەوەی مرۆڤە، ((پانتاییە بنچینەییەکەی نەست دەردەخات و گوزارشت لە فانتازیاکانی تاک دەکات بەرانبەر یاسای زینا لەگەڵ مەحرەمدا. مەسەلەکە ئەوە نییە مناڵ چۆنچۆنی بە قوڕسی ڕووبەڕووی پەیوەندییە عاتفییەکانی خۆی لەگەڵ دایک و باوکدا دەبێتەوە، بەڵکو پەیوەستە بەوەوە بینای ئارەزووی مرۆڤ چۆناوچۆن پێکدێت.))(ئاسۆن،٢٠٢١: ١٢٠) بە بۆچوونی "فرۆید" هەریەکە لە (ئۆدیب پاشا) و (هاملێت) و (برایانی کارامازۆف) جگە لە یەک بابەت هیچ شتێکی دی نییە، ئەویش کوشتنی باوکە، پاڵنەریش بۆ ئەم کوشتنە، (دایک)ە. بەمەش فرۆید توانی سوود لەو بەرهەمە ئەدەبییانە وەربگرێت، بە مەبەستی ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی ئەم چەمکە دەروونناسییانەی دایهێناون.

"گرێی ئەلیکترا"ش زاراوەیەکی دیکەیە، کەوا "فرۆید" بەکاریهێناوە، بەڵام کەمتر لەسەری وەستاوە بە بەراورد بە گرێی ئۆدیب. ئەمەش ئاماژەیە بەوەی منداڵی کچ نائاگایانە عەشق و خۆشەویستیی بۆ باوکی دەخاتەڕوو، لە بەرانبەردا دڵپیسی و ڕق و کینە لە دایکی هەڵدەگرێت، چونکە دایکی وەک بەربەستێک بۆ گەیشتن بە باوکی دەبینێت. دەروونناسان ((گرێی ئێلیکترایان وەکو بنەمایەک داناوە بۆ هەندێک لە شیکردنەوە دەروونناسییەکانی خۆیان، کە بۆ دەقە

ئەدەبییەکـان ئەنجامیـان داوە و چەنـد نمـوونەیەکی جۆراوجـۆری ئەو گرێیەیـان لە بەرهەمە ئەدەبییەکانـدا شـیکردووەتەوە.))(ئیمـامی،٢٠١٨: ٢٦٠-٢٦١) کاتێـک کـچ هەسـت بەوە دەکـات ئەو ئەندامەی کوڕ هەیەتی، ئەو لەدەستیدایە، بۆیە هەستێکی شەڕانگێزی و ڕقێکی گەورەی بەرانبەر دایکی بۆ دروستدەبێت و ئارەزووی باوکی دەکات. کچ لەم بارەدا هەست بە کەمی لەدەستدان و خەسـانی ئـامێری نێـرینەی دەکـات، بۆیە ((لە بـاوکی نزیکدەبێتەوە تـا منداڵێکی لێی هەبێت قەرەبووی نەبوونی ئەو ئەندامەی بۆ بکـات، بەڵام کاتێک ئەو ئـاواتەی بۆ نـایەتەدی بڕوا بە مێیەتی خۆی دەهێنێت و جارێکی دیکە بە شوێن پیاوێکی دیکەدا دەڕوات بۆ ئەوەی منداڵی هەبێت و قەرەبووی ئەو هەست بە خەساندنەی بۆ بکاتەوە.))(جەمال،٢٠٠٩: ٢٥) منداڵی کچ کاتێک ناخودئاگا درک بەو ڕاستییە دەکات، کە ئەو خەساوە هەروەکو چۆن دایکی خەساوە، بەهۆی ئەوەوە هەسـت بەکەمـی دەکـات، بەوەی ئەو ئەنـدامە نێـرینەیەی بـاوکی خـاوەنیەتی، ئەو لە دەستیداوە و ئارەزووی ئەوە دەکات ببێتەوە خاوەنی، بۆیە پشت لە دایکی دەکات و ڕوودەکاتە بـاوکی، بەڵام کاتێک ئەو پەیوەنـدییە شکسـت دەهێنێت، دەگەڕێتەوە لای دایکی و خۆی لەگەڵ دایکـی هاوشـوناس دەکـات. کاتێـک دەبێـتە ژنێکـی کامـل و تەواو، ئەو ڕاسـتییە دەزانێت، کە ((ئەویـش ڕۆژێـک، هەروەکـو دایکـی دەبێـتە خـاوەن پیـاوی خـۆی. مەیلـی دانەمرکـاوی کچـی مێرمنداڵ بۆ "ئەندامی نێرینە" و "حەسرەتی ئەندامی نێرینە" لە ڕێگەی پێوەندی ئەو لەگەڵ پیاو دادەسەکنێت و هەست بە کەمایەتی کردنی تاڕادەیەک کەمتر دەبێتەوە.))(برێسلێر،٢٠٠٧: ١٧٤)

گرێـی خەسـان لە کـوڕ و کچانـدا گرنگییەکـی زۆری لای فرۆیـد هەیە و بـایەخێکی زۆری پێدراوە، هەروەکو فرۆید ئاماژە بەوە دەکات، کە ((ئەگەر مەیلی سێکسی منداڵ بەشێوەیەکی ئاسایی پەرە بسێنێت و بچێتە پێشێ، دەبێت سەرەتا لە گرێی خەسان تێپەڕبن.))(برێسلێر،٢٠٠٧: ١٧٤) ئەم بابەتە لای دەروونناسان بایەخی خۆی لەدەستنەداوە و تا ئەمڕۆش دەروونناسان بە بایەخەوە لێی دەڕوانن و بە بەشێک لە پرۆسەی جیابوونەوەی منداڵی دەزانن لە دایک و باوک.

پێوەندیی گرێی ئۆدیب و گرێی خەسان لە منداڵی کوڕ و کچ جیاوازە، بەوەی کوڕ لە ترسی ئەوەی لەلایەن بـاوکییەوە بخەسـێنرێت، واز لە گرێـی ئۆدیـب دەهێنێت. کەچـی گرێـی خەسـان یارمەتیی کچان دەدات بۆ مانەوە لە نێو گرێی ئۆدیب بۆ ماوەیەکی درێژ. گرێی ئۆدیب یەکێکە لەو چەمکە گرنگانەی فرۆید بە گرنگییەوە باسی کردووە، لە ڕێی بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە بیروبۆچوونەکانی خۆی لە بواری دەروونشیکاری گەشە پێدا. لێکۆڵینەوە لە شاکارە ئەدەبییە جیهانییەکان، بوونە سەرەتایەکی گرنگ بۆ چەمکە دەروونییەکانی. فرۆید لە ڕێی ڕاڤەکردنی

گرێی ئۆدیب، بیروبۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە چەمکە دەروونییەکان پتەوتر کرد. ئەمەش لە زۆربەی نووسین و بۆچوونە دەروونییەکانی جەختی لەسەر کراوەتەوە.

## خـــەون[٣]

چالاکییەکی هاوبەشـی نێوان مرۆڤەکانە، هەمـوو مرۆڤێک خەون دەبینێت. خەونیش بە واتـا باوەکەی بـریتییە لە هەمـوو ئەو ڕووداو و دیمەنانەی کەسـی خەوبین لە خەوەکەیدا دەیبینێت. لێکدانەوەی خەون و تێگەیشتن لە سروشت و ناوەڕۆکەکەی، بابەتێکی ئاڵۆز و تێکچڕژاوە، هەر لە کۆنەوە بابەتی گفتوگۆ و ململانێی نێوان چەندین قوتابخـانەی فەلسـەفی و ئاییـنی و زانسـتی بووە. زانایان هەوڵیانداوە لە ماهیەتی خەون تێبگەن، بۆ ئەمەش چەندین لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە ئەنجامــداوە و هەوڵیانــداوە لێــی بکــۆڵنەوە و شــڕۆڤەی بــکەن. ئاشــکرایە خەو(sleep)و خەون(dream) دوو زاراوەی جیاوازن، خەو ((بڕێک فیسۆلۆژییانە و بایۆلۆژییە))(فرۆید،٢٠٢٠: ٥٤) بەو واتایەی کردارێکە بەسەر مرۆڤەکان دێت بۆ مەبەستی پشوودان دوای ماوەیەک لە بێداری و ماندووبوون. خەونیش ((چالاکییەکی سیمبوڵی و خەیاڵی و هەستیارترە. ))(فرۆید،٢٠٢٠: ٥٤) بەوەی هەموو ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەیە کەوا لە ناو پرۆسەی خەودا ڕوودەدات.

زانـای دەروونناسـی "سـیگمۆند فرۆیـد" یەکێکە لە بەناوبـانگترین ئەو زانایـانەی گرنگییەکـی زۆری بە خەون داوە، لە سەرووی هەموو ئەو زانایانەیە، کەوا ڕێگەیەکی زانستی بەکارهێنـاوە بـۆ تێگەیشـتن لە نـاوەڕۆکی خەون و ڕاڤەکردنـی. لە ئاکـامی هەوڵـدانێکی زۆر و ئەنجامـدانی کۆمەڵێک تاقیکردنەوە لەسەر نەخۆشەکانی، سەرەنجام لە ساڵی (١٨٩٩) پەرتوکێکی بەناوبـانگی دەرکـرد بەنـاوی (لێکـدانەوەی خەونەکـان)، کە تیایـدا تێـڕوانین و بیـر و بۆچوونەکـانی خـۆی دەربـارەی خەون خسـەڕوو، کە تـا ئەمڕۆش یەکێکە لە پەرتوکە بەسـوود و پڕ خوێنەرەکـانی فرۆید. تەواوی تێڕوانینەکانی فرۆید بۆ نەست لەم پەرتوکەدا خراوەتەڕوو. بە بڕوای "فرۆید" لێکدانەوەی خەونەکان و ڕاڤەکردنیان شـاڕێگەی گەیشـتنە بە نەسـت و ((لێکدانەوەی خەونەکان ڕێگەیەکی توانستییە بۆ زانینی ئەوەی لە نەستە لە ژیانی دەروونیدا.))(فروید،ب.س. ٥٩١) بەپێی ئەم بۆچـوونەی فرۆیـد خەون ڕەنگـدانەوەی هەمـوو ئەو حەز و ئـارەزووە کپکـراوانەن، کە لە نەسـتی مرۆڤـدا عەمبـارکراون و کەسـی خەوبـین بە هەر هۆکارێـک بێـت ئەو ئـارەزووانەی

[٣] لە ڕووی زاراوەوە خەون، لە زمانی ئینگلیزیدا "dream"ی پێدەگوترێ، "dreamer"یش بە کەسی خەونبین دەوترێت، واتە ئەو کەسەی خەون دەبینێت. لە زمانی فارسیشدا "رویا" و "خواب"ی پێدەوترێت، "خواب دیدن" واتە خەوبینین، لە عەرەبیشدا "حلم" و "روئیا"ی پێدەوترێت، کەوا ئەویش لە فارسییەوە وەرگیراوە، لە کوردیشدا "خەون" و "خەو"ی پێدەوترێت.(موسا،٢٠١٩: ٩)

کپکردوون و لە ڕێی خەونەوە هەوڵی تێرکردنیان دەدات. زۆرێک لەو ئارەزووە چەپێنراوانەی نەستیش کۆنن و بۆ سەردەمی منداڵی دەگەڕێنەوە. خەون دەبێتە باشترین ڕێگا بۆ هاوسەنگکردنی دەروونی مرۆڤ، چونکە خەون دەروونی مرۆڤ ئارام ڕادەگرێت، دوای ئەوەی وەک دەرچەیەک هەڵدەستێت بە تێرکردنی هەموو ئەو ئارەزووانەی لە ناخی مرۆڤدا پەنگی خواردووەتەوە و بەهۆی سانسۆری کەتوار و سنووردارکردنی نەیتوانیوە تێریان بکات و ناچار لە نەستیدا کپی کردوون. ((فرۆید ئەم میکانیزمە ناو دەنێت "سانسۆر" کە دەبێتە ڕێگرێک لە بەردەم ئاشکرابوون و دەرکەوتنی خەیاڵی سەرکۆنەکراوی ئاشکرا.))(یۆنگ،٢٠٢١: ٢٤) بەمەش بە تێرکردنی ئەو ئارەزووە کپکراوانە، مرۆڤ ئارام دەبێتەوە و لەو شڵەژانە دەروونییە ڕزگاری دەبێت، کە ڕەنگە بەهۆی ئەو فشارە زۆرەی نەست و حەزە پەنگخواردووەکانی، مرۆڤ تووشی لادانی کۆمەڵایەتی ببێت، ئەگەر لە ڕێی خەون خاڵی نەکرێتەوە. کەواتە خەون ((تەجەلی و دەرکەوتەی لاشعورە، بە باشترین هۆ و سەرچاوەی مەعریفەت دەژمێردرێت بە مەرجێک بتوانرێت پاش ڕابوون لە خەو، لە زەیندا دووبارە زیندوو بکرێتەوە.))(سەید حسێنی،٢٠٠٦: ٢٢٣)

لە دیدی فرۆیددا خەونەکان بیرۆکەیەکی ڕوونمان بۆ دەخەنەڕوو دەربارەی هەموو ئەو شتانەی لەنێو نەستی مرۆڤدا هەن، واتە ((ڕێگەیەکن لە ڕێگەکان کە بە هۆیەوە نەست دەدوێت.)) (ئیستۆپ،٢٠١٩: ٧٩) مەرجیش نییە هەموو ئەو دیمەن و ڕووداوانەی خەوبین لە خەودا دەیبینێت، شتە چەپێنراوەکانی نەست بن، بەڵکو ((زۆرجار خەون ڕەنگدانەوەی شتی ڕۆژانەیە، یان بینینی دیمەن و ڕەنگڕێژکردنی بەسەرهاتێک، کە هیچ پێوەندیی بە لایەنی سێکسییەوە نییە.))(صلیوە،٢٠١٣: ٦٨)

(فازیل شەورۆ) لە پەرتوکی (ڕەهەندەکانی خەون لە شیعری کوردیدا) پێی وایە کەوا ((باشترین ڕاڤەکەری خەون، خەوبینەر خۆیەتی))(شەورۆ،٢٠١٤: ١٢٦) مەرج نییە هەموو خەوبینێک توانای ئەوەی هەبێت ڕەمز و هێماکان شیبکاتەوە، بە تایبەتی خەونە ئاڵۆزەکان، ((خەونە ڕوون و ئاشکراو سادەکان پێویستیان بە ڕاڤەکردن نییە، خەونە ئاڵۆز و ڕەمزدارەکان بە ئاسانی ڕاڤەکردنیان کەمێک سەختە و لێتێگەیشتنیان ئاسان نییە.))(مارتین،٢٠١٣: ١٢٦) خەون ئامرازی خۆی هەیە بۆ تێگەیشتن لێی، ئامرازەکانیش ڕەمز و هێماکانن. لێکدانەوەی خەونیش کارێکی سانا نییە، بەڵکو پێویستی بە کەسانی شارەزا لەو بوارەدا هەیە، کە لە کۆد و هێما و ڕەمزە ئاڵۆزەکانی نێو خەونەکە بگەن، چونکە هەریەکە لەو ڕەمز و هێمایانە هەڵگری کۆمەڵێک دەلالەتی واتایین. بۆیە لە پاڵ خەونەکاندا، زانستی لێکدانەوەی خەونیش هەیە، کە تیایدا لەسەر بنەمایەکی زانستی لێکدەرەوەی خەون ڕاڤەی ڕەمز و هێماکان دەکات، بۆئەوەی بگاتە بیرۆکەی

ســـەرەکیی خەونەکە. بە بۆچـــوونی فرۆیـــد ((هێمـــا و ڕەمزەکـــان لە ئەنجـــامی ئەو پـــاڵنەرە ڕەتکـراوانەن کە دەبـنە هـۆی جـۆرە ئاخـاوتنێکی ناڕاسـتەوخۆ، لە بـارودۆخێکی وادایە کە ئـاو دەبێتە ڕەمزی زاوزێ و ژیان، گەشت وەکو ڕەمزێک بۆ مەرگ دەردەکەوێت.))(شاریە،١٣٧٠هـ: ٢١٣)

فرۆیـد بـڕوای وایە، خەون بـریتییە لە یـادەوەری، یـادکردنەوەی یادەوەرییەکـانی سـەردەمی منداڵی. نیشاندانی شتە چەپێنراوەکانی دەروونی مرۆڤە، کە لە منداڵیدا تێر نەکراون و لە خەوندا دەردەکەون، ئاماژەیەکیشە بۆ نـاوەرۆکێکی دی، کە شـاراوەیە و خـۆی نمـایش نەکـردووە، یـان ((دیاردەیەکە پەردە لەسەر ململانێی سێکسی یـان ویـژدان هەڵدەماڵێت کە تـاکی خەوبینەر، لەو کـاتەدا بە دەسـتییەوە دەناڵێنێت.))(نووری،٢٠١٠: ١٠٨) ئەو بـڕوایەش ڕەتـدەکاتەوە، کە زۆرێک لە دەروونناسـان وای بـۆ دەچـن، کەوا خەون هەنـدێک جـار پێشـبینیکردنە بـۆ داهـاتوو، پێی وایە خەون پێشـبینی ئاینـدە ناکـات. بە بۆچـوونی فرۆیـد ((خەون پێشـبینی لە داهـاتوو ناکـات، بەڵکو دیاردەیەکە پەردە لەسەر ململانێی سێکسی یان ویژدانی هەڵدەماڵێت و خەوبینەر لەو کـاتەدا بە دەسـتیەوە دەناڵێنێـت، یـان گوزارشـت لە ویسـتە چەپێنراوەکـانی سـەردەمی منـداڵی دەکـات.)) (نووری،٢٠١٠- ١٠٨-١٠٩) بە پـێچەوانەی فرۆیـد، بە بـڕوای زۆرێـک لە دەروونناسـان هەنـدێک لە خەونەکـان پێشـبینین بـۆ داهـاتوو. "شەکشـەک" دوای ئەوەی پێناسـەی خەون دەکـات بەوەی جۆرێکە لە بەتاڵکردنەوەی هەڵچوون و پاڵنەرە چەپێنراوەکانی ڕۆژ، پێی وایە ((زۆر جار خەون لەمـانەیش پتـر دەڕوات و ڕەنـگە پـوختکراوەی ژیـانی نزیکـی داهـاتوو و هەواڵێـک بێـت کە لە ئایندەدا پێمـان دەگـات.))(شەکشـەک،٢٠١٧: ٢٤٧) فرۆیـد دوو زاراوەی سـەرەکیی بـۆ شـیکردنەوەی خەون بەکارهێنـا، کە هەریەک لەم زاراوانە ڕۆڵێکی گرنـگ لە پێکهێنـان و دروسـتبوونی خەون دەبینن، ئەوانیش هەریەکە لە (چڕکـردنەوە و جێگـۆڕکێ)ن، ((چڕکـردنەوە: واتە کەڵەکەبـوون و چوونە ناو یەک لە خەوندا، بەرهەمـی کۆبـوونەوەی چەنـدین بیرۆکە و هەسـت، چەنـدین تێبینـی شـاراوەیە، کە هەموویـان لە خەودا لەسـەر شـێوەی هێمـا و ڕەمـز دەردەکەون. ئەم هێمایـانە دەرخەری هەمـوو ئەو بیـرۆکە ئـاوێتەبووانەیە. شـیکردنەوە و ڕاڤەکردنـی ئەو بیرۆکـانەش دەرخەری ئەو بیرۆکانەن، کە خەون پەیوەسـتە پێیانەوە.))(فروید،ب.س: ١١) هەرچـی جێگـۆڕکێیە، ((گـــۆڕینی بـــابەتێکی نەســـتییە کە قەدەغەیە، بە بـــابەتێکی دی کە لای کـــۆمەڵگە ڕێگەپێدراوە.))(الرويلي - البازعي،٢٠٠٤: ٢٧٣)

فرۆید دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە خەون و بەرهەمی ئەدەبی، هەمان تەکنیکی شیکردنەوە و ڕاڤەکردنـی خەونـی بـۆ ڕاڤەکـردن و لێکدانەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکـان پەیڕەوکـرد، بەو پێیەی سەرچاوەی هەریەکە لە خەون و کاری ئەدەبی نەستە. بەبۆچوونی فرۆید ((بەرهەمی ئەدەبی

هەروەکو خەون و خەیاڵ بریتییە لە گوزارشتکردن لەو حەز و ئارەزووە کپکراوانەی هەر لە سەردەمی منداڵییەوە تا تەمەنی پێگەیشتن لە ناوچەی نائاگایی (لاشعور)ەوە هەڵگیراون، چونکە ئەدیب پێشر نەیتوانیوە حەز و ئارەزووەکانی خۆی بەجێ بهێنێت، لەبەر کۆمەڵێک یاسا و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ئاکاری و ئایینی، بۆیە ئەم حەز و ئارەزووانە لە ناوچەی نائاگاییدا پارێزراون، تا لە کاتی خەون بینین، یان خەیاڵکردن، یان داهێنانی بەرهەمی هونەری و ئەدەبییەوە هەندێک لەو حەز و ئارەزووانە جێبەجێ دەبن.))(خەلیل،٢٠١١: ٥٧) چۆن خەون تێرکردنی حەز و ئارەزووە کپکراوەکانی سەردەمی منداڵین لە کاتی خەودا، بە هەمان شێوەش نووسین هەڵقوڵاوی عەقڵ و بیر و دەروون و دامرکاندنەوەی ئارەزووە کپکراوەکانی نێو نەستە لە کاتی بێداریدا. نووسەران لە ڕێی بەرهەمە ئەدەبییەکانیانەوە ئارەزووە کپکراوەکانی ناخیان دادەمرکێننەوە. بە دەربڕینێکی دی، هەمان ئەو پاڵنەرە نەستییانەی دەبنە هۆی دەرکەوتنی خەون، هەمان ئەو پاڵنەرانەش دەبنە هۆی ئەفراندنی بەرهەمی ئەدەبی. هەر لەبەر ئەمەش لێکچوونێک لە نێوان ئەو ڕەمز و هێما ئاڵۆزانەی لە خەون دەردەکەون لەگەڵ ئەو ڕەمز و هێمایانەی لە دەقە ئەدەبییەکان ڕەنگدەدەنەوە هەیە. واتا ((خەون و بەرهەمی ئەدەبی لە بەتاڵکردن و دەربازبوون لە حاڵەتی تووشبوون بە نەخۆشییە دەروونییەکان یەک ئامانجن، لە دەرکەوتنی بیرەوەرییەکانی منداڵی لە بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکاندا، لەگەڵ هەبوونی فرە مانایی لە هەردوو بەشدا، کە ڕازیکردنێکی نەستییانە و کۆمەڵایەتیانەشە لە نێو هێما و ئاماژەکانی خەون و دەقدا بەدی دەکرێت.))(ڕەسووڵ،٢٠١٢: ٤٠)

"ئەلفرێد ئەدلەر" هەمان ئەو ڕێگەیەی بۆ لێکدانەوەی خەونەکان بەکارهێنا، کە فرۆید بەکاری هێنابوو، ((تەنیا لەوەدا نەبێت کەوا فرۆید پێی وابوو خەون لە بنەڕەتدا دەبێت گوزارشت لە حەز و ئارەزووە کپکراوەکان بکات، بەڵام ئەدلەر ڕای وابوو، کەوا خەون زیاتر بەستراوەتەوە بە داهاتووی خەوبین، نەک ڕابردوو.))(عاقل،١٩٦٨: ٢١١)

"کارل گۆستاف یۆنگ"، کە یەکێکە لە قوتابییەکانی فرۆید، لە هەندێک لە بۆچوونەکانیدا لەگەڵ مامۆستاکەی هاوڕایە، لە هەندێکیشیان هاوڕانییە. "یۆنگ" لە دیاریکردنی نەست و بیرۆکەی نەست، هاوڕای مامۆستاکەیەتی، بەڵام لە دیاریکردنی سروشتی نەست ڕای جیاوازی هەیە. یۆنگ تەنیا بڕوای بە نەستی تاک نییە وەکو فرۆید، بەڵکو لە جیاتی نەستی تاک، نەستی کۆ "کۆنەست" دەکاتە سەرچاوەی خەون و داهێنانی ئەدەبی. ((یۆنگ گەیشتە ئەوەی ئەو بەشەی کە لە هەڵگرتنی خەونەکان بەرپرسە کۆنترین بەشە لە مێشکدا، لەبەرئەوەی خەونەکان بەم پێکهاتە کۆنانەی مێشکەوە هاوپێوەندن، بۆیە پێشبینی ئەوە دەکرێت لە ڕووانگەی یۆنگەوە،

زمانەکەشی لە مرۆڤی کۆنەوە بخوازێت، کە زمانی وێنە و هێمای ئەفسانەیە.))(نووری،٢٠١٠: ١٠٩) "یۆنگ" نەستی بۆ دوو جۆر دابەشکردووە، نەستی تاک و نەستی کۆ، ((نەستی تاکەکەسی، کە پەیوەستە بە خودی مرۆڤەوە، کۆنەست کە پەیوەستە بە کۆمەڵگەوە.))(خەلیل،٢٠١٧: ٨٤) بە بڕوای یۆنگ کۆنەست گەنجینەی ڕابردووی مرۆڤە و میراتی هزری ئەوانی لە کۆنەوە هەڵگرتووە و وەکو خەون لە نەستی مرۆڤەکاندا ماوەتەوە، بە شێوەیەکی بۆماوەیی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی دەگوازرێتەوە.

## وزەی لیبیدۆ و قۆناغەکانی گەشەی سێکسی:

وزەی لیبیدۆ یان ڕەمەکی سێکسی، یەکێکە لە گرنگترین ئەو چەمکانەی لە میانەی کارەکانی خۆیدا لەمەڕ دەروونشیکاری، بە بایەخەوە لێی ڕوانیوە و کاری لەسەر کردووە. وزەی لیبیدۆ ((ناوی ئەو وزە و ئینێرژیەیە کە بەشداره لە پڕۆسەی تێربوونە تەواوکارەکاندا.))(زوپانچیچ،٢٠٢٠: ٥٣) ئەم ڕەمەکە لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە و بە بڕوای فرۆید لە سەرەتای قۆناغی منداڵیدا لەگەڵیدا دەژی. فرۆید ئاماژە بەوە دەکات، کەوا ((لە قۆناغی منداڵیدا و لە نێوان چوار بۆ پێنجساڵیدا، کۆمەڵێک ئەزموونی واقیعی، بۆ یەکەمجار کۆمەڵێک فاکتەری لیبیدۆیی زگماک بێداردەکەنەوە و دەیلکێنن بە کۆمەڵێک گرێی دیاریکراوەوە.))(فرۆید، ٢٠٢١: ١٦)

فرۆید قۆناغەکانی گەشەی سێکسی لای منداڵ دیاریکردووە، کە بریتین لە:

یەکەم: قۆناغی دەم (المرحلة الفمية – Oral Stage)

دووەم: قۆناغی کۆم (المرحلة الشرجية – Anal  Stage)

سێیەم: قۆناغی چووکی (المرحلة التناسلية – Genital Stage )

قۆناغی دەم، کە لە ماوەی یەکەمین ڕۆژی ژیانی منداڵ دەستپێدەکات تا ساڵ و نیوێک بۆ دوو ساڵ دەخایەنێت. لەم قۆناغەدا دەم سەرچاوەی کەمکردنەوەی فشار و چێژوەرگرتنە. منداڵ لە ڕێی گرتن و مژینی مەمکی دایکی بۆ خواردنی شیر، زاری دەبێتە شوێنی وەرگرتنی چێژ و لەم قۆناغەدا ((منداڵی شیرە خۆرە لە پێناوی شیر مەمکی دایکی دەمژێت، بەڵام لە ئەنجامدا بۆی دەردەکەوێت، ئەو چالاکییە لە بنەڕەتەوە چالاکییەکی بایەلۆژی و چێژبەخشە، بەپێی بۆچوونی فرۆید ئەمە سەرەتای سەرهەڵدانی چالاکی سێکسییە، دەمی منداڵ نەک تەنیا وەک ئەندامێکی گرنگە بۆ ماوەی ماتریالی ئەو، بەڵکو دەبێتە ناوچەیەکی شەهوەت ئامێز، کە

منداڵ پاش چەند ساڵێک ئەم کارانە دووبارە دەکاتەوە بە مژینی پەنجە کەڵەکەی و دوای ماوەیەکی دیکەش بە ماچکردنی.))(ئیگلتۆن،٢٠٠٤: ١٥) بەمەش منداڵ جگە لە مژینی مەمکی دایکی، دەتوانێت بە چەند ڕێگەیەکی دیکە ئەم ناوچەیە بوروژێنێت و چێژی لێوەربگرێت، وەک مژینی پەنجە گەورەی یان لە ڕێی شت کردن بە دەمیدا، لە قۆناغی هەرزەکاری و گەورەییشدا لە ڕێی ماچکردن ئەو چێژە بەدەستبهێنێت. لە قۆناغێکی دیکەدا، ئەو ناوچەیە دەبێتە سەرچاوەی توند و تیژی، ئەمەش ئەو کاتەیە، کە منداڵ ددانەکانی دێت، لێرەدا لە ڕێی گازگرتن لە مەمکی دایکی، دەبێتە هۆی ئازاردانی دایکی، هەروەها ئازاردانی ئەو ئەندامەی لە سەرەتادا سەرچاوەی خواردن و چێژ بوو. بەمەش لە قۆناغی دەمدا ((هاندەرە سادیستییەکان هاوکات لەگەڵ دەرهاتنی ددانەکاندا جاروبار ڕوودەدەن.))(فرۆید،٢٠٢٠: ٩٦)

لە دوای ئەم قۆناغە، قۆناغێکی دی دەست پێدەکات، کە ئەویش قۆناغی کۆمە. لە تەمەنی دووساڵی و سێ ساڵی منداڵدا لیبیدۆ لە ناوچەی دەمەوە دەگوازرێتەوە بۆ ناوچەی کۆم. لێرەدا منداڵ هەست بە چێژ دەکات لە ئاکامی فڕێدانی پاشەڕۆ لە ڕێی کۆم و بۆڕی میزەوە. فرۆید پێی وابوو ((ئەزموونی فێربوونی چوونە سەر ئاو لە قۆناغی کۆمیدا، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کەسێتی هەیە. پیسایی کردن، هەستێکی زایەندی گەشەی بۆ منداڵ دروستدەکات.)) (زەنوشە،٢٠١٧: ٢) ڕزگاربوونیش لە پاشەڕۆ، ئارامیی بە منداڵ دەبەخشێت.

لە دوای ئەم قۆناغە، قۆناغی سێیەمی وزەی لیبیدۆ دەستپێدەکات، کە بە قۆناغی (چووک) یان قۆناغی ئۆدیبی ناسراوە. ئەم قۆناغەش لە تەمەنی (٣ تا ٥ ـ ٦) ساڵی منداڵ بەردەوام دەبێت. لەم قۆناغەدا ((ئەندامە سێکسییەکان لە نێر یان لە مێدا، دەبنە ناوچەی بایەخدان و شەهوەتی سێکسی لای منداڵ بەتایبەتی چووک لە منداڵی کوڕ و میتکە Clitori لە منداڵی کچدا. لەم قۆناغەدا لە ڕێی هەوڵدان بۆ دەستلێدان لە ئەندامی سێکسیی خۆی کە لە ماستەربەیشن دەچێ، هەستکردن بە چێژ دەدۆزێتەوە.))(وەردی،٢٠١٥: ١٢٧) ئەم دەستلێدانەی منداڵ (کوڕ و کچ) لە ئەندامی زاوزێی خۆی، زۆرجار لای گەورەکان بە کارێکی ناشرین و ناڕەوا دادەنرێت و منداڵ لەسەر ئەو کارە تووشی شکاندنەوە دەبێت، بەوەی ئەم کارەی ئەوان عەیبەیەکی گەورەیە، کە ئەمەش ((سەرەتای ترس و شەرمێکی زۆر لە ناخی منداڵەکەدا چەکەرەدەکات.))(صلیوە،٢٠١٣: ٧٣) و ناچار بە وازهێنانیان لەو کارە دەکەن.

لە دوای ئەم قۆناغەدا، قۆناغێکی دی لە ژیانی سێکسیدا دێتە پێشەوە، ئەویش قۆناغی گواستنەوە و خامۆشی (متبوون)ە. ئەم قۆناغەش لە تەمەنی (٥ـ ٦)ساڵان دەستپێدەکات، تا قۆناغی هەرزە(بالغ)بوون، کە لە دەوروبەری (١٢)ساڵان کۆتایی دێت. ئەم قۆناغە زۆر هێمن و

لەسەرخۆ دەڕوات، بە بەراورد بە قۆناغەکانی دی، هیچ کاریگەرییەکیش لەسەر ڕەوشتی کەسەکە دروست ناکات. واتا ((هێزی ڕەمەکی لیبدۆ لە هیچ بەشێکی جەستەیدا بەدیارناکەوێت، بۆیە هیچ چالاکی دیاریکراو نییە بۆ هێزی ڕەمەکی لای منداڵ.))(نووری،٢٠١٠: ١١٣) بە بۆچوونی فرۆید دوو گریمانە جەوهەری ئەم قۆناغە پێکدەهێنن، ئەوانیش پێکدێن لە: ((هەڵچوونەکان Reaction Formation) وەک بێزهاتنەوە و هەستکردن بە عەیبە، ئاراستەی دووەمیشیان ڕووەو باڵابوون و شکۆبوون دەڕوات، بەم شێوەیە وزەی سێکسی بەشێوەیەکی ئەندامی ڕووەو مەسەلەکانی ئیستاتیک و هزرە مۆڕاڵییەکان دەڕوات.))(وەردی،٢٠١٥: ١٢٩)

دوای ئەم قۆناغە، دوا قۆناغی گەشەی سێکسی دەستپێدەکات، کە قۆناغی هەرزەکارییە. لەم قۆناغەدا منداڵ خۆی دەناسێت و ئارەزووە سێکسییەکانی دەردەکەون. ((کۆمەڵێک گۆڕانکاری جەستەیی و فسیۆلۆژی لە لای هەرزەکار دروست دەبێت، لە لای نێر کە ئەندامی سێکسی دەکەوێتە کار و دەنگی گڕ دەبێت و گرێی قورگی خڕدەبێت و مووی جەستەی زیاد دەبێت. لە کچانیش بناغەی مەمکیان دادەنێن و سووڕی مانگانەیان دەستپێدەکات. لە لای کوڕ و کچانیشەوە خەیاڵ و زیندە خەون گەشە دەکات و لە منالی خۆی دەترازێت و دەچێتە جیهانێکی ترەوە.))(صلیوە،٢٠١٣: ٧٤) یەکێکی دی لە ئەرکەکانی ئەم قۆناغە، پراکتیزەکردنی کاری سێکسییە بەشێوەیەکی واقیعی و دوور لە خەیاڵ. ئەگەرچی لە قۆناغەکانی پێشوودا منداڵی کوڕ سەرنجی لەسەر دایکی و منداڵی کچ  سەرنجی لەسەر باوکی چڕکردبۆوە، بۆئەوەی هاوبەشێکی سێکسی هەبێ، بەڵام لەو قۆناغەی منداڵدا بابەتە سێکسییەکە تەنیا لە چوارچێوەی خەیاڵدا بووە. کەچی لەم قۆناغەدا هەرزەکار دەیەوێت بەسەر ئەم خەیاڵەدا زاڵ بێت و بەشێوەیەکی سروشتی ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدات. بە زۆریش هەرزەکار ((بە دوو قۆناغ هاوبەشی سێکسی هەڵدەبژێرێت، لە قۆناغی یەکەمدا، ئەم هاوبەشە کەسێکە لە توخمەکەی خۆی (هۆمۆسێکسوال)، لە قۆناغی دووەمیشدا، کە قۆناغێکی تەواوە بە پێگەیشتن، هەرزەکار پێگەیشتووە و هاوبەشەکەی لە توخمەکەی دیکە، واتە دژ بە توخمی خۆی (هێرۆسێکسوال) هەڵدەبژێرێت.))(وەردی،٢٠١٥: ١٣٠)

قۆناغەکانی گەشەی سێکسی لەم نەخشەیەدا ڕوون دەکەینەوە: (مصباحي،٢٠١٩: ٣١-٣٢ )

| قۆناغی تەمەن | قۆناغەکانی دەروونی و سێکسی | ناوچەی وروژێنەر | شێوازی گەشە و تایبەتمەندییەکانی |
|---|---|---|---|
| ساڵی یەکەم | قۆناغی دەمی<br>Oral Stage | دەم | دەم سەرچاوەی حەز و ئارەزووەکانە |
| ساڵی دووەم | قۆناغی کۆمی<br>Anal Stage | کۆم | بەردەوامی گەشەی (من) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| (٣ – ٥) ساڵی | قۆناغی ئۆدیبی Phallic Stage | ئەندامەکانی سێکس و لەش بە گشتی | لێکدراوە ئۆدیبیەکان دەردەکەون. سەرهەڵدانی کرداری کپ بوون و گەشەکردنی (منی باڵا) |
| شەش ساڵی | قۆناغی متبوون Latency Stage | متبوون | کەمبوونەوەی کۆنترۆڵی حەز و ئارەزووەکان و تاک بەرەو گەشەی زانین و پەی بردن بە زانیاری دەڕوات |
| هەرزەکاری | هەرزەکار Adolescence Genital Stage | ئەندام و لاشەی سێکسی | پێگەیشتنی سێکسی لە ڕووی پێکهاتن و ئەرکەوە |

## ڕەمەکەکانی ژیان و مردن

فرۆید دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە ڕەمەکەکانی مرۆڤ، پۆلینی دوو لقی سەرەکی کرد، ئەوانیش ڕەمەکەکانی (ژیان و مردن)ن. ((غەریزەکانی ژیان، کە سێکس تینیان دەداتێ و لە لیبیدۆشدا چڕدەبنەوە، پێیان دەڵێن ئیرۆس.[٤] لە بەرانبەریشیاندا غەریزەکانی مردن کە لە ڕەفتاری دژکاری و وێرانکاریدا بەرجەستە دەبن و پێیان دەڵێن ساناتۆس[٥]))(حوسێن،٢٠٢١: ٣٠) بەمەش ڕەمەکەکانی ژیان هەموو ئەو ڕەمەکانە دەگرێتەوە، کە بەردەوامی بە ژیان دەبەخشن، وەکو خواردن و خواردنەوە و زاوزێ. ڕەمەکەکانی مردنیش ئەو ڕەمەکانە دەگرێتەوە کە لایەنە خراپەکانی ژیانی مرۆڤ نیشاندەدەن، وەکو شەڕ و ئاژاوە و وێرانکاری و ئازاردانی خەڵک. ئەم دوو ڕەمەکەش لە ژیانی مرۆڤدا بەرانبەر یەک دەوەستن و هەمیشە لە ململانێی بەردەوام دان. هەریەکە لەم ڕەمەکانە ((پەیوەستن بە پرۆسەیەکی فسیۆلۆژی تایبەتەوە "پرۆسەی بونیادنان و پرۆسەی وێرانکردن". هەریەکە لەم دوو گرووپە غەریزەیە لە هەموو گەردیلەیەکی زیندەوەرەکەدا چالاک دەبن، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز، بۆیە دەشێت بەشێکی دیاریکراوی ماددەکە ببێتە نوێنەری سەرەکی ئیرۆس.))(کۆمەڵێک نووسەر،٢٠٢٠: ١٠٠-١٠١) بەمەش دەروونی

---

[٤] ئیرۆس: خودای خۆشەویستییە لە ئەفسانەی یۆنانییەکاندا، فرۆید ئەم وشەیەی بۆ "غەریزەی خۆشەویستی" بەکارهێناوە. دوو گروپ لە غەریزەکان لەخۆ دەگرێت، یەکەمیان غەریزە سێکسییەکانە کە پێویستی بە چێژی سێکسییە(لیبیدۆ)، دووەمیان بریتییە لە غەریزەکانی ئیگۆ ego-instincts
کە ئەرکی خۆپاراستن لە ئەستۆ دەگرێت. زۆرجار وشەی (ئیرۆس) بە مانای غەریزەی سێکسی یان وزەی سێکسی بەکاردێت. (کۆمەڵێک نووسەر،٢٠٢٠ : ٩٩-١٠٠)

[٥] ساناتۆس: خودای مردنە، کوڕی (Nyx)ە، کە ئەویش خودای شەوە. (حەسەن،٢٠١٢ :٢٢)

مرۆڤ لە ململانێی بەردەوام دایە لە نێوان ئەم دوو غەریزەیە. ئەگەر غەریزەی ژیان زاڵ بێت، ئەوا مرۆڤ دەبێتە خاوەن کەسایەتییەکی ئارام و بێ کێشە، بەڵام هەر کاتێک غەریزەی مردن زاڵ بێت، بەهۆی ئەو هەموو حەزە شەڕانگێژییەی لە نەستی خۆیانیان حەشارداوە، ئەوا مرۆڤ مەیلی شەڕ و ئازاردانی خەڵکی لەلا زیاددەبێت. ئاکام بۆ ئەوە دەچێت، ببێتە کەسێکی سادی، چونکە ((سادیزم نوێنەری ئەو گروپەیە.))(کۆمەڵێک نووسەر،٢٠٢٠: ١٠٠) دەرکەوتنی ئەم ڕەمەکەش بە ئاشکرا و زاڵبوونی بەسەر ڕەمەکی ژیاندا، مرۆڤ تووشی زۆر لە نەخۆشی دەروونی دەکات، چونکە ((دەرکەوتنی ئاشکرای غەریزەی مەرگ دەرەنجامی زۆرێک لە نەخۆشییە عوسابییە توندەکانە.))(کۆمەڵێک نووسەر،٢٠٢٠: ١٠١)

## کۆنەست لای کارل گۆستاڤ یۆنگ[٦]

یەکێکی دیکەیە لە گەورە زانایانی بواری دەروونشیکاری و قوتابیی فرۆید بووە. لەگەڵ ئەوەی لە هەندێک لە بۆچوونەکانیدا هاوڕای مامۆستاکەیەتی، بەڵام لە بەشێکی بۆچوونەکانی ڕای جیاوازی هەیە. ئەگەرچی فرۆید ڕای وابوو، کەوا ڕەمەکی سێکسی کاریگەرییەکی زۆری بەسەر کەسایەتی مرۆڤەوە هەیە، کەچی یۆنگ بە پێچەوانەی فرۆید ڕای وابوو، کەوا ((ڕەمەکی خۆراک و ئەو چێژانەی پەیوەستن پێی، کاریگەرییان لە ڕەمەکی سێکسی زیاترە.))(الطالب،١٩٨٨: ٤٣) بەمەش پێداگری فرۆید لەسەر پەیوەستکردن و بەستنەوەی هەموو شتێک بە مەسەلەی جنس و زایەندییەوە، وای لە کۆمەڵێک لە شوێنکەوتووانی کرد لێی جیاببنەوە، یەکێکیش لەوانە (یۆنگ) بوو. کێشەی سەرەکیی یۆنگ لەگەڵ فرۆید لەسەر چەمکی نائاگایی بوو، هەریەکەیان لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە دەیانڕوانییە ئەم چەمکە. "فرۆید" نەستی تاکی بە سەرچاوەی داهێنان دانـاوە، لە کاتێکدا "یۆنگ" پێی وابووە پێوەستکردنی هەموو شتێک بە مەسەلەی زایەندی و سەیرکردنی نەست وەک کۆگایەکی خەزنکردنی شتە چەپێنراوەکان بۆچوونێکی ناتەواوە، چونکە بە بۆچوونی یۆنگ، فرۆید تاکی لە دەوروبەر دابڕیوە. بە بۆچوونی یۆنگ ((نەستی تاکەکەسی فرۆید یەکجار کەسییە و لەسەر ڕووەکەی چینێکی قوڵتر هەیە، کە لە ئەزموون و پێدراوە تاکەکەسییەکانەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو لەسەر خودی خۆی وەستاوە. ئەم چینە

---

[٦] - Jung. Carl Gustav : پزیشک و دەروونناسێکی لێهاتوو بوو، ساڵی ١٨٧٥ لە شاری (زیورخ) لە سویسرا لەدایکبووە. باوکی قەشە بووە. سەرەتا زانستی پزیشکی خوێندووە، دواتر لە نەخۆشخانەی نەخۆشییە ژیرییەکان یاریدەدەری پزیشک بووە. دواتر ئاشنایی لەگەڵ توێژینەوەکانی فرۆید پەیدا کردووە و پێوەی کاریگەر بووە. لە ساڵی ١٩٠٩ پەیوەندیی بە فرۆید کردووە و لەگەڵی کاری کردووە. فرۆید هیوای زۆری لەسەر یۆنگ هەڵچنیبوو. دواتر بەهۆی بیروڕای جیاوازەوە لە ساڵی ١٩١٢ پەیوەندییەکەیان گرژی تێکەوت و دواجار لە ساڵی ١٩١٣ لە فرۆید جیانۆوە و قوتابخانەیەکی سەربەخۆی دامەزراند بەناو قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی. تیۆرەکەی خۆی لەسەر بنەمای نەستی کۆ(کۆنەست) بنیاتنا. بۆ مەبەستی وانە وتنەوە چەندین وڵات گەڕاوە و چەندین لێکۆڵینەوەی گرنگی لە بواری شیکردنەوەی دەروونی پێشکەش کردووە. لە ساڵی ١٩٦١ کۆچی دوەیی کردووە. (یونغ،١٩٩٧: ١٥-١٦)

قووڵە هەر ئەوەیە، کە بە "کۆنەست" ناودەبرێت و هۆکاری بەکارهێنانی سیفەتی کۆ بۆ ئەم نەستە بەهۆی گشتی بوون و هەمەکی بوون و بە هەمان شێوە هاوبەشی بوونیەتی لە نێوان هەموو ئەندامانی مرۆڤدا.))(ئیمامی،٢٠١٨: ٣٤) بەمەش یۆنگ دابەشکردنێکی دیکەی بۆ نەست کرد، ئەویش پۆلینکردنی نەستە بۆ دوو بەش: ئەوانیش بریتین لە نەستی تاک و نەستی کۆ. "یۆنگ" لە بیرۆکەی نەستی تاکدا هاوڕای فرۆیدە، پێی وایە کۆمەڵێک حەز و خولیا و پێویستی بوون لە هەستدا، دواتر چەپێنراون و لە نەستدا پارێزراون، بەڵام ئەو حەزە چەپێنراوانە تەنیا ڕەمەکی سێکسی نین، کە فرۆید بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵکو ((جگە لە بابەتە چەپێنراوەکان، هەموو توخمەکان لە نەستی تاکدا هەن، کە بەهۆی گرژی دەروونی تەواو لە ئاگاییدا نەپارێزراون.)) (یونغ،١٩٩٧: ١٢) بەمەش یۆنگ بە سوود وەرگرتن لە تیۆرەکەی فرۆید، توانی تیۆرێکی نوێ دابڕێژێت، ئەویش داهێنانی چەمکی(کۆنەست)ە، ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیی و ڕەخنەگرانی ئەم بوارە لەژێر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی یۆنگدا لە بەرهەمی ئەدەبییان کۆڵییەوە. "یۆنگ" لە تیۆرەکەی خۆیدا دەروونی مرۆڤی بۆ سێ بەش دابەشکرد، ئەوانیش بریتی بوون لە : (هەست و نەستی تاک و کۆنەست)، پێی وایە ((دەروونی مرۆیی لە چەند چینێک پێکهاتووە، یەکەمیان لایەنی خودئاگاییە، کە جەستە و پەیبردنی عەقڵی دەگرێتەوە، لایەنی ناخودئاگایی تاکەکەسی بەدوادا دێت، کە یادەوەرییەکانی ئێستا و سەرکوتکراوەکانیش دەگرێتەوە، لەدوای ئەو لایەنی ناخودئاگایی دەستە جەمعی دێت، کە ئەزموونە مرۆییە هاوبەشەکانی جۆری مرۆیی بە گشتی دەگرێتەوە، وەک ئەزموونی خۆشەویستی لە یەکەم نیگاوە.))(کۆمەڵێک نووسەر،٢٠٢٠: ١٧٨) ئەو دابەشکردنەی یۆنگ بۆ دەروونی مرۆڤ ئەنجامیدا، نەستی کۆی داهێنا. بەمەش یۆنگ بوو بە خاوەن ڕێبازێکی سەربەخۆ لە قوتابخانەی دەروونشیکاریدا و لە فرۆید جیابۆوە. نموونە سەرەتاییەکانیش بەرهەمی "کۆنەستی"ن و یۆنگ بە ناواخنی "کۆنەست"ی دادەنێت، ((بریتین لە چەند خوو و ڕەفتارێک کە مرۆڤ لە پەروەردەوە فێریان نەبووە و باڵیشیان بە زۆر لایەنی دەروونییاندا کێشاوە. ئەم تەرزانە فۆرم و شێوەی دیاریکراوی خۆیانیان نییە، بەڵکو وەکو پرەنسیپی ڕێکخەر و ئاڕاستەکەر کاردەکەن.))(یۆنگ،٢٠٠٥: ١٥) ئەم نموونە سەرەتاییانە کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندیی بۆماوەیین و نەوە بۆ نەوە دەگوازرێنەوە وەکو بارەکانی ترس و ڕق و خۆشەویستی، کەوا هەموو مرۆڤەکان تیایدا بەشدارن. بۆ نموونە ((جادووی ڕەش لە زۆربەی ئایینەکاندا بەشێوەیەکی جیاواز دەردەکەوێت، وەکو ناوەکانی شەیتان، ئەهریمەن، ئیبلیس، ئەم نموونە سەرەتاییانە لە نەستی مرۆڤدا بە سروشتیی خۆی هەیە، وەکو چۆن لە نەستی شاعیراندا هەیە،

بەڵام شاعیر زیاتر هەستی پێدەکات، چونکە گوزارشت لە حەزە تەم و مژاوییەکانی دەکات لەناو مرۆڤەکانی دیکەدا.))(غریب، ١٩٧٤: ٢٨)

"کۆنەست" لای یۆنگ رووبەرێکی فراوانتر لە دەروونی مرۆڤ داگیردەکات، ئەمەش ((سروشتێکی دەستەجەمعی و جیهانی هەیە و تاکەکەسی نییە، بەڵکو یەک پەیامە لای سەرجەم تاکەکانی مرۆڤ، ئەو پەیامە شاراوە و گشتییە و لە باوانەوە ماوەتەوە ئەویش بریتییە لە نموونە سەرەتاییەکان.))(یونغ،١٩٩٤: ٧٨)

بە بۆچوونی یۆنگ هەرچەندە تاک لە نەستی خۆیدا زۆر شت هەڵدەگرێت، بە هەمان شێوەش کۆمەڵگە لە کۆنەستیدا زۆر شت هەڵدەگرێت و دەیپارێزێت. ئەم کۆنەستەش ڕەگ و ڕیشەکەی زۆر کۆنە و هەموو مرۆڤایەتی تێیدا هاوبەشە. ئەدەب و هونەریش هەروەکو چۆن گوزارشت لە نەستی تاک دەکەن، بەهەمان شێوەش گوزارشت لە نەستی کۆ دەکەن. بۆ ئەمەش "یۆنگ" شانۆنامەی (فاوست)ی گۆتە بە نموونە دەهێنێتەوە و پێی وایە ((گۆتە لە بنەڕەتدا ئەو ناوەی لە کەلەپوری میللیی ئەڵمانی وەرگرتووە، وەک نموونەیەک، کە هەمیشە لە ناخی هەموو ئەڵمانییەکدا زیندووە، بۆیە کاتێک بینەری ئەڵمانی تەماشای ئەو شانۆنامەیە دەکات، یەکسەر دەنگدانەوەی ڕۆحی ئەڵمانی بە خەیاڵیدا دێت و دەچێت، کە لە ویژدانی هەمووواندا ڕیشەی هەیە. کەسایەتیی فاوست دەبێتە نموونەیەکی ڕەمزی، کە لە ناخی نائاگایی ئەڵمانیدا جێگیرە.))(کۆمەڵێک نووسەر،٢٠١٧: ٣٧)

پێوەندیی نێوان یۆنگ و فرۆید لە ساڵی (١٩١٢) گرژی تێکەوت، ئەم گرژیی و ناکۆکییەی نێوانیشیان زیاتر لەسەر چەمکەکانی نائاگایی و وزەی لیبیدۆ و ئۆدیبۆس بوو، تا لە ساڵی (١٩١٣) بەتەواوی هەردوو قوتابخانەی سویسری و نەمساوی لە یەکتر جیابوونەوە و یۆنگ قوتابخانەیەکی نوێی دامەزراندو ناوی نا (قوتابخانەی شیکاری)، ڕای وابوو کەوا پێداگریی لەڕادەبەدەری فرۆید لەسەر پاڵنەری سێکس زێدەڕۆیی زۆری تێدایە، ئەمەش خزمەت بە دەروونشیکاری ناکات. تەنانەت لە شیکردنەوەی خەونیشدا وەکو فرۆید زۆر پێداگری ناکات لەسەر پاڵنەری سێکس و ((زیاتر خۆی بە ڕابردووی خەوبینەرەکە و ڕابردووی دەستەجەمعییەوە خەریک دەکرد.))(دۆنسێل،٢٠١٩: ١٠٢)

"یۆنگ" دوو زاراوەی نوێی لە بواری کەسایەتی داهێنا، ئەوانیش کەسایەتیی داخراو و کەسایەتیی کراوەن، کە ((هەردووکیان لە تاکە کەسێکدا هەن، بەڵام یەکێکیان زاڵە و ئەوی دیکەیان ملکەچ و، زاڵەکە لە ئاگاییدا دەبێ و ئەوی تریان لە نائاگاییدا دەبێت.))(ئیبراهیم،٢٠٠٠: ٢٢١) بە بۆچوونی یۆنگ "کۆنەست" سەرچاوەی داهێنانی هەموو بەرهەمێکی ئەدەبییە، تیایدا

((هەر بەرهەمێـک کە لە لایەن هونەرمەنـد و شـاعیرانەوە پێشـکەش دەکرێـت سـەرچاوەی داهێنانەکەی بۆ "نائاگایی کۆ" دەگەڕێتەوە لە ڕێگای میکانیزمی "خستنەسەر"))(مەلازادە،٢٠١٦ :٢٧٢) زاراوەی "خستنەسـەر"یش ((پرۆسـەیەکی دەروونیـیە، کە هونەرمەنـد بینـین و گـرتە نـامۆ و سەیرەکان کە بە

قـولایی نەسـتی خـۆی لێـی ڕوانیـون، دەیگۆڕێت بـۆ بـابەت و دۆزی دەرەکـی، کە ئەوانـی دی دەتوانن ڕامانی لە بارەوە بکەن.))(الطاهر،١٩٩٦: ٤٣٠)

بە بۆچـوونی یۆنـگ، هونەرمەنـدان توانـای ئەوەیـان هەیە لە کـاتی بێداریـدا بە نێـو کۆنەسـتی خۆیانـدا شـۆڕببنەوە و سـوود لەو هەمـوو زانیارییـانەی نەسـتیان وەربگـرن و بیـانگۆڕن بـۆ بەرهەمـی ئەدەبـی و شـاکاری ئەدەبیـی بەرزیـان لـێ بەرهەم بهێـنن. بەمەش هونەرمەنـد و شـاعیران لە خەڵکـی ئاسـایی جیـادەبنەوە. بە بۆچـوونی یۆنـگ داهێنەران لەو مرۆڤـانەن، کەوا ((جـۆری کەسـایەتی و زەیـن ڕوونـی و حەدەسـیان تێدا زاڵە لە چـاو جۆرەکـانی دیـکە، هەر ئەمەشە وای کردووە، کە داهێنەر دەسـەڵاتی ئەوەی هەبێت لە کـاتی ئاگاییدا بۆ "نائاگـایی کـۆ" شـــۆڕبێتەوە، بە پـــێچەوانەی خەڵکـــی ئاســـایی کە تەنیـــا لە خەونـــدا ئەمەیـــان بـــۆ دەکرێت.))(مەلازادە،٢٠١٦: ٢٧٣-٢٧٤)

یۆنـگ لە تیۆرەکەیـدا بـایەخێکی زۆری بە ڕەمـز و هێمـا داوە و لە بۆچوونەکـانی پشـتی پێبەسـتووە. ڕەمـز لای یۆنـگ ((ئـامرازێکە بـۆ گوزارشـتکردن لە شـتە نهێنـی و شـاراوەکان لە جیهانـدا))(سـعیدی،٢٠١٧: ٤٠) ئەمەش پەیوەسـتە بە هاوبەشـی مرۆڤەکـان لە بەشـێکی زۆر لە هێماکاندا. جگە لەمەش مرۆڤە سەرەتاییەکان لە دەربڕینی هەست و سۆزیاندا پشتیان بە ڕەمز و هێماکان بەستووە و بە بایەخەوە لێیان ڕوانیوە، چونکە ((دەرکەوتنی هێما لە لایەک پشت بە زەیـن ڕوونـی دەبەسـتێت، کە بەهـۆیەوە داهێـنەر دەگـاتە پەیوەنـدیی هاوبەشـی نێـو هەمـوو مرۆڤـایەتی، لەلایەکـی دیکەشـەوە بە خستنەسـەر دەبەسـتێت، کە بەهـۆیەوە دیـمەنەکەی دیـار دەکـات و ئەم هێمـایە لە دەروونـی خۆیـدا دەهێنێـتە دەرەوە بـۆ دیمەنێکـی دیـار و ئاشکرا.))(ڕەسول،٢٠٠١: ٧١) لە ڕونگەی یۆنگەوە، نووسـەر و داهێنەران لەو تاکانەن، کەوا زەین ڕوونی و ئیلهامیان تێدا زاڵە، کە ئەمەش توانای ئەوەیان پێدەدات، لە کاتی ئاگاییدا بە قووڵایی نەس شـۆڕببنەوە و زانیـارییە کەڵەکەبووەکانی نەسـت لە ڕێـی میکـانیزمی خستنەسـەرەوە بـۆ داهێنانی هونەری و ئەدەبی بگۆڕن.

## بنەماکانی پێکهاتنی کۆنەست لای یۆنگ

### ١- دەمامک(قنـــاع):

مەبەسـت لە ماسـک لای یۆنـگ ((ئەو دەموچـاوەیە کە تـاک خـۆی بە کـۆمەڵ پیشـان ئەدات. ئەگەر ئەم دەموچاوە یان (ڕووە) واقیعی بێت یا دەموچاوێکی جیاواز بۆ مەبەستی پەیداکردنی جۆرە متمانەیەک و باوەڕێکی خەڵکی بە خاوەنەکەی ئەوە لای یۆنگ پێی ئەگوترێت ڕووپۆش و خاوەنەکەی بەو ڕووپۆشە ڕاستی خۆی لێ ئەشارێتەوە. لە کوردەواری لای ئێمە بۆ نموونە پێیـان ئەڵـێن "گـورگە لە پێسـتی مەڕدا" کەواتە تـاکەکە دیـوی دەرەوەی لەگەڵ دیـوی نـاوەوەی جیاوازە.))(شریف،٢٠١٩: ٤٨) تاکەکانی کۆمەڵگە لە بوونی دەمامک بێبەش نین، هەر تاکێک لە ئێمە جۆرە دەمامکێکی هەیە و لە ڕێگەیەوە خۆی نیشانی دەوروبەر دەدات. واتە ڕووپۆش ئامرازێکە لە ڕێـیەوە تـاک پەیوەنـدیی بە کـۆمەڵگەکەی دەکـات و لای کـۆمەڵگە پەسـند دەکرێـت. ئەم دەمـامکەش یەکـێکە  لە تەرزە سـەرەتاییەکان و لەگەڵ کەسـایەتیی مـرۆڤ گەشـەدەکات و ((لە ساتەوەختی کامڵبوون و پێگەیشتنی کەسێتیماندا دەبێت بە بەشێک لە پێکهاتەی دەروونیمـان و لەگەڵمانـدا دەمێنێتەوە.))(یۆنگ، ٢٠٠٥: ١٧-١٨) مـرۆڤ جـاری وا هەیە زیـاتر لە دەمامکێک لەنێو کـۆمەڵگەدا بەکاردەهێنێـت، واتە بەپێـی بـارودۆخ و واقیعـی کـۆمەڵگە دەمامکەکـان دەگـۆڕێن. بەکارهێنـــانی ئەم دەمـــامکە جیـــاوازانە بە مەبەســـت لەلایەن مـــرۆڤەوە بـــۆ ئەوەیە لە ڕێـــی بەکارهێنانی فۆڕمی جیاوازی دەمامکەکانەوە بە مەبەستی خۆی بگات، وەک ئەوەی یەکێک لە پەنـای فـۆڕمێکی ئایینیـدا خەڵـک هەڵخەڵەتێنێـت یـان فـۆڕمێکی کـۆمەڵایەتی یـان ڕامیـاری بەکاربهێنێت بۆ مەبەستێکی دیاریکراو. بۆیە مرۆڤ زۆرجار زیاتر لە دەمامکێک بەکاردەهێنێت و ((بەپێی بـارودۆخی جیـاواز ماسـکەکانی خـۆی دەگۆڕێـت و هەر جـارە و وێـنەیەک نیشـانی دەرەوەی خۆی دەدات.))(عەبدوڵڵا، ٢٠٢١: ٥٠)

### ٢- سێبەر (الظل - shadow)

ئەمەش ئامـاژەیە بـۆ ئەو بەشـەی نەسـت، کە تـاک بە بەشـێک لە خـۆی نازانێت و بەشـە تـــاریکەکەی مـــرۆڤە. ئەو بەشـــەیە، کە تـــاک لە خۆیـــدا قبـــوڵی ناکـــات، واتە لایەنـــی حەز و ئارەزووەکانی  مرۆڤە. یۆنگ پێناسەی سێبەر دەکات بەوەی ((بریتییە لە لایەنـی تـاریکی مـن. لە ڕاستیدا سێبەر سیمایەکی لە ئاکار بەدەری هەیە، واتە نە چاکە و نە خراپ.))(یۆنگ،٢٠٠٥: ١٧)

سێبەر بەشێکی دانەبڕاوە لە کەسایەتیی مرۆڤ و کاریگەریی لەسەر کەسایەتیی مرۆڤ هەیە، ئەم بەشە لایەنە تاریک و شەڕانگێز و حەزە چەپێنراوەکانە، کەوا لە نەستدا عەمبارکراون. ئەرکی سێبەر ((بەرپرسیاری خستنەڕووی بونیادی خوازیارییە گوناهاوییەکانی مرۆڤە، لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسیاری دروستبوون و دەرکەوتنی ڕەفتارە ناپەسندەکانی بیرەکان و خواست و هەستە نەخوازراوە کۆمەڵایەتییەکانە، ئەم خوازیاریانە لەوانەیە بەهۆی (پڕسۆنا)[7]وە بە نادیاری بمێننەوە، یان ئەوەی کە سەرکوت دەکرێن و ئەنێردرێن بۆ نائاگایی کەسەکە.))(محمە،٢٠٢٢: darwnshikary.blogspot.com) کەواتە سێبەر بەرپرسیاری یەکەمە لە دەرخستنی ئەو حەز و ڕەفتارە نەشیاوانەی کۆمەڵگە قبولی ناکات. واتە هاوشانی (ئید)ە لە تیۆرەکەی فرۆیددا، بەڵام بەهۆی دەمامک ئەو لایەنە نەخوازراوە بە شاراوەیی دەمێنێتەوە، چونکە ((ڕووپۆش هەوڵدەدات ئەو لایەنانە بشارێتەوە لە کەسانی تر.))(عەزیز،٢٠١٤: ٢٤٥)

### ٣- ئەنیما و ئەنیمۆس:

ئەمەش یەکێکە لە بەناوبانگترین تیۆرەکانی یۆنگ، بە بۆچوونی یۆنگ لە نەستی هەر تاکێکدا، جا ئەو تاکە ژن بێت یان پیاو، کەسایەتییەکی دژ و پارادۆکسی پیاوانە یان ژنانە هەیە. واتە هەر پیاوێک بەشێک لە ژنبوون و هەر ژنێکیش بەشێک لە پیاوبوونی تێدایە، ((هەر ئەوانیش دەبنە سەرچاوە بۆ خوێندنەوەی بەرانبەر، واتا ئەنیما هۆکارێکە بۆ خوێندنەوە و ناسینی ئافرەت لەلایەن پیاوەوە، چونکە ئەو ئەنیمایە، کە توخمی مێینەیە یارمەتی پیاوەکە دەدات بۆ شارەزابوون و ناسینی تەواوی ئافرەت، لە بەرانبەریشدا "ئەنیمۆس" یارمەتی ئافرەت دەدات بۆ ناسینی پیاو. ئەم دوو توخمەش بە ڕێگای نەستی گشتییەوە لە نەوەیەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەیەکی تر.))(ئیسماعیل،٢٠٢٠: ٨٢-٨٣) ئەمەش یارمەتیی مرۆڤ دەدات بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن دەروونێکی تەندروست. بەپێی تێڕوانینی یۆنگ ((هەر پیاوێک لەناو زەینی ناوشیاری خۆیدا هەڵگری ژنێکە، کە بەشێک لە پێکهاتەی سروشتی ناوشیاری ئەو پێکدێنێت. واتە هەر پیاوێک لەناو ڕۆحی خۆیدا خاوەنی ژنێکی زەینییە، کە خۆی ئاگاداری لێی نییە، بەڵام زۆر لە ئاکار و هەڵسوکەوتی ئەو دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. یۆنگ ئەو بەشە ژنانەیەی زەینی ناوشیاری پیاو ناودەنێت "ئەنیما"))(سلێمانی،٢٠٠٧: ٥٥) واتە هەموو ئەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارە مێینەیەی لە پیاودا هەیە، لە ئاکار و هەڵسوکەوتی پیاودا ڕەنگدەداتەوە. ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگ لە

---

[7] - پڕسۆنا: نوێنەری تاکە لە بەردەم کۆمەڵگە، وشەیەکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە وشەی کەس و کەسێتی (personality- person) یەوە هەیە و لە زمانی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە لە ئەسڵا مانای دەمامک دەگەیەنێت.(یۆنگ٢٠٠٥: ١٧)

سەرکەوتنی پیاو لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینێت. بە هەمان شێوە ((دیمەن و ڕواڵەتی سروشتی ژنانەیە لەناو دەروونی پیاودا، واتە ڕۆحی مێینەیەی پیاوە، یان ئەو بەشەیە لە ڕۆحی پیاوانە کە ژنانەیە. بە بۆچوونی یۆنگ گشت پیاوێک وێنەی جاویدانی ژنێکی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە، هەر ئەم ئەنیمایەیە کە ئیلهام بەخشی بەرهەمە هونەرییەکانە.))(شمیسا،١٣٩٤: ٢٨٩) ئەمەش هەڵگری کۆمەڵێک سیفات و تایبەتمەندیی پیاوانەیە و زۆرجار لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ژناندا ڕەنگدەداتەوە. هەریەکە لە ئەنیما و ئەنیمۆس دەتوانن کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنی دروستبکەن، هەروەکو یۆنگ ئاماژە بەوە دەکات، کەوا ((ئەنیما و ئەنیمۆس لایەنی دووفاقی خۆیانیان هەیە، دەشێت پەرەسەندنی پڕ بەخشش و ژین و توانستی ئەفرێنەرانەی کەسێتی بن، یان دەشێت ببنە هۆی چەقبەستن و مەرگئاوێزانی جەستە.))(یۆنگ،٢٠٠٥: ٣٠٢) کاتێک ئەنیما ڕۆڵێکی نەرێنی دەگێڕێت، ئەوا هەستی بێزاری و ترس و دڵەڕاوکێ لای پیاو دروستدەبێت و شەکەت و ماندوویەتی باڵی بەسەردا دەکێشێت و چێژ لە ژیان وەرناگرێت. ئەم شڵەژانە دەروونییەش ڕەنگە سەرەنجام بەرەو هەرەسهێنان و خەمۆکی ببات و لە ئاکامیشدا ڕەنگە بیر لە خۆکوشتن بکاتەوە. بەهەمان شێوەش ئەنیمۆس لە شێوە نەرێنییەکەی، ژن بەرەو هەمان ئەو چارەنووسە دەبات. بۆیە یۆنگ پێی وایە ((لە نێوان ئەنیما یان ئەنیمۆس لەگەڵ ئیگۆی مرۆڤ خۆیدا، ئەوەندە پارادۆکس و جیاوازی هەیە، کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی وزە، گەر بێت و ئەم وزەیەش کۆنترۆل نەکرێت و ناهۆشیارانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، زۆری وزەی نەگەتیڤ دەبێتە هۆی وێرانی دەروون و ئەفسوودەگی و خەمۆکی زۆر، بەڵام ئەگەر بە هۆشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و کۆنترۆڵ بکرێت، ئەوا دەتوانین لەم وزەیە کەڵک وەربگرین.))(حەیدەر،٢٠١٨:nshikary.blogspot.com ) ئەم بۆچوونەی یۆنگ پێچەوانەی بیروڕای فرۆیدە، فرۆید پێی وابوو دژیەکە دەروونییەکان شڵەژانی دەروونی دروستدەکەن و وادەکەن مرۆڤ هەمیشە دەروونی نائارام بێت. ئەم نائاسوودەییەش چارەسەری نییە و بەردەوام لەگەڵ مرۆڤ دەمێنێتەوە، بەڵام یۆنگ پێی وایە ((مرۆڤ دەتوانێت لە قۆناغێکی باڵای هۆشیاریدا، ئەم جۆرە پارادۆکسانە ئاشت بکاتەوە و بیانگۆڕێت بۆ هێزی پۆزەتیڤ.))(حەیدەر،٢٠١٨: nshikary.blogspot.com))

### ٤- خـــود (الـــذات - Self)

یەکێکە لە تەرزە سەرەتاییەکانی کۆنەستی مرۆڤ و هەمیشە لە گەشە و گۆڕاندایە. واتا بە پێی قۆناغەکانی گەشەی مرۆڤ، گەشە دەکات. ((مەبەستی هەموو مرۆڤێکیش لە ژیاندا گەیشتنە

بە خودی خۆی و بەرجەستەکردنی ئەو خودەیە لە عالەمدا، بەڵام هەر وا ئاسان نییە و کارێکی درێژخایەنە بە درێژایی ژیانی مرۆڤ.))(عەبدوڵڵا،٢٠٢١: ٥٢-٥٣) خود بەشێکی شاراوەی ناخی مرۆڤە و لە ناخی هەر تاکێکدا ڕەگی داکوتاوە، ئامانجیشی پێگەیشتنی کەسایەتیی مرۆڤە. واتا ((خاڵی ناوەڕاست و سەنتەرە لە کەسایەتیدا، کە هەموو سستمەکانی تر لە چوار دەوری کۆدەبنەوە و وەکو موگناتیس ئەو سستمانە بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و وا لە کەسایەتی دەکات، کە یەکگرتوو و نەگۆڕ و هاوسەنگ بێت.))(ئیسماعیل،٢٠٢٠: ٨٧) بەمەش خود وەکو تەرزێکی سەرەتایی کۆنەست، قۆناغ بە قۆناغ گەشە دەکات و خۆی تەواودەکات. ئەمەش پرۆسەیەکی درێژخایەنە و ئامانجیش تێگەیشتنی کەسێتیی مرۆڤە. کاتێکیش خود خۆی بەرجەستە دەکات، ئەم کەسێتییە دەبێتە خاوەن مەعریفەیەکی قووڵ.

## گرێی هەست بەکەمیکردن لای ئەلفرێد ئەدلەر[٨](١٨٧٠-١٩٣٩)

یەکێکی دی بوو لە قوتابیانی قوتابخانەی فرۆید، بەڵام دوای ماوەیەک کەوتە ناکۆکی لەگەڵ فرۆید و هاوەڵانی لە کۆمەڵەی ڤیەننا، دامەزرێنەری دەروونناسی تاکییە. ئەدلەر لە تیۆری دەروونناسی تاکیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کەوا هەموو کارێک سەرچاوەکەی بۆ تاکێک دەگەڕێتەوە، کە شێوازێکی تایبەتی هەیە و لە کەسانی دیکە جیایە. ئەم شێوازەی مرۆڤ خۆی دەبێتە هۆی دیاریکردنی ئەو ڕێگەیەی دەیگرێتەبەر بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی ژیانی جەستەیی و دەروونی. هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی چۆنیەتی بیرکردنەوەی کەسەکان و ناساندنەوەیان بە چەشنێک لە تایبەتمەندیی خۆیان، کە ئەمەش دەبێتە هۆی جیاوازی نێوان کەسەکان و ئەو ڕەفتارانەی هەیانە لە ناساندنەوەیان.(ئەدلەر،٢٠٠٥: ٩) ئەدلەر دژی بیر و بۆچوونەکانی هەریەکە لە فرۆید و یۆنگ وەستا، کە یەکەمیان ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤی بە ڕەمەکە بۆماوەییەکان پەیوەست کرد و جەختی لەسەر ڕەمەکی سێکسی دەکردەوە. ئەوی دیکەیان پێی وابوو هەموو ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ لە لایەن تەرزە سەرەتاییە بۆماوەییەکان کۆنترۆڵ دەکرێت. بە بۆچوونی (ئەدلەر) مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە،

---

٨ - ئەدلەر: لە ٧ی شوباتی ١٨٧٠ لەدایکبووە، باوکی بازرگان بووە. ژیانی منداڵی ئەدلەر پڕ نەهامەتی بوو بەهۆی ئەوەی بەدەست چەند نەخۆشییەک دەیناڵاند وەک نەخۆشی (ترس لە مردن، بەدبەختی و ئیرەیی، .....) بەهۆی نەخۆشی ئێسکە نەرمەشەوە نەیدەتوانی وەکو منداڵێکی ئاسایی یاری بکات. جگە لە نەخۆشی کەمخوێنی کە مەترسی لەسەر ژیانی دروستکردبوو. لە ساڵی ١٨٩٥ مۆڵەتی پزیشکی لە زانکۆی ڤیەننا وەرگرت. لە سەرەتادا پزیشکی نەخۆشییەکانی چاو بوو، دواتر لە بواری دەروونزانیدا کاری کرد. لە ساڵی ١٩٠٢ پەیوەندیی بە فرۆیدەوە کرد. بۆ ماوەی نۆ ساڵ هاوڕێیەتی ئەدلەر و فرۆید درێژەی کێشا. لە ساڵی ١٩١٠ بوو بە سەرۆکی کۆمەڵەی ڤیەننا بۆ شیکردنەوەی دەروونی و هەر خۆیشی سەرنووسەری گۆڤارەکە بوو. بەهۆی بۆچوونە توند و دژەکانی بەرانبەر فرۆید، پەیوەندیی نێوانیان پچڕا. بەمەش ئەدلەر لە ساڵی ١٩١٢ تیۆرێکی تایبەت بە خۆی دانا بەناوی (سایکۆلۆژیای تاکەکەس)، چەندین وانەی لەم بوارەدا پێشکەش کردووە، تا ساڵی ١٩٣٧ بە نەخۆشی وەستانی دڵ لە ئیسکۆتلەندا کۆچی دوایی کرد.(ئەحمەد،١٩٩٩: ١٤٣-١٤٤)

پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان بەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤەوە هەیە، نەک پاڵنەرە سێکسییەکان. بەمەش ئەدلەر زۆر لە نرخ و گرنگی ڕەمەکی سێکسی فرۆیدی کەم کردۆتەوە و لەو بڕوایەدا بوو، کە مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، نەک بوونەوەرێکی سێکسی. ئەم پاڵنەرە کۆمەڵایەتییانەش بەرپرسیارن لە ڕەفتار و کردارەکانی تاک، ئەمەش هەر لە سەرەتای قۆناغی منداڵیدا دەردەکەوێت. بە بۆچوونی ئەدلەر ((منداڵ لە سەرەتادا بە دوای نواندنی خۆشەویستی و ڕاکێشانی خۆشەویستیی ئەوانی دیکە و نزیکبوونەوە لە گەورەکان، پیشانی دەدات کە هەستی کۆمەڵایەتیبوون بەشێوەیەکی خودی یان ڕەمەکیانە لە بوونیدا هەیە.))(ئەدلەر،٢٠٠٨: ٥٩) ئەمەش جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی ئەو حەز و ڕەفتارانەی منداڵ لە ئاکامی پەروەردە و پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەوە بە لاسایی کردنەوە فێرنەبووە، بەڵکو بۆماوەییە، بەڵام ئەو بارودۆخ و ژینگە کۆمەڵایەتییەی تاک تیایدا دەژی هەر لە پەیوەندیکردنی منداڵ لەگەڵ خێزانەکەی و دواتر پەیوەندیی بە دەوروبەر، کەسایەتیی منداڵ دروستدەبێت و هەوڵدەدات بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و بگات بە ئامانجەکانی. بەمەش ((هەوڵدان و کۆشش بۆ سەرکەوتن مۆرک و خاسیەتی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت و نموونەی باڵا و ئامانجەکانی کۆمەڵگا جێگای خۆپەرستی و بەرژەوەندی تایبەتی دەگرێتەوە. واتە لە ڕێگەی کارکردن بۆ بەرژەوەندی گشتی، مرۆڤ قەرەبووی کەم و کورتییە تاکی و تایبەتییەکانی دەکاتەوە.))(قەرەچەتانی،٢٠٠٥: ١٥٢) جیاوازی ئەدلەر لەگەڵ فرۆید و یۆنگ، ئەو گرنگیدانەی ئەدلەر بوو بۆ حەز و خولیا کۆمەڵایەتییەکان، کە بڕوای وابوو ئەو لایەنە کۆمەڵایەتییە گرنگە لای فرۆید و یۆنگ بایەخی ئەوتۆی پێنەدراوە و پشگوێ خراوە. یەکێکی دیکە لە جیاوازیەکانی ئەدلەر و فرۆید، تێڕوانینی هەریەکەیان بوو بۆ لایەنی ئاگایی مرۆڤ. ئەگەرچی فرۆید و یۆنگ جەختیان لەسەر نائاگایی کردۆتەوە، بە جۆرێک نائاگایی تاک لای فرۆید و نائاگایی کۆ "دەستەجەمعی" لای یۆنگ سەرچاوەی داهێنان و لێکۆڵینەوەن. کەچی ئەدلەر زیاتر جەخت لەسەر ئاگایی دەکاتەوە. هەست"شعور" لای ئەدلەر سەنتەری کەسێتیی مرۆڤە. بە بڕوای ئەدلەر ((مرۆڤ بوونەوەرێکی هەستییە و هۆکار و سەرچاوەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی خۆی دەزانێت و لە هەمان کاتیشدا هەست و درک بە کەم و کورتییەکانی خۆی دەکات، ئەو ئامانجانەی کە هەوڵیان بۆ دەدات. لەوەش زیاتر مرۆڤ هەست بە خودی خۆیشی دەکات و توانای نەخشە و پلان دانانیشی هەیە و دەتوانێ ئاراستە و شێوازی کار و فەرمانەکانیشی دیاری بکات.))(قەرەچەتانی،٢٠٠٥: ١٤٩)

یەکێک لەو چەمکە گرنگانەی "ئەدلەر" دایهێناو بوو بە بنەما بۆ دەروونناسی تاک، (هەستی خۆبەکەم زانین) بوو، هەرچەندە ئەم چەمکە پێش ئەدلەر لەلایەن (جاحظ) ئاماژەی پێکراوە. بە

بۆچوونی (جاحظ): ((هیچ کەسێک زیاد ناکات، تەنیا لەبەر کەم و کورپەک نەبێت تیایدا)) (گەردی،٢٠٢١: ١٨١) بە بۆچوونی ئەدلەر، هەست بەکەمی کردن یارمەتیی مرۆڤ دەدات، بۆئەوەی بۆ پێشەوە هەنگاو بنێت و بگات بە ئاستێکی بەرزی گەشەکردن و دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ زاڵبوون بەسەر کەم و کورپییەکان. ((بەشێوەیەکی گشتی داهێنان بە هەموو جۆر و شێوەکانییەوە لە ڕوانگەی ئەدلەرەوە بۆ گرێی هەستکردن بە کەمی دەگەڕێتەوە.))(مەلازادە،٢٠١٦: ٢٨١) بە بۆچوونی ئەدلەر ئەم هەستکردنە بە کەمی هەر لە قۆناغی منداڵییەوە سەرهەڵدەدات و بەرە بەرە لەگەڵ گەشەکردنی قۆناغەکانی ژیانی منداڵ و گەورە بوونی، گۆڕانی بەسەردا دێت. بەمەش منداڵ بەهۆی بێ توانایی و ناکامڵ بوونی جەستەی، هەست بە کەمی خۆی دەکات، بەهۆی ئەوەی جەستەی وەکو هی گەورەکان نییە و ناتوانێت خۆی پێویستییەکانی خۆی جێبەجێ بکات، بەڵام لەگەڵ گەورەبوونی منداڵ، ئەو هەستکردنە بە کەمی کەمتر دەبێتەوە، بەهۆی ئەوەی بەشێک لەو هەست بەکەمیکردنە پڕدەبێتەوە. بە بۆچوونی ئەدلەر کاریگەرییە ئۆرگانییەکان زۆر گرنگن بە تایبەتی ئەوانەی هەست بەکەمیکردن لە تاکدا کەمدەکەنەوە، وەک نەقوستانییەک لە جەستەی مرۆڤدا کە لای خەڵک پەسند نین، بۆ نموونە کورتی باڵا و لووتی گەورە، ئەمانەش کاریگەریی لەسەر دەروونی مرۆڤ دروستدەکەن و دەبنە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ تێپەڕاندنی ئەو ناتەواوییە، ئەمەش ((کاریگەرییەکی نەستی دەنوێنێت بەسەر تاک و پاڵ بە خودی ئەو کەسەوە دەنێت، بۆ خۆ دەربازکردن لە هەستکردن بەکەمی، ئەدلەر ئەو هەستە بەهێزە لە تاک شک دەبات بە مەبەستی قەرەبووکردنەوە و خۆ ڕزگارکردنی و دەسەڵات پەیداکردن بەرانبەر ئەو گرێیە، توانای تاک لەو ئاستەدایە بتوانێت لێی ڕزگاربێت و قەرەبووی بکاتەوە.))(ڕەسول،٢٠١٢: ٥٣) بەمەش چەمکی قەرەبووکردنەوە لای ئەدلەر سەریهەڵدا و بوو بە بنەمای بۆچوونەکانی. ئەم قەرەبووکردنەوەیە و خۆڕزگارکردن لەم گرێی خۆبەکەمزانینە، دەبێتە خاڵێکی ئەرێنی، ئەگەر تاک توانی پەرە بە توانا تاکییەکانی خۆی بدات و پەروەردەی بکات، تاک دەگەیەنێتە ئامانجێکی باڵا، کە ((دەتوانن نەک هەر بگەنە ئاستی مرۆڤی ئاسایی، بەڵکو ببن بە کەسانی زۆر سەرکەوتوو لە ژیاندا و خەڵکانی زۆر لە تەندروستەکان بخەنە ژێر سایەی خۆیانەوە. ئەدلەر بەمە دەڵێت "سەروو قەرەبووکردنەوە". بۆ نموونە کەسێک، کە زۆر شەرم دەکات لە کاتی قسەکردندا دەمی تەتەڵە دەکات. دوای تێکۆشان و ماندووبوون، دەبێت بە وتاربێژێکی زۆر ناسراو یان لە کایەی سیاسی و فەرمانڕەوایەتیدا دەردەکەوێت، وەک ناپۆلیۆن، کە کەسێکی کورتەباڵا بوو، کەچی بوو بە سەرۆکێکی مەزنی وڵاتەکەی))(دۆنسێل،٢٠١٩: ٩٢) بەمەش لە ڕوانگەی ئەدلەر داهێنان بە هەموو جۆرەکانییەوە بۆ گرێی هەست بەکەمیکردن دەگەڕێتەوە. نموونەی ئەو کەسانە لە جیهاندا زۆرن، کەوا کەم و

کورپییەک لە جەستەیاندا هەبووە و پاڵی پێوەناون بۆ ئەوەی لە بوارێکدا سەرکەوتووبن و بەرەوپێش بچن، بۆ نموونە: ((بایرۆن پێیەکی خوار بووە، پرۆست نەخۆشی دەروونی هەبووە، کیتس کورتەباڵا بووە، تۆماس ولف زۆر کەتە و درێژ بووە، تەها حوسێن نابینا بوو.))(ئەحمەد،٢٠٠٦: ١١٢) گەیشتن بەم پلەیە لە سەرکەوتن، پێویستی بە بەهرە و توانای تاک هەیە و مەرج نییە هەموو ئەوانەی هەستی خۆبەکەمزانینیان هەیە بگەن بە ئاستێکی باڵا. ئەدلەر ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت: بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بگەن بەم ئاستە ((دەبێت کردەوەیەک ئەنجام بدەن، کە بە "ڕێکخستن یان سازکردن" ناوی دەبات، واتە دۆزینەوەی میکانیزمێک، نەخشەیەک، ڕێگایەک بۆ تێپەڕین لەو هەستکردن بەو نزمایەتییە.))(دۆنسیڵ،٢٠١٩: ٩٢) ئەدلەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کەوا ئەدیب و هونەرمەندان هەوڵدەدەن لەڕێی بەکارهێنانی توانستە تاکییەکان زاڵ بن بەسەر کەم و کوڕیەکانیان و لەڕێی داهێنانەوە ئەو هەستکردنە بە کەمی قەرەبوو بکەنەوە. ((هونەرمەند توانای خۆی بەگەڕ دەخات بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم هەستکردنە بە کەمی و تا زیاتر لە کەم و کورپییەکانی ڕۆبچێت، زیاتر داهێنانە هونەری و ئەدەبییەکانی نیشاندەدات.))(الطالب،١٩٨٨: ٦٣) هەندێک جاریش تاک ئەم هەستکردنە بە کەمی بەشێوەیەکی ناتەندروست قەرەبوو دەکاتەوە، ئەمەش لە کاتێکدایە، کەوا ((تاک هەست بە بوونی گرێی خۆبەکەمزانین دەکات جا بەهۆی کەمئەندامی بێت یان بەهۆی گرێی دەروونی و کۆمەڵایەتی یان بە هەر هۆکارێکی ترەوە بێت، لەم بارەدا مرۆڤ لە ڕێگەی تاوان و کاری لادەری و دژ قەرەبووی ئەم هەستەی دەکاتەوە کە تیایدا تاک هەڵدەستێت بە بەکاربردن و قۆستنەوەی دەرفەت و هێز و تواناکان و پێگە و دەسەڵات و کەرەستە و ڕێگا جۆر بە جۆرەکان بۆ ڕەفتاری دژ بە خود و کۆمەڵگا.))(عەبدوڵڵا، ٢٠٢١: ٢٨٤) لە بارەی هەستکردن بە کەمی، فرۆید بۆچوونی جیاوازی لەگەڵ ئەدلەردا هەیە، فرۆید پێی وایە بنچینەی دڵەڕاوکێ و ناڕەحەتی تاک هەستکردنە بە کەمی، ئەمەش لە ئاکامی ((هەستکردن بە کەمی لاوازی و سستی چالاکی ئەندامەکانی زاوزێوەیە و تاک تووشی خەم و خەفەت و ترس و دڵەڕاوکێ دەکات و ناچار من(الأنا) هەوڵی دوورخستنەوەی ئەو ترس و دڵەڕاوکێیە دەدات لە بواری هەستی بۆ بواری نەستی (اللاشعور) و لەوێدا بە خەفە و سەرکوتکراوی دەمێنێتەوە و دواجاریش دەبێتە ناوکی دروستبوونی گرێی کەمی "عقدة النفس")) (قەرەچەتانی،٢٠٠٩: ٢٥٤) بەمەش فرۆید جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کەوا کەم و کوڕی سێکسی هۆکاری سەرەکییە بۆ هەست بە کەمیکردن، فرۆید وای دەبینێت ((هونەر و داهێنان تەنها قەرەبوو کردنەوەیەکی دەمامکدارانەی چەپاندنی سێکسین، یان تەنیا جۆرێکن لە خۆ خاڵیکردنەوە لەپێناو گونجان لەگەڵ دەرەوە و خۆ لادان لە نەخۆشی دەروونی.))(مەعروف،٢٠١٢: ٥٣) فرۆید هەموو شتەکان بۆ لایەنی زایەندی

دەگەڕێنێتەوە، تەنانەت هونەر و ئەدەبیش لای فرۆید بەرهەمی حەز و ئارەزووە سێکسییەکانن. ئەدلەر پێی وایە، گرێی سێکسی بە ئەندازەی گرێی هەست بە کەمیکردن گرنگ نییە، ڕای وایە، کەوا هێزی داهێنان لە گرێی هەستکردن بە کەمی بەهێزترە لە گرێی سێکسی.

## شارل مۆرۆن(١٨٩٩-١٩٦٦)

یەکێکە لەو ڕەخنەگرانەی گرنگیداوە بە دەقی ئەدەبی و بەراوردکردنی بە بەراوردێکی دەروونناسییانە. ((لێکۆڵینەوەی دەروونی ئەدەب لەسەر دەستی شارل مۆرۆن ڕێچکەیەکی نوێی وەرگرت لەژێر ڕۆشنایی چەمک و بنەما تیۆرییەکانی شیکردنەوەی دەروونیی فرۆیدی و تیۆری ڕەخنەی ئەدەبی لە یەک کاتدا.))(حجازي،٢٠٠٥: ٦٩) بە بۆچوونی مۆرۆن مەبەست لە ڕەخنەی دەروونی ((بریتییە لەخوێندنەوەی دەقە ئەدەبییەکان، خوێندنەوەیەک، کە فۆرمی دەقەکان تێپەڕێنێت و بە ناخی دەقەکاندا قووڵ بێتەوە.))(قصاب،٢٠٠٧: ٦٢) مۆرۆن هەرچەندە لە ڕێی شیکردنەوەی خەونەکانی فرۆید، سوودی لە تیۆرەکەی فرۆید وەرگرت، کەچی بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی فرۆید هەنگاوی نا، بەمەش بوو بە خاوەن میتۆدێکی سەربەخۆ لە ڕەخنەی دەروونیدا، چونکە مۆرۆن ((ئەوەی ڕەتکردەوە کە لێکۆڵینەوەی دەروونی بۆ ئەدەب و هونەر، تەنیا لێکۆڵینەوەیەکی کلینیکی بێت، لە هەمان کاتدا ئەو تیۆرە دەروونییانەی دوورخستەوە کە تیایدا داهێنەر و هونەرمەند وا دەناسێنێت، کەوا نەخۆشن و نێرسیسن "عصاب"))(المختاري،١٩٩٨: ١٦) بەمەش "مۆرۆن" دەروونناسی کردە ئامرازێک بۆ شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە بەرهەمی ئەدەبی. ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر بەرهەمی ئەدەبی و ڕەخنەگران توانیان سوودێکی زۆر لەو بۆچوونانەی مۆرۆن وەربگرن. ((لە دیارترین ئەو کەسانەی بە مۆرۆن کاریگەر بوو، "ڕۆلان بارت" بوو.))(ثودي – كورس،٢٠٠٣: ١٠٥) مۆرۆن لە ماوەی ژیانیدا کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی گرنگی ئەنجامداوە، لەوانەش: جوانی و هونەر و ئەدەب لە ساڵی (١٩٢٧)، جوانیناسی زانستی دەروونی لە لەندەن ساڵی(١٩٣٥)، توێژینەوەیەک لەسەر شاعیری فەرەنسی مالارمێ(١٩٣٨)، نێرڤال و ڕەخنەی دەروونی لە ساڵی (١٩٤٩)، نەست لە ژیان و بەرهەمەکانی ڕاسین (١٩٥٧)، لێکۆڵینەوەی دەروونی بۆ بەرهەمەکانی ف.میسترال (F.Mistral) لە ساڵی(١٩٥٣)، لە خواستنەوە بۆ ئەفسانەی کەسێتی(١٩٦٢)، بۆدلێری کۆتایی (١٩٦٤)، کەسێتییەکانی ڤیکتۆر هۆگۆ (١٩٦٧)، فێدەر(Phedre)(١٩٦٨)، شانۆگەری جیرۆدۆکس (Giraudux) لە ساڵی(١٩٧١)(تادییە، ١٩٩٣: ٢٠٨) "مۆرۆن" هەوڵیداوە وەکو ڕەخنەگرێک، لە لێکۆڵینەوەکانیدا تەنیا لەسەر لایەنی زمانی و فۆرمی دەقەکان نەوەستێت، بەڵکو بە نێو قووڵایی

و لایەنە شـاراوەکانی دەق شـۆڕبێتەوە. لە ڕێـی دەقەکـانەوە دەروونـی ئەدیـب و شـاعیران بەدەربخات. ئەگەر پەیوەندیی نێوان ڕەخنەی ئەدەبی و سۆسیۆلۆژیا لەسەر دەستی(لوسیان گۆڵدمان) دروستبوو، ئەوا پەیوەندیی نێوان ڕەخنەی ئەدەبی و دەروونناسی لەسەر دەستی (شارل مۆڕۆن) دروستبوو، ئەمەش لەو توێژینەوانەی لەسەر (مالارمێ و ڕاسین و مۆلێر و هۆگۆ) ئەنجامیداوە بەدەردەکەوێت. لەم توێژینەوانە هەوڵیداوە زانیاریمان لەسەر دیوە نادیار و شاراوەکانی نەست پێبدات. هەروەکو خۆی دان بەوەدا دەنێت، کە زانایەکی دەروونی نییە، بەڵکو ڕەخنەگرێکی ئەدەبییە، هەوڵدەدات لە ڕێی دەقی ئەدەبییەوە باری دەروونی نووسەر بخاتەڕوو، ((دەیەوێت گرنگی بە توێژینەوەی زمانی هونەری دەق و پەیوەندی بە نەستی داهێنەرەوە بدۆزێتەوە، کە پەیوەندییەکی توند پێکەوەیانی گرێداوە، ئەمەش مانای گەڕانەوەیە بۆ زمانی ئەدەبی دەق کە کرۆکی کاری مۆڕۆنە، کە گوزارشت لە شاراوەکانی دەروونی، بێ ئاگایی و بەئاگایی لای داهێنەر دەخاتەڕوو.))(مەعروف،٢٠١٢: ٤٨-٤٩) مۆڕۆن لە لێکۆڵینەوەکانیدا بایەخێکی زۆری بە مالارمێی شاعیر داوە، چونکە ((مالارمێی یەتیم، لە تەمەنی پازدە ساڵیدا، خوشکە سێزدە ساڵانەکەی دەمرێت، ئەم ڕووداوەش کاریگەریی لەسەر ژیانی شاعیر و نووسینەکانی بەجێهێشت.))(تادییە،١٩٩٣: ٢٠٨) ئەم ڕووداوە ناخۆشە کارێکی زۆری لە مالارمێ کردووە، ئەم کاریگەرییەش بە قووڵی لە بەرهەمەکانی ڕەنگیداوەتەوە.

## ژاک لاکان(١٩٠١-١٩٨١)

دەروونناس و پزیشکێکی دەروونی فەرەنسییە، هەروەها ڕەخنەگرە و بایەخێکی زۆری بە ئەدەب و هونەر داوە، بەتایبەتی قوتابخانەی سوریالیزم. هەڵگری کۆمەڵێک خوێندنەوەی تیۆرییە، یەکێک بووە لە کاریگەرترین دەروونشیکارەکانی دوای فرۆید و ((دامەزرێنەری دەروونناسیی بونیادگەرییە.))(فضل،٢٠٠٥: ٥٣) هزرەکانی لاکان لە ئێستادا بەناو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و سینەمایی، فیمینیزم و بیردۆزە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆچووە و لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی وەک لێکۆڵینەوە یاسایی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کاری پێدەکرێت. دەستپێکی ڕاستەقینەی نووسین لای لاکان لە سییەکاندا بوو، لەم کاتەدا چەندین شتی گرنگ ڕوویاندا، بڵاوکردنەوەی تێزی دکتۆراکەی لە دەروون پزیشکیدا لە ساڵی ١٩٣٢، بە ناونیشانی "پاڕانۆیائ خۆبەگەورە زانین و پەیوەندیی بە کەسایەتییەوە"، هاریکاریکردنی لەگەڵ بزووتنەوە

[٩] جۆرێکە لە تێکچوونی دەروونی لای تاک، کە بە هێواشی پەرە دەسێنێت و تاک وا هەست دەکات دەچەوسێنرێتەوە یان هەست بە گەورەیی دەکات. لە هەندێ باریشدا هەردوو دۆخەکە لە یەک کاتدا هەیە. ئەم جۆرە هەستکردنانە تەنیا بریتین لە وڕێنە و هیچ پەیوەندییەکیان بە واقیعەوە

هونەرییەکانی سۆریالیزم و دادایزم، بەشداریکردن لە مەشقی شیکاریدا، خستنەرووی سەرەتایی تیۆرە بەناوبانگەکەی بەناوی "قۆناغی ئاوێنە" لە ساڵی ١٩٣٦، (کۆمەڵێک نووسەر،٢٠٢٠: ١٢) لە گرنگترین ئەو شتانەی لاکان لە دەروونشیکاریدا دەریخست، توانی لە ڕێی زمانەوە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ بیرۆکەکانی فرۆید بکات. لاکان بۆچوونی وایە، کەوا ((نەست وەکو زمان بونیادنراوە.))(سعيدي،٢٠١٧: ٤٩) لاکان بەهۆی کاریگەریی بە زانستی زمانەوانی فێردیناند دی سۆسێر و ڕۆمان یاکۆبسن و دەروونشیکاری فرۆیدی، توانی شتێکی نوێ لە دەروونناسی دابهێنێت، ئەویش بۆچوونێکی ئاوێتە بوو، کە دەیویست ((لە ڕوانگەیەکی زمانییەوە جارێکی دیکە تیۆری دەروونشیکاری فرۆید زیندوو بکاتەوە. لە لای ئەو بێ ئاگایی چەشنی کۆگایەک نییە بۆ غەریزەکان، بەڵکو پێگەیەکە بۆ تایبەتمەندییەکانی گوتن.))(ئەمین،٢٠٠٩: ٤٣) بەمەش لاکان هەوڵی ئەوەی دەدا بە پشت بەستن بە بونیادی زمان بۆچوونە دەروونییەکانی فرۆید لە ژێر ڕۆشنایی قوتابخانەی زمانەوانی نوێ شرۆڤە بکات.

لاکان هەوڵیداوە ئەو چەمکانەی ڕۆمان یاکۆبسن لە زمانناسیدا بەکاری هێناوە، وەک (وەرگرتن – استعارة) و (خوازە- مجاز) لەگەڵ چەمکەکانی فرۆید، کە (چڕبوونەوە و جێگۆڕکێ)ن، بەیەکەوە ببەستێتەوە. ((ئەم ئاراستەیەش توانای ئەوەی بە لاکان داوە، کە ئامادەبوونی نەست لە زماندا لەگەڵ ئەو کاریگەریانەی کە (وەرگرتن – استعارە) و (مەجازی نێردراو) دروستی دەکەن بە هاوتا بزانێت. ئەمەش دروست هەمان شێوەی فرۆیدە لە شیکردنەوەی خەوندا، کە بینینەکانی نەست لە خەوندا یەکسان بکات لەگەڵ چالاکی چڕبوونەوە و جێگۆڕکێ.))(کۆمەڵێک نووسەر،٢٠١٥: ٣٥) لاکان لە ((کتێبی (Ecrits) زاراوەی بونیادگەریی دەروونی – Structuralisme Psycholologigue))(Peck-Coyle,2002: 206) بەکارهێنا، کە لە بواری ڕەخنەی دەروونی و ڕەخنەی بونیادگەری ڕەوتێکی نوێ بوو. لاکان هەوڵی ئەوەی دەدا تیۆرێکی نوێ بۆ نائاگایی دابڕێژێت، بۆیە لە نووسین و بیرۆکەکانیدا زیاتر تیشکی دەخستە سەر گرنگی و بایەخی نەست لە ڕووی تیۆری و پراکتیکی، هەوڵیدەدا ((لە بونیادەکانی نائاگایی و دەروونی مرۆڤ قووڵبێتەوە و تێبگات. ئەو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی بە دروشمی "گەڕانەوە بۆ فرۆید" کارەکەی دەستپێکرد. لاکان پێی وابوو، لێکۆڵینەوە فرۆیدییەکە ئەو کاتە مانای ڕەسەنی خۆی وەردەگرێت کاتێک لە کایەی زماندا جێ دەگرێت و ناچاری کارکردی گوتن (ئاخاوتن) دەبێت.))(کۆمەڵێک نووسەر،٢٠٢٠: ٥٩)

---

نییە. شایەنی باسە هەندێک جار خاوەن ئەم جۆرە تێکچوونە دەروونییە وا هەست دەکات کە بە ئەندازییێک گرنگە توانای چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی جیهانی هەیە، تەنانەت هەندێ جار خۆی بە سەرۆکی هەموو دونیا، خوا و پێغەمبەریش دەزانێت.(هومەر،٢٠١٧: ١٣)

**پێکهاتەی دەروونیی مرۆڤ لای لاکان:**

بەشێوەیەکی سەرەکی لە بیری لاکاندا هەریەکە لە (ڕاستەقینە – خەیاڵی – ڕەمز) دەروونی تاک پێکدەهێنن:

١- پێکهاتەی ڕاستەقینە (The Real): ئەمەش بریتییە لە دۆخی سروشتی خۆمان، کە بە هۆی چوونە ناو زمانەوە بۆ هەتە هەتایە لە دەستماندایە. لاکان ئەم دۆخە وەک (پڕبوون یان کامڵ) دەچوێنێت کە بە هۆی هاتنە ژوورەوەی زمانەوە لەدەست دەچێت. منداڵ هاوشێوەی ئاژەڵ کاتێک پێویستییەکی دەبێت، هەوڵی تێرکردنی دەدات.(کۆمەڵێک نووسەر،٢٠١٥: ٧٥)

٢- پێکهاتەی سیستەمی خەیاڵی(The Imaginary Order): ئەم قۆناغە هاوتەریبە لەگەڵ قۆناغی ئاوێنە، کە تاک دەجولێنێت لە بەدەستهێنانی پێداویستییەوە بۆ بەدەستهێنانی داواکاری. بە بۆچوونی لاکان ((ئەو قۆناغە گرنگەی ئیگۆی تێدا گەشە دەکات، ئەو قۆناغەیە، کە تێدا سۆبێکت[10] دەچێتە نێو قۆناغی خەیاڵییەوە، ئەو قۆناغە پەیوەندییەکی دوور و درێژی بە قۆناغی ئاوێنەییەوەهەڵەیە[11].))(کۆمەڵێک نووسەر،٢٠١٥: ٥٠)

٣- پێکهاتەی سیستەمی سیمبوڵی(The Symbolic Order): کاتێک منداڵ دەچێتە ناو زمان و یاسا و فەرمانەکانی کۆمەڵگا جێبەجێ دەکات، لە توانایدا هەیە مامەڵە لەگەڵ (ئەوانی دی)دا بکات. بە بۆچوونی لاکان قبووڵکردنی یاساکانی زمان هاوبەشە لەگەڵ گرێی ئۆدیب.(کۆمەڵێک نووسەر،٢٠١٥: ٧٥)

## ئـــانـــا فـرۆیــــد

تەنیا منداڵی فرۆید بوو ڕێچکەی باوکی گرت و بوو بە دەروونشیکار. ئانا فرۆید گرنگییەکی زۆری بە دەروونــی منــداڵان داوە و بنەماکــانی شــیکردنەوەی دەروونــی منــداڵانی داهێنــاوە. ئەگەرچی فرۆیدی باوک یەکەم کەس بووە دەروونی منداڵانی شیکردووەتەوە، کاتێک چارەسەر نەخۆشی (هانزی بچکۆڵە)ی کردووە لە ساڵی ١٩٠٦، بەڵام هەوڵی جدی لەلایەن ئانا فرۆید و

[10] سۆبێکت: لە ڕێزماندا دەکاتە کەسی یەکەم، بەڵام لە فەلسەفەدا ماهیەت و مەرجی پەیوەندیی ترانسێندێنتاڵی مرۆڤە بە دونیای دەرەوە. لای فرۆید سۆبێکت ڕۆڵ و کارکردێکی میتاسایکۆلۆژیی هەیە.(ئاسۆن، ٢٠٢١: ١٢٧)

[11] قۆناغی ئاوێنە: لە تیۆری ژاک لاکاندا دۆخێکی زەمەنیی تەشەنەکردنی منداڵ لە نێوان تەمەنی (٦ بۆ ٨) مانگی، کە تیایدا (من) تەشەنە دەکات. لاکان بەو پێوەرە هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە دەڵێت: لە مرۆڤدا خودئاگا چۆن سەرهەڵدەدات و کاردەکات. لەم قۆناغەدا منداڵ هەست بە وێنەی خۆی دەکات و خۆی دەناسێت وەک (من). پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت وێنەی منداڵ لەم قۆناغەدا تێکەڵ بە شتەکانی دەرەوەی خۆی نەبووە، زمان نەچۆتە ناوی، هەر بۆیە وێنەکە گشتییە و وەک بابەت کاردەکات.( کۆمەڵێک نووسەر،٢٠١٥: ١١، ٧١)

میلانی کلاین درا لە سییەکانی سەدەی بیستەم، کە تیایدا ((ئانا نوێنەرایەتیی قوتابخانەی ئەوروپی دەکرد و میلانیش نوێنەرایەتیی قوتابخانەی بەریتانی دەکرد لە بواری شیکردنەوەی دەروونیی منداڵان، ئانا بووە پسپۆری منداڵانی گەورە، بەڵام میلانی خەریکی شیکردنەوەی دەروونیی منداڵانی بچووک بوو.))(فرۆید،٢٠١٧: ٢٧) ئانا کتێبێکی بەناوبانگی لە بواری شیکردنەوەی دەروونی لە ساڵی ١٩٣٦ چاپ و بڵاوکردەوە بەناوی (من"ئیگۆ" و میکانیزمەکانی بەرگری)، کە تیایدا جەخت لەسەر ڕۆڵی ئیگۆ لە چارەسەرکردنی شیکردنەوەی دەروونی دەکات و پێی وایە ((شیکردنەوەی ئەو میکانیزمە نەستییانەی، کەوا من(ئیگۆ) پەنایان بۆ دەبات، دەتوانێت ئەو وەرچەرخانانەمان بخاتە بەرچاو، کەوا بەسەر ڕەمەکەکانی نەخۆشەکەدا هاتوون. ڕۆڵی شیکەرەوەش بە بۆچوونی (ئانا) لەوەدا پوخت دەبێتەوە، کە من(ئیگۆ) هەراسان بکات بۆ ئەوەی چەپێندراوەکە بوروژێنێت، ئەو شێواز و ڕێگەیەش وێران بکات کەوا منی گەوجێنەری نەخۆشیاری گرتوویەتییە بەر.))(فرۆید،٢٠١٧: ٢٨)

## ئێریک فرۆم:

یەکێکە لە دیارترین دەروونشیکارەکانی بزووتنەوەی فرۆیدی نوێ، لە ساڵی(١٩٠٠) لە ئەڵمانیا لەدایکبووە، دوای ئەوەی زانکۆی تەواوکرد و فەلسەفەی خوێند، پیشەی دەروونشیکاری بۆ خۆی هەڵبژارد و ئیلهامی لە فرۆید وەرگرت. بەشێکی زۆر لە کاتەکانی خۆی لە بواری سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتی تەرخانکرد. ((فرۆم یەکەم کەس بوو ئاماژەی دا بەوەی تیۆری تەقلیدی فرۆید لە توانایدا نییە لێکدانەوە بۆ مەسەلەی پەیوەندیی ئاڵوگۆڕکراوی نێوان تاک و کۆمەڵگە بکات.))(دویرینکوف،٢٠٢١: ٣٤) فرۆم ڕەخنەی لە تیۆری کلاسیکیی فرۆید گرت و هەوڵیدا هەمواری بکاتەوە و بەو شێوەیە بیگونجێنێت کە لەگەڵ پێداویستییە مەعریفییە زانستییەکانی سەردەمدا بەڕێوەبچێت. ڕەخنەی ئەوەش لە فرۆید دەگرێت، کەوا ئەو پاڵنەرە کۆمەڵایەتیی و ئابوریانەی کاریگەرییان بەسەر کەسێتی مرۆڤدا هەیە، لەلایەن فرۆیدەوە پشگوێ خراوە و تەنیا گرنگی بە پاڵنەرە نەستییەکان داوە و هەوڵی داوە سەری بخات. فرۆم بڕوای وایە، کەوا ناکرێت ماهیەتی مرۆڤ تەنیا بۆ ڕەمەکی بایۆلۆژی بگەڕێتەوە، بەڵکو دەبێ فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەرییان لەسەر کەسایەتیی مرۆڤ ڕاڤە بکرێت. بە بۆچوونی فرۆم ((بچووککردنەوەی سەرجەم ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵێک هەڵوێستی بایۆلۆژی غەریزەیی کە لەناو ئەقڵدا لە ململانێدان لەگەڵ یەکدی، شتێکە قبووڵ ناکرێت.))(دویرینکوف،٢٠٢١: ٤٢)

فرۆم دەربارەی خەون و شیکردنەوەی خەون، لەگەڵ هەریەکە لە فرۆید و یۆنگ هاوڕایە، ((لەگەڵ فرۆید هاوڕایە دەربارەی ئەوەی خەونەکان تاکە ڕێگەی سەرەکین بەرەو نەست و گوزارشت لە ناماقووڵ دەکەن. هاوکات لەگەڵ یۆنگ هاوڕایە لەوەدا خەونەکان گوزارشت لە داناییەکی نەرم و نیان دەکەن. لەوەیشدا لە فرۆید جیادەبێتەوە، کە خەونەکان یان بە تەواوەتی گوزارشتن لە ناماقووڵ, یان بە تەواوەتی گوزارشتن لە ماقوڵ وەک یۆنگ دەڵێت: تێگەیشتنی فرۆمیش دەربارەی دۆخی ساغی مرۆیی بریتییە لەوەی، ئەو دۆخە بریتییە لە توانای مرۆڤ لەوەی ڕۆڵی کاملی خۆی لە کۆمەڵگەدا بگێڕێت، وەک لە دەوڵەت/ کۆمەڵگەی نازییەکاندا بینیمان.))(کۆمەڵێک نووسەر،٢٠٢٠: ١٣٤-١٣٥)

تیۆری مارکس ڕۆڵێکی گرنگی لە چەکەرەکردن و گەشەسەندنی بیری فرۆم و گرنگیدانی بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان هەبوو. فرۆم هەوڵیدەدا تیۆری مارکس وەکو ئامرازێک بەکاربهێنێت، بۆئەوەی گیان بە بەر تیۆری فرۆید دا بکات و نوێی بکاتەوە. هەوڵیداوە سوود لە هەردوو لایەنی سایکۆلۆژی و کۆمەلایەتی وەربگرێت بۆ ئەوەی چارەسەری بەشێکی زۆر لە کێشە و گرفتەکانی ناو کۆمەڵگەی پێبکات، بەهۆی ئەوەی کێشەی جەوهەری لە هەردوو تیۆرەکەدا، کێشەی تاک بووە، بەڵام جیاوازی نێوانیان بەپێی بۆچوونی فرۆم ((لەو هێزە شاراوانە کۆبووەتەوە کە لە پشت ڕەفتاری تاکەوەن، هەروەک چۆن هەریەک لەم دوو بیرمەندە خۆیان وەسفی دەکەن. ئەم هێزانە لە مەزهەبی مارکسدا سروشتێکی کۆمەلایەتی مێژوویان هەبووە، بەڵام لە تیۆرەکەی فرۆیددا سیستمێکی بایۆلۆژی پەتی بوون.))(دویرینکوف،٢٠٢١: ٤٨) ئەمەش وای لە فرۆم کرد سوود لە خاڵە ئەرێنییەکانی هەردوو تیۆرەکە وەربگرێت و تێکەڵەیەک لە هەردووکیان پێکبهێنێت و تیۆرێکی نوێ دابڕێژێت، چونکە بڕوای وابوو هەریەکە لە تیۆری مارکس و فرۆید یەکتر تەواودەکەن. بە بۆچوونی ڕەخنەگران ئەو هەوڵەی فرۆم سەرکەوتوو نەبوو لەوەی بتوانێت لە ڕێی تیۆری مارکسەوە، ژیانێکی نوێ بە تیۆری فرۆید ببەخشێت. نەیتوانیوە سوودێک بۆ تیۆری کۆمەلایەتی و ڕۆڵی ژینگەی کۆمەلایەتی لە پەرەسەندنی تاکدا بەدەستبهێنێت. فرۆم لە هەڵبژاردنی هەردوو تیۆری مارکس و فرۆیددا ((نەیتوانی درک بەوە بکات ئەم کارە هەر لە بناغەوە ئەستەمە، چونکە ئەو دوو مەزهەبە تیۆریەی هەریەک لە مارکس و فرۆید دایاننـاوە، پشت بە دوو میتۆدی دژ بەیەک دەبەستن.))(دویرینکوف،٢٠٢١: ٥٥) (فرۆم) هەر چەندە لەسەر بنەمای تیۆرەکەی (فرۆید) گەشەی کرد، بەڵام بنەما و بنچینەیەکی نوێشی بۆ خۆی داڕشت.

## بەشی دووەم: ڕەنگدانەوەی دیاردە دەروونییەکان لە ڕۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکەسوور)[12]

### - کورتەی ڕۆمانەکان

### - ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش

ئەم ڕۆمـانە بەشـێوەیەکی بـازنەیی ڕووداوەکـانی گێـڕدراوەتەوە. (دلاوەر بێجـان) و (ویـداد دێڕتـی)ی هاوسـەری، ماڵیـان لە گەڕەکـی ڕوونـاکیی شـاری هەولێـرە. (٢٤-٤ – ١٩٨٣)یە، (ئومێـد)ی کوڕیـان لە مـاڵ دەردەکەن. ئەم خێـزانە کـوڕ و کچێکیـان هەیە بە نـاوی (ئومێـد) و (تەلار). ئەم کچە، کچی ڕاستەقینەی خۆیان نییە. ڕووداوەکە لەوێ دەستپێدەکات، کاتێک دایک و باوکی زۆر لە (ئومێد) دەدەن و لە ماڵ دەری دەکەن. (ئومێد) بە دەموچاوی خوێناوییەوە بەبێ دەنگی ئەم نـاوە جێدەهێڵێت. دواتـر لە ڕێـی فلاشـباکەوە بەشـێوەی زنجیرەیی ڕووداوەکـان لە سەرەتاوە تا کۆتایی دەگێڕدرێنەوە. کاتێک (ئومێد) بە دڵشکاوی ماڵ جێدەهێڵێت، لە ناکاو گوێی لە دەنگێک دەبێت، کەوا بانگی دەکات. ئاوڕ دەداتەوە، دەبینێت (ڤیڤیـان)ە، ئەو کـچەی بەیانیـان و نیوەڕۆیان لە ڕێی قوتابخانە دەیبینێت و دەیەوێت بیدوێنێت، بەڵام (ڤیڤیان) هەر گوێی نەداوەتێ، کەچی ئێستا وا بانگی دەکات و توند دەستی دەگوشێت و ملپێچە ڕەشەکەی خۆی دەداتێ. ئەو ملپێچەی لە سەراپای گەڕەک پێی ناسراوە. (ئومێد) باوەڕ بە چاوەکانی ناکات و نازانێت خەونە یان ڕاستی؟! (تەلار)؛ کە بە (تیلیلیلی) ناسراوە، خەڵکی شارێکی دیکەیە و لەگەڵ دایک و بـاوکی بۆ ئێرە هاتووە. پیاوانی ئەمن دایک و بـاوکی دەڕفێنن و بەرەو زیندانیان دەبەن. ئەم منداڵە بە تەنیا دەمێنێتەوە، (مامۆستا دلاوەر) و (ویداد دێرتی) دەیگرنە خۆ تا سۆراخێکیان لە خزم کەس و کاریان پەیدا دەبێت. لەو کاتەدا (ویـداد) بە (ئومێد) دوو گیـانە. هـۆگری ئەو منداڵە دەبێت، لە هەمـان کاتـدا ترسـی ئەوەیـان هەیە، دایـک و بـاوکی و کەس و کـاری پەیـدا بـن و لێیـان

---

[12] کاروان کاکەسوور، ڕۆماننووسێکی دیاری کوردە، لە ١٥-٥-١٩٦٤ لە شاری هەولێر لەدایکبووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری هەولێر تەواو کردووە. بەشی مێژووی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی موسڵ تەواوکردووە. هەر لە منداڵییەوە ئارەزوویەکی زۆری بۆ خوێندنەوەی چیرۆک هەبووە. لە تەمەنی هەرزەکاری کۆمەڵێک شیعری نووسیوە، بەڵام بڵاوی نەکردوونەتەوە. دواتر لە (١٩٨٤) بەدواوە، بەرەو دونیای گێڕانەوە هەنگاوی ناوە و کۆمەڵێک چیرۆکی نووسیوە، کە دواتر لەژێر ناوی (ئەسپیدیلۆن) بڵاوی کردوونەتەوە. دواتر ڕۆمانی (ئای لەڤیلیا ئایلەڤیلیا)ی چاپ و بڵاوکردەوە. بەرهەمە چاپکراوەکانی:
١- ئەسپیدیلۆن (کۆمەڵە چیرۆک) ٢- ئای لەڤیلیا ئای لەڤیلیا (ڕۆمان) ٣- سەدەی یەکەمی خەیاڵ(کۆمەڵە چیرۆک) ٤-ماڵی نانی(ڕۆمان)
٥- ڕاگەردان(کۆمەڵە چیرۆک) ٦- گازینۆی منداڵان(ڕۆمان) ٧- سوارەکان بە قاچاغ بوکیان گواستەوە(ڕۆمان) ٨- ڕێگەکانی ژەهر(ڕۆمان)
٩- ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش(ڕۆمان) ١٠- یادەوەریی بووکەڵەکان(ڕۆمان) ١١- کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان(ڕۆمان) ١٢- مامزێر (ڕۆمان) ١٣- ئەو هاوڕێیەی منداڵیم بدۆزمەوە(ڕۆمان) ١٤- مۆزەخانەی کوڕەقژدرێژ(ڕۆمان) ١٥- تەرمەوان(ڕۆمان) ١٦- منداڵیم ئاسکێک بوو بەسەر پەلکە زێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد(ژیاننامەی خودی). ناوبراو ئێستا لە دەرەوەی وڵات دەژیت.

وەربگرنەوە. هەر لەبەر ئەوەش ناسنامەیەکی ساختەی بۆ دروست دەکەن و دەیکەن بە ناوی خۆیانەوە. (مامۆستا دلاوەر) بەوە ناسراوە هەمیشە ڕیبەنێکی سووری لە مل دایە، ئەم ڕیبەنەش بە یادگاری بۆی جێماوە. توتکە سەگێکی هەیە و باوکی بۆی کڕیوە. شەو و ڕۆژ یاری لە گەڵدا دەکات و زۆر هۆگری بووە. دوای مردنی تووتکە سەگەکەی، ئەو ڕیبەنە سوورەی ملی تووتکەکە لە مل دەکات و شەو و ڕۆژ لە ملیەتی. ئەم ڕیبەنە سوورەش؛ چ لە لایەن پیاوانی ئەمن و چ لە لایەن کۆمەڵگە، تووشی زۆر کێشەی کردووە. هەندێک بە کۆمەنیست و هەندێکی دی بە سیخوڕی دەزانن. بەم هۆیەشەوە تووشی تانە و تەشەر و گرتن و لێدان بووە. ڕۆژێکیان لە لایەن حەرەس قەومییەکان دەگیرێت و نزیکە لەوەی گوللە باران بکرێت، کەچی لە لایەن عەرەبێکی دراوسێیان بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو دەربازی دەبێت. لەگەڵ ئەو هەموو ئازارە جەستەیی و دەروونییەش، هێشتا ئامادە نییە ڕیبەنە سوورەکەی ملی دابنێت، یان هیچ نەبێت بە ڕەنگێکی دیکەی بگۆڕێت. وەگێڕی هەمووشتزان بە گەڕانەوە بۆ ڕووداوەکانی ڕابردوو، باس لە بنەماڵەی هەریەکە لە (مامۆستا دلاوەر) و (ست ویداد) دەکات. باوکی (دلاوەر) لە لایەن چەند چەکدارێکی نەناسراو دەکوژرێت. بنەماڵەی (ویداد)یش بنەماڵەیەکی نامۆن، بەوەی خێزانێکن هەمیشە حەزیان لە سەرهەڵگرتنە. باوکی (ویداد) خۆی کوشتووە و دایکی مردووە و خوشک و براکانی بە هۆی سەرهەڵگرتنەوە، بێ سەر و شوێنن. (ویداد)ی حەوت ساڵان لای خاڵی (دلاوەر) گەورە دەبێت و لە منداڵییەوە لەگەڵ (دلاوەر) هۆگری یەک دەبن. ئەم هۆگر بوونە سەر دەکێشێت بۆ عیشق و دواتر دەبنە هاوسەری یەکتر. (ئومێد)ی کوڕیان پاش ئەوەی نهێنیی ناسنامە ساختەکە بە گوێی (تەلار) دەچرپێنێت، باوکی و دایکی زۆر تووڕە دەبن، چونکە بە لای ئەوان ئەو بابەتە بە هیچ شێوەیەک نابێت بدرکێنرێت. ئەنجام زۆر لە (ئومێد) دەدەن و لە ماڵ دەری دەکەن و ئاگاداری دەکەنەوە، کە بە هیچ شێوەیەک نابێت جارێکی دی بگەڕێتەوە ئەو ماڵە.

### - ڕێگەکانی ژەهر

ڕۆمانێکی دیکەی (کاروان عومەر کاکەسوور)ە، کە لە ساڵی (٢٠١٧) چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئەم ڕۆمانە لە هەشت بەش پێکدێت. هەر بەشێک ناونیشانێکی تایبەت بە خۆی هەیە و ڕووداوێکی سەربەخۆیە. چیرۆکی هەر یەکێکیان بە شێوەی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە. لە هەموو چیرۆکەکانیشدا ژەهر خاڵی هاوبەشە و کارەکتەرەکان بە ژەهر خۆیان لەناوبردووە یان لەناو براون. جا ئەو ژەهرە، ژەهرێکی ماددی بێت یان

ژەهرێکی مەعنەوی. کارەکتەری (ست ڕافۆن) یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکان. کارەکتەرێکی داخراو و گۆشەگیرە. پەیوەندیی لەگەڵ دەوروبەری نییە و تەنیا لەو گەڕەکە هاتووچۆی (ست سۆزان) دەکات، کە کارەکتەرێکی دیکەیە، سالۆنی هەیە، تا قژی بە ستایلێکی تایبەت ببڕێت. (ست سۆزان) دەیەوێت بە هەر نرخێک بێت بە نهێنیی ئەو بزانێت و بزانێت ژنە یان پیاوە. بۆ ئەم مەبەستە خۆی لە (دیدار شێرکۆ) نزیک دەکاتەوە، کە کوڕی هاوڕێیەکی (ست ڕافۆن)ە. دوای مردنی دایکی و هەموو خانەوادەکەی، (ست ڕافۆن) بەخێوی دەکات، تا لە ڕێی ئەوەوە بەو ئاواتەی بگات. ترسی ئەوەشی هەیە، بە هەر هۆکارێک بێت لە دەستی دەربچێت و بە خەونەکەی نەگات. بۆ ئەم مەبەستە ماڵەکەی خۆی دەگوازێتەوە تەنیشت ماڵی (ست ڕافۆن)، کەچی هەر بێ سوودە. تەنانەت دەوروبەرەکەشی هیچ لە بارەیەوە نازانن. (ست سۆزان) ترسی لە (ست ڕافۆن) هەیە، دوای ئەوەی ئەو کوڕە دەگرێتە خۆی، چونکە بنەماڵەی (دیدار) بە شێوەیەکی سەیر و لە شێوەی یارییەکدا بە دەستی خۆیان یەکتریان لەناوبرووە. بۆیە ترسی لەوە هەیە، چارەنووسی (ست ڕافۆن) هەمان چارەنووسی خێزانەکەی (دیدار) بێت. دواجار (ست سۆزان) بڕیاردەدات (ست ڕافۆن) بکوژێت، بۆئەوەی دەسەڵاتی بەسەر ڕووت کردنەوەیدا هەبێت و نهێنیی ئەو بوونەوەرەی بۆ ئاشکرا بێت. شەوێک دەچێتە ماڵیان و چەند خەنجەرێک لە ناو گەڵی (ست ڕافۆن) دەدات، کەچی بۆی دەردەکەوێت ئەوە (ست ڕافۆن) نییە، بەڵکو پەیکەری (ست ڕافۆن)ە، کە بۆ خۆی دروستی کردووە. دوای ئەو ڕووداوە سەرهەڵدەگرێت و (ست سۆزان) نایبینێتەوە. (ست ڕافۆن) زۆر هۆگری (دیدار) دەبێت. ئەگەرچی (دیدار) تەمەنی (١٠) ساڵە، کەچی بەردەوام مەمکەکانی بۆ دەردەهێنێت و دەیخاتە دەمیەوە تا مژی قووڵی لێبدات. ئەمەش وا لە (دیدار) دەکات ئەم شوێنە جێبهێڵێت و بچێتە هاندەران. لەوێش بەردەوام نامەی بۆ دەنێرێت و ئاگاداری هەموو ژیانیەتی. دوای ماوەیەکی زۆر (دیدار) دەیەوێت بۆ لای (ست ڕافۆن) بگەڕێتەوە، کەچی بەر لەوەی بگەڕێتەوە، دەرمانێکی ژەهراوی دەخوات تا بەر لەوەی بگات لەناو فڕۆکە کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت. ژیانی خانەوادەکەی دێتەوە یاد، کە چۆن لە شێوەی یاری کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە، بەڵام تا ئێستا نازانێت ئەوەی دایکی کوشتووە، خۆی بووە، یان دایکی بە دەستی ئەو خۆی کوشتووە؟ شەوێک کاتێک لە خەو ڕادەپەڕێت دەبینێت دایکی لە تەنیشتی خەڵتانی خوێن بووە، بەمەش (دیدار) تووشی شۆک دەبێت و تا ئەم ڕۆژەش نازانێت ئەو شەوە چی ڕوویداوە؟ لەناو خەیاڵەکانیدا ڕۆچووە، کەچی وا خەریکە فڕۆکەکە دەگات و دادەبەزێت، بێ ئەوەی ژەهرەکە کاریگەریی لەسەر هەبووبێت.

چیرۆکی (جاهیقان زانستی) و (پەرهەنگ جیهاندۆست) یەکێکی دیکەیە لەو چیرۆکە سەرنج ڕاکێشانەی لەم ڕۆمانەدا خراوەتەڕوو. (جاهیقان) لە (پەرهەنگ) جیادەبێتەوە تەنیا لەبەر ئەوەی

ماوەیەکە لە کاتی قسەکردندا لووتی دەخورێنێت، ئەمەش بە لای (جاهیقان)ەوە مانای ئەوە دەگەیەنێت، کەوا درۆ دەکات. ئەگەرچی (پەرهەنگ) هیچ کاتێک شتی لێ نەشاردووەتەوە، بگرە پێش ئەوەی شوو بە (جاهیقان) بکات، هەموو نهێنییەکانی ژیانی لە نووکەوە بۆ گێڕاوەتەوە. ئەو ساتانەی بۆ باسکردووە، کە چۆن بە گەنجی دەرگای دواوەی بۆ چەندین هەرزەکار کردووەتەوە. (پەرهەنگ) بەر لەوەی شوو بە (جاهیقان) بکات، چوار شووی دیکەی کردووە و لای هەر یەکێکیان ساڵێک زیاتر نەماوەتەوە. لە هەر یەکێکیان کوڕێکی هەیە. دوای شووکرنی بە (جاهیقان) منداڵەکانی لەگەڵ خۆی دەبات و (جاهیقان) وەکو باوکێک ئەرکی بەخێوکردنیان دەگرێتە ئەستۆ. ئەوەی جێی سەرنجە هەر چوار کوڕەکەی دوای جیابوونەوەی لە مێردەکان، لەدایکدەبن، بۆیە منداڵەکان باوکی خۆیان ناناسن. دوای ئەو تەمەنە، کە ئێستا تەمەنی (پەرهەنگ) لە شەستساڵی نزیکدەبێتەوە، ئینجا لێک جوودا بوونەتەوە. هۆکارەکەش تەنیا ئەوەیە، کە لە کاتی قسەکردندا لووتی دەخورێنێت، گوایە درۆ دەکات. (جاهیقان) دووچاری گرفتێکی دیکەی دەروونییش بووە، ئەویش بە پێی سیستەمی پیتەکان کاردەکات و لە ژێر کاریگەریی هەر پیتێکی کوردی، کە ڕۆژانە لە زەرفێکدا ڕایدەکێشێت، خواردن دەهێنێتە ماڵەوە و کەلوپەل دەهێنێتەوە و کەلوپەلیش فڕێدەدات. بە هۆی ئەم ڕەفتارە سەیرەشی دووچاری کۆمەڵێک گرفتی گەورە دەبێتەوە، تا دواجار بە هۆی ئەم سیستەمەوە یەک دووانێک بریندار دەکات و خۆیشی دەکەوێتە بەندیخانە. هەموو ئەو بارە دەروونییانەی دووچاری (جاهیقان) دەبێتەوە، پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە هەموو منداڵەکانی لە ڕێی قاچاغ ناردووە بۆ هاندەران تا لە شەڕ بەدووربن، کەوا بەرۆکی وڵاتی گرتووە. ئەو سیستەمە سەیرەشی کەوا پەیڕەوی دەکات، زیانێکی ئابووریی گەورەی پێگەیاندووە، تەنانەت ئێستا ئەو خانووەی تێیدا دەژییت، هیی خۆی نییە و لە ماوەیەکی کورت دەبێت چۆڵی بکات. دوای ئەوەی کوڕەکانی بە قاچاغ دەنێرێتە دەرەوەی وڵات، لە ڕێگەی قاچاغدا لە کانییەک ئاو دەخۆنەوە، ئەو کانییەش ژەهراوی کراوە و بە هۆیەوە سێ لە براکان دەمرن و تەنیا یەکێکیان دەربازی دەبێت و دەگاتە هاندەران. ئەو دەربازبووەش یادەوەریی لە دەستدەدات و خۆی ناناسێتەوە. نازانێت کامیانە دەربازی بووە. ئەمەش دووچاری ئازارێکی دەروونی دەکات. یەکێک لە گرفتەکانی ئەم کارکتەرە ئەوەیە، تەنیا لەو کاتانە زمانی دەکرێتەوە و دەتوانێت قسە بکات، ئەگەر چەقۆیەک یان ئامێرێکی تیژی پێبێت. ئەمەش کێشەی زۆری بۆ دروستدەکات بە هۆی ئەوەی ئامێرێکی لەم شێوەیە لە زۆر شوێن قەدەغەیە، بە تایبەتی لە ناو فڕۆکە، کە دەیەوێت بە فڕۆکە گەشتێک بکات و بگەڕێتەوە. بوونی ئەو ئامێرە لای، وای لێدەکات نامۆ دەرکەوێت، چونکە هاوڕێکانی خۆی لێ بەدوور دەگرن. هەموو شتێک تاقیدەکاتەوە تا بیرەوەری بۆ بگەڕێتەوە و خۆی بناسێتەوە، بەڵام

دەستیان لێ هەڵدەگرێت، چونکە پێی وایە ئەم کارانەی هێندەی دی ڕابردووی دەشێوێنن و لە خۆی دووردەخەنەوە.

چیرۆکی (ئەرڤارد بێشەرەف)یش یەکێکی دیکەیە لەو چیرۆکە سەرنجڕاکێشانەی لەم ڕۆمانەدا باسکراوە. (ئەرڤارد) کارەکتەرێکی بێزراوە لای خەڵک و کەس خۆشی ناوێت، بەڵکو ڕقی زۆریان لێیەتی. دوای ئەوەی لەگەڵ براکەی و چەند کەسێکی گەڕەکیان، بەشداری لە شانۆگەرییەکدا دەکەن، ڕۆڵی پیاوێکی خراپ دەدەنە (ئەرڤارد). دوای ئەوەی (ئەرڤارد) برا و خێزان و کوڕی براکەی دەکوژێت، هەروەکو لە شانۆگەرییەکەدا هاتووە، تا دەست بەسەر سامانەکەیاندا بگرێت. ئەم شانۆگەرییە هێندەی دی (ئەرڤارد) لەبەر چاوی خەڵک ڕەش دەکات و زیاتر ڕقیان لێی هەڵدەستێت. ئەمەش ترس لای دایکی (ئەرڤارد) دروستدەکات، بە هۆیەوە خۆی دەکوژێت. ئەگەرچی ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی (ئەرڤارد) لای خەڵک بێزراون، بەڵام بەهرەی زۆری هەیە. هەمیشە ژیانێکی گۆشەگیر و تەنیا هەڵدەبژێرێت. دوای مردنی (نەرمین)ی خێزانی، ژیانێکی ناخۆش بەڕێدەکات. ئەم شوێنە جێدەهێڵێت و خۆی و سەگەکەی بەتەنیا و دوور لە خەڵک دەژین. هەمیشە خۆیان لە چاوی پۆلیس و سەگی فەرمی دەدزنەوە، تا پێیان نەزانن. دواجار دوای مردنی سەگەکەی، هەست بە تەنیاییەکی زۆر دەکات و ڕەشبینی باڵی بەسەردا دەگرێت.

چیرۆکی (دڵشاد) و (دڵشان)، چیرۆکێکی دیکەی ئەم ڕۆمانەیە. (دڵشاد) لەبەرئەوەی زۆر حەز بەوە دەکات، لە ماهیەتی ژەهر تێبگات، (خەلۆ)ی پاسەوانی ڕادەسپێرێت، کەوا ژەهری بۆ پەیدا بکات. دوای ئەوەی (خەلۆ) لەگەڵ خۆی بۆ دێیەکەی خۆیانی دەبات، تا ژەهری ماری بۆ پەیدابکات، لە نزیک دێیەکەی خۆیان، (دڵشاد) ڕووت دەکاتەوە و بەتەنیا لە چۆڵەوانی جێی دەهێڵێت. (دڵشاد) بۆ مانەوەی خۆی، ناچار پەنا بۆ ئەشکەوت دەبات و لەوێ بەشەو خۆی حەشاردەدات و بەڕۆژیش بە دوای ماردا دەگەڕێت. (دڵشاد) بۆ ماوەیەکی زۆر لەم شوێنە دەمێنێتەوە، گۆڕانێکی جۆری بەسەر سیما و جووڵە و هەڵسوکەوتیدا دێت. دووچاری بارودۆخێکی دژواری دەروونی دەبێتەوە، هەمیشە بیرلە (دڵشان)ی هاوسەری دەکاتەوە.

## - مۆزەخانەی کوڕەقژدرێژ

یەکێکــی دیــکەیە لە ڕۆمانەکــانی کــاروان کاکەســوور، کە لە ســاڵی (٢٠٢١) چــاپ و بڵاوکراوەتەوە. وەگێڕی ئەم ڕۆمانە بە گێڕانەوەی چیرۆکێکی فۆلکلۆریی دەستپێدەکات، کە چیرۆکی (کوڕە کەچەڵ)ە. دواتر بە خێرایی باز بەسەر ئەم چیرۆکە دەدات، کە چیرۆکێکی زانراوە و لە پاڵ ئەمە چیرۆکێکی دی بەیان دەکات، کەوا چیرۆکێکی نەزانراوە، ئەویش چیرۆکی (کوڕەقژدرێژ)ە، کە کارەکتەرێکی سەرەکیی ڕۆمانەکەیە. ئەم کارەکتەرە تاقانەی دایک و باوکیەتی، لە خانەوادەیەکی بورژوازییە. بە هۆی ئەوەی هەر لە لەدایکبوونییەوە قژێکی زۆری هەبووە، ئەمەش وای کردووە لای دام و دەزگا کۆمەڵایەتییەکان وەک کەسێکی نامۆ دەربکەوێت. دووچاری گاڵتە و جنێو و سوکایەتی بووەتەوە و لە قوتابخانە دەرکراوە. لە لایەن دەزگای ئەمن چەند جارێک گیراوە و بە مقەست لەناو بازاڕ بە بەر چاوی خەڵکەوە قژیان هەڵپاچیوە، کەچی ئەوەندەی نەبردووە لە جاران زیاتر قژی درێژ بووەتەوە. ئەمە جگە لەوەی کوڕێکی تاقانەیە، بەڵام هەمیشە لە ماڵەوە تەنیایە و دوورە لە سۆز و خۆشەویستیی دایک و باوکی. دایک و باوکی بە هۆی سەرقاڵ بوونیان بە ژیان و کاری بازرگانی، کاتیان بۆ کوڕەکەیان نەماوە، ئەمەش هێندەی دیکە کردوویەتیە کەسێکی نامۆ و گۆشەگیر. ڕۆژێکیان کاتێک (کوڕە قژدرێژ) دێتەوە ماڵ، باوکی لە ماڵ دەبینێت، کەوا دیارە زوو گەڕاوەتەوە ماڵ. ئەمەش سەرنجی ڕادەکێشێت و بە ڕوانین لە هەڵسوکەوتەکانی باوکی، بۆی دەردەکەوێت، باوکی دووچاری گرفتێکی گەورە بووەتەوە و زۆر ناڕەحەت و غەمبارە. باوکی داوای لێ دەکات، کە بەر لەوەی ماڵ جێبهێڵێت و بە یەکجاری نەیبینێتەوە، دەیەوێت کۆمەڵێک ئامۆژگاری بکات، کە پەیوەستە بە داهاتووی ئەوەوە. کەچی کوڕەکەی ئەو داوایەی باوکی ڕەت دەکاتەوە، ئەمەش باوکی زۆر تووڕە دەکات. دوای دەمەقاڵێیەکی زۆر، دوا جار تەنیا ڕێی دەدات یەک ئامۆژگاری پێ بڵێت، کە پەیوەستە بە سامانە زۆرەکەی و میراتەکەی، تا ڕێک پێچەوانەی ئەوە بکات. دوای ڕۆیشتنی باوکی بە شپرزەیی، دواجار لەگەڵ دایکی لە شەڕێکی پارتیزانەکان دەکوژرێن و کوڕەکەیان تەنیا دەمێنێتەوە. ئەم کارەکتەرە، کارەکتەرێکی یاخییە لە خێزان و کۆمەڵگەکەی، هەوڵدەدات هەموو سامانە زۆرەکەی باوکی لەناو ببات، چونکە بە سامانێکی ساختەی دەزانێت؛ تا لەم ڕێیەوە تۆڵەی خۆی لە باوکی بکاتەوە. ئەو ڕابردووە بە هی خۆی نازانێت و دەیەوێت خۆی ئێستا و داهاتووی خۆی بنیات بنێت. دوای مردنی دایک و باوکی، دوو قۆناغ لە ژیانی ئەم کارەکتەرە دەست پێدەکات، قۆناغی لەناو بردنی سامانەکەی باوکی، ئەویش لە ڕێی هێنانی کۆمەڵێک ئامێری نامۆ بە کۆمەڵگە و ساغ کردنەوەیان لە وڵات. دوای لەدەستدانی سامانە زۆرەکەی، قۆناغی دووەم لە ژیانیدا دەست پێدەکات، کەوا قۆناغی سەر لە

نوێ کۆکردنەوەی سامانە بە کرێکاری و هەوڵدان بۆ دەوڵەمەند بوون و پەیداکردنی سامان، کە ئەم جۆرەیان بە هیی خۆی دەزانێت. بۆیە شەوان لەبەر دەرگای دووکانەکان دەخەوێت و بەیانی خەریکی کرێکاری کردنە لە بازاڕ. لەم نێوەندەشدا ئاشنایەتی لەگەڵ دوو ژن پەیدا دەکات، کە ئەوانیش (ژنی ساڵۆن و ژنی ژێرزەمین)ن. هەردووکیان عاشقی کوڕە قژدرێژ دەبن و پەیوەندیی سۆز و خۆشەویستی لە نێوانیاندا دروست دەبێت. دواجار دوای گیرانی هەرسێکیان لە ئەمن و مردنی (ژنی ساڵۆن) لە ژێر ئەشکەنجە، لەگەڵ (ژنی ژێرزەمین) هاوسەرگیری دەکات. ڕۆژێکیان ژنی ژێرزەمین و کوڕە قژدرێژ و کچەکەیان بەیەکەوە دەچنە مۆزەخانە. هەرچەندە کوڕە قژدرێژ حەز بەم شوێنە ناکات، بەڵام لەبەر هاوسەر و کچەکەی ناچار دەبێت لەگەڵیان بڕوات. دوای بینینی هەموو ئەو شتە ئەنتیک و گرانبەهایانە لە مۆزەخانە، کوڕە قژدرێژ ئەو کەلوپەلانە بە ساختە دەزانێت. بۆیە یەکێک لەو ئامێرانە، کە سەردەمانێک خۆی لە ڕێی بازرگانەکان بۆ وڵاتی هێنابوو تا لێرە ساغی بکاتەوە، دەردەهێنێت و تێکی دەشکێنێت. بەم کارەشی لە لایەن خەڵکەکە ڕووبەڕووی سزا و لێدان دەبێتەوە و دواجار لە لایەن دەزگا ئەمنیەکان دەگیرێت و دەخرێتە زیندان، کە ڕەنگە دوای ئەم کارە جارێکی دی دەرەوە نەبینێتەوە.

### - یادەوەریی بووکەڵەکان

یەکێکی دیکەیە لە ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور)، کە لە ساڵی (٢٠٢١) چاپ و بڵاوکراوەتەوە. کارەکتەری سەرەکیی ئەم ڕۆمانە (نەریمان)ە، کە بە (کوڕمان) ناسراوە. کۆمەڵێک کارەکتەریی سەرەکیی و لاوەکیی دی هەن، کەوا ڕۆڵیان لە بەرەوپێشچوونی ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانەدا هەیە، وەکو: (ڤیان)ی خێزانی - (پەنژێ خان)ی خەسووی - (دادە نەهران) – یەشار – شادی – دادە نەسیمەی خوشکی دادە نەهران- وەستا هیشۆ. شوێن لەم ڕۆمانەدا (هەولێر – بەغدا – هاندەران)ە، کاتی ڕووداوەکان لە سێ کاتی جیاواز ڕوویانداوە. (سەدەی نۆزدە، سەدەی بیستەم – سەدەی بیست و یەک). بنیاتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە بازنەییە. لەو شوێنە دەست پێدەکات، کەوا (کوڕمان) لە کەمپی پەنابەران ناونووس دەکرێت. دواتر لە ڕێی تەکنیکی دواخراوی، یادەوەریی ڕووداوەکانی ڕابردوووی خۆی و خێزانەکەی دەنووسێتەوە و دەیەوێت لە شێوەی ڕۆماندا چاپی بکات. ئەم ڕۆمانە لە دەروازەیەک و (٣١) بەش و پاشکۆیەک پێکهاتووە، (٦٢١) لاپەڕەیە. (کوڕمان) لە ڕێی گەیشتن بە ئەورووپا لەگەڵ (ڤیان)ی خێزانی دووچاری ئەشکەنجە و ئازار و هەوراز و نشێوی زۆر دەبێت. کاتێک لە لایەن

فڕۆکەیەکی تورکی دەپێکرێت، دەستێکی لەدەستدەدات و (ڤیان)ی خێزانیشی لێ ون دەبێت. ئەمە لە کۆتایی ڕۆمانەکە خوێنەر بۆی ئاشکرا دەبێت، کەوا هۆکاری قرتانی دەستەکەی چییە. (کوڕمان) لە ڕێی یادەوەرییەوە ڕووداوەکانی ڕابردووی بەیان دەکات. چۆنیەتی ناسینی (ڤیان) و ونبوونی، دواتر هەوڵی بێ وچانی بۆ گەیشتنەوە پێی و هاوسەرگیری کردن لەگەڵی. ئەم ڕۆمانە فرە ڕووداو و فرە کارەکتەرە. هەر کارەکتەرێک چیرۆکێکی خۆی هەیە، چیرۆکەکانیش بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیی بە کارەکتەری (کوڕمان)ەوە هەیە و لە ڕێی وەگێڕ یان لە گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکاندا ڕووداوەکان دەگێڕدرێنەوە. (کوڕمان) خوێندکاری بەشی کۆمەڵناسییە، لە هەمان کاتیشدا ئەندامی پارتێکی سیاسییە. کاتێک لە لایەن پارتەکەیەوە بۆ کارێکی سیاسی بە ناسنامەیەکی ساختەوە ڕادەسپێردرێت بچێت بۆ بەغدا، لە گەڕانەوەیدا لە گەراژی هەولێر چاوی بە (ڤیان) دەکەوێت، کە دوو تووتکە سەگی پێیە و داوای یارمەتیی لێدەکات، بۆ گەیاندنەوەی ئەم تووتکانە بۆ بەغدا. کاتێک پیاوانی ئەمن دەگەنە لایان و لە بارەی ئەو تووتکە سەگانە پرسیاری لێدەکەن، (کوڕمان) خۆی دەکات بە خاوەنی، هەر لەم کاتەدا (ڤیان) دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا. لەمەوە (کوڕمان) عاشقی (ڤیان) دەبێت و بەڵێن دەدات بە دوای ئەم کچەدا بگەڕێت و تووتکە سەگەکانی بۆ بباتەوە. دوای ساڵێک و چەند مانگێک ئەو بەڵێنە دەباتە سەر و تووتکە سەگەکان بۆ (ڤیان) دەباتەوە و (ڤیان)یش دەکات بە هاوسەری خۆی. کارەکتەری (کوڕمان) هەر لە منداڵییەوە، کارەکتەرێکی بزێو بووە، بۆیە لە ڕێی یادەوەرییەوە ڕووداوەکانی سەردەمی منداڵی و هەرزەکاری خۆی دەگێڕێتەوە. جگە لەمەش لە کۆلیژ سیخوڕیان بۆ داناوە، لە لایەکی تریشەوە بە هۆی دەستگیرکردن و بێ سەر و شوێن کردنی چەند هاوڕێیەکی لە لایەن پیاوانی ئەمنەوە، لە لایەن دەوروبەر گومانەکانی لەسەر زیاد دەبن و پێیان وایە پیاوی ئەمنە و سیخوڕە بە سەریانەوە. ئەم بارودۆخەش (کوڕمان) دووچاری گۆشەگیری و تەنیایی و نامۆیی خودی دەکەن. لە پاڵ ئەم یادەوەرییانە، یادەوەریی کۆمەڵێک کارەکتەری دی هەن. کۆمەڵێک کارەکتەری سەرەکیی هەن، هەریەکەیان خاوەن یادەوەریی خۆیانن. (دادە نەهران) یەکێکی دیکەیە لەو کارەکتەرانەی خەسووی (سەلار)ی پووری (کوڕمان)ە. ئەو کارەکتەرە زۆر هۆگری (کۆڕمان)ە، بە تایبەتی شێوازی ڕۆیشتنی. (کوڕمان) لە منداڵییەوە بەوە ناسراوە، کەوا لە ڕۆیشتندا هەنگاوەکانی زۆر خاون، لە کاتێکدا لە ڕاکردندا زۆر خێرایە. ئەگەرچی مێردی (دادە نەهران)، ئاوەڵزاوای خۆی کوشتووە، تەنیا لەبەر ئەوەی گاڵتەی بە شێوازی ڕۆیشتنی خێزانەکەی کردووە، کەچی (دادە نەهران) خۆیشی هۆگری ئاوا شتێکی سەیرە.

(نیدی) یەکێکی دیکەیە لەو کارەکتەرانەی لە ماڵی (دادە نەهەران) گەورە بووە، بە هۆی ڕاگوێزانی دایک و باوکی و بردنیان بۆ بیابانەکان. بۆیە (کوڕمان) بە خوشکی خۆی دەزانێت و زۆر یەکتریان خۆش دەوێت. زۆریش لەوە دەترسێت بە هەر هۆکارێک بێت (نیدی) لە دەست بدات بەتایبەتی کاتێک گەورە دەبێت و پەیوەندیی خۆشەویستیی لەگەڵ (شادی)ی سیخوڕ و هاوڕێی (کوڕمان) دروست دەکات. (کوڕمان) پێی وایە (شادی) تەنیا بۆ ئەوە پەیوەندیی لەگەڵ (نیدی) دامەزراندووە، تا لە ڕێیەوە زیاتر ئاشنای نهێنییەکانی ژیانی ئەوان بێت، بۆیە زۆر نیگەران و تووڕەیە و نایەوێت ئەمە سەربگرێت، کەچی (نیدی) سوورە لەسەر ئەوەی شووی پێ بکات. وردەوردە لەگەڵ نزیکبوونەوە بە کۆتایی ڕووداوەکان (کوڕمان) باس لەو ساتانە دەکات، کەوا ماڵی (ڤیان) دەدۆزێتەوە و بە تووتکە سەگەکانەوە دەچێتە ماڵیان. ئەوەی جێی سەرنجە (ڤیان) بەو مەرجە هاوسەرگیری لەگەڵ (کوڕمان)دا دەکات، کە ڕێی بدات (بازۆ) لەگەڵ خۆی بهێنێت. سەرەتا (کوڕمان) تووشی شۆکی دەروونی و داڕووخان دەبێت، دواتر بۆی دەردەکەوێت، (بازۆ) بووکەڵەیە، بۆیە زۆر گرنگی پێنادات، بەڵام (ڤیان) زۆر هۆگری بووە و وەک مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. دوای ئەوەی (کوڕمان) و (ڤیان) بڕیار دەدەن بە قاچاغ بڕۆن بۆ هەندەران، لە سەر سنووری تورکیا لە لایەن فرۆکەیەکی تورکی دەکرێنە ئامانج، بەو هۆیەوە کوڕمان دەستێکی لەدەستدەدات و (ڤیان) و بووکەڵەکەیشی ون دەبن و ببڕای ببڕ نایاندۆزێتەوە.

## تەوەری یەکەم: ناونیشان لە ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسووردا

### بنیاتی ناونیشان

وشەی بنیات بەرانبەر وشەی (بنية)ی زمانی عەرەبی بەکارهاتووە. هەر لە بنەڕەتدا لە بواری تەلارسازی(معماري)، لە بنەچەی (Stuere) لاتینییەوە وەرگیراوە، کە بە مانای ((بینا یان ئەو ڕێگە و شێوازە دێت، کە بینایەکی دیاریکراوی پێ دروست دەکرێت. فەرهەنگە ئەوروپییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هونەری تەلارسازیی ئەوروپی لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەمەوە تا ئێستاش ئەم وشەیە بەو واتایە بەکاردەهێنن.))(فضل،١٩٨٧: ١٧٥) دواتریش ئەو زاراوەیە گوازراوەتەوە نێو ئەدەب و وەکو زاراوەیەکی ڕەخنەیی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی بەکارهاتووە. ڕەخنەگری فەرەنسی (لوسیان گۆڵدمان) بەم شێوەیە پێناسەی بنیات دەکات. ((بنیات واتە سیستەم، لە هەر سیستەمێکدا هەموو بەشەکان بەیەکەوە بەستراون بە شێوەیەک،

کە کاری هەر بەشێک ناتوانێت لە دەرەوەی بەشەکانی دیکەی سیستەمەکەدا هەبێت. بەو پێیەی ناتوانرێت سەرجەم سیستەمەکە بناسرێت بێ ناسینی بەشەکانی تری.))(حسەین، ٢٠٠٨: ٢٣) ناونیشانیش وەک دەروازەی چوونە نێو هەر دەقێکی ئەدەبی، خاوەن بنیاتی تایبەتیی خۆیەتی، چونکە ناونیشان، کە لە چەند ئاماژەیەکی زمانی پێکدێت، ئەم ئاماژە زمانییانە یارمەتیی خوێنەر دەدەن، بۆ چوونە نێو دەق و ئاشکرا کردنی لایەنە شاراوەکانی دەق. (محمد فکری الجزار) وا پێناسەی ناونیشان دەکات، کە ((جۆرێکە لە دەق، کە خاوەن بنیات و بەرهەمهێنەری واتایە.)) (الجزار،١٩٩٨: ١٥) بەمەش (الجزار) ناونیشان وەکو دەقێکی بچووک لە نێو دەقێکی گەورەدا سەیردەکات، کە خاوەن بنیات و دەلالەتی خۆیەتی. ڕەخنەگران لە بارەی بنیاتی ناونیشانەوە بۆچوونی جیاوازیان هەیە، هەندێک لە ڕەخنەگران تەنیا دەڕواننە ڕووخساری دەق و لە ڕێی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕووخسارەوە لە بنیاتی هونەریی دەق دەگەن. بەشێکی دیکەیان لە ڕێی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ناوەرۆکی دەق دەڕواننە دەق و لێی تێدەگەن. بەشێکی دیکەشیان هیچ لایەنێک پەراوێز ناخەن، بەڵکو لە هەردوو لایەنی ڕووخسار و ناوەرۆک لە دەق دەڕوانن. بەمەش ((سروشتی پێکهاتەی دەق ڕۆڵێکی مەزن دەگێڕێت، چونکە پێکهاتەی هەر دەقێک جیاوازە لە پێکهاتەی دەقێکی دیکە، کە هەندێکیان خاوەن لادانی زمانی و سیمانتیکی باشن و هەندێکیشیان لادانی لاواز لە خۆیان دەگرن، کە فاکتەرێکی بەهێزن بۆ ئاشکراکردن و دۆزینەوەی بنیاتی دەق. ڕەنگە هەر لادانێک ببێتە بنیاتێک بۆ دەق. ڕۆڵی نووسەریش لە دارشتنی ناونیشان و چۆنیەتی بەرجەستەکردنی ئەو بنیاتەی لە ئەنجامی لادانەکەوە دروستبووە دیاردەبێت.))(خالد،٢٠٢١: ٤٣) بۆیە لەسەر خوێنەر پێویستە بە شێوەیەکی قووڵ لە ناونیشان بڕوانێت، بۆئەوەی لە ڕێی بنیاتی ناونیشانەوە لە بنیاتی دەق بگات.

**- چەمک و زاراوەی ناونیشان**

لە ڕووی زاراوەوە ناونیشان بەرانبەر (العنوان)ی عەرەبی و (عنوان)ی فارسی و (Title)ی ئینگلیزی دێت. ڕەگەزێکی سەرەکیی دەقی ئەدەبییە، یەکەم دەروازەیە لە ڕێیەوە خوێنەر بە دەق دەگات. بۆیە نووسەران و ڕەخنەگران بە بایەخەوە لەم بابەتەیان ڕوانیوە. لە ڕێی ناونیشانەوە کۆمەڵێک پرسیار لای خوێنەر گەڵاڵە دەبێت، بەر لەوەی بچێتە نێو مەغزا و ناوەرۆکی دەقەکە، ((بەو جۆرەی نووسەری شارەزا بە هۆی ناونیشانەوە کنجکۆڵی خوێنەر دەوروژێنێت بۆ شوێنکەوتنی ئەو تیشکە بچووکەی وەک ناونیشان خراوەتە ڕوو، تاکو بۆ شەبەنگە ڕووناکییەکە بڕوات و گرێی واتایی ناونیشانەکە بکاتەوە.))(کەسنەزانی،٢٠٢٢: ٢١٢) (لیۆ هۆک)

دامەزرێنەری زانستی ناونیشـان بەم شـێوەیە پێناسـەی ناونیشـان دەکات: ((ناونیشـان کۆمەڵە نیشانەیەکی زمانییە، "وشە – دەستەواژە– ڕستە " لە خۆی دەگرێت، لە بەشی سـەرەوەی دەق جێگیر دەکرێت، بۆ ئەوەی ناوەرۆکەکەی بە خوێنەر بناسـێنێت و سـەرنجی خوێنەر بۆ خۆی ڕابکێشـێت. ))(Hoek,1981; 5) هەڵبـژاردن و دەستنیشـانکردنی ناونیشـانێک بۆ دەقێکی ئەدەبی ئەرکێکـی سـادە نیـیە، بەڵکـو یەکـێکە لە کـارە دژوارەکـانی نووسـەر، کەوا تێڕامـان و وردبـوونەوەیەکی زۆری پێویسـتە. بـۆیە نووسـەری بەئاگـا لە ڕێـی ناونیشـانی دەقەکەیەوە دەیەوێـت ختـووکەی خـوێنەر بـدات، تـا بەدوای هـێڵە گشـتییەکانی نێـو دەقەکەیـدا ڕۆبچێـت و دەلالەت و واتا شاراوەکانی دەق بدۆزێتەوە و بیری خوێنەر بە لای خۆیدا کێش بکات. (ژێرار ژینێت) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ناونیشـان زۆربەی کات کۆمەڵە ڕەگەزێکی نیمچە پێکبەستراوە، کە وابەستەیە بە ئاڵۆزکردنەوە و هاوکات پەیوەست نییە بە ڕێکخستنی درێژییەوە.))(علی،٢٠١٣: ٥١٣) بۆیە ئەو وشانەی کە پێکهاتەی ناونیشان پێکدێنن، تەنیا چەند وشەیەکی زمانیی سادە نین، بەڵکو هەڵگری کۆمەڵێک ڕۆنانن. ئەم وشانە بارگاوین بە کۆمەڵێک واتا، کە لە ڕێی خوێندنەوەی دەقەوە خـوێنەر پێیـان ئاشـنا دەبێـت. لێـرەوە خـوێنەری سـادە و خـوێنەری زەیـن ڕوون جیـادەبنەوە. خـوێنەری زەیـن ڕوون خـاوەن پاشـخانێکی ڕۆشـنبیرییە و زووتـر لە هێمـا و ڕەمزەکـانی ناونیشـان تێـدەگات. لە ڕێـی خوێنـدنەوەیەکی قـووڵەوە مانـای نـوێ و جیـاواز بە ناونیشان دەبەخشێت. هەر بۆیە ناونیشان ((دەقێکی بچکۆڵەی چڕکراوی ڕستەیی پڕ لە ئیحـایە، کە ڕۆڵێکـی گرنگـی لە چـۆنیەتی خوێنـدنەوەکەدا هەیە، لە ئاسـتی دەربڕینیشـدا پێکهـاتەیەکی زمانەوانییە و لە سەرەوەی دەقەوە ڕۆڵی لە خەملاندنی بابەت و شـەقڵ پێدانی تیمەی ڕۆماندا هەیە، هەوڵدەدات کۆد و هێماکانی دەق بکاتەوە و (بینین)ی نووسەرەکە لە لای خـوێنەر ڕۆشـن بکـاتەوە.))(ئەسـوەد،٢٠٠٦: ٧٤) کەواتە ناونیشـان هەمـوو تیشـک و ڕەنگەکـانی نـاوەرۆکی دەق لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، هەروەکو (لوسیان گۆڵدمان) بە (چراخانی دەق) ناوی دەبات، کە تیشکەکانی بەرووی خوێنەر پەرشوبڵاو دەکات و لە ڕێیەوە کەمەندکێشی نێو دەقەکەی دەکات. ((ناونیشان سوورەییای دەقە و دەتوانێت ڕێگە و کەلەبەرە تاریکەکانی خوێندنەوەی دەق ڕوونـاک بکـاتەوە و لە سەرەوە تیشک دەهاوێژێتە سەر بەشێکی زۆری ڕووبەری مەتن.))(ئەسوەد،٢٠٠٦: ٧٥)

لە کۆی هەموو ئەو بۆچوونانەی سەرەوە، دەتوانین بڵێین؛ ناونیشـان ڕەگەزێکی گرنگی دەقە و پێناسیی دەق بۆ خـوێنەر دەکـات و ڕێنیشـاندەریەتی بۆ نـاوەوە، تـا لە ڕێیەوە ڕەمز و هێمـا شاراوەکانی دەق بناسێتەوە.

**- گرنگیی ناونیشان لە دەقی ئەدەبیدا**

ناونیشان بایەخێکی گرنگیی زانستی بۆ تێگەیشتن لە دەق هەیە، ئەمەش بەو واتایە نییە کە تەواوی واتای دەق لە ناونیشاندا کۆببێتەوە، بەڵکو ناونیشان دەستپێکێکە بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی دەق ڕابکێشێت. بەمەش ناونیشان پێکهاتەیەکی گرنگی جەستەی دەقە و نووسەر ناتوانێت فەرامۆشی بکات. ((هەر لەبەر ئەمەیە هیچ دەقێک نییە ناونیشانێکی نەبێت، تەنانەت ئەگەر بە ئاماژەیەکی ڕێنووسی، یان نیشانەیەکی خاڵبەندییش بێت دەبێت دەق ناونیشانێکی هەبێت.))(مەولود،٢٠٢٣: ١٥٥) ناونیشان لەسەر جوگرافیای دەقە، ئەو مەدلول و هێمایانە بە وەرگر دەبەخشێت، تاکو کەمەندکێشی نێو دونیای دەقی بکات. بۆیە هەموو دەقێک خاوەن جۆرێک لە ناونیشانە، بەڵام ئەم دیاردەیە لە شیعر و لە زۆرێک لە ژانرەکانی دیکەدا هەیە، کە دەشێت شیعرێک بێ ناونیشان بێت. دواجار ئەوە وەرگرە، کە دەتوانێت ناونیشانێک بە دەقەکە ببەخشێت. ئەگەرچی لە ڕەخنەی کۆندا گرنگییەکی ئەوتۆ بە ناونیشان نەدرابوو، ڕەخنەگران تەنیا ناونیشانیان بە دەربڕینێکی زمانی دادەنا، بەڵام دوای فراوان بوونی توێژینەوە زمانەوانییەکان و قوتابخانەی بونیادگەری لە چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەم لە فەرەنسا و ئەورووپا، گرنگییەکی زۆر بە ناونیشان درا و وەکو زانستێکی سەربەخۆ لە بنیاتنانی دەق ناسێنرا. ڕەخنەگرانی وەک (ژیرار ژینیت و هنری متران و لیۆ هۆک و شارڵ گریڤڵ و لوسیان گۆڵدمان) لە دیارترین ئەو ڕەخنەگرانە بوون، بایەخیان بەم زانستە دا. زۆربەی ڕەخنەگران هاوڕان لەسەر ئەوەی ڕەخنەگری فەرەنسی (لیۆ هۆک) بە دامەزرێنەری زانستی ناونیشان دادەنرێت. ئەم گرنگیدانەی ڕەخنەگرە ڕۆژئاواییەکان، وای لە ڕەخنەگرە عەرەبەکانیش کرد بە گرنگییەوە لەم بابەتە بڕوانن. لەبەر گرنگیی ناونیشان، نووسەران بایەخێکی زۆر بە داڕشتن و هەڵبژاردنی ناونیشانی دەقەکەیان دەدەن. هەوڵدەدەن ناونیشانەکانیان هونەریی و ئیستاتیکی بێت، چونکە ئەم ناونیشانە گوزارشت لە ناوەرۆکی دەق دەکات و دەبێتە دڵخوازی خوێنەریش. ئەمە جگە لە گرنگییە ئابوورییەکەی، کە لەلایەنی ماددییەوە سوودی بۆ نووسەر دەبێت، بەهۆی کڕینی ئەو بەرهەمە لەلایەن خوێنەرەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر لە دەقەکە نزیک ببێتەوە. کەواتە ناونیشان ((ئەگەر شیعرییەتی جوان و بەرزی تێدا بوو، ئەوا ئەو دەقە کاریگەری پتری دەبێت. بۆیەیش ناونیشان خزمەت و ئەرکێک بە دەق دەبەخشێت.))(مەنتک،٢٠١٧: ٤٩) کەواتە هەڵبژاردنی ناونیشانێک بۆ دەق لە لایەن نووسەرەوە ئەرکێکی قورسە، دوای پرۆسەی تەواوکردنی دەقەکە، ئەو ئەرکەیان دەستپێدەکات. (بەختیار عەلی)ی نووسەریش، کە تێکستەکانی ناونیشانی جیاواز و سەرنجڕاکێشەریان هەیە، بە تایبەت ڕۆمانەکانی، لە بارەی چۆنیەتی مامەڵەی خۆی لەگەڵ ناونیشان دەڵێت: ((لە سەرەتادا کە تێکستێک دەنووسم ناوێکی

لێدەنێم، بەڵام هەرگیز ئەو ناوە وەکو خۆی نامێنێتەوە، تا لەسەر ناوێک ئەگیرسێمەوە زۆری دەوێت، یەکێک لە قورسترین نووسینەکانم بڕیاردانە لەسەر ناو، چونکە پەیوەندی یەکەمی تۆ لەگەڵ خوێنەرەکەتدا ناوی تێکستەکەیە.))(خالد،٢٠٢١: ١٥) بەمەش نووسەر لە دانانی ناونیشانێک بۆ دەقەکەی، جگە لەوەی دەبێت لەگەڵ ناوەرۆکی دەقەکەیدا بیگونجێنێت، لە هەمان کاتیشدا دەروون و ناخی خوێنەریشی لەبەرچاو گرتووە، چونکە ناونیشان پردی پەیوەندیی سێگۆشەی نێوان (نووسەر – دەق - خوێنەر)ە. بەمەش ئەم توخمە گرنگە پەیوەندییەکی هاوتەریب لەگەڵ هەریەکە لە نووسەر و دەق و خوێنەر پێکدەهێنێت.

بەو پێیەی نووسەر داهێنەری دەقە و لەناو دەقیشدا داهێنەری ناونیشانی دەقە، بەمەش پەیوەندیی نووسەر لەگەڵ دەق و ناونیشان پێوەندییەکی دیالێکتیکییە. ((ناونیشان هەڵگری دوو پەیامی سەرەکییە: لە یەکەمیاندا وەک پێکهاتەیەکی زمانی کۆمەڵێک دەلالەتە، لە دووەمیشیاندا هەڵگری لایەنی دەروونیی نووسەرە.))(خالد،٢٠٢١: ١٧) دەشێت نووسەر دوای پرۆسەی نووسین و تەواو بوونی دەق، ناونیشان هەڵبژێرێت یان ناونیشانێک دابڕێژێت پێش نووسینی دەقەکەی، ئینجا دەست بە پرۆسەی نووسین بکات، یانیش گەڵاڵەی ناونیشانێک لە هزریدا بوونی هەبێت و لەگەڵ پرۆسەی نووسینی دەقەکەدا ناونیشان لەدایکببێت. لەم بارودۆخەشدا پەیوەندیی نووسەر بە ناونیشانەوە دەبێتە پەیوەندییەکی ئەگەری. هەریەک لەم ئەگەرانەش لە لایەن نووسەر و ڕەخنەگرانەوە ڕاوبۆچونی جیاوازیان لە بارەیەوە نووسراوە. نووسەر و ڕۆماننووسی فەرەنسی(جان جیرۆدۆ ١٨٨٢-١٩٤٤) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کەوا پێویستە پرۆسەی نووسینی دەق تەواو بکرێت، ئینجا ناونیشان بۆ دەقەکە هەڵبژێردرێت تا ببێتە کاڵایەکی پڕ بە باڵا. بۆیە داوا لە نووسەرانی ڕۆمان دەکات، کە ((پێش دەستکردن بە نووسین، خۆیان لە دانانی ناونیشان بە دوور بگرن، چونکە وا لە نووسەر دەکات دەقێک بنووسێت لەگەڵ ناونیشان گونجاو بێت.))(خالد،٢٠٢١: ١٩)

نووسەر و ڕەخنەگری فەرەنسی(جاین جیونو ١٨٩٥-١٩٧٠)یش بۆچوونی وایە، کەوا پێویستە لە سەرەتادا ناونیشان لای نووسەر دانرا بێت، ئینجا دەست بە پرۆسەی نووسینی دەقەکەی بکات تا بەرچاو ڕوونی هەبێت، کە چۆن و چی دەنووسێت، بۆیە دەڵێت: ((زۆر جار چیرۆک لەناو دەچێت، ئەگەر بینووسم و پێشتر ناونیشانم بۆ دانەنابێت، بۆیە سەرەتا پێویستی بە ناونیشانە، ناونیشان نیشانەیەکە و ئێمە بۆی دەچین، ئامانجیش لە دەق شیکردنەوەی ناونیشانە.))(خالد،٢٠٢١: ١٩-٢٠) جیا لەم بۆچوونانەی سەرەوە، بۆچوونێکی دی هەیە، پێی وایە، دانانی ناونیشان لە پێش یان لە دوای پرۆسەی نووسینی دەق، کاریگەریی ئەوتۆی لەسەر

بونیادی دەق نابێت، بەڵکو نووسەر بە وریاییەوە بیرۆکەی نووسینی دەق و ناونیشانی لە هزردا چەکەرە دەکات. بە بۆچوونی ئێمە ناونیشان خۆی لە بنەڕەتدا کۆد و هێمایە، هەڵگری کۆمەڵێک دەلالەتە. ئەم ناونیشانە لە هزری نووسەر ئامادەیی هەیە، لەگەڵ لەدایکبوونی دەق، دەستپێدەکات و لە کاتی تەواوبوونی پرۆسەی نووسیندا جێگیر دەبێت. خاڵێکی دیکەی گرنگ لە پەیوەندیی نێوان نووسەر و دەق پێویستە ئاماژەی پێبکەین، ئەویش گەیاندنی مەبەستی نووسەرە لە ڕێی ناونیشانەوە. بە واتایەکی دی ناونیشان هەڵگری پەیامێکە لە نووسەرەوە بۆ وەرگر، کە ئەمەش بە ئەرکێکی گرنگی ناونیشان دادەنرێت. هەروەکو ڕەخنەگری عەرەب (محمد فكری) جەخت لەسەر ئەو ئەرکەی ناونیشان دەکاتەوە و پێی وایە ((ناونیشان وەکو مەبەستی نێرەر وایە.))(الجزار،١٩٩٨: ٢١)

ئەو پەیوەندییەی نێوان نووسەر و ناونیشان لە میانەی پەیوەندیی نێوان نووسەر و دەق گرنگییەکی زۆری پێدراوە و تا ماوەیەکی زۆر لە ڕەخنەی ئەدەبیدا جەختی لەسەر دەکرایەوە. کەچی ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخ زیاتر گرنگی بە پەیوەندیی ناونیشان بە دەق دا، بەو پێیەی ناونیشان ڕۆڵێکی گرنگ لە بونیادنانی دەق دەبینێت و پێویستییەکە لە پێویستییەکانی دەق، ((دەکارێت وەها سەیر بکرێت کە چرکەرەوەی جیهانبینیی دەق بێت.))(قەرەداغی،٢٠٢٢: ١٥١) ئەم گرنگیدانە بە پەیوەندیی نێوان ناونیشان و بونیادی دەق زیاتر لای نیشانەناسەکان دەردەکەوێت، چونکە ((نیشانەناسەکان باوەڕیان وایە شتێک لە دەرەوەی دەقەوە نییە، بەو پێیەی هەموو شتەکان گوتارن و بە شێوەیەک لە شێوەکان دەرەوەی دەق لە ناوەوەی دەقدا لە ڕێگەی دەلالەتەکانەوە دەبینرێتەوە.))(رەئوف،٢٠١٦: ٢٨٣)

ناونیشان کلیلی کردنەوەی کۆدەکانی دەقە، لە ڕێیەوە دەق شرۆڤە دەکرێت و هێما شاراوەکانی دەدۆزرێتەوە. واتە ((کلیلێکی شرۆڤەکاریی بنچینەییە بۆ کردنەوەی لایەنە دەخراوەکانی دەق.))(ڕەشید،٢٠٠٧: ٥٣) بەمەش پەیوەندیی ناونیشان بە دەق خۆی لە پەیوەندییەکی دیالێکتیکیدا دەبینێتەوە، کە لە ڕێی خوێندنەوەی دەقەوە دەتوانین لە دەلالەتەکانی ناونیشان تێبگەین و لایەنە شارەوەکانی ئاشکرا بکەین. بە واتایەکی دی ((ئێمە ناتوانین ناونیشانێکی بێ دەق بخوێنینەوە یان لە هەموو مانا و دەلالەتەکانی تێبگەین بێ ئەوەی دەقەکە بخوێنینەوە، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.))(قطوس ،٢٠٠١: ١٦٦)

دروستبوونی قوتابخانەی کۆنستانسی ئەڵمانی، کە (ڕۆبەرت یاوس) و (وۆڵفگانگ ئایزەر) ڕابەرایەتییان دەکرد، گرنگییەکی زۆری بە خوێنەر و ڕۆڵی خوێنەر لە ڕاڤەکردنی دەقدا، بەو پێیەی هەر دەقێکی ئەدەبی کاتێک لای نووسەر لەدایکدەبێت، دوای ئەمە پەیوەندیی بە

نووسەرەوە نامێنێت و لە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی دەبێت لەگەڵ خوێنەر، ((ئەم دوو ڕەخنەگرە هەوڵی چەسپاندنی گوتارێکی ڕەخنەییان دەدا، کە بایەخ بە پێوەندیی دیالەکتیکیی نێوان دەق و خـوێنەر بـدات و تێڕوانینێکـی ڕەخنەیـیش دابمەزرێنێـت، کە هەوڵـی دەرخسـتنی کـاریگەریی خوێنـدنەوە بـدات.))(قطـوس،٢٠١١: ٢١٧) ناونیشـانیش وەک پێکهـاتەیەکی گرنگیـی دەق دەبێـتە ((سـەرچاوەیەکی دانووسـتان لە نێوان دەق و وەرگر، کە تێیدا ڕووبەڕووی یەکتـر دەبـنەوە و دەبێتە هۆی ڕاکێشانی خوێنەر بۆ قووڵایی دەق.))(خالد،٢٠٢١: ٢٤-٢٥) بێگومـان ئەو خـوێنەرەش، خوێنەرێکی زیرەک و لێهاتووە. خوێنەرێکە توانای لێکدانەوە و خوێندنەوەی کۆدە جیاوازەکانی دەق و هەڵوەشـاندنەوە و دووبـارە بنیاتنـانەوەی دەقـی هەیە، هەروەکـو (ڕۆلان بـارت) جەخـت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کەوا ((ئامانجی کاری ئەدەبی ئەوەیە؛ کە خـوێنەر بکاتە بەرهەمهێنەری دەق، نەوەک تەنیا بەکاربەری دەق بێت.))(الغذامی،١٩٩٣: ٢٦١) بەمەش پەیوەندیی نێوان ناونیشـان و دەق پەیوەندییەکی سەرنجڕاکێشە و دەروازەیەکە لە ڕێیەوە خوێنەر ڕۆدەچێتە قووڵایی دەق. لە ڕێی لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی خۆیەوە پەی بە لایەنە شاراوەکانی دەق دەبات و هەوڵدەدات دەق هەڵبوەشێنێتەوە و لە ڕێی جیهانبینیی خۆیەوە، دووبارە دەق بنیات بنێتەوە.

## - ئەرکی ناونیشان

لە ڕەخنەی ئەدەبیی نوێدا گرنگییەکی زۆر بە بنیـات و پێکهـاتەی ناونیشـان دراوە، بەتـایبەتی لە لایەن نیشانەناسەکان، کەوا ناونیشانیان وەکو ڕەگەزێکی گرنگی بنیاتنانی دەق دەسـتنیشـان کـردووە و لەو پەیوەنـدییەیان کۆڵیـوەتەوە، کە ناونیشـان بە دەقەکەی هەیە. هەر بـۆیەش وەک یەکەم هەنگـاو لە ناونیشــانەوە دەسـتیان پێکـردووە، بـۆ ڕاڤەکردنـی دەق و قووڵبـوونەوە بە ناواخنی دەقدا. ئەو بایەخەی ناونیشان وا دەکات کۆمەڵێک ئەرکی بکەوێتە سەر. ئەم ئەرکانەش ئاڵۆز و تێکچڕژاون و ڕەخنەگران لە دیاریکردنی ئەرکەکانی ناونیشـاندا جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە، ئەگەرچـی لە دیــاریکردنی هەنــدێک ئەرکــدا هاوبەشــن. هۆکــاری ئەم جیــاوازییەی ڕەخنەگرانیش بۆ ڕۆڵ و گرنگی ناونیشان و ڕەنگدانەوەی لە هەر سێ جەمسـەری (نووسـەر – دەق – خـــوێنەر) دەگەڕێـــتەوە. (ژێـــرار ژینیـــت) چـــوار ئەرکـــی بـــۆ ناونیشـــان دیاریکردووە،(Genette,1987: 73-97) کە ئەمانەن:

**١- ئەرکی دەستنیشانکردن:** بە گرنگترین ئەرکی ناونیشان دادەنرێت، کەوا دەسـتنیشـانی جۆرە ئەدەبـیەکە و ناسـنامەی ژانـرە ئەدەبیـیەکە دەکـات و بەرهەمە ئەدەبیەکـانیش لە یەکتـر جیـا دەکاتەوە.

**٢- ئەرکی وەسفی:** ئەم ئەرکە وەسفی دەق دەکات. ناونیشان شتێک لە بارەی دەق دەدرکێنێت و جەوهەری دەقەکە ئاشکرا دەکات. گرنگی ئەم ئەرکەش لەوە دایە، کەوا ((ئازادی بە خوێنەر دەدات لە بارەی شیکردنەوە و تێگەیشتنی دەقەکە.))(رحیم،٢٠١٠: ٥٦)

**٣- ئەرکی ئیحائی:** ئەرکی ناونیشان ئاشکراکردنی مانا نییە، بەڵکە لەسەر بنەمای چڕکردنەوەی مانا لە بیری خوێنەر دامەزراوە، نەک ڕوونکردنەوەی مانا. بەم هۆیەوە ناونیشان وزەیەکی ئیحائی جوانیناسی بەدەست دەهێنێت، کە لەسەر بنەمای پێشێلکردنی زمانی ئاشنای چاوەڕوانکراو دەوەستێتەوە.

**٤- ئەرکی سەرنجڕاکێشان:** ئەم ئەرکەش سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی ڕادەکێشێت، بۆ خوێندنەوەی دەقەکە. (ژیرار ژینیت) ئاماژە بەوە دەکات، کەوا ((ناونیشان بوارێک بۆ خوێنەر دەڕەخسێنێت، بۆ بەخشینی بیرۆکەیەکی سەرەتایی دەربارەی ناوەرۆکی دەقەکە، ئەوە یەکەم هەستە، کە خوێنەر ڕادەکێشێت و بیر و هۆشی دەوروژێنێت، ئەمە جۆرە کاریگەرییەک دروست دەکات، کە بۆ ماوەیەکی کورت یان ماوەیەکی زۆر لە مێشکی خوێنەر دەمێنێتەوە.))(مستەفا،٢٠٢١: ١٣٨) مەرجیش نییە هەموو کاتێک ناونیشانی سەرنجڕاکێش گوزارشت لە ناوەرۆکێکی بەهێز و بیرۆکەی نوێ بکات، ڕەنگە کاتێک خوێنەر دەست بە خوێندنەوەی دەکات، پەشیمان ببێتەوە لە خوێندنەوەی و بەخشینی کاتێکی زۆر بەم بەرهەمە. بۆیە ئەم ئەرکە ڕێژەییە و جاری وا هەیە هەڵخەرەتێنەرە.

**- جۆرەکانی ناونیشان:**

**١- ناونیشانی سەرەکی:** ئەم جۆرەیان ناونیشانی سەرەکیی کتێب و دیوانە. ئەم ناونیشانە ناسنامەیان پێدەبەخشێت و بە ئاسانی لای خوێنەر وەردەگیرێت. نووسەر لە ڕێی پاشخانی ڕۆشنبیریی خۆی ئەم ناونیشانە بە باڵای دەقەکە هەڵدەبڕێت. ئەمەش خاڵی سەرەتایە و بە ناونیشانی ڕاستەقینە دادەنرێت.

**٢- ناونیشانی لقی:** ئەمەش بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردنی ناونیشانی سەرەکیی دەقە. ئەم ناونیشانە یارمەتیی ناونیشانی سەرەکی دەدات، بۆ کردنەوەی هێما و کۆدە تەمومژەکان. ئەمەش پەیوەستە بە نووسەرەوە. لە کوێ هەست بکات ناونیشانی سەرەکی ناتوانێت بە تەنیا هەموو واتای دەقەکە بخاتەڕوو، ئەو کاتە ناونیشانی لاوەکی وەک هاریکارێک بۆ ناونیشانە

سەرەکییەکە لە نێو دەقەکەیدا زیاد دەکات. واتا مەرج نییە ناونیشانی لقی لە هەموو دەقێکدا هەبێت، بەڵکو بەپێی پێویستیی دەق دادەنرێت.

## - دەلالەتەکانی ناونیشان لە ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور)دا

ناونیشان بەشێکە لە پرۆسەی نووسین، هەر نووسەرێک جۆرێک لە هۆشیاریی تایبەت بەخۆی هەیە. بە پێی ئەو هۆشیارییە ترازاوەی خۆی، ئەو هۆشیارییەی کە لە هیی ئەوانی دی ناچێت، دەبێتە کەناڵێکی سەربەخۆی خۆی. بە هۆی ئەو ڕوانینەی هەیەتی بۆ دروستکردنی کارەکتەر و ڕووداوەکان، لێرەوە ئەو تێکستە دروست دەبێت. بەمەش ناونیشان لەگەڵ پرۆسێسی کەسێتیی و ڕووداوەکان دروست دەبێت. (کاروان کاکەسوور) وەکو دەنگێکی دیاری نێو دنیای گێڕانەوە، لە ڕێی ناونیشانی ڕۆمانەکانی خوێنەر دەخاتە نێو ڕامانێکی قووڵەوە، بە هۆی ئەوەی ئەو ناونیشانانەی بۆ ڕۆمانەکانی هەڵی دەبژێرێت، ناونیشانی دەلالەت ئامێزن، بارگاوین بە کۆمەڵێک کۆد و ئاماژە و هێما. ((لە ڕێگای بەکارهێنانی کۆد و بەرجەستە کردنی هاودژەکان، کێشەی دیوێکی دیکەی پرسیار دەخاتەڕوو.))(عومەر،٢٠٧:٢٠٢٣) ئەمەش خوێنەر دووچاری هەڵوەستەیەک دەکات، تا لە ڕێی ئەو ئاماژە و هێما چڕ و کورتانەوە لە دەرگای هەستی خوێنەر بدات و بیخاتە دنیای بیرکردنەوە، تا لە ڕێی پرۆسێسی خوێندنەوە دەرگا داخراوەکانی دەق بخاتە سەر پشت و بە مانا شاراوەکانی بگات و ڕاڤەیان بکات. لەم بارەیەوە (کاروان کاکەسوور) دەڵێت: ((ناونیشان تەنیا ئایکۆنێک نییە بۆ ناسینەوەی تێکست، بەڵکو هەر خۆی بزوێنەری ماناکانە، ئەوە ناونیشانە ئاماژە بەوە دەکات، لە پشتیەوە ڕووبەرێکی دیکەی جیاواز و تایبەت لەم واقیعە هەیە و ئەوەمان بەسەردا دەسەپێنێت، بە چاوێکی جیاواز لەم ڕووبەرە بڕوانین، کە خاوەنی تایبەتمەندێتیی خۆیەتی. ناونیشان بەشێکی دانەبڕاوە لە زەمەنی خوێندنەوە، بەوەی بەردەوام لە یادەوەریماندا ئامادەیە، وەک بڵێی ئامانجی خوێندنەوە تەواوکردنی وێنەی ڕاستەقینەی ئەو بێت.))(عەلی،٢٠٠٩: ١٤٩) ئەگەر سەیری ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور) بکەین، بۆ نموونە ڕۆمانی (ڕێبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)، هەڵگری دەلالەتێکی وەسفییە. بەکارهێنانی هەردوو ڕەنگی (سوور و ڕەش) هەڵگری کۆمەڵێک مەدلولن. جگە لەمەش کۆی ڕووداوە سەرەکییەکانی نێو ڕۆمانەکە لەم ناونیشانە چڕ کراوەتەوە، ئەمەش توانای ڕۆماننووس بەدەردەخات لە وروژاندنی هەستی خوێنەر و کۆمەڵێک پرسیار لای خوێنەر دروست دەکات، کە لە ئاکامی خوێندنەوەدا پەیان پێ دەبات. ناونیشانی ڕۆمانی (ڕێگەکانی ژەهر)؛ بەستنەوەی هەردوو دەلالەتی ڕووداو و وەسفە لە ناونیشانێکدا.

ئەمەش وەرگر لە بەردەم ئەم ناونیشانە سەراسیمە دەکات، بەوەی ناونیشانێکی هێما ئامێزە و خوێنەر لە ڕێی کردنەوەی کۆدەکانییەوە، پەی بە سیحر و مانا قووڵەکانی دەبات. ناونیشانی ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان) ئەگەرچی لە ڕووکەشدا سادە دێتە بەردیدە، بەڵام لە مانادا هەڵگری کۆمەڵێک دەلالەتی ڕووداوی بارگاوی بە هێما و ئاماژەیە. ئەمەش وا لە خوێنەر دەکات بە هۆشیارییەوە ئاوێزانی دەقەکە ببێت. یادەوەریی کە بە واتای گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردووە، ئەمە تا ئێرە شتێکی سادە و ئاساییە، بەڵام بەستنەوەی ئەم یادەوەرییە بە بووکەڵە وا لە وەرگر دەکات، وردتر و بە ئاگاتر مامەڵە لەگەڵ ئەم ناونیشانە بکات. بووکەڵە لێرەدا لە مانای ڕاستەقینەی خۆی ترازاوە و کۆمەڵێک مەدلوولی جیاواز لەخۆدەگرێت. ناونیشانی ڕۆمانی (مۆزەخانەی کورەقژدرێژ) بەیەکەوە بەستنەوەی هەردوو دەلالەتی شوێن و کارەکتەرە. واتە ئەم ناونیشانە پێکهاتەیەکە لە (شوێن و ناوی کەسایەتی). شوێن ئەو پانتاییە جوگرافییەیە، کەوا ڕووداوەکانی لەسەر ڕوودەدات. کارەکتەریش وەکو توخمێکی سەرەکیی بنیاتی گێڕانەوە داینەمۆی هەڵسوڕاندنی ڕووداوەکانە. بەیەکەوە بەستنەوەی هەردوو دەلالەتی شوێن و کارەکتەر بەیەکەوە هەڵگری کۆمەڵێک مەدلوولی جیاوازن، بەتایبەتی ناونانی کارەکتەری سەرەکی بە (کوڕە قژدرێژ)، کە ئەم ناوە بووە بە سیفەتێکی هەمیشەیی بۆی، دیوێکی سایکۆلۆژی بە ڕۆمانەکە بەخشیوە. کۆمەڵێک پاڵنەری سەرەکی وا لە (کوڕەقژدرێژ) دەکات خەونی لەناوبردنی سامانە زۆرەکەی باوکی بێت. لەم پێناوەشدا ڕووبەڕووی کۆمەڵگە دەبێتەوە و لێیان یاخی دەبێت. لە کۆی ئەم ناونیشانانە دەتوانین بڵێین ڕۆماننووس بە هۆشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ ناونیشانی ڕۆمانەکانی کردووە و هەوڵیداوە بە تێکەڵکردنی دەلالەتەکانی شوێن و کات و ڕووداو و وەسف و کارەکتەر، ناونیشانی چڕ و بارگاویکراو بە کۆد و هێما هەڵبژێرێت.

**- ناونیشانی ڕۆمانەکان لە ڕووی دەروونییەوە**

**١- ڕێبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش**

ئەگەر سەیری ناونیشانی ڕۆمانی (ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش) بکەین، دەبینین لە ڕووی زمانییەوە، بە هۆی ئامرازی لێکدەری (و) دوو گرێی ناوی بەدوای یەکدا هاتوون. (ناو+ی+ئاوەڵناو). ئەگەرچی ئەم ناونیشانە؛ ناونیشانێکی درێژە، بەڵام سەرنجڕاکێشە بەوەی ڕۆماننووس بەشێوەیەکی جوانیناسی وشەکانی لە پاڵ یەکدیدا گونجاندووە. هەریەک لەم وشانە هەڵگری ئاماژە و ڕۆنانی ژێرەوەن، کە ڕەنگە خوێنەر بێ خوێندنەوەی ناوەرۆکی

ڕۆمـــانەکە، پەی بە واتاکـــانی ژێـــرەوە نەبـــات. لەبەر ئەوەی کـــاکڵەی ڕووداوە ســـەرەکی و هەسـتیارەکانی نێـو ڕۆمـانەکە لە ناونیشـاندا چـڕ بـووەتەوە. ئەم ناونیشـانە وەک پانۆڕامـایەک گوزارشـت لە تەواوی ڕووداوەکـانی دوو نەوەی جیـاواز دەکـات، کە (دلاوەر) و (ئومێـد) یـان بـاوک و کـوڕ، نـوێنەرایەتی دەکەن. ئەم دوو کـارەکتەرە هەردووکیـان گیـرۆدەی هەمـان گرێـی دەروونـین، یەکەمیـان بەهـۆی ڕیـبەن و دووەمیـان بەهـۆی ملپـێچ. ئەمەش بـووە ناونیشـان بـۆ ڕۆمانەکە. هەڵبژاردنی دوو ڕەنگی سوور و ڕەش لە دەروونی تاکی کورددا هێمان بۆ شـۆڕش و قوربانی و خەم و ناسۆری. ڕەنگی سوور ((گوزارشتە لە نائارامی، لە سیماکانی ئەو کەسـەی ڕەنگی سوور دەکاتە جوانترین ڕەنگ بریتییە لە هەڵەشـەیی و هێز و حەزکردنـی زۆر لە ژیـان، هەروەها خروشانێک دامرکانەوەی نییە، ئەو ڕەنگەیە کە ڕەمزە بۆ خۆشەویسـتی، ئەو کەسـەی ڕقی لە ڕەنگی سوورە، تەنیا مەترسی تێدا بەدی دەکات، لەوانەیە ئەو جۆرە کەسـە تـوورە بێت یان لەوەی ئەرکێکی پێ بسپێردرێت بترسێت.))(سلێمان،٢٠٠٩: ١٧٠) کاتێک ڕۆمـاننووس لە نێـو هەموو ڕەنگەکاندا تەنیا دوو ڕەنگی دیاریکراوی سوور و ڕەش هەڵدەبژێرێت، مەرامی تـایبەتیی خـۆی هەیە. لەژێـر چەتـری ئەم دوو ڕەنـگەدا، وێـنەی خێزانێکـی کـورد دەخـاتەڕوو، کە لەنێـو کۆمەڵێک نەهامەتیی و ترس و دڵەڕاوکێ و ئـازاری جەسـتەیی و دەروونیی دان. لە مل کردنـی ڕێبەنی سوور لە لایەن (مامۆستا دلاوەر)ەوە، هیچ لەو لێکدانەوانە لەخۆ ناگرێت، کەوا کۆمەڵگە و دەوروبەر بۆی دەکەن، بەڵکو ئەوە شتێکە هیـی خـۆیەتی بـۆیە دەسـتی لـێ بەرنابێت. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کەوا کارەکتەری (دلاوەر)، کارەکتەرێکە، خاوەن کەسێتیی خـۆیەتی و کـۆیلەی کەس نییە. لەم پێناوەشـدا ئـازار و ئەشـکەنجەی دەروونیی و جەسـتەیی زۆری بینیـوە. هەمـوو ئەو فشارە دەروونیی و جەسـتەییانەش ناچاریـان نەکـرد دەسـت لە ڕیـبەنەکەی هەڵبگرێت یـان هـیچ نەبێت بە ڕەنگێکـی دیکەی بگۆڕێت، کە مانـای ژیـان بـدات. ئەم ڕیـبەنەش تـاکە یادگـاریی سـەگێکی بـووە و دوای مردنـی سـەگەکەی بـۆی مـاوەتەوە و وەک وەفـایەک پاراسـتوویەتی. (ویداد)ی خێزانیشی ئەگەرچی دەزانێت بەهۆی ئەو ڕیبەنەوە تووشی گرفتاری زۆری کردوون، بەڵام هـیچ کاتێـک داوای لـێ نەکـردووە، کە دەسـتی لـێ هەڵبگرێـت و لە ملـی خـۆی بکـاتەوە. هەروەکـو وەگێـڕ لەسـەر زاری (سـت ویـداد) دەڵێـت: **((تـۆ بڵێـی ئەو پێشـبینییەی بێتە دی، کە هەمیشە دەڵێت بەو پارچە پەڕۆیەوە لە گۆڕی دەنێن؟!))**(کاکەسوور،٢٠١٥: ١٤٤)

(ئومێد)ی کوڕیشی وەکو کەسێتییەکی سەرکێش، لە ڕووی پابەندییەوە بە ملپێچە ڕەشـەکەی (ڤیڤیان)ی خۆشەویستیی، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ باوکیدا نییە. ڕەنگی ڕەشـیش لە ڕووی دەروونییەوە، ((ڕەنگەکێ بەر نیاس ب خەم و بێ هێڤیبونێ و نەخوەشیان ژبەر ئەڤێ چەندێ ب ڕەشبینی دهێتە پەسند کرن، ئەو کەسانێن ڕەشبین هەمی گاڤا ئەڤی ڕەنگی بکاردینن. هەروەسا

خـودان هێمـایەکیٚ دیـیە وەکـو هێمـایێ ژدەسـت دان مـرن و فەنـابوونێ یە.))(ئیسماعیل،٢٠١٧: ٣٥) (ئومێد) ئەگەرچی بەردەوام ڕەخنەی لە باوکی گرتووە، کەوا بەهۆی ئەو ڕیبەنەی ملی بووەتە مایەی گرفت و کێشە و ئازار بۆ خێزانەکەی، کەچی ئەمیش بەهۆی هۆگربوون و عیشقی بۆ (ڤیڤیـان) هەمـان کـاری بـاوکی دووبـارە کردەوە. (ڤیڤیـان) لە دیدی کۆمەڵگە، کچێکی شـووم و بێزراو بوو، بە هۆی ئەو ملپێچە ڕەشەی ملی؛ کە وێنەی دوو کونەپەپۆی لەسەر نەخشێنرابوو. ئەم باڵنـدەیەش لە کـۆمەڵگەی کـوردی، باڵنـدەیەکی شـووم و وێـرانکەرە، بەڵام **((شـتەکە لای (ئومێد) تەواو جیاوازە. ئەو پێی وایە ملپێچەکەی زۆر جوانە و ڕەونەقێکی سەیری پێداوە، کە ئەمە بە پـلەی یەکەم وای لێکـردووە هێنـدە شـەیدای ببێـت. هەر جـارێ لەو تەلەڤیژیـۆنە دەرکەوتبێت، ئەم لە ئاستیدا بووەتە بت و دایکوباوکی هەستیان پێ کردووە))**(کاکە سوور،٢٠١٥: ١٨) لەگەڵ ئەوەشدا (ئومێد) بەردەوام ئەو ملپێچەی دەپاراست. نەک هەر ئەمە، بەڵکو ئامادەبوو لەسـەر ئەو ملپـێچە ڕووبەڕووی خێـزانەکەی و هاوڕێکـانی و کـۆمەڵگەش ببێـتەوە. **((سـالار پەلاماری ملپێچەکەی دەدات، بۆ ئەوەی لێی بستێنێت، بەڵام (ئومێد) بەرپەرچی دەداتەوە. دەبێتە شەڕیان. بە بۆکس لە یەکدی دەدەن. عەرەبانچییەک دەکەوێتە ناوبژییان. (ئومێد) لەوێ دوور دەخـاتەوە. بەوە دڵخۆشـە، کە توانیـویەتی پارێزگـاری لە ملپێچەکە بکـات و نەهێڵێت (سـالار) دەستی بەسەردا بگرێت.))**(کاکەسوور،٢٠١٥: ١٩٢) بەم ڕەفتـارەش (ئومێد) ئەوە دەردەخـات، کەوا جیـاوازییەکی ئەوتـۆی لەگەڵ باوکیـدا نیـیە، تەنیـا لە هەڵبژاردنـی ڕەنگدا نەبێت. هـی ئەویـان سـوورە، هـی ئەمیشـیان ڕەشـە. هەردوو ڕەنگیش نیشـانەی نائومێدی و جەفـا و قوربانیـدانن. **((جیاوازیی نێوان ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش چییە، ئەگەر هەردووکیـان ڕیسـوایی بۆ خاوەنیـان بهێـنن.))**(کـاکە سـوور،٢٠١٥: ١٣٠) هەردووکیشـیان بەهـۆی ئـاژەڵەوە لەلایەن کـۆمەڵگە نەفرەتیان لێکراوە. یەکەمیان بەهۆی سـەگ و دووەمیـان بەهـۆی کوندەبەبۆ. (دلاوەر) گرفتـاری بـارێکی دەروونیـیە بەرانـبەر خۆشەویسـتیی بـۆ ئـاژەڵ هۆگربـوون پێـیەوە، (ئومێـد) بەهـۆی خۆشەویسـتیی بـۆ ڕەگەزی مـێ. کەواتە ناونیشـانی ئەم ڕۆمـانە بارگـاوییە بە سـتەمدیدەیی و سەرکێشـیی نەتەوەیەک، لە نێـوان قوربانیـدان و ئـازار چەشـتندا، ڕۆماننووسـیش تـاکێکی ئەم کۆمەڵگەیەیە. ((کەواتە ڕۆماننووس سەرکەوتوو بووە، لەوەی ئەرکی ئیستاتیکی و هێما ئامێزی لە ناونیشانەکە باربکات. چونکە ڕۆمانەکە پرسیارە، لە مەحکوم بوونی نەتەوەیەکی، وەکو کورد لە نێوان (قوربانیدان و ئازارچەشتن)دا، کە پرسی ئیرادەی نەتەوەیەک دەخاتە ژێر پرسیارەوە، کە بۆچی هەمیشە دەبێت قوربانی گەورە بۆ دەستکەوتی بچووک بدات.))(صالح،٢٠٢٠ :١٤٧)

لەم ڕۆمانەدا ڕۆماننووس وێنەی ماسۆشیەتی کۆمەڵگای کوردەواری دەکێشێت و ڕەخنەی لێ دەگرێت. لەگەڵ ئەو هەموو ستەم و ئازار و قوربانیدانە، کەچی تا ئێستا پەند و ئامۆژگاری

لەو مێژووەوە بە خوێن سوورەی وەرنەگرتووە. نەیتوانیوە شتە لاوەکییەکان بەلاوە بنێت و دەرچەیەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ساتێک بە ئارامی بژییت و هەوڵەکانی بۆ ئامانجە گەورەکان بێت. بەو واتایەی خۆی لە نێوان هەردوو ڕەنگی سوور و ڕەشدا قەتیس نەکات، بەڵکو تاکەکانی بەم شێوەیە ڕابهێنێت کە ڕەنگی دیکەی زۆر هەن ڕەنگی ئومێد بەخشن و بۆنی ژیانیان لێ دێت. پێویستە بوێرانە دەست لەو دوو ڕەنگە و تەوقەکانی هەڵبگرێت و خۆی لێیان ئازاد بکات.

### ٢- ڕێگەکانی ژەهر

ئەگەر سەیری ناونیشانی ئەم ڕۆمانە بکەین، دەبینین لە ڕووی زمانییەوە پێکهاتووە لە دوو ناو، کە بە هۆی ئامرازی دانەپاڵی (ی) گرێیەکی ناوی دروستکردووە. ناونیشانی (ڕێگەکانی ژەهر)، کۆمەڵێک پرسیار لای خوێنەر دەوروژێنێت. ئایا مەبەست لە (ڕێگەکانی ژەهر) چییە؟ ئایا ئێمە تا ئێستا ژەهرمان ناسیوە؟ ئایا پێویستە ئەو ڕێگایانە بناسین تا پێی نەگەین و خۆمانی لێ بپارێزین یان پێی بگەین؟ ئایا کاتێک خوێنەر ئەو ژەهرە دەدۆزێتەوە و دەزانێت ئەو ژەهرە نییە، کە زانراو و ناسراوە، تووشی شۆک نابێت؟! لەم ڕۆمانەدا دەبێت بە دوای ئەو پرسیارانەدا بگەڕێین، کەوا لە دوای ناونیشانەکە بەنهێنی ماونەتەوە و دەبێت بیدۆزینەوە. مەبەست لە (ڕێگەکانی ژەهر)، بەو واتایەی کۆمەڵێک ڕێگەی جیاواز بۆ ژەهر هەن. ژەهر لێرەدا ئەگەرچی هەندێک جار بە واتا فیزیکییەکەی بەکارهاتووە، بەڵام لە زۆر شوێنیش ئەو ماددە فیزیکییە نییە، کە ئێمە دەیناسین و ماددەیەکی کوشندەیە، بەڵکو ژەهر بریتییە لە هەر شتێک کە وامان لێ بکات بمانخاتە نێو ململانێ لەگەڵ ئەوانی دیکە. بە واتایەکی دی ژەهر ڕەنگە پێکهاتەیەکی ماددی نەبێت، بەڵکو ئاستێکی دیکەی گەورەتر دەگرێتەوە. هەموو ئەو نیگەرانیی و پەشێوییەی مرۆڤ بەرانبەر بە خۆی، بە بوون، بەوانی دی دروستی دەکات. هەر کارەکتەرێک دروستبووە، جۆرێک لە ژەهری لەگەڵدایە، ژەهری ئەو تەواو جیاوازە لەگەڵ ژەهری ئەوانی دی. بەمەش ژەهر بە واتای ترازاندنی ئاستی زانراوی ژەهر دێت. ئەگەرچی ژەهر ماددەیەکی کیمیایی کوشندەیە، بەڵام لێرەدا لە ئاستی فیزیکییەوە دەگۆڕێت بۆ ئاستی میتافیزیک. واتە لە ئاستی ماتریالی دەگۆڕێت بۆ ئاستی نەزانراو و بیرۆکە. لە ناو ئەو ژەهرەدا؛ کات بریتییە لە تەقینەوە، کە ڕەنگە زۆرجار ئەو کاتانە بە شێوەیەک لێک داببڕێن، هیچ کات بەیەکەوە نەبەسترێنەوە. شوێنەکان لە نێو ئەم ڕۆمانەدا، شوێنی شێواون، بۆ نموونە (ست ڕافۆن)، کە کارەکتەرێکی تەواو نامۆ و گۆشەگیرە، تەنانەت لە ماڵەکەی بە شێوەیەکی زۆر سەیر خۆڵ و

خاشاک فڕێدەدات و نایەوێت کەس بە نهێنییەکانی بزانێت. (( **(ست ڕافۆن) خۆڵ و خاشاکی ماڵەکەیشی هەرگیز نەدەدایە کرێکارانی پاککردنەوە، بگرە کەس تەنەکە و بەرمیلیشی لە بەردەرگەکەیدا نەدەبینی، بەڵکوو هەر خۆی شەوان بە ئەسپایی دەیخستنە سەندووقی ئۆتۆمۆبیلەکەیەوە و لە دەرەوەی شار فڕێی دەدان. من ئەو نهێنییانەم لێی دۆزییەوە، چونکە هەمیشە بە دوایەوە بووم، دەنا باوەڕ ناکەم ئەوانی دی هەر سەرنجی ئەوانەیان دابێت. ئەوسا زیاتر هەستم کرد من چەند گەمژەم، بەوەی دەمەوێت ببمە دۆستی بوونەوەرێک، لە کاتێکدا ئەو بوونەوەرە نەک هەر ناهێڵێت هیچ شتێ لە بارەیەوە بزانرێت، بەڵکوو تا لە توانایدا بێت ناوماڵەکەیشی لە چاوی نزیکترین کەسی دەشارێتەوە.))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ٣١-٣٢) ماڵی (دکتۆر جاهیقان زانستی)، ماڵێکی تەواو شێواوە، بە هۆی ئەوەی بووە بە کۆیلەی پیتەکان، هەر بۆیە بە پێی پیت ڕۆژانە هەندێک شت دەهێنێتە ماڵەوە و هەندێک شت لە ماڵەکەی فڕێ دەدات. ((**هەموو پیتەکانی زمانی کوردیی خستووەتە ناو زەرفێکەوە. بەیانییان دوای ئەوەی چاک ڕای دەشەقێنێت، ئینجا پەنجەکانی دەخاتە ناوی و دانەیەک دەردەهێنێت. ئەو ڕۆژە تەنیا ئەو کەلوپەلانە دەکڕێت، کە بەو پیتە دەست پێ دەکەن.))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ١٣٥) بەپێی ئەم سیستەمەش ژیانی بووەتە جۆرێک لە ژەهر. خودی فڕۆکە وەکو ئامێرێک لەم ڕۆمانەدا جۆرێکە لە ژەهر. فڕۆکە بەو مانایە دێت، کەوا کەسێک لە شوێنی خۆی دەشێت دوورخرابێتەوە و بیەوێت بەویستی خۆی یان بە زۆر بۆ شوێنەکەی خۆی بگەڕێتەوە. لێرەدا ژەهر دەشێت غوربەت و دوورکەوتنەوە بێت، یان تەکنەلۆژیا بێت. ئازاری کارەکتەرەکانیش ئازارێکی قووڵە، لەگەڵ ئەوەشدا چێژ لە ئازارەکانیان وەردەگرن. ئەمەش لەبەر ئەوە نییە، کە ماسۆشیانە حەز بکەن و پێیان خۆش بێت، کەوا کەسانێک ستەمیان لێ کردوون، بەڵکو لەبەر ئەوەیە لە ڕێی ئەو ئازارەوە هەست دەکەن، کە خۆیانن. لەو کاتەی (ست ڕافۆن) هەست دەکات (ست سۆزان) دوای ئەو هەوڵە زۆرەی نەیتوانی تەنانەت ڕەگەزیشی ئاشکرا بکات، چێژێکی بێ وێنە دەبینێت. چێژەکەشی هی ئەوەیە، کە نەیتوانیوە بیرووخێنێت. ئەو چێژەش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕەفتارەکانی ڕەنگدەداتەوە. بەمەش کارەکتەرەکانی نێو ئەم ڕۆمانە چارەنووسی خۆیان خۆشدەوێت و خۆیان بە دەست کۆمەڵگەوە نادەن. جگە لەمەش پێوەندیی هەر یەکێک لە کارەکتەرەکان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بووەتە جۆرێک لە ژەهر. ئایا هەریەک لەم کارەکتەرانە لە پێوەندییان بە وانی دییەوە تا چ ڕادەیەک هەست بە بوونی خۆیان دەکەن؟! ئەمەش وای کردووە زۆر جار کەسێتییەکان ماڵ و جێگەی خۆیان لە دەست بدەن و سەر هەڵبگرن. کەواتە ژەهر لەم ڕۆمانەدا بریتییە لە کۆمەڵێک شتی جیاواز، لە دەستدانی هەریەکە لە شوێن و کات و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبن بە جۆرێک لە ژەهر. جگە لەو ژەهرەی دەرەوە، جۆرێکی

دیکەی ژەهر هەیە، کەوا هی ناوەوەی کەسێتییەکانە. ئەمەش وایان لێ دەکات کاتێک بەر ئەوانی دیکە دەکەون، بە جۆرێکی دی بیر لە خودی خۆیان بکەنەوە. ئەمەش وەک ئەوە وایە بەر ژەهری ئەوانی دی بکەون. ئەم کەسێتییانە ناتوانن لە ژەهری ناوەوەی خۆیان، خۆیان دەرباز بکەن، چونکە ژەهر چووەتە ناو بوونیان و بووەتە پرسیارێکی ئەزەلی و ئەبەدی. ((**پرسیاری (ئایا ژەهر باشە، یان خراپ؟) هەمان پرسیاری (ئایا بوون باشە، یان خراپ؟)یە. من مادام هەم، دەبێت بژیم. مادام بژیم، ناکرێت خۆم لە ژەهر دوور بگرم، کە شەیتانە و بەردەوام لە ناخمدا هەڵدەقوڵێت.**))(**کاکەسوور،٢٠١٧: ٨**) کەسێتییەکان لە ڕێی ژەهرەوە خودی خۆیان بیر دەکەوێتەوە و بوونی خۆیان لە ڕێی ژەهرەوە هەست پێدەکەن. هەموو ئەو بارە ناجێگیر و پەشێوەی دەروونی کارەکتەرەکان بەجۆرێک لە جۆرەکان ژەهرن. بەمەش بە هۆی ژەهری ناوەوەی خۆیان هەست بە بوونی ژەهری ئەوانی دی دەکەن. بەمەش لە نێو ئەو هەموو ژەهرەی ناوەوەی خۆیان هەست بە ناڕەحەتی و ترس و دڵەڕاوکێ و خەو زڕاندن دەکەن.

### ٣- مۆزەخانەنەی کوڕەقژدرێژ

ڕۆمانی (مۆزەخانەی کوڕەقژدرێژ) یەکێکی دیکەیە لە ڕۆمانەکانی کاروان کاکەسوور. ناونیشانی ڕۆمانەکە خولانەوەیە بە دەوری ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە، ئەویش کەسێتیی کوڕەقژدرێژە، کە کەسێتییەکی سەرەکیی ڕۆمانەکەیە. (مۆزەخانەی کوڕەقژدرێژ) لە ڕووی زمانەوانییەوە، پێکهاتووە لە ناوی گشتی (مۆزەخانە) و ناوی لێکدراوی (کوڕەقژدرێژ)، کەوا بە یارمەتیی ئامرازی دانەپاڵی(ی)، گرێیەکی ناوی دروستکردووە. ئاوەڵناوی (قژدرێژ) بووە بە سیفەتێکی هەمیشەیی بۆ ئەم کەسێتییە، تەنانەت بووە بە ناوی کەسێتییەکە. هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا وەگێڕ ئاماژە بەوە دەکات، کەوا چیرۆکی (کوڕە کەچەڵ) ناگێڕێتەوە، کە چیرۆکێکی فۆلکلۆری ناسراوە، بەڵکو چیرۆکی (کوڕە قژدرێژ) دەگێڕێتەوە، کەوا چیرۆکێکی نەزانراوە. ناونیشانی (مۆزەخانەی کوڕە قژدرێژ) لە ڕووی نیشانە ناسییەوە خوێنەر دەخاتە بەر تێڕامانێکی زۆر، پرسیاری ئەوەی لا دروست دەکات، چۆن دەبێت کوڕ بێت و قژی درێژ بێت؟ چۆن دەبێت ئەم کەسێتییە وەکو تاکێکی کۆمەڵگە، خاوەن مۆزەخانە بێت، لە کاتێکدا مۆزەخانە مۆرکێکی نیشتمانی هەیە و سامانێکی نەتەوەییە؟ بوونی قژی درێژ بۆ ڕەگەزی نێر، شتێکی نەخوازراو و نامۆیە بە کلتوری کۆنی کوردەواری. بەمەش خوێنەر ئەوەی بۆ دەردەکەوێت، کەوا ئەم ناونیشانە، ناونیشانێکی ئاسایی نییە. بۆیە ئەم ناونیشانە لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ خوێنەردا کاریگەریی لەسەر خوێنەر دادەنێت. وشەکان تازە و

نەبیستراون، ئەمەش ئاستی جوانیناسی ناونیشانەکە بەرزدەکاتەوە و سەرنجی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت. ئەم کەسێتییە، کەسێتییەکی نامۆیە بەوەی هەر لە یەکەم ساتی لەدایکبوونیەوە قژێکی درێژی هەبووە، بەجۆرێک پزیشک و مامانەکانی نەخۆشخانەی سەرسام کردووە. ئەم قژە درێژەی وای لێکردووە نامۆ دەرکەوێت لە لایەن دەوروبەری، تەنانەت لە قوتابخانەش بۆتە مایەی گاڵتەجاڕی قوتابیان و بەو هۆیەشەوە لە قوتابخانە دەرکراوە. **((هەر لە سەرەتاوە گاڵتەیان پێ کردووە، کە لە کچ دەچێت. لە قوتابخانەدا بەڕێوەبەر و مامۆستاکان لە بەرچاوی خوێندکارەکانی تردا دەریان هێناوە و وەک نموونەی خوێندکارێکی بەدڕەوشت پێشانیان داوە. ئینجا بە دار پەنجە ناسکەکانیان سوور هەڵگەڕاندووە.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١١-١٢) ئەو قژە درێژەی بووەتە هۆی نەهامەتی و ناڕەحەتی بۆی. چەندین جار لەسەر ئەو قژە درێژەی لە لایەن پیاوانی ئەمن، کە خۆی لە دەسەڵاتی سیاسی دەبینێتەوە؛ گیراوە و بە گوێزان وەک سوکایەتییەک قژیان هەڵپاچیوە، کەچی ماوەیەکی کەمی بردووە وەکو خۆی و بگرە درێژتریش بووەتەوە. ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئەم کارەکتەرە دروستکردووە، وای لێکردووە گۆشەگیر و دوورەپەرێز بێت و دووچاری گرێی خۆبەکەمزانین بێت. جگە لەوەش؛ کە تاقانەیە، بەڵام لە لایەن دایک و باوکی گرنگی پێنەدراوە، هەر بە تەنیا لە ماڵ و دوور لە سۆز و خۆشەویستیی دایک و باوکی ڕۆژانە ژیان دەگوزەرێنێت. بەمەش لە خودی خۆی نامۆ دەبێت. کارەکتەری کوڕەقژدرێژ کارەکتەرێکی یاخییە، ئەو ڕابردووەی باوکی؛ کە بە هۆی بەجێ هێشتنی سامانێکی زۆر بۆی بنیاتناوە، دەیەوێت ئەم ڕابردووە تێکبشکێنێت. بەمەش هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی ئەو سامانە زۆرە لەناو ببات. ئەم کارەکتەرە یاخییە لە باوکی و دەیەوێت خۆی خۆی دروستبکات و ئێستا و ئایندەی خۆی بنیات بنێت. ئەو هەموو سامانەی باوکی بە هیی خۆی نازانێت و پێی وایە ڕابردوویەکی ساختەیە، بۆیە هەوڵی لەناوبردنی دەدات. کارەکتەری کوڕەقژدرێژ یاخییە لە دەسەڵاتی باوک سالاری و هەوڵی گۆڕینی ئەو دەسەڵاتە دەدات، کەچی لە لایەن خودی کۆمەڵگەکەی دووچاری ئاڵنگاری و گرفت دەبێتەوە. ژیانی ئەم کارەکتەرە ئەو کاتە دەستپێدەکات، کە سامانەکەی باوکی لەناو دەبات و خۆی دەستدەکات بە کارکردن بۆ کۆکردنەوەی سامان. ئەو یاخیبوونەی کوڕەقژدرێژ دەگاتە ئەوەی هەموو ئەو کەلوپەلە سەیرانەی ڕۆژانێک داوای لە بازرگانان کردبوو تا بۆی بهێنن و لە وڵات ساغیان بکاتەوە، کەچی دەیانشکێنێت. **((خۆی دەگەیەنێتە ئەو جامخانەیەی (پاپزیڤزیڤیا)کانی تێدان. بە لەقە دەیشکێنێت و هەر چواریان دەردەهێنێت. دەیەوێت بیانباتە دەرێ و لەسەر ئەو شەقامەدا پێیان بسووڕێتەوە، بەڵام پێش ئەوەی ئەمن و پۆلیسەکان بگەن، خەڵک هەر خۆیان پەلاماری دەدەن. بە شەق و بۆکس تێی دەکەون.))**(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٥٨) دیارە مۆزەخانە

گوزارشته لەو هەموو بەرهەمانەی بەنرخن و موڵکی دەوڵەتن. ئەو کەلوپەلانەی ڕۆژگارێک بۆ وڵاتـی هێنـاوە و لەسـەری گیـراوە و لە وڵات قەدەغە بـووە و لە لایەن کـۆمەڵگەکەی گـاڵتەی پێکـراوە، کەچـی ئێسـتا دەسـەڵات بە هـی خـۆی دەزانێت و لە مۆزەخـانە دەیانپارێزێت. بـۆیە کورەقژدرێژ بەرانبەر دەسـەڵات دەوەستێت و دەست بۆ ئەو شتانە دەبات، کەوا لەناو وڵات پارێزراون و دەیانشکێنێت، ئەمەش تاوانێکی نیشتمانییە و لەسەری سزا دەدرێت. کورەقژدرێژ بە جۆرێک یاخییە لە ڕابردووی خۆی، تەنانەت لەو یاسـایانەش یـاخییە، کە کۆت و بەنـدی کردوون. بۆیە هەموو ئەو کەلوپەلانەی لە مۆزەخانەی وڵات دانراون و بە پێی یاسا پارێزراون و نابێت کەس دەستیان بۆ ببات، کەچی ئەو دژی ئەو یاسایەنە دەوەستێت و دەیەوێت لەناویان ببـات. ئەو نـامۆیی و یـاخیبوونەی کـورەقژدرێژ هانـای بـۆ بـردووە، هەمیشـە بـووەتە هێزێکـی چێژبەخش بۆی. لەگەڵ ئەوەی ڕووبەڕووی پۆلیسی پاراستنی ڕەوشت، کە خۆی لە کۆمەڵگە دەبینێتەوە؛ و ئەمـن، کە خـۆی لە دەسـەڵاتی سیاسـی وڵاتەکەی دەبینێتەوە؛ دەبێتەوە، کەچـی دوای ئەوەی ئازاد دەکرێت، دەگەڕێتەوە سەر هەمان ئەو کارەی کە پێشتر لەسەری گیرابوو. کـورەقژدرێژ وەکـو تـاکێکی جیـاواز ڕووبەڕووی کـۆمەڵگە و دەسـەڵاتی سیاسـی وڵاتەکەی دەبێـتەوە و ڕیسـوایان دەکـات. هەمـوو ئەو دیـمەن و ڕووداوانەی ڕوودەدەن؛ دیمەنـی پێکەنینـاوین، ئەگەرچـی نـاوەرۆکێکی تراژیـدیان هەیە. هەڵپـاچینی قـژی کـورەقژدرێژ لە نـاو جەرگەی بازاڕ لە لایەن پۆلیس و هـاتنی سێ چوار پۆلیس بە تفەنگەوە بەرەو ڕووی کورەقژ درێژ، ئەوەی سەیرە لێرەدا هەریەکەشیان کەژاوەی فیلی خستۆتە سەرشان، بە هەموو مانایەک دیمەنێکی کۆمیدییە، ئەگەرچی ئەو پۆلیسانە بە شەق و بۆکس لە کورەقژدرێژ دەدەن و ڕاپێچی زیندانی دەکەن.

#### ٤- یادەوەریی بووکەڵەکان

ئەگەر لە ڕووی زمـانییەوە سـەیری ناونیشـانی ئەم ڕۆمـانە بکەیـن، دەبینیـن لە دوو نـاوی (یادەوەری) و (بووکەڵە) پێکهاتووە، کە بە یارمەتیی ئامرازی دانەپاڵی (ی) خراونەتە پاڵ یەکدی و گرێیەکـی ناوییـان دروسـتکردووە. (کورمـان) کە کـارەکتەری سـەرکییە بە گەڕانەوە بـۆ ڕووداوەکـانی ڕابـردوو، بـاس لە یـادەوەریی خـۆی و هەمـوو ئەو کـارەکتەرانە دەکـات، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان پێوەندییان بە وێستگەکانی ژیانی ئەوەوە هەیە. بۆیە دەتوانین بڵێین، ئەم ڕۆمانە؛ ڕۆمانێکی یادەوەرییە. یادەوەریی ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤدا دەبینێت. کەسێتییەکان لە ڕێی گێڕانەوەی یادەوەریی خۆیانەوە، یان گێڕانەوەی یادەوەریی لە ڕێی وەگێڕەوە دێنە

سەر شانۆی ڕووداوەکان. یادەوەریی بریتییە لە تێکشکاندنی کات، ئەم تێکشکاندنەش خۆی لە خۆیدا خودی یادەوەرییە. ئەم تێکشکاندنە زەمەنییە لەم ڕۆمانەدا وا دەکات یادەوەرییەکان شێواو و پچڕپچڕ بن و تەنانەت ڕووداوەکانی ڕابردوو و ئێستاش تێکەڵ بە یەکدی ببن. وەگێڕ لە ڕێی یادەوەرییەوە لە سەرەتا تا کۆتایی هاتنی ڕەوتی ڕووداوەکان (کوڕمان)مان پێ دەناسێنێت، کە ناوی خۆی (نەریمان)ە و بە (کوڕمان) ناسراوە. لە نێو ڕۆمانەکە لە ڕێی گفتوگۆی نێوان (کوڕمان) و (لۆنا) چەمک و پێناسەی یادەوەریی لای کۆمەڵێک بیرمەند و فەیلەسوف باس دەکرێت و بۆچوونی هەریەکە لەم بیرمەندانە دەخرێنەڕوو. **((گفتوگۆی ئەمجارەتان لە بارەی یادەوەری(میمۆری:Memory)یەوەیە. کۆمەڵێک پرسیاری وەک ئایا یادەوەری فیزیۆلۆجیکەڵە، یان سایکۆلۆجیکەڵ؟ ئایا ئێمە واقیع وەک ئەوەی هەیە، دەیبینین، تا وەک ئەوەی هەیشە لە یادەوەریماندا بیانپارێزین و بیگێڕینەوە، یان لە خەون دەچێت، کە (فرۆید) پێی وایە کۆمەڵێک فاکتەر وادەکەن خەونمان دەقاودەق بیر نەکەوێتەوە؟ بۆچوونی (ئەریستۆ)، (لۆک)، (هیۆم)، (هیگڵ)، (شۆپنهاوێر)، (بیرگسۆن) و زۆری تر دەهێننەوە. دواجار تۆ (پۆل ڤالێری)ی شاعیرت بە بیر دێتەوە، کە لە بەشی چواردەمی (هەڵبژێردراوەکان: Analects)دا دەڵێت: (یادەوەری ڕێپیشاندەری نووسەرە). هەر (ڤالێری)ی پێی وایە یادەوەری ون نابێت، چونکە جێگیرە، بەڵام ئەو ڕێگایانە ون دەبن، کە بەو یادەوەرییەمان دەگەیێننەوە.))(کاکەسوور،٢٠٢١: ٤٥)**

هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکە کارەکتەریی سەرەکی کاتێک لە کتێبخانە دادەمەزرێت، (لۆنا) دەبینێت، کە کارمەندێکی کتێبخانەیە. لە ڕێی ناوی (لۆنا)وە ڕووداوێک بەیان دەکات. وەگێڕ باس لە گفتوگۆی نێوان (کوڕمان) و (لۆنا) دەکات. **((جارێکیان پێیت گوت (لۆنلۆن) بووکەڵەی منداڵێکی دەراوسێتان بوو لە بەغداد، بەڵام لە کاتی بۆردوومانی شارەکە لە ژێرزەمینێکدا لێی دزرا و نەیدۆزییەوە، بۆیە لە حەژمەتان گیانی دەرچوو. ڕاستییەکەی ئەو کوڕە باوەڕی نەدەکرد دزراوە، بەڵکوو وای دەزانی تۆپی بەر کەوتووە و کوژراوە، تەنانەت دەگریا و دەیگوت هیچ نەبێت ئێسقانەکانی بۆ بهێنن، تا لای خۆی بیانپارێزێت. کاتێ وشەی (ئێسقان) لەگەڵ وشەی (بووکەڵە)دا دێت، وەکو شتێکی سەیر دەکەوێتە بەر گوێچکە، بۆیە پێویستە بگوترێت ئەو وا لە بووکەڵەی دەڕوانی مرۆڤی ڕاستییە.))**(کاکە سوور،٢٠٢١: ١٦-١٧) بەم شێوەیە (کوڕمان) لە ڕیی یادەوەرییەوە ڕووداوەکانی ڕابردووی خۆی بەشێوەی پارچە پارچە و لە ڕێی شکاندنی زەمەنەوە دەگێڕێتەوە. ئەگەرچی یادەوەری بریتییە لەوەی کە ڕوویداوە، بەڵام لای (کاروان کاکەسوور) جاری وایە یادەوەریی ئەوەیە، کە ڕووی نەداوە، وەک خەون و خەیاڵ. خودی یادەوەرییش لەم ڕۆمانەدا بیرکردنەوەیەکی میکانیکی نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە

کۆمەڵێک شتی دیکەوە هەیە، وەکو خەون و خەیاڵ و ڕووداوەکانی ڕابردوو. بەم پێیە یادەوەری توخمێکی گرنگی باری دەروونیی تاکە، لێرەدا یادەوەریی خراوەتە خزمەت کارەکتەر و ڕووداوەکان بۆ بەرهەمهێنانی ژانرێکی گرنگیی ئەدەبی وەک ڕۆمان. بووکەڵەش وەکو میتافۆرێک پێویستە لەسەری بوەستین و دیوی دواوەی ئەم میتافۆرە ببینین. بووکەڵە لەم ڕۆمانەدا لە چەند شوێنی جیاواز باسی لێوە کراوە. ئەمەش مانای وایە بووکەڵە تەنیا یەک واتای نییە، بەڵکو بە مانای جیاواز بەکارهاتووە. بۆیە ئێمە ناتوانین بڵێین بووکەڵە بریتییە لە شتێکی دیاریکراو، تەنانەت ڕۆماننووسیش بە مانای جیاواز و لە هەر شوێنێک بۆ مەبەستێکی دیاریکراو کاری بە بووکەڵە کردووە، چونکە ئەم ڕۆمانە؛ ڕۆمانێکی فرەدەنگە. لە ڕۆمانی فرەدەنگیشدا بووکەڵە مانای ڕاستەقینەی خۆی لەدەست دەدات و دەچێتە ئاستی ئاماژە. بۆیە پێویستە خوێندنەوەیەکی کراوەی بۆ بکەین. بووکەڵەیەک، کەوا مرۆڤ بۆ ئەوەی دروستکردووە ببێتە هاودەمی منداڵ و کاتەکانی خۆی لەگەڵیدا بەسەر ببات و ڕاز و نیازەکانی لە لا بدرکێنێت. ئەو بۆشاییانە پڕبکاتەوە، کە لە دونیای منداڵاندا هەیە. کاتێکیش بووکەڵە تێکەڵ بە دونیای گەورەکان دەبێت و دەبێتە هاودەم و هاوڕازی گەورەکان، ئەوە وەک ڕەمز و هێمایەک خۆی دەنوێنێت. بەمەش کردەی جێگۆڕکێ لە نێوان مرۆڤ و بووکەڵە دروست دەبێت. ئەمەش ئەو نەریتە باوە تێکدەشکێنێت، کەوا لە هزری مرۆڤدا سەبارەت بە پێناسەی بووکەڵە هەیە. تەکنیکی تێکشکاندنی نەریتە باوەکانیش شێوازێکە ڕۆماننووس پێی دەناسرێتەوە. بووکەڵە لێرەدا بووەتە مەتەڵێک و پێویستە خوێنەر بەدوای وەڵامێکدا بگەڕێت بۆ ماناکەی. مەرجیش نییە وەڵامێکی کۆنکریتی دەست بکەوێت. ئەوەی لێرەدا گرنگە هەمیشە بە دوای وەڵامێکدا بگەڕێین بۆ مانای بووکەڵە. بەر لە هەموو شتێک دەبێت بزانین مەبەست لە بووکەڵە، بووکەڵەی ڕاستییە یان شتێکی دیکەیە؟ ئایا کارەکتەرەکان مرۆڤن یان بووکەڵە؟ هەروەکو لە گفتوگۆی نێوان (کوڕمان) و (نیدۆ)دا دەردەکەوێت، کەوا (کوڕمان)؛ (نیدۆ) بە بووکەڵە ناو دەبات. ئەوەی لێرەدا گرنگە، بووکەڵە ئەو شتە زانراوە نییە، کە ڕۆژانە دەیبینین، بەڵکو بووکەڵە لە دۆخی ڕاستەقینەی خۆی ترازاوە و هەرگیز ناتوانین بۆ دۆخی خۆی بیگەڕێنینەوە. بووکەڵە لە سەردەمی جیهانگیریدا، دەشێت ئامێرێکی تەکنەلۆژی بێت، کە وا لە مرۆڤ دەکات گۆشەگیر بێت و ئەو ئامێرە بەڕێوەی ببات. بەمەش تەکنەلۆژیا بووەتە بووکەڵەیەکی ساختە و بووە بە کۆیلەی مرۆڤ و لە هەمان کاتیشدا مرۆڤ بووە بە کۆیلەی ئەم ئامێرانە. بووکەڵە یارییەکی منداڵان نییە، بەڵکو مرۆڤە و دەشێت مرۆڤەکان بووکەڵە بن. (نیدۆ) بووکەڵەیە، (کوڕمان) و (ڤیان)یش بووکەڵەن. کاتێک خودی مرۆڤ هەست بە جۆرێک لە ترس و نیگەرانیی و فشاری دەروونی دەکات، کاتێک تاکەکان بوونیان داگیر دەکرێت، خۆیان دەبن بە بووکەڵە و گومان لە

ژیان و بوونی خۆیان دەکەن. کاتێک (کورمان) عاشقی (لۆنا) دەبێت، بەڵام ناتوانێت دەستی لێ بدات و چێژ لە جەستەی ببینێت، خۆی بە جۆرێک لە بووکەڵە دەزانێت. ئەو بووکەڵانە بە شێوەیەک لەگەڵ مرۆڤ تێکەڵ بوون، خوێنەر نازانێت مرۆڤ بووکەڵەیە، یان بووکەڵە مرۆڤە. هەر بیرکردنەوەیەک لە بووکەڵە، ترسە لە بوونی خۆی. (کورمان) دەیەوێت بووکەڵەی (ئیلینا) بدزێت. هۆکاری دزینەکەی لەبەر ئەوە نییە، کە خۆشی دەوێت، بەڵکو دەیەوێت ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە ببێتەوە، کە ئایا خۆی بووکەڵەیە یان بووکەڵە خۆیەتی. واتە خود و بووکەڵە چوونەتە ناو یەک و جیابوونەوەیان ئەستەمە. **((بووکەڵەیەک بە ئارەزووی خۆی هەڵتدەسووڕێنێت و بڕیار لە چارەنووست دەدات. بە کونوکەلەبەری ڕابردووتدا دەچیتەوە و بە جۆرێکی دی ئەو تەمەنەت دەهێنێتەوە بەر چاو. تۆ دەبێت بە هەر شێوەیەکە (دراگە ئیلینا) بدزیت، بەڵام ئایا مەبەستتە بیکوژیت، یان بیپەرستیت؟))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٤٩) کاتێک خوێنەر ڕووبەڕووی ئەم جۆرە دەستەواژەیە دەبێتەوە، ((بووکەڵەیەک بە ئارەزووی خۆی هەڵت دەسووڕێنێت.)) لەوە دەردەچێت وەکو بووکەڵەی ئاسایی ببینێت. بەمەش خوێنەر بەدوای ئەو پرسیارەدا دەگەڕێت و دەیەوێت وەڵامی ئەوەی دەستبکەوێت، کە ئایا بووکەڵە چییە؟ ئەی مرۆڤ چییە؟ خوێنەر ناچارە بەدوای ئەو پرسیارەدا بگەڕێت، کە ئایا بووکەڵە ڕاستییە و خۆی دروستکراوە؟ ئەگەر ئێمە بەوە ڕازی بووین کەوا بووکەڵە مرۆڤە، ئەی ئەبێت مرۆڤ خۆی چی بێت؟ ئایا تووشی گرفتێکی دی نابینەوە لەگەڵ بوونی مرۆڤ؟ ئایا بوونی مرۆڤ خۆی مەتەڵێکی گەورە نییە؟!))(گفتوگۆ لەگەڵ کاکەسوور، ١-٤-٢٠٢٣، کات:١٠شەو)

کاتێک یادەوەریی بە بووکەڵە دەلکێنین، مانای وایە بەدوای یادەوەریی هەموو ئەو کارەکتەرانە دەگەڕێین، کەوا بوونەتە بووکەڵەی دەستی ڕۆژگار. بووکەڵە لێرەدا ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤە لەگەڵ خودی خۆی، دواتریش لەگەڵ دامودەزگا کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانی کۆمەڵگە. لە هەر شوێنێک کۆمەڵێک کارەکتەر دەردەکەون، کە خاوەن کۆمەڵێک یادەوەریین. لە هەمان کاتدا یادەوەریی کارەکتەرەکانیش تێکەڵ بە یەکتر بوون. یادەوەریی (کورمان) تێکەڵ بە یادەوەریی (دڵدار هیشۆ)بووە، دواتر لەگەڵ هیی خودی (وەستا هیشۆ) تێکەڵ بووە، کە هیی سەدەیەک لەمەوبەرە. کەواتە ((یادەوەری، پرۆسێسەی گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو لە کاتی ئێستادا، واتە بەیەکگەیشتنی ڕابردوو و ئێستایە.))(مەنتک،٢٠٢٣: ١٥٣) کاتێک (کورمان) بۆ ڕابردووی خۆی دەگەڕێتەوە، نازانێت هۆکاری قرتانی دەستی ڕاستی چییە. واتە یادەوەریی خۆیشی، یادەوەرییەکی شێواوە. واتە (کورمان) ناتوانێت هەمان ڕابردووی خۆی بەرهەم بهێنێتەوە. بەمەش ئەو یادەوەرییەی (کورمان) گومان دروستدەکات. بەکارهێنانی

هەردوو وشەی یادەوەریی و بووکەڵە و خستنە پاڵ یەکیان، مانای وایە هەردووکیان ڕایەڵیان لە نێو تێکستەکەدا هەیە و دەبێت لە ناو تێکستەکە بە دوای ماناکانیان بگەڕێین.

هەموو ئەو یادەوەرییانەی لە یادگەی (کوڕمان) و کەسێتییەکانی دی عەمبارکراون، جارێکی دی دەگەڕێنەوە و چالاک دەبنەوە. ئەمەش پڕۆسەیەکی وا سادە و ساکار نییە، بەڵکو ئاڵۆز و تێکچڕژاوە. (کوڕمان) لە ئاکامی ئەزموونی ژیانی خۆی و ئەو ڕابردووەی بە هەموو تاڵ و شیرینییەکانی لە یادگەیدا خەزن کراوە و پارێزراون، لە ڕێی بیرکردنەوەیەکی قووڵ و یادەوەریی خۆیەوە دەیهێنێتەوە کاتی ئێستای خۆی و لە ڕێی پڕۆسەیەکی عەقڵییەوە، کەوا لە نێو یادگەیدا ڕوودەدات، یادەوەرییەکانی چالاک دەکاتەوە و دەست بە جووڵە دەکەن و دێنەوە عەقڵی ئاگایی. لێرەدا دەتوانین بڵێین (یادەوەریی بووکەڵەکان) میتافۆرێکە و هەڵگری کۆمەڵێک دەلالەتە، کەوا هەردووکیان لە بەکارهێنانیاندا لەگەڵ یەک، لە واتای دروستی خۆیان ترازاون و هەردووکیان یەکتریان خستووەتە جووڵە، خوێنەر بە خوێندنەوەی ئاماژە و هێماکان، ئەوەی بۆ دەردەکەوێت، کەوا یادەوەریی لە نێوان مرۆڤ و بووکەڵەدا هاوبەشە. ئەوەی یادەوەری دەگێڕێتەوە، دیار نییە مرۆڤە یان بووکەڵە. ئەوە تەنیا مرۆڤ نییە یادەوەریی هەیە، بەڵکو ئەو مرۆڤە هاوبەشێکی بۆ پەیدابووە.

## تەوەری دووەم: ڕەنگدانەوەی پاڵنەرە دەروونییەکان لە ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسووردا

### - گرێی هەست بە کەمی کردن

کارەکتەری سەرەکیی (ئەرڤارد) لە ڕۆمانی (ڕێگەکانی ژەهر)دا، کارەکتەرێکی پشگوێخراوە، لەلایەن دەوروبەرەکەی، ئەمەش دووچاری گرێی خۆبەکەمزانین بووە. ئەمەش زیاتر بە زەقی هەستی پێدەکات، کاتێک بەهۆی بەشداریکردنی لە شانۆگەرییەکی منداڵان، کەوا ڕۆڵی پیاوێکی خراپ و شەڕانگێز دەبینێت، وێنەیەکی شووم و ناشرینی لە بیر و هزری کۆمەڵگەکەی بۆ دروستدەکرێت. ئەم وێنەیە، وادەکات خەڵک خۆی لێ بەدوور بگرن. ئەمەش (ئەرڤارد) دووچاری گرێیەکی دەروونی دەکات. ((ئەرڤارد بۆی دێتەوە.))(کاکەسوور،٢٠١٧: ٢٣٣) ئەم نەفرینە لە (ئەرڤارد)، لە قۆناغێکی دیکەی ژیانیدا ، بۆ یاخی بوون و نامۆیی دەگۆڕێت، لە خۆی و کۆمەڵگەکەی نامۆ دەبێت.

هەست بەکەمیکردن لە ڕۆمانی (مۆزەخانەی کوڕە قژدرێژ)دا، لە کارەکتەری سەرەکیی (کوڕە قژدرێژ) ڕەنگیداوەتەوە، گرێ گەورەکەی ئەم کارەکتەرە، کە وای لێدەکات هەست بەکەمی بکات، ئەو قژە درێژەیەتی، کە وەکو ئاوی کانی هەڵدەقوڵێت و درێژدەبێتەوە. ئەمەش ڕووبەڕووی چەندین گرفت و دەردەسەری و ماڵوێرانی دەکات. چەندین جار لەلایەن پیاوانی ئەمن سوکایەتی پێدەکرێت و ڕەوانەی زیندان دەکرێت. تەنانەت ((کۆمیشینەری مەخفەرەکان باوەڕیان نەکردووە کوڕەقژدرێژ حەفتەی جارێک دەچێتە سەرتاشخانە قژی کورت دەکاتەوە، بگرە وای لێ هاتووە هەر بە گوێزان پاک بۆی دەتاشن، بەڵام دوو ڕۆژ نابات و دەگاتەوە سەر شانی.))(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٢-١٣) جگە لەمەش ئەم کارەکتەرە، هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە، هەست بە کەمی دەکات بەهۆی ئەوەی دوورە لە سۆز و خۆشەویستیی و نازی دایک و باوکی. هەردووکیان بەهۆی سەرقاڵییان بە کاری خۆیان، هیچ کاتێکیان بە کوڕە تاقانەکەیان نەداوە. باوکی بازرگانێکی گەورەیە و دایکی مامۆستایە، هەر خەریکی کۆکردنەوەی سامانن. ئەمەش وای لەم کارەکتەرە کردووە تەنیا و گۆشەگیر دەربکەوێت. کاتێکیش باوکی دەیەوێت چەند ئامۆژگارییەکی بکات، ڕەتی دەکاتەوە و گوێیان لێ ناگرێت. (( **_ واز لە پێنجیان دەهێنم و تەنیا یەکێکیانت پێ دەڵێم، قژکورت گیان، چونکە ئەمەیان هەر زۆر پێویستە بیکەیت. دەسا ژیانت بەم ئامۆژگارییەوە بەندە، گیانەکەم. گوێم لێ بگرە، چاوەکانم، دڵەکەم! هەی بە قوربانت ببم!**

**کوڕەقژدرێژ یەک وشەی لە دەم نایەتە دەرێ. ئەوسا باوکی دەست پێ دەکاتەوە:**

**_ تۆ سامانێکی زۆرت بۆ دەمێنێتەوە، کە هەموویم لەم دەفتەرەدا بۆ نووسیویت و دانەیەکیشم داوەتە پارێزەرەکەم. بەکورتی لەمڕۆوە تۆ خاوەنی هەموو سامانەکەیت.**

**دەفتەرەکەی پیشان دەدات و دەڵێت:**

**_ دەزانم تۆ شوێنی من دەگریتەوە و دەبیتە بیزنیزمان، بەڵام لانی کەم گوێ لەم ئامۆژگارییەم بگرە: هەرگیز بە مەبەستی بازرگانی دەست بۆ شتێک مەبە، کە دانیشتووان پێویستیان پێی نییە. بە مانایەکی دی، ئەو کەلوپەلانە بهێنە خەڵک بۆی بە پەرۆشن و بە کاریان دەهێنن!))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٨-١٩) بەتەنیا گوێگرتنی (کوڕەقژدرێژ) لەم ئامۆژگارییە بۆ ئەوەیە پێچەوانەی ئەوە بکات، کەوا باوکی پێی دەڵێت. بە لەناو بردنی سامانەکەی دەیەوێت تۆڵە لە باوکی بکاتەوە، وەکو قەرەبوویەک بۆ ئەو گرێ دەروونییەی بەهۆی بایەخ نەدان بەو لە ژیاندا لای دروست بووە. ئەمە جگە لەوەی پچڕانی ئەو پەیوەندییە سۆزدارەی نێوان خۆی و دایکی، وای کردووە لە تەمەنی هەرزەکارییەوە تا تەمەنی شەست ساڵی هیچ پەیوەندییەکی سۆزداری

لەگەڵ ئافرەتدا نەبەستێت. بۆیە کاتێک (کچی ساڵۆن) کۆمەڵێک وشەی ڕۆمانسی بە گوێیدا دەچرپێنێت، موچڕکی نێرایەتی بە سەراپای گیانیدا دێت و هەست دەکات پیاوە. ((**کوڕەقژدرێژ تەزوو بە سەرتاپێی گیانیدا دێت، بەڵام دڵی پڕ دەبێت و هێندەی نامێنێت لە پرمەی گریان بدات.**))(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٠١) بوونی ئەو گرێی هەست بە کەمی کردنە لای ئەم کارەکتەرە، بریتییە لە جووڵە. بوونی ئەو جووڵەیە لە ناخیدا زۆر گرنگە، کە تیایدا لە ڕێی ئەو جووڵەیەی ناخی دەیەوێت قەرەبووی ئەو هەست بە کەمیکردنە بکاتەوە، ئەمەش لە ڕێی بە فیرۆدانی سامانە زۆرەکەی باوکی. (کوڕە قژدرێژ) بە هۆی ئەو گرنگی پێنەدانەی دایکی، تەنانەت نایەوێت (ژنی ساڵۆن) ئاوێنەیەک بێت، جێگرەوەی دایکی تێدا ببینێت، کە هەمیشە لە نەستی ئەودا مایەی ئازار و چەرمەسەریی بووە. ئەوەی لێرەدا گرنگە باس بکرێت، هەردوو کارەکتەری (کوڕە قژدرێژ) و (کوڕەکەچەڵ) نوێنەرایەتی دوو چینی کۆمەڵگە دەکەن. ئەمیان نوێنەرایەتی چینی بورژوازی و ئەویان نوێنەرایەتی چینی هەژار. هەردووکیان دایک و باوکیان کوژراوە. ئەمیان لەپێناوی ماڵ و سامان لە شەڕی پارتیزانەکان و دەسەڵات، ئەویان لەپێناو دڵپیسی و دەسەڵاتی باوکسالاری. هەردووکیان هەست بە کەمی دەکەن. ئەمیان لە ڕێی بەفیڕۆدانی سامانە زۆرەکەی باوکی، قەرەبووی ئەو هەستەی دەکاتەوە. ئەویان لە ڕێی کۆکردەوەی سامان و دەوڵەمەند بوون، قەرەبووی هەست بە کەمییەکەی دەکاتەوە. لە ڕێی خۆدەوڵەمەند کردنەوە، دەیەوێت خودی خۆی، کە خودێکی تێکشکاوە، دروست بکاتەوە. ئەمەش سیفەتی ئەو کارەکتەرانەیە، کەوا گرێی خۆبەکەمزانینیان هەیە و دەیانەوێت بوونی خۆیان تەواو بکەن.

یەکێکی دی لە کارەکتەرەکانی نێو ئەم ڕۆمانە، کارەکتەری (نێرەمووک)ە. هەروەکو لە ناوەکەیدا دیارە، کارەکتەرێکە لە نێوان هەردوو ڕەگەز، بەڵام ڕەگەزی مێینە تیایدا زاڵترە. بۆیە کاتێک لە لایەن پیاوانی ئەمن دەگیرێت، سەرەتا دەخرێتە زیندانی ژنانەوە. (( **ئەو (نێرەمووک!)ە سەرەتا کاتێ گیراوە، خراوەتە بەشی ژنانەوە. وایش ڕێک کەوتووە یەکەمجار لە ژووری ژنی ژێرزەمین و دواتر لە هیی ژنی ساڵۆن بێت. ڕۆژێکیان ئەفسەر بۆ پشکنینی دەنێرێت، تاکوو دۆکتۆر بڕیار بدات ئەمە زیاتر لە ژنەوە نزیکە، یان لە پیاو. ڕاپۆرتەکە پێ لەسەر گواستنەوەی دادەگرێت و دەگاتە ژووری کوڕەقژدرێژ.**))(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٠١) کارەکتەری (نێرەمووک) هیچی لەسەر نییە، تەنیا وەکو فشار بەکاری دەهێنن، بەهۆی ئەوەی خوشک و زاواکەی، کە چوونەتە ناو پێشمەرگە، خۆیان ڕادەست بکەن. ئەمە جگە لەوەی هەندێک لە ئەمنەکان دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەر. ((**هەندێک لە ئەمنەکانیش چاوی تێ دەبڕن و زووزوو دەیبەن. جاری وا هەیە بەیانییان دەیهێننەوە. ئەشکەنجەی لەسەر هەڵگیراوە، بۆ ئەوەی گیانی نەشێوێت و سیمای ناشیرین نەبێت، بەڵام هەمیشە ماندوو و بێزارە.**))(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٠٨) گرێی هەست بە

کەمیکردنی ئەم کارەکتەرە، وای لێدەکات دووچاری بارودۆخێکی سەختی دەروونی بێت. هەندێک جاریش کە پێدەکەنێت، ئەوە تەنیا دەمامکێکە دەیپۆشێت و خۆی فریو دەدات، ئەگینا بە هۆی ئەو بێزاری و ئاڵۆزییە دەروونییەی، چەند جارێک هەوڵی خۆکوشتنی داوە.

دیاردەی هەست بە کەمیکردن لە ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان)دا لای کارەکتەری سەرەکیی (کوڕمان) بەرچاو دەکەوێت. هۆکارەکەشی هەر ئەوەیە، کە دوای ئەوەی لەگەڵ (ڤیان)ی خێزانی بە ڕێگەی قاچاخ دەکرێنە ئامانج، دەستێکی لە دەست دەدات. ئەگەرچی ئەم کەم ئەندامییەی نەبووەتە ڕێگر لەوەی وەکو کەسێکی پەککەوتە و لاواز دەربکەوێت، بەڵکو تەنیا بە دەستێک کاروباری کتێبخانە ڕادەپەڕێنێت، تەنانەت کارمەندەکانیش پێی سەرسامن. لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێک بارودۆخدا هەستی خۆبەکەمزانین بە سەریدا زاڵ دەبێت، بە تایبەتی لە بواری خۆشەویستیدا. کاتێک بۆ یەکەم جار لە کتێبخانەدا (لۆنا) دەبینێت، هۆگری دەبێت و دڵی بۆی لێدەدات، بەڵام ئەم هەستی خۆشەویستییەی لە ناخیدا دەشارێتەوە. هۆکارەکەیشی هەر ئەوەیە، کە نایەوێت دەست لە یادەوەرییەکانی ڕابردووی هەڵبگرێت و ژیانێکی تازە لەگەڵ (لۆنا) دەست پێبکات. جگە لەمەش متمانەی بە خۆی نییە لە بەرانبەر (لۆنا)، ترسی ئەوەی هەیە، لەبەر کەم ئەندامییەکەی؛ (لۆنا) بەو داوایەی ڕازی نەبێت. **((بۆچی ڕاستەوخۆ پێت ناڵێت خۆشی دەوێیت؟ هۆکارەکەی بۆ دەستە قرتاوەکەت، یان دەستە ونبووەکەت دەگەڕێتەوە. پێی وایە هەر هەستەکەی دەربڕێت ، وای لێکدەدەیتەوە، کە بۆیە خۆی دەستپێشخەریی کردووە، چونکێ زانیویەتی تۆ بە خۆتت گووتووە: (چۆن پێی بڵێم خۆشم دەوێت، لە کاتێکدا تەنیا یەک دەستم هەیە؟) ))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٤٥٠) هەستی خۆشەویستیی لە ناخی (لۆنا)یش بەرانبەر (کوڕمان) چەکەرەی کردووە، بۆ ئەوەی (کوڕمان) لێکدانەوەیەکی هەڵە بۆ ئەم داوایەی نەکات، وا لێکی نەداتەوە، کەوا لە سۆنگەی سۆز و بەزەیی بەهۆی کەم ئەندامییەکەی خۆشی دەوێت. بۆیە تا مردیش ئەو هەستەی لە ناخیدا بە پەنهانی هێشتەوە و کپی کرد. تەنیا هۆکاریش ئەوە بوو (کوڕمان) هەست بە کەمیی خۆی نەکات.

گرێی هەست بە کەمیکردن هەر کارەکتەری سەرەکیی نەگرتۆتەوە، بەڵکو لە کارەکتەرەکانی دیکەش ڕەنگی داوەتەوە. (وەستا هیشۆ) بە هۆی ئەوەی بێ بەشە لە سۆز و خۆشەویستیی غەریزەی باوکایەتی بە هۆی مردنی منداڵەکانی لە تەمەنێکی زووەوە. بۆیە ئەو هەستەی لا قووڵ دەبێتەوە. ئەگەرچی هاوسەری (وەستا هیشۆ) منداڵی دیکەشی هەیە، بەڵام ئەو خۆی بە وجاغ کوێر دەزانێت بە هۆی ئەوەی منداڵەکانی لە پشتی خۆی نین. بۆیە ناتوانێت خۆی لەم گرێ دەروونییە ڕزگار بکات. **((پێوەندیی نێوان (وەستا هیشۆ) و (زۆرزان) بووەتە مایەی**

**سەرسوڕمانی کوورەچی و کرێکاران، بگرە هەندێک وا دەزانن هەر بە ڕاستی باوک و کوڕن. دیارە ئەوە زێدەڕۆییبە، گوایە لە یەک دەچن. کاتێ (مازێ) بووەتە هاوسەری، (نەخشین) تازە پێی گرتووە، بۆیە هەر بە بابە بانگی دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا پێی خۆشە لانی کەم منداڵێکی بۆ بمێنێتەوە، کە بە ڕاستی لە تۆوی خۆی بێت.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٥٣٢) (وەستا هیشۆ) کاتێک سەیری دەوروبەری دەکات، هەموو خاوەنی منداڵی خۆیانن، تەنیا ئەو نەبێت، منداڵی بۆ ناژییت، خەم و خەفەت ڕووی تێدەکات و هەست بە کەمییەک دەکات لە خۆیدا، بەهۆی ئەوەی دەوروبەری هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە، کەوا ئەم پیاوە، نوێژنەکەرە و زەکاتی ماڵی خودا نادات. ئەم بێبەش بوونەشی لە منداڵ، دووچاری خەمێکی قووڵی دەکات و دەروونی دادەڕووخێنێت.

## - ڕەشبینی و گەشبینی

دوو چەمکی تازەن، کەوا لە بواری دەروونناسیدا بەکاردەهێنرێن و گرنگییان پێدەدرێت. هەریەکە لەم چەمکانە پێناسی تایبەت بە خۆیان هەیە. لە سادەترین پێناسەی ڕەشبینیدا؛ دەتوانین بڵێین، ڕەشبینی: ((ڕوانینێکی نەرێنییانەیە بۆ ژیان لە دید و هەستی ڕەشبینەوە، کە خەمۆکی و نائومێدی و دڵتەنگی بەسەریدا زاڵ دەبن، هەر ئەوەشە وایکردووە ڕوانینی ڕەشبینی بۆ ئایندە لە بازنەی تاریکی و بێ ئومێدیدا بسووڕێتەوە.))(گەردی،٢٠٢٢: ٤٩٣) مرۆڤ لە ئەنجامی کۆمەڵێک ڕووداو و بارودۆخی ژیان، کەوا دووچاری دەبێت و لەناویدا دەژی، دەبنە سەرچاوە بۆ خەم و خەفەت و دڵتەنگی. لە ئاکامدا دووچاری خەمۆکی دەکەن و ڕوانینێکی ڕەشبینانەی دەبێت بۆ ژیان. بەردەوام بوونی کەسی ڕەشبین و خۆ نەگونجانی لەگەڵ کۆمەڵگە و بینینی هەموو شتێک بە ڕەش، وا لە مرۆڤ دەکات گۆشەگیر و خەمگین بێت و هیوای بە ژیان لەرزۆک بێت، داهاتووی لا تاریک بێت و خۆزگە بە مردن بخوازێت. واتە کەسی ڕەشبین ((ئەو کەسەیە، کە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کۆمەڵگادا ناگونجێت و درک کردنی لاسەنگ دەبێت و ناتوانێت ڕاستی و خەیاڵ لێک جیا بکاتەوە، دەبێتە کۆیلەی وڕێنە و وەهم و دەست بەرداری بیرکردنەوە و سۆز دەبێت و دەستی لە دونیا دەشوات.))(باپیر،٢٠٠٩: ٥٨) هەندێک جاریش ڕووداوگەلێک لە ژیانی مرۆڤدا ڕوودەدەن، دەبنە سەرچاوەی شادی و هیوا و ئومێد بۆ ئایندە. بۆیە دەکرێت بڵێین گەشبینی ((ڕوانینێکی پۆزەتیڤانەیە بۆ پێشوازیکردن لە ژیان، کە لە ساتەوەختی وەهادا لایەنی شادی و گەشبینی و جوانیی ڕووداوەکان بەسەر دەروونی مرۆڤ زاڵ دەبێت.))(سەعدوون، ٢٠١٥: ٣٠٠) مرۆڤی گەشبین هەمیشە دنیا بە جوانی دەبینێت و گەشبینانە

دەروانێتە ژیان و ئایندەی خۆی. کەواتە گەشبینی و ڕەشبینی، دوو چەمکی پێچەوانەی یەکترن، لە هەمان کاتیشدا دەشێت مرۆڤ هەڵگری هەردوو تایبەتمەندیی ڕەشبینی و گەشبینی بێت. ئەمەش کاتییە و بە شێوەی پچڕپچڕە، واتە دەشێت هەندێک کات بە هۆی هەندێک بارودۆخ ڕەشبین بێت و هەندێک جاریش گەشبین.

(یوسف قەلاتی) یەکێکە لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانی (ڕێبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش). ئەم کارەکتەرە؛ کارەکتەرێکی ڕەشبینە. بەهۆی ئەوەی لە دوو ژن هیچ منداڵێکی نییە و وجاغی کوێرە. ئەم کارەکتەرە گرفتارە بە دەستی ڕەگەزی بەرانبەر کە ژنە. هەردوو هاوسەری؛ جگە لەوەی گرفتی منداڵ نەبوونیان هەبوو، ڕابردوویەکی شیرینیشی لە گەڵیاندا نەبووە بە تایبەتی دوای ئەوەی ژنی دووەمی سەرهەڵدەگرێت و جێی دەهێڵێت. **((یوسف قەلاتی لە جووتێ ژندا نەبووەتە خاوەنی منداڵ. خۆ دوای ئەوەی (مەیسوون)ی هاوسەری دووەمی، کە هاوکات پوورزاشیەتی، جێی هێشتووە و ئێستایش نازانێت ڕووی لە کام لا کردووە، هێندەی دی دنیای لەبەر چاو تاریک داهاتووە و ئیدی نایەوێت، یان ناتوانێت بە لای یەک ژنی دیکەدا بچێت.))**(کاکەسوور،٢٠١٥: ٨١) بێ ئومێدبوونی (یوسف قەلاتی) وای کرد، ببڕای ببڕ بەلای ژن هێناندا نەچێت، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، نەفرین لە ڕەگەزی بەرانبەر بکات. هەمان ڕەگەزی مێیە، کەوا دوای ئەو تاریکاییەی ژیانی، جارێکی دی دەبێتە هۆی تروسکایی و ئومێدێک بۆ ژیانی. ئەم تروسکاییەش بە هاتنە ناوەوەی (ویداد)ی بچکۆلانەیە بۆ نێو ژیانی. (ویداد) دوای کوژرانی باوکی و مردنی دایکی و پەڕاگەندە بوونی خوشک و براکانی هەریەک بە شوێنێکدا، (یوسف قەلاتی) وەک هاوڕێیەکی نزیکی باوکی، خۆی لە هەموویان بە شیاوتر دەزانێت تا لەخۆی بگرێت و بیکات بە کچی خۆی. **((ئەمە بە ڕووناکییەکی گەورە دەزانێت بۆ ماڵەکەی، بەڵام ئایا بەخێوکردنی کچێکی وەک (ویداد) ئاسانە، لە کاتێکدا دایکوباوکی مردوون و چوار ئەندامی خێزانەکەیشی بێسەروشوێنن؟ نەخێر، هەر زووزوو سەر هەڵدەگرێت و دەبێت ئەملاو ئەولای بەدوادا بگەڕێت. دەترسێت یەکێ لەو جارانە نەیدۆزێتەوە و لێی ببێتە خەمێکی قورس، بگرە مەتەڵێکی ئاڵۆزیش))**(کاکەسوور،٢٠١٥: ٨١) بە هاتنە ناوەوەی (ویداد) بۆ نێو ژیانە تەنیاییەکەی، وەرچەرخانێک لە ژیانی (یوسف قەلاتی) ڕوودەدات و جارێکی دی هیوای بە ژیان دەگەڕێتەوە. ئەو گەشبینییەی بە ئایندە وای لێدەکات، تەواوی ماڵ و سامانی بخاتە سەر ناوی (ویداد)، وەکو کچی خۆی و بەڵکو زیاتریش هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات. ئەگەرچی بەخێوکردنی (ویداد)ی بێکەس، تاکە ئومێدی ئەم کارەکتەرەیە تا بتوانێت لەم دۆخە ڕەشبینییە ڕزگاری ببێت. بەڵام ئەمەش ئاسوودەیی بە دڵی نابەخشێت بە هۆی ئەوەی هەمیشە ترسی ئەوەی هەیە لە دەستی بدات و خەمەکەی قووڵتر بێت.

لە ڕۆمانی (ڕێگەکانی ژەهر)دا، کارەکتەری (ئەرڤارد) دوای ئەوەی لە لایەن دەوروبەرەکەی دژایەتی دەکرێت، گۆشەگیر دەبێت. ئەو تەنیایی و گۆشەگیرییەش دووچاری ڕەشبینییەکی زۆری دەکەن. بەتەنیا لە نێو ژیانێکی سەخت و دوور لە خەڵک دەژیت. ئەو ژیانەی تا ئێستا تروسکاییەک ئومێدی پێ نەبەخشیوە، بەتایبەتی دوای مردنی (نەرمین)ی هاوسەری. هەموو ژیانی بە تەنیا لەگەڵ سەگەکەی بەسەردەبات. هەردەم ترسی ئەوەشی هەیە، سەگی فەرمی پێی بزانن، بۆیە خۆی و سەگەکەی دوور لە ئاوایی و لە چۆڵەوانی دەژین تا خۆی لە سەگی فەرمی و پۆلیس بشارێتەوە. خواردنی گۆشتی لە خۆی و سەگەکەی قەدەغەکردووە و خۆی لەسەر خواردنی گژوگیا ڕاهێناوە، چونکە پێی وایە گۆشت هۆکارە بۆ ئەوەی زوو بدۆزرێنەوە. ئەو دۆخە ڕەشبینی و نائومێدییەی لە ژیان، وای لێدەکات چەند جارێک بیر لە خۆکوشتن بکاتەوە، بەڵام لە ناوەوە هەستێک ڕێگری لێدەکات. (**(ناوەناوە بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە، تەنانەت پلانی چاکیش دادەنێت. ئەوەی لێی تێک دەدات، ئەو هەستەیە، کە بەو هۆیەوە لای دروست دەبێت. واتە هەر هێندە بیری لە خۆکوشتن کردەوە، گەشبینییەکی بێسنوور ڕووی تێ دەکات و دنیا بە شێوەیەکی دیکە دەبینێت، چونکە لەوە تێدەگات خەریکە بارێکی قورس لەسەر شانی لا دەچێت و دۆزەخە گەورەکە دەکوژێتەوە، بەڵام هەر ئەو هەستەیش ڕێگەی لێ دەگرێت گیانی لە ناو ببات. ئەودەم تەواو دەگاتە ئەو باوەڕەی ژیانی پڕە لە شتی دژبەیەک، بۆیە سەیر نییە گەیشتووەتە ئەو چۆڵەوانییە و وەک ئاژەڵ لەسەر گیا دەژی.)**)(کاکەسوور،٢٠١٧: ٢٣٢) مرۆڤ کاتێک کۆمەڵێک کێشە گیروگرفت بەرۆکی دەگرێت، ڕەشبینی هزر و خەیاڵی داگیردەکات و ئومێدی بە ژیان لەدەستدەدات و هیچ خۆشییەک لە ژیانیدا نابینێت. ئەمەش لە ناوەوە دەیرووخێنێت. ئەم ڕەشبینییەش زۆرجار بەرەو ئەوە پەڵکێشی دەکات، بیر لە لەناوبردنی خۆی بکاتەوە. ئەوەش لوتکەی ئەو ڕەشبینییەیە، کەوا بەرۆکی تاک دەگرێت. کاتێکیش هێزێک لە ناوەوە پاڵی پێوەدەنێت، ئومێدێکی بە ئایندە هەبێت، بەرەبەرە ئەو بارە ڕەشبینییەی بە جۆرێک لە گەشبینی دەگۆڕێت و پلانەکەی هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەمەش تەکنیکی گەشبینی لەناو ڕەشبینییە، کەوا ڕۆماننووس لە زۆر شوێندا ئەم تەکنیکەی بەکارهێناوە. ئەمەش پەیوەستە بەو پەیوەندییەی، دەق بە نووسەری دەبەستێتەوە. ئەو بارە ڕەشبینی و گەشبینییەی لە ژیانی کارەکتەرەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، پەیوەستە بە باری دەروونیی نووسەر، بەهۆی ئەو بارودۆخە ئایدۆلۆژی و ڕامیاری و ئابوورییەی نووسەر تێیدا ژیاوە، ڕەشبینی وەکو دەرەنجامێکی ئەم بارودۆخانە، لە ژیانیدا ڕەنگیداوەتەوە، بەڵام لەناو هەموو ئەو ڕەشبینییەی بەرۆکی گرتووە، بە ئومێدەوە لە ئایندەی ڕوانیوە، لەناو ئەو ڕەشبینییەدا، تروسکاییەک ئومێدی پەخش کردووە. (ئەرڤارد) زیاتر نائومێدی ڕووی تێدەکات، دوای ئەوەی سەگە تاقانەکەی(چیکۆ) دەمرێت و ئەو

تەنیا جێدەهێڵێت. **((ئەمڕۆ لەوەتەی (چیکۆ) لەو دەشتەدا گیانی دەرچووە، دەمی لە گیا نەداوە، چونکە خەیاڵی هەر لایەتی. پێی وایە ژەهری خواردووە، بەڵام لای ڕوون نییە ئاخۆ ئەو ژەهرە هەر بە شێوەی سروشتی لە گیایەکدا هەبووە و دەمی بەری کەوتووە، یان دەستێک بە نهێنی گەیشتووەتە ئێرە و ئەو ناوەی ژەهرباران کردووە. تێگەیشتن لەمە هەم کاتی دەوێت و هەم دۆخێکی ئارام. بەگشتی ئەمڕۆ بە شێوەیەکی جیاواز لە ڕۆژان دنیا دەبینێت. تازە باوەڕی بە گژوگیایش نەما و دەبێت بیر لە ڕێگەیەکی دیکە بکاتەوە. دەکرێت بڵێت چ (نەرمە) و چ (چیکۆ)یش بە هۆی ئەمەوە مردن. زۆر ماندووە و لە جاران زیاتر هەست بە ڕەشبینی دەکات.))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ٢٧٠) (ئەرڤارد)ی کارەکتەر ئەوەندە ڕەشبینە، ئایندەی لێ نادیارە و نازانێت لە دواییدا چارەنووسی بە کوێ دەگات. ئەمەش دەرخەری ئەو بارە دەروونییە ناجێگیرەی ناخیەتی بەرانبەر بە ژیان.

کارەکتەری (کوڕە قژدرێژ) لە ڕۆمانی (مۆزەخانەی کوڕەقژدرێژ)دا، گەشبینە بەوەی بە هێنانی کۆمەڵێک ئامێری نەخوازراو و ساغ نەبوونەوەی لە بازاڕ، لە بەدیهێنانی خەونەکەی نزیک دەبێتەوە، کە خەونی لەناو بردنی سامانە. هەموو هەوڵێک دەدات بۆ بە فیڕۆدانی سامانەکەی، چ وەک بەرتیل دان بە بازرگان و پۆلیسەکان، چ وەک ساغ نەبوونەوەی ئامێرەکانی لە بازاڕ. **((کوڕەقژدرێژ هەست دەکات پارەیەکی زۆری بەو ڕێگەیە دۆڕاندووە، بەڵام چەند بڵێی پێی ئاسوودەیە، مادام ئامانجی سەرەکیی ئەوەیە لە ڕێی هێنانی شتومەکی نەخوازراوەوە هەموو سامانەکەی لە دەست بدات. دیارە دەتوانێت بە ڕێگەی ئاسانتر و خێراتر وا بکات یەک فلسی نەمێنێت، بەڵام پێویستە بەم شێوەیە بێت. واتە شتومەکی نەخوازراو بهێنێت و پیشانیان بدات، بێ ئەوەی بفرۆشرێن.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٢٧) ئەگەرچی هەر جارێک لە خەونەکەی نزیک دەبێتەوە، تارمایی پیاوەکە دەردەکەوێت و خەونەکەی لێ تێکدەدات. ئەمەش دووچاری گرفت و ڕەشبینییەکی زۆری دەکات، بەڵام هەر کۆڵ نادات و بەردەوامە. **((داخی گران دیسان کابرا سەیرەکە پەیدا دەبێتەوە. بە قاقایەک دەست پێ دەکات:**

**_ وا دیارە چوار ملیۆن تایگەرتراپەکەت بۆ هێناوم!**

**_ بۆ تۆم نەهێناوە، بەڵکوو خۆم ویستوومە. تۆ کەی داوای شتی وات کردووە؟**

**_ ئەگەر بۆ منت نەهێناوە، بۆچی پێمیان دەفرۆشیت؟**

**_ بە هەر کەسێکیان دەفرۆشم، کە نیازی کڕینیانی هەیە. تۆیش وەک ئەو کڕیارانەی تریت. هیچ جیاواز نییت.**

**_ با، له هەموو شتێکدا جیاوازم، بە تایبەتی لەوەدا، کە بە نیوەی قیمەت لێتیانی دەکڕم و تۆیش بــە سوپاســەوە پێمیــانی دەفرۆشــیت.))**(کاکەســوور،٢٠٢١: ٤٤) ئەو گەشــبینی و دڵخۆشــییەی (کــوڕەقژدرێژ)، بەهــۆی ئەوەیە، کەوا ڕێگەچــارەیەکی گونجــاوی بــۆ لەنــاوبردنی ســامانەکەی دۆزیــوەتەوە، بەڵام بە دەرکەوتنــی ئەو تارمــاییە لەو کــاتەدا و تێکــدانی پــلانەکەی، دووچــاری ڕەشبینی دەکاتەوە. کاتێک تارمــاییەکە ئاشــکرا دەبێت و بڕیــار دەدات جارێکی دیکە نەیەتەوە، ئەمە (کوڕە قژدرێژ) خۆشــحاڵ و ئاســوودە دەکــات، چونکە ئیدی هــیچ بەربەســتێک لە بەردەم گەیشــتن بە خەونەکەی نامێنێت. **((پارەیــەکی یــەکجار زۆری بــەو پاپزیڤزیڤایانــە داوە. ئەگــەر نەفرۆشرێن، ئەوا بەشێکی گــەورەی ســامانەکەی لــە یاخــە دەبێتــەوە. بێگومــان هــەر فڕێدانیان بڕێکی باشــی دەوێت. خۆیشــی نازانێت بــۆچی بــاوەڕ ناکــات ئیدی چــارەی کــابرا ســەیرەکە ببینێتەوە، کە تاکو ئێستا دوو جار پلانی لێ تێکداوە. ئایا ئەو گەشبینییە پێوەندیی بەو ئامێرە و شێوازی پێچانەوەکەیەوە هەیە، یان چی؟))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٧٠)

کــارەکتەری (کوڕمــان) لە ڕۆمــانی (یــادەوەریی بووکەڵەکــان)دا، بەهــۆی فشــار و چــاودێرییە بەردەوامەکانی، بە هـۆی ئەوەی سـیخوڕیان بـۆ دانـاوە، ئەمە جگە لەوەی لە لایەن دراوسـێ و هاوڕێکـانی بە سـیخوڕ نـاوبراوە. ئەمەش وای لـێ کـردووە هەمیشـە دڵتەنگ بێت و هەسـت بە تەنیــایی و گۆشــەگیری بکــات بەهــۆی ئەوەی هاوڕێکــانی پەیوەنــدییان لەگەڵــی پچڕانــدووە و متمانەیان پێی نەماوە. لە لایەن مونەزەمەوە بەردەوام بانگ دەکرێت بۆ ئەوەی ڕاپۆرت لەسـەر کەسـە نزیکەکانی بنووسـێت. هەر جـارە و لە بـارەی بـابەتێکی هەسـتیار. (کوڕمـان) وا هەسـت دەکات بە تەواوی بوونی داگیر کراوە بە هۆی ئەوەی بەردەوام لە ژێر چاودێریدایە. **((سەرجەم ئەو هاوڕێیانەی لە منداڵییەوە کۆیان دەکەیتەوە، لە چاوترووکانێکدا دەیاندۆڕێنیت. دەسا تەنیا هاوبیرەکانت لە دەسـت نادەیت، بەڵکو ئەوانەیـش ڕووت لـێ وەردەگێڕن، بگـرە بە نەبوونت دادەنێن، کە پێشتر بە هەموو شێوەیەک دژایەتییان دەکردیت. نەخێر، ڕووخانی سیاسی لە هیچ ڕووخانێکی تر ناچێت. تێکڕای نیشانەکانی پیریت بە جارێ تێدا دەردەکەون، لە کاتێکدا تـازە نیوەی بیستەکانی تەمەنتت بڕیوە. وات لێ دێت ئەوەی لە پێناویدا وازت لە سیاسەت هێناوە و گوێت بە مایەپووچی نەداوە، تامی نامێنێت، بگرە تەنیاییت گەورەتر دەکات.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٥٠-١٥١) تۆمەتبارکردنی (کوڕمان) بە ناڕەوا لەلایەن هاوڕێ و هاوبیرەکانی، دووچاری تەنیایی و دڵتەنگی زۆر کردووەتەوە، بەشێوەیەک کاریگەریی و ڕینگدانەوەی بە ڕووخساریەوە دیارە.

(وەستا هیشۆ) یەکێکی دیکەیە لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان)، کاتێک لەگەڵ (مـازێ) هاوسـەرگیری دەکـات. منداڵەکانی بـۆ نـامێنێتەوە، دوای تووشـبوونیان بە

پەتا، دەمرن. ئەگەرچی (مازێ) خۆیشی بێوەژنە و دوو منداڵی هەیە، بەڵام وەستا هیشۆ حەز دەکات منداڵێکی هەبێت لە پشتی خۆی بێت. مردنی منداڵەکانی لە تەمەنێکی زوو، دووچاری بێ ئومێدی و ڕەشبینییەکی زۆری دەکەن، هەست بە کەمی دەکات. خەڵکیش چارەیان ناوێت، بەهۆی ئەوەی پیاوێکی نوێژنەکەرە و زەکاتی ماڵی خوا نادات، پێیان وایە خوای گەورە تۆڵەی لێدەکاتەوە. تەنانەت خێزانیشی ئەو نەهامەتیی و دەردەسەرییەی ڕووی تێکردوون، هۆکارەکەی بۆ (وەستا هیشۆ) دەگێڕێتەوە. **((وەستا هیشۆ وەک چۆن لای کەسوکاری خۆشەویست نەبوو، لێرەیش نەیتوانیوە بچێتە دڵی خەڵکەوە. کەسێکی نوێژکەر نییە، ڕۆژوو ناگرێت و زەکات نادات، کە بێگومان ئەوانە وایان لە زۆر کەس کردووە بڵێن خودای گەورە هەم لەم دنیا و هەم لەو دنیایش تۆڵەی لێ دەکاتەوە. جەرگی ددەسووتێنێت، تا لە گەورەییی خاڵق بگات و لێی بپاڕێتەوە، بیبەخشێت.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٥٣٠) (مازێ)ی خێزانی لە هەموو نوێژەکانندا لە خودا دەپاڕێتەوە چیتر بە مردنی منداڵەکانی؛ هاوسەرەکەی تاقی نەکاتەوە. وەگێڕ کاتێک باسی (مازێ)ی خێزانی دەکات، دەڵێت: **((دوای تەواوبوونی هەر نوێژێک بەرماڵ جێ ناهێڵێت، تا لە خوای گەورە نەپاڕێتەوە ئیمان بخاتە دڵی (وەستا هیشۆ) و لەوە زیاتر نەبێتە هۆی نەخۆشیی ئەو منداڵە جوانانە.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٥٣٩)، چونکە تێڕوانینی خێزانی و دەوروبەرەکەی بۆ (وەستا هیشۆ)، دەگەڕێتەوە بۆ بێباوەڕی هاوسەرەکەی، کەوا هەموو ئەو نەگبەتییانەی دووچاریان دەبێتەوە، پەیوەستە بە پابەندنەبوونی بە ئایینەوە.

هەر لەم ڕۆمانەدا کاتێک (ناری) و (ماڵشان) لە شاخ دەگەڕێنەوە، (ئاشنا)ی جگەرگۆشەیان تووشی نەخۆشییەکی سەخت دەبێت. (دادە نەهران) ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکە دەگرێتە ئەستۆ. ڕێگە نادات لەگەڵ دایک و باوکی بۆ بیابانەکان بگوێزرێتەوە. تەنانەت ناسنامەی ساختەی بۆ دروست دەکات و بە منداڵی خۆی ناونووسی دەکات. ئەگەرچی دایک و باوکی بێ هیوان لە چاکبووبەوەی (نیدی)، تەنانەت دایک و باوکی ڕاستەقینەشی کاتێک بە ناچاری جێیان هێشت، دووچاری ڕەشبینییەکی زۆر بوون، لە لایەک لەو باوەڕە نەبوون منداڵەکەیان چاک ببێتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە دوورکەوتنەوەیان لە خاک و نیشتمان و ڕاپێچ کردنیان بۆ خاکێکی نامۆ و دوورە دەست، کەچی وردەوردە منداڵەکەیان بەرەو چاکبوونەوە چوو، تا لە دواییدا نەخۆشییەکەی بە تەواوی بنبڕکرا. **((پورت و مێردی هەمیشە دەترسان (نیدی) نەگاتە تەمەنی چواردە و ئەو نەخۆشییە بیکوژێت. ئینجا دەیانگوت هەتە ئەگەر گەورەیش ببێت، لاواز و ڕەنگ زەرد دێتە بەرچاو، بەڵام (دادەنەهران) گاڵتەی لەم پێشبینییە دەهات و ڕێک پێچەوانەکەی بە ڕاست دەزانی. پێی دەگوتن ئاگاداری زمانیان بن. نابێت بە هیچ شێوەیەک ئەمەیان لە دەم دەربچێت. نەکەن بە ئامـاژەیش دەریببڕن، چونکەدەترسا هێندەی تر تێک**

**بشکێت.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٣٥٤) (دادە نەهـران) هەمیشـە بە گەشـبینییەوە لە نەخۆشـیی (نیـدی) و ئایندەی دەڕوانی. ئەوەتا دوای نەخۆشی و ناخۆشـییەکی زۆر لە ژیـانی (نیـدی)دا، وردە وردە ڕەنگ و ڕووی دەگەشێتەوە و بەرەو باشبوون دەچێت. ئێستا لە کۆلیژی پزیشکی دەخوێنێت و بڕیارە هاوسەرگیری لەگەڵ (شادی) بکات. هەموویـان زۆر دڵخۆشـن. کاتێک (دادە نەسـیمە) لە تەلەفۆن قسـە لەگەڵ (کوڕمـان)دا دەکـات، سـۆزی پەنـگ خـواردووی دەروونـی دەتەقێـتەوە و دەست دەکات بە گریان. لە لایەک گریانی خۆشی؛ بە هۆی ئەوەی (نیدی) لە ئێستادا بەختەوەرە و هەمـوو ناخۆشـییەکانی تێپەڕانـدووە. لەلایەکـی تریشـەوە دڵـتەنگە بەهـۆی ئەوەی نە دایکـی ڕاســتەقینەی و نە ئەوەی بەخێــوی کــردووە، ئەم ڕۆژە خۆشـــەیان نەدی، کە هیوایـــان بـــۆ دەخواست. **((پوورت لە تەلەفۆندا گریـا، گوایە دادەی ئەو ڕۆژەی بە چـاوەنی خۆی نەبینی و ئاواتەکەی بردە ژێر گڵ.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٣٧٧) لە سـەروبەندیی مـارەبڕین و دەسـتنیشـانکردنی (نیدی) و (شادی)دا، (پەنژێ خان) بە گەشبینییەوە ڕوو لە (نیدی) دەکات و دڵخۆشی خۆی بەم ڕۆژە دەردەبڕێت کەوا پێی گەیشتووە. خۆزگە دەخوازێت ڕۆژێک منداڵی ئەم و (ڤیـان)ی کچـی لە باوەش بگرێت. ئەمەش دیاردەیەکە بە هـۆی بـارودۆخی ژیانی کەسـە نزیکەکان، دەوروبەر گەشبین دەکات. وەگێڕ لەسەر زاری (پەنژێ خان) دەڵێت: **(( – چەند خەمرەوێنن، تۆ و شـادی، نیدی! هەر ئەوە نییە خۆتـان هێنـدە گەشـبینن، بەڵکوو ڕووناکـایی سیماتان ئێمەیش گەشـبین دەکات. کوا ئەو ڕۆژەی منداڵی تۆ و ڤیڤیم پێکەوە لە باوەش گرتوون؟ توو سەری من ناوێکی ناسکی وەک هیی خۆت لە کچت بنێ! ئۆء، ئۆء، ئۆء، ئۆء، ئەئەئا.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٤١٧)

هەر لەم ڕۆمـانەدا (ڕانیـا)ی خوشـکی یەشـار کاتێـک چـاوی بە (کوڕمـان) دەکەوێـت، لە یەکەم نیگای؛ خۆشەویستیی ئەوی دەچێتە دڵیەوە و تـاک لایەنە عاشـقی دەبێت. **((ئینجـا نایشـارتەوە، بێگومان لە خۆتی ناشاریتەوە، کە (ڕانیـا) تەواو بێزاری کردوویت. هەسـت دەکەیت لە دڵەوە خۆشی دەوێیت و بەردەوام خۆشەویستییەکەیت بـۆ دەردەبڕێت، بەڵام هـیچ ئـارەزووت بـۆی نییە، بگرە وا دەزانیت (نیدی)یە و لە باوەشتدا گەورە بووە. ئەو وای لێ کردیت بڵێیت دڵت بە (ڤیـان)ەوەیە، دەنـا لەم و لەوانەی تریشـت دەشـاردەوە.))**(کاکەسـوور،٢٠٢١: ٦١٠) (ڕانیـا) عاشـقی (کوڕمـان)ە و (کوڕمـان)یش عاشـقی (ڤیـان)، بـۆ گەیشـتن بە عەشـقەکەی هەمـوو مەترسـییەکانی ڕێگەی بڕیوە و هاتووەتە بەغدا، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاڵنگاری بووەتەوە و باکی پێـی نەبووە تەنیا بۆ ئەوەی بە (ڤیـان) شـاد بێتەوە. بۆیە کاتێـک (ڕانیـا) بەوە دەزانێت (کوڕمـان و ڤیڤیـان) ئەڵقەیان گۆڕیوەتەوە و ئاهەنگ دەگێڕن، ڕەشبینییەکی زۆر دایدەگرێت و تەواو دادەڕووخێت و دنیای لەبەر چاوان تاریک دەبێت. **((ڕانیا بۆ ئێوارەکەی کاتێ مژدەی ئـاهەنگی ئێوەی پێ درا، زیاتر تێک شکا.ڕاستییەکەی لە دەرەوە دەگەڕایەوە و هێشتا نەگەیشتبووە هەیوان، دایکی لەناو**

**باخەکەوە دەنگی هەڵبڕی و پێی گوت با جل و بەرگ و پێڵاوی نوێ بکڕێت، چونکە لەم نزیکانە ئاهەنگی (ڤیان) و تۆیە. ژەمی ئێوارەی بۆ نەخورا. دیسان لە جێدا کەوت. ڕەنگە ئەمجارە دایکی هەستی پێ کردبێت، چونکە قسەکانی ئەوە دەگەیەنن، زانیویەتی کچەکەی دڵی پێتەوەیە.))**(کاکە سوور،٢٠٢١: ٦١١) (ڕانیا) بەهۆی ئەو بارە دەروونییەی لە ئاکامی خۆشەویستیی تاک لایەنەی بۆ (کورمان) بۆی دروستبووە، ناچارە ئەو خۆشەویستییە لە ناخیدا کپ بکات. ئەم بارە چەپێناوەش دووچاری ڕەشبینی دەکات. کاریگەریی ئەمەش زۆر بەڕوونی لە هەڵسوکەوت و باری دەروونی و تەندروستییەوە دیارە.

**- تووڕەیی و هەڵچوون**

هەڵچوون بارێکی دەروونییە و بەرۆکی هەموو مرۆڤێک دەگرێت، تەنانەت ئاژەڵیش لەم هەڵچوونە بێبەش نییە. ئەمەش بە بارودۆخێکی ئاسایی و تەندروست دادەنرێت، وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ هەموو ئەو بارودۆخە ناجێگیرەی دەروون. بۆ ماوەیەک دەروونی مرۆڤ هەست بە ئارامیی دەکات، دوای ئەوەی خەم و ناسۆر و کەف و کوڵی خەفەکراوی ناخی خاڵی دەکاتەوە. ئەم هەڵچوونەش ڕێژەییە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگۆڕێت. ڕەنگە ئەم هەڵچوونە لە هۆکارێکی بچووکەوە سەر بکێشێت بۆ ئاستێکی بەرزتر و تووڕەبوونێکی کۆنترۆڵ نەکراو. ئەمەش زۆر جار کەسیی هەڵچوو دووچاری گرفت و کێشەی گەورە دەکات، یەکێک لەو کێشانەش توندوتیژییە، کە هۆکاری یەکەمی؛ تووڕەبوونە. هەڵچوون و تووڕەبوونی مرۆڤیش لەخۆوە نییە، بەڵکو کۆمەڵێک هۆکار وا لە مرۆڤ دەکەن تووڕە بێت. مرۆڤی وا هەیە زوو تووڕە دەبێت و هیی واش هەیە دان بە خۆیدا دەگرێت و تووڕەییەکەی خۆی دەخواتەوە. جاری واش هەیە مرۆڤ لە ئاکامی بە بیرهاتنەوەی ڕووداوێکی ناخۆش، کە لە نەستیدا عەمبار کراوە، هەڵدەچێت. لە هەندێک باریشدا ڕەنگە گۆڕانکاریی هۆرمۆنیش هۆکار بێت بۆ تووڕەبوونی مرۆڤ، بە تایبەتی لە ئافرەتاندا. بە بۆچوونی (هاوژین صلیوە): ((لە حاڵەتی نووستنیشدا مرۆڤ خەون دەبینێت، بەشێک لەو خەونانە هاوارکردن و شەڕ و هەڵچوونیشی تێدایە، چونکە مرۆڤ لە حاڵەتی نووستنیشدا لە چالاکی دایە.))(صلیوە،٢٠١٣: ١١٦)

تووڕەبوونی (ئاواز)ی خوشکی (مامۆستا دلاوەر) و هاوسەرەکەی لە ڕۆمانی (ڕێبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)، دوای ئەوە دێت، کە دوای دوو ساڵ لە بەخێوکردنی (ئومێد)، (مامۆستا دلاوەر) هاتووە منداڵەکەیان لێ وەربگرێتەوە. (ئاواز) و هاوسەرەکەی ئەو منداڵە بە

هـی خۆیـان دەزانـن و پێـی نـادەنەوە. بگـرە زۆر لێـی تـوورە دەبـن و بە هەردووكیـان تێـی هەڵدەدەن. **((كاتێ (مامۆستا دلاوەر)ی برای دێت و داوای دەكاتەوە، ئەم زۆر توورە دەبێت و نایەوێت بیداتەوە. خۆی و (فكری)ی مێردی تێری لێدەدەن و لە مـاڵەكەی دەردەكەن، بەڵام دەچێت ڕێی دادگا دەگرێت و كوڕی خۆی وەردەگرێتەوە. ئەوان پێی دەڵێن هەرگیز ئەمەی لەسـەر ناچێت.)) (كاكەسـوور،٢٠١٥: ٢٩)** لێرەدا هەسـتی سـادییانەی (ئـاواز) دەردەكەوێـت، كە دەیەوێت بە هەموو شێوەیەک تۆڵەی خۆی لە براكەی بكاتەوە. ئەگەرچی دوای ئەم ڕووداوە، (مامۆسـتا دلاوەر) خوشـكە تاقـانەكەی لەدەسـت دەدات و جـارێكی دی نـایبینێتەوە، چـونكە خوشكەكەی منداڵی نابێت و (ئومێد) بە كوڕی خۆی دەزانێت، بەڵام تەواو ئاسوودەیە، بەوەی بـاری دەروونیـی خێـزانەكەی بەرەو باشـی دەچێـت. باكیشـی نیـیە بەوەی خوشـكەكەی و هاوسەری خوشكەكەی ئەمڕۆ یان بەیانی كێشـەیەكی گەورەی بۆ دروست بكەن و بەلایەكی بەسەر بهێنن.

تووڕەبـوونی دایـک و بـاوكی (ئومێـد) هەر لەم ڕۆمـانەدا، دوای ئەوەی (ئومێـد) نهێنیـی دۆزینەوەی (تەلار)ی كچە بچووكەكەیان بۆ (تەلار) دەدركێنێت. دایک و باوكی (ئومێد) پێشتر ئومێـدیان لەوە ئاگـادار كردبـووەوە، كە بە هـیچ شـێوەیەک، لەو پەڕی تـووڕەیی، لە هەر باردۆخێكی ناجێگیری دەروونی بێت، نابێت ئەم نهێنییە بدركێنێت. **((ئەمە ئەو قسـەیەیە، كە بە هیچ شێوەیەک نابێت بگوترێت، چونكە دایكوباوكی ئاگاداریـان كردووەتەوە، هەر كاتێک ئەمە بڵێت، با لەوپەڕی تووڕەییشدا بێت، لێی نابوورن و سزای قورسـی دەدەن.))(كاكەسوور، ٢٠١٥: ١٩)** بیرهێنانەوە و دركاندنی ڕووداوێكی سەردەمی منداڵی، لەلایەن (ئومێد)ەوە، كەوا پەیوەستە بە ئایندەی كچە دۆزراوەكەیـان، جگە لەمەش ئەم ڕووداوە مەترسییەكی گەورە دەخـاتە سـەر ژیانی دایک و باوكی و تێكچوونی شیرازەی خێزانی، وا دەكات دایک و باوكی (ئومێد) زۆر تـووڕەبن. بەپێی قەبـارەی ڕووداوەكەش، كاردانەوەكانیـان و هەڵچوونەكانیـان گەورەتـر دەبـن. ئەم هەڵچـوونەش، ئاكـامی ئەو تـرس و نیگەرانیـیەیە، كەوا لە نـاخی كارەكتەرەكانـدا هەیە. ڕۆماننووسـیش لەنێـو هەمـوو ئەو ڕووداوانەی ڕەوتـی ڕۆمـانەكە پێكـدەهێنن، ((بـۆ هەر هەڵچوونێـک كۆمەڵێـک لەو فـاكتەرانە دەخـاتەڕوو، زیـاتریش بەسـتنەوەیان بە قۆناغەكـانی سـەرەتای ژیـان و دروسـت نەبـوونی هەلـومەرجێكی گونجـاو و لەبـار و نەبـوونی پێوەنـدیی تێگەیشتن لەنێوان ئەو تاكانەی، كە هەموویان لەناو بازنەی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان ئەركی بەرپرسیارێتی پەروەردەیان لەئەستۆ دایە.))(ڕەسوڵ،٢٠١٣: ١٤٦-١٤٧)

کاتێک (تەلار)، کە بە (تیلیلیلی) ناسراوە، لەگەڵ (ئومێد) لە بارەی (ڤیڤیان)ەوە گفتوگۆ دەکەن، (ئومێد) لێی تووڕە دەبێت و نهێنییەکە دەدرکێنێت. **((''تیلیلیلی'' بە هیچ شێوەیەک چارەی (ڤیڤیان)ی ناوێت، نەک لەبەر ئەوەی کونەپەپوو بە شووم دەزانێت، بەڵکو پێی وایە کچێکە کوران لە خشتە دەبات، بگرە ڕێیان لێ ون دەکات. هەموو جارێکیش ئاوا کۆتاییی پێ دەهێنێت:**

**- با تێکڕای کوڕی ئەم شارە فریو بدات، بەڵام ناتوانێ لە تاقە برای من نزیک ببێتەوە.**

**ئێوارەیەک ئومێد زۆر لێی تووڕە دەبێت و پێی دەڵێت:**

**- چونکە خۆت دۆزراویتەوە، بۆیە وا دەزانیت هەموو خەڵک وەک تۆ ون دەبن. نا نا، من تۆ نیم، ون ببم!))(کاکەسوور،٢٠١٥: ١٨-١٩)** ئەمەش (ویداد)ی دایکی ئومێد و (دلاوەر)ی باوکی زۆر تووڕە دەکات، زۆری لێدەدەن و لە ماڵ دەری دەکەن. تووڕەیی دایکی بە جۆرێکە، شوێن پەنجەی لێدان و چڕنووک بە دەموچاو و گشت لەشی (ئومێد)ەوە دیارە. ئینجا کاتێک شەکەت و ماندوو دەبێت، هەر ئاهی دڵی دانامرکێتەوە و داوا لە (دلاوەر) دەکات زیاتر لێی بدات.

**(( - لێی دە، دلاوەر! چاکی لێدە! ئەمجارەیان نەک دەستت ناگرم، بەڵکو ئەگەر لە جووڵەی بخەیت، ئینجا دەڵێم کارێکی چاکت کردووە.))(کاکەسوور،٢٠١٥: ١٤)** ئەگەرچی لێدان لە فەرهەنگی (مامۆستا دلاوەر) نەبوو، هیچ کاتێک دەستی لە (ئومێد) بەرز نەکردبۆوە، بەڵام خەم و خەفەت لەلایەک و ناجێگیری باری تەندروستیی و نەخۆشی لە لایەکی دی، کاریگەریی لەسەر هەڵسوکەوتی (مامۆستا دلاوەر) دروست دەکەن. زوو هەڵدەچێت و زوو زوو دەست لە (ئومێد) بەرز دەکاتەوە. **((گەیشتووەتە ئەوەی لێشی دەدات، کە پێشتر مەحاڵ بوو کاری وای لێ بوەشێتەوە. ئەم دەستی دەگرێت، دەنا لەوەیش خراپتر گیانی دەکوتێت. ڕاستە (ئومێد)یش بە جارێ شووڵی لێ هەڵکێشاوە و بەردەوام شەڕی پێ دەفرۆشێت، بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرێت هەرزەکارە و دەشێ ئەمە ئەنجامی نەخوازراوی لێ بکەوێتەوە. بەڵێ، ئەوەتا ئەمڕۆ لە ماڵ دەریکرد و هەموو شتێک لە دەست دەرچوو.))(کاکەسوور،٢٠١٥: ١٤٥)** ئەگەرچی بەلای (مامۆستا دلاوەر)ەوە بەرپەرچدانەوەی ئەم توندوتیژییەی لەگەڵ کوڕە هەرزەکارەکەی، چاوەڕوانکراو بوو، بەڵام بەهۆی ئەو فشارە دەروونییانەی بەهۆی خەم و نەخۆشی و سەختی ژیان تووشی ببوو، نەیتوانی بەسەر خۆیدا زاڵ بێت و بە دەروونێکی ئارامەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکات، ئاکام دەرکردنی کوڕەکەی لە ماڵەکەی لێکەوتەوە.

(جاهیقان زانستی)ی کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانی (ڕێگەکانی ژەهر)، کارەکتەرێکە بوویتە کۆیلەی پیتەکان. دوای ئەوەی هەر چوار کوڕەکەی لە ترسی شەڕ بۆ دەرەوەی وڵات ناردووە،

دووچـاری ئەم خـووە هـیچە بـووەتەوە، بە هـۆیەوەش ژیـانی تـاڵ بـووە. هەر ئەمەش وای لە (پەرهەنگ جیهاندۆست)ی خێزانی کرد لێی جیا ببێتەوە و بەتەنیا بژیت. ئەم کێشانە دەروونیـان شێواندووە، هەمیشە توورەیە و دڵەڕاوکێی زۆرە. ئەو بەپێی سیستەمی پیتەکان، کاتێک لە ژێر کاریگەریی پیتی (پ) دایە، لەو مانگەدا تەنیا کرێی خـانوو لە (پەروین پیرداود) وەردەگرێت، لە کاتێکدا ئەم ئافرەتە لە هەموو کرێچییەکانی دی زیاتر پێویستیی بەوەیە هاوکاری بکرێت. لای (زانستی) ئەمە تەنیا پەیوەندیی بەو سیستەمە هەیە، کەوا بووەتە کۆیلەی و ناتوانێت دەستی لێ هەڵبگرێت. ئەمەش (پەروین) زۆر توورە دەکات. **((ژنە هێندەی دی توورە دەبێت و بە تەوسەوە دەپرسێت:**

**ـ ئەدی ناکرێت شـتەکە پێچەوانە بکەیـتەوە؟ نابێت لە جیـاتیی ئەوەی کـرێم لـێ وەربگریـت، دووکانەکە بخەیتە سەر ناوم، دۆکتۆر ئەفەندی؟**

**(دۆکتۆر ئەفەندی)؟ دەمێکە قسـەی هێندە خۆشی نەبیستووە. دەرفەت دەهێنێت و قاقـایەک لـێ دەدات. هەر خێـرا پێـی دەڵێـت دەڕابەکەی دابـداتەوە، یـان کەسـێکی لا دابنێـت، تـاکوو بە ئۆتۆمۆبیلی خۆی بیباتە تاپۆ.))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ١٥٣-١٥٤) ئەگەرچی (پەروین) وا دەزانێت گاڵتە دەکات، چونکە پێی وایە لەو سەردەمە سـەختەی ژیـان و گـوزەرانی خەڵـک، ناکرێت (جاهیڤان) ئەوەنـدە گەمـژە بێـت و بیەوێـت خـانووی بە نـاو بکـات. **((هێنـدەی دی دەموچـاوی ڕقـی لـێ دەنیشێت، بەڵام کاتێ ئەم پێ دادەگرێت، ئیدی بۆی دەردەکەوێت بەڕاستیەتی.))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ١٥٤) توورەیی و هەڵچوونی (پەروین) زیاتر دەبێت، کاتێک کارەکە دەگاتە بەیانی و ئەو بەڵێنەی ئەو پێـی دابـوو، هەڵدەوەشـێتەوە. ئەم پاشـگەز بـوونەوەش دووبـارە پەیوەنـدیی بەو سیسـتەمە سەیرە هەیە کە ڕۆژانە جێبەجێی دەکات. **((پەروین) زۆر ساویلکانە پێی دەڵێت:**

**ـ گوێ مەدەرێ، سبەینێ دێینەوە.**

**بەڵام (زانستی) بە گوتەیەک دڵی دەتەزێنێت:**

**ـ نەخێـر، پێویسـتە چـاوەڕێ بکەیـت، تـاکوو سـەری مـانگێکی دی یەکەم پیتـی نـاوەکەت دەردەچێتەوە.**

**(پەروین) دوو سێ بۆکسی قایم بە جامی پێشـەوەی ئۆتۆمـۆبیلەکەی و شـەش حەوتێکیش بە بۆنێتیدا دەکێشێت و تا هێزی تێدایە دەقیژێنێت:**

**ـ ئەوە تۆ باسی چی دەکەیت، دۆکتۆری ملشکاو؟ مانگی چی؟ کام پیتە و کام ناوە؟))**(کاکەسوور ،٢٠١٧: ١٥٤) کێشەی (پەروین) لەگەڵ ئەو تێگەیشتنەیە، کەوا (جاهیڤان) سەبارەت بە بابەتەکان هەیەتی. (جاهیڤان) دووچاری نەخۆشییەکی دەروونیی بووە، کەوا بووە بە کۆیلەی پیتەکان، ئەم نەخۆشییەش لە ئاکامی کۆمەڵێک هۆکار تووشی بووە. (پەروین) وەرگرتنی کرێی دوکان تەنیا لەو، بە ستەم دەزانێت و پێی وایە؛ ستەم لە ئافرەتێکی بێوەژن و کڵۆڵ دەکات، بەڵام (جاهیڤان) هیچ کێشەیەکی لەگەڵ کەس نییە، تەنیا بەپێی پیتەکان، کەوا هەر مانگێک هەڵیدەبژێرێت، کرێ وەردەگرێت، بێ ئەوەی پەیوەندیی بەوەوە هەبێت، کە کێ شایستەی لێخۆشبوونە. ئەم ڕەفتارانەشی لای (پەروین) زۆر نامۆ دێتە بەرچاو. بۆیە  زۆر لێی تووڕە دەبێت و بە کۆمەڵێک جنێو و دەربڕینی ناڕەزایی، دەیەوێت تووڕەییەکەی دامرکێنێتەوە.

کارەکتەری سەرەکیی (کوڕە قژدرێژ) لە ڕۆمانی (مۆزەخانەی کوڕەقژدرێژ)دا بەوە ناسراوە، کەوا قژێکی درێژی هەیە. ئەمەش وای لێکردووە نامۆ دەربکەوێت و ببێتە مایەی گاڵتەجاڕی خەڵک. چەند جارێکیش قژیان هەڵپاچیوە و تاڵە مووێکیان بە سەری نەهێشتووە، کەچی دوای کەمتر لە هەفتەیەک قژی لە جاران زیاتر هاتۆتەوە. بۆیە کاتێک یەکێک لە هاوڕێکانی بە مەبەستی چارەسەرکردنی قژی، بە فێڵ دەیباتە لای پیاوێکی شارەزا لە دەرمانی گیایی تا دەرمانێکی پێ بدات، چارەسەری ئەو قژەی بکات. ئەو ڕەفتارەی هاوڕێکەی؛ (کوڕە قژدرێژ) زۆر تووڕە دەکات. **((کوڕەقژدرێژ کاتێ دەزانێت ئەو هاوڕێیەی بە فێڵ بۆ ئەوێی بردووە و ویستوویەتی قژ بە سەریەوە نەهێڵێت، زۆر تووڕە بووە، ئەگەرچی ئەو پێی گوتووە بە نیازی چاک وای کردووە و ویستوویەتی وەک کوڕەکەچەڵ دەرگەی بەختی لێ بکرێتەوە، گوایە تاکوو خاوەنی ئەو قژە درێژە بێت، ژیانی هەر ئاوا بە ناخۆشی تێدەپەڕێت. کوڕەقژدرێژ بڕیار دەدات لەمەودوا نەچێتە لای هیچ سەرتاشێک و نەهێڵێت دەمی یەک مەقەست بەر قژی بکەوێت. ئینجا چی دەبێت، با ببێت! دەسا ئەمە لانی کەم مانای وایە لە قوتابخانە دەردەکرێت، لە گەڕەک خەڵک تانەی لێ دەدەن و لەسەر شەقامەکانیشدا پۆلیسی پاراستنی ڕەوشت دەکەونە وێزەی.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٣-١٤) ئەم کارەکتەرە هەمیشە بە هۆی ئەو قژە درێژەی ئاسوودە نییە، لە نێو کۆمەڵگە و بەردەوام دووچاری تانە و تەشەر دەبێت.

باوکی (کوڕە قژدرێژ)یش یەکێکی دیکەیە لەو کارەکتەرانەی، دوای ئەوەی دەیەوێت ئامۆژگاری کوڕەکەی بکات و کوڕەکەی ڕەتی ئەوە دەکاتەوە و گوێی لێ ناگرێت، زۆر لێی تووڕە دەبێت. تووڕەبوونەکەی بە جۆرێکە، تووڕەبوونی باوکێکە لە کوڕێکی لاسار.

تووڕەبوونە لە هەڵسوکەوت و هەڵوێستێکی نابەجێی کوڕێک بەرانبەر باوکی. ((**_ کەواتە گوێت لێ دەگرم، بۆ ئەوەی بزانم ئەو شەش شتە چین، تاکوو ڕێک پێچەوانەی ئەوانە بکەم.**

**باوکی هەڵدەستێتەوە و دەیەوێت بە بۆکس تێی بکەوێت، بەڵام نازانێت بۆچی پەشیوان دەبێتەوە. ئینجا سەری خۆی بە دیواردا دەکێشێت و دەڵێت:**

**_ ئەی هاوار، ئەوە چ کوڕێکە، هەمە! باشە، کەللەڕەقی وا دوای من چۆن ژیان بە سەر دەبات؟ چۆن؟ چۆن؟ چۆن؟**

**لەگەڵ هەر (چۆن)ێکدا دوو جار سەری بە دیواردا دەکێشێت.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٧-١٨)
ئەگەرچی باوکی لە ڕەفتاری کوڕەکەی زۆر تووڕەیە، بەڵام پێویستیی و گرنگیی ئەو ئامۆژگاریانەی نیازی وایە پێی بگەیەنێت، وای لێ دەکات خۆی هێمن بکاتەوە و کارێک نەکات، کار لە کار بترازێت و نەتوانێت نیازی دڵی پێ بڵێت. گرنگترین شت لای باوکی، گوێ بۆ شل کردن و بە قسە کردنیەتی، چونکە کاتێکی زۆری لە بەر دەستدا نەماوە. ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی (کوڕە قژدرێژ) بووەتە هۆی تووڕە بوونی دەزگا کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. یەکێکیش لەو دەزگا کۆمەڵایەتییانە، بازرگانەکانن. بە هۆی ئەو ئامێرە سەیر و نامۆیانەی داوای دەکات تا بۆی بهێنن، زۆر لێی تووڕە دەبن. کاتێک داوای (تایگەر تراپ) لە یەکێک لە بازرگانەکان دەکات، ئەو بازرگانە وا دەزانێت گاڵتەی پێ دەکات، بۆیە بە جۆرێک لێی تووڕە دەبێت، جنێوی خراپیشی پێدەدات.

**(( _ تۆ دەتەوێت شێتم بکەیت؟ شەرم لە خۆت بکەرەوە، کە هاتوویت بە پیاوێکی وەک من ڕادەبوێریت!**

**_ پێت ڕانابوێرم، مامە. من پارەت دەدەمێ و تۆ چوار ملیۆنم بۆ بهێنە!**

**_ چوار ملیۆن چی؟**

**_ تایگەرتراپ.**

**کابرا هەڵدەچێت و شەق بە دیواردا دەکێشێت:**

**_ تایگەرتراپی قوزی دایکت؟**

**کوڕەقژدرێژ زۆر بە هێمنی:**

**ـ نا، تایگەرتراپی ئەفریکایی. ئەفریکاییم دەوێت، مامە گیان، چونکە پڵنگی ڕاستی تەنیا بەوە دەگیرێت. منیش پڵنگی ڕاستیم مەبەستە، نەوەک پڵنگی یاری. بە هەر چەند بێت، دەمەوێت و پارەکەت پێشەکی دەدەمێ. ئەوەی تۆ دەیڵێیت، ڕەنگە بۆ ماوەیەک پڵنگ بگرێت، بەڵام زوو خاو دەبێتەوە و بەری دەدات.**

**پیاوەکە هێندەی دیکە هەڵدەچێت و جوێنی پیستر دەدات، بەڵام ئەم پێی دەڵێت:**

**ـ پێویستم بەوە نییە گاڵتە بە تۆ بکەم، بەڵکوو پارەم هەیە و تایگەرتراپی پێ دەکڕم، مامی بەڕێزم. تکایە گوێم لێ بگرە!))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٤١-٤٢)

(ژنی ساڵۆن)یش یەکێکی دیکەیە لەو کارەکتەرانەی لە ڕەفتارە سەیرەکانی (کوڕە قژدرێژ) تووڕە دەبێت، کاتێک دەیەوێت لە بارەی ژیانی تایبەتیی (کوڕە قژدرێژ) هەندێک زانیاری دەست بکەوێت. (کوڕە قژدرێژ) تەنیا ئەو چەند ساتە کەمەی ژیانی دوای لە دەستدانی سامانەکەی باوکی باسدەکات و ئەویدی بە ڕابردوویەکی ساختە دەزانێت، ئەمەش (ژنی ساڵۆن) تووڕە دەکات. ((**ـ ئێستا تێگەیشتم، کە ناتەوێت لەبارەی ژیانی خۆتەوە قسەم بۆ بکەیت. ئەمەیش مافی خۆتە. گوتت لە ئاییندەیشدا ئامادە نییت شتێک لەو بارەیەوە بڵێیت، ئەمەیش هەر خۆت دەیزانیت.**

**ـ نا، نا، تکایە وا لێکی مەدەرەوە!**

**ـ من وا دەزانم هەموو کەس وەک خۆم وان و زوو دڵیان دەکەنەوە، بەڵام دەشێ ئەوان ڕاست بن و من هەڵە.**

**ـ دەڵێم وا لێکی مەدەرەوە!))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١١٠) ئەگەرچی (ژنی ساڵۆن) لە دڵەوە زۆر پەست و تووڕەیە، بەڵام نایەوێت وا خۆی نیشان بدات، کەوا زۆری لە دڵ گرتووە، لە کاتێکدا (کوڕە قژدرێژ) بە تەواوی وەڵامی داوەتەوە، کە ژیانی لەو ساتە دەستی پێکردووە، کەوا سامانەکەی لە دەستداوە و دەستی بە کرێکاری کردووە، بەڵام تێگەیشتنی دەوروبەر لەم ڕاستییە زۆر ئەستەمە!

تووڕەبوونی (نەرزان چەرکەش) لە (کوڕمان) لە ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان)دا، دوای ئەوە دێت کە (زانا)ی کوڕی لەلایەن ئەمنەوە لە ماڵ دەردەهێنرێت. (زانا) تاقانەی (نەرزان چەرکەش)ە، دوای ئەوەی مێردەکەی دەکوژرێت، زۆر هۆگری کوڕەکەی دەبێت. بۆیە هەمیشە لەوە دەترسێت ڕۆژێک لە دەستی بدات. ئافرەتێکی ڕووخۆشە و بە گشتی دژی توند و تیژییە،

بەڵام کاتێک باسەکە (زانا) بێت، ئەوا تووڕەبوونەکەی بە جۆرێکە دامرکاندنەوەی ئەستەمە. (زانا) هاوڕێی (کوڕمان)ە، بۆیە بە گیرانی وا دەزانێت (کوڕمان) سیخوڕی بەسەردا کردووە و بە گرتنی داوە. بە هەموو هێزی لە دەرگا دەدات لە کاتێکدا (کوڕمان) بە تەنیا لە ماڵەوەیە. **((هەر هێندە درزێک دەکەیتە دەرگەوە، ژنێک پەلامارت دەدات و بە چەپۆک تێت دەکەوێت. سەرەتا نایناسیتەوە، چونکە قژی زەردی دەموچاوی داپۆشیوە و سیمای تەواو شێواوە، مۆڵەتیشت نادات، لێی بڕوانیت، بەڵام دواتر بۆت دەردەکەوێت"نەرزان چەرکەش"ی دایکی "زانا"یە. بەو دەنگە سەیرەی بەردەوام جوێنت پێ دەدات و هەر شوێنێکی جەستەتی بکەوێتە بەردەست، بە گاز دایدەکرمێنێت، یان بە نینۆکی درێژی دەیڕنێتەوە. ناشتوانیت هاوار بکەیت، چونکە دەترسیت دەراوسێ بزانن هۆکار چییە. وردەوردە لە دەستی هەڵدێیت و بۆ ژوورەوە هەڵدەکشێیت، تا لەوە زیاتر قیژە و جوێنی نەگەنە ماڵان.))(کاکەسوور،٢٠٢١: ٢٠٥-٢٠٦)** ئەگەرچی (کوڕمان) ئاگاداری هیچ شتێک نییە سەبارەت بە (زانا)، بەڵام لە تاو ئازاری جەستەی و ئەو ترس و شۆکەی تووشی هاتووە، توانای ئەوەی نییە بەرپەرچی بداتەوە و بەرگری لە خۆی بکات. (نەرزان چەرکەش)یش پارچەیێکە لە توڕەیی و هەر بەردەوامە لە لێدان و گازگرتن لە (کوڕمان). تا دێت گازی قایمتری لێ دەگرێت و جلی لەبەر دادەکەنێت. **((تەواو ڕووتیت، کەچی هێشتا دەست هەڵناگرێت، بگرە گونیشت وەک هەر بەشێکی دیکەی جەستەت دەکەوێتە بەر لێدان. باش بوو زوو خاولییەکە لە شانت ترازا، دەنا لە ملتی دەئاڵاند و دەیخنکاندیت، بەڵان نا، لەوە دەچێت ڕاستەوخۆ بەبێ بەکارهێنانی هیچ ئامێرێک، جەستەت تێک بشکێنێت، کە تەنیا بەم شێوەیە کۆڵی دڵی دادەمرکێتەوە.))(کاکەسوور،٢٠٢١: ٢٠٩)** لە ڕاستیدا (کوڕمان) لە ڕێی (زانا)ی کوڕی (نەرزان چەرکەش)ەوە پەیوەندیی بە پارتێکی دیاریکراوەوە کردووە، کەچی (نەرزان چەرکەش) وا لەو باسە دەڕوانێت، کەوا (کوڕمان) سیخوڕی کردووە بەسەر کوڕەکەی و دەستی لەم ڕووداوەدا هەبووە.

تووڕەبوونی (کوڕمان) لە (شادی)ی هاوڕێی، دوای ئەوەی هاوڕێکەی کۆمەڵێک پرسیار سەبارەت بە (نیدی) لە (کوڕمان) دەکات. ئەم پرسیارانە بەلای (کوڕمان)ەوە زۆر پووچ و بێزارکەرن، بە شێوەیەک هەڵدەچێت، کۆمەڵێک قسەی لە دەم دەردەچێت، کە یاساغ و قەدەغەکراون. گوتنی ئەم گووتانەی ناخی، مەترسین بۆ سەر ژیانی خۆی و خانەوادەکەی. ئەم هەڵچوونەش لە گفتوگۆی نێوان (کوڕمان) و (شادی)دا دەردەکەوێت. **(( – وەڵامت نەدامەوە، کوڕمان. پرسیم ناوی ڕۆزایە و بە نیدی بانگی دەکەن؟**

**- وەڵامی چیت بدەمەوە، شادی؟ لەسەر شتی وا پووچ دەوەستیت و لەبارەیانەوە پرسیار دەکەیت، نازانم چۆن وەڵامیان بدەمەوە.**

**ئینجا بۆ یەکەمجار هەڵدەچیت:**

**- بڕۆ منەتت نەبێت و گەورەکانت ئاگادار بکەرەوە، کە پلانی ڕووخاندنی ئەم دەوڵەتەم داڕشتووە! بەڵێ، لێت ناشارمەوە نیازم وایە کودەتا بکەم و دەسەڵات بگرمە دەست. نهێنیی وام لایە، هەر چاوەڕێت نەکردووە.**

**لەبەر قاقالێدان لا دەداتە کەناری شەقامەکە و دەوەستێت. دەرگە دەکەیتەوە و دەچیتە دەرێ، بگرە جێی دەهێڵیت، بەڵام دێت و دەست لە ملت دەکات. بۆ ناو ئۆتۆمبێلەکەتت دەگەڕێنێتەوە:**

**- کاتێ وەک گای ئیسپانی هەڵدەچیت، زۆر جوانیت.**

**وەڵامی نادەیتەوە. ئۆتۆمبێل دەخاتەوە گەڕ.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٣٧١-٣٧٢) (شادی) دەیەوێت ئەوە لە (کوڕمان) بگەیەنێت کە زۆری خۆش دەوێت و بەرگەی دووری ناگرێت. هۆکاری ئەو هەموو پەشێوییەی (کوڕمان)یش بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە، کە تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووە و هەر بە سیخوڕی دەزانێت. کەچی تووڕەییەکەی (کوڕمان) هەر دانەمرکاوەتەوە. (( **- بڕیارم داوە نەچمە مەشقی سەربازی، چونکە دژی باوەڕەکەمە. ئەو ڕاپۆرتەیش دەخەمە ژێر پێڵاوەکانم. بڕۆ چیت نەکردووە، بیکە! ئەو ڕۆژەی بۆ زیندانم دەبەن، چەپڵە لێ دەدەم و هەلهەلە دەکێشم.**

**- ددانت پێدا نا، من سیخوڕێکی لێهاتووم و دەتوانم تەنیا بە گاڵتە و بێ ئەوەی بتخەمە زیندانەوە، بێ ئەوەی یەک قامچیت لێ بدەم هەموو نهێنییەکانت ئاشکرا بکەم؟**

**- بەڵێ، ددانم پێدا نا.**

**- دەتزانی بۆ کوێت دەبەم؟**

**- نا، بەڵام ئێستا دڵخۆشم، کە چارەت نابینمەوە. تۆیش ددانی پێدا دەنێیت، کەسێک هەیە لە زیندان و بینینی تۆدا، یەکەمیان هەڵدەبژێرێت؟))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٣٧٢-٣٧٣) سیخوڕ لە نێو ئەم ڕۆمانەدا، وێنای سیخوڕێک ناکات، کە ئێمە لە واقیعدا ناسیومانە، بەڵکو تەواو جیاوازە. ئەگەرچی (شادی) بە دەمی خۆی جەخت لەوە دەکاتەوە و بە (کوڕمان) دەڵێت من سیخوڕی تۆم، کەچی خۆشی دەوێت و نایەوێت لە دەستی بدات، تەنانەت نایەوێت بگیرێت و لێی دوور بکەوێتەوە. کاتێک لەوە دڵنیا دەبێتەوە (کوڕمان) ناچێتە مەشقی سەربازی، بەهۆی ئەمەشەوە

ڕەنگە بگیرێت، ڕاپۆرتی پزیشکی لای مێردی پووری بۆ دەهێنێت؛ تا لە نەچوونی (کوڕمان) بۆ مەشقی سەربازی، سزا نەدرێت.

توورەبوونی (نیدی) لە (کوڕمان) هەر لەم ڕۆمانەدا، دوای ئەوەی (کوڕمان) نارەزایی دەردەبڕێت بە هۆی ئەوەی پەیوەندیی سۆزداری لەگەڵ (شادی) بەستووە، بێ ئەوەی هۆکاری نارازی بوونەکەی ڕوون بکاتەوە، کەوا (شادی) سیخوڕە. ئەمەش لە گفتوگۆی نێوان (کوڕمان) و (نیدی) بە ڕوونی دەردەکەوێت. (( **– تۆ پەلەت کرووە، نیدی. نازانم ئەو پەیوەندییە چۆن ئاوا زوو دەستی پێ کرد و چۆن ئاوا زوویش بەو ئەنجامە گەیشت!**

**ئەمە دەڵێت و دەستت لە ملی دەئاڵێنیت. ناوچەوانی ماچ دەکەیت و سەری بە سینگتەوە دەنووسێنێت، لە کاتێکدا گیانت داڕووخاوە، بەڵام دوور دەکەوێتەوە و ڕووی گرژ دەکات. دەپرسێت:**

**– بە دڵت نییە؟ ئەنجامی چۆنت دەوێت؟ تۆ کەی شتی منت بە دڵ بووە؟**

**– پرسیار ئەوە نییە، ئاخۆ بە دڵمە، یان بە دڵم نییە، نیدی گیان، چاوەکانم، بەڵکوو....**

**بۆت تەواو ناکرێت، بەڵام ئەو دەڵێت:**

**– خۆم گەورەم و دەزانم چ بڕیارێک دەدەم.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٣٨١) توورەبوونەکەی (نیدی) گەیشتووەتە پلەی کوڵان و بڵق دەدات، لە کاتێکدا (کوڕمان) دەیەوێت خۆی ئارام بکاتەوە و تێی بگەیەنێت کەوا ئەو کارەی ئەو دەیکات هەڵەیەکی کوشندەیە و ڕەنگە لە داهاتوودا پێیەوە بسووتێت. (کوڕمان) لە ناخەوە داڕووخاوە و زۆر پەست و نیگەرانە لە (نیدی)، بەڵام نایەوێت زیاتر (نیدی) توورە بکات. بۆیە دەیەوێت بە هەر هۆکارێک (نیدی) لەم بڕیارەی پاشگەز بکاتەوە، بەڵام بێ سوودە.

**– سایکۆ عیشق**

عیشق و خۆشەویستی بە شێوەیەکی خۆڕسک لە ناخی هەموو تاکێکدا هەیە. هەر لە سەرەتای تەمەنی منداڵییەوە سۆز و خۆشەویستیی دایک و باوک بۆ ئەو و ئەو بۆ دایک و باوکی، دواتر لە قۆناغەکانی دیکەی ژیانیدا، ئەو خۆشەویستییەی بۆ دەوروبەر بە فۆڕمی جیاواز پێشکەش دەکات. عیشق ئاوێتەبوونی ڕۆحە لە دوو جەستەدا، کە ((لە عیشقی

ڕاستەقینەدا ڕۆحەکان یەکتری دەدۆزنەوە، بۆیە سەرجەم سنوورە جوگرافی و جیاوازییە چینایەتی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتوری و ....هتد تێکدەشکێنن.))(حسین،٢٠١٧: ٢٠٤) ئەم پەیوەندییەش دوو جەمسەرییەو کەسیی عاشق زیاد لە پێویست خۆشەویستییەکی بێ وێنەی کەسی دووەم بووە و بە ناخیدا ڕۆچووە. کەسی دووەمیش (مەعشوق) بە هەمان شێوە گیرۆدەی ئەو بووە. هەردووکیشیان بە ئامانجی بە یەکگەیشتن ئەم پەیوەندییەیان دامەزراندووە. ئەمەش پرۆسەیەکی عەقڵی و دەروونی و جەستەییە. ((ئەم پەیوەندییە ئیرۆتیک بەرهەم دەهێنێت، دوو کەسەکە لە چوارچێوەی ژیانێکی کۆمەڵایەتییانەدا، ڕێز لە جیاوازی یەکتر دەگرن، چونکە ئامانجی ئەوان هەر تەنیا گەیشتن نییە بە جەستەی یەکتر، بەڵکو ئامانجی سەرەکییان بریتییە لە گەیشتن بە خود لە ڕێگەی ئەوی تریانەوە.))(سوەیلی،٢٠٠٤: ٣١) بەمەش مرۆڤ لە ڕیی خۆشەویستییەوە خودی خۆی دروستدەکات.

لە ڕۆمانی (ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)دا، دیاردەی عیشق بەرچاودەکەوێت. (دلاوەر)ی کارەکتەری سەرەکیی هەر لە منداڵییەوە گیرۆدەی عیشقی هەریەک لە (ویداد) و ئاژەڵێک دەبێت، کە سەگەکەیەتی. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کەوا سایکۆ عیشق مەرج نییە بۆ مرۆڤ و لە ناو مرۆڤیشدا تەنیا بۆ ڕەگەزی بەرانبەر بێت، بەڵکو دەشێت بۆ ئاژەڵ و خاک و هەر شتێک، کەوا مرۆڤ گیرۆدە بکات. مەرجیش نییە مەعشووقەکە هەموو کات لەبەر چاو بێت. وەگێڕی هەمووشتزان لە زەینی کارەکتەری سەرەکی بە تەکنیکی دواخراوی لەسەر زاری فاڵچییەکی هیندی؛ کە لێکدانەوە بۆ خووی سەرهەڵگرتنی (ویداد) و (دلاوەر) دەکات، سەرەتای ئەو عیشقەمان بۆ دەخاتەڕوو. **((ئەمانە بە دوای ئارامیدا دەگەڕێن، چونکە ڕۆیشتن بە ئاراستەی باکووری ڕۆژهەڵاتدا تەنیا ئەو مانایەی هەیە. باکووری ڕۆژهەڵات پێکهاتەیەکە لە شتی نوێ و تەندروستیی باش، واتە ئارامی. لە ئارامییشدا خۆشەویستی دێتە کایەوە. هاوکات بە پێکەنینەوە گوتووشیەتی هەر ئەوە نیشانەی ئەوەیە لە ئێستاوە یەکتریان خۆشدەوێت. ئەگەر کەس ڕێیان لێ نەگرێت، بەردەوام دەبن و تاکو دەمرن درێژە بەو خۆشەویستییە دەدەن، چونکە ئەوانەی ئاڕاستەی باکووری ڕۆژهەڵات دەگرن، کەسانێکن دڵیان پڕە لە سۆز و عیشق.))**(کاکەسوور،٢٠١٥: ٨٢) پێشبینی و لێکدانەوەی فاڵچییەکە وەڕاست گەڕا، هەر ئەم عیشقە وایان لێدەکات بەیەکەوە شار ڕووە و کێوەکان جێبهێڵن و بۆ ماوەیەک لە ئەشکەوتێک بگیرسێنەوە تا شوانێک بە شوێنیان دەزانێت. **((سەرەتا وای بۆ چووە خوشک و بران، بەڵام دوای ئەوەی زیاتر سەرنجی لە هەڵسوکەوتیان داوە، هەستی کردووە بە هەڵەدا چووە. ئەمانە بە هیچ شێوەیەک نابێ خوشک و برا بن. لە خۆی پرسیوە: باشە بە چ مەبەستێک، سەریان هەڵگرتووە و پەنایان بۆ ئێرە هێناوە؟ چۆن توانیویانە ئەو هەموو ڕێگەیە ببڕن؟ ئایا لەم تەمەنە**

**کچ و کوڕ خۆشەویستیی دەزانن؟))**(کاکەسوور،٢٠١٥: ٨٤) دوای ئاشکرابوون و گەڕانەوەیان بۆ شار، باوکی (دلاوەر) بە چەندین ڕێگەی جیاواز دەیەوێت (دلاوەر) لە (ویداد) دووربخاتەوە. بە توند و تیژی و لێدان و گواستنەوەی ماڵیان و کڕینی تووتکە سەگێک بۆی بەو مەبەستەی عیشقی (ویداد) لە زەینی (دلاوەر) لە بیر بباتەوە. (( **ئێستا (دلاوەر) کاتێ گوێی لە باوکی دەبێت بەڵێنی ئەوەی دەداتێ تووتکێک ڕابگرێت، نازانێت بڵێ چی؟ ئایا ڕازی ببێت، یان هەر لەسەر بڕیارەکەی بمێنێتەوە؟ وەک ئەوە وایە بڵێ لە (ویداد) و سەگەکە کامیان هەڵبژێرێت، بەڵام خۆ ئەگەر لەسەر قسەی خۆی سوور بێت و نەچێت، ئەوا هێندەی دیکەی لێ دەدات و دوور نییە گیانیشی دەربچێت. باوکی خۆیەتی و چاکی دەناسێت چۆن لە کاتی تووڕەییدا دەبێتە کەسێکی دیکەی تەواو جیاواز و لە بیری نامێنێت ئەوە کوڕیەتی، بەڵکو وا دەزانێت سەربازە و بە خراپترین شێوە سزای دەدات.))**(کاکەسوور،٢٠١٥: ٩٠) دیاردەی عیشق لای (دلاوەر) وەک چرایەک هەمیشە گەشە و خامۆش نابێت، تەنیا مەعشووقەکان دەگۆڕێن. لە بارودۆخێکی وادا، مەعشووقەکان جێگۆڕکێ دەکەن، لە عیشقی (ویداد) بۆ هۆگربوون و عیشقی بۆ تووتکە سەگەکەی. دەنا دیاردەی عیشق لە لای هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە و ناتوانێت فەرامۆشی بکات. عیشق و خۆشەویستیی و سۆزداری وەکو دیاردەیەکی مرۆڤایەتیی لای (دلاوەر) لە هەموو بارودۆخەکاندا بوونی هەیە. وەگێڕی هەمووشتزان لوتکەی ئەو سۆز و عیشقەی (دلاوەر)مان لە دوای مردنی سەگەکەی بۆ باس دەکات. ((**دڵی پڕ دەبێت و فرمێسک تنۆک تنۆک بە ڕوومەتەکانیدا دێتە خوارێ، لە کاتێکدا بەردەوام دەپرسێت بۆچی تەمەنی سەگ هێندە کورتە؟ هیوا دەخوازێت (گردۆ) سەگێکی جیاواز بێت و لانی کەم پەنجا شەست ساڵ بژی. ئەرێ ئاسانە دوای (گردۆ) درێژە بەم تەمەنەی خۆی بدات؟ بە ڕاست کامیانی خۆشتر دەوێت؟ (ویداد) یان (گردۆ)؟ ئەستەمە بتوانێت وەڵامی پرسیارێکی ئاوا بداتەوە، بەڵام ناشتوانێت لە خۆی نەکات، ئازارێکی گەورەی پێ دەگات. ئایا ئەگەر (گردۆ) نەبووایە، سەری هەڵدەگرت و بە دوای (ویداد)دا دەگەڕا؟ نازانێت. هێندەی لا ڕوونە دەیەوێت هەردووکیانی بە جارێ هەبن، یان خۆی ببێتە هیی هەردووکیان.))** (کاکەسوور،٢٠١٥: ١٠٩) ئەمەش لوتکەی ئەو عیشقەیە، کە دەگا بە پلەی توانەوە. خۆی لە بوونی ئەوان و ئەوان لە بوونی خۆیدا دەبینێتەوە. عیشقی (ئومێد) و (ڤیڤیان)یش هیچی کەمتر نییە لە عیشقی دایک و باوکی. (ئومێد) عاشقی (ڤیڤیان)ە، وا دەزانێت، (ڤیڤیان) گرنگی پێنادات، بەڵام کاتێک لە ماڵ دەردەکرێت و بە تەواوی لە ژیانی خۆی نائومێد دەبێت، (ڤیڤیان) دەبێتە سەرچاوەی ئومێد بۆی، ملپێچە ڕەشەکەی دەداتێ و پەنجەکانی توند دەگوشێت، ئەم ئومێدەی بە عیشقی (ڤیڤیان)، وای لێدەکات لە بڕیاری سەرهەڵگرتن پەشیمان ببێتەوە. (ئومێد) لەناو ئەو هەموو مەینەتی و ئەشکەنجەدانە جەستەیی و دەروونییەدا، عیشقی

(ڤیڤیان) وای لێدەکات بە گەشبینییەوە بڕوانێتە ئایندە. **((هەر جارێ ناوی بێنن، چ لە گەڕەک و چ لە خوێندنگە، دەڵێن (ئومێد)ی کوڕی (ست ویداد دێرتی) و (مامۆستا دلاوەر بێجان)، بەڵام لەمڕۆوە ئەو دوو ناوە درێژەی لێ دەبێتەوە. ئیدی نە بە دایک و باوکی خۆیانیان دەزانێت و نە بیریشیان لێ دەکاتەوە. بڕیاری داوە نەک گەڕەکەکە، بەڵکو شارەکەیش جێ بهێڵێت و تاکو ژیانی ماوە بۆی نەگەڕێتەوە، بەڵام ئەو ملپێچە ڕەشەی (ڤیڤیان) پلانەکەی لێ هەڵوەشاندەوە، یان لانی کەم وای لێ کرد بە وردی چاوی پێدا بخشێنێتەوە.))**(کاکەسوور،٢٠١٥: ١٨٧) پاراستنی ملپێچە ڕەشەکە، پاراستنی ئەو عیشقەیە، کەوا لە نێوانیاندا هەیە. ئەم ملپێچە ڕەشە، ڕەمزی ئەو عیشقەیە، کەوا بووەتە ناونیشان بۆ ڕۆمانەکە.

کارەکتەری سەرەکیی (کوڕە قژدرێژ) لە ڕۆمانی (مۆزەخانەی کوڕە قژدرێژ)دا، کاتێک دەگاتە تەمەنی شەست ساڵی، عیشق لە دەرگای هەستی دەدات و سۆز و خۆشەویستی لە دڵیدا چەکەرە دەکات. لە یەک کاتدا هەریەکە لە (ژنی ژێرزەمین) و (ژنی ساڵۆن) عاشقی (کوڕە قژدرێژ) دەبن. ئەم کارەکتەرە لە پاڵ کۆکردنەوەی سامان، دەکەوێتە داوی خۆشەویستییەوە. ئەمەش لە کاتێکدایە، کەوا خەریکی بنیاتنان و دروستکردنەوەی ژیانی خۆیەتی. ژیان لای ئەو تازە دەستی پێکردووە، عیشقیش پەیوەستە بە ژیان و هی ناو ژیانە، ((چونکە عیشق پەیوەندییەکی تۆکمە و کەماڵی هەیە بە ژیانی مرۆڤەوە.))(حسین، ٢٠١٧: ٢٠٥) بەم پێیەش عیشق لای ئەم کارەکتەرە لە سەردمی لەدەستدانی سامان هیچ نرخ و بەهایەکی نەبووە، تەنانەت بیریشی لێ نەکردووەتەوە، چونکە ئەو سەردەمە تەنیا خۆی لە نێو شتومەک و کەلوپەلی دونیا دۆزیوەتەوە و لە ژیان بەدوور بووە. کەچی ڕێک لەم تەمەنەدا، کە تەواوی ماڵ و سامانەکەی لەدەستداوە، ژیانی ئەو دەستپێدەکات. لێرەشەوە عاشقی دوو ژن دەبێت. (ژنی ساڵۆن) و (ژنی ژێرزەمین) لە ڕێی ئەو شتانەی پەیوەندییان بە قژەوە هەیە، خۆیان دەخزێننە ناو ژیانی تایبەتیی (کوڕە قژدرێژ)ەوە. بۆیە کاتێک (ژنی ساڵۆن) وەسفی جوانی قژی دەکات، (کوڕە قژدرێژ) شەرمێکی زۆر دایدەگرێت، کێشەی دەربڕینی هەیە، لە کاتێکدا مێژوویەکی درێژ و پڕ لە نەهامەتی لەگەڵ ئەو قژەیدا هەیە، چونکە هیچ ئەزموونێکی دڵداری نەبووە، بەوەی هەر لە قۆناغی هەرزەکارییەوە ئەو هەستەی چەپاندووە. ئەمەش وای لێکردووە تایبەتمەندیی هیچ ڕەگەزێک هەڵنەگرێت. زیندوو کردنەوەی ئەو هەستە لای (ژنی ساڵۆن) موچڕکێکی نێرایەتی لە لەشیدا دەبزوێنێت و ئومێدێکی پێدەبەخشێت. (کوڕە قژدرێژ) بەوە ڕانەهاتووە ڕۆمانسیانە لەگەڵ ئافرەت بدوێت. کەچی (ژنی ساڵۆن) کارەکتەرێکی ڕۆمانسییە و لە مانای عیشق تێدەگات. دەتوانێت نهێنییەکانی ڕووخساری بخوێنێتەوە و بە ناخیدا ڕۆبچێت. (کوڕە قژدرێژ) بە هۆی ئەم عیشقەوە دووبارە دووچاری گرفت و کێشە دەبێتەوە. ئەم کێشانەش لە ناوەوەی

خۆیەتی و دەروونی ئاڵۆز دەکەن، ئەویش کێشەی هەڵبژاردنە. ئەمەش وای لێ دەکات زیاتر بگەڕێتەوە ناو خودی خۆی و بزانێت کامیانی خۆشدەوێت، چونکە گومانی تێدا نییە، کەوا دوو عیشق لە یەک کاتدا لە دڵێکدا جێی نابێتەوە. گرفتی هەڵبژاردنی یەکێکیان و وەدەرنانی یەکێکیان لە دڵیدا، نائاسوودەیی بە دەروونی دەبەخشێت. بەمەش لە پاڵ کێشەی سامان، دووچاری کێشەی ژیان دەبێتەوە. نازانێت کامیان هەڵبژێرێت، لە کاتێکدا هەریەکەیان بە شێوازێکی جیاواز سەرنجیان ڕاکێشاوە. **((ئەمڕۆ زۆر لە دوێنێ زیاتر خەیاڵی جەنجاڵە. ئایا بیر لە کامیان بکاتەوە؟ ژنی ساڵۆن، یان هیی ژێرزەمین؟ ئەگەرچی لەو بوارەدا ئەزموونی کەمە، بگرە هەر نییەتی، بەڵام باوەڕی وایە هەر کاتێ دڵت بە جارێ بۆ جووتێک لێ دەدات، ئەنجام بە هیچ یەکێکیان ناگەیت. ناوەناوە دەنگێک بە گوێچکەیدا دەچرپێنێت، کە ئایندەی لەگەڵ ژنی ژێرزەمیندا ڕوونترە، بەوەی دەتوانن پێکەوە هێندە کاسکێت بفرۆشن، تاکوو دەبنە خاوەنی سامانێکی زۆر و ژیانێکی ئارام دەگوزەرێنن، بگرە دەگاتە ئەوەی کارگەیەک دابمەزرێنن، بەڵام هەر خێرا دەنگەکە، ڕاستتره بگوترێت ئەو هەستە سەرکوت دەکات، بە تایبەتی کاتێ سیمای ژنی ساڵۆن دێتەوە بەر چاوی. ڕەنگە ئەمڕۆ لەسەر ئاگر چاوەڕێ بێت سەد کاسکێتەکەی پێ بگات و بە ئارەزووی دڵی دانەیەکی لێ هەڵببژێرێت. برسێتییش هەتا دێت زیاتر هێزی لێ دەبڕێت، کە ئەمە ڕێگرە لەوەی چاک بیر لەو گرفتە بکاتەوە.))**(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٣٧-١٣٨) چەپاندنی هەستی خۆشەویستی لە تەمەنی هەرزەکاری و لێو مژینی کچی گیتارژەن، دواتر دامەزراندنی سامان و بنەمای خۆشەویستی لە تەک دوو ژندا، مانای تێنەگەیشتنە لە سۆز و خۆشەویستیی ئافرەت. سەرچاوەی ئەو تێنەگەیشتنەش لە پچڕانی سۆز و خۆشەویستیی دایک سەرچاوەی گرتووە. دواجار دامودەزگای ئەمن بە لێسەندنەوەی ژیانی یەکێکیان، بە جۆرێک لە جۆرەکان کێشەی (کوڕە قژدرێژ) چارەسەر دەکەن. **((خۆیشی نەیزانیوە هیوا دەخوازێت کامیان مابێت و ڕۆژێک لە ڕۆژان پێی بگاتەوە. هەست دەکات ئەو گرفتەی پێش گیرانی دەیتلاندەوە، هێشتا بەردەوامە، بەڵام بێگومان هیچ هێزێکی دیکە نییە وەک ئەو دەستگەیە بتوانێت کێشەی وا یەکلابکاتەوە. تۆ بڵێی ئەوەی دیکەیشیان لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی دەرنەچووبێت؟ پرسیارە و بەردەوام دەیکات، بەڵام چۆن دەتوانێت وەڵام وەربگرێت؟))**(کاکەسوور، ٢٠٢١: ١٥٠) دوای مردنی (ژنی ساڵۆن) لە ژێر ئەشکەنجە، کەچی عیشقی ئەو لای (کوڕە قژدرێژ) کۆتایی نەهاتووە و تەواو نەبووە، بەڵکو لە ژیانیدا بەردەوام دەبێت.

کارەکتەری سەرەکیی (کوڕمان) دەکەوێتە داوی خۆشەویستیی کچێک بە ناوی (ڤیان)، کاتێک بۆ یەکەمجار لە گەراژ بۆ ماوەیەکی کورت چاوی پێی دەکەوێت و دواتر لێی ون دەبێت. لەو ڕۆژەوە (کوڕمان) هەر بە دوایدا دەگەڕێت، لەو پێناوەشدا چەندین قوربانیی و ئەشکەنجە و

ئازار دەچێژێت، تا دواجار دەیدۆزێتەوە و ژیانی هاوژینی لەگەڵدا پێکدەهێنێت. (ڤیان) هەمیشە حەزی لەوە کردووە ئەو چەند ساتە کەمە لە دەمی (کورمان) ببیستێتەوە، کاتێک پێی شاد بووەتەوە. (("ڤیان" حەزی کردووە هەمیشە ئەو ماوەیەی بۆ باس بکەیت، کە لەو شوێنەدا چاوەڕێی (یەشار) و سەگەکانت کردووە. پێی خۆشە دەستەکانی توند لە ملت بئاڵێنێت و سەری بە سینگتەوە بنووسێنێت، تا گوێت لێ بگرێت، چۆن ئەو هەستەت دەردەبڕیت، کە لەو کاتەدا گەمارۆی دابوویت، هەستی ترس، دڵەڕاوکێ، نائومێدی، ڕووخان و مردن. دەڵێت: (مێژووی ئێمە بریتییە لەم چەند دەقەیە، دەنا ئەوانەی تر تەنیا درێژکراوەی ئەو ماوە کورتەن و مانایەکی ئەوتۆیان نییە).))(کاکەسوور،٢٠٢١: ٦٠٧) کاتێک (کورمان) لەگەڵ (ڤیان) بڕیار دەدەن بە قاچاغ بچنە دەرەوەی وڵات، دوای ئەوەی لە ڕێگەدا دەکرێنە ئامانج و (ڤیان)ی لێ ون دەبێت و نایدۆزێتەوە، کەچی هەر بە زیندوویی لە دڵیدا دەمێنێتەوە. دوای ئەوەی (لۆنا)یش دەناسێت و خۆشی دەوێت، بەڵام دەیەوێت ئەو خۆشەویستییی و هۆگربوونەی بۆی هەیە تەنیا لە چوارچێوەی چێژی بینیندا بمێنێتەوە، ئەگەرچی هەستیشی بەوە کردووە کەوا (لۆنا) زۆری خۆش دەوێت. (کورمان) دوای لە دەستدانی خۆشەویستەکەی، نایەوێت جەستەی بەر جەستەی هیچ کچێکی تر بکەوێت و ئەو ئارەزووەی دەکوژێت.

## - سایکۆ پیری

مرۆڤ لەو ڕۆژەی لەدایک دەبێت، بەرەبەرە گەورە دەبێت، لە قۆناغی منداڵییەوە بۆ قۆناغی گەنجی دەڕوات. ئەمەش قۆناغێکە، کەوا تاک لەوپەڕی هێز و توانای خۆی دایە. دوای ئەمە، قۆناغێکی دی لە ژیانی مرۆڤ دەستپێدەکات، ئەویش قۆناغی پیرییە. ئەمەش ئەو قۆناغەیە، کەس خۆزگەی بۆ ناخوازێت! مرۆڤ کاتێک خەرمانی تەمەنی بەرەو کۆتایی دەچێت، نیشانەکانی پیری لە ڕووخساریدا دەردەکەوێت، ئەمەش مرۆڤ خەمبار دەکات. سپی بوونی قژی و لاوازی جەستەی و چرچ و لۆچی دەموچاو، هەموو ئەمانە نیشانەی دەرکەوتنی پیرین لە مرۆڤدا. هەندێک جاریش ئەم نیشانانە، بە هۆی کۆمەڵێک هۆکار، زووتر لە وادەی خۆیدا دەردەکەون، وەکو هەژاری و نەخۆشی و خەمێکی قووڵ. لە دێر زەمانەوە مرۆڤەکان هەوڵی ئەوەیان داوە دیاردەی پیری لە خۆیان بەدوور بگرن. بۆ ئەمەش بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوونە ئەو هۆکارانە بدۆزنەوە، کە دەبێتە هۆی شاردنەوەی نیشانەکانی پیری وەک بۆیەکردنی قژ و داپۆشینی ڕووخساری بە هۆی دەرمان و ماکیاژ تاکو گەنجتر لە تەمەنی خۆیان دەربکەون. مرۆڤ هەمیشە بە دوای ئەوەوەیە، کە لە ڕووی توانای جەستەیی و بیرکردنەوە

هەر بە گەنجـی بمێنێـتەوە، بەڵام ئەوەی کردوویەتـی تەنیـا داپۆشـینی پیریـی ڕواڵەتە، بەڵام وردەوردە هەست بە تێپەڕبوونی ساتەکانی تەمەنی دەکات و ناتوانێت خۆی لێ دەرباز بکات. لە ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان)دا ئەم دیاردەیە بە ڕوونی لەسەر زاری کارەکتەری (دادە نەهران) دەردەکەوێت. **((لە گەنجێتیدا گوتوویەتی کاتێ تەمەنی دەگاتە پەنجا، کورسییەک لە ناو باخەکە دادەنێت هەموو ڕۆژێ لەسەری دادەنیشێت، تا لەوێوە بڕوانێتە پەنجەرەی ژوورەوە، بەڵام هەر هێندە خۆر ئاوا بوو، لەسەر کورسیی ژوورەوە دادەنیشێت و لە پەنجەرەوە دەڕوانێتە کورسیی ناو باخەکە. مرۆڤ هەر خاڵێکی دیاریکراو بۆ تەمەنی پیری دادەنێت، کاتێ پێی دەگات، هەڵیدەگرێت و دووری دەخاتەوە. ئەوەتا وا حەوت ساڵ لە پەنجا تێ دەپەڕێنێت، کەچی هێشتا ددان بە پیربوونی خۆیدا نانێت، بە مەرجێ خێراییی کات دەیهاڕێت.))**(کاکەسوور،٢٠٢١، ٢٥٧-٢٥٨) (دادە نەهران) هەست بە ئازارێکی دەروونیی قووڵ دەکات کاتێک (ڤیان)ی کچی پێی دەڵێت پیر بووە. ئەگەرچی پیری وردەوردە لە قژ و ڕووخساریدا هێڵەکانی خۆی نیشان دەدات، بەڵام ئەو هەمیشە دەیەوێت وەکو کەسێکی دڵتەڕ خۆی نیشان بدات. وا خۆی دەردەخات، کە بە دڵ گەنجە و هێشتا پیری زەفەری پێ نەبردووە. ئەمەش لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی و ماکیاژ و جلوبەرگی ڕەنگدەداتەوە. زۆر جاریش پیربوون زیاتر لە وادەی خۆی لە ڕەنگ و ڕووخساری مرۆڤەکاندا دەردەکەوێت. هۆکاری سەرەکیی ئەم جۆرە پیربوونەش خەمە. بەشێکی زۆری خەمەکانیش بە هۆی ئەو ڕووداوانەن، کە دەستکردی خودی مرۆڤە، وەکو ڕووداوەکانی شەڕ و کوشتن و جیابوونەوەی ئازیزان. کەسێتییەکانیش بەدەر نین لەم ڕووداوانە. وەگێڕ باسی (سەلار)ی پوری (کوڕمان) دەکات، کە دوای کوشتنی (وریا)ی مێردی، تەواو دەروونی داڕووخاوە و هەمیشە شپرزە دیارە. ئەم دۆخە دەروونییەی ناخی، وای کردووە لە تەمەنێکی زۆر زوو نیشانەکانی پیری لەسەر ڕووخساری دەربکەون. **((خۆ هەر بە گشتی لە ژنەکەی جاران ناچێت، بەڵکو تەواو پیر بووە، بگرە داتەپیوە، لە کاتێکدا هێشا نەگەیشتووەتە پەنجا. لە سەردەمی ڕاپەڕین و شۆڕشەکاندا مرۆڤ زۆر پەککەوتە و دەستەپاچە دەردەکەوێت، چونکە هەمیشە لەگەڵ ڕووداودا بەراورد دەکرێت. هەتا ڕووداوەکان، (ئەگەرچی دەستکردی مرۆڤن)، گەورە بن، بچووکتر دەریدەخەن، بگرە دەیسڕنەوە. ڕاپەڕین و کۆڕەو دوو ڕووداوی زەبەلاحن، کە لە دەستیان دێت بێژمار پیر و پەککەوتەی کەساس لە پەنا دیوارە کۆنەکاندا پاڵ بخەن، بە ڕادەیەک لە کەرەستەی ئەو دیوارانە پیرتر بێنە بەرچاو.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٤٦٠) لەم دەقەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کەوا کارەساتەکانی دەستکردی مرۆڤ، وەک ڕاپەڕین و کۆڕەو، هۆکارگەلێکن بۆئەوەی جەستەی مرۆڤ بەر لە

وادەی پیربوون، لەرزۆک و بێهێز بکەن. (سەلار)یش بەم هۆیانەوە، لە تەمەنێکی زووەوە، خەم و خەفەت دایتەپاندووە و وەکو کەسێکی پیر و بەساڵاچوو دەردەکەوێت.

## - سایکۆ گریان

گریان بارێکی دەروونی سەختە، کەوا بەسەر مرۆڤدا دێت. مرۆڤ بۆ بەتاڵکردنەوە لەو فشارە دەروونییە بەهێزەی ناخی، پەنای بۆ دەبات. لە رۆمانی (ڕێبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش) ئەمە بە ڕوونی دەردەکەوێت. کاتێک (دلاوەر)ی کارەکتەری سەرەکی دەیەوێت خۆی لەو فشارە دەروونییەی ناخی ڕزگار بکات، پەنا دەباتە بەر گۆڕستانی چراغ، تا لەوێ بە تەنیا لە ڕێی گریانەوە ئەو ناسۆرەی ناخی هەڵبڕێژێت. **(("مامۆستا دلاوەر بێجان" ئەو ڕۆژە هێندە هەست بە ماندوویێتی دەکات، لە ڕێگە لا دەداتە گۆڕستانی چراغ، کە بە ئارامترین شوێنی دەزانێت، بۆ ئەوەی کاتێ بەنێوان گۆڕەکاندا دەڕوات، خەم و ناسۆری دڵی خۆی هەڵبڕێژێت و هەندێکیش بگریێ.))(کاکەسوور،٢٠١٥: ٥٩)** لە سەردەمی حەرەس قەومییەکان، وێڕای ئەو هەموو فشارە دەروونییە، تەنانەت ڕێگەی خۆبەتاڵکردنەوەشیان لێدەگیرێت. بە واتایەکی دی پەنا بردنە بەر گریانیشیان لێ قەدەغە دەکرێت. ئەم دیاردەیە تەنیا لە کارەکتەری سەرەکی ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکو کارەکتەرەکانی دیکەشی گرتووەتەوە. بۆ نموونە گریانی دایک و خوشکی (دلاوەر).

گریانی (شیرین قەلاتی) بۆ (سیامەند)ی هاوژینی، هەروەها گریانی (ئاواز) بۆ باوکی، دوای ئەوەی لە لایەن چەند چەکدارێکی دەمامکداری نەناسراو خەڵتانی خوێن دەکرێت، (دلاوەر) کە بە خەمی لە دەستدانی تووتکە سەگەکەی دەتلێتەوە و لە ناو خەمەکانی ون بووە، کاتێک گوێی لە زریکەی دایک و خوشکی دەبێت، لە دوورەوە سەیری ماڵەوەیان دەکات، بۆی دەردەکەوێت، کەوا باوکی مردووە. چۆن مردووە؟! جارێ ئەمەی لا ڕوون نییە. شین و گریانی دایکی و ئاوازی خوشکی و مردنی (گردۆ) لە یەک ڕۆژدا شتەکانی بە جۆرێک لا ئاڵۆز کردوون، سەریان لێ دەرناکات. ئەوەندە پەشۆکاو و ماندووە، تەنانەت بەم هەواڵە دڵتەزێنە توانای ئەوەی نییە، یەک هەنگاو لە شوێنی خۆی جووڵە بکات. تووشی شۆکێکی گەورەی دەروونی بووە. تەنیا ئەوەی لەو دوورەوە دەیبینێت، **((عەرەبانەیە و دوو ئەسپی پێوەیە. دایک و خوشکی بە دیاریەوە دەگرین، چونکە تەرمیی خوێناویی باوکی تێدایە. هەردووکیان لە ناو ئەو کۆستە گەورەیەدا دەگەنە ئەوەی بڕیار بدەن بە ئەسپ و عەرەبانە بچن لەو دەشتە بە دوای (دلاوەر)دا**

**بگەڕێن، بۆ ئەوەی بیدۆزنەوە و لەگەڵ خۆیان بۆ شاری ببەن، گوایە مانەوەیان لەم چۆڵەوانییە، دروستتر لەم خانووەدا هیچ  مانای نەماوە، چونکە بەدووری نازانن هەر ئەمشەو بەسەریاندا بدەن و خوێنی ئەوانیش بڕێژن.))**(کاکەسوور،٢٠١٥: ١٢٢-١٢٣) باری دەروونیی ئەم خێزانە بە جۆرێک پەشۆکاوە، دایک و کچ بە سواری عارەبانە، بە تەرمی خوێناوی باوکیانەوە، بە بەردەمی (دلاوەر) تێدەپەڕن و نایبینن، لە کاتێکدا بە دوای (دلاوەر)دا دەگەڕێن و دەیانەوێت لەگەڵ خۆیاندا بۆ شاری ببەنەوە. (دلاوەر)یش تەنیا وەستاوە و سەیر دەکا!

(خەلفان حەنەش) یەکێکە لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان)، کارەکتەرێکی سیخوڕ بوو، سیخوڕی بەسەر (کوڕمان) دەکرد، کە بەیەکەوە لە هەمان زانکۆ و بەش و هەمان گروپ بوون. لەگەڵ ئەوەی سیخوڕە بەسەر (کوڕمان) و (کوڕمان) خۆیشی دەزانێت، بەڵام هاوڕێیەتی لەگەڵ دەکات و خۆشی دەوێت، بەتایبەتی کاتێک دەزانێت نەخۆشییەکەی پەرە دەسێنێت و خەریکە بەرەو مەرگی دەبات. بەیانییەک کاتێک دێتە زانکۆ، لافیتەی ڕەش دەبینێت، کەوا هەواڵی مەرگی (خەلفان حەنەش)ی تێدا نووسراوە. بەم هەواڵە زۆر دڵی تەنگ دەبێت و بە سۆز بۆی دەگرییێت. **((ئایا "خەلفان حەنەش" مرد، یان خۆی کوشت ئەرێ نەخۆشییەکەی بەڵگەیە، کە بە شێوەی سروشتی چاوی لێک ناوە؟ چ هەستێکی سەیرە، کاتێ بیری سیخوڕەکەت دەکەیت و شوێنی خاڵی دەبینیت؟ بتەوێت و نەتەوێت لەم زانکۆیەدا نزیکترین کەست بوو. هەر (شادی نەبیل) هاتە ژیانتەوە و ئەو لێی دەرچوو. هیچ کاتێکی تر هێندە خۆتت تەنیا نەدیوە. دڵت پڕ دەبێت و ڕێ لە فرمێسک دەگریت، بە چاوانتدا بێتە خواری. لە ئاسمان دەڕوانیت))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٤٥) مردنی (خەلفان حەنەش) ئەوەندە کاریگەریی لەسەر (کوڕمان) دروستدەکات، دوای ئەوەی لە پۆل شوێنی هاوڕێکەی بە چۆڵی دەبینێت، شریتی یادەوەرییەکانی بە بەرچاوی گوزەر دەکەن، هەست بە تەنیاییەکی زۆر دەکات و خۆی بۆ ناگیرێت. **((خۆتت لە ئاستی ئەو هەستە سەیرەدا بۆ ناگیرێت و ئەوێ جێدەهێڵێت، ئەگەرچی لات ڕوونە زیاتر گومانت لێدەکرێت و دوور نییە بۆ لێپێچینەوەی تایبەت بانگت بکەنە ئەمنی زانکۆ. کێ باوەڕت پێدەکات، ئەگەر بڵێیت نزیکترین کەسی زانکۆمان جێی هێشتین؟ لە هەر کاتێکی دی پتر بیری (نیدی) دەکەیت و فرمێسک بە چاوانتدا دێتە خوارێ.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٤٩-١٥٠) (کوڕمان) لەژێر فشاری یادەوەرییەکانی لەدەستدان و مردنی هاوڕێکەی و بیرکردنەوە لە خوشکەکەی، دووچاری بارێکی دەروونی نامۆ دەبێت و بە فرمێسک خەم و ناسۆرەکانی ناخی دەڕێژێت.

هەر لەم ڕۆمانەدا؛ کاتێک (ناریێ) و (ماڵشان) لە شاخ دەگەڕێنەوە. هیچ شوێنێک نییە بۆی بچن، هەرچی هەیانبووە لەم ڕێگەیە دایانناوە، خۆیان و (ڕۆشنا)ی کچە نەخۆشەکەیان دێنە لای (دادە نەهران). تەنانەت حەب و دەرمانی (ڕۆشنا)ش هەر (دادە نەهران) دەیکڕێت. کاتێک ڕژێم فەرمانی ڕاگوێزانیان بۆ دەردەکات بۆ بیابانەکانی خواروو، (دادە نەهران) داوایان لێدەکات کەوا کچە نەخۆشەکەیان لای ئەو جێبهێڵن و لەگەڵ خۆیانیان نەبەن، چونکە لای ڕوونە ئەم منداڵە نەخۆشە و بەرگەی سێ ڕۆژی بیابان ناگرێت. جیابوونەوەی منداڵێکی نەخۆش لە دایک و باوکی بە ناچاری، داوایەکی قورسە و (ناریێ)ی دایکی بە بیستنی ئەم هەواڵە تووشی شۆکێکی زۆر دەبێت. ئەو سۆزەی ناخی بە جۆرێک لە ناخیدا پەنگی خواردووەتەوە، لە پڕمەی گریان دەدات. تەنانەت ئەوەندە دەگریت، لەبەر گریان زمانیشی لە گۆ دەکەوێت و قسەی پێ ناکرێت. دڵی دایک چۆن دەتوانێت بەرگەی ئەو دوورییە بگرێت، دوورکەوتنەوەی لە منداڵێک کەوا سۆمای چاویەتی، ئارامیی دڵیەتی. جا ئەگەر ئەو منداڵەش نەخۆشییەکی سەختی هەبێت و ڕەنگە جارێکی دی نەیبینێتەوە. بۆیە ڕازی بوون بە داوایەکی لەم جۆرە زۆر سەختە، کەچی (دادە نەهران) هەر لەسەر داواکەی بەردەوامە. **((هەوڵ بدە ماڵشادیش ڕازی بکەیت، کە مانەوەی ڕۆشنا لێرە، لای من زۆر لەوە چاکترە بۆ ئەو بیابانەی ببەن. (ناریێ) لەبەر گریان قسەی بۆ ناکرێت و ئەو خۆی بەردەوامە:**

**- دەزانم تۆ بیر لەوەیش دەکەیتەوە، ناوی لەسەر ئەو فەرمانەدا نووسراوە، کە پێتان گەیشتووە، بۆیە هەر دەبێت لەگەڵتان بێت، بەڵام من دەتوانم چارەسەری ئەوە بکەم. ئێستا (ناریێ) لە هەر کاتێکی دی بە کوڵتر دەگری، کە لات ڕوونە مێردەکەی لەودیو گوێی لێیە. بێگومان (ڕۆشنا)یش، ئەگەر نەنووستبێت، یان دوای ئەو حەب و دەرمانانە گێژ نەبووبێت.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٣٠٧) بەردەوامی (دادە نەهران) لەسەر داواکەی، هەوڵدانی بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک، دوا جار کەسێک لە ئەمن دەناسێت و لە ڕێی ئەوەوە دەیەوێت ڕێ لەوە بگرێت، ئەو منداڵە نەخۆشە لەگەڵ خۆیان ببەن. (ناریێ)ش دۆش داماوە و فرمێسک لە چاوانی ناوەستێت. نایەوێت بیریش لەوە بکاتەوە کە بێ تاقانەکەی ئەو ڕێگە دژوارە بگرێتە بەر. **((ناریێ بە بێ ئەوەی گریانی بوەستێنێت، دەڵێت:**

**- هەی بە قوربانت ببم، ڕۆشنا. چۆن خۆمان بڕۆین و تۆ جێ بهێڵین؟ شێت دەبم، ئەبڵە نەهران، شێت دەبم! من دەمێنم ئەبڵە نەهران؟ دەمێنم؟ ئێمە بڕۆین و ڕۆشنا لێرە بمێنێتەوە؟ لێرە، ئەبڵە نەهران؟ ئێمە بڕۆین؟ ئێمە؟))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٣٠٧-٣٠٨) دوای هەوڵە بەردەوامەکانی (دادە نەهران) و سەرگرتنی، کاریگەریی ئەم هەواڵە لەسەر دڵی دایکی (ڕۆشنا) هێندە بە ئازارە،

که ناتوانێت به دڵی خۆی له بەردەمیان له پرمەی گریان بدات، بۆیه شوێنەکە جێدەهێڵێت تا له تەنیاییدا ئەو خەم و ناسۆرەی ناخی له ڕێی گریانەوە بەتاڵ بکاتەوە. (( **(ناریێ) دەستبەجێ هەڵدەستێتەوە و دەچێتە ئەودیو، له کاتێکدا گریان قورگی گرتووە. دەزانێت لەودیو دەتەقێتەوە. له ژیانتدا هیچ کەسێکت نەدیوە، هێندەی ئەو ژنە بە کوڵ گریا بێت.**))(کاکەسوور،٢٠٢١: ٣٣٤) گریانی بەکوڵی (ناریێ)، گریانی دایکێکی هەڵبڕاوە له منداڵە نەخۆشەکەی، بۆئەوەی کەفوکوڵی ئەم دابڕانە، بە گریان دەرببڕێت، بە دوورکەوتنەوە لە دەوروبەر، باشتر دەتوانێت خۆی لەم فشارە دەروونییە خالی بکاتەوە.

**- سایکۆ نەخۆشی**

له ڕۆمانی (ڕێبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش) دا، نەخۆشی بە ڕووخساری (مامۆستا دلاوەر)ەوە دیارە. هۆکارەکان هەر چییەک بن، بەڵام ئەو نایەوێت خۆی وا دەربخات، کەوا نەخۆشە. ئەگەرچی زوو لە لایەن (ویداد)ی هاوژینی ئاگاداردەکرێتەوە، کەوا خۆی نیشانی پزیشکێک بدات، بەڵام ئەو پێکەنین دەکاتە دەمامک تا وای نیشان بدات هیچ کێشەیەکی دەروونیی و تەندروستیی نییە. ((**زیندان چۆن توانیی بە سێ جار ڕەنگی پێستی لە سووروسپییەوە بۆ ڕەنگێک بگۆڕێت، کە زەردە و بەلای ڕەنگی گەنمدا دەڕوانێت؟ نەخێر، لەم چەند ساڵەی دواییدا وای لێ هاتووە نەزانێت ڕەنگی پێستی مێردەکەی چۆنە. شەوانیش هەم دەکۆکێت و هەم لە خەودا ڕادەپەڕێت، وەک ئەوەی خەونی ناخۆش، دروستتر دێوەزمەی دیبێت. خۆ چەندییش لێیبپرسێت، وەڵامی ڕاستی ناداتەوە.**))(کاکەسوور،٢٠١٥: ١٤٤) (ست ویداد) ئافرەتێکی وشیارە و هەر زوو لە ڕەفتاری هاوسەرەکەی تێدەگات و دەزانێت ئەو پێکەنینانەی هاوسەرەکەی، جگە لە ڕووپۆشێک هیچی دیکە نییە. تەنانەت خوێندنەوەی بۆ پێکەنینەکانیشی ئەوەیە؛ کە بە لای ئەمەوە ئەو پێکەنینانە زیاتر لە گریان دەچێت، کە بە تۆنێکی ڕووخاوەوە دەریدەبڕێت. ئەم باش لێی تێگەیشتووە، بۆیە بەردەوام پێداگری دەکات لەوەی کە پێویستە هەرچی زووە بچێتە لای پزیشکێک. ((**هەموو ئەوانە ناتوانن ئەوە بشارنەوە نە تەندروستیی باشە و نە دەروونیشی جێگیرە، تەنانەت شێوازی ڕۆیشتنیشی تەواو گۆڕاوە، چونکە بنی پێکانی ئازاریان هەیە، بەوەی بە کیبڵ دایانڕزاندووون، کە هەر ئەمەیش بە دەوری خۆی کاری کردووەتە سەر خەوەکەی.**))(کاکەسوور،٢٠١٥: ١٤٤)

یەکێک لەو دیاردە دەروونییانەی لە ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان)دا بەرچاو دەکەوێت، بابەتی نەخۆشییە. مرۆڤ کاتێک نەخۆش دەکەوێت، دووچاری بارێکی ناجێگیری دەروونی دەبێت، جا ئەگەر نەخۆشییەکەش سەخت بێت و چارەسەری ئەستەم بێت، ئەوا پەشێوییەکە زیاتر دەبێت و لە ناخەوە دایدەڕووخێنێت. (خەلفان حەنەش) یەکێکە لە کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە، کارەکتەرێکی سیخوڕە. کاتێک نیشانەکانی نەخۆشیی لێ دەردەکەوێت، لە سەرەتادا زۆر گرنگیی پێنادات، پێی وایە ترساوە و جنۆکە چووەتە لەشیەوە. بۆیە پێی وایە لە ڕێی نوشتە و دوعاوە دەتوانێت چارەسەری نەخۆشییەکەی بکات. بۆ ئەمەش پەنا بۆ شێخ و مەلا و سەید دەبات. کاتێکیش نەخۆشییەکە زیاتر فشاری بۆ دێنێت، بە ناچاری دەچێتە لای پزیشک. پزیشک دەستنیشانی نەخۆشییەکەی دەکات و پێی ڕادەگەیەنێت نەخۆشییەکەی سەختە. ئەمەش ئەوەندەی دی دووچاری بێ ئومێدی دەکات لە ژیان و پزیشک بە هۆکاری ئەو بارە خراپ و ناجێگیرەی دەروونی دەزانێت. ئەمەش لە گفتوگۆی نێوان (کورمان) و (خەلفان حەنەش) بە ڕوونی دەردەکەوێت. (( **– تۆ لەو کاتەوە نەخۆشیت، کە پزیشک دەستی پێت دەگات و دەردەکەت دەدۆزێتەوە. واتە ئەگەر ئەو نەبووایە، نەدەدۆزرایەوە. درۆیان نەکردووە، کاتێ گووتوویانە پزیشک نەخۆشییەکەت دەدۆزێتەوە. واتە ئەو شتەت بۆ دەهێنێتەوە، کە ون بووە و ئەو نەبێت، نایبینیتەوە.**))(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٤٠) لەو گفتوگۆیەدا (کورمان) وای بۆ دەردەکەوێت، کەوا (حەنەش) نەخۆشییەکەی تینی بۆ هێناوە. ئەمەش زیاتر لە هەڵسوکەوت و گوتەکانیدا بەدی دەکات، کەوا گۆڕانێکی زۆر بەسەر ڕەفتار و گوفتاریدا هاتووە. ((**هەست دەکەیت نەخۆشییەکەی تەواو پەرەی سەندووە و هێندەی لە ژیاندا نەماوە، چونکە ئەو قسانە نیشانەی ئەوەن زۆر پەرێشانە. شتێکی سەیرە گوتەی وا لە دەمی سیخوڕەکەتەوە ببیستیت. بۆت دەرکەوتووە هەتا زیاتر نەخۆشییەکەی هەڵدەکشێت، پتر گۆڕان بەسەر هەڵسوکەوت و وشەکانیدا دێت.**))(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٤١) نەخۆشییەکەی (حەنەش) دووچاری بارودۆخێکی دژواری کردووە، تاڵاوی مەرگ شاڵاوی بۆ هێناوە و هزر و خەیاڵی هەر لای مردنە و خەوی لێ زڕاوە. ئەم بارودۆخە وای لێدەکات ئارامیی نەمێنێت. دەروونی تێکدەچێت و بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە، دوا جاریش خۆی دەکوژێت.

**– سایکۆ هەژاری**

لە ڕۆمانی (ڕێگەکانی ژەهر)دا، دایکی (ئەرڤارد) دوای مردنی هاوسەرەکەی، ئەرکی بەخێوکردنی هەردوو منداڵەکەی دەگرێتە ئەستۆ. لە ژیانێکی کولەمەرگی دەژیت و هەموو

کارێک دەکات تا بژێوی خۆی و منداڵەکانی دابین بکات. وەگێڕ باس لەو ژیانە سەختەی (سازیلە)ی دایکی (ئەرڤارد)مان بۆ دەکات، کە لە چ ژیانێکی سەخت ژیاوە، دایەنی منداڵان بووە لە ماڵە دەوڵەمەندەکان. **((دایکیشی بەیانییان دەڕوات و شەوان دەگەڕێتەوە، کە لە ماڵە دەوڵەمەندەکاندا وەک نانی دامەزراوە، گوایە منداڵیان بۆ بەخێو دەکات، تاکوو هەندێک پارەی بێتە دەست و خۆی و کوڕە چەقاوەسووەکەی پێ بژیەنێت.))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ٢٤٨) ئەمەش کێشەیەکی تر بۆ دایکی (ئەرڤارد) دروستدەکات، بە هۆی کوڕەکەی، کەوا لای خەڵک کەسێکی بوودەڵە و شەڕانگێزە و خەڵک چارەیان ناوێت. بۆیە لە ترسی ئەوەی منداڵەکانیان وەکو (ئەرڤارد) پەروەردە بکات، بوێری ئەوەیان نییە منداڵیان بخەنە دەست ئەم ئافرەتە. هاوڕێیەکی پیاوەکەی ئەم کارەی بۆ دۆزیوەتەوە. دڵنیایی دەداتە خەڵک، کەوا ئافرەتێکە، منداڵەکانیان جوان پەروەردە دەکات. **((ئەوان گوتوویانە ژنێک کوڕێکی وەک (ئەرڤارد بێشەرەف)ی پەروەردە کردبێت، چۆن دڵیان دێت منداڵی خۆیانی بدەنە بەردەست، بەڵام ئەو پیاوە، کە لە دەوڵەتدا کاربەدەستێکی دیارە و لای خەڵک ڕێزی لێ دەگیرێت، وەڵامی داونەتەوە، کە لە بیریان نەچێت هەر ئەو ژنەیشە (دکتۆر سیامەند)ی پێ گەیاندووە. ئیدی ئەوان هیوایان خواستووە منداڵەکانیان وەک (ئەرڤارد) بێشەرەف دەرنەچن، بەڵکوو وەک (دکتۆر سیامەند) ببنە نموونەی ژیری و دەستپاکی!))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ٢٤٨) (ئەرڤارد) دوای تەمەنێکی زۆر لە نەمانی دایکی، کاتێک بە شریتی بیرەوەرییەکانی ڕابردوویدا دەچێتەوە، بیری ئەو ڕۆژانە دەکاتەوە، کەوا دایکیان چ زەحمەتی و ئازارێکی لە پێناو پێگەیاندنیدا چەشتووە، داخ و حەسرەت بۆ ئەو ڕۆژانە هەڵدەکێشێت. **((گەلێجار بۆ خوێندنەوەی کتێب سوێی دەبێتەوە، چونکە لە منداڵییەوە وا ڕاهاتووە بخوێنێتەوە. ئەو ڕۆژەی هەرگیز لەبیر ناچێتەوە، کاتێ دایکی سەرجەم ئەو کتێبابەی بە ژن و پیاوێکی جوو فرۆشت، کە لە (پ)ی مێردیەوە جێ مابوون، چونکێ دەبووایە بە پارەکەیان خۆراک بکڕێت.))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ٢٤٣)

لە ڕۆمانی (مۆزەخانەی کوڕە قژدرێژ)دا، کارەکتەری سەرەکیی (کوڕە قژدرێژ) ئەگەرچی لە خێزانێکی سەرمایەداری ئەم شارە لەدایکبووە و باوکی بازرگانێکی ناودارە، بەڵام بە ویستی خۆی دوای مردنی دایک و باوکی، ئەو سەروەت و سامانە لەناو دەبات. پێی وایە ئەو جیهانەی باوک و دایکی بۆیان دروستکردووە، جیهانێکی ساختەیە. هەر بۆیە لێی یاخی دەبێت و ڕووبەڕووی دەبێتەوە. دوای لەناوبردنی سامانە زۆرەکەی باوکی، هەوڵدەدات بە دەست و بازووی خۆی سامان کۆبکاتەوە. ئەمەش دووچاری بارێکی سەخت و ناهەمواری هەژاری دەکاتەوە. تەنانەت دوای لەدەستدانی خانووەکەی، شوێنێکیش نامێنێت تێی بسرەوێت. ناچار لەو بازاڕە لە بەردەم دوکانە داخراوەکان گوش و مقەبا کۆدەکاتەوە و لەسەری دەخەوێت. بەیانیان

زوو له خەو هەڵدەستێت و دەچێتە کرێکاری. ئەگەر ڕۆژێکیش کرێکاری دەست نەکەوێت، ئەوا ئەو ڕۆژە بە برسیەتی بەڕێ دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا بەرگەی دەگرێت و بگرە چێژیش لەو دۆخە سەختە وەردەگرێت و پێی ئاسوودەیە. دڵخۆشی و ئاسوودە بوونی ئەو لەبەر ئەوەیە، چونکە ئەو لە قۆناغی دروستکردنی خۆیەتی، دەیەوێت خۆی داهاتووی خۆی بنیات بنێت. کاتێکیش لەو بازارە بۆ یەکەم جار دەکەوێتە داوی خۆشەویستیی (ژنی سالۆن) و دوای ئەوەی (ژنی سالۆن) جێی دەهێڵێت، زیاتر ئەو بارودۆخە سایکۆییە لە سیمایدا دەردەکەوێت. **((ئایا جارێکی دیکە دەیبینێتەوە و بۆی باس دەکات؟ دیسان گرفتە گەورەکەی لە بیر چوو، کە پارەی نییە سبەینێ نانێکی پێ بکڕێت. ڕاستە دەچێتە مەیدانی کار، کە هەمووی چەند هەنگاوێک لێرەوە دوورە، بەڵام کێ دەڵێت ئیشی دەست دەکەوێت؟ ئەوە دەستیشی کەوت، ئایا بەو برسێتییە دەتوانێت خشتێک بەرز بکاتەوە، چجای لەگەنی قوڕ، بلۆک، کۆمەڵێک خشت، یان دوو سەتڵی چیمەنتۆ بە جارێ؟ ئایا هەر چوونی بۆ کرێکاری، مانای ئەوە نییە بەڵێنەکەی ناباتە سەر و سەد کاسکێت بۆ ژنی سالۆن ناهێنێت؟ دەڵێن هەژاری کاتێ بە ڕاستی دەبێتە هەژاری، کە مرۆڤی هەژار دەکەوێتە داوی دڵدارییەوە. ئەودەم پێکەوە هەست بە هەردووکیان دەکات.))(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٤٩)** هەموو ئەو سایکۆییانەی لە ژیانی کارەکتەرەکاندا ڕوودەدەن، کاریگەریی لەسەر دەروونیان دروستدەکەن. ئەم کاریگەرییەش گرفتی دەروونی بەدواوە دێ، وەکو خەم و هەڵچوون و ترس و دڵەڕاوکێ. بۆیە مرۆڤ هەوڵدەدات بەسەر ئەو فاکتەرانەدا زاڵ بێت، کەوا سەرچاوەی پەیدابوونی ئەم سایکۆییانەن.

**- دڵەڕاوکێ**

لە سادەترین پێناسەیدا بریتییە لە هەستکردن بە ترس بە هۆی ڕوودانی مەترسییەک لە داهاتوویەکی نزیکدا، ئەمەش وەک هەڵچوونێکی دەروونی بۆ وەڵامدانەوەی بارێکی ترسناک دروست دەبێت. سەرچاوەی ئەم دڵەڕاوکێیەش ناخی مرۆڤە و لە نەستی مرۆڤدایە. واتا ((وەڵامدانەوەی هەڕەشە گەلێکی ناخە و لە ناوەوەی کەسەکە سەرچاوە دەگرێت.))(العمری،٢٠١٠: ٢٠) دڵەڕاوکێ تووشی هەموو مرۆڤێک دەبێت بەهۆی ئەوەی تایبەتە بە دەروون و ناوەوەی مرۆڤەوە، دەروونی مرۆڤیش لە دۆخێکی جێگیر نامێنێتەوە و گۆڕانی بەسەردا دێت. کەواتە دڵەڕاوکێ ((بەر لە هەموو شتێک هەستکردنە بە شتێک، کە ناوی دەنێین بارودۆخێکی دەروونی بێ ئەوەی بزانین ئەم بارە دەروونییە چییە.))(فروید،١٩٦٢: ١٢٩) ئەم بارە ناجێگیرەی مرۆڤیش خۆی لە ترس و خۆشی و ناخۆشی و هەستکردن بە مەترسیی و شپرزەیی دەبینێتەوە.

کۆمەڵێک هۆکار کار لە مرۆڤ دەکەن و وای لێدەکەن دەروونی نائومێد بێت. هەندێک هۆکار کاتین و بە نەمانی ئەم هۆکارە، دڵەڕاوکێیەکەش نامێنێت، وەک باری دەروونیی خوێندکار پێش تاقیکردنەوە، گەنجێکە و دەچێتە خوازبێنی کچێک. ئەگەر ئەم دڵەڕاوکێیەش لە باری سروشتی و ئاسایی خۆی دەربچێت، دەبێتە نەخۆشی و پێویستی بە چارەسەر هەیە. جاری واش هەیە دڵەڕاوکێ لە ئاکامی تێرنەکردن و خەفەکردنی حەزو ئارەزووە سێکسییەکان دروست دەبێت، ئەمەش کاتێک ڕوودەدات کە (ئیگۆ) و (ئید) دەکەونە ململانێ و (ئیگۆ) ترسی ئەوەی هەبێت نەتوانێت زاڵ بێت بەسەر (ئید)دا، چونکە (("من" بەرپرسە لە وەلامدانەوەی هەڕەشە و مەترسییەکان کە لە سەرچاوەی هەمە چەشنەوە ڕووبەڕووی تاک دەبنەوە. کاتێک مەترسی و هەڕەشەکان شۆڕدەبنەوە بۆ یادەوەری و خواست و حەزە خەفەکراوەکانی تاک، واتە گواستنەوەی لە هەستەوە بۆ حاڵەتی نەست، لێرەدا دڵەڕاوکێ سەرهەڵدەدات و وەکو زەنگی ئاگادارکردنەوە کەسەکە دەهەژێنێت.))(سەعدون،٢٠١٥: ٤٥٧)

دڵەڕاوکێی (مامۆستا دلاوەر) لە ڕۆمانی (ڕێبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)دا لە گەڵێک شوێنی نێو ڕۆمانەکە چەند پات بووەتەوە. ئەوەتا کاتێک دیمەنی (ئومێد)ی کوڕی و (ڤیڤیان)ی خۆشەویستی دەبینێت، بە ئاشکرا ئەو دوودڵییەی دەردەکەوێت. وەگێڕ ناخی ئەومان لە بەرانبەر ئەو دیمەنەدا بۆ ئاشکرا دەکات و دەیخاتەڕوو. **((ئەگەرچی لەم کاتەدا نایەوێت سەر هەڵببڕێت و هیچ شتێک ببینێت، نە ئەو دراوسێیانەی بە هۆی ئەو شەڕەوە هاتوونەتە دەرێ و نە ئەو ڕێبوارانەیش ناوەناوە بەوێدا دەڕۆن، کەچی دوور لە ویستی خۆی چاوێکی خێرا بە کۆلاندا دەخشێنێت و لەوسەرە (ئومێد)ی کوڕی دەبینێت وا لەگەڵ (ڤیڤیان)دا وەستاوە. دڵی دادەچڵەکێت و هێندەی دی باری دەروونی تێک دەچێت. ئاگای لەوەیشە وا ئەو کچەی لای زۆربەی خەڵک ناپەسەندە و بە هەموو شێوەیەک لێی دوور دەکەونەوە، ملپێچەکەی خۆیی دەداتێ و ئەویش لە ملی دەکات. نازانێ چی بە یەکدی دەڵێن، چونکەگوێی لێیان نییە، بەلام ئەو دیمەنە بە هەموو مانایەک ئازاردەرە.))(کاکەسوور، ٢٠١٥: ١٢٧)** دوای ئەوەی (ئومێد) لەلایەن باوکییەوە لەسەر ئەو نهێنییەی، کە نەدەبا بیدرکێنێت لە ماڵ دەرکرا، باوکی ئەوەی بە گوێدا چرپاند، کە نابێت جارێکی دی بێتەوە ئەو ماڵە. لەگەڵ ئەوەشدا وەک باوکێک ڕاڕا و دوودڵە بۆ ئایندەی ڕۆڵەکەی. هەمیشە ئەو پرسیارانە ئازاری دەدەن، کە گومانی ئایندەیەکی خراپ دەخەنە دڵی باوکێکی تووڕە. ئەمەش وای لێدەکات لە نێو ترس و دوودڵی و ئازارێکی زۆر بتلێتەوە. **((ئایا ئەمە هەروا بەو ئاسانییەیە؟ ئەوەتا وا ملپێچەکەی کردووەتە مل و لە سەری کۆلان پێچ دەکاتەوە. نایبینێتەوە؟ کێ دەڵێت نایبینێتەوە؟ ئەمە پرسیارە سەختەکەیە، کە چەند بیەوێت خۆیی لێ لابدات، هەر ڕووبەڕووی دەبێتەوە. خۆ بینینەوەی زۆر لە نەبینینەوەی سەختترە،**

**چونکە دوور نییە لە دووەمیاندا وردەوردە ڕابێت، بەڵام لە یەکەمیاندا بەردەوام ئەو ئازارەی نوێ دەبێتەوە.))(کاکە سوور،٢٠١٥: ١٢٨)** (دلاوەر) بە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتیی باوکایەتی، دوای دەرکردنی کوڕەکەی لە ماڵەوە، دوو پرسیار بەردەوام لە مێشکیدا دەخولێنەوە، کە پەیوەستن بە ئایندەی کوڕەکەیەوە، ئەویش ئەوەیە، دەیبینێتەوە یان نایبینێتەوە؟ ئەمەش بەردەوام لە ڕاڕاییدا دەیهێڵێتەوە.

دیاردەیەکی دیکەی دەروونیی (مامۆستا دلاوەر)، کە پانتاییەکی لە نێو ڕۆمانەکەدا داگیرکردووە، ترس و دڵەڕاوکێیە لە ئاینده. ئەو هەمیشە دڵەڕاوکێی هەیە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی لە (ویداد)ی خۆشەویستیی دادەبڕێت. هەر کاتێک بیری لێ دەکاتەوە، دەیان پرسیار لە ناخیدا سەرهەڵدەدات. ئاخۆ (ویداد)ی سەرکێش دوای ئەو، کەسی دیکەی بە دۆست گرتووە؟ ئایا لای (یوسف قەڵاتی)ی خاڵی ماوەتەوە و سەری هەڵنەگرتووە؟ یان کاتێک بیر لە (گردۆ) دەکاتەوە، کە بووەتە جێگرەوەی (ویداد) بۆ ئەم، دیسان هیوایەک بۆ ئایینده نابینێت و کۆمەڵێک پرسیار ناوروژێنێت؟ وەگێڕ باس لە خەیاڵی (دلاوەر)ی کارەکتەری سەرەکییمان بۆ دەکات و ناخی ئەومان سەبارەت بە ئاینده لەگەڵ هەریەک لە (ویداد) و (گردۆ) بۆ ئاشکرا دەکات و دەڵێت: **((بۆیە هەرچەند خەیاڵی بۆ ئایینده هەڵدەفڕێت، هەست دەکات جێی دەهێڵێت. واتە بەو تەمەنە کورتەوە فریای ئەوە ناکەوێت ڕۆژێک ببینێت وا خۆی و (ویداد) ماڵێکیان پێکەوە ناوە. دەسا لەوانەیە نەگاتە چوار ساڵیش. ڕەنگەبکەوێتە بیرێکەوە و بخنکێت، یان شەوێک دز بیکوژن، بەو مەبەستەی بێدەنگی بکەن و بە ئاسانی بەسەر ماڵدا بدەن. ئەدی ئەگەر دیواری بەسەردا ڕما؟ بەشکو نەیزانی و ژەهری خوارد، یان ناحەزێک ژەهرخواردی کرد و دەمودەست گیانی دەرچوو! ئەمانە و زۆر گریمانی دیکە.))(کاکەسوور،٢٠١٥: ١٠٩)** کاریگەریی ئەم پرسیارانە لە ناخی (دلاوەر)دا هەستی ئەوەی لا دروستکردووە، کە پێی وایە تەنانەت باڵندەیەکی وەکو قەلەڕەشیش هەستی بە ڕەشبینی ئەم کردبێت و دەیانەوێت ئەوەی بە گوێدا بچرپێنن، کەوا گەشبین بێت بۆ ئاینده. **((باوکی پێی وایە بوونی ئەم هەموو قەلەڕەشە لێرە تەنیا مانای ئەوەیە دەوروبەرێکی ئارامیان هەیە، چونکە ئەو باڵندەیە لە هەر شوێنێک هەست بە مەترسی بکات، جێی دەهێڵێت و بۆی ناگەڕێتەوە.))(کاکەسوور،٢٠١٥: ١١٠)**

لە ڕۆمانی (ڕێگەکانی ژەهر)دا، دایکی (ئەرڤارد)ی کارەکتەر ڕاڕایە لە ئایندەی کوڕەکەی. ئەم ڕاڕاییەش ژیانی لێ تاڵ کردووە. هەمیشە خەمی ئەوەی هەیە، بەهۆی ئەوەی دەوروبەرەکەی چارەی ئەم کوڕەیان ناوێت، هەموو ئەم تانە و تەشەرانە مەترسیی لەسەر ژیانی کوڕەکەی دروستبکات و ئایندەیەکی خراپ چاوەڕێی بکات. **((دایک لە پێش هەر کەسێکی دیکەوە هەستی**

**کردووە ئەگەرچی هەردووکیانی بە سکێ بوونە، بەڵام زۆر لە یەکدی جیاوازن، کە ڕەنگە ئەمە لە ئاییندەیشیاندا ڕەنگبداتەوە. بە مانایەکی دی لە ئێستاوە ترسێکی گەورەی لە چارەنووسی (ئەرڤارد) هەیە. هیچ لەوە تێناگات بۆچی لە کاتێکدا (سیامەند) هێندە لای خەڵک شیرینە، بەڵام (ئەرڤارد) تا ئەو ڕادەیە ئێسکقورس و ڕەزاگرانە! یەک کەس نابینێت ئەو کوڕەی خۆش بوێت، بگرە ڕقیان لێیەتی.))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ٢٣٣) هەستی دایکێک، کە بە یەک سک دوو منداڵی بووە، ڕووندەکاتەوە، کە بۆ یەکیان لای خەڵک خۆشەویست و ئەویتریان چارەنەویستە. ئەمەش وایکردووە ڕاڕا بێت و ترسی لە ئایندەیان هەبێت. ئەم ڕاڕاییەی دایکی، وایکردووە گومانی ئەوەی لا دروست بێت، کەوا بەهۆی (ئەرڤارد)ەوە، بیانەوێت کەسایەتیی ئەو لەکەدار بکەن. ئەی بۆچی بەهۆی (سیامەند)ەوە، لای خەڵک دڵخواز نابێت؟

لە ڕۆمانی (مۆزەخانەی کوڕە قژدرێژ)دا بە هۆی ئەوەی باوکی (کوڕە قژدرێژ) بازرگانە و هەر ڕۆژێک لە وڵاتێکە. کاتێک لە هندستان چاوی بە فاڵچییەک دەکەوێت، ئەو فاڵچییە لە بارەی ئایندەی کوڕەکەیەوە کۆمەڵێک هەواڵی ناخۆش بە گوێیدا دەچرپێنێت، ئەمەش باوکی زۆر نیگەران و دڵتەنگ دەکات. ((**ئینجا بە قسەیەک دڵی بەر دامەوە، گوایە تۆ ئاییندەیەکی زۆر تاریکت هەیە. هۆکارەکەیشی ئەوەیە دەست بۆ ئەو شتانە دەبەیت، کە خەڵکی دەوروبەرت نایانەوێت. ئەگەر بەم ئەقڵەوە ئیشی بازرگانی بکەیت، ئەوا ساڵێک نابات و دەستت بەر دەبێت.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٤) بۆیە هەر زوو دەگەڕێتەوە ماڵ و دەیەوێت چاوی بە کوڕەکەی بکەوێت. لە بارودۆخێکی ڕاڕایی و دوودڵی دەژیت، بە تاسەوە چاوەڕێی هاتنەوەی کوڕەکەی دەکات. ((**ئەو ڕۆژە دەگەڕێتەوە ماڵ و باوکی زۆر بە کزی دەبینێت، نەخێر، لە پێشدا ئۆتۆمۆبێلە نایابەکەی لە گەراژدا دەکەوێتە بەرچاو. بە سوێتێکی ڕەش و کراسێکی سپییەوە لەسەر تاکێک قەنەفەی ژووری میوان دانیشتووە. بەردەوام پەنجەکانی لە لێوی گیر دەکات و ڕایدەکێشێت. ئاخی قووڵ قووڵ هەڵدەکێشێت و لە بەرخۆیەوە شتی سەیروسەمەرە دەڵێت. کاتژمێرە گەورەکەی بە قەدی دیواری پشتیەوە هەڵواسراوە، نزیکەی سێی دوای نیوەڕۆ پێشان دەدات. ئەوە یەکەمجارە لە کاتێکی ئاوادا لە ماڵی ببینێت. بە ئاشکرا دیارە گرفتێکی گەورەی هەیە.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٤) ئەگەچی باوکی داوای لێدەکات، ئەگەر بۆ جارێکیش بێت هەر دەبێت گوێی لێ بگرێت، کەچی ئەو وەکو کوڕێکی یاخی و سەرکەش و تووڕە، ئامادە نییە گوێی لێ بگرێت. توڕەیی (کوڕە قژدرێژ) بە هۆی ئەو گوێ پێنەدانەی دایک و باوکی بووە، لەو کاتانەی پێویستی پێیان بووە. بۆیە پێی وایە تازە ئامۆژگاری هیچ سوودێکی بۆ ئەو نەماوە. لە گفتوگۆی نێوان (کوڕە قژدرێژ) و باوکی، باوکی پێی دەڵێت: ((**_ ڕاستە هەرگیز ڕێک نەکەوتووە ئێمە ئاوا پێکەوە دابنیشن و قسە بکەین، بەڵام ئەمڕۆ زۆر پێویستە گوێم لێ بگریت، کە شەش**

**شتت پێ بڵێم، یان چاکترە بڵێم شەش ئامۆژگاریت بکەم، تاکوو لە دوای مردنم سوودیان لێ ببینیت.**

**ئەگەرچی کوڕەقژدرێژ هێندەی دی هەست دەکات باوکی بە دەست گرفتێکی گەورەوە دەتلێتەوە، بگرە لەوە دەچێت وادەی مەرگی نزیک بووبێتەوە، بەڵام پێی دەڵێت:**

**ــ گوێت لێ ناگرم.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٦) خەمی باوکی و ئەو دوو دڵییەی دووچاری بووەتەوە، تەنیا بەندە بە ئایندەی کوڕەکەی و لەدەستدانی سامانە زۆرەکەی، دەیەوێت کوڕەکەی لە دوای ئەو دەست بە سامانەکەی بگرێت و جێگەی ئەو بگرێتەوە و دەست بکات بە بازرگانی کردن. هەموو ئەو سامانە زۆرەش لای (کوڕە قژدرێژ) سامانێکی ساختەیە، بۆیە لێی یاخی دەبێت و دەیەوێت بە هەر نرخێک بێت لەناوی ببات. دوای ئەوەی دەست دەکات بە لەناوبردنی سامانەکەی، لە ناکاو دووچاری نائومێدییەکی زۆر دەبێتەوە. نیگەران و دوو دڵ دەبێت کاتێک (کوڕە کەچەڵ) وەک تارماییەک لێی دەردەکەوێت و هەموو ئەو ئامێرانەی هێناویەتی بە نیوەی نرخ لێی دەکڕێتەوە. ئەو نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەی (کوڕە قژدرێژ) بە هۆی تارمایی (کوڕەکەچەڵ)ە، کە پێی وایە ئەم تارماییە ڕێگرە لە بەدیهێنانی خەونەکەی، هیچ نەبێت هەنگاوەکانی لەناوبردنی سامانەکەی هێواش دەکاتەوە. **((باشە، ئەو کابرا سەیرە کێیە و لە کوێ بۆی پەیدا بووە؟ ئێوارەیە و بە دەم بیرکردنەوە لەو بوونەوەرە سەیرەوە بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە. تا درەنگی شەو خەو ناچێتە چاویەوە.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٣١) بەمەش (کوڕە قژدرێژ) بەردەوام بیر لەوە دەکاتەوە ڕێگەیەکی دی بدۆزێتەوە تا لەو ڕاڕایی و دوودڵیە ڕزگاری بێت و دڵی ئاسوودە بێت. بەردەوامیش بیر لەو تارماییە دەکاتەوە، کە دەبێت جارێکی دی لێی پەیدا نەبێتەوە و خەونەکەی زیندە بەچاڵ نەکات؟! ئەو تارماییە ڕێگە دەدات بگات بە ئامانجەکەی؟ ئەمەش هێندەی دی دەیخاتە مەراقەوە و بیر و هۆشی داگیر دەکات و خەو لە چاوانی دەزڕێنێت. **((ماوەیەکە چاک نەنووستووە، بەتایبەتی ئەو دوو شەوەی ڕابردوو، کە پێیان گوتبوو گەیشتنی پاپزیڤزیڤاکان نزیک بووەتەوە. تا بەیانی لە پەنجەرەوە دەیڕوانییە دەرەوە و خەیاڵی دەڕۆیشت. ئێستا زۆر ماندووە و هەست دەکات وا گیانی خاو دەبێتەوە. لەسەر کورسییەکە خەوی لێ دەکەوێت.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٧١) دوای ئەو هەموو هەوڵدان و ماندووبوون و ئازارە دەروونی و جەستەییەی لە بەفیڕۆدانی سامانەکەی چەشتی، ئێستا قۆناغێکی نوێ لە ژیانی دەستی پێکردووە، ئەویش قۆناغی خۆدروستکردنەوە و بەدەستخستنی سامانە. ئەمەش خەونێکی دیکەی (کوڕە قژدرێژ)ە و دووبارە دەیخاتە دۆخێکی شپرزەییەوە. **((گرفتی سەرەکیی ئەوەیە، زۆر پەلەیەتی و هەمیشە شپرزەیە، بەوەی چۆن دەتوانێت**

**دەوڵەمەند ببێت و پارەی چاک پەیدا بکات؟ کەی دەبێتە خاوەنی ماڵ و ئیدی شەوان لە بەردەرگەی دووکانەکاندا نەخەوێت؟ کەی ژنێک دەبێتە هاوسەری؟ کەی ئۆتۆمۆبیلێک دەکڕێت؟ کەی لە ماڵەکەیدا شوێنێکی تایبەت بۆ کتێب تەرخان دەکات و لە دۆخێکی ئارامدا دەخوێنێتەوە؟ ئەمانە و زۆری دیکە. ئایا بەم چکەچکە ئاسانە ئەو خەونانەی بێنە دی؟ شپرزەیی و پەلەکردنیش وایان کردووە دەست بۆ هەر کارێک ببات، تێیدا سەر نەکەوێت، بگرە ببێتە مایەی پێکەنینی خەڵکیش.))** (کاکەسوور،٢٠٢١: ٩١-٩٢) بەمەش ژیانی (کوڕە قژدرێژ) هەر لە تەمەنی منداڵی و بێ بەش بوون لە سۆز و خۆشەویستیی دایک و باوکی، تا تەمەنی هەرزەکاری و لە دەستدانی سامان، دواتر گیران و خستنە زیندان، هەمیشە کێشە و گرفتە کەڵەکەبووەکان تەنگیان پێ هەڵچنیوە، لە نێو دوو دڵی و شپرزەیی و ترس و نیگەرانییەکی زۆرەوە ڕۆژەکانی ژیانی بەڕێکردووە.

(کوڕمان)ی کارەکتەری سەرەکیی (یادەوەریی بووکەڵەکان) هەمیشە لە نێو دوو دڵی و ڕاڕاییەکی زۆر دەژی بە هۆی هەموو ئەو ڕووداوانەی لە ژیانیی تایبەتیی ڕوودەدەن. هەموو کات وەکو کارەکتەرێکی ڕاڕا دەردەکەوێت. لە زۆر شوێندا ئەم ڕاڕاییە کاریگەریی لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوت و تەنانەت بڕیارەکانیش دروستکردووە. (کوڕمان) لە ڕێی یادەوەرییەوە، بە شریتی ڕابردوویدا دەچێتەوە و باس لە وێستگەکانی ژیانیی خۆی دەکات. پەیوەندیی لەگەڵ (ڤیان) و چاودێری کردن و سیخوڕی کردن بە سەرییەوە لە لایەن ئەمن و نیگەرایی لە (نیدی)ی خوشکی. هەموو ئەو بابەتانە دەبنە هۆی ئەوەی (کوڕمان) لە نائومێدی و دڵەڕاوکێدا بێت و هەمیشە بە گەڕانەوە بۆ ڕابردووی خۆی لە نێو خەیاڵەکانیدا ڕۆبچێت و شپرزەیی پێوە دیار بێت. دڵەڕاوکێی (کوڕمان) لەناو گەراژە، کاتێک لە ناو ئەو گەراژەدا لە کاتی گەڕانەوەی لە بەغدا بۆ هەولێر، کۆمەڵێک ڕووداوی سەیر و چاوەڕوان نەکراو ڕوودەدەن. دەکرێت بڵێین ئەم گەراژە شانۆی بەشێکی زۆر لە ڕووداوەکانە. هەموو ئەو ڕووداوانەی لەم گەراژە بەسەر (کوڕمان)دا دێت، دووچاری دوودڵی و نیگەرانییەکی زۆری دەکەن. گەیشتنی کچێک بە ناوی (ڤیان) لە گەراژ و وەرگرتنی دوو تووتکە سەگ لێی، ناسنامە ساختەکەی و وەرگرتنی فۆلدەری زانکۆ لێی کە پڕیەتی لە کاغەزی قەدەغەکراو، وەرگرتنی ناسنامە لێی لە لایەن ئەمنەکان و پرسیار کردن لێی لە بارەی تووتکە سەگەکان، هەموو ئەمانە وا لە (کوڕمان) دەکەن نەتوانێت هەنگاو بنێت. **((- بڕۆ و خێرا بکە!**

**شتێک لەو شێوازی ڕۆیشتنەت ناگۆڕێت، لە کاتێکدا هەر ناتوانیت بیگۆڕیت، ئەوەندە نەبێت بە ترسێکی بێوێنەوە هەنگاو دەنێیت. ئایا لەناو ئۆتۆمبیلە جامڕەشەکەدا فۆلدەرت دەکەنەوە و لێی دەڕوانن؟ ئەمە بۆ ئەم ساتە پرسیاری سەرەکییە. دەنگی چوارشانەکە دەگاتە گوێت:**

**- جاروبار پشوویەک بدە، نەوەک هەناسەبڕکێت پێ بکەوێت!**

**ئەمە بە تەوسەوە دەڵێت و تۆنەکەی دەگۆڕێت:**

**- تف لە هەزار گەنجی وەک تۆ! بۆچی ئاوا دەڕۆیت، کوڕی قەحپە؟ خەریکە دڵم تێک هەڵدێت.))(کاکە سوور،٢٠٢١: ١٦٨)**

(کوڕمان) هەر لەم گەراژەدا ترس و نیگەرانییەکانی زۆر زیاد دەکات. وەگێڕ باس لەو کاتە دەکات کەوا کچێکی دی لەم گەراژە دەبینێت و وێنەی ئەو کچەی لەبەر چاو دەگۆڕێت. **((لەو کاتەدا (نیدی) لە تاکسییەک دادەبەزێت و بۆ لای بووسەکە دەچێت. دڵت دەکەوێتە خورپە. چۆنی زانیوە تۆ ئێستا دەگەیت. ئاوا هاتووە؟ دایکت و پوورت چۆن ڕێیان داوە؟ پێت نەگوتن ئەم ماوەیە زیاتر لە جاران ئاگایان لێی بێت؟ نازانیت بانگی بکەیت، یان دەموچاوتی لێ بشاریتەوە. باشتر وایە ڕووتی لێ وەربگێڕیت، نەبادا ئەمنەکان ببینن و گرفتەکەت گەورەتر ببێت. دوای ئەوەی بە کوڕێک دەگات و شتێکی پێ دەڵێت، بۆت دەردەکەوێت کەسێکی ترە. کەمێک ئارام دەبیتەوە. ئایا لە ترسان ئەو کچەت لێ بووە (نیدی)؟))(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٧١)**
(کوڕمان) لەم گەراژە خۆزگە دەخوازێت دەرفەتێک بدۆزێتەوە تا خۆی ڕزگار بکات، بەڵام ترسی ئەوەی هەیە ئەمنەکان گومانی لێ بکەن، بۆیە ناتوانێت هەنگاو بنێت و جوان بیر بکاتەوە. ترس و گومانەکانی (کوڕمان) بە جۆرێکە، گومان لە (ڤیان)یش دەکات و لە خۆی دەپرسێت: **((ئایا ئەویش ئەندامێکە لە ئەندامەکانی ئەمن و بە فێڵ ناردوویانە؟))(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٨٣)**

نیگەرانیی و دوودڵییەکی دی کەوا بەرۆکی (کوڕمان)ی گرتووە، گرتنی (وریا ئەنومەلی)ی مێردی پووریەتی. (وریا) کۆمەڵێک نهێنیی لایە، یەکێک لەو نهێنییانەش ناسنامە ساختەکەی (نیدی)یە، کەسێکی نهێنی پارێزە و جێی باوەڕە، بەڵام بە هۆی ئەوەی لە لایەن ئەمن گیراوە، ترس دەخاتە دڵی (کوڕمان) و هەمیشە لە بیر و هزری دایە. ترسی ئەوەی هەیە (وریا) لە ژێر ئەشکەنجەدا ئەو نهێنییە ئاشکرا بکات. **((دیسان بیر لەوە دەکەیتەوە، کە ئەگەر (وریا) بەرگەی ئەشکەنجە نەگرێت و ددان بە ناسنامە ساختەکەی (نیدی)دا بنێت، هەموو شتەکان بە جارێ لە بار یەک دەچن. بێگومان بەم نەخۆشییە هەر دوو سێ کەیبڵی لێ بدەن، یەکەم شت بەوە دەست پێ دەکات.))(کاکەسوور،٢٠٢١: ٤٤٨)** هەموو ئەو ترس و نیگەرانیی و دەروون پەشێوییەی

تووشی (کوڕمان) بووە، لە ئاکامی ئەو دۆخانەیە کە بەردەوام لە هزریدا ئامادەیە و مەترسیی ڕوودانیان هەیە. لە ئاکامی ئەو ترسەش بەردەوام هەست بە دڵتەنگی و جۆرێک لە بێزاربوون دەکات. ئەو ترس و نیگەرانییانەی لە نەستیدا خەزن کراون، بە درێژایی قۆناغەکانی ژیانی، کاریگەریی لەسەر ڕەفتار و بیرکردنەوەکانیدا ماوە و لە ڕێی یادەوەرییەوە دەیهێنێتەوە جیهانی هەستی، چونکە ((کاتێک مەترسیی و هەڕەشەکان شۆڕ دەبنەوە بۆ یادەوەریی و حەزە خەفەکراوەکانی تاک، کە نەستە، دەچنە هەستەوە و دەبنە سەرچاوە بۆ دڵەڕاوکێ و، ئەمەش وەکو زەنگی ئاگادارکردنەوە مرۆڤەکە دەهەژێنێت.))(العناني،٢٠٠٠: ١١٦)

(کوڕمان) بە هۆی مەترسیی لەدەستدانی (نیدی)ی و ترسی لە ئایندەی، بە تایبەتی کاتێک لەگەڵ (شادی) دەیەوێت ژیانی هاوژینی پێکبهێنێت، هەست بە نائارامیی دەروونی دەکات و دوو دڵە لە ئایندەی خوشکەکەی. (کوڕمان) دەزانێت (شادی)ی هاوڕێی سیخوڕە و پیاوی ئەمنە، بەڵام نایەوێت ئەو ڕاستییە بە خوشکی بڵێت لە ترسی ئەوەی خوشکەکەی بەم هەواڵە دابڕووخێت، لە لایەکی دیکەوە ئەگەر پێی نەڵێت، ڕەنگە لە ئایندەدا خوشکەکەی بکەوێتە دۆخێکی دژوارەوە و ژیانێکی سەخت چاوەڕێی بکات. ئەم دۆخە وا لە (کوڕمان) دەکات لە ناوەوە دابڕووخێت و پەست و نیگەران بێت. **((- تۆ پەلەت کردووە، نیدی. نازانم ئەو پێوەندییە چۆن ئاوا زوو دەستی پێکرد و چۆن ئاوا زوویش بەو ئەنجامە گەیشت! ئەمە دەڵێیت و دەستت لە ملی دەئاڵێنیت. ناوچەوانی ماچ دەکەیت و سەری بە سنگتەوە دەنووسێنیت، لە کاتێکدا گیانت داڕووخاوە.))(کاکەسوور،٢٠٢١: ٣٨١)** نیگەرانیی و دڵەڕاوکێی (کوڕمان) لە (نیدی)ی خوشکی، بەهۆی هەستکردن بەو مەترسییەی، کە ڕەنگە لە ئایندەیەکی نزیک ڕووبدات. بۆیە ئەم ترسەی لە ئایندەی خوشکەکەی، بیر و هزری داگیرکردووە و ژیانی لێ تاڵ کردووە.

## بەشــی سێیـــــەم: چەمکە دەروونییەکان لە نموونەی ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسوور)دا

### تەوەری یەکەم: تایبەتمەنـــدییە دەروونییەکـــانی کارەکتەرەکـــان و ڕەنگـــدانەوەیان لە ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسووردا

#### - ململانێی خـــود

بریتییە لە ململانێی مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆی، ململانێی نێوان حەزەکانی ئید و من و منی باڵایە، ئەمەش جۆرێک لە ناجێگیری دەروونی دروست دەکات. ((ململانێی نێوان دوو هێزە لە نـاوەوەی مرۆڤـدا، هێزێکیـان پـاڵنەری حەز و ئارەزووەکـانە و ئەویتریـان ڕێگـری کـردنە لێـی. زۆرجار مرۆڤ ناتوانێت ئەو حەزانە تێر بکات لە ترسی ڕازی نەبوونی کۆمەڵگە و ڕووبەڕوو بـوونەوەی ئاڵنگـاری.))(الـداهر،٢٠٠٨: ١٣٢) ئەمەش تـاک دووچـاری بـێ تـاقەتی و دوودڵـی و هەڵچوون دەکات.

لە ڕۆمانی (ڕێگەکانی ژەهر)دا کاتێک کارەکتەری سەرەکیی (دڵشاد) بە مەبەستی دۆزینەوەی ژەهر، بۆ ئەوەی لە ماهییەتی ژەهر تێبگات، (خەلۆ)ی پاسـەوانی تـایبەتیی ڕادەسـپێرێت تـا بـۆی پەیدا بکات. دوای ئەوەی پاسەوانەکەی لەگەڵ خۆی دەبیات و لە نزیک ئاوایی ڕووتی دەکاتەوە و بە تەنیا جێی دەهێڵێت، ڕوو دەکاتە ئەشکەوت وەک پەناگەیەک، تـا خـۆی تێدا حەشـار بدات. (دڵشـاد) لەم چـۆڵەوانییە، بـۆ مـانەوەی خـۆی و گەیشـتن بە خـووە پـووچەکەی، لەگەڵ خـۆی دەکەوێــتە ململانــێ و کــۆڵ نــادات. ڕۆژانە لە دەوروبەری ئەشــکەوت بە دوای زینــدەوەری بچووکدا دەگەڕێـت تـا ڕاویـان بکـات و بیـانخوات. ژیـانی ئەشـکەوت و جـۆری خـواردنەکەی، گۆڕانێکی جۆری لە ڕووخسار و ڕەفتاری دروستدەکات، وای لێدەکات خۆی نەناسـێتەوە. قژی درێژ بووە، مەمکەکانی زل بوون. لەم دۆخەدا عیشـقی (دڵشـان) و هـۆگری بـۆ هاوسـەری، وای لێدەکات خـۆی هەم ببێتە (دڵشـاد) و هەمـیش ببێتە (دڵشـان). دەکەوێتە ململانـێ لەگەڵ خـودی خـۆی. گومـان لە بـوونی خـۆی دەکـات و نازانێت کامیـانە. ئەم ململانێیەش دەیخـاتە دۆخێکـی شـڵەژاوی دەروونیـیەوە و تـرس و دڵەڕاوکێـی لا دروسـت دەکـات. **((لـە قـەراغی ئەو گۆمــەدا دەوەستیت، کە پێشتر تەنیا شـەوان ئـاوت لێـی خـواردووەتەوە. بـەم قژە درێژەتەوە ڕێـک لـە (دڵشان) دەچیت. نازانیت بۆچی مەمکەکانیشت هێندەی ئەوانەی ئەو زل بوون. ئایا خـواردنی**

**زیندەوەر و گژوگیا لە لایەک و ژیانی ئەشکەوت لە لایەکی دیکەوە کاریگەرییان لەسەر ئەوە هەیە شێوەت ئاوا بگۆڕێت؟ دەسا خەریکە خۆت نەناسیتەوە. ڕاستتر، وات لێ هاتووە گومان بکەیت (دڵشاد)یت و (دڵشان) نییت. نەخێر، پرسیارەکە کۆمەڵێک ڕووی جیاوازی هەن: تۆ (دڵشاد)یت یان (دڵشان)؟ هەردووکیانیت بە جارێ، یان هیچ یەکێکیان نییت؟ ئەرێ کام لەمانەیت: خۆتیت؟ خۆت نییت؟ ژنی خۆتیت؟ مێردی خۆتیت؟ ژنومێردی خۆتیت؟ هیچی خۆت نییت؟ ئەو پرسیارە بێتامانە هێندەی دیکە پاڵت پێوە دەنێن قێز لە بوونت بکەیتەوە.))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ٧٩) ئەم ترسە زیاتر دەبێت، کاتێک هەست دەکات ڕۆژێک (دڵشاد)ە و ڕۆژێک (دڵشان)ە. پێی خۆشە هەردەم پێکەوە بن و لێک جیا نەبنەوە. کاتێکیش دەبێتە (دڵشان) دڵپیسی لێدەکات. کاتێکیش چوار بێچووە گورگ ڕوو لەو ئەشکەوتە دەکەن، کە تێیدا دەژیت، ترسێکی زۆر دایدەگرێت. ترسی ئەوەی هەیە ئەم بێچووانە پەلاماری بدەن و ئەوەی لێرە تەنیا بمێنێتەوە (دڵشان) بێت. **((ئەو ترسە گەورەیەی هەستی پێدەکەیت هیی ئەوە نییە دەمریت، بەڵکو لەبەر دوو شتی دیکەیە: یەکەمیان، تەمەن ڕێ نادات بزانیت ژەهری مار چ تامێکی هەیە و دووەم: بە تەنیا وەک (دڵشان) لەم چۆڵەوانییەدا دەمێنیتەوە.))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ٨١) کاتێکیش بێچووەکان خۆیان لێی دەئاڵێنن، دیسان وا هەست دەکات (دڵشان) دەیەوێت جێی بهێڵێت. ئەم ململانێیە دەروونییەی ناوەوەی (دڵشاد) لەگەڵ (دڵشان)، جۆرێک لە دڵپیسی (غیرە)ی لە لا دروستدەکات. **((کچێ، (ست دڵشان) چیت لێی دەوێت؟ ئەرێ تۆ بەزەییت بەو بێچووانەدا دێتەوە، یان بۆنی پیاوێک تەفرەت دەدات؟))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ٨٢) حەزە شەڕەنگێزییەکانی (ئید) لەم کارەکتەرەدا، بەردەوام لە ململانێدایە لەگەڵ (من)، (من) هەرچەندە دەیەوێت سنوورێک بۆ (ئید) دابنێت و ڕێگری بکات لەو حەزە چەپێنراوانەی لە ناخیدا کەڵەکە بووە، دواجار (ئید) خواستی خۆی زاڵ دەکات و ئەوەی پیلانی بۆ داناوە، جێبەجێی دەکات.

هەر لەم ڕۆمانەدا، (ست سۆزان) ئەگەرچی کەسێکی تەنیایە و لە ژیانیدا دووچاری کێشەی زۆر بووەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خەونی ئەوەیە زانیاری لەسەر (ست ڕافۆن) بزانێت و لەو دنیا سەیرەی بگات، بە تایبەتی بزانێت ڕەگەزی چییە؟ ئەمەش دووچاری ترس و نیگەرانی و دوودڵییەکی زۆری دەکاتەوە. ئەگەرچی (ست سۆزان) بەرهەمی کۆمەڵێک کێشەیە، کێشەی کۆچی بەردەوام و کوژرانی دایک و نەنکی و خاڵی، هەموو ئەمانە لە نەستیدا هەن، جگە لەوەش لەگەڵ ناوەوەی خۆی دەکەوێتە کێشمەکێشم و ململانێ، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کەسێکی ئاڵۆزی وەک (ست ڕافۆن)، کە تا ئێستا نەیتوانیوە لە خودی خۆی بگات، چ جای کارەکتەرێکی ئاڵۆزی وەک (ست ڕافۆن). بۆیە هەست دەکات خوویەکی پووچی خستووەتە مێشکییەوە، بەڵام ناتوانێت وازی لێبهێنێت. لەسەر ئەم خووەش زۆر جار سەرزەنشتی خۆی

دەکات. **((بەردەوام لە خۆتت دەپرسی ئایا ئەوە ئەوپەڕی دەبەنگی نییە تۆ کەسێک بکوژیت، هەر بۆ ئەوەی دەسەڵاتت بەسەر ڕووتکردنەوەیدا هەبێت و بتوانیت نهێنیی ژێر جلەکانی ئاشکرا بکەیت؟ هاوکات هەستت دەکرد تۆ بەرگەی شۆکێکی لەم شێوەیە ناگریت. بە مانایەکی دیکە ئەگەر وات بکردایە، دەگەیشتیە خاڵی کۆتایی و مەتەڵەکەت هەڵدەهێنا. ئیتر شتێک نەدەما خۆتی پێوە خەریک بکەیت.))(کاکەسوور،٢٠١٧: ٣٧)** (ست سۆزان) لە ململانێیەکی خودیدایە لەنێوان حەزە شەڕانگێزیەکانی (ئید)، کە دەیەوێت (ست ڕافۆن) ڕووت بکاتەوە و بهێنیی ژێرەوەی بۆ ئاشکرابێت، لەگەڵ (من)، کە ڕێگرە لە جێبەجێکردنی ئەم ئارەزووە شەڕانگێزییەی.

**– نامۆیی**

لە زمانی کوردیدا زاراوەی نامۆیی بەرانبەر هەردوو وشەی (غربة) و (اغتراب)ی عەرەبی هاتووە، بەڵام لای هەندێک لە نووسەر و لێکۆڵەران هەردوو زاراوەی (نامۆیی) و (نامۆبوون) بەرانبەر هەردوو زاراوەی (غربة) و (اغتراب) بەکاردێت. نامۆیی(غربة) ((دوورە وڵاتییەکە دەگرێتەوە و "نامۆبوون"یش نامۆبوونی نێو کۆمەڵگەیە کە دەبێت بە نامۆبوونی خود)) (سەعید،٢٠٠١: ٦) ئەمەش بەرانبەرە بە ((Alienation ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی. سەرچاوە ئینگلیزی و فەڕەنسییەکە زاراوەی "Alienation"ی لاتینییە، ئەویش بە واتای گواستنەوەی خاوەندارێتی شتێک بۆ کەسێکی دی، یان بە واتای دابڕانە))(مارف،٢٠١٦: ١٧٣) لە زمانی فارسیدا ((هەرچەندە بۆ لایەنە جوگرافیاییەکەی ئەم زاراوەیە هەمان زاراوەی "غریب" بەکاردەبرێت، بەڵام بۆ نیشاندانی بارە دەروونییەکە زاراوەی "از خود بیگانگی" بەکاردێت، کە بە واتای لەخۆ نامۆبوون دەگەیەنێت.))(قادر،٢٠٠٧: ٧) چەمکی نامۆیی ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنی هەیە و بەدرێژایی مێژوو بیرمەندان و شارەزایان دەربارەی پێناسەی نامۆیی و بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لە بوارەکانی ئایینی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری ڕای جیاوازیان هەبووە و هەریەکەیان لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە لەم زاراوەیان ڕوانیوە. مرۆڤ خۆی لە خۆیدا کائینێکی کۆمەڵایەتییە و لە پەیوەندیی دایە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژی. کاتێک هەست بەوە دەکات خۆزگە و ئارەزووەکانی لەم جیهانەدا نایەتەدی، هەست بە تەنیایی دەکات. ئەم تەنیاییەش سەرەتای هەنگاونانە بەرەو دابڕان لە دەوروبەرەکەی و گۆشەگیربوونی، ئەمەش تووشی شلەژانی دەروونی و گرێی دەروونی دەکات. لە ڕووی زمانییەوە بەکورتی نامۆیی بە واتای ((دوورکەوتنەوە لە وڵات دێت.))(الشاذلي،٢٠١٥: ١٤) لە ڕووی دەروونییەوە: نامۆیی بەواتای ئەوە دێت کاتێک مرۆڤ هەست بە تەنیایی بکات لەگەڵ ئەوەی لە نێو خەڵک و خاک و

نیشتمانی خۆیتی، ئەمەش زۆر قورسە چونکە لە دەروونیدا هەست بە دڵەڕاوکێ و شلەژانی دەروونی دەکات.(العبدالله،٢٠٠٥: ٢١)

(ئەحمەد سالار) کاتێک پێناسەی نامۆیی دەکات، لە گۆشەنیگایەکی جوگرافییەوە سەیری دەکات و دەڵێت: ((نامۆیی بە کەسێک دەوترێت کە ڕێ و شوێنی لێ گۆڕدرا بێت، کەوتبێتە نێو کۆمەڵگایەکەوە کە ئاکارو نەریتە میللییەکانی تێدا جیاواز بێت و خۆی لەو ناوەندە نەبینێتەوە)) (سالار،٢٠٠٥: ٧) (ئەحمەد سالار) تەنیا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کەوا مرۆڤ بەهۆی دوورکەوتنەوە لە زێدی خۆی و نیشتمانی و ئاشنابوون بە کلتوور و نەریتی میللەتێکی دی، تووشی نامۆیی دەبێت. مەرجیش نییە مرۆڤ تەنیا بە دوورکەوتنەوەی لە وڵات و زێدی خۆی، دووچاری نامۆیی ببێت، بەڵکو جاری وا هەیە مرۆڤ لەنێو نیشتمانی خۆی و تەنانەت لەنێوماڵەکەی خۆیدا تووشی گۆشەگیری و نامۆیی دەبێت. (مەحمود فەلەکی) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((نامۆیی تەنیا لەبەر جێهێشتنی خاک و کۆچکردن بۆ وڵاتێکی تر دروست نابێت، بەڵکو زۆرجار چ لە وڵاتی بێگانان و چ لە وڵاتی خۆت هەست بە بێگانەیی دەکەیت.))(/ www.iran-emrooz.net ٣٠/٩/٢٠٢٢)

نامۆیی بارێکی نائاسایی مرۆڤە و تایبەت نییە بە ڕەگەز و تەمەنێکی دیاریکراو، بەڵکو مرۆڤ لە هەر ڕەگەزێک و لە هەر تەمەنێکدا دەشێت تووشی ئەو بارە دەروونییە ناجێگیرە ببێت. کەسی نامۆ لە بۆشاییەکی دەروونی دەژی و هەست بە ئازارێکی دەروونی زۆر دەکات، کە بە زەحمەت دەتوانێت خۆی لێ ڕزگاربکات، بەمەش هەستی عەقڵی و هەستی پابەندبوون بە کۆمەڵگە و دەوروبەری لەدەستدەدات، چونکە ((گەوهەری مرۆڤ ڕۆح و ئەقڵە، جا هەر شتێک ببێتە هۆی لەکەدارکردن و زامدارکردنی ئەو دوو شادەمارە سەرەکییەی کەسێتی مرۆڤ، ئەوا مرۆڤ تووشی نامۆیی دەبێت.))(عیسا،٢٠١٦ :٧٧) مرۆڤ لە ژیانیدا هەندێک جار بەهۆی بارودۆخی تایبەتیی ژیان و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژی، تووشی نامۆیی دەبێت، چ بە هۆی دوورکەوتنەوە لە شوێنی خۆی بە هەر هۆکارێک بێت، یان مردن و لەدەستدانی ئازیزانی یان بەهۆی نەخۆشی و ناخۆشییەک، کە ڕووی تێدەکات، بەمەش تووشی گرفتێکی دەروونیی زۆر دەبێت و هەست بە بێزاری و بێهێزی و تەنیایی دەکات، چونکە ((لە تایبەتمەندییەکانی نامۆیی: خەمۆکی و هیلاکی و سەرلێشێواوی و هەست بە تەنیایی کردنە.))(ڕەفیق،٢٠١٤: ٢٠٢) ئەم نامۆییە جاری وا هەیە، بە تێپەڕبوونی کات، تێپەڕدەبێت و تاک بۆ باری ئاسایی خۆی دەگەڕێتەوە. هەندێک جاریش ئەگەر هۆکارەکان بەردەوام بن، ئەوا تاک بۆ قۆناغێکی دیکەی نەخۆشیی دەروونی دەڕوات.

بوونی پێناسەیەکی دیاریکراو و گشتگیر و نەگۆڕ بۆ چەمکێکی فراوانی وەکو نامۆیی کارێکی ئەستەمە، چونکە ئەم زاراوەیە بەدرێژایی قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤایەتی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بە نێو بوارە فەلسەفی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکاندا شۆڕبووەتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە شارەزایان و لێکۆڵەرانی ئەم بوارانە هەریەکەیان لە ڕوانگەی خۆیەوە ڕاڤەی ئەم چەمکەی کردووە و ڕوانینی خۆی لەم بارەیەوە خستۆتەڕوو. ((لە بواری یاساییدا لە زمانی ئینگلیـزی و فەرەنسـیدا بە مانـای گواسـتنەوەی موڵکـداری لە کەسـێکەوە بـۆ کەسـێکی دی دەگەیەنێت. لە بـواری پزیشـکیدا بە مانـای تێکچـوونی عەقڵـی دێـت. لە بـواری پەیوەنـدی نێـوان کەسەکاندا، لە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسیدا، بە تێکچوونی پەیوەندی و دۆستایەتی نێوان دوو کەس دەگوترێـت. لە زمـانی ئەڵمانیشـدا بە مانـای تێکچـوونی عەقڵـی دێـت، مانـای تریشـی بە ئەڵمانی بە نابەڵەدبوونی پەیوەندی نێوان کەسەکان دێت.))(مەعروف،٢٠٠٣: ٧٤)

یەکەم لێکدانەوەی فەلسەفی بۆ چەمکی نامۆیی بـۆ (هیگڵ) دەگەڕێتەوە، کە بە بـاوکی نـامۆیی دادەنرێت. ((لەوانەیە هیگڵ یەکەم کەس بێت ئەم چەمکەی هێنابێتە نـاو زمـانی بیـرەوە لە کتێبـی "دیاردەکانی عەقڵی تەواو" دەردەخـات و هیگڵ سـەرقافڵەی گەیاندنی ئەم چەمکەیە بۆ جیهـانی بیـری و هـزری))(ڕەسـوول،٢٠٢٢: ١٥) لە بـواری سۆسـیۆلۆژیشـدا دەبێـت بگەڕێینـەوە بـۆ مـاركس. مارکس لە (هیگڵ)ەوە چەمکی نامۆیی وەرگرت و واتایەکی فراوانتر و قووڵتری پێبەخشـی و لە بواری کرداریدا جێبەجێی کرد. هەروەکو (لینین) ئاماژە بەوە دەکات کەوا ((تێگەیشتن لە "کتێبـی سـەرمایە"ی مـارکس بەبـێ گەڕانەوە بـۆ تێگەیشـتن لە مەنتقـی "هیگـڵ" ناکرێـت.))(ئەلکنجـی، ٢٠١٦ مـاڵپەڕی www.wtarikurd.info ١/١١/٢٠٢٢) نـامۆیی لە هەمـوو نووسـینەکانی مارکسـدا ڕەنگـی داوەتەوە. لای مـارکس نـامۆیی ((دۆخێکـی گشـتییە لە کۆمەڵگـای سـەرمایەداریدا کە کرێکـاری کـردۆتە بـوونەوەرێکی بـێ هێـز، وەکـو کەلـوپەل مـامەڵەی لەگەڵ دەکرێـت و دەسـت بەسـەر بەرهەمەکانی دادەگیرێت.))(مەعروف،٢٠١٧: ١١) مـارکس نـامۆیی بەو هەڵ و مەرج و بـارودۆخەی کرێکـار تێیـدا دەژی دەبەسـتێتەوە، پێـی وایە بـارودۆخی کۆمەڵایەتی سـەرچاوەی هەسـتکردنی کرێکـارە بە نـامۆیی لە پڕۆسـەی بەرهەمهێنـانی پیشەسـازیی سـەرمایەداریدا بەهـۆی ئەوەی ڕژێمـی سـەرمایەداری هـیچ هەلێـک بـۆ کرێکـار ناڕەخسـێنێت و دەرفەتێکـی پێنـادات، بۆئەوەی خۆشـگوزەرانی ئـابووری و کـۆمەڵایەتی بەدەسـتبخات، لە ئەنجامـدا کرێکـار تووشـی نـامۆیی دەبێت. بە بۆچـوونی مـارکس ئەم نـامۆییەش تـا سـەر نییە، بەڵکـو مـرۆڤ دەتوانێـت خـۆی لـێ ڕزگـار بکـات، ئەویـش تەنیـا ((بە هەڵوەشـاندنەوەی خاوەنـدارییەتی تـایبەت و هێنـانەدی کۆمۆنیزمە. مارکس پێیوایە نامۆیی و چاوچنۆکی و زێدەخۆریی مرۆڤ بەهۆی خاوەنداریەتیی تایبەتەوەیە، پێویستە ئەم جۆرە خاوەنداریەتییە هەڵبوەشێندرێتەوە تاوەکو مرۆڤ ڕزگاربێت لە

نامۆبوون.)) (ساڵح،٢٠٢١: www.kurdrawn.com) بە واتایەکی دیکە هەتا کرێکاران خۆیان بەسەر ئەو هەژموونەدا سەرنەکەون و دەسەڵات نەگرنە دەست، بەدەست نامۆییەوە دەناڵێنن. بەمەش بابەتی نامۆیی لەگەڵ مارکس، لە بابەتێکی تیۆرییەوە بۆ بابەتێکی کرداری گواسترایەوە و چەمکی نامۆیی لای مارکس پەیوەست بووە بە بواری کۆمەڵایەتی و وەکو دیاردەیەکی واقیعی و مێژوویی دەردەکەوێت، کە پەیوەستە بە واقیعی ژیانی کرێکار لەنێو ئەو بارودۆخ و ژینگەیەی تێیدا دەژی.

(فرۆید) نامۆیی دەبەستێتەوە بە هەموو ئەو پاڵنەرە زایەندییە خەفەکراوانەی لە ناخی مرۆڤ پەنگیان خواردۆتەوە، ڕای وایە، کەوا نامۆبوون ((ئاکامی جیابوونەوەی ئاگاییە(الشعوور) لە نەست(لاشعور)، ئەو کاتەش کەسەکە لە ژێر کاریگەری ئارەزووە خەفەکراوەکانیدا ڕەفتاردەکات.))(گەرمیانی،٢٠٠٣: ٣٦) بۆیە مرۆڤ دەشێت لە هەموو تەمەنێکدا دووچاری نامۆیی ببێت، چونکە بوونەوەرێکە بیردەکاتەوە، ترسی بەرانبەر ژیان هەیە، بەرانبەر ژیانی ئێستا و داهاتووی خۆی.

### - پەیوەندیی نامۆیی بە ئەدەبیاتەوە

ئەدەب جیهانێکی فراوانە و نووسەر هەوڵدەدات لە ڕێی دەقە ئەدەبییەکانەوە ڕەنگرێژی واقیعێک بکات، کە هەموو دیاردەکانی نێو کۆمەڵگەکەی لەخۆبگرێت. چ ئەو لایەنانەی مایەی خۆشبەختی و ئاسوودەیی مرۆڤەکانن یان دەستنیشانکردنی لایەنە دزێو و ناشرینیەکانی نێو کۆمەڵگە. هەروەکو ئاشکراشە هەر دیاردەیەک لەنێو کۆمەڵگەدا ڕوودەدات، لە ئەدەبدا ڕەنگدەداتەوە. یەکێک لەو دیاردانەش، کەوا بەرۆکی مرۆڤ دەگرێت، نامۆییە. مرۆڤ لە ژیانیدا تووشی ئەم نامۆییە دەبێت، بەڵام بە پلە و ڕێژەی جیاواز، ((بەهۆی جیاوازیان لە پیشە و ئاستی خوێندن و ئەو پاڵەپەستۆ دەروونی و ئابووریيانەی تاک تێیدا دەژی، هەروەها پێکهاتەی بایۆلۆژی و دەروونی و تەندروستیی دەروونی تاک.))(الزعبی،٢٠٠٢: ٤٣٦) کەسی نامۆ، کەسێکە لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە لە دۆخێکی ئاساییدا ناژی، تێڕوانینی بۆ ژیان بە جۆرێکە جیایە لە تێڕوانینی کۆمەڵگەکەی، کەسێکی دوورەپەرێزە و هەمیشە بە گومانە لە ناسنامەی خۆی، لە تێکەڵاوبوون و پەیوەندیی بەستن لەگەڵ دەوروبەری خۆی لە پاشەکشێ دایە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەقە ئەدەبییە کۆنەکان و بەدوای چەمکی نامۆییدا بگەڕێین، ئەوا کۆمەڵێک دەقمان دەستدەکەوێت، کەوا نامۆیی تێیدا ڕەنگیداوەتەوە. لە یۆنانی کۆندا لە سەدەی پێنجەمی (پ.ز) سۆفۆکلیس شانۆنامەی (ئۆدیب پاشا)ی پێشکەش کرد، کارەکتەری سەرەکیی ئەم

شـانۆنامەیە (ئۆدیـب)ە، کە کـارەکتەرێکی نـامۆیە. ئەگەرچـی بـاوکی ئۆدیـب لە لایەن خواوەنـد ئاگـادار دەکـرێتەوە، کە منـداڵی نەبێت، چـونکە دەبێتـە هـۆی شـەڕ و ئاشـووب و بەدبەختـی و نەهامەتی ڕووی تێدەکات. (ئۆدیب) هەر لە سەرەتای لەدایکبوونییەوە فڕێدەدرێت. دواتر کاتێک دەگەڕێتەوە بـۆ وڵاتەکەی و بـاوکی خـۆی دەکوژێـت و دایکـی خـۆی مـارە دەکـات. کـاتێکیش ڕاستیی ڕووداوەکەی بۆ دەردەکەوێت، وەک کەسێکی نـامۆ بە دەوروبەرەکەی، چـاوی خـۆی کوێر دەکات، بۆ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی بەو دەوروبەرەی نەمێنێت، کە وەکو زنجیر کراوەتە ملـی و ئـازادی لـێ زەوتکـردووە. سـۆفۆکلیس لەم شـانۆگەرییەدا وێـنەی کـارەکتەرێکی تەواو نامۆمـان بـۆ دەکێشـێت. کارەکتەرێک ئامـادەیە لەنێو ئەو ئـازارە جەستەییەدا بتلێتەوە لەپێنـاو ئاسوودەیی دەروونی.

دانتی(١٢٦٥-١٣٢١)ی ئیتاڵی کە یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، خـاوەنی شـاکارێکی مەزنە بەنـاوی (کۆمیدیای یەزدانـی)، کە نمـوونەیەکی دیـار و بەرچـاوە بـۆ نـامۆیی. کۆمیدیای یەزدانـی لە سـێ بەش پێکدێت: (دۆزەخ – بەرزەخ – بەهەشـت). پـاڵەوانی سـەرەکیی ئەم داستانە شیعرییە، (دانتی) خۆیەتی. لە گەشتێکی یەک هەفتەیی بۆ ئەو دونیا، لە دارستانێکی پڕ لە تاوان ڕێی لێ ون دەبێت. دانتی لەو بەرهەمەیدا ڕەخنە لە پیاوانی ئایینی و کڵێسا دەگرێت و بە سەرچاوەی خراپەکارییان دادەنێت. دۆزەخی بۆ پاپاکان داناوە، بەهۆی ئەو تـاوانە زۆرەی لە دونیادا ئەنجامیان داوە، بەهۆی خراپ بەڕێوەبردنی وڵات لە لایەن پیاوانی ئایینی و کڵێساوە. دانتی کەسێکی نامۆیە بە دەسەڵات و دژی دەزگاکانی بەڕێوەبردنی وڵات بووە.

ولـیەم شکسـپیر(١٥٦٤-١٦١٦) شـاعیر و شانۆنووسـی دیـاری ئینگلیـز، خـاوەنی دەیـان دەقـی شـانۆییە، یەکێـک لە شـانۆنامە بەناوبانگەکەی(هاملێـت)ە. ((شکسـپیر لە (هاملێـت)دا کەسـێکی نـامۆیە، پـاڵەوانەکە هەسـتێکی تەواوی نـامۆبوون بەسـەریدا زاڵە کاتێـک سـەیری دەروونـی هاوڕێکـانی دەکـات و ئەو کـۆمەڵگەیەی تێیـدا دەژییـت، بە هەمـوو ڕەتکـردنەوە و ناخۆشـی و قێزەوە. شکسـپیر دیسـان نـامۆیە کاتێک لە نـاو دڵـی کـۆمەڵگەی ئینگلیـزی بە زەحـمەت ڕێگـا دەبڕێــت، لە "هاملێــت"دا وێــنەی کەســێتیی نــامۆ دەکێشــێت بەرانــبەر هەمــوو شــتەکانی دەوروبەری.))(یوسف،٢٠٠٤: ٩٦)

گۆتە(١٧٤٩-١٨٣٢) شاعیر و نووسەر و فەیلەسووفێکی ئەڵمانییە، لە بواری شیعر و پەخشـان و درامـادا بەرهەمـی هەیە. گـۆتە یەکـێکە لە دیـارترین ئەدیبـانی جیهـان، کە لە بەرهەمەکانیـدا نـامۆیی ڕەنگـی داوەتەوە. (ئازارەکـانی ڤـارتەری لاو) یەکـێکە لەو شـاکارە مەزنـانەی، کە بـۆ چەنـدین زمـانی جیهـان وەرگێـڕدراوە. جـگە لەم بەرهەمە، لە (شــانۆنامەی گەردەلـول)دا کە

(گـۆتز)ی قارەمـان هـاواری نـاڕەزایی لێهەڵدەسـتێت یـان لە شانۆی(فاوسـت)دا، کە لەوپەڕی نامۆبووندا دەژییت. (سالار،٢٠٠٥: ١١)

فـرانتس کافکـا(١٨٨٣-١٩٢٤)ی چیکـی یەکـێکە لە نووسـەرە دیارەکـانی سـەدەی بیسـتەم، کۆمەڵێک بەرهەمـی هەن، لەوانە (مسـخ – دادگـای – نـامە بـۆ بـاوک – یاداشـتەکان – نـامە بـۆ میلینا). دڵڕەقی و توند و تیژی باوکی کاریگەرییەکی زۆری بەسەر کەسێتیی کافکا هەبووە و هەمیشـە لە تـرس و دڵەڕاوکێـدا ژیـاوە. کەسـێکی نـامۆ بـووە و لە ڕووی پەیوەنـدیی کـۆمەڵایەتییەوە دوورەپەرێـز بـووە. بـارێکی دەروونـی شـێواوی هەبـووە، ئەمەش وایکـردووە تووشـی خەمـۆکییەکی زۆر و دەروونپەشـێوی (سایکۆسـیس) ببێـت. هەمـوو ئەو ئـازار و مەینەتییەی بە هـۆی بـاوکییەوە تووشـی بـووە، ترسـێکی زۆری لا دروسـتکردووە و هەمیشـە لەخەیاڵیدا بووە، ئەمەش بە ڕوونی لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە. ((لە بەرهەمەکانی کافکادا هەست بە نامۆبوونی دەروونی دەکرێت و ڕۆمانەکانی زیاتر ڕەنگڕێژی بابەتی زوڵم و جەور و سـتەمیان کـردووە. هەمـوو ڕۆمانەکانیشـی لە دەوری یەک بـابەت دەسـوورێنەوە ئەویـش نـامۆبوونی مرۆڤـی سـەردەمە.))(قـادر،٢٠١١: ٨٠-٨١) یەکێکـی دی لە هۆکارەکـانی نـامۆبوون لای کافکـا، بە هـیچ سـەیرکردنی ژیـان و بـێ بەهـاکردنیەتی، تەنـانەت هەمـوو ئەو بەرهەمـانەی دەستنووسن و تەواو نەکراون، بەر لە مردنی لای (ماکس برود)ی هاوڕێی وەسیەتی کردووە دوای مردنـی هەموویـان بسـووتێنێت، کە ئەمەش هەڵگـری نـامۆییەکی قـووڵە. گۆشـەگیری و دوورکەوتنەوە لە خەڵک و خۆدوورخستنەوە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەخنەگرتن لە دام و دەزگاکانی حکومەت، لەنێو بەرهەمەکانی کافکا ڕەنگیداوەتەوە. هەر بۆیە لە ((سـاڵانی کۆتـایی ژیانیـدا نزیکـی شـاری بەرلـین ژیـانی گۆشـەگیری هەڵبـژاردووە، چـونکە کافکـا لە تـاقیکردنەوە دەروونییەکانی خۆیدا گەیشتە ئەوەی، کە بێ بەشـە، شتێکی کەمە، لەگەڵ خەڵک ڕێکناکەوی، حەقیقەتی لەبەرچاو ونە.))(هیدایەت،٢٠٠٠: ١١)

ئەلبێـر کـامۆ(١٩١٣-١٩٦٠)ی فرەنسـیش یەکێکـی دیـکەیە لەو نووسـەر و ڕۆماننووسـە جیهانیانەی لە بەرهەمەکانیدا نامۆیی بەدی دەکرێت. لە ڕۆمانە بەناوبانگەکانی: (تاعون – کەوتن – نامۆ – مردنێکی دڵخۆشـانە). ئەلبێر کامۆ ((لە ڕۆمـانی "نـامۆ"دا ڕایدەگەیەنێت ژیـانی مـرۆڤ پێویست ناکات بوونی هەبێت و هیچ بڕ و بیانویەک نییە بۆ درێژە پێدانی، بەڵکو لە بێهودیی بەو لاوە هیچی تر نییە و باشتر وایە شتەکان بەبێ گۆڕانکاری دەستکاری کردن وەک خۆیـان بمێننەوە و ژیان بە جۆرێک لە ڕۆتین و دووبارە بوونەوەی بێ تام و سەرەنجام بە خۆکوشتن یان مەرگ کۆتـایی دێت.))(قادر،٢٠٠٧: ١٧-١٨) بە بۆچوونی بوونگەراییەکان ژیـان هـیچ مانـایەکی

نییە و شتێکی پڕوپووچە، ئەمەش لە نامۆبوونێکی قووڵ سەرچاوەی گرتووە. لە ئەدەبیاتی کوردیدا نامۆیی پانتاییەکی فراوانی لە نێو بەرهەمە ئەدەبییەکان داگیرکردووە. تاکی کورد بەهۆی ئەو بارودۆخە سەخت و دژوارەی بە درێژایی مێژوو پێیدا گوزەری کردووە، جەور و ستەم و دەربەدەری و هەوراز و نشێوەکانی ژیان و کوشتن و خاک داگیرکردن، هەموو ئەوانە کۆمەڵێک هۆکاری گرنگ و دیارن، وا دەکات مرۆڤ ببێتە کەسێکی نامۆ. مرۆڤ ((لەم بارودۆخە نالەبارەدا تووشی بێگانەیی دەبێت، کە بوارەکانی خۆناسین و داهێنان و سەربەستییەکەی دەگرێت و ڕێگەی نادات خۆی بکات بەو کەسەی خۆی دەیەوێت.))(عەلی،٢٠١٠: ١٢١) ئەو بارودۆخە دژوارانە وای لە نووسەر و شاعیران کردووە بە ناچاری خاک جێبهێڵن و کۆچ بکەن و لە وڵات دووربکەونەوە. ئەم ئاوارەیی و دوورییە و سۆزی گڕگرتووی ناخیان، لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە و تووشی نامۆیی کردوون. بۆیە دەبینین لە بەرهەمی شاعیر و نووسەرانی کۆن و نوێدا، ئەم نامۆییە بەرچاودەکەوێت. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کۆنترین دەقی ئەدەبی کوردی، کە دوو بەیتەکانی بابەتاهیری هەمەدانییە، دەتوانین سەرەداوەکانی ئەم نامۆییە بدۆزینەوە. چامە بەناوبانگەکەی (نالی) کە لە وڵاتی غوربەتەوە بۆ (سالم)ی ناردووە، هەستی پڕ ئازاری دووری لە وڵات و نیشتمانی دایک بۆ سالم بەیان دەکات. ئەمە جگە لەوەی لە شیعری شاعیرانی وەکو (مەحوی و حاجی قادری کۆیی و قەدری جان و هێمن و شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و عەبدوڵڵا پەشێو و حەسیب قەرەداغی و زۆرانی دیکەش) ئەم نامۆییە دیار و بەرچاوە. ڕۆمانی (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەد، کە باس لە جیاوازیی چینایەتی و گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لە لایەن دەسەڵاتداران دەکات و ڕەخنەیان لێدەگرێت، هەڵگری نامۆییەکی قووڵی کۆمەڵایەتیی و ئابوورییە. هەروەها لە ڕۆمانەکانی (حوسێن عارف و شێرزاد حەسەن و عەزیزی مەلاڕەش و بەختیار عەلی و کاروان کاکەسوور و سەڵاح عومەر) ئەم دیاردەیە ڕەنگیداوەتەوە.

### - هۆکارەکانی نامۆیی لای ڕۆماننووس (کاروان عومەر کاکەسوور)

هەروەکو لە پێشتر ئاماژەمان بەوەدا، کەوا نامۆیی دیاردەیەکی دەروونییە و ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە، ئەمەش بەهۆی کارلێککردنی مرۆڤ بە کۆمەڵێک هۆکاری خودی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری. نەگونجانی لەگەڵ دەوروبەر و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژی، ئەمەش وای لێدەکات نەتوانێت ویست و ئارەزووەکانی خۆی بەدی بهێنێت و هەست بە کەمی و پەراوێزخستن بکات لە لایەن دەوروبەری. ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی لە دەوروبەر یاخی

ببێـت و دووچــاری نــامۆیی ببێــتەوە. بەرهەمــی ئەدەبیــیش بەتــایبەتی ژانــری ڕۆمــان، وەک دەزگایەکی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵێک ڕووداو و کارەکتەری لەخۆگرتووە. دەشێت کارەکتەرێک یان زیاتر لە کارەکتەرێک گوزارشت لە نامۆیی و دەروونی نووسەر بکات. بە واتایەکی دی بەشێک لە نـامۆبوونی نووســەر لە کارەکتەرێـک یـان زیـاتر لە کارەکتەرێـک ڕەنگـدەداتەوە. (کـاروان کاکەسـوور)یش وەکـو ڕۆماننووسـێک زۆرجـار بەبـێ ئاگـایی؛ بەشـێک لەو نـامۆبوونە خـۆی خزاندووەتە نێو بەرهەمەکانی، هەروەکو خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ڕەنگە من پێشتر نەمزانی بێت نامۆ بووبم، و نەمزانی بێت ئەو شتانەی نووسیتم بابەتی نامۆیین، بەڵام کاتێک من دەبمە کەنـاڵێکی تـایبەت، خـودێکم هەیە جیـاوازە لە ئەوانـی دیکە، لێرەوە مـن لە ڕێگەی بەرکەوتنـی ئەوانــی دیــکەوە دەزانــم جۆرێـک لە نــامۆییم تێـدایە.))(دیـدەنی لەگەڵ کـاروان عـومەر کاکەسـوور، ٢٠٢١/١١/١) نووســەر لە ســەرەتاکانی تەمەنــی لاویـدا وابەسـتەی ئایـدۆلۆژیایەکی دیـاریکراوی ڕامیاری بووە، هەموو ئاواتەکانی لەسەر هەڵچنیبوو، کەچی زۆری نەخایەندووە؛ نامۆ بووە بەم ئایــدۆلۆژیایە و ڕووی کــردووەتە ئایــدۆلۆژیایەکی دی. دواجــار ڕۆمــاننووس لە هەمـــوو ئایدۆلۆژیایەک یاخی و توورە دەبێت و نامۆ دەبێت پێیان. ئەم یاخیبوونەی نووسەر سەری کێشا بۆ کۆچکردن و دوورکەوتنەوە لە وڵات. لە تاراوگە بەهـۆی بەریەککەوتنی دوو کلتوری تەواو جیـاواز، تووشــی بـارودۆخێکی دەروونــی خـراپ دەبێـت، هەروەکـو خـۆی بـاس لەو بارودۆخە دەکات: ((ئەگەر ڕاستگۆ بم لەگەڵت، کاتێک گەیشتمە ئەلمانیا، هەموو شتێک بۆ من نامۆ و نوێ بوو، کاتێک دەهاتمە دەرێ و پیاسەم دەکرد دەمگوت دەبێت من بەڕاستی دەرگام داخستبێت. لەسەر ئەو شەقامە، کە ڕێگەی پەڕینەوە دیارکرابوو، دەمگوت دەبێت پەڕینەوەکەم هەڵە نەبێت، لە ڕووی شوێنەوە ئەوەندە نامۆ بووم، جاری وا هەبووە بە چەند مانگ کەسم نەدیتوە.))(دیدەنی لەگەڵ کاروان عومەر کاکەسوور،٢٠٢١/١١/١) بەمەش نووسەر تەواوی بارودۆخ و وێستگەکانی ژیانی، بوونەتە هـۆی نووسینی کۆمەڵێک دەقی ئەدەبی (چیرۆک و ڕۆمـان)، کە زۆرجـار بـێ ئاگایـانە بەشـێک لەو بـارودۆخە سـەختەی ژیـانی، خـزاونەتە نێـو دەقەکـانی. لەم ڕێـگەیەوە توانیـویەتی بـارە دەروونیـیە پەنگخواردووەکـانی نـاخی لە ڕێـی نووسـینەکانییەوە دەرببڕێـت و خـۆی لەم فشــارە دەروونــی و کۆمەڵایەتییــانە دەربــاز بکــات. خـوێنەریش بە خوێندنەوەیەکی ورد بۆ بەرهەمەکانی، ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کەوا لە گەڵێک وێستگەی ژیـانی کارەکتەرەکــان نــامۆبوونی نووســەر دەردەکەوێــت و لەم ڕێــگەیەوە دەتوانێـت کەســایەتیی ڕۆماننووس وێنا بکات.

## - جۆرەکانی نامۆیی

بەپێی بۆچوون و تێڕوانینی توێژەران، نامۆیی بەسەر چەند جۆرێک دابەشدەبێت وەکو: (نامۆیی خودی – نامۆیی کۆمەڵایەتی – نامۆیی ئابوری – نامۆیی سۆزداری- نامۆیی تەکنەلۆژی – نامۆیی ڕۆشنبیری – نامۆیی جوگرافی)، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنیا ئاماژە بەو جۆرانەی نامۆیی دەکەین کەوا لەم ڕۆمانانەدا ڕەنگیان داوەتەوە.

## ١- نامۆبوونی خودی

ئەمەش دیارترین جۆری نامۆییە کە تووشی تاک دەبێت، کاتێک تاک لە نێو ئەو ژینگە و دەوروبەرەی تێیدا دەژی ناتوانێت ئازادانە مومارەسەی حەز و ئارەزووەکانی خۆی بکات و ئاستەنگی بۆ دروست دەکرێت. کاتێک تاک ناتوانێت پێویستییەکانی خۆی جێبەجێ بکات، ئەو حەز و ئارەزووانە لە ناخی خۆی دەچەپێنێت، بەمەش تووشی ڕەشبینی دەبێت. بۆیە لە کۆمەڵگە یاخی دەبێت و کۆمەڵگە وەک دەزگایەکی داپڵۆسێنەر دەبینێت کە ڕێگرە لە بەدیهێنانی حەز و ئارەزووەکانی، ئەمەش هۆکاری سەرەکییە بۆ سەرکوتکردنی. نامۆیی خودی دژوارترین جۆری نامۆییە و زیاتر پەیوەستە بە ناوەوەی کارەکتەرەوە، کەوا کێشە و بارە دەروونییەکانی لەگەڵ خودی خۆیدا دووچاری نامۆیی دەکەن. بەمەش تاک دەکەوێتە کێشمەکێشم و ململانێ لەگەڵ خودی خۆی و دەوروبەری. ئەمەش وا دەکات، تاک هەست بە لەدەستدانی پەیوەندی لەگەڵ خودی خۆیدا بکات. واتا ((لە خود و ناسنامە و کەسایەتی خۆی دەکەوێتە گومان و دوودڵییەوە و لەوانەیە بە چاوی سووک سەیری بکات و بڕوای بە خۆی نەمێنێت. بڕوا و متمانەی بە توانست و بیروباوەڕەکانی نەمێنێت و سەربەستی خۆی لەدەست بدات و ببێت بە پاشکۆی کەسانی تر و بە ویست و ئیرادەی ئەوان بڕوات بەڕێوە. ئەم گرفتانە زیاتر دەبێت کاتێک تاک هەست بکات کە توانا و بەهرەکانی پێشێل کراوە و بواری گەشەسەندنی بۆ نەڕەخساوە، بە چاوی سووک سەیردەکرێت و وەک مرۆڤ مامەڵەی لەتەکدا ناکرێت و بەدەستی ئەنقەست ناسنامە و کەسایەتی دەشێوێندرێت.))(قەرەچەتانی،١٩٩٩: ٥٤-٥٥)

لە ڕۆمانی (ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)دا، دەبینین نامۆیی خودی لە ژیانی چەندین کارەکتەری نێو ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، وەکو (دلاوەر) و (ئومێد)ی کوڕی، کە هەردووکیان کارەکتەری سەرەکین. (ئومێد) بەهۆی سەرکێشییەوە ڕووبەڕووی کێشە و گرفت لەگەڵ باوکی دەبێتەوە و لە ماڵ دەردەکرێت. تووشی بارودۆخێکی دەروونیی خراپ دەبێت. هەست بە تەنیایی و نامۆییەکی زۆر دەکات. **((هەر جارێ ناوی بێنن، چ لە گەڕەک و چ لە**

**خوێندنگە، دەڵێن (ئومێد)ی کوڕی (ست ویداد دێرتی) و (مامۆستا دلاوەر بێجان)، بەڵام لەمڕۆوە ئەو دوو ناوە درێژەی لێ دەبێتەوە. ئیدی نە بە دایکوباوکی خۆیانیان دەزانێت و نە بیریشیان لێ دەکاتەوە. بڕیاری داوە نەک گەڕەکەکە، بەڵکو شارەکەیش جێ بهێڵێت و تاکو ژیانی ماوە بۆی ناگەڕێتەوە.))**(کاکەسوور،٢٠١٥: ١٨٧) (ئومێد) بەهۆی کێشەی لەگەڵ دایک و باوکی، وەکو کارەکتەرێکی نامۆ دەردەکەوێت. جگە لەمەش بەدی نەهاتنی ئاواتەکەی و گەیشتن بە (ڤیڤیان) بارودۆخێکی دیکەی سەختە، کە بە سەریدا دێت و وای لێدەکات زیاتر نامۆ بێت، چونکە دەزانێت گەیشتن بە (ڤیڤیان) لە ژیانی واقعیدا بە ئاسانی بۆی دەستەبەر نابێت. (ئومێد) لە نێو ئەو شلەژانە دەروونییە و برینەکانی جەستەیدا، لە نێو خەیاڵەکانی ڕۆچووە، لەم کاتە سەختەدا (ڤیڤیان) دەبێتە فریادڕەسی و وای لێدەکات زیاتر بە بڕیاری سەر هەڵگرتنەکەیدا بچێتەوە. ((**بۆچی ئەو هەموو کاتە هەوڵی داوە لێی نزیک ببێتەوە و بیدوێنێت، ئەم هەر بە لاوەی ناوە، کەچی ئەمڕۆ دوای ئەوەی بە ڕیسوایی و تێکشکاوی لە ماڵ دەردەکرێت و خوێنی لێ دەچۆڕێتەوە، ئینجا دێتە لای، تاکو پەنجەکانی بگوشێت و ئەو ملپێچە ڕەشەی بداتێ؟**))(کاکەسوور،: ١٨٧) ئەو ملپێچە ڕەشە دەبێتە مۆتەکەیەک لای (ئومێد) و لە ملی نابێتەوە. تەنانەت لە خەونیشیدا؛ خەونی ناخۆش و ترسناکی پێوە دەبینێت. ((**خەونەکانیشی ترسناکن، بەوەی لە کۆتاییاندا بەو ملپێچە هەڵدەواسرێت و لەگەڵ هاواری خۆیدا بە ئاگا دێتەوە. دەشێ شوێنەکە گۆڕانی بەسەردا بێت، بەڵام ملپێچەکە هەمان ملپێچە، کەلە شێوەی کونەپەپوو چنراوە. یان بە ستوونی ئیلیکتریکەوە شۆڕ کراوەتەوە، یان بە لقی درەختی بەرزەوە.**))(کاکەسوور،٢٠١٥: ١٨٨) ئەمە هەر چارەنووسی ئەو نەبوو بە تەنیا، باوکیشی پێشووتر بە ڕیبەنی سووری ملی، گرفتاری هەمان چارەنووس بووەتەوە و دووچاری نامۆیی بووە.

کارەکتەری (ست ڕافۆن) لە ڕۆمانی ڕێگەکانی ژەهردا، کارەکتەرێکی نامۆیە بە هۆی ئەوەی تەنیا دەژی و دوورە پەرێز و گۆشەگیرە. خۆی لە دەوروبەر بە دوور دەگرێت و تێکەڵیان نابێت. تەنانەت دراوسێکانیش هیچی لە بارەیەوە نازانن. لەم گەڕەکەدا، تەنیا هاموشۆی ئارایشتگای (ست سۆزان) دەکات، بۆ برینی قژی. ئەگەرچی (ست سۆزان) زۆر لێی نزیکە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە زانیاریی لە بارەیەوە هەبێت. ((**ماوەیەک هەوڵم دا لە ڕێگەی دەراوسێکانیەوە هەندێک زانیاریی لەبارەیەوە کۆ بکەمەوە، بەڵام ئەوەی دەستم کەوت مایەی نائومێدی بوو، بەوەی بۆم دەرکەوت ئەو نەک هەر پێوەندیی لەگەڵ هیچ یەکێ لە دانیشتووانی گەڕەک نییە، بەڵکوو کاتێ بە لای ئەوانەیشدا تێدەپەڕێت، کە تەنیا دیوارێک ماڵەکانیان جیا دەکاتەوە، سەری هەڵنابڕێت، نەوەکا چاوی بە چاویان بکەوێت و دوور لە خواستی خۆی بزەیەک لەسەر لێوی بڕوێت. نابێت لێرەدا ئاماژە بە خاڵێکی دی نەدەم، ئەویش ئەوەیە، ئەوان**

**سـەرەڕای ئەوەی خەفەتیـان لەو هەڵسـوکەوتانەی دەخـوارد، کەچـی هێشـتا بە کەسـێکی مرومۆچیان نەدەزانی، بەڵکوو تێیاندا هەبوو وەک من ئاواتی دەخواست ڕۆژێک بتوانێت بانگی بکات و لە باخەکەیـان چـایەک پێکەوە بخۆنەوە. هەنـدێکیان ئێرەییـان بە مـن دەبـرد، کە لەو سـاڵۆنەدا دەمبینـی و قـژیم بـۆ دەبـڕی.))**(کاکەسـوور،٢٠١٧: ١٥) (سـت رافـۆن) بە هـۆی ئەو دوورەپەرێزی و بێدەنگییەی لەگەڵ دەوروبەری، شارێکی بە خۆوە سەرسام کردووە. تەنانەت شـووی بە پیـاوێکی دەرەوەی شـارەکەی خـۆی کـردووە. ئەو نـامۆیی و گۆشـەگیرییەی (سـت ڕافۆن) هیی ناوەوەی خۆیەتی. بەوەدا لە ناوەوەی خۆیدا گرفتی زۆرە و گرفتەکانیشـی ئـاڵۆزن، توانـای کـردنەوەی گرێکـانی ناخیشـی نیـیە، بەهـۆی ئەوەی بەشـێکی زۆری نـاوەوە نادیـارە. ئەمەش وا دەکات خود نەتوانێت بەسـەریاندا زاڵ بێت. ئەمەش لە سیمایدا دەردەکەوێت و وای لێدەکات لەگەڵ دەوروبەری نامۆ دەربکەوێت. هەتا چوار وەرزەش جلی ڕەش دەپۆشـێت. تـاکە هۆکـارێکیش ئەوە بـووە، نەیویسـتووە لەگەڵ هـیچ کەسـێکی نزیکـی خـۆی پەیوەنـدیی هەبێت. ئەگەرچی پیاوەکەی بەپێچەوانەی ئەو، کەسێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام کاتێک بە جووتە بە ڕێگەدا دەڕۆن هەمان سیفەتی ئەو هەڵدەگرێت و لەگەڵ کەس نادوێت. تەنانەت سڵاوی کەسـیش وەڵام نـاداتەوە. هـیچ کـاتێکیش ئامـادە نییە وەڵامـی ئەو پرسـیارانە بداتەوە کە تـایبەتە بە بێدەنگی و ژیـانی تـایبەتیی ئەوەوە. **((خۆ کـاتێ یەکێ لەبـارەی ئەوەوە پرسـیاری لـێ بکـات، وای پێشـان دەدات گـوێی لـێ نەبـووە، یـان دەڵێت وا چـاکترە ئەو پرسـیارە لە خـۆی بـکەن، هەتـا ئەگەر پرسیارەکە شتێکی زۆر ئاساییش بێت. کاتێکیش یەکێک بڵێت:**

**ـ ئینجا خۆ ئەو قسە لەگەڵ کەس ناکات.**

**ئەم سەری با دەدات و دەڵێت:**

**ـ وا نییە، دە ئاخر وا نییە، بەڵام ئێوە نازانن بیدوێنن.**

**دوای ئەوە دەمی دادەخات و یەک وشەی دیکە لە بارەیەوە نادرکێنێت.))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ١٧-١٨)

بە گشـتی (سـت ڕافـۆن) ئەگەرچـی پەیوەنـدیی لەگەڵ دەوروبەری دەبەسـتێت، بەڵام گفتوگۆیـان لەگەڵـدا ناکـات. ئەمەش وامـان لێـدەکات بڵێین ئەم کـارەکتەرە بە جۆرێـک لە جۆرەکـان گرفتـی لەگەڵ ئەو تێگەیشتنە هەیە، کەوا لە دەوروبەریدا هەن.

(ئەرڤارد)ی کارەکتەری سـەرەکی لەم ڕۆمانەدا، کارەکتەرێکی نامۆیە. دوای خۆکوشتنی دایکی و ژەهـر خـواردکردنی (نەرمـین)ی خێزانـی، لە شـوێنێکی هەژارنشـین بەتەنیـا لەگەڵ سـەگێکدا دەژیت و تێکەڵی کەس نابێت. **((دانیشتووانی ئەم شارە، بە تایبەتی ئەوانەی حەزیان لەوەیە بە**

**نهێنیی خەڵک بزانن، مەبەستیانە لێی نزیک ببنەوە، بەڵام ئەم هەوڵی زۆر دەدا نەهێڵێت بێنە ناو ژیانیەوە. گەورە و بچووک کاتێ دەیبینن، بە ئاکسێنتی کوردی پێی دەڵێن:**

**- هەلەو، مستەر.**

**ئەمە بە هەر کەسێک دەگوترێت، کە خەڵکی ئەم وڵاتە نییە و شێوەی لە هیی ئەوان ناچێت. ئەم وەڵامیان نەداتەوە. بە کورتی نایەوێت سەگی فەرمی لە ڕێگەی ئەوانەوەپێی بزانێت و بیدۆزێتەوە.))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ٢٢٠) تەنانەت (نەرمین)ی خێزانی، کە لە خانەوادەیەکی کۆمەڵایەتیی لەدایکبووە و ژیاوە، کاتێک ئەم پیاوەی هەڵبژاردووە، کەوتۆتە ژیانێکی تەنیایی و پەیوەندیی لەگەڵ خزم و کەسەکانی پچڕاوە. (نەرمین) وەک ئەوەی لە ئاسمان بۆی دابەزیبێت، بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو هاتە ناو دونیا چۆڵەکەی (ئەرڤارد). **((ناهەقی نییە هەمیشە وای زانیبێت ژیانی ڕاستەقینەی لەگەڵ ئەو پیاوە بەنەفرەتکراوەدا دەست پێ کردووە. ڕاستە وەک ئەوە وا بووە لە مەنفادا بژی و پێوەندیی بە کەسە نزیکەکانیشیەوە بپچڕێت، کە ئەمە هەرگیز ئاسان نییە ژنێک بەردەوام دەوری بە هاوڕێ و دەستەخوشک تەنرابێت و لەناکاو ژیانی تەنیایی و گۆشەگیری هەڵبژێرێت، بەڵام لەو ڕێگەیە چاکتری نەدۆزیوەتەوە، ئەشکەنجەی خۆی پێ بدات.))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ٢٢٤) (ئەرڤارد) هەر لە منداڵییەوە لای خەڵک نامۆ بوو، ئێسک قورس و ڕەزا گران بوو! بێ ئەوەی هۆکارێک بۆ ئەوە هەبێت. **((خەڵک گەیشتوونەتە ئەوەی بڵێن هەر ئەویش ژەهری بۆ باوکی کردووەتە خواردنەوە و کوشتوویەتی، گوایە لەو دەشتەدا چەند دووپشکێکی گرتووە و خستوونیەتە چێشتەکەیەوە، کە ئەمە بە هەموو مانایەک ناخۆشە. باشە، ئەو قسەیە بۆ دەکەن؟ ئایا ڕێی تێ دەچێت منداڵێک تەمەنی لە هەشت ساڵ زیاتر نییە، باوکی ژەهرخوارد بکات؟ ئەو دووپشکانەی چۆن بۆ گیراون؟ ئەرێ ژەهری ئەو دەعبایە بەم شێوەیە کاریگەریی دەمێنێت؟ بەڵام چی پاڵی پێوە دەنێت دەست بۆ کارێکی هێندە ترسناک ببات؟ ڕۆژێکیان لە خۆی دەپرسێت ئاخۆ ئەو خوێنتاڵییەی پێوەندیی بە ناوەکەیەوە نییە، کە هەندێک سەیر دێتە گوێچکەوە. هەر خێرا بۆ (هاوار)ی دەگۆڕێت، بەو هیوایەی ئەمە چارەسەر بێت، بەڵام مەحاڵە تازە بە هیچ ناوێکی دی بانگ بکرێت، بەڵکو هەر (ئەرڤاد بێشەرەف)ە.))**(کاکەسوور، ٢٠١٧: ٢٣٥) ئەمەش هەمیشە ترسی لای دایکی دروستکردووە، ترس لە ئایندەی کوڕەکەی. منداڵانی گەڕەک یاری لەگەڵدا ناکەن و ڕقیان لێیەتی. هەموو ئەمانە وای لێدەکەن لە دەوروبەر داببڕێت و ژیانی تەنیایی و گۆشەگیری هەڵبژێرێت. تەمەنی ئێستا وا لە هەشتا ساڵ نزیک دەبێتەوە، کەچی تەنیا سەگەکەی؛ (چیکۆ)، هاودەمیەتی.

له ڕۆمـانی (مۆزەخـانەی کـوڕەقژدرێژ)دا، کـارەکتەری سـەرەکیی ڕۆمـانەکە، کـارەکتەرێکی نـامۆیە. خـوێنەر لە میـانەی خوێنـدنەوەی بـۆ ئەم ڕۆمـانە هەر زوو درک بە نـامۆیی کـارەکتەر دەکـات بەهـۆی نـاوەکەی و ئەو ڕەفتـارانەی دایـک و بـاوکی دەرهەقـی ئەنجـامی دەدەن. لەگەڵ ئەوەی ئەم کـارەکتەرە تاقـانەی مـاڵە، بەڵام وەک تاقـانەیەکی نـازدار و نازپێدراو نییە. بە هـۆی سەرقاڵی دایک و باوکی بە کار و پیشەی خۆیانەوە، ئەو هەمیشـە لە مـاڵ تەنیـایە، ئەمەش وای کـردووە وەک کـارەکتەرێکی نـامۆ دەربکەوێـت. **((کـوڕەقژدرێژ وا ڕاهـاتووە کـاتێ بـۆ مـاڵ بگەڕێتەوە، کلیل لە گیرفانی دەربهێنێت و لە پێشدا دەرگەی حەوشە و دواتر دەرگەی ژوورەوە بکاتەوە. خۆی لە ماڵێکی چۆڵ و ئارامدا دەبینێتەوە، کە جگە لە چکەچکی کاتژمێر، هیچی دی نابیستێت. ئینجا قۆری دەخاتە سەر ئاگر و چا، یان نێسکافە لێ دەنێت، بۆ ئـەوەی بـە دەم گوێگرتن لە گۆرانییەکی ئارام و خوێندنەوەی کتێبێکدا دەمی تەڕ بکات. بـەوەدا لـە منداڵییـەوە دایکی فێری زمانی ئینگلیزیی کردووە، ئەوە زۆر لەو چیرۆکانە دەخوێنێتەوە، کە لە کتێبدانەکە دانراون.))(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٤-١٥)** لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت (کوڕەقژدرێژ) لەو ژینگەیەی تێیدا دەژیت، کە ماڵەوەیە، وەکو تاکێک ناژیت کەوا لە خێزانێک بێت دەوروبەری خوشک و برا و دایـک و بـاوکی بێـت، هەمیشـە خـۆی بە تەنیـا دەبینێـت و ئەوەش وای لێـدەکات لە کاروبـاری ڕۆژانەی و بـۆ پڕکـردنەوەی پێویسـتییەکانی خـۆی تەنیـا پشـت بە خـۆی ببەسـتێت. ئەم ژیـانە تەنیـایییەی ڕۆژانە دووبـارە دەبێتەوە، هەر بـۆیە کاتێـک بەرکەوتەی لەگەڵ دیمەنێکی جیـاوازدا دەبێت، دەکەوێتە بـارودۆخێکی تەواوی نـامۆییەوە. وەگێڕ ئەوەمـان بە ڕوونـی بۆ دەگێڕێتەوە. **((ئەو ڕۆژەی دەگەڕێتەوە ماڵ و باوکی زۆر بە کزی دەبینێت، نـەخێر، لـە پێشـدا ئۆتۆمۆبێلـە نایابەکەی لە گەراژدا دەکەوێتە بەرچاو. بە سویتێکی ڕەش و کراسێکی سپییەوە لەسەر تاکێک قەنەفەی ژووری میوان دانیشتووە. بەردەوام پەنجەکانی لە لێوی گیر دەکـات و ڕایدەکێشـێت. ئـــاخی قـــووڵ هەڵدەکێشـــێت و لـــە بەرخۆیـــەوە شـــتی سەیروســـەمەرە دەڵێت.))(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٤)** لەو کاتەدا (کوڕەقژدرێژ) دیمەنێکی نامۆ دەبینێت، کە پێشـتر لە ماڵەکەیـدا بەدی نەکـردووە. کـات سـێی دوای نیـوەڕۆیە، بـاوکی لە مـاڵ دەبینێـت. لە درێـژەی گێڕانەوەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کەوا هاتنەوەی باوکی لەو کاتەدا بە مەبەست بووە، بۆ ئەوەی وەسیەتی کوڕەکەی بکات و بە شـەش ئامۆژگـاری، ئامۆژگـاری کوڕەکەی بکات. سەرکێشـی و یاخیبوونی (کوڕەقژدرێژ) دەرفەتی بۆ باوکی نەڕەخساند بۆ ئەوەی ئامۆژگارییەکـانی بە گوێیدا بـدرکێنێت و ئامـادە نەبـوو گـوێی لـێ بگرێـت. بـاوکی (کـوڕەقژدرێژ) لەو سـاتەدا لە بـارێکی دەروونی خراپدا دەژیت، نازانێت چ ڕێگەیەک بگرێتە بەر تـا لەم دەرفەتە کەمەدا شـتێکی گرنـگ بە کوڕەکەی بڵێت، تا لە دواییدا بە دەم پاڕانەوە بە کوڕەکەی دەڵێت: **(( تۆ سامانێکی زۆرت بۆ**

**دەمێنێتەوە، کە هەمووییم لەم دەفتەرەدا بۆ نووسیویت و دانەیەکیشم داوەتە پارێزەرەکەم. بەکورتی لەمڕۆوو تۆ خاوەنی هەموو سامانەکەیت.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٨) نامۆبوونی (کوڕەقژدرێژ) بە ڕەفتارەکانی باوکی و کۆکردنەوەی سامانەکەی هۆکاربوو بۆ ئەوە گوێڕایەڵی نەبێت. تاکە ئامۆژگاری و گرنگترین ئامۆژگاری بۆ کوڕەکەی، ئەوەبوو کوڕەکەی وەک خۆی ببێتە بازرگانێکی بەناوبانگ و کەلوپەلی دڵخوازی خەڵک بهێنێتە بازاڕ و پێچەوانەی ئەوە نەکات، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە سامانە زۆرەکەی بکات و لێی سوودمەند بێت. (کوڕەقژدرێژ) نامۆ بوو بە سامانە زۆرەکەی باوکی و بە هی خۆی نەدەزانی، هەستی دەکرد کەوا سامانە زۆرەکەی باوکی هۆکاری سەرەکیی نامۆ بوونەکەی بووە و وای کردووە لە سۆزی دایک و باوکی بێبەش بێت. نامۆبوونی کارەکتەری سەرەکی، نامۆبوونی ناوەوەی خۆیەتی. هەموو هەوڵێکی ئەوە بوو لە ڕێی لەناوبردنی سامانە زۆرەکەی باوکی جارێکی دی هەوڵی دۆزینەوە و دامەزراندنی خۆی بدات، بۆئەوەی لەو نامۆییە خۆی ڕزگاربکات و بە دیدگایەکی دی بڕوانێتە ژیان و بە شێوازی خۆی سامان کۆبکاتەوە، نەک ئەوەی هیی خۆی نییە و باوکی بۆی دامەزراندووە. کارەکتەری سەرەکی لە لەناوبردنی سامانەکەی باوکی، ئاستەنگێکی زۆری هاتە بەردەم، بەهۆی ئەو ڕەفتارە نامۆیانەی گرتوونیە بەر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نامۆبوونەی خۆی خۆشدەوێت و بە هی خۆی دەزانێت و چێژی لێوەردەگرێت. ئەگەرچی بەهۆی ئەو ڕەفتارانە زۆربەی تەمەنی لە بەندیخانە بەسەربردووە. بۆیە هەمیشە خۆزگەی ئەوەی دەخواست کە ڕێگەی بە باوکی بدابا، تا پێنج ئامۆژگارییەکەی دیکەی بە گوێیدا چرپاندبا تا ڕێگەکەی بەردەمی ئاسانتر بووایە بۆ تێکشکاندنی ئەو ڕابردووە ساختەیەی کە بە هیی خۆی نەدەزانی. کاتێکیش سامانەکەی باوکی لەناو دەبات، هەست بە ئاسوودەییەکی زۆر دەکات. وەگێڕی هەمووشتزان دیمەنی ئەو کاتەمان بۆ دەگوازێتەوە. **((ئێستا کاتێ بە شەقامەکاندا دەڕوات، هەست دەکات تازە هاتووەتە دنیاوە، چونکە قورسترین ئەرکی مێژوویی بەجێ هێناوە و بە ئامانجەکەی گەیشتووە. بۆی دەرکەوتووە دایک و باوک هەمیشە ئەرکی ڕۆڵەکانیان قورس دەکەن. ئەوەتا دوای شەست ساڵ ئینجا توانیی ئەوە چاک بکات، کە ئەوان تێکیان دابوو.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٨٧) بێگومان ئەم نامۆبوونەشی هی ناوەوەی خۆیەتی و بە هۆشیاریی و بەوپەڕی ئازادییەوە ئەنجامی دەدات و گرتن و بەندیخانەش ناتوانن لەو خەونەی دووربخەنەوە. دەیەوێت ئێستا و ئایندەی خۆی، خۆی دروستی بکات و ئامادەکراو نەبێت.

کارەکتەری سەرەکیی (کوڕمان) لە ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان)دا دەکەوێتە بارێکی نامۆیی خودییەوە بە هۆی ئەو بارودۆخە دژوارانەی بۆی دروست بووە. لە لایەک خەریکی سیاسەتە، بەڵام بە هۆی دەستگیرکردنی بەشێک لە هاوڕێکانی، گومانەکان لەسەری زیاد دەبن

و وای بۆ دەچن (کورمان) لە ژێرەوە لەگەڵ دەسەڵات بێت و سیخوڕی بەسەر هاوڕێکانییەوە کردبێت. لە لایەکی دی بە هۆی ڕاکردنی لە مەشقی هاوینەی سەربازی و مل نەدان بۆ دەسەڵات، لە لایەن دەسەڵاتەوە سیخوڕی بۆ دادەنرێت. هەفتانە لە ئەمن بانگ دەکرێت و لێپرسینەوەی لە بارەی کۆمەڵێک بابەت لەگەڵ دەکرێت. دوای ئەمەش داوای لێ دەکرێت هەر جارە و لەسەر بابەتێکی هەستیار ڕاپۆرتێک بنووسێت. کاتێکیش لەگەڵ (ڤیان) هاوسەرگیری دەکات، هەمیشە لە لایەن خەسووی ئاگادار دەکرێتەوە کە بە لای سیاسەتدا نەچێت و خۆی و کچەکەی نەخاتە بارودۆخێکی ترسناکەوە. ئەویش بۆ ئەوەی ڕەزامەندیی خەسووی بەدەست بهێنێت، لە هاوڕێکانی دووردەکەوێتەوە. ئەمەش دەیخاتە بارێکی تەنیایی و گۆشەگیرییەوە. **((ئینجا تۆ لە بەرانبەر ڕەزامەندیی ئەودا نەک هەر وازت لە سیاسەت هێناوە، بەڵکوو پێوەندیت لەگەڵ سەرجەم ئەو هاوڕێیانەیشت بڕیوە، کە لەو بوارەدا کار دەکەن. ڕاستە ئەوەی گوتوویەتی، ڕێک وایە و ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی وایان کردووە تا ئەو ڕادەیە هەست بە تەنیایی و غوربەت بکەیت.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٠٠) (کورمان) بە هۆی ئەو فشارە دەروونییانەی دەوروبەری، هەست دەکات لەو ژینگەیەی تێیدا دەژیت بە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی سیاسییەوە؛ بوونیان بە تەواوی داگیرکردووە. بۆیە کەوتووەتە بارێکی نائومێدی و ڕەشبینییەوە. ئەمەش وای لێدەکات هەمیشە لە بەرانبەر دەوروبەرەکەیدا دەمامک بپۆشێت و نەتوانێت خودی خۆی بێت. هەروەکو (ئیریک فرۆم) پێی وایە، کەوا ((لەم بارودۆخەدا مرۆڤ پەیوەندی لەگەڵ بوونی ڕاستەقینەی خۆیدا لە دەست دەدات و بە پێی حاڵەت و ڕۆژگار هەر جارەی دەمامکێک دەپۆشێت و ناتوانێت خودی خۆی بێت.))(سەعدوون،٢٠١٥: ٥٠٧) (کورمان) کارەکتەرێکی هۆشیار و بە ئاگایە، وەکو تاکێک هەست بە نیگەرانیی و ڕاڕایی دەکات لە ئایندەی خۆی. بۆیە دەکەوێتە بارێکی تەنیا و تەنانەت لەگەڵ خودی خۆشیدا هەست بە لەدەستدانی ئەو پەیوەندییە دەکات.

## ٢- نامۆبوونی کۆمەڵایەتی

لە سادەترین پێناسەی ئەم جۆرە نامۆییە ئەوەیە کەوا تاک ناتوانێت لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی خۆی بگونجێت کە تێیدا دەژییت، ئەمەش لە ئاکامی ئەو جیاوازییانەی کۆمەڵگە لە نێو چین و توێژەکانی دروستدەکات. بەو واتایەی ((کۆمەڵگە لە بری ئەوەی هۆکارێک بێت بۆ دروستبوونی گیانی ململانێ لە نێو تاکەکان و هەوڵدان بۆ داهێنان، دەنگی هەر تاکێک دەخنکێنێت، واتە تاک ناتوانێت بەو شێوەیە بژیت کە خۆی دەیەوێت، بەڵکو دەبێت وا بژیت کە کۆمەڵگەکەی

دەیخوازێت.))(قادر،٢٠١١: ٣٥) ئەم جۆرە نامۆییە لای بیرمەندان بە ئاڵۆزترین جۆرەکانی نامۆیی ئەژماردەکرێت، کە تیایدا مرۆڤ لە ئەنجامی دوورەپەرێزی لە ژینگە و دەوروبەری، تووشی گۆشەگیری دەبێت. ئەمەش ((دەبێتە هۆی لەدەستدانی هۆشیاری لای تاک هەروەک چۆن لە حاڵەتەکانی پەرکەم و خوگرتن بە مەیەوە ڕوودەدات کاتێک کەسەکە عەقڵ و مێشکی پەرش و بڵاو دەبێتەوە و وەک شێتی لێدێت.))(قادر،٢٠٠٧: ٢٥) ئەمەش کاردەکاتە سەر دەروونی تاک و لە ڕەفتارەکانیدا ڕەنگدەداتەوە.

لە ڕۆمانی (ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)دا ئەم جۆرە نامۆییە ڕەنگیداوەتەوە. نامۆیی کۆمەڵایەتی لە خانەوادەی (مامۆستا دلاوەر) و (ست ویداد) لە باوانەوە بۆیان ماوەتەوە. لە چەند شوێنێکی نێو ڕۆمانەکەدا ئەم جۆرە نامۆییە بەرچاودەکەوێت. (دلاوەر بێجان) بەهۆی ڕیبەنە سوورەکەی ملی، کە یادگارییەکی کۆنە و بۆی جێماوە و دەستی لێ هەڵناگرێت. بەهۆی ئەمەوە بووە بە کەسێکی نامۆ بە دەوروبەر و چ لە گەڕەک و چ لە قوتابخانە ڕووبەڕووی تانە و توانج بووەتەوە. لەسەر ئەم ڕیبەنەش تووشی چەندین گرفت و لێدان و سووکایەتی پێکردن بووەتەوە، چەند جارێکیش لە لایەن دەزگا ئەمنیەکانە گیراوە و ئازاری جەستەیی و دەروونی دراوە. کار گەیشتووەتە ئەوەی خەریک بووە گیانی لە پێناویدا دابنێت. **((هەتا ئەم ڕیبەنە سوورە لە ملی ببەستێت، ڕۆژێکی ئاسوودە بە چاو نابینێت، کەچی ناشتوانێت فڕێی بدات، تەنانەت دەستی تێ ناچێت بە یەکێکی دیکەی بگۆڕێت. لانی کەم بە ڕەنگێکی دیکەی بێ لایەنی بگۆڕێت، کە ئەو هەموو دوژمنە سەرسەختەی نەبن. ڕەنگێکی وابێت، هێندە سەرنجیان ڕانەکێشێت و بەو ڕادەیە ڕقیان هەڵنەستێنێت. چ لە گەڕەک و چ لە خوێندنگە بووەتە مایەی گاڵتەی هەمووان.))** (کاکەسوور،٢٠١٥: ٥٦) بەهۆی ئەم ڕیبەنە سوورەی ملی، (دلاوەر) دووچاری نامۆیی دەبێت، نە کۆمەنیستەکان و نە حەرەس قەومییەکان و نە موسڵمانەکان چارەیان ناوێت. هەریەکەیان لێکدانەوەی خۆیان بۆ ئەم کارەکتەرە و ڕیبەنەکەی ملی هەیە، ئەمەش لە ڕەفتاری ئەو گەنجانە دەردەکەوێت کەوا پەلاماری دەدەن. وەگێڕ لەسەر زاری یەکێک لە گەنجەکان ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات. **((کۆمەنیزم زۆر لەوە گەورەترە تۆ گاڵتەی پێ بکەیت، زۆر کوری شیرین قەلاتێ. پێڵاوی هەر کۆمەنیستێک سەری ئەو باوکەت دەهێنێت، کە تاکو ئەو ڕۆژەی تۆپاندیان، خزمەتی ڕژێمی پاشایەتیی کۆنەپەرستی کردو دڵی ڕزیوی بۆ ئیمپریالیزم لێی دەدا، بۆیە خەیاڵ نەکەیت بەو پەتە سوورەی ملت سووک ببێت. تۆ بەم پەتە تەنیا بۆ بنەچەی خۆت گەڕاویتەوە، کە سەگە. مادام وایە با هەر بە ملتەوە بێت، تاکو هەموو دنیا بزانن سەگیت. چاک دەزانین تۆ سەگێکی خوێڕیت، بە فیتی بەعس ئەم پەتە لە مل دەبەستیت و بە کۆمەنیستەکان دەوەڕیت.))** (کاکەسوور،٢٠١٥: ٥٨) (مامۆستا دلاوەر) بە هۆکاری دیکەش دووچاری نامۆیی

کـۆمەڵایەتی بــووە، دوای ئەوەی (تەلار)ی کچیــان هەڵگــرتەوە و ناســنامەی ســاختەیان بــۆ دروستکرد. بەم هـۆیەوەش تێکەڵـی هـیچ کەسـێک نـابن، تەنـانەت هـاتووچۆی خـزم و دۆسـتە نزیکەکانی خۆیشیان ناکەن. ترسی ئەوان تەنیا لە ئاشکرابوونی ئەم کارەیە کە سـەرەنجام بۆ پەتی سێدارەیان دەبات. **((ئەگەرچی وەک گوترا ئەو ڕێبەنە سوورەی ملی (مامۆستا دلاوەر بێجان) هێندە سەرنجڕاکێشە، وای کردووە هەموو بیناسن، کە ئەمە هیچ لە بەرژەوەندیی خۆی و هاوسـەرەکەی نییە، بەڵام مەحاڵیشـە دەستبەرداری ببێت. هێندە هەیە نـاهێڵن لێیان نزیک ببـنەوە و نـاو ماڵیـان ببیـنن.))** (کاکەسوور،٢٠١٥: ٧٨) هەمـوو ئەو تەنیـایی و دووره پەرێـزییەی هەڵیان بژاردووە، تەنیا بۆ ئەوەیە هیچ کەسێک نەتوانێت زانیارییان لەسەر بزانێت. لە ترسـی پەیـــدابوونی کەســـوکاری (تەلار)، دوکـــانی (ئەڵمـــاس بەسماتی)شـــی تەرک کـــردووە، کە بەناوبانگترین و ناسراوترین شوێنی شارە. بۆ شت کڕینیش ناچێتە ئەوێ، بگرە لە دەستی بێت ئەم شوێنە بەسەر یەکتردا دەڕووخێنێت.

لە ڕۆمـانی (ڕێگەکانی ژەهـر)دا، (سـینەم)ی داپیـری (سـت سـۆزان) یەکێکە لەو ئافرەتـانەی بە هـۆی ڕەفتـارە نەشـیاو و نـامۆ بە کـۆمەڵگەکەی، وەکـو کەسـێکی نـامۆ دەردەکەوێت. هەر ئەو ڕەفتارە نامۆیانە لە کۆمەڵگەیەکی داخراوی ئەو سەردەمە، بەرەو مەرگی دەبەن. کاتێک وەگێڕ بە گەڕانەوە بـۆ ڕووداوەکـانی ڕابـردووی ژیـانی (سـت سـۆزان)، بـاس لە خـانەوادەی ئەم کارەکتەرە دەکات. ئەم خانەوادەیە قوربانی دەسەڵاتێکی نێرسالارین. ڕەدوو کەوتنی (سینەم) بە دوای پۆلیسـێکی قومـارچی و دواتـر شـووکردنی (لەرزان)ی دایکـی (سـینەم)، کە تەمەنـی تەنیـا یـازدە بەهـارە بە پیـاوێکی بازرگـان، کە چـل سـاڵ لە خـۆی گەورەتـرە. (سـینەم) کە دەنگێکـی خۆشی هەیە، ئەم دەنگە خۆشەی بە هەڵ دەزانێت تا لە ڕێیەوە پارە پەیدا بکات و بژێوی ژیانی بۆ کوڕ و نەوەکەی دابین بکات. ئەمەش دووچاری گرفتی زۆری دەکاتەوە لە کۆمەڵگەکەی بە هۆی ڕەفتارە نامۆکانی. **(( (سینەم) لە ماوەیەکی کەمدا لە سەرتاپێی شـاردا دەناسـرێت، کە بە هەرسـێ زمـانی کـوردی، عەرەبـی و تـورکی گـۆرانی دەچڕێت. یەکەم ژنە لەو دەوروبەرە لە بەردەمی پیاواندا سەما بکات و وەک سەماکەرێکی زۆر لێهاتوو هەموو جەستەی بجووڵێنێت، لە کاتێکدا جلی سوور دەپۆشێت و قژی ڕەشی لەملا و لەولاوە بەسەر سنگی پانیدا دەهێنێتە خوارێ. دەتوانێت بەو پارەیەی لە ئاهەنگ و زەماوەندەکاندا دەستی دەکەوێت، کرێی خـانوو بدات و پێداویستییەکانی ڕۆژانەیش بکڕێت. ڕۆژێکیـان دوو ئـامۆزای دێنە ئەو شـارە و لەنـاو بــازاڕدا دەیــدەنە بەر چەقــۆ، تــاکوو گیــانی دەردەچێــت.))**(کاکەسـوور،٢٠١٧: ٢٢) ئەو ڕەفتــارە نامۆیانەی (سینەم) لە کۆمەڵگەیەکی نێرسالاریدا جێی نابێتەوە، بەمەش دووچـاری پەرچەکردار

دەبێتەوە لە لایەن خانەوادەکەی. ڕۆژێک دوو لە ئامۆزاکانی دێنە ئەو شارە و خەڵتانی خوێنی دەکەن، تا لەم ڕێیەوە شەرەفی خۆیان و بنەماڵەکەیان بکڕنەوە.

هەر لەم ڕۆمانەدا بنەماڵەیەکی دیکەمان بەرچاو دەکەوێت، کەوا بنەماڵەیەکی نامۆن. ئەویش بنەماڵەی (دیدار شێرکۆ)یە. خەڵک خۆیان لەو بنەماڵەیە بەدوور دەگرن و هاتووچۆیان ناکەن. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەو یارییە سەیرە دەگەڕێتەوە، کە تەواوی بنەماڵەکەیان لە شێوەی یارییەکی سەیردا خۆیان لەناو بردووە. تەنیا (دیدار) و (هالە نبراس)ی دایکی ماون. وەگێڕ کاتێک باس لەو بنەماڵەیە دەکات، بەم شێوەیە زانیاری لە بارەیانەوە دەخاتەڕوو. **((هەموو کەسوکارەکەی لە ساڵی شەستوچوارەوە تاکوو ساڵی حەفتاوچوار لە شێوەی یاری خۆیان کوشت. باوکی دەمانچەیەک دەداتە دەست کوڕە گەورەکەی، کە تەمەنی حەوت ساڵە، گوایە ئاو لە لوولەکەیەوە دەردەچێت. پێی دەڵێت:**

**ـ بیخەرە دەممەوە و بیتەقێنە!**

**منداڵ بە دەم پێکەنینەوە پەنجەی دادەگرێت و باوک دەستبەجێ گیانی دەردەچێت. کوڕ چوار ساڵ دوای ئەوە ڕیکۆردەرێک بە سنگیەوە دەنێت و داوا لە خوشکی دەکات پەنجە بەو پلاکەی قەد دیوارەوە بنێ، بۆ ئەوەی دای بگیرسێنێت و ئەو کاسێتەی ناوی بخاتە ئیش، گوایە گۆرانییەکی خۆشی گوێ لێ دەبێت، بەڵام ڕاستییەکەی لەژێرەوە ئەم جەمسەر و ئەو جەمسەری وایەرە ڕووتەکەی بە دەستەوە گرتووە، بۆیە لە چاوتروکانێکدا گیانی دەردەچێت. سێ ساڵ تێدەپەڕێت و خوشک ژەهرێک لە تاقیگەی کیمیای قوتابخانە دەدزێت، کە وا بزانم سیانایدی پۆتاسیۆمە. سرنجێک لەو ژەهرە پڕ دەکات و لە گیرفانی دەیشارێتەوە. سرنجێکی دیکە دەهێنێت. ئەمەیان ئاوی تێدایە. بە دایکی دەڵێت دەمی بکاتەوە، بۆ ئەوەی بزانێت کاتێ ئەو ئاوە بە خوڕ بەر مەڵاشووی دەکەوێت، چۆن ختووکەی دەدات. ئەمجارەیان نۆرەی ئەو دێت. سرنجی گیرفانی دەردەهێنێت و دەیداتە دەستی. ئەم بە دەم پێکەنینەوە لە ناودەمیدا بەتاڵی دەکات و ئەو لەو حەوشەیە پەلاواژ دەبێتەوە. دایک و (دیدار) دەمێننەوە، کە ئەمەیان دوای مردنی باوکی هاتووەتە دنیاوە. چاوەڕێ دەکرێت ئەو کوڕە ڕۆژگارێک فێڵێک بدۆزێتەوە و بە دەستی دایکی خۆی بکوژێت، چونکە وای بۆ دەچن ئەمە نەخۆشییەکی پشتاوپشتە و لە باوکەوە ماوەتەوە،))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ٢٨-٢٩) تێڕوانینی خەڵکەکە بە گشتی وایە، کەوا نزیکبوونەوە لەو خانەوادەیە، چارەنووشی ئەوانیش دەخاتە مەترسییەوە. هەرچەندە (دیدار) دوای مردنی باوکی لەدایکبووە، بەڵام دواتر لە ڕێی (دیدار)ی کوڕی (کەتان ماستفرۆش)ەوە دەزانێت کەوا بۆچی خانەوادەکەی بەم گۆشەگیرییە دەژین و کەس هاتووچۆیان ناکات.

لە ڕۆمـانی (مۆزەخـانەی کـوڕەقژدرێژ)دا، ڕۆمـاننووس بە هەڵبژاردنـی نـاوی ئەم کـارەکتەرە، زەینمـان بـۆ ئەوە ڕادەکێشـێت کەوا کـارەکتەرێکی نـامۆیە. وەگێـڕ هەر لە سـەرەتای ڕۆمـانەکە کاتێک بـاس لە لەدایکبوونی ئەم کـارەکتەرە دەکات، کاتێک لەدایکدەبێت، وەکو کەسـێکی نـامۆ دەردەکەوێت و بەهۆی قژە درێژەکەیەوە دەبێتە جێی سەرنجی پزیشک و پەرستارەکان، **((کاتێ لەدایـک بـووە قـژی خـاوی گەیشـتووەتە سـەر شـانی، بە ڕادەیەک دۆکتـۆر و سیسـتەرەکان سەریان لێی سووڕ ماوە. تاکوو ئەو کاتە نەک کوڕ، بەڵکوو کچیشیان نەدیوە بە قژی درێژەوە هـاتبێتە دنیـاوە. تەلەفۆنیـان بـۆ ڕۆژنامەنووسـان کـردووە، تـاکوو بـێن وێنەی بگـرن و وەک هەواڵێکی سەیر لە ڕۆژنامەدا بە خوێنەری بگەیەنن.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١١) ئەم قژە درێژەی بووە بە نازنـاو بـۆی و تـا کۆتاییەکـانی تەمەنـی هەر بەم نازنـاوە و لەنـاو ئەم نـامۆییەدا دەژیـت. کارەکتەرێکی نامۆ بووە بە تەواوی دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی وەک خێزان و گەڕەک و قوتابخانە و بازاڕ و بنکەی پۆلیس، تەنانەت چەندین جار تووشی پەرچەکردار بووەتەوە، چ لە قوتابخـانە و چ لە بـازاڕ لە لایەن دەزگـا ئەمنییەکـان گیـراوە و قـژی هەڵپـاچراوە، **((لە قۆنـاغی خوێنـدنی ناوەندیدا چەند جارێک پۆلیسی پاراستنی ڕەوشت گرتوویانە و لەبەر چاوی خەڵکدا بە کەیبڵ تێی کەوتـوون، بگـرە لە ناوەڕاسـتی بـازاڕدا بە مەقەسـتی کـول قژیـان هەڵپـاچیوە، ئینجـا بـۆ زینـدانیان بـردووە، کەچـی دایـک و بـاوکی ئێـوارە درەنـگ پێیـان زانیـوە و هـاتوون بەردیـان داوە.))**(کاکەسـوور،٢٠٢١: ١٢) دڵتەنگـی و بێـزاری ئەم کـارەکتەرە لە دەزگـا کـۆمەڵایەتیی و ئەمنییەکان، سەردەکێشێت بۆ ئەوەی لە دەوروبەری خۆی یاخی ببێت. ئەم بارودۆخە ئـازاری دەدات و بڕیـاردەدات نەچێـتە لای هـیچ سەرتاشـێک، جـا ئەنجـامەکەی چـی دەبێـت بـا ببێـت؟! تەنـانەت لە کـاری بازرگانیشـدا ئەو کـارانەی ئەنجامیـان دەدات نـامۆن، وەک هێنـانی کۆمەڵێـک کەلـوپەلی بازرگـانی، کە نـامۆن بە ژیـنگە و کلتـوری کـۆمەڵگەکەی. وەگێـڕ لە گێڕانەوەیەکـی بابەتیدا ئەوە دەخـاتەڕوو، کە چۆن بەهـۆی ئەو قژە درێـژەیەوە، تووشـی ئـازاری جەسـتەیی و دەروونی بووەتەوە. **((هیچ کاتێ ئەو قژە درێژە بۆ کوڕەقژدرێژ مایـەی ئاسـوودەیی نـەبووە، بەڵکوو هەمیشە نەهامـەتیی بۆ هێنـاوە. هـەر لـە سـەرەتاوە گاڵتـەیان پێ کردووە، کە لـە کچ دەچێت. لە قوتابخانەدا بەڕێوەبەر و مامۆسـتاکان لـە بـەرچاوی خوێندکارەکانی تـردا دەریـان هێنـاوە و وەک نموونــەی خوێنـدکارێکی بەدڕەوشــت پێشـانیان داوە. ئینجـا بــە دار پەنجـە ناسکەکانیان سوور هەڵگەڕاندووە. ڕاستە دایک و باوکی زوو زوو بۆ سەرتاشخانەیان بردووە، بەتایبەتی لە قۆناغی سـەرەتاییدا، تـاکوو چەند دەکرێت قژی کورت بکەنـەوە، بـەڵام هێندەی نەبردووە و وەک جارانی لێ هاتووەتەوە، بگرە درێژتر بووە.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١١-١٢) کەواتە نـامۆبوونی ئەم کـارەکتەرە بە دەوروبەر و کـۆمەڵگەکەی، بێ هـۆ نەبـووە، بەردەوام ڕەفتـار و

هەڵسوکەوتەکانی کۆمەڵگە و دەزگا ئەمنییەکان لەگەڵیدا وایان کردووە لێیان نامۆ بێت. تەنانەت لە بەندیخانە پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی دەرمانی کیمیایی بۆ کەچەڵکردن و ڕووتانەوەی قژی. ئەم هەوڵەشـــیان ســـەردەگرێت و مـــاوەیەکی زۆر دوای ئەم ڕووداوە، تاڵێـــک بەســـەریدا نەڕوواوەتەوە، کەچی هەر بە کوڕەقژدرێژ ناوی دەبەن. ئەمەش وای لێدەکات بەردەوام لە نێو ئەو بارە دەروونییە سەختەدا بمێنێتەوە.

لە ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان)دا ئەم جۆرە نامۆییە لە هەردوو کارەکتەری (نەریمان) و (فەرەیدون)ی باوکی ڕەنگی داوەتەوە. (نەریمان) پەیوەندیی خۆشەویستیی لەگەڵ (دیالا)ی کچەزای (دادە نەسیمە) دامەزراندووە. لە گفتوگۆی نێوان (کوڕمان) و (دیالا)، کاتێک (دیالا) پرسیار لە بارەی کەسێتیی (نەریمان) لە (کوڕمان) دەکات، کە ئاخۆ دەیناسێت؟ بەر لەوەی (کوڕمان) وەڵامی بداتەوە، وەگێڕ زانیاریی تەواو لە بارەی بنەماڵەی (نەریمان) بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات. (فەرەیدون) لە ناوەڕاستی شەستەکان کاتێک واز لە سیاسەت دەهێنێت و لێی بێ ئومێد دەبێت، ژیانێکی تەنیایی هەڵدەبژێرێت و دووچاری نامۆیی دەبێت. **((ژیانێکی زۆر گۆشەگیرانە بەسەر دەبات، بە مەرجێ پێشتر بە حەماسێکی بێوێنەوە تێ کۆشیوە. هەر کەسێ بڵێت لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ دە قسەم لەگەڵ ئەو پیاوەدا کردووە، ڕاست ناکات، چونکە بە شایەتیی ژنەکەی دەمی داخستووە و کەسی دەرەوە نابینێت. ))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٥٠٢) ئەم نامۆ بوونە، لە ژیانیی (نەریمان)ی کوڕیشی دووبارە دەبێتەوە. ئەویش بە هەمان شێوەی باوکی دووچاری نائومێدی دەبێت، تەنانەت بۆ مەشقی هاوینەی خوێندکارانیش نەچووە. **((″نەریمان″ بە شـــێوەیەک لە شـــێوەکان وەک بـــاوکی وایە، بەوەی لە خۆپێشـــاندانەکانی هەشـــتاو دوو و هەشتاوسێدا بە یەکێک لە قوتابییە چالاکەکان دادەنرا، کەچی دوای ئەوە وازی هێنا، بگرە لە هەموو ئەوانە دووڕکەوتەوە، کە خەریکی سیاسەتن.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٥٠٢-٥٠٣)

### ٣- نامۆبوونی جوگرافی

ئەمەش جۆرێکی دیکەی نامۆییە، کاتێک تاک لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراودا، کە تێیدا دەژیت، بۆ ناوچەیەکی دی کۆچدەکات. بە واتایەکی دی دوورکەوتنەوە و دابڕانی تاکە لە نیشتمان، جا بە خواستی خۆی بێت بۆ کارێکی دیاریکراو یان بە ناچاری و لە ژێر فشار و هەڕەشە خاکی خۆی جێبهێڵێت. دابڕانی تاک لە نیشتمان و خزم و کەس بارێکی دەروونیی لای دروستدەکات و وا لە مرۆڤ دەکات هەست بە نامۆیی بکات، چونکە ((شوێن لە یادەوەریی مرۆڤدا پێگەی تایبەتی و گرنگی خۆی هەیە، بەتایبەتی نیشتمان و شوێنی لەدایکبوون، مرۆڤ

به ئاسانی ناتوانێت لەژێر کاریگەریی هەژموونی ئەو یادگاری و بیرەوەرییانە دەرباز ببێت.)) (سەعدون،٢٠١٥: ٤٨٩) ئەو ژیانە کولەمەرگی و ناچاری و دووره وڵاتییه له بەرهەمەکانی ڕۆماننووسدا ڕەنگدەداتەوە.

له ڕۆمانی (ڕێبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)دا، کاتێک خانەوادەی (دلاوەر) دەیانەوێت شار جێبهێڵن و ڕوو له لادێ بکەن بۆ ئەوەی لەوێ بژین، بەر له ڕۆیشتنیان گفتوگۆ لەسەر ئەم ڕۆیشتنه دەکەن. دایکی (دلاوەر) کچی شاره و نامۆیه به ژیانی لادێ، که هەرگیز ڕۆژێک تیایدا نەژیاوە. هەر بۆیه ڕوو له (سیامەند بێجان)ی هاوسەری دەکات و دەڵێت: **(( – ئەوە تۆیت له شار دوور دەکەویتەوە و دەچیته ناو کا، سیامەند. به ڕاست! پێشتریش پێم گوتوویت و ئێستایش پێت دەڵێمەوە من هەقی ئەسپی تۆم نییه و خۆت بەخێویان دەکەیت. خۆت ئالیکیان دەدەیتێ، دەیانشۆیت و ژێریشیان گسک دەدەیت. من کچی شارم و هیچ له بارەی ژیانی لادێوە نازانم. خۆ بشیزانم، دەست بۆ یەک ئیش نابەم.))**(کاکەسوور،٢٠١٥: ٩٤) خێزانی (سیامەند بێجان)، که لەگەڵ ئەوەی کچی شاره و ناچاره لەگەڵ هاوسەرەکەی، شوێنی ژیانیان له شارەوە بۆ لادێ بگوازنەوە، بۆیه نامۆیه بەم شوێنه و ژیانکردن له لادێ.

له ڕۆمانی (ڕێگەکانی ژەهر)دا، کاتێک (دڵشاد)ی کارەکتەری سەرەکی لەگەڵ پاسەوانەکەی به مەبەستی دۆزینەوە و پەیداکردنی ژەهر بەڕێدەکەوێت، لەوێ پاسەوانەکەی بەتەنیا له چۆڵەوانی جێیدەهێڵێت. ئەم شوێنه بۆ (دڵشاد)، شوێنێکی نامۆیه، له ترسی ژیانی خۆی، پەنا بۆ شوێنێکی نامۆتر دەبات، ئەویش ئەشکەوتە. وەگێڕ لەسەر زاری (دڵشاد)ی کارەکتەر باس لەو کاته دەکات، کەوا پاسەوانەکەی بەتەنیا جێی دەهێڵێت. **((پەلامارم دەدات و ڕووتم دەکاتەوە. جلەکانم لەگەڵ خۆی دەبات. ڕێی گوندەکەی دەگرێت و من لەوێ جێدەهێڵێت. دەمەوێت دوای بکەوم، بەڵام هەنگاوم بۆ ناهاویشترێت، ڕێک وەک ئەوەی له خەوندا ڕوودەدات. کاتێک دەزانم زمانیشم شکاوە. ناتوانم دەنگ هەڵبڕم، ئینجا به مەبەستی پاڕانەوە بێت، یان بۆ ئەوەی هەڕەشەی لێبکەم جلەکانم بداتەوە. ئەشکەوتێک دەدۆزمەوە و دەچمه ناوی. لێرەوە چیرۆکه ڕاستەقینەکە دەستپێدەکات.))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ٧٤-٧٥) (دڵشاد) تا ماوەیەکی زۆر، دوور له شار و خێزانی خۆی، لەنێو ترس و تۆقینێکی زۆر، له ئەشکەوت ژیان بەڕێدەکات. ژیانی ئەشکەوت، بۆ ئەو، شوێنێکی نامۆیه، هەر ئەمەش دووچاری دابڕان و نامۆییەکی بێ سنووری دەکات.

له ڕۆمانی (مۆزەخانەی کوڕەقژدرێژ)دا، ئەگەرچی کوڕەقژدرێژ له خانەوادەیەکی دەوڵەمەند و زەنگین له گەڕەکێکی دەوڵەمەند دەژیا، **((کوڕە قژدرێژ تاقانەی ژن و مێردێکی ناسراوە. له گەڕەکێکی دەوڵەمەندنشیندا کۆشکێکی نایابیان هەیە.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١١)، بەڵام ئەو ماڵە چۆڵە

بۆی بووەتە شوێنێکی نامۆ، بۆیە یەکەم هەنگاوی بۆ خۆدەربازبوون لەم گەڕەکە، کردنەوەی ئۆفیسێکی بازرگانیی گەورەیە لە گەڕەکێکی هەژارنشین. کوڕەقژدرێژ بۆ بەدیهێنانی خەونەکەی، ناچارە ئەم کارە بکات. خواستی خۆی بۆ لەناوبردنی سەروەتی باوکی و جێهێشتنی شوێنی ژیانی، کە شوێنێکی نامۆیە و تیایدا ئاسوودە نییە. ((**ڕاستییەکەی هەر لە سەرەتاوە، کە دەستی دایە پیشەی بازرگانییەوە، نەیویست ئۆفیسەکەی باوکی بەکاربهێنێت، بەڵکوو ئەمەی دامەزراند، کە لە نزیک گەڕەکێکی هەژارنشینە. ژن و مێردێکی کردووەتە پاسەوان و مانگانە بڕێک پارەیان دەداتێ. ئەگەرچی بۆی دەرکەوتووە کارگە و شتی دیکەی لەم بابەتە لە گەڕەکە هەژارنشینەکاندا زیاتر دەکەونە بەر شاڵاوی تاڵانی و تێکشکاندن، بەوەی ئەوان وا ڕاهاتوون لە شتی گەورە تووڕە دەبن و داخی دڵیانی پێ دەڕێژن، بەڵام هەر ئێرەی لا چاکترە، بۆ ئەوەی نەناسرێت و بە نهێنی ئیشی خۆی بکات.**))(کاکەسوور،٢٠٢١: ٦٩-٧٠) دوای ئەوەی کوڕەقژدرێژ هەموو سامانەکەی باوکی لەدەستدەدات، شوێنێکی نامێنێت تێیدا بژی. بۆیە لە یەکەم شەوی دوای لەدەستدانی سامانی باوکی، لە بەردەم دوکانێکی داخراوی بازاڕ بەیانی دەکاتەوە. ((**یەکەم شەوی خۆی لە دەرەوە، لە بەردەمی دووکانێکی داخراوی نزیک گەراژدا دەکاتەوە. دوو گوشی لە گومرگ دۆزیوەتەوە، کە ئەگەرچی هەندێک پیسن و بۆنی پیازی ڕزیویان لێ دێت، بەڵام نکووڵی لەوە ناکرێت هەم نەرمن و هەم بەشی خۆیشیان دەتوانن گەرمایی بە گیانی ببەخشن. یەکێکیانی داخستووە و ئەوەی دیکەیانی بە خۆیدا داوە.**))(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٨٧-٨٨) بۆیە شەوان بەردەم دوکان و بینایە تەواونەکراوەکان و بە ڕۆژ ناو بازاڕ دەبێتە شوێنی ژیان و مانەوەی. ئەم شوێنانە بۆ ژیان، شوێنی نامۆ و بێزارکەرن، بەهۆی هۆڕنی لەناکاوی ئۆتۆمبێل، شەوان خەوی لێدەزڕێت. بەیانیانیش خاوەن دوکانەکان بە بۆکس و شەق تێی دەکەون. وەگێڕ لە گفتوگۆیەکی بابەتیدا لە نێوان خاوەن دوکان و کارەکتەری سەرەکیدا، لەسەر زاری خاوەن دوکان ئەوەمان بۆ باس دەکات. ((**گەماڵی ناکەسبەچە، ئەوە شوێنت نەدۆزیوەتەوە، ئەم بەردەم دووکانەی من نەبێت؟ شەرم لە خۆت بکەرەوە.**))(کاکەسوور،٢٠٢١: ٨٣)

(ژنی ژێرزەمین)یش کارەکتەرێکی دیکەی سەرەکییە، کەوا کوڕەقژدرێژ لە بازاڕ کاسکێتی لێ دەکڕێت و لە بازاڕ دەیفرۆشێتەوە. ئەم ژنە، ئەگەرچی خاوەن بڕوانامەیەکی بەرزە، بەڵام بە ناچاری شاری خۆی جێدەهێڵێت و لە شارێکی دی، لە ژێرزەمین ژیان بەڕێدەکات. وەگێڕی هەمووشتزان زانیاری لەسەر ئەم کارەکتەرە لەسەر زاری کارەکتەری (نێرەمووک) ئاشکرا دەکات و دەڵێت: ((**هەرچی ژنی ژێرزەمینە، دۆکتۆری زانکۆیە و لە کۆلیژی هونەردا لێکچەی ئێستاتیکای گوتووەتەوە. مێردەکەی گیراوە و ئەم ڕزگاری بووە. کچێکی هەیە، ئێستا تەمەنی**

**چوار ساڵە و لای پووری داناوە. مێردەکەی بەرگەی ئەشکەنجەی نەگرتووە و دوای سێ مانگ گیانی دەرچووە. ژنی ژێرزەمین شارەکەی جێ هێشتووە و لێرە، ڕێک لەم ژێرزەمینەدا گیرساوەتەوە. بەوەدا زمانی کوردیی زانیوە، بە ئاسانی شوێنی خۆی کردووەتەوە.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٤٩) تەنانەت ناوی کەرەکتەرەکە ناوێکی نامۆیە، لە ترسی ڕژێم و ئاشکرابوونی، نەیویستووە ناوی خۆی ئاشکرا بکات، بۆیە شوێنی ژیان و مانەوەی؛ کە ژێرزەمینێکی ناو بازاڕە، بووە بە ناو و نازناو بۆی. یەکێکی دی لە کارەکتەرەکان، (ژنی ساڵۆن)ە، هەروەک لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێت، شوێنی کارکردن و مانەوەی ئەم ساڵۆنەیە. ئەمەش شوێنێکە، ئەم کارەکتەرە پێی نامۆیە، هەروەکو لە گفتوگۆی لەگەڵ کوڕەقژدرێژدا بە ڕوونی دەردەکەوێت، کەوا هیچ کام لەم کارەکتەرانە لەو شوێنانەی تێیدا دەژین، ڕازی نین و پێی نامۆن.

**((ـ تۆ ڕەنگە بزانیت من هێردرێسەرم. واتە کارم ئەوەیە قژ دەبڕم و ڕێکی دەخەم!**

**ـ بەڵێ، تۆ خاوەنی ئەم ساڵۆنەیەت.**

**ـ نەخێر، هەرگیز من خاوەنی ئەم ساڵۆنە نیم، بەڵکوو کاری تێدا دەکەم، بگرە هەر لێرە دەژیم.**

**ـ لەناو ئەم ساڵۆنەدا؟**

**کوڕەقژدرێژ بە شێوەیەک ئەمە دەپرسێت، وەک بیەوێت پێی بڵێت چۆن لە شوێنێکی ئاوا خراپدا دەژییت؟ هەر خێرا هەست دەکات هەڵەیەکی کردووە و نەدەبوو گوتەیەکی ئاوای لە دەم دەربچێت، لە کاتێکدا خۆی شەوان لەسەر شەقامەکاندا دەخەوێت، کە ڕەنگە ئێستا بۆنی میوەی ڕزیوی لێ بێت، هێندە لەسەر گوش نووستووە و بە گوش خۆی داپۆشیوە، بەڵام دەڵێی سەرجەم ڕابردووی لە بیر چووەتەوە و تازە هاتووەتە دنیاوە.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٠٣-١٠٤) لە ئاکامی گفتوگۆیەکی دوورودرێژی نێوان (کوڕەقژدرێژ) و (ژنی ساڵۆن)دا ئەوە دەردەکەوێت، کەوا هەریەکە لەمانە لە ژیانی خۆیان ڕازی نین و ئەو شوێنەی لێی دەمێننەوە و ژیانی تێدا دەگوزەرێنن، شوێنێکن نامۆن و ناچاری وای لێکردوون پەنای بۆ ببەن. بێزاری لە هەردوو کارەکتەر لە ڕابردووی خۆیان، وای کردووە (کوڕەقژدرێژ) نەفرەت لە ڕابردوو بکات و ژیان و تەمەنی خۆی لەو ساتەوە بۆ (ژنی ساڵۆن) باس بکات، کەوا دەستی بە کرێکاری کردووە. لە هەمان کاتیشدا (ژنی ساڵۆن) ئاهێکی قووڵ بۆ ڕابردووی هەڵبکێشێت و نایەوێت لە ئێستادا باسی بکات.

لە ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان)دا، کارەکتەری (وەستا هیشۆ)، بەهۆی ئەوەی بەناچاری زێدی خۆی و خانەوادەکەی جێدەهێڵێت و ڕوودەکاتە کوردستان، نامۆیە بە ئاووهەوا و ژینگەی ئەم شوێنە. (())هۆکاری دوورکەوتنەوەی (وەستا هیشۆ) لە خانەوادەکەی، بۆ ئەو ڕەفتارە ناشرینەی خانەوادەکەی دەگەڕێتەوە، کە بازرگانی کردن بوو بە کۆیلە. لەپاڵ ئایین، ڕەوایەتییان بە کۆمەڵێک کاری نەشیاو دەدا، ئەمەش وای کرد، شوێنی لەدایکبوون و نیشتەجێبوونی خۆی بەیەکجاری جێبهێڵێت و لەو غەریبییە بگیرسێتەوە.

## ٤- نامۆیی ڕامیاری

جۆرێکی دیکەی نامۆیی، کە لەم ڕۆمانەدا بەرچاودەکەوێت، نامۆیی ڕامیارییە. نامۆیی ڕامیاریش لە سادەترین پێناسەیدا بریتییە ((لە ناڕازیبوون و ڕەتکردنەوە و بەگژداچوونەوەی ئەو سیستەم و نەریتە ڕامیاریانەی کە لەگەڵ خواست و ئامانج و داواکارییەکانی تاکدا یەک ناگرێتەوە.))(سەعدوون،٢٠١٥: ٥٠٦)

لە ڕۆمانی (ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)دا، (فەرهاد قەفقازی) ئەگەرچی فەرمانبەرێکی فەرمانگەی ناسنامەی میری بووە، بەڵام لە بنەڕەتدا کەسێکی ناڕازی و دەم شڕ بووە. هەمیشە دژی حیزبی فەرمانڕەوا و نامۆ بە سیاسەتەکانی ئەوان بووە. لە ژێرەوە خەڵکی هانداوە بۆ ئەوەی دژی ئەم ڕژێمە ڕاپەڕن. هەرچەندە هۆکاری کوشتنەکەی بە ڕوونی دیار نییە، بەڵام لە کاتی ناشتنی تەرمەکەیدا، لە میانەی بۆچوونەکانی (فایزە)ی خێزانی، هەندێک ئاماژە بەدی دەکرێن، کە بوونەتە هۆی کوشتنەکەی. **((ئەوانەی بوونە هۆکاری کوژرانی مێردی من، ترسنۆکن. بارێکی قورسیان خستە سەر شانی و بەرگەی نەگرت. لەبەر خاتری ئەوان کارێکی کرد، کە لە بنەڕەتدا باوەڕی پێی نەبوو.))(کاکەسوور،٢٠١٥: ٣١)**

جگە لەمەش، بە درێژایی ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە، نامۆیی ڕامیاری بەرچاودەکەوێت. دیمەنی گرتن و ڕاوەدونان و هەڵواسینی ئەم خەڵکە بە ئیلیکتریکی سەر شەقامەکان و کوشتنیان، لەلایەن حەرەس قەومییەکان، کە تاوانیان تەنیا ئەوە بوو، دژی سیاسەتی ڕژێمی شۆڤینی بەعس بوون. هەموویان نامۆبوون بەو سیاسەتەی، کەوا ئەم ڕژێمە پەیڕەوی دەکرد. **((ساڵی شەست و سێ، کە تازە ژیانی هاوسەرگیریان پێکەوە نابوو، بە دەست ئەو مرۆڤکوژانەی بە (حەرەس قەومی) دەناسران، ژیانیان لە دۆزەخ دەچوو. ئەوان بە پشتیوانیی بەعس ماڵانیان دەپشکنی و تاڵانیان دەکردن. هەر کەسێ بۆنی یاخیبوونی لێ بهاتایە،**

**دەریاندەهێنا و لەسەر شەقامەکان دەیاندایە بەر گولله، بگرە هەر بۆ چاو ترساندن منداڵ، پیر، خوێندکاری ناوەندی و هیی ئامادەییان لە ستوونی ئیلیکتریک دەبەستەوە و بە بەرچاوی هەزاران کەسەوە دەیانکوشتن.))**(کاکەسوور،٢٠١٥: ٣٣) ڕەفتاری حەرەس قەومییەکان، کە لە هیچ تاوانێک سڵیان نەدەکردەوە، تەنیا بۆئەوەی خەڵک چاوترسێن بکەن، ڕەفتارەکانیان نامۆ بوون، واتا ئەو سیستەمە سیاسییە دڕندەییەی پەیڕەویان دەکرد، پێشتر ڕوویندابوو.

## ٥- نامۆیی تەکنەلۆژی

مەبەست لەم جۆرە نامۆبوونە، ((بێزاربوونی مرۆڤە لەو پێشکەوتنەی کە تەکنەلۆژیا هێناویە کایەوە و لە هەندێک لایەندا بۆتە هەڕەشە بۆ سەر مرۆڤایەتی.))(قادر،٢٠١١: ١٦٣) جگە لە لایەنە باشەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، بەدەر نییە لە لایەنە نەرێنییەکان، بەوەی کە مرۆڤ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە پتەوەکان دووردەخاتەوە و دەرفەت بۆ خوێندنەوەی کتێب و بەها جوانەکانی ژیان بەرتەسک دەکاتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە، تەکنەلۆژیای سەربازی لە سیستەمێکی قۆرخکاریدا، دەبێتە هۆی وێرانکردنی کۆمەڵگە مرۆییەکان لە چاوتروکانێکدا.

نامۆیی تەکنەلۆژیش وەکو جۆرێکی دیکەی نامۆیی، لە ڕۆمانی (ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)دا بەرچاو دەکەوێت. ئەگەر سەرنج بدەین؛ دەبینین سەردەمی سەرەتاکانی پەیدابوونی (TV) لە گەڕەکە هەرە پێشکەوتووەکانی شاری هەولێر، دەگەڕێتەوە بۆ کاتی چاپکردنی دەق. نامۆبوونی ئەم ئامێرە ئەگەرچی بە لای دانیشتوانی گەڕەک، کۆکردنەوەی هەموویانە لە بەردەمی ئەم ئامێرە، لە لایەکی دی بووەتە سەرچاوەی بژێوی ژیانی پیرەژنێکی دوکاندار. ئەگەرچی بەردەوام لە لایەن پیاوانی ئایینی، کە دەمڕاستی کۆمەڵگەن؛ ئاگادار دەکرێنەوە لە مەترسیی بوونی ئەم ئامێرە. **((ئێوارانیش هەر هێندە دنیا تاریک داهات، مێزێکی لاکێشەیی لەو بەر دەمە دادەنێت و تەلەڤیزیۆنی دەخاتە سەر. منداڵ و هەرزەکار، بگرە لاو و پیریش بۆ سەیرکردنی دێن و لە هەر یەکێکیان پێنج فلس وەردەگرێت. بێگومان ئامێرێکی لەم شێوەیە دەتوانێت خەڵک لە هەموو لایەکەوە بۆ خۆی کێش بکات. مەلای مزگەوتەکان بەردەوام دانیشتووان لە مەترسیی ئەو دەعبایەی ناوی (شەیتانی یەکچاو)ە، ئاگادار دەکەنەوە، کە لە هەر شوێنێک دابنرێت، فریشتە ڕووی تێ ناکەن و هەر کەسێکیش لێی بڕوانێت، لە دین وەردەگەڕێت، بەڵام تاکو دێت زیاتر ڕەواج پەیدا دەکات.))**(کاکەسوور،٢٠١٥: ٢٦-٢٧) بوونی ئەم ئامێرە بۆ ئەو سەردەم و سادەیی لێکدانەوەی مامۆستایانی ئایینی، شتێکی نامۆ بوو، کەچی ئێستا مامۆستایانی ئایینی بە شێوەیەکی دی لێی دەڕوانن و کردوویانەتە میمبەرێک بۆ

گەیانـدنی پەیامەکانیـان. بەمەش کـۆمەڵگە لە سـەرەتای پەیـدابوون و هـاتنی هەر ئـامێرێکی تەکنەلۆژی؛ کە خۆی بەرهەمی نەهێنابێت، پێی نامۆبووە.

لە ڕۆمـانی (ڕێگەکـانی ژەهـر)دا، (دانـا)ی کـوڕی (دڵشـاد)ی کـارەکتەری سـەرەکی، کاتێـک بـۆ یەکەمجـار بە فـڕۆکە، لە تورکیـا بـۆ وڵاتـی دانیمـارک، بە قاچـاغ سـەردەخرێت، زۆر نـامۆیە بەم ئـامێرە و ترسـێکی زۆر دایـدەگرێت. ترسـی لە دەنگـی فـڕۆکە و ژاوەژاو و تەنـانەت دەنگـی سیفۆنی توالێتەکانیش هەیە. **((دەنگێکی هێندە بەرز و لەناکاوی لێ هەڵدەستێت، کە هەرگیز چـاوەڕێی شـتی وای نەکـردووە. تەوالێتەکـانی سـەر زەوی زۆر بە بێدەنگی ئەرکـی خۆیـان ڕادەپەڕێنن، بەڵام ئەوانەی ئاسمان بۆچی هێندە ترسـناکن و وەک هەورە تریشـقە دەهـاڕێنن؟ بەوە زیـاتر زەنـدەقی دەچێت. دوور لە خواسـتی خـۆی هەردوو دەسـتی خـۆی دەخـاتە نـاو ئاوەکەوە، گوایە دەیەوێت کپی بکات. ئاخر لەو کاتەوە پێی ناوەتە فڕۆکەخانە و دواتر سواری فڕۆکە بـووە، لەو ژاوەژاوە ترسـاوە.))(کاکەسوور،٢٠١٧: ٩٠-٩١)** ئەم کـارەکتەرە تـرس و فۆبیـای لەگەڵ فـــڕۆکەدا هەیە و ناتوانێـــت بە فڕۆکەگەشـــت بکـــات. ترســـی ئەوەی هەیە، کاتێـــک ســـەردەکەوێت، ڕووداوی گەورە و ترسـناک ڕووبـدات. نەگونجـانی ئەم کـارەکتەرە لەگەڵ ئەم ئـامێرە، کە بەرهەمـی تەکنەلۆژیـایە، وای لێکـردووە نەتوانێـت بە ئاسـوودەیی لە تـوالێتیش دابنیشێت. ئەمەش کاریگەرییەکی زۆر لەسەر دەروونی دروست دەکات.

## ٦- نامۆیی سێکسی

ئەم جـۆرە نـامۆییە ((بـریتییە لە نەتـوانینی تـاک لە بەتـاڵکردنەوەی حەز و ئـارەزووە خەفەکراوەکـانی، یـان گـۆڕانی دیـدگای تـاکە بەرانـبەر بە پرۆسـەی سـێکس و بە کەم سەیرکردنیەتی.))(قادر،٢٠١١: ١٦٤)

لە ڕۆمـانی (ڕیبەنێکی سـوور و ملپێچێکی ڕەش)دا، لاقەکردنـی ئافرەتـان و توندوتیژی کـردن بەرانبەریـان و سـووکایەتی کـردن پێیـان، یەکـێکە لەو دیـاردانەی دەچێـتە خـانەی نـامۆیی سێکسییەوە. وەگێڕ لەسەر زاری (مامۆسـتا دلاوەر)ی کارەکتەری سـەرەکی، باس لە ڕووداوی تراژیدیی (پاکیزە) و (وریا)ی هاوسەری دەکات، کە تازە ژیانی هاوژینیان پێکهێناوە و لە مانگی هەنگوینی دان. ماڵی (پاکیزە) لە تەنیشت ماڵی دایک و باوکیەتی. کاتێک حەرەس قەومییەکان هێرش دەکەنە سەریان، باوکی و دوو برای و هاوسەری لەبەر چاوی (پاکیزە) خەڵتانی خوێن دەکەن، دایکیشی بەرگەی ئەم خەمە گەورەیە ناگرێت و گیانی دەردەچێت. ئەم دۆخە ناخۆش و

مەرگەساتەی (پاکیزە) تێیدا دەژیت، کەچی هێشتا وازی لێ ناهێنن و دەستدرێژیی سێکسی دەکەنە سەر. **((چەتەکان "پاکیزە" پەلبەست دەکەن و بۆ ژوورەوەی دەبەن.بۆ سەر تەختی نووستنەکەی، کە تازە کڕیویەتی و تەنیا دوو شەو لەسەری خەوتووە. دەیەوێت هەر چۆنێکە خۆی لە ژێر دەستیان بەربهێنێت، بەڵام هێزی لێ بڕاوە، بەوەی باوکی، مێردی و دوو برای لە بەر چاوی گوللەباران کراون. زریکوهووڕی دەگاتە گوێچکەی دراوسێکان. دایکیشی لەوە دەچێت دوای ئەو ڕووداوە لەودیو گیانی دەرچووبێت. بۆیە ماوەیەکە دەنگی بڕاوە. سەرەتا چەند جارێک قیژاندی، بگرە جوێنی بە دار و بەردیش دا، بەڵام لە ناکاو بێدەنگ بوو.))**(کاکەسوور، ٢٠١٥: ٤٠) ئەم ئافرەتە دوای ئەو خەمە قووڵ و ئەو هەموو هێزەی بۆ ڕزگاربوونی خۆی لە ژێر دەستیان دای، ئەنجام هێزی لە جەستە نامێنێت و کپ دەکەوێت. تەنیا جەستەیەکی مردوو بێ ئەوەی گیانی تێدا مابێت. **((ئێستا "پاکیزە" لەسەر تەختی نووستنەکەی تەواو هێزی کلێ بڕاوە و چەتەکانیش چاوەڕێن سەرۆکیان بگاتە لای، بۆ ئەوەی خۆیان بچنە دەرێ و ئەوان لەوێ جێبهێڵن.))**(کاکەسوور،٢٠١٥: ٤٢) ئەم کارە قێزەوەن و بێ ویژدانەی بەرانبەر (پاکیزە)، هەڵدانەوەی ئەو برینە قووڵەیە، کەوا لە لایەن حەرەس قەومییەکان و ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکان دەرهەق بە ئافرەتانی کورد و ئەتک کردنی شەرەف و ناموسیان کراوە. هەر ئەمەش ترسێکی زۆری لای ئافرەتانی کورد دروسکردووە. ئەوەتا (ویداد)ی خێزانی (مامۆستا دلاوەر) کاتێک چەند چەتەیەکی حەرەس قەومی لەبەر دەرگا ئۆتۆمبیلی مامۆستا دلاوەر دەرفێنن، داوا لە (ویداد) دەکەن سویچی ئۆتۆمبیلەکەیان بۆ بهێنێت، ئەویش لە ترسی شەرەفی خۆی، داواکەیان جێبەجێ دەکات. **(("ویداد" ویستوویەتی ڕێیان لێ بگرێت، بەڵام هەڕەشەیان لێ کردووە ئەگەر سویچیان بۆ نەهێنێت، بە هەموویان پەلاماری دەدەن و لەسەر تەختی نووستنەکەی کارێکی پێ دەکەن، بیرچوونەوەی نەبێت. بۆیە چاری نەماوە و بۆی هێناون.))**(کاکەسوور،٢٠١٥: ٣٤-٣٥)

نامۆیی سێکسی لە ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان)دا بەرچاو دەکەوێت. کارەکتەری (لۆنا) کاتێک لەگەڵ هاوڕێکەی بە سەردان دەچنە وڵاتی جەزائیر، لەوێ لە لایەن چەند گەنجێکی ئارەزووباز دەستدرێژیی سێکسییان دەکرێتە سەر. بە شێوەیەکی زۆر نامۆ، کە پێشتر ڕووداوی لەم شێوەیە لەم وڵاتەدا ڕووی نەداوە، دوای دەستدرێژییان و بەتاڵکردنەوەی ئارەزووەکانیان لەم دوو گەشتیارە، بە شێوەیەکی نامرۆڤانە دەیانکوژن. لەبەر نامۆیی ئەم ڕەفتارەشیان، ئەم بابەتە دەبێتە باسێکی گەرمی ڕۆژەڤی جەزائیر. بۆچوونی دژیەک بۆ هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکە دەکرێت. هەندێک هۆکاری ئەم ڕووداوە دەخەنە ئەستۆی گەشتیارەکان و هەندێکی دیکەیان بە پێچەوانە لە ڕووداوەکە دەڕوانن. وەگێڕ لەسەر زاری یەکێک لە هاوڕێکانی، ئەم ڕووداوە بۆ (کوڕمان) دەگێڕێتەوە. **((ئەوەی لە زمانی هاوڕێکەتەوە**

**دەبیبستیت، بە هەموو پێوەرێک ناخۆشە، کە هەردووکیان چوونەتە دەرەوەی شار و لەوێ چوار کەس پەلاماریان داون. دوای ئەوەی لاقەیان کردوون، ئینجا بە چەقۆ گیانیان هەڵدڕیون. (ئەناروز) دەڵێت هەواڵەکە بە سەرتاپێی جەزائیردا بڵاو بووەتەوە و میدیاکانیش بایەخی زۆریان پێ داوە. هەندێک هۆکارەکەی بۆ جلوبەرگیان دەگەڕێننەوە، کە تەفرەدەر بوونە و ئەو لاوانە نەیانتوانیوە بەسەر شەهوەتی خۆیاندا زاڵ ببن، بۆیە بە پلەی یەکەم سەرزەنشتی کوژراوەکان دەکەن، بەڵام هەندێکیش، بە تایبەتی ڕێکخراوی ژنان بە ڕاستی تووڕەن و ناڕەزایی دەردەبڕن. ئەوەیش بە درۆ دەخەنەوە، گوایە جلوبەرگیان تەفرەدەر بوونە، بەڵکوو دەڵێن ئەگەر ئەوانە بە تەفرەدەر دابنرێن، ئەوە ژنانی چلەکان و پەنجاکانی جەزائیر، بە تایبەتی هیی وەهرانی سەر دەریای ناوەڕاست، زۆر لەوانە تەفرەدەرتر بوونە.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٤٩٤-٤٩٥) لاقەکردن و کوشتنی گەشتیارەکان لەلایەن چەند گەنجێکی جەزائیر، تێکەڵکردنی دوو جۆر لە نامۆییە. جۆری لاقەکردنەکە و ڕەفتارکردن لەگەڵ گەشتیاران، کردارێکی سێکسیی نامۆیە. جلوبەرگ و پۆشاکی گەشتیارەکانیش، نامۆ بووە بە کەلتوری ئەم وڵاتە. بۆیە دەتوانین بڵێین لەم دەقەدا، هەردوو نامۆیی سێکسیی و کۆمەڵایەتی ڕەنگیداوەتەوە.

هەندێک دیاردەی دیکەی نامۆیی سێکسی لە بیرەوەریی (کورمان) بیریان داگیر کرووە، بە تایبەتیی ئەو ڕۆژانەی لە تەمەنێکی بچووکدا بووە، ئەم دیمەنانەی بینیوە و پێی نامۆ بووە. کاتێک کردارێکی جووت بوون دەبینێت، کە لە نێوان پیاو و ژنێکدا دەکرێت، ئەگەرچی کردارێکی شەرعی و ڕێ پێدراوە و لە نێوان ژن و مێردێکە و لادانی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵام لای ئەم کارەکتەرە نامۆیە، چونکە یەکەم جارە دیمەنی وا ببینێت. ((**لەوێ ناڵەناڵ و دەنگی سەیرت هاتنە گوێ. تەختی نووستنەکەیش بەردەوام جیرەجیرێ بوو. بە ئەسپایی چوویتە لای پەنجەرە و بینییت پەردەکە ئەگەرچی دادراوەتەوە، بەڵام هێشتا درزێک ماوە، لێیەوە بڕوانیتە ژوورێ. ناکرێت چاوت لەو دیمەنە بنووقێنیت و ڕووت بۆ دواوە وەربگێڕیت. چۆن پۆلیس نایانگرێت؟**))(کاکەسوور،٢٠٢١: ٨٣) دوای ئەم ڕووداوە نامۆیە، گەڕان بە دوای دیمەنی وا لای (کورمان) دەبێتە خوو. بۆیە بەردەوام لە هەر کەس و شوێنێک بێت بەردەوام بە دوای ئەوەدا دەگەڕێت دیمەنی وا ببینێتەوە. ئەم پاڵنەرە جۆرێک لە چێژیشی پێ دەبەخشێت. ((**شەوێکیان لە سەربانەدا دووانی پیرت بینی، بە گریانەوە ئەو کارەیان دەکرد. نەتدەتوانی ڕێ لە پێکەنینت بگریت. هەر لەبەر ئەوەیش هەستیان پێ کردیت و پیرەمێرد هەزار جوێنی پێ دایت. پیرەژن پێی گوت وازت لێ بهێنێت، چونکە دوور نییە یەکەمجارت بێت دیمەنی وا ببینیت و وا بزانیت بۆ خۆشی کاری لەم شێوەیە دەکەن.**))(کاکەسوور،٢٠٢١: ٨٦)

**- شــەرم**

دیاردەیەکی سایکۆلۆژییە و لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا هەیە. (فرۆید) باسی لەم دیاردەیە کردووە و پێی وایە: ((هەستکردن بە شەرم و ڕەفتاری سەرچاوە گرتوو لە گوناهـ هەردووکی دەگەڕێتەوە بۆ ئیگۆ. ئەم جیاوازی و ناڕێکییە لە نێوان ئیگۆ و سوپەر ئیگۆ دەبێتە هۆی جۆرێک لە شەرم و دڵەڕاوکێی هەمیشەیی.))(عەزیزی،٢٠٢١: ٤٣) ئەم دیاردەیەش سنوورێک بۆ ڕەفتار و گوفتاری کەسەکە دیاری دەکات. ئەمەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگۆڕێت. لای هەندێک کەس ڕێژەی شەرمەکە کەمە، کە ئەمەش شتێکی سروشتییە، بە نەبوونی هۆکاری شەرمەکە؛ نامێنێت. جاری واش هەیە ڕێژەی شەرم لای هەندێک کەس زۆرە، ئەمەش گرفتی دەروونی بۆ دروست دەکات و کاریگەریی لەسەر کەسایەتیی کەسەکە دروست دەکات، دەیخاتە بارێکی دەروونیی ئاڵۆز و خۆی لە دەوروبەر بە دوور دەگرێت و گۆشەگیری هەڵدەبژێرێت. ئەو ژینگەیەی منداڵ تێیدا پەروەردە دەکرێت، کاریگەریی زۆری لەسەر کەسایەتیی مرۆڤ هەیە، ئەو ژینگەیە بڕیار لەسەر ئەوە دەدات منداڵێکی شەرمن بێت یان نا. بە واتایەکی دی ((پەروەردەی ماڵ و خێزان گرنگترین هۆکاری دروستبوونی شەرمە لای منداڵ))(ڕەسوول،٢٠١٢: ١٥٧) بەمەش پەروەردەی خێزان ڕۆڵێکی گرنگ لە دروستکردنی تاک دەبینێت، ((ئەو پەروەردە دیکتاتۆرییەی کە هیچ بەهایەک بۆ ڕاوبۆچوون و حەز و پێویستییەکانی منداڵ دانانێت و نایەڵێت منداڵ بە هیچ جۆرێک گوزارشت لە حەزەکانی بکات و ڕێز لە دەستپێشخەرییەکانی ناگرێت، ڕۆڵێکی گرنگی لەوەدا هەیە کە تاکە کەس بکاتە کەسێکی شەرمن.))(شەکشەک،٢٠١٧: ٢٢٥) ئەو شەرمەش وردەوردە لەگەڵ گەورەبوونی منداڵ و گەیشتن بە قۆناغی هەرزەکاری، ناڕەوێتەوە و وەکو شتێکی سروشتی و نۆرماڵ دەمێنێتەوە و لە مامەڵە کردن لەگەڵ دەوروبەر و لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕەنگدەداتەوە. بەمەش مرۆڤێکی خاوەن کەسایەتییەکی ناتەندروستی لێ دەردەچێت. ئەگەریش شەرم سنووری ئاسایی خۆی تێپەڕاند، بۆ کۆمەڵێک دیاردە و نەخۆشیی دەروونی دەگۆڕێت، یەکێکیش لەوانە ترسە، چونکە ((شەرم لە ڕووی دەروونییەوە، شێوەیەکە لە شێوەکانی ترس.))(حەمەد،ب.س: ٢٧)

کارەکتەری (کوڕە قژدرێژ) لە ڕۆمانی (مۆزەخانەی کوڕە قژدرێژ)دا، کارەکتەرێکی شەرمنە. ئەم شەرمە هەر لە خێزان بۆی دروست بووە، بە هۆی گوێ پێنەدانی لە لایەن دایک و باوکی و تێکەڵ نەبوونی لەگەڵ دەوروبەر. ئەم تەنیایی و گۆشەگیرییەش وای لێکردووە کەسێتییەکی شەرمنی هەبێت. بۆیە کاتێک لە بازاڕ خەریکی کرێکارییە، کاتێک کاسکێتەکانی کۆدەکاتەوە، لە ناکاو سەیر دەکات ژنێک بەرەو ڕووی دێت. لەگەڵ هەر هەنگاوێکی ئەم ژنە، (کوڕە قژدرێژ)

زیاتر شەرم دایدەگرێت و ڕەنگ بە ڕوویەوە نامێنێت. ((**سورێک دەخوات، گوایە دەیەوێت پێشانی بدات دڵی خۆشە، بەڵام ڕاستییەکەی بۆ ئەوەیەتی بەسەر شەرمەکەیدا زاڵ ببێت. ژنە کاتێ ئەو هەڵسوکەوتەی دەبینێت، قاقایەک لێ دەدات.**))(کاکەسوور،٢٠٢١: ٩٩) پێکەنین و قاقا لێدانی (ژنی سالۆن) بۆ ئەوەیە، کەوا لە ڕووخسار و هەڵسوکەوتیدا ئەو شەرمەی خوێندووەتەوە. دوا بە دوای ئەوە، زیاتر پرسیاری وروژێنەری لێدەکات، کەچی (کوڕە قژدرێژ) لە شەرمان هەوڵدەدات ئەو باسانە بگۆڕێت. لە تەمەنێکی زووەوە، (کوڕە قژدرێژ) لەگەڵ ژن نەدواوە. لە تەمەنی هەرزەکاری تا ئێستا کەوا تەمەنی (٦٠)ساڵە، ئەوە یەکەمجارە بەم شێوەیە لەگەڵ ئافرەت دەدوێت. وەگێڕ لە گفتوگۆی نێوان ئەم دوو کارەکتەرە، ئەو دیاردە سایکۆییەی (کوڕە قژدرێژ) بەڕوونی دەخاتەڕوو. ((**ـ تۆ لە خەودا زۆر جوانیت. ئەرێ کەسی دیکە لە پێش منەوە وای پێ نەگوتوویت؟**

**ئەگەرچی لە شەرمان ئارەقی لێ دەچۆڕێتەوە، بەڵام دەڵێت:**

**ـ نەخێر. بە لامەوە سەیرە، تۆ وام پێ دەڵێیت.**

**ـ ئەگەر بزانم پێت ناخۆشە، داوای لێبوردن دەکەم.**

**ـ نا، نا، تکایە وا لێکی مەدەرەوە، بەڵام باوەڕم پێ بکە خۆیشم نازانم ئێستا دەمەوێت چی بڵێم! ئایا دەتوانیت ئەم باسە بگۆڕیت؟ نەک لەبەر ئەوەی پێم ناخۆشە، بەڵکوو لەبەر شتێک، کە نازانم چییە.**

**ـ تۆ لە کەیەکەوە بێماڵیت؟**

**ـ لەوەتەی هەم.**))(کاکەسوور،٢٠٢١: ٩٩) (کوڕە قژدرێژ) بەهۆی ئەو شەرمەی لە ئافرەتی هەیە، دووچاری بارێکی دەروونی سەیر بووە، کە خۆشی ناتوانێت گوزارشتی لێ بکات، تەنیا دەیەوێت بە گۆڕینی ئەو باسە، خۆی لێ بدزێتەوە و بەسەر شەرمەکەیدا زاڵ بێت. ئەم دیاردەی شەرمە لای کارەکتەرە لاوەکییەکانیش دەردەکەوێت. کاتێک (کوڕە قژدرێژ) کۆمەڵێک ئامێری نامۆ دەهێنێت و دەیەوێت لە وڵاتدا ساغی بکاتەوە، بۆ ئەمەش بازرگانەکان ڕادەسپێرێت و پارەیان پێدەدات تا ڕازی بن بە دوکاندارەکانی بفرۆشن، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو ئامێرانە ڕەواجیان لای خەڵک نییە و شتی نەخوازراون، بۆیە لە لایەن دوکاندارەکان دووچاری هەڕەشە و سووکایەتیی زۆر دەبنەوە. ((**دەچێتە لای کۆمەڵێک دەڵاڵی ناسراو، بەو هیوایەی بۆیانی ساغ بکەنەوە، بەڵام ئەوان دەڵێن لە ڕوویان نایەت دەست بۆ کاری وا ببەن، چونکە خەڵک پێیان پێدەکەنن و دەڵێن بێگومان ئەوانە گەمژەن. ڕاستییەکەیشی سەرنج دراوە هەر دەڵاڵێک، یان**

**بازرگانێک ئەگەر ڕەواج بە شتومەکی سەیر و نەخوازراو بدات، ئەوا متمانەی نامێنێت و ناوی دەزڕێت. بە پارەی زۆر تەفرەیان دەدات و ڕازییان دەکات هەر یەکەی چەند دانەیەک وەک نموونە ببات، بەو مەبەستەی پێشانی دووکاندار و بازرگانانیان بدەن، بەڵام یەک دانەیش نافرۆشن، بگرە هێندەیان گاڵتە پێ کردوون، لە شەرمان سوور هەڵگەڕاون.))**(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٢٧) بێگومان سوور هەڵگەڕانی دەمووچاو، وەکو دیاردەیەکی سایکۆیی، ڕەنگدانەوەی ئەو شەرمەی ناخی کارەکتەرەکانە. ئەو دیاردەیەش چەندین جار دووبارە دەبێتەوە، هەموو جارێکیش لە لایەن چوختییەکانی بازاڕ گاڵتەیان پێکراوە و جڕتیان بۆ لێداون، هەموو جارێکیش بازرگانەکان لە شەرمان ئەو ناوەیان جێ هێشتووە.

لە گفتوگۆی نێوان (کوڕمان) و خەسووی لە ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان)دا، بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو باس لەو کاتە دەکەن کەوا (کوڕمان) و (شادی) یەکتریان ناسیوە. کاتێک (شادی) داوا لە (کوڕمان) دەکات، یارمەتیی بدات تا پاڵ بە ئۆتۆمبیلەکەی بنێت، لەو کاتەدا کوڕمان لەبەر دەرگا چاوی بە کچێک دەکەوێت کە شێوەی لە (نیدی)ی خوشکی دەکات. دەیەوێت لە باوەشی بگرێت، بەڵام کاتێک (شادی) هەست بەوە دەکات بە هەڵەدا چووە، بۆیە پرسیاری ئەوەی لێ دەکات کە ئایە (دیالا)ی خوشکی دەناسێت؟ لێرەدا (کوڕمان) بە هەڵەی خۆی دەزانێت و شەرم دایدەگرێت. **((لەبەردەم ماڵیاندا کچێکت دەکەوێتە بەرچاو، کتومت لە (نیدی) دەچێت، بگرە هەر وا دەزانێ خۆیەتی. دەتەوێت لە باوەشی بگریت لێی بپرسیت چۆن گەیشتووەتە ئێرە، بەڵام کاتێ دەبینیت ئەو هەڵسوکەوتەتی لا سەیرە، هەڵوەستەیەک دەکەیت. جوانتر لێی ڕادەمێنیت و تەریق دەبیتەوە. (شادی) لێت دەپرسێت:**

**- تۆ دالیای خوشکم دەناسیت**

**هێندەی تر شەرم داتدەگرێت و دەڵێیت:**

**- بە کەسێکی تری تێ گەیشتم. داوای بوردن دەکەم.**

**کچەکە پێدەکەنێت و دەڵێت:**

**- شتی وا زۆر ڕوودەدات.)**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٦٥) هۆکاری شەرم کردنی (کوڕمان) لێرەدا، لە ئەنجامی بە هەڵەداچوونێک بووە نەک ترس.

هەر لەم ڕۆمانەدا، کاتێک (کوڕمان) لەلایەن ئەفسەری ئەمنەوە بانگ دەکرێت و دەیانەوێت زانیارییان پێ بدات لە بارەی ئەو هەڵسوکەوتەی خەسووی، کە لەناو بووس لە تەنیشت

پەنجەرە دانانیشێت، کە ئەمە بەلای ئەفسەری ئەمنەوە هەڵسووکەوتێکی نوێ و نامۆ بوو. (کوڕمان) کاتێک بیری دەکەوێتەوە کەوا خەسووی ماوەیەکە دۆمەڵ لە ناو گەڵی هاتییە، بۆیە شەرمێکی زۆر ڕووی تێدەکات. شەرم دەکات لەوەی چۆن لەبارەی ئەم شوێنە هەستیارەی خەسووی بۆ ئەفسەر بدوێت. بۆیە تەنیا ئاماژە بەوە دەکات کەوا دۆمەلی لێهاتووە. **((مەبەستت لە ناو گەڵ چییە؟ دەبێت شوێنەکەی دیاری بکەیت، چونکە ناو گەڵ لانی کەم دوو شوێن دەگرێتەوە. لە شەرمام پەنجەکانت لە نەرمەی سکت دەبەیتە خوارێ و سەرت دەدەخەیت، بەڵام دەڵێیت:**

**- نێوان هەردوو ڕانی. دۆمەڵەکە لەوێ هاتووە.**

**- هەمان قسەی پێشووت بە شێوەیەکی تر دووبارە کردەوە. دۆمەڵەکە ڕێک لە کوێی هاتووە؟**

**- شەوێک خەسووم لە خەوی هەستاندین و بانگی هاوسەرمی کرد، تا بچێتە ژوورەکەی. ئینجا چونکێ کاتەکە درەنگ بوو، بۆیە لە گەڕانەوەدا لێیم پرسیچی بووە. ئەو سەرەتا هەر بەوەندە وازی هێنا بڵێت کەمێک ئازاری هەیە، بەڵام دوای ئەوەی من نەمبڕیەوە، ئینجا گوتی دۆمەڵ لە ناوگەڵی هاتووە. با نەزانێت پێم گوتوویت، چونکە لە ئاست ئەم شتانەدا زۆر هەستیارە.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٩٦-٩٧) (کوڕمان) هەر سوورە لەسەر ئەوەی باسی ئەم شوێنە هەستیارەی خەسووی نەکات، بەڵام سووربوونی ئەفسەر لەسەر وەرگرتنی وردترین زانیاری، وای لێدەکات بە ناچاری و بە شەرمێکی زۆرەوە ئەم نهێنییە بدرکێنێ. **((- وا بزانم لە سمتی هاتووە.**

**- بە (وا بزانم) قسە مەکە، کوڕم! سمتیش ناوێکی تەواو نییە. گشتییە. کوێی سمتت مەبەستە؟ کونەکەی؟ دەوروبەری؟ یان گردەکانی؟**

**بە دەستەکانیشی ئاماژەیان پێ دەکات.**

**- بەڵێ، قوربان دۆمەڵ لە کونی قوونی هاتووە، بۆیە ناتوانێت دابنیشێت.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٠٢) شەرمی (نەریمان) لێرەدا جیاواز لە شوێنەکانی دی، لەبەر بوونی کلتور و سانسۆری (من)، کە ڕێ بە دەربڕینی هەموو گوتەیەک نادات، بە تایبەتی ئەگەر باس لە شوێنە هەستیارەکانی ئافرەت بکات. ئەمە نەک هەر بۆ پیاو، بەڵکو ئافرەت خۆیشی بە ڕەمز و ئاماژە باس لە شوێنە هەستیارەکانی خۆی دەکات، چونکە لە کلتوری کۆمەڵگەی کوردیدا نەبووەتە نەریت بە ئاشکرا ناوی ئەو شوێنە هەستیارانە بهێنرێت. لە شوێنێکی دیکەی ئەم ڕۆمانەدا دیاردەی شەرم لای

(کوڕمـــان) بە جـۆرێکی دی نیشـــان دەدرێـت. کاتێـک (کوڕمـــان) لە ڕێــی تەکنیکــی دواخــراو، دەگەڕێـتەوە بـۆ یـادەوەریی چەنـدین سـاڵ لەمەوبەر، کاتێـک بە سـەردان دەچـنە لای (دادە نەسـیمە)ی خوشـکی (دادە نەهـران) لە بەغـدا. بە هۆکـارێکی نادیـار (دادە نەهـران) لە خوشـکی تووڕە دەبێت و دەیەوێت خێرا ئەو شـوێنە جێ بهێڵێت. لەو کاتەدا بـانگی (کوڕمان) دەکات و داوایەکی سەیری لێدەکات، کەوا زنجیری پانتۆڵەکەی بکاتەوە و میز بەو جانتایەدا بکات کەوا لە گەشــتەکەیاندا پێیــانە. ئەوەی ســەیرە، (کوڕمـــان) بە هەڵە لەو داوایە تێــدەگات و وا دەزانێــت پەیوەندیی بە ڕووداوێکی دیکەوە هەیە، بۆیە شەرم دایدەگرێت. ((**هەر چۆنێکە هێز دەخەیتە بەر خۆت و دەڵێیت:**

**- هیچی تێدا نییە.**

**- چۆن هیچی تێدا نییە؟ پێت دەڵێم دەریبهێنە!**

**- نەمدزیوە. هەر لە چەکمەجەم دەرهێنا و دوایی بۆ شوێنی خۆیم گەڕاندەوە.**

**- ئەوە تـۆ چـی دەڵێیـت، کوڕمـان؟ مەترسـە و شـەرم مەکە! دەمەوێت زنجیـرت بکەیـتەوە و دەریبهێنیت.**

**- هێنامە دەرێ و لە ملم کرد، بەڵام هەر بۆ خۆشی، نەوەک بمەوێت بیدزم.**

**- چیت لە ملت کرد و چیت دز، دەبەنگ؟**

**- ملوانکەی دیالا.**

**- پێت دەڵێم زنجیرت بکەرەوە و شەبزووزت دەربهێنە. میز بەو جانتـایەدا بکە! خێرا! دەبێت برۆین و ڕوو لێرە نەکەینەوە.)**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٢٦٢-٢٦٣) ئەم بە هەڵە تێگەیشـتنەی (کوڕمـان) جۆرێـک لە شـــەرمی لا دروســـت دەکـــات، پێـــی وایە ئەوان بە ڕەفتـــاری دەســـتکاری کردنـــی ملوانکەکەیان زانیوە و بە دز لە قەڵەمیـان داوە. کـاتێکیش زانـی داواکە شـتێکی دیکەیە، هێندەی دی شــەرم دایـدەگرێت و تووشــی دڵەڕاوکــێ و شــپرزەییەکی زۆر دەبێـت، چـونکە کـردنەوەی زنجیر و پێداکردنی میز بە جانتاکەیان لەبەر چاوی ئافرەتان، کە لەم ناوە وەستاون، بە کارێکی زۆر سـەخت و ڕێگە پێنەدراوی دەزانێت. تەنـانەت زۆر جـاریش کە لە خەون ئەو دیـاردەیەی بینیوە، زۆر پەشۆکاوە. کاتێکیش بێدار بووەتەوە و زانیویەتی خەونە، زۆر ئاسوودە و دڵخۆش بــووە. کەچــی لە داواکــارییەکی وای (دادە نەهــران)، کە لە بــارێکی ئاگــایی و دوور لە خەون

کارێکی وا ئەنجام بدات، تێکڕای گیانی دەلەرزێت و چەندین ساڵ تێپەڕیوە هێشتا ئەو شەرمە لە هزر و یادگەیدا ماوە. **((ئەو ترسە، ئەو شەرمە و ئەو داڕووخانە تا دێت پتر هەڵدەکشێن و زیاتر وات لێدەکەن بێز لە خۆت بکەیتەوە. ئەوە دەرت هێنا و میزت پێدا کرد، کە بە مەحاڵی دەزانیت، بەڵام گریمان شوڕڕڕ ئاوت دا، چۆن جانتای میزاوی بە ناو بووس ببەیت؟ ئایا بۆنی سەرجەم سەرنشینەکان هەراسان ناکات؟ دیمەنێکی چەند بڵێی نەشاز نییە، جانتای سەفەر بۆنی میزی لێ بێت؟))(کاکەسوور،٢٠٢١: ٢٦٣)**

کارەکتەری (کوڕمان)؛ کارەکتەرێکە، لەبەر جۆری پەروەردە و کلتوری کۆمەڵگەکەی، شەرم و ترسی لە زۆر شتی دەوروبەر و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری دەوروبەریەوە هەیە. ئەوەتا دوای ماوەیەکی زۆر (دادە نەسیمە) و (دیالا) دەبینێتەوە، کە بۆ پرسەی (دادە نەهران) هاتوون، جارێکی دی ڕووداوەکانی ڕابردوو دێنەوە سەر سەکۆی شانۆی هزری و خەیاڵی داگیر دەکەن. شەرم وەکو بەشێکی دانەبڕاو لە کەسایەتیی، هەروەکو ئەو کاتە دایدەگرێت. **((لە لای خۆتەوە دەست بە پلاکی گڵۆپی باخەکەدا دەنێیت، تا ئەوێ ڕووناک ببێتەوە و بیانبینیت. بەڵێ، (دادە نەسیمە) و (دیالا)ن. پتر شپرزە دەبیت. لە بەرخۆتەوە دەڵێیت بریا ئەمن بیانبردیتایە، بەڵام ئەوانەت نەبینیایە! تازە هاتوون و ناکرێت لێیان ڕا بکەیت، بگرە پێویستە بەسەر ئەو شەرم و سەرشێتییەتدا زاڵ ببیت، تا بتوانیت بیاندوێنیت. بۆ پرسەی (دادە نەهران) هاتن و نەکرا خۆتیان پیشان نەدەیت، بەڵام لە ڕووت نەدەهات سەر بڵند بکەیت و چاو ببڕیتە چاویانەوە، چونکە ڕووداوەکەت وەک خۆی بە بیر دەهاتەوە و دەتزانی خەیاڵی ئەوانیشی داگیرکردووە.))(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٤٩٨)** (کوڕمان) وەکو کارەکتەرێکی سەرەکیی ئەم ڕۆمانە، ئاگایانە بە گەڕانەوە بۆ یادەوەرییەکانی منداڵی وەکو لایەنێکی نەستی تاک، هەموو ڕەفتارەکانی ڕابردووی، چ لە قوتابخانە و چ لای مامۆستا و چ لە گەڕەک، کە بوونەتە ئامرازێک بۆ بەرهەمهێنانی شەرم، تا ئێستایش لە کەسایەتیی جیا نابنەوە.

**- تـــرس**

بارێکی دەروونی ئاڵۆزە، وابەستەی مرۆڤە و لێی جیانابێتەوە. (کاردانەوەیەکی ویژدانییە لە لایەن هەموو ئەندامانی جەستەوە، بەرانبەر بە هەڕەشەیەکی واقیعی.))(سیلامی،٢٠٠١: ١٠٣٤) مرۆڤ هەر لە کۆنەوە، لەو ژینگەیەی تێیدا ژیاوە، ترسی لە بەشێک لەو شتانە هەبووە کە لە دەوروبەریدا هەن. لەپێناو مانەوەی خۆی، هەمیشە خۆی لەو مەترسییانە پاراستووە کە

پەیوەست بووە بە ژیانییەوە. ترس لە دیاردە سروشتییەکان و زۆرێک لە گیانەوەران لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی جیاوازە. واتە بەپێی باروودۆخ و ژینگە و تەمەن دەگۆڕێت. ((زۆر پێدەچێت ئەو ترسەی لای منداڵان شتێکی باوە، لای گەورەکان بە شتێکی نامەنتیقی دابنرێت، ترس لە هەندێک ئاژەڵی وەک سەگ، پشیلە، ترس لە تاریکی، تەنهایی تارماییەکان بۆ منداڵ بە شتێکی ئاسایی دادەنرێت، لە کاتێکدا کە ترس لە بەرزایی، مار و مێروو و گیانلەبەرە زەبەلاحەکان تایبەتە بە گەورەکان، هەندێک لە ترسەکان زوو دەڕەوێنەوە و هەندێکیشیان زۆر دەخایەنن.))(یونکەر،٢٠٠٨: ١٠) ترس هەڵچوونێکی سروشتییە لە دەروونی مرۆڤدا و نابێتە نەخۆشی، بەڵام ئەم ترسە ئەگەر لە سنووری ئاسایی خۆی دەربچێت و مرۆڤ لە قوڵایی دەروونیەوە بە بەردەوامی هەستی بەم ترسە کرد، ئەوا گیرۆدەی کۆمەڵێک گرفت و نەخۆشیی دەروونی دەکات. ((زۆرینەی ئەو نەخۆشانەی کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا سەردانی کلینیکیەکان "چارەسەری دەروونی" دەکەن، بەر لەوەی کە شەرمن، کەم ڕوو، کەودەن و لە ڕووی مێشکییەوە دواکەوتوو بن، توشی ترس بوون.))(یونکەر،٢٠٠٨: ٨) ئەو ژینگەیەی منداڵ تێیدا پەروەردە دەکرێت، بە تایبەتی دایک و باوک، دەبنە سەرچاوەی ترس بۆ منداڵ، ئەمەش بە تێپەڕبوونی کات زۆر جار شوێنەوارێکی ترسناک لەسەر کەسێتیی منداڵ جێدەهێڵێت.

ترس وەک بابەتێکی گرنگ لە نێو ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور)دا پانتاییەکی زۆری داگیر کردووە. یەکێک لە هۆکارەکانی دروستبوونی ترس، باوکە. باوک؛ وەک سەرۆکی خێزان، سەرچاوەی دروستبوونی ترسە، هەروەکو لە ڕۆمانی (ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)دا وەگێڕ باس لە باوکی (دلاوەر) دەکات، کە لە کاتی توڕەیی، کەسێکی تەواو جیاواز بووە. دەستی لە هیچ شتێک نەدەپاراست بۆ دامرکاندنەوەی توڕەیی ناخی. کاتێک (سیامەند بێجان) و (شیرین قەلاتی)ی خێزانی، بڕیار دەدەن بگەڕێنەوە بۆ گوند، (دلاوەر) بۆ ئەوەی لە (ویداد دێرتی) دوور نەکەوێتەوە، بڕیار دەدات لەگەڵ باوک و دایکی نەگەڕێتەوە و ئەم شوێنە جێنەهێڵێت، ئەمەش باوکی زۆر تووڕە دەکات و ڕقی خۆی پێدەڕێژێت. **((باوکی بە قامچی تێی کەوت و هەموو گیانی شینو مۆر هەڵگەڕاند. دایکیشی نەیتوانی لەژێر دەستی دەربهێنێت چونکە هەرچەند دەیویست لێی نزیک ببێتەوە، دوو سێ قامچیی لە پشت و شانی ئەویش دەدا.))(کاکەسوور،٢٠١٥: ٨٨)** باوکی (دلاوەر) بەڵێن بە کوڕەکەی دەدات، ئەگەر لەگەڵیان بگەڕێتەوە گوند، ڕێگەی دەدات تووتکە سەگ بەخێوبکات. بەمەش (دلاوەر) لە نێوان (ویداد)ی خۆشەویستی و ترس و تۆقانی باوکی، ناچارە دووەمیان هەڵبژێرێت. **((ئێستا "دلاوەر" کاتێ گوێی لە باوکی دەبێت بەڵێنی ئەوەی دەداتێ تووتکێک ڕابگرێت، نازانێت بڵێ چی؟ ئایا ڕازی ببێت، یان هەر لەسەر بڕیارەکەی بمێنێتەوە؟ وەک ئەوە وایە بڵێ لە (ویداد) و سەگەکە کامیان**

**هەڵبژێریت، بەڵام خۆ ئەگەر لەسەر قسەی خۆی سوور بێت و نەچێت ئەوا هێندەی دیکەی لێدەدات و دوور نییە گیانیشی دەربچێت. باوکی خۆیەتی و چاکی دەناسێت چۆن لە کاتی تووڕەییدا دەبێتە کەسێکی دیکەی تەواو جیاواز و لە بیری نامێنێت ئەوە کوڕیەتی، بەڵکو وا دەزانێت سەربازە و بە خراپترین شێوە سزای دەدات.))**(کاکەسوور،٢٠١٥: ٩٠) (دلاوەر) ناچارە ویستی باوکی هەڵبژێریت، چەنکە دڵنیایە لەوەی ئەگەر لێرەش بمێنێتەوە، ناتوانێت بچێتە ماڵی خاڵی و (ویداد) ببینێت، چونکە باوکی ئاگاداری کردووەتەوە، ئەگەر دوو پێی بچێتە ماڵی خاڵی بۆ بینینی (ویداد)، ئەوا قاچەکانی لە ئەژنۆی دەبڕێتەوە. (سیامەند بێجان) ئەگەرچی خێزانەکەی زۆر خۆشدەویت، بەڵام هەڵسووکەوتەکانی لە کاتی هەڵچووندا، هەمیشە ترسێکی زۆری خستۆتە دڵی کوڕ و خێزانەکەی. ئەمەش وای لە (شیرین)ی خێزانی کردووە زۆر جار گلەیی لێبکات کە هەمیشە وەک سەرباز مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و ماڵی کردووە بە سەربازگە. ((- **سیامەند، تۆ دەبێت بەتەواوی لە بیرت بچێتەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەفسەر بوویت. پێویستە واز لەوە بهێنیت وەک سەرباز لە ئێمە بڕوانیت. ئێرە ماڵە ئۆردووگە نییە تاکو چۆنت بوێ، ئاوا بەسەرماندا بهاڕێنیت و بە قامچی تێمان بکەویت.))** (کاکەسوور،٢٠١٥: ٩٠) ئەو ڕەفتارە توندانەی، کە (سیامەند بێجان) لە ئۆردوگای سەربازی وەکو ئەفسەرێک پەیڕەوی دەکرد، لە ژیانی خێزانیشدا ڕەنگیداوەتەوە، ئەمەش خێزان و منداڵەکەی دووچاری ترس و تۆقین کردووە.

لەم ڕۆمانەدا، کاتێک (تەلار) لای دوکانی (ئەلماس بەسماتی) دەدۆزرێتەوە، ئەوەندە گریاوە، چاوەکانی سوور هەڵگەڕاون. لەو کاتەدا (بەسماتی) داوا لە (مامۆستا دلاوەر و ویداد)ی خێزانی دەکات، ئەو منداڵە ببەنە لای خۆیان تا سۆراخێکی پەیدا دەبێت. (ست ویداد)، کە ئەو کاتە دووگیانە، بە بیستنی ئەم هەواڵە ترسێکی زۆر لە ناخیدا دروست دەبێت بێ ئەوەی بزانێت هۆکاری ئەم ترسە چییە؟ **((گیانی دەلەرزێت و وردە وردە دنیا لەبەر چاوی تاریک دادێت، ئەنجام دەبوورێتەوە. کاتێ بە هۆش خۆی دێتەوە، وا لەسەر تەختی نووستنەکەیەتی و (تلیلیلی)یش لە تەنیشتی خەوتووە. هێشتا لەوە تێناگات ئەو ترسە بۆچی چووەتە هەناویەوە، کە تاکو دێت زیاتر شپرزەی دەکات، بگرە سەر لەوە دەرناکات چیی بەسەر هاتووە. ئایا ئەوە خەونە، یان ڕاستی؟))**(کاکەسوور،٢٠١٥:٢١) ئەگەرچی دەوروبەری و هاوڕێکانی دڵی دەدەنەوە، پێی ڕادەگەیەنن کەوا ئافرەت لە ماوەی دووگیانیدا ئەم شتانەی بەسەر دێت، ئەمەش شتێکی ئاساییە و بۆ ماوەیەکی کورتە، کەچی ئەمەی ئەو درێژە دەکێشێت و ئاسایی نییە. تا دێت ترسەکەی زیاتر دەبێت. هەموو ئەو ترسەشی لەو کاتەوە دەستی پێکرد، کە ئەو منداڵە هاتە ئەو ماڵە. تەنانەت ئەو منداڵەی زۆر خۆشدەویت و هۆگری بووە و بە منداڵی خۆی دەزانێت، بەڵام هۆکاری ئەو ترس و شڵەژانە دەروونییەی ناخی نازانێت. بەردەوامیی ئەم بارە

ناجێگیرەی (ست ویداد)، (دلاوەر)ی هاوسەری ناچار دەکات، بیر لە ڕێگە چارەیەک بکاتەوە. بۆ ئەمەش ماوەیەک منداڵە تازە لەدایک بووەکەی، کە (ئومێد)ی ناوناوە، دەباتە لای (ئاواز)ی خوشکی لە بەغدا، بۆئەوەی تا خێزانەکەی چاک دەبێتەوە و بەسەر ئەو ترسە نەزانراوەی ناخی زاڵ دەبێت، بەخێوی بکات. **((ست ویداد هێشتا لە ڕووی دەروونییەوە ماندووە و توانای بەخێوکردنی منداڵی ساوای نییە.))(کاکەسوور،٢٠١٥: ٢٨)** دوای ماوەیەک دۆخی خێزانی بەرەو باشتر دەچێت و (ئومێد) دەهێننەوە. ماڵ بۆ دۆخی جارانی دەگەڕێتەوە، بەڵام ترسی ئەمجارەیان ترسێکی دیکەیە. ترسی پەیدابوونی دایک و باوکی (تەلار)ە. **((دەکرێت بڵێین ماڵ بۆ دۆخی جارانی گەڕاوەتەوە، بەڵام هێندە هەیە هەردووکیان لەوە دەترسن ڕۆژێک لە ڕۆژان دایکوباوکی ڕاستەقینەی (تلیلیلی) پەیدا ببن و بیبەنەوە، یان کەسێکی ناحەز زمانیان لێ بدات، کە ئەوان بە شێوەی نایاسایی ناسنامەیان بۆ دەرهێناوە. ئەمە ئەو شتەیە هەمیشە ئازاریان دەدات.)) (کاکەسوور،٢٠١٥: ٣٠)**

هەر لەم ڕۆمانەدا، کاتێک (مامۆستا دلاوەر)ی کارەکتەریی سەرەکی دەگیرێت، دەست و قاچی لە دار دەبەسترێتەوە و دەیانەوێت گوللە بارانی بکەن، ترسێکی زۆر دایدەگرێت و پێی وایە لە هەموو کات زیاتر نزیکترە لە مردن. ترسەکەی زیاتر دەبێت کاتێک دەبینێت سێ تەرمی دیکە لە تەنیشتییەوە فڕێدراون و دیمەنیان تا بڵێی ترسناکە. کەچی (مامۆستا دلاوەر) لەو ساتە ترسناک و پڕ مەترسییە، بۆ زاڵبوون بەسەر ترسەکەی ناخی، بیر لە شتانی دیکە دەکاتەوە. **((هەردوو دەست و هەردوو قاچی لە درەختێکی گەڕەکی (سەیداوە) دەبەستنەوە، بۆ ئەوەی گوللە بارانی بکەن، کە هەر لەوێ سێ تەرمیش فڕێ دراون و دیمەنیان چەند بڵێی ترسناکە.))(کاکەسوور، ٢٠١٥: ٣٥)** ئەم کارەکتەرە، نمایندەی جیهانبینیی نووسەرە، چونکە ترس لای ڕۆماننووس لە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا، پێچەوانەی چەمکە گشتییەکەی نێو کۆمەڵگەیە و سەرچاوەیەکە بۆ ئازایەتی و چێژ. لە دیدی (کاروان)ەوە: ((دوو جۆر ترسنۆک هەن: ئەو ترسنۆکە ئازایانەی، کە دەوێرن بە ئاشکرا بترسن و ئەو ترسنۆکانەی جورئەت ناکەن لەبەر چاوی ئەوانی دیکەدا بترسن، تا دەگاتە ئەوەی پەنا بۆ سەرچڵی دەبەن. هەرچی ئازایەتی هەیە لە دنیا، مرۆڤە ترسنۆکەکان لە ترسی گیانی خۆیان نواندوویانە، بە ڕادەیەک ترسنۆکەکان داهێنەری گەورەترین خەیاڵ بازێتین.))(کەریم،٢٠١٥: ٦٠) (سیامەند) زۆر بە وردی چاو دەخاتە سەر هەموو ئاژەڵ و ئەو کەلوپەلانەی بە تاڵان بردراون و لە ناو لۆرییەک بارکراون. دیمەنی شەڕی بێ هوودەی کەڵەشێرەکان و عەلیقولقوقولی قەلە خڕەکە سەرنجی ڕادەکێشێت و چێژی لێوەردەگرێت. **((پێشتریش بیستوویەتی، کە مرۆڤ پێش ئەوەی بخنکێت، یان گوللباران بکرێت خەیاڵی سەیروسەمەرەی بۆ دێت، کە هەر ئەو خەیاڵانەیشن ترس لە گیانی دەردەکەن. بەوە**

**باشە زۆربەی خەڵک ئەو ڕاستییە نازانن، دەنا گوێیان بە سزای مەرگ نەدەدا وبە گڕ ئاو و ئاگردا دەچوون، کە ئەودەم ژیان تامی نەدەما.))**(کاکەسوور،٢٠١٥: ٤٢) (مامۆستا دلاوەر) ئەو بارە پڕ مەترسییەی خۆی بە خەون و یاریی منداڵان دەبینێت، ئەمەش وای لێدەکات ئەو ترسە زۆرەی لە مردن نەمێنێت و تا ڕادەیەک ترسی بشکێت. کاتێکیش لەلایەن پیاوێکی عەرەبی دراوسێیان ڕزگار دەکرێت، دوای ئەوەی پیاوە عەرەبەکە لە ئەفسەری حەرەس قەومییەکان دەگەیەنێت کەوا ئەم ڕیبەنە سوورەی ملی هیچ پەیوەندیی بە کۆمەنیستەوە نییە. لێرەدا ترسی (دلاوەر) زیاتر دەبێت. **((لەو کاتەدا ئەو ترسێکی سەیر دەخزێتە گیانیەوە. بە شێوەیەک سەیری کابرا دەکات، وەک بڵێی لە ڕێی ئەو سەیرکردنەوە لێی بپرسێت: (بۆچی ئەو سووکەترسە کاتییەت لای من کردە ترسێکی گەورەی ئەبەدی، کە تاکوو ژیانم ماوە لێم جیا نەبێتەوە؟ ئایا تۆ دەزانی ترسی ڕاستەقینە تەنیا لەو ساتەوە دەست پێ دەکات، کە هۆکارەکەی لە ناو دەچێت و خۆی تەنیا دەمێنێتەوە؟ بەڵێ، هۆکاری ترسی من نەما، بۆیە لەمەودوا ترسەکەم لەناو ئەو تەنیاییەی خۆیدا وەک گای هار بە شاخە تیژەکانی ناخم هەڵدەدڕێت).))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ٤٧) (مامۆستا دلاوەر) کاتێک لە نێو خەون و خەیاڵی یاری منداڵانە بە ئاگا دێت و دەگەڕێتەوە نێو ژیانی واقیعی و تێدەگات ئەگەر ئەو پیاوە عەرەبە نەبوایە، گوللە باران دەکرا و ژیانی لێدەسێنرایەوە، هێندەی دی ترسی زیاد دەبێت و باوەڕ ناکات چۆن ڕزگاری بووە. تەنانەت پێیەکانی ڕێ ناگرن تا بە هەڵەداوان بۆ ماڵ بگەڕێتەوە. **((هەموو گیانی دەلەرزێت و بە هەنگاوی ناڕێک ناڕێک بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە، بەشکو شتێکی گەرم بخواتەوە و سەرتاپێی لەشی بە لێفەی ئەستوور دابپۆشێت.))**(کاکەسوور،٢٠١٥: ٥٤)

ترسی (مامۆستا دلاوەر) و (ویداد دێرتی) دەگاتە لوتکە کاتێک (فەرهاد داوید قەفقازی) لە ترسی حەرەس قەومییەکان پەنا بۆ ماڵیان دەبات و ماوەیەک لەوێ خۆی حەشار دەدات تا نەیدۆزنەوە. حەرەس قەومییەکان بەدوایدا دەگەڕان و دەیانزانی (فەرهاد قەفقازی) جگە لەوەی دژی ڕژێمە، لە هەمان کاتیشدا دەستی لە هاندانی خەڵک دژی ڕژێم هەیە، بەوەی زمانێکی ڕەوانی هەیە و لە ڕاگەیاندندا کاری کردووە. قسەکانی کاریگەریی لەسەر دڵ و دەروونی خەلک هەیە. بۆیە دەیانویست بە هەر نرخێک بێت بیگرن و لە سێدارەی بدەن. تەنانەت ئەوەی لای خۆیشی داڵدەی داوە بە دەردی ئەوی ببەن. بۆیە (مامۆستا دلاوەر) و هاوسەری زۆر دەترسان ئاشکرا بێت و ئەوانیش لەگەڵی تیا بچن. **((بۆیە هەمیشە ڕۆحیان لەناو مستیان بوو. (فەرهاد) هەر زوو ماڵەکەیانی جێ هێشت، بەوەی بەردەوام گیانیان دەلەرزی و دەستیان هیچ کارێکی نەدەگرت. نە ژەمێک نانیان بۆ دەخورا و نە شەوان بۆ ساتێ خەویان لێ دەکەوت، بگرە نەیاندەتوانی بچنە دەوامیش.))**(کاکەسوور،٢٠١٥: ٧٨) ترسی (مامۆستا دلاوەر) و خێزانی؛

ترسێکی ڕەوایە، چونکە مێژووی عەرەبە بەدووەکانی خوارووی عیراق لە ڕەفتار و کرداری توندوتیژ و قێزەوەنیان لە بەرانبەر نەیارەکانیان مێژوویەکی ڕەشی هەیە.بڵاوبوونەوەی توندترین سزا بۆ ئەو کەسەی، کە دالّدەی (فەرهاد) دەدات، بە زمان بڕین، ترسێکی زۆر لەناو خەڵکدا بڵاودەکاتەوە. **((ملازم (فلەیح) کە بە ڕەچەڵەک بەدووی خوارووی عێراقە و لە گوندێکی نزیک مەخمووردا نیشتەجێ کراوە، سوێندی بە خوا و پێغەمبەر خواردبوو زمانی ئەو کافرە لە بنڕا ببڕێت و بۆ بەغدادی بنێرێت.))**(کاکەسوور،٢٠١٥: ٧٨)

لە ڕۆمانی (ڕێگەکانی ژەهر)دا، کارەکتەری (ست سۆزان)، ئەگەرچی خۆی لەناو بارودۆخێکی ئاڵۆز و تەنیاییدا دەژیت، بەڵام هەمیشە خەریکی نهێنیی ژیانی (ست ڕافۆن)ە. لە ترس و نیگەرانیی و دڵەڕاوکێ ژیانی بەڕێدەکات. کاتێک ماڵی خۆی دەگوازێتەوە ماڵی (ست ڕێزان)ی هاوڕێی، تەنیا بۆ ئەوەیە، لە نزیکەوە چاودێری (ست ڕافۆن) بکات. دوای مردنی هاوڕێکەی، زیاتر هەست بە ترس دەکات. ترسی ئەوەی هەیە، بە هەر هۆکارێک بێت لە دەستی دەربچێت و نەیدۆزێتەوە. ئەمەش مانای بە ئامانج نەگەیشتنە. کاتێکیش (ست ڕافۆن) لەگەڵ (هالە نبراس) گفتوگۆ دەکات و (ست سۆزان) گوێی لە بەشێک لە گفتوگۆکان دەبێت، زیاتر ترس دایدەگرێت. بۆی دەردەکەوێت (ست ڕافۆن) بڕیارێکی چارەنووسسازی لە بارەی ژیانی خۆیەوە داوە. ئەم بیرۆکەیەی (ست ڕافۆن) ترسێکی زۆر دەخاتە دڵی (ست سۆزان)ەوە. ئەو بیرۆکەیە، ئەو خەونەی لەناودەبات، کە خەونی ئەوەیە بە ڕووتی جەستەی (ست ڕافۆن) ببینێت و نهێنیی ئەو کەسەی بۆ دەرکەوێت. **((دەمتوانی بڵێم گفتوگۆی ئەو ئێوارەیان زۆر گەرمە و لەبارەی شتی هەستیاریشەوەیە، بۆیە یەکەمجارە ئاگایان لە خۆیان دەبڕێت و دەنگیان دێتە دەرەوە، بەتایبەتی هیی (هالە نیبراس). بەڵێ، هێندەی پێ نەچوو گوتی:**

**ـ من خۆسووتاندن بە سواوترین، بگرە بە خراپترین ڕێگەی مردن دەزانم، بەڵام بۆ مەسەلەی سەرهەڵگرتن، ئەوا قسەیەکم نییە، چونکە لێت ناشارمەوە خۆیشم گەلێجار وەک تۆ بیری لێ دەکەمەوە.**

**ـ .... ، ...... ، ......**

**ـ دەزانم دەڵێی چی. خۆ نکووڵی لەوە ناکرێت، کە سووتان ناهێڵێت هیچ ئاسەوارێکی جەستە جێ بمێنێت، تاکوو ئەوانەی دیکە بیکەنە بابەتی قسەوباسی خۆیان، بەڵام سەرهەڵگرتن وەک ئەوە وایە خۆت نەک هەر ئاگات لە ساتەوەختی مەرگی خۆت بێت، بەڵکوو تا ماوی لەناو ئەو حاڵەتەدا بژییت، بێ ئەوەی هیچ کەسێک بەشداریت بکات.))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ٣٠-٣١) ئەگەرچی (ست ڕافۆن) حەزی لەو بیرۆکەیە نییە، بەڵام لە ترسی ئەوەیە دەستێکی ناحەز جلەکانی

دەبکەنێت و سنوورێک لە نێوان جلەکانی و چاوی بێگانە نەمێنێت. (ست سۆزان)یش دەیەوێت ئەو جلانەی دابکەنێت و ئەو دیوارە بێدەنگییە برووخێنێت، کە خۆی و سەرجەم شتەکانی لە پەنای خۆیان حەشار داوە. (ست ڕافۆن) لە مرازی دڵی (ست سۆزان) گەیشتووە، بۆیە هەموو هەوڵێک دەدات ڕێ لەو خووە پووچە بگرێت. ترسی (ست سۆزان) زیاتر دەبێت، کاتێک بۆی دەردەکەوێت (ست ڕافۆن) دوای مردنی (هالە نبڕاس)، (دیدار)ی کوڕی گرتۆتە خۆ و ئەرکی بەخێوکردنی لە ئەستۆ گرتووە. خانەوادەی (دیدار) بەوە ناسراون، کە هەموویان لە شێوەی یارییەکی سەیر بە دەستی یەکتر کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە. ئەمەش وا دەکات (ست سۆزان) ترسی لە چارەنووسی (ست ڕافۆن) هەبێت. ترسی ئەوەی هەیە ڕۆژێک لە شێوەی یارییەکی وا پووچدا، (ست ڕافۆن) بە دەستی (دیدار) بکوژرێت یان ببێتە بکوژ. **((ئەگەر بڵێم من دوای ئەوەی ئەم زانیارییانەم لەبارەی ئەو خێزانەوە زانی، لە چارەنووسی (ست ڕافۆن) ترسام، درۆ نییە، چونکە بە دوورم نەدەبینی ڕۆژێک ئەو کوڕە ئارەزووی یاری بکات و بە فێڵێک ئەویش بیخاتە ناو بازنەکەوە، ئەنجام بە تاوانی کوشتنی بخرێتە زیندانەوە. ئەمەیش بۆ من دەبووە نەهامەتییەکی گەورە، بەوەی هێندەی دیکە لێم دوور دەکەوتەوە.))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ٣٣-٣٤) هەموو ئەو خووە پووچانەی (ست سۆزان) وا دەکات بیر لە پیلانێکی ئیبلیسانە بکاتەوە، ئەویش پیلانی کوشتنی (ست ڕافۆن)ە. لە ئەنجامیشدا پیلانەکەی سەرناگرێت. بە سەرهەڵگرتنی (ست ڕافۆن) خەونەکەی پووچەڵ دەبێتەوە. ئەوەش ئەو ئەنجامە بوو، کە (ست سۆزان) بەردەوام لێی دەترسا.

کارەکتەری سەرەکیی (کوڕە قژدرێژ) لە ڕۆمانی (مۆزەخانەی کوڕە قژدرێژ)دا، هەمیشە لە نێو ترسێکی زۆردا دەژی، ترسی تەنیایی و ترسی گرفتی لەدەستنەدانی سامانە زۆرەکەی باوکی و نەگەیشتن بە ئامانجەکەی. هۆکاری ئەم ترسەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەوا بەردەوام دووچاری ئەشکەنجە و ئازار و گرتن و زیندان دەبوویەوە لە لایەن پۆلیسی پاراستنی ڕەوشت؛ کە خۆی لە کۆمەڵگە و دام و دەزگا کۆمەڵایەتییەکان و دەزگای ئەمن؛ کە خۆی لە دەسەڵاتی سیاسی دەبینییەوە. ترسی دەرکەوتنەوەی تارمایی (کوڕە کەچەڵ) و لە گۆڕانی خەونەکەیشی لە لایەن ئەوەوە ترسێکی دیکەیە. **((دوو شتیش بەردەوام خەیاڵی دەورووژێنن و دەیترسێنن، بگرە ڕەنگی بە بەرەوە ناهێڵن: یەکەم، بفرۆشرێن و پارەکەی بۆ بگەڕێتەوە. دووەم، کابرا سەیرەکە دەربکەوێتەوە و هەموویانی لێ بکڕێت. خۆشبەختانە دەڵاڵەکان نەیانتوانیوە یەک دانەیشی ساغ بکەنەوە، بگرە هێندەیان گاڵتە پێ کردوون و شاگردە چووختییەکان هێندە جڕتیان بۆ کێشاون، لە شەرمان سوور هەڵگەڕاون، بەڵام داخی گران دیسان کابرا سەیرەکە پەیدا دەبێتەوە.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٤٣-٤٤) کاتێکیش (کوڕە کەچەڵ) بۆ

دواین جار دێته لای و نیازی خۆئاشکراکردنی هەیە، لەو کاتەدا تارماییەکە تەفرەی دەدات و ترسێکی زۆر دەخاتە دەروونییەوە. ترسی لەوەیە ئەم تارماییە باوکی بێت و وەک مۆتەکە بە دوایەوە بێت تا ڕێگر بێت لە لەدەستدانی سامانەکەی. بۆیە دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ ئەو تارماییە و بە ترسەوە لێی دەپرسێت: (( **– تۆ باوکمیت؟**

**کابرا سەیرەکە قاقایەک لێ دەدات:**

**– من باوکی هیچ کەسێ نیم.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٨٢)

ئەم پرسیارە هەمیشە بیر و زەینی (کوڕە قژدرێژ)ی داگیرکردووە، پێشتریش چەندین جار لە خۆی پرسیوە، کە دەبێت ئەو تارماییە باوکی نەبێت و بەردەوام بە دوایەوە بێت. هەر خۆیشی وەڵامی خۆی داوەتەوە، کە شتی وا هەرگیز نابێت و ڕوونادات. لە بەردەم دۆشدامان و ترس و دڵەڕاوکێی (کوڕە قژدرێژ) و قسە و گوتەکانی تارماییەکە، ئارامی نامێنێت و پڕی دەداتێ، باروکەکە لەسەر دەم و چاوی هەڵدەماڵێت و سیمای (کوڕە کەچەڵ) دەردەکەوێت و ئاشکرا دەبێت. ((**_ ئێستا زانیت من کێم، کوڕەقژدرێژ؟**

**ئەگەرچی دەیناسێتەوە، ڕاستتر بۆی ڕوون دەبێتەوە کێیە، بەڵام بە شێوەیەک سەری سووڕ ماوە، ناتوانێت بە (بەڵێ) وەڵام بداتەوە، بۆیە کابرا هەر خۆی لێی دەپرسێت:**

**_ کوڕەکەچەڵ ناناسیتەوە؟**

**ئینجا پێی دەڵێت:**

**_ تۆ بەختەوەریت، کە دوای چەند ساڵێک زانیوتە ئەو پیاوە سەیرە کێیە هەر جارێ دەتەوێت شتومەکەکانت بە دڵی خۆت بفرۆشیت، پەیدا دەبێت و لێت تێک دەدات، بەڵام من ئێستایش نازانم کوڕی گام، یان هیی مرۆڤ. باوەڕ مەکە هیچ کەسێ لەم وڵاتەدا هێندەی من سامانی هەبێت، بەڵام ئەگەر پێت بڵێم، ...، ....،**

**دیارە کوڕەکەچەڵ زۆر شتی دیکەیشی گوتوون، بەڵام کوڕەقژدرێژ بەرگەی نەگرتووە و خەوی لێ کەوتووە، یان بووراوەتەوە. کاتێ چاو دەکاتەوە، لەوێ نەماوە. تۆ بڵێی جارێکی دیکە بیبینێتەوە؟))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٨٣-٨٤) دوای ئەوەی (کوڕە قژدرێژ) دەکەوێتە داوی خۆشەویستی لەگەڵ هەریەکە لە (ژنی ژێرزمین) و (ژنی سالۆن)، لە لایەن دەزگای ئەمن هەر سێکیان بە تۆمەتی سیاسەت دەگیرێن. کاتێک لە ڕێی یەکێک لە گیراوەکان هەواڵی ئەوەی پێدەدرێت کەوا یەکێک لەم دوو ژنە لە ژێر ئەشکەنجەدا مردووە، ئەم هەواڵە تەزوویەک بە گیانیدا دەهێنێت و

ترسێکی زۆر دەخاتە دڵیەوە. لە ترس و دوودڵی دەژی و نازانێت کامیان گیانیان سپاردووە؟ **((خۆیشی نەیزانیوە هیوا دەخوازێت کامیان مابێت و ڕۆژێک لە ڕۆژان پێی بگاتەوە. هەست دەکات ئەو گرفتەی پێش گیرانی دەیتلاندەوە، هێشتا بەردەوامە، بەڵام بێگومان هیچ هێزێکی دیکە نییە وەک ئەو دەستگەیە بتوانێت کێشەی وا یەکلا بکاتەوە. تۆ بڵێی ئەوەی دیکەیشیان لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی دەرنەچووبێت؟ پرسیارە و بەردەوام دەیکات، بەڵام چۆن دەتوانێت وەڵام وەربگرێت؟))**(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٨٣-١٥٠)

(کوڕمان) کە کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان)ە، هەمیشە لەناو ترسێکی زۆر دەژی. بەهۆی ئەوەی مانگانە داوای ئەوەی لێدەکەن کە ڕاپۆرتێک بنووسێت لەسەر ئەو بابەتەی خۆیان بۆی دیاری دەکەن، چونکە هەر وشەیەک لە نێو ڕاپۆرتەکاندا ئاماژەن بۆ کۆمەڵێک شت. ئەو ڕەمز و ئاماژانەی ئەفسەر لای خۆی تۆماری دەکات و بەسەر یەکەوە کەڵەکە دەبن، دەبنە هۆکاری ئەوەی بەرەو گرتن و پەتی سێدارەی ببەن. **((ئەفسەری ئەمن دەیەوێت لەو هەڵسانگاندنەدا بگاتە مەبەستە شاراوەکانت. بۆ نموونە ئەگەر تۆ لە بارەی (دەرگە)وە بنووسیت، ئەوە (داخستن) مانایەکی جیاوازی لە هیی (کردنەوە) هەیە، کە دەشێ یەکەمیان وا لێک بدرێتەوە، تۆ لە ژوورەوە بە نهێنی خەریکی کارێکی قەدەغەکراویت، بۆیە دەرگەت داخستووە. دوور نییە کرانەوەی دەرگەیش ئەوە بگەیەنێت کەسێکی بێباکیت و گاڵتەت لە یاسا دێت. ڕەنگە ئاودانی باخ وا بخوێنرێتەوە دەرەوە بە دۆزەخ دەزانیت، بۆیە دڵت بە گوڵ و درەخت خۆش دەکەیت، بەڵام خۆ دەکرێت وشکبوونی ئەو باخە نیشانەی بێهیواییت بێت و سیستەمی حوکمڕانی بە هۆکار بزانیت.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٣٥-٣٦) ئەگەرچی (کوڕمان) وا هەست دەکات ژیانی لە مەترسیدایە و هەموو کات مەرگ لێی نزیکە، کەچی لای (پەنژێ پیرۆت)ی خەسووی وا خۆی نیشان دەدات کە ئەم ڕاپۆرتانە بۆ مامۆستاکانی دەنووسێت، بەوەی خۆی خوێندکاری بەشی کۆمەڵناسییە. خەسووشی هەست بەو ترسە دەکات. **((لەو ڕۆژەوە بوویەتیە هاوسەری کچەکەی، لە جاران پتر دەترسێت و نیگەرانییەکەی گەورەتر بووە، چونکە خەونی ئەوەیە پێش ئەوەی بە یەکجاری چاو لێک بنێت، نەوەی خۆی ببینێت، لە کاتێکدا هیوای بە (ماریۆ)ی کوڕی نەماوە، کە دەربەدەر بووە و باوەڕ ناکات هەرگیز بگەڕێتەوە، بۆیە نایەوێت لەوەی (ڤیان)یش نائومێد ببێت. پێی وایە ئەسوودەیی ئەگەر هەشبووبێت، بۆ هەتا هەتایە نەماوە. وا چاکترە بە دوای ڕووناکییدا بگەڕێیت. مەبەستی منداڵە.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٣٧) ترسی (کوڕمان) زیاتر دەبێت کاتێک دەزانێت سیخوڕیشیان بۆی داناوە. (کوڕمان) دوای ئەوەی بە ناسنامەیەکی ساختە دەچێتە بەغدا بۆ بەجێگەیاندنی چەند ئەرکێک بەوەی ئەندامی چالاکی پارتێکی چەپە، لە گەڕانەوەدا چاوی بە کچێک دەکەوێت کە دوو تووتکە سەگی پێیە و دەیەوێت

بچێت بۆ بەغدا. کچەکە ناوی (ڤیان)ە، لە زانکۆی بەغدا لە بەشی تەلارسازی دەخوێنێت. (ڤیان) داوا لە (کوڕمان) دەکات یارمەتیی بدات تا بتوانێت ئەم تووتکە سەگانە بە سەلامەتی بگەیەنێتە بەغدا. لێرەدا (کوڕمان) هەست بە ترسێکی زۆر دەکات، چونکە کۆمەڵێک کاغەزی قەدەغەکراوی لە نێو فۆڵدەری زانکۆی حەشارداوە بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە شوێنی مەبەست. **((بەو ڕێگە ترسناکەدا چوویت و گەڕایتەوە، کەچی هێندەی ئەم چەند دەقەیە هەستت بە ترس نەکردووە. دەتەوێت بە خێرایی بچیتە لای هاوڕێکانت و کاغەزەکانیان بدەیتێ، تا کەمتر هەست بە مەترسی بکەیت و هێندەیش خەیاڵت لایان نەبێت، بەڵام لەوێ نەماون. دڵت دادەچڵەکێت. چییان بەسەر هات؟ هاوڕێی منداڵیتن و چاکیان دەناسیت، کە چەند پابەندی بڕیاری سەرەوەیانن. باوەڕ ناکەیت هەر لە خۆیانەوە ڕۆیشتبێتن. ئایا هەستیان پێکرا و گیران.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٦١-١٦٢) ترسی (کوڕمان) زیاتر دەبێت کاتێک دوو لە پیاوانی ئەمن لە گەراژ بەرانبەری دەوەستن و داوای ناسنامەی لێدەکەن. **((لەو کاتەدا دوو پیاوی ڕەشتاڵە، یەکێکی چوارشانە و یەکێکی ڕەقەڵەی درێژ لە بەرانبەرتدا دەوەستن و داوای ناسنامەت لێ دەکەن. بۆنی عەرەقەیان لێ دێت. ئەگەرچی زیاتر هەست بە ترس و نیگەرانی دەکەیت، بەڵام هەوڵ دەدەیت خۆت ئارام نیشان بدەیت. لە گیرفانی دواوەی پانتۆڵتی دەردەهێنیت دەیدەیتە دەست ڕەقەکەیان.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٦٢) پرسیاری ئەمنەکان لێرە کۆتایی نایەت، دەگەڕێنەوە لای و لە بارەی تووتکە سەگەکان چەندین پرسیاری دیکەی لێدەکەن تا دوا جار داوای لێدەکەن بچێت بیمەی سەلامەتی بۆ تووتکە سەگەکان بهێنێت و بگەڕێتەوە. (کوڕمان) ترسێکی زۆری لا دروست دەبێت بەهۆی ئەوەی ناسنامەکەی ساختەیە. جگە لەوەش ئەو ناسنامەیەی بۆی دزراوە، هی خوێندکارێکی بەعسییە و لە زانکۆی بەغدا دەخوێنێت. لە هەمووی ترسناکتر، کۆمەڵێک کاغەزی قەدەغەکراوی لە نێو فۆڵدەرەکەیدایە و ئەمنەکان لێیان وەرگرتووە. هەر یەک لەمانەی لەسەر ئاشکرا بێت بەسیەتی تا لەژێر ئەشکەنجەدا دایڕزێنن. بۆیە لە ترس و نیگەرانییەکی ئێجگار زۆر دایە و قاچەکانی هەنگاوی دروست نانێن. **((کۆمەڵێک گرفت بە جارێ ڕووبەڕووت دەبنەوە و نازانیت لە کامیانەوە دەست پێ بکەیت. ڕزگارکردنی کاغەزە قەدەغەکراوەکان؟ گەیاندنی قەفەزەکە بە شوێنێکی گونجاو؟ گەڕان بە دوای ئەو سێ هاوڕێیەت، کە چاوەڕێت بوون و لە ناکاو دیار نەمان؟ ئایا چی ڕوودەدات، کاتێ (ڤیان) دەچێتە کۆلیجی ڤێرتێرینەری و لە بارەی (پرشنگ جەوهەر ڕۆستەم)ەوە دەپرسێت؟ چ کاردانەوەیەکی دەبێت، ساتێ ئەوەی دێتە بەر دەمی. کەسێکی تری تەواو جیاوازە لەوەی پێشتر بینیویەتی؟))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٦٦) هیچ کام لەمانە بە قەد وەرگرتنی فۆڵدەر لەلایەن ئەمنەکان، نایخاتە دۆخێکی شلەژاوی دەروونی. ترسەکەی دەگاتە لوتکە کاتێک یەکێک لە ئەمنەکان داوای

فۆلدەرەکەی لێدەکات. (( **- بگەڕێڕەوە! باشترە ئەو دەعبایە لێرە جێ بهێڵیت، تا دەستت نەگرێت و بتوانیت بۆ هەڵگرتنی قەفەزەکەی بەکاربهێنیت. لەگەڵ فۆلدەرەکەیەتی، کە کاغەزە قەدەغەکانی تێدان. ئینجا مەترسیی ڕاستەقینە دەستی پێ کرد، بگرە هەموو شتێک کۆتایی هات. بۆ ئەوەی گومانت لێ نەکەن، دەگەڕێیتەوە و دەیدەیتە دەستی، لە کاتێکدا هەوڵی زۆر دەدەیت شپرزەییەکەتیان لێ بشاریتەوە، بە مەرجێ لات ڕوونە هیچ شتێک سوودی نییە.**))(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٦٧) ئەگەرچی (کورمان) بە شێوازی ڕۆیشتنی دەناسرێتەوە، بەوەی لە کاتی ڕۆیشتندا هەنگاوەکانی هێواشن. کەچی ئەم ترس و دڵەڕاوکێ و شپرزەییە وای لێدەکەن هەنگاوەکانی زۆر زیاتر خاو ببنەوە، بگرە قاچەکانی زەوی ناگرن و هەمیشە چاوی لەناو گەراژە، چاوی لەوەیە کەی ڕووداوەکان بە جارێک دەتەقنەوە و شانۆکە دەستپێدەکات، هیوا دەخوازێت دوو باڵی لێ بڕوێت و بتوانێت بفڕێت تا خۆی لەم شوێنە زگار بکات.

جۆرێکی دیکەی ترس، بەرپابوونی جەنگە کەوا ترس لای خەڵک دروستدەکات و دەیانخاتە بارێکی ترس و نیگەرانییەوە. بەهۆی شەڕەوە وێرانکاری ڕوو لە وڵات دەکات و نەخۆشی و هەژاری؛ ژیانی خەڵک هەراسان دەکات و دەیانخاتە مەترسییەوە. لە ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان)دا وەگێڕی هەمووشتزان باس لەو ترس و دڵەڕاوکێ و ناهەمواریيانە دەکات کە بەهۆی جەنگی هەشت ساڵەی عیراق و ئێران بەسەر کۆمەڵگەدا دێت و لە پەلوپۆیان دەخات. **((دۆخەکە تا دێت زیاتر ترس دەخاتە دڵانەوە. پێشبینی دەکرێت نەک هەر جەنگێکی خوێناوی هەڵبگیرسێت و وڵات لەوەیش وێران ببێت، بەڵکوو خانووەکانیش بە پێوە نەمێنێن و برسێتی بگاتە لوتکە. کۆمەڵێک نەخۆشیی کوشندە بڵاوببنەوە و دەرمان دەست نەکەوێت، بگرە دەرگەی نەخۆشخانەکانیش دابخرێت.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٤٣٠) ترسی خەڵک لە شەڕ و ئاشووب، زۆرجار خەڵک ناچار بە کۆچ دەکات. هیچ ڕێگەیان لەبەر دەم ناهێڵێتەوە، تەنیا ئەوە نەبێت کۆچ بکەن بۆ ئەو ناوچانەی لە شەڕ دوورن. جاری واش هەیە ئەم شەڕە ناچار بە کۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵاتیان دەکات. (پەنژێ پیرۆت)ی خەسووی کورمان یەکێکە لەو کارەکتەرانەی وەکو تاکێکی قوربانی دەستی شەڕ بیر لەوە دەکاتەوە ئەم وڵاتە جێبهێڵێت. **((خەسووت بەو نەخۆشییە بیرۆکەی کۆچی هێناوەتە گۆڕێ، گوایە پێویستە تا زووە دەرفەت بهێنن و ئێرە جێ بهێڵن، بەڵام گرفتەکان زۆرن، کە یەکێکیان فرۆشتنی خانووەکانە، هەم ئەوەی تێیدا دەژین و هەم ئەوەی بە کرێ دراوە، چونکە بەپێی یاسا دەستیان بەسەردا گیراوە. تەنانەت "ڤیڤی" لای سەیرە ڕێیان داوە دانەیەکیان بەکرێ بدەن.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٤٣٠-٤٣١)

یەکێکی دی لەو ترس و دەروون پەشێوییەی تووشی مرۆڤ دەبێت، کوشتنی مرۆڤە. (وریا) کە لە ناسنامە ساختەکەدا باوکی (نیدی)یە، ئەو ئەمنەی ناسنامە ساختەکەی بۆ دروستکردووە، لە ترسی ئاشکرابوونی هەوڵی کوشتنی (نیدی) دەدات، بەڵام هەوڵەکەی سەرناگرێت. **((ئەو ئەفسەرەی ئەمن، کە بە پارە ناسنامەی ساختەی بۆ کردووە، پیاوەکانی ناردووە، تا لەناوی ببەن، نەبادا ڕۆژگارێک بەهۆیەوە تووشی کێشە ببێت. "دادە نەهران" تەلەفۆنی بۆ دەکات، بەڵام هەر هێندە دەنگی دەناسێتەوە خێرا دایدەخات. ئینجا دەچێتە لای و پێی دەڵێت گەمژە نییە و دەزانێت کێ ئەو منداڵەی کوشتووە.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٣٥٢-٣٥٣) ئەم دیمەنە هەمیشە لە هزر و خەیاڵی (نیدی) ئامادەیی هەیە، کاتێک هاوڕێکەی لەبەر چاوی گیانی دەردەچێت. ئەمەش ترسێکی زۆر لە دڵی دروستدەکات و شەوان لە قووڵایی خەودا ڕادەپەڕێت و خەوی لێ دەزڕێت. لەمەوە (وریا) و (دادە نەهران) بە ناچاری پلان دادەڕێژن ئەو ئەمنە بکوژن تا جارێکی دی هەوڵی لەم شێوەیە نەداتەوە. (وریا) دەمانچە لە هاوڕێکەی وەردەگرێت و ئەو ئەمنە دەکوژێت، بەڵام دوای ئەنجامدانی ئەم کارە؛ ترسێکی زۆری لا دروست دەبێت. وەگێڕ ئەو ترسەی (وریا)مان لە ڕێی گفتوگۆکردنی لەگەڵ (کوڕمان) بۆ دەخاتەڕوو. **((ئەودەم ویستییان لە تۆی بشارنەوە، بەڵام لە پشت دەرگەوە گوێت لە هەموو شتێک بوو، تەنانەت دایکت و پووریشت ئاگادار کرانەوە و ئەوانیش ئەمەیان بە دروستترین ڕێگە زانی. بۆت دەرکەوت یەکەمجارە (وریا) مرۆڤی کوشتبێت، چونکە نزیکەی دە ڕۆژ لە جێدا کەوت و وڕێنەی دەکرد. هەموو گیانی دەلەرزی، بگرە بەردەوام ددانەچۆقەی بوو. دوای ئەوەی هەستایشەوە، هێشتا ترسەکەی پێوە دەبینرا و زۆر نارێک هەنگاوی دەنا.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٤٣٣) دوای ئەوەی (وریا) دەگیرێت، هەموو بنەماڵەکەی هەست بە مەترسییەکی زۆر دەکەن. دەترسن لەوەی (وریا) بەرگەی ئەشکەنجەی ئەمن نەگرێت و هەموو شتێک ئاشکرا بکات. (کوڕمان) لە نێو خەیاڵەکانیدا ڕۆچووە و بیر لەو ساتە ناخۆشانە دەکاتەوە، کەوا (وریا) لەژێر ئەشکەنجەدا هەموو شتێک دەدرکێنێت. **((دیسان بیر لەوە دەکەیتەوە، کە ئەگەر (وریا) بەرگەی ئەشکەنجە نەگرێت و ددان بە ناسنامە ساختەکەی (نیدی)دا بنێت، هەموو شتەکان بە جارێ لە بار یەک دەچن. بێگومان بەم نەخۆشییە هەر دوو سێ کەیبڵی لێ بدەن، یەکەم شت بەوە دەست پێ دەکات.))**(کاکەسوور، ٤٤٨)

جۆرێکی دیکەی ترس؛ ترسە لە پیری. هەر مرۆڤێک کاتێک بەناو ساڵدا دەچێت و پیر دەبێت، هەنگاو بە هەنگاو لە مەرگ نزیک دەبێتەوە. لە گفتوگۆی نێوان (دیالا) و (کوڕمان)دا، کاتێک (دیالا) لەگەڵ (دادە نەسیمە)ی دایکی سەردانی (کوڕمان) دەکەن و لای دەمێننەوە. (دیالا) باس لە ترسی دایکی دەکات لە مردن، کە هەمیشە مردن وێردی سەر زاریەتی. ئەم ترسەش هەموو

بیری داگیرکردووە. ترسی ئەوەی هەیە بمرێت و نەوەکانی خۆی نەبینێت. (( **– دادە نەسیمەم جاران ئەو ترسەی لەگەڵدا نەبوو، یان ڕەنگە من هەستم پێ نەکردبێت.**

**– ئەو ترسە هیی سەرەتای ژیانیەتی، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا هەر ناخۆشی کردووە. زۆر لە پیری دەترسێت. لەوەتەی ئەو پڕۆژەیەی من و کوڕمان هاتووەتە ئاراوە، ترسەکەی زیاتر هەڵکشاوە و زوو زوو دەڵێت وا لە حەفتا نزیک دەبمەوە. حەفتا؟ ئایا مەرگ ڕێ دەدات منداڵەکانت ببینم؟**))(کاکەسوور،٢٠٢١: ٥١٤) ترس لە پیری، تایبەتمەندییەکی مرۆڤە و لە سەرەتای ژیانەوە لەگەڵیەتی، بەڵام (دادە نەسیم) بە بیانووی نەبینینی نەوەکانی، بە ئاشکرا ئەم ترسە دەردەبڕێت.

یەکێکی دی لە هۆکارەکانی ترس لای (کوڕمان)؛ (نیدی) خوشکیەتی. (نیدی) ئەگەرچی خوشکی ڕاستەقینەی نییە، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە زووەوە هاتۆتە ماڵیان و لەگەڵیدا گەورە بووە، زۆری خۆش دەوێت و وەکو خوشکی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. بۆیە هەمیشە ترسی ئەوەی هەیە لە دەستی بدات. ئەمەش هەمیشە وای لێدەکات بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات و لە مەترسییەکانی ژیان ئاگاداری بکاتەوە. (( **لە پۆلی یەکەمی ناوەندییەوە، دروستتر لەو شەوەوە (نیدی) هاتووەتە ناو ژیانتەوە، هەر جارێ بیر لە ئاییندەی دەکەیتەوە، ترسێکی قووڵ دادەگرێت. هەمیشە ترساویت لە دەستی بدەیت. سەرەتا بە هۆی نەخۆشی و دواتر بە هۆی شتی ترەوە. بۆ نموونە بەرگەی بەرگەی ئەو ژیانە سەختە نەگرێت، یان ناسنامە ساختەکەی ئاشکرا ببێت، تۆ بڵێ دیسان ئەفسەرە ئەمنەکە پلانی کوشتنی دابڕێژێتەوە. ئێستا لە هەر کاتێکی دی پتر لە چارەنووسی دەترسیت، بگرە کار بەوە گەیشتووە ژیانی خۆتت بە خەیاڵدا نەیەت و تەنیا بیر لەو بکەیتەوە.**))(کاکەسوور،٢٠٢١: ٣٩٩) (کوڕمان) لە خەیاڵەکانیدا ڕۆچووە و هەمیشە بیر لە پەیوەندیی نێوان (نیدی) و (شادی) دەکاتەوە، بە ترس و نیگەرانییەکی قووڵەوە لەو پەیوەندییە دەڕوانێت. ترسی ئەوەی هەیە کە پەیوەندیی (نیدی) لەگەڵ کەسێکی سیخوڕ، تەنیا بۆ ئەوە بێت لە ڕێیەوە نهێنیەکانی خۆی و کەسانی دیکە بزانێت. بۆیە هەمیشە دوودڵ و ڕاڕایە.

### – خەم

یەکێک لە دیاردە هەڵچوونییە دەروونییەکانە، تووشی مرۆڤ دەبێت و هیچ مرۆڤێک ناتوانێت لێی دەرباز بێت. مرۆڤ لەم گەردوونەدا دووچاری کۆمەڵێک ڕووداو و بەسەرهات دەبێتەوە،

ئەم ڕووداوە ناخۆشانەش کاردەکەنە سەر دەروونی مرۆڤ و دەیهەژێنن. ئەمانە هەمووی دەبنە سەرچاوەی خەم بۆ مرۆڤ، بەڵام بە ڕێژە و جۆری جیاواز. جۆر و قەبارەی ڕووداوەکان کاریگەریی خۆیان لەسەر ڕێژەی زۆری و کەمی خەم هەیە. هەندێک خەم ئاساییین و لە سنووری دەسەڵاتی مرۆڤدایە و دەتوانێت بەسەریدا زاڵ بێت. هەندێک خەمیش لە دەسەڵات و ویستی مرۆڤدا نییە، وەک مردنی کەسێکی ئازیزت، کە ئەمە ڕێژەی خەمەکە گەورە دەکات و کاتیشی دەوێت تا بەرەو کەمبوونەوە بڕوات. جاری واش هەیە بەردەوامیی ئەم خەمە مرۆڤ بەرەو نەخۆشیی خەمۆکی دەبات، کە ئەم نەخۆشییەش ((وەک نەخۆشییەکی دەروونی تووشی گەلێک کەس دەبێت و کەمتر خەڵک لە دەست ئەم نەخۆشییە ڕزگاریان دەبێت بە هەموو چین و توێژەکانەوە. جۆری خەمۆکی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی جیاوازە و زۆرترین ئەو کەسانە تووشی دەبن، کە هەستی خۆیان لە دەروونیاندا خەفە دەکەن و دەری نابڕن و زۆریان ڕوو دەکەنە هەندێک کار بۆ دوورخستنەوەی ئەو هەستە خەمۆکییە وەک بەرهەمی وێژەیی و بیری هونەری))(ڕەسووڵ،٢٠١٢: ١٧٨-١٧٩)

خەم هەست و سۆزی مرۆڤ دەهەژێنێت، هەندێک خەمیش لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤدا ڕەنگدەدەنەوە. لای نووسەرانیش لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە. هەڵچوونە دەروونییەکانیش هەوێنی لەدایکبوونی خەمن، واتە ((ئەو هەڵچوونە دەروونییەی کە داهێنانی لێ دەکەوێتەوە، زیاتر هەڵچوونی دەروونی خەمە.))(صالح،٢٠٠١: ٥٠) تاکی کورد بەهۆی ئەو بارودۆخ و ژینگە و واقیعە تاڵەی تێیدا ژیاوە، لە ستەم و ڕاوەدونان و کوشتن و ئەشکەنجەدانی جەستەیی و دەروونی، شەکەت و ماندووی کردووە و هەردەم خەم بە ڕووخسارییەوە دیارە، ئەم خەمە، بووەتە بەشێک لە ئەدگار و خەسڵەتی فۆرم و شێوەمان. ئەمەش گوازراوەتەوە نێو پانتایی ڕۆمان و بەتەواوی لەگەڵ پانتایی دونیای واقیع و خەیاڵ یەکتری تەواودەکەن.

لە ڕۆمانی (ڕێگەکانی ژەهر)دا، دوای ئەوەی (دکتۆر جاهیقان زانستی) هەر چوار کوڕەکەی بە قاچاغچی بۆ هاندەران دەنێرێت، تا لە وڵاتیان دوور بخاتەوە کەوا شەڕ بەرۆکی گرتووە. کاتێک بە ناوچەیەکی شاخاوی تێپەڕ دەبن و لە کانییەک ئاو دەخۆنەوە، بە هۆی ئەوەی ئاوی ئەم کانییە لە لایەن دوژمنەوە ژەهری تێکراوە، ژەهراوی دەبن و سیانیان دەمرن. ئەوەی دەمێنێتەوە بە پەڕچوو ڕزگاری دەبێت و دەگاتە هاندەران. ئەوەی جێی سەرنجە ئەو ڕزگار بووە ناوی (ڤ پ ژ چ)ی لێنراوە و یادەوەریی لە دەستداوە. خۆی ناناسێتەوە و نازانێت ئەو ڕزگاربووە کامیانە؟ ئەمەش دەیخاتە دۆخێکی دەروونیی ئاڵۆزەوە و بەم ئازارە دەتلێتەوە. **((لەو چوار برایە تەنیا ئەم یەکەیان بە زیندوویی ماوە، بەڵام تاکوو ئەمڕۆیش، کە نزیکەی**

**بیستونۆ ساڵ بەسەر ڕووداوەکەدا تێپەڕیوە، دەرنەکەوتووە ئەو زیندووە کامیانە. بەو مەبەستەی ڕوونتر لێم تێبگەن، پێویستە بڵێم ئەوەی لە ژیاندا ماوە، خۆی نازانێت کامیانە، چونکە ڕابوردووی لەگەڵ هیی سێیانەکەی دیکەدا لێ تێکەڵ دەبێت.))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ١٨٠) ئەو ناسنامە ساختەیەی قاچاغچی بۆی دروستکردووە تا پێی گەیشتووەتە دەرەوەی وڵات، (ڤ پ ژ چ)ە. ئەو وا دەزانێت هەر پیتێک ناوی یەکەمی یەکێک لە براکانە، بەڵام ئەم کامیانە، ئەوە مەتەڵێکە و بۆی هەڵنایەت. ئەوەی خەمەکەی گەورەتر کردووە، لە دەستدانی زمانیەتی. تەنیا ئەو کاتە دەتوانێت بێ کێشە قسە بکات، کە شتێکی تیژ وەکو چەقۆ یان هەر شتێکی پێ بێت. ئەمەش گرفتێکی گەورەی بۆ دروستکردووە، چونکە هەڵگرتنی ئامێرێکی لەو شێوەیە لە هەندێک شوێن قەدەغەیە و هەندێک جاریش مەترسیی بۆ دروست دەکات. لە کاتێکدا لە نووسینیشدا دەستێکی باڵای هەیە، بەڵام نایەوێت خۆی وەکو لاڵ ناونووس بکات. ئەمەش دیسان نغرۆی خەمێکی دیکەی کردووە. خەمی لە دەستدانی زمان بێ بوونی ئامێرێکی وا، خەمی دوور کەوتنەوەی هاوڕێ و گێڵفرێندەکانی کاتێک ئامێرێکی وای لە لا بێت. (مالینا)ی خۆشەویستیی تاکە کەسە بە بوونی ئەو ئامێرە تیژە لای؛ جێی ناهێڵێت. کاتێکیش لە شەوێکدا جێی دەهێڵێت و لە نامەیەکدا بۆی دەنووسێت، کەوا هۆکاری جێهێشتنی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو لە کاتی خەودا زۆر قسە دەکات و دەمی ناوەستێت. (ڤ پ ژ چ) پێی وایە ئەمە هۆکارێکی باشە بۆ ئەوەی لە نائاگاییدا بتوانێت خۆی بدۆزێتەوە و لەو نیگەرانی و خەم و ئازارە ڕزگاری بێت. بۆیە ڕیکۆردەرێک ئامادە دەکات تا لە کاتی خەودا دەنگی تۆماربکات. ئەمەش دووچاری خەمێکی گەورەتری دەکاتەوە، چونکە بە هۆی ئەو ڕاڕایی و دوودڵییەی دووچاری دەبێت، خەوی دەزڕێت. **((چ ئازارێکی گەورەیە، تۆ سوور بزانیت لە خەودا خۆت دەدۆزیتەوە، بەڵام ئەو هەموو خەیاڵە بێتامە ڕێت نەدەن پێی بگەیت! بەڵێ، تەنیا لە خەودا دەتوانێت خۆیی ڕاستەقینەی بۆ ئاشکرا ببێت و ژیانێکی نوێ دەست پێ بکات، ئەگەر بۆ چەند دەقەیەک چاوانی لێک بنێت و بگاتە ئەودیوی سنووری ئاگاییەوە، کەچی مەحاڵە.))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ١٩٥) ئەم خەم و ئازارە تەواو ژیانی دەشێوێنێت. بۆیە کاتێک لەناو فڕۆکە بیر لەوە دەکاتەوە، ئەگەر بگاتەوە شوێنی خۆی و یەکێک بیناسێتەوە، کە کامەیانە، دووچاری شۆکێکی دەروونیی گەورە نابێت؟ بۆیە بڕیار دەدات ئەو گەشتە نەکات و هەر لە دانیمارک بژیت، تا هەموو ژیانی هەر لە نائاگاییدا بمێنێتەوە. هەر بەو یادگاریی و بیرەوەرییە تێکەڵاوە ژیان ڕێ بکات. هەر لەم ڕۆمانەدا کاتێک (ئەرڤارد)ی کارەکتەری سەرەکی لەگەڵ (نەرمین) ژیانی هاوژینی پێکدەهێنێت، دەبنە خاوەنی منداڵێک. منداڵ لە تەمەنی سێ ساڵی کاتێک لەگەڵ دایکی دەچێتە بازاڕ، ون دەبێت. تا ئێستاش کەوا تەمەنی لە هەشتا ساڵ نزیک دەبێتەوە، ئەو خەم و ئازارە قووڵەی

ناخی دانەمرکاوەتەوە و بەو هیوایەیە ڕۆژێک بیدۆزێتەوە. ئەم ڕووداوە خەمناکە کاریگەرییەکی زۆری کردووەتە سەر پەیوەندیی نێوانیان. ئەگەرچی ئەم کاریگەرییە لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری (نەرمین) دەردەکەوێت، بەڵام (ئەرڤارد) زیاتر بەم ڕووداوە هەراسان بووە. ((**ڕاستە نکوولّی لەوە ناکرێت (نەرمە) زۆر پێی تێک چوو، بە ڕادەیەک لە هەڵسوکەوتیشیدا ڕەنگی دایەوە، بەوەی وەک جاران بەرگەی تەنیاییی نەدەگرت و جاروبار دەچووە لای پووری، کە لە شارێکی تردا دەژیا، بەڵام هێشتا خۆی زیاتر بیری دەکرد و بۆی دەگریا. پێشتر هەرگیز دڵۆپێک فرمێسکی بۆ هیچ کەسێک و بۆ هیچ شتێک نەڕشتبوو، بەڵام خۆی لە ئاستی ئەو هەواڵەدا نەگرت و ماوەیەک بەردەوام دەنووزایەوە. ئەو گۆرانییانەی دەگوت و دەگریا، کە پێشتر بۆ ئەوی گوتبوون.**))(کاکەسوور،٢٠١٧: ٢٥٩) ونبوونی ئازیزان، جا ئەگەر ئەو ئازیزە جگەرگۆشەت بێت، ئازارەکەی زۆر لە مردن بە سوێترە، چونکە لە ونبووندا هەمیشە چاوەڕێی ئەوە دەکەیت ڕۆژێک ونبووەکەت لە دەرگا بدات و بگەڕێتەوە باوەشت، ئەمەش دەتخاتە دۆخێکی پڕ لە ڕاڕایی و نیگەرانی و خەم و ترسەوە. (ئەرڤارد)یش دوای ماوەیەکی زۆر، هەمیشە وێڵە بە دوای ونبووکەیدا و چاوەڕێیە ڕۆژێک بگەڕێتەوە. پرسیارگەلێک بەردەوام یەخەی دەگرێت، هەمیشە گینگڵ دەخوات و بەو ئازارەی ناخی دەتلێتەوە. ((**چیی بە سەر هات و کێ بردی؟ ئایا ئەوەی بردوویەتی، چ دوژمنایەتییەکی لەگەڵدا هەیە؟ تۆ بڵێی یەکێک بێت لەوانەی بەهۆی ئەمەوە زیانیان بەرکەوتووە؟ بەڵام ئەوانە هێندە زۆرن، لە ژمار نایەن، تاکو یاخەیان بگرێت. درۆ دەکات، ئەگەر ئەمڕۆ، کە تەمەنی وا لە هەشتا نزیک دەبێتەوە، بڵێ ئەو کچەی لە بیر چووەتەوە، بگرە هەمیشە چاوەڕێیە بگەڕێتەوە، تەنانەت لەم شارەیشدا ئەو چاوەڕێییەی نەبڕاوەتەوە.**))(کاکەسوور،٢٠١٧: ٢٥٨) (ئەرڤارد) بەهۆی ونبوونی کچەکەی، کۆمەڵێک پرسیار هەمیشە لە مێشکیدا دەخولێتەوە، کە ناتوانێت وەڵامەکانیان بەدەست بخات، چونکە ئەم وەڵامانەی بە دۆزینەوەی ونبووەکەی دەستدەکەوێت. ئەمەش وای کردووە، ترسی لە دۆزینەوە و دەستکەوتنی وەڵامەکاندا هەبێت، بەردەوامیش چاوەڕێیە!

خەمی (دلاوەر)ی کارەکتەری سەرەکی لە ڕۆمانی (ڕێبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)دا، خەمێکی قووڵە. خەمێکە ژیانی لە بەردەم ڕەشکردووە، کاتێک ئەو هەموو خەڵکە بێ تاوانە دەبینێت، لە لایەن حەرەس قەومییەکان لە ستوونی ئەلیکتریک و درەختی قەراغ شەقامەکان هەڵواسراون و شوێنەواری گوللە بە جەستەیانەوە دیارە. تەنانەت کەس و کاریان بوێری ئەوەیان نییە لاشەی ساردی ڕۆڵەکانیان وەربگرنەوە و بیاننێژن. ئەم دیمەنانە (مامۆستا دلاوەر) تەواو ماندوو دەکات. ((**مامۆستا دلاوەر بێجان ئەو ڕۆژە هێندە هەست بە ماندوێتی دەکات، لە ڕێگە لا دەداتە گۆڕستانی چراغ، کە بە ئارامترین شوێنی دەزانێت، بۆ ئەوەی کاتێ بە**

**نێـــو گۆڕەکانـــدا دەڕوات، خەم و ناســـۆری دڵـــی خـــۆی هەڵبڕێژێـــت و هەنـــدێکیش بگـری.))**(کاکەسـوور،٢٠١٥: ٥٩) (مامۆسـتا دلاوەر) واقـی وڕمـاوە لە خەڵکـی ئەم شـارە، بەوەی خەڵکەکەی لە کەیف و سەمای خۆیان ناکەون، وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت، لە کاتێکدا هەر لەم شارە کۆمەڵێکی دی خەریکی ناشتنی ئازیزانیانن. ئەمەش زیاتر ئازاری دەدات. **((ئێستا پڕ بە دڵ ئارەزووی ئەوە دەکات پاچێک لە یەکێ لەو پیاوانە وەربگرێت و زەویی پێ هەڵبکۆڵێت،، نەک بۆ ئەوەی لە ناشتنی مردوودا یارمەتییان بدات، کە ئەمە ئەو کارەیە لە هەموو ژیانیدا بە لایـــدا نەچـــووە، بەڵکـــو ڕێگەیەکـــی گونجـــاوە بـــۆ فڕێـــدانی ئەو هەمـــوو ناســـۆرەی ناخی.)**(کاکەسوور،٢٠١٥: ٦٢) هۆکاری دروستبوونی خەمە قووڵەکەی (دلاوەر)، دوورکەوتنەوەی لە خۆشەویستەکەی و لەدەستدانی ئازیزترین و نزیکترین کەسەکانی ژیانی، ئازار چەشتن و گـرتن و ئـازاردان بە دەسـت نەیـاران، ئەمەش وای کـردووە هەسـتی تەنیـایی تەواوی ژیـانی بتەنێت.

دیاردەی خەم هەر تەنیا کارەکتەری سەرەکیی لەم ڕۆمانە ناگرێتەوە، بەڵکو کارەکتەرەکانی دیکەش لێی بێ بەش نین. ئەم کارەکتەرانە تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیەن، کە بە درێژایی مێژوو خەم یەخەی گرتـوون و لێیـان دانابڕێت. (شـیرین قەڵاتـی) دایکـی (دلاوەر) لە نێو خەمێکـی قووڵـدایە. وەک هەزاران دایک و خوشکانی ڕەشپۆشی کورد؛ کە هەمیشە لە خەمی هاوسـەری کوژراو و ڕۆڵەی ونبوو و بـرای شـەهید دان. وەگێڕی هەمووشـتزان بـاس لە خەم و ناسـۆری ئەم دایکە دەکات، کەوا بەهۆی کوژرانی (سیامەند بێجـان)ی هـاوژینی و ونبـوونی (دلاوەر)ی کـوڕی و لە جێدا کەوتنی (یوسف)ی برای، کە لە لایەن نـاحەزانەوە دووچاریـان بـووەتەوە. **((بێگومـان ئەوە خەمێکی گەورەیە، بە تایبەتی بۆ (شیرین قەڵاتێ)، کە لە ماوەیەکی کەمدا مێردی بکوژرێت، بێ ئەوەی بزانێت هۆکارەکەی چییە و کێ کوشـتوویەتی، تـاقە کوڕەکەی ون ببێت و (یووسـف قەڵاتـێ)ی برایشـی وەک تـۆپەڵێ گۆشـت لە جێدا بکەوێت، بە جۆرێـک نەتوانێت تـاکو بەر دەرگەیـش بچێـت.))**(کاکەسـوور،٢٠١٥: ١٤٦) ئەگەرچـی (شـیرین قەلاتـی) هۆکـاری هەمـوو مەینەتییەکـانی خێـزانەکەی لە چـاوی (ویـداد دێرتـی) دەبینێت. پێی وایە ئەو بـووەتە هۆکـاری هەموو ئەو چەرمەسەرییەی بەسەر هاوسەر و کوڕ و براکەی هاتووە، بەڵام لەبەر دڵی براکەی هەمیشە ئەو خەمەی لە ناخیدا حەشارداوە و پێیەوە تلاوەتەوە.

لە ڕۆمـانی (یـادەوەریی بووکەڵەکـان)دا، خەم و خەفەت بەرۆکـی خـانەوادەی (کوڕمـان)ی گرتـووە. بە هـۆی ئەوەی (کوڕمـان) بڕیـاری داوە نەچێتە مەشـقی سـەربازی، بـۆیە (ڤیـان)ی خێزانـی و (پەنـژێ خـان)ی خەسـووی و (نیـدی)ی خوشـکی زۆر نـیگەران و خەمبـارن و لە

ئایندەی (کورمان) دەترسن. وەگێڕ باس لەو کاتە دەکات، کەوا مەشقی سەربازی نزیک بووەتەوە و (کورمان) خۆی یەکلا کردووەتەوە، کە نەچێتە ئەو مەشقە. ئەمەش بارودۆخی ماڵەوەیانی بە تەواوی شێواندووە. **((خەسووت سێ ڕۆژە خۆی خزاندووەتە ژوورەوە و دەرگەی داخستووە، مەگەر شەوان دوای ئەوەی ئێوە دەچنە سەر جێگە، بۆ ماوەیەکی کورت بێتە دەرێ. (ڤیان) دەمولچی بە یەکدا داوە و شەوانیش پشتیت تێ دەکات. ئەو بە پلەی یەکەم لەوە توورەیە، کە تۆ وەک ناچیتە ئۆردوگا، با بە قسەیت بکردایە و ماڵتان بۆ یەکێ لەو شارانەی کوردستان بگوێزایەتەوە. تا بۆت بکرێت لێی دەشاریتەوە گیانتان لەوێ زیاتر مەترسیی لەسەرە. بارودۆخی ماڵەکە بە ڕادەیەک ناخۆشە، بە کەڵکی ژیان نەماوە، بۆیە بەشێکی زۆری کاتت لە دەرەوە بە سەر دەبەیت.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٣٤٠-٣٤١) ئەو بارە دەروونیی و خەمۆکییەی دووچاری (کورمان) هاتووە، وای لێکردووە لە نێو ترس و نیگەرانیی و ئازاریی دەروونی و خەیاڵەکانیدا ڕۆبچێت و لە نێو ئازارەکانیدا گوزەر بکات. بۆیە هەمیشە حەز دەکات بە تەنیا بێت و لە دەرەوەی ماڵ بە دەم پیاسە و هاتووچۆوە خەیاڵی بۆ سەد لا دەچێت و دەستەوەستانە.

ونبوونی ئازیزان و نەزانینی هەواڵیان، یەکێکی دیکەیە لەو هۆکارانەی وا دەکات مرۆڤ تووشی خەمۆکی بێت. دوای ئەوەی (نیدی) و (شادی) لە هەولێر ون دەبن و کەس سۆراخیان نازانێت، دایک و خوشکی (شادی) زۆر نیگەرانن و بەدوای هەواڵێکدا وێڵ و سەرگەردانن. دایکی (شادی)، خەمی گیرانی براکەی کەم نییە، ونبوونی کوڕەکەیشی هاتە سەر. بۆیە بەردەوام هەوڵدەدات هەواڵێکی دەستبکەوێت. **((جگە لە خەمی (نیدی) و (شادی)، خەمێکی گەورەتر یەخەی گرتوون. سەرۆکی مونەزەمە قۆڵبەست کراوە و کەس نازانێت لە چ زیندانێکە. (ست فریال) ڕۆژانە دێت و بۆ ئەو برایەی دەگری، بگرە ئەژنۆی شکاوە و لە ژنەکەی جاران ناچێت.))** (کاکەسوور،٢٠٢١: ٤٦٢) لە نێو ئەو تەنیایی و خەم و نیگەرانییەدا، تاکە شوێن بۆی بچن، ماڵی (پەنژێ خان)ە، پێویستیشە ئەو هەواڵە ناخۆشە لە سینەیان هەڵبگرن و لێی بشارنەوە. **(("ڤیڤی" تکای لە (ست فریال) و (دالیا) کردووە، تا دەکرێت لە دایکی بشارنەوە، کە (نیدی) هەواڵی نییە، چونکوو لای ڕوونە ئەگەر بزانێت ئاگاتان لێی براوە، بەرگە ناگرێت و گیانی دەردەچێت. خۆ ئەگەر نەشمرێت، ئەوە هێندەی تر لە جەرگی ئێوە دەژەنێت.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٤٦٣)

لەدەستدانی ئازیزان یەکێکی دیکەیە لەو هۆکارانەی وا دەکات مرۆڤ تووشی خەمۆکی بێت، ئەم ئازارەش هەمیشە لە ناخیدایە و پێیەوە دەتلێتەوە. (وەستا هیشۆ) و (مازێ)ی خێزانی زۆر خەمبارن بەوەی منداڵیان بۆ ناژی. لە تەمەنێکی زۆر بچووک بە نەخۆشییەکی کتوپڕ دەمرن.

ئەمەش دنیـای لەبەر چـاوی (وەسـتا هیشـۆ) ڕەش کـردووە و چێـژ لە خۆشـییەکانی ژیـان وەرناگرێت. ئەگەرچـی ئەو لە نێـو خـانەوادەکەی وەدەرنـراوە و لێـرە گیرسـاوەتەوە و کـاری تاقەت پڕووکێنیان پێکردووە، تا گەیشتووەتە ئەو ڕۆژەی خۆی بووەتە خاوەن کورەی خۆی و ژیانی هاوژینی لەگەڵ (مازێ) پێکهێناوە تا تۆزێک بحەسێتەوە و ئاسوودە بێت. بە واتایەکی دی سـەختی و هەورازەکـانی ژیـان هەرگیـز بە قەد مردنـی جگەرگۆشـەکانی نیگەران و خەمباریـان نەکـردووە. مردنـی منـداڵەکانی لە تەمەنێکـی وا زوودا، خۆشـییەکانی ژیـانی لـێ تێکـدەدەن و دەیخـزێننە نـاو خەمێکـی قـووڵەوە. ((**هەر هێنـدە تەمەنیـان دەگـاتە شـەش حەوت سـاڵ، بگـرە زووتریش، نەخۆشی دەیانخات و بەدەم ئازارەوە دەتلێنەوە. دوای ماوەیەک گیانیان دەردەچێت. ئێستا کوڕێکی دوو ساڵانی ماوە و هەمیشە دەترسێت، بە دەردی ئەوانی تر بچێت. (مـازێ) نـاوی (ئاوهـات)ی لـێ نـاوە، گـوایە مانـایەکی گەشـبینانەی بە هیـوایە نەخۆشـی لێـی نزیـک نەبێـتەوە.**))(کاکەسـوور،٢٠٢١: ٥٣٠) (وەسـتا هیشـۆ) هەمـوو ئومێـدێکی بە (ئاوهـات) هەیە، کەوا ئـارامیی بە دڵـی ببەخشـێت و تۆزێـک لەو خەمەی کەم بکـاتەوە و لە ژێـر سـێبەریدا پشـوویەک بـدات، بەڵام نەخـۆش کەوتنـی ئەو منداڵەیشـی تەواو بـێ ئومێـدی دەکـات و خەمەکـانی قـووڵتر دەکـاتەوە. بەمەش سـەختی و هەورازییەکـانی ژیـان، هەرگیـز بە قەد مردنـی جگەرگۆشـەکانی نیگەران و خەفەتباریان نەکرد. ((**"وەستا هیشۆ" تەواو پشتی شکاوە، چونکە هیچ کەسێک وەک ئەو نەیتوانیوە دڵی (ئاوهات) ڕابگرێت، بە تایبەتی لەوەتەی ئەو دەردە پیسەی گرتووە. هیوای چاکبوونەوەی نەماوە، بەوەی هەمان نیشانەکانی ئەوانەی پێشووی هەن. تای گەرم، ڕشانەوە، کۆکە و لەرزین، بەڵام لە سەرووی هەموویانەوە ددانەچۆقەیەکی سـەیر، کە پێوەی دیـارە چ ئازارێکی گەورە دەیتلێنێتەوە.**))(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٥٤٦) ئەگەرچی (ئاوهات) تاکە منداڵی وەستایە، کە مردن زەفەری پێ نەبردووە و ئاهێکی خستووەتە دڵیانەوە، بەڵام کوژرانی (وەستا هیشۆ) و (زۆرزان)ی زڕ کوڕی بە دەستی جەندرمەی عوسمانلی، هێندەی دی خەمەکانی (مازێ) قووڵتر دەکەنەوە. (مازێ) وەکو ژنێکی تەنیا، نازانێت چۆن بەرگەی ئەم هەموو خەمە بگرێت. خەمی لە دەستدانی کوڕ و مێردی، خەمی ئایندەی (ئاوهات)ی نەخۆش. ((**دیـارە سـەختە لە کـاتێکی وەک ئێستادا، کە هێشتا تەرمەکان نەنێژراون، لە خەمی ئاییندەیدا بێت، بەڵام ڕاستییەکەیشی ناکرێت بە لاوەی بنێت. ئەوەتە هێندەی لە خۆی داوە، خوێن لە گیانی دەچۆڕێتەوە. تـا ئەم سـاتەیش فرمێسک بە چاوانیدا دێتە خوارێ، بەڵام ژنێکی بێکەسـی وەک ئەم ئەگەر لە ئێسـتاوە خەمـی (ئاوهات) نەخوات، کێی هەیە بە هانایەوە بێت؟**))(کاکەسوور،٢٠٢١: ٥٧٤)

دیـاردەی خەم لە کـارەکتەرە لاوەکییەکانیشـدا ڕەنگـی داوەتەوە. (ئامـاڵ)ی دراوسـێی (پەنـژێ خـان) دوای ئەوەی مێـردەکەی لە لایەن (شـینە جەنەڕاڵ) دەکوژرێـت و منـداڵە بچـووکەکەی بە

هـۆی نەمـانی بـووکەڵەکەی گیـان لە دەسـت دەدات. ژنێکـی تەنیـا لە نێـو خەمێکـی قـووڵی لە دەستدانی مێرد و کوڕەکەی نغرۆ بووە، تـاکە کەس بچێتە لای و خەمەکانی لا بە بـا بکـات و تۆزێک باری دەروونی هاوسەنگ بێت، (دادە نەهران)ە. ئەو خەمە قووڵەی ئەم ئافرەتە بـارێکی سەختە و هەمیشە لە نێو ئەو ئازارەدا دەژی و ناتوانێت خۆی لەو خەمۆکییە دەرباز بکات.

**- پێش هەست**

کۆگـای هەمـوو ئەو شـتانەیە، کەوا مـرۆڤ دەتوانێـت لە ڕێـی یـادەوەریی خـۆیەوە بیهێنێتەوە نـاوچەی ئاگـایی. وەگێـڕ لە ڕۆمـانی (یـادەوەریی بووکەڵەکـان)دا لە ڕێـی تەکنیکـی دواخـراوی، لەسـەر زەینی کـارەکتەری سـەرەکیی (کوڕمـان)، یـاد و بیرەوەریـی ژیـانی ڕابـردووی بە هـۆی ڕووداوەکانی ئێسـتا دەگێڕێتەوە. هەر لە سـەرەتای گەیشـتنی بە دەرەوەی وڵات، کـارکردنی لە کتێبخانەیەکی گشتیی ئەم شارە، کچێک بە ناوی (لۆنـا) دەناسـێت. (کوڕمـان) بە (لۆنلـۆن) بـانگی دەکـات، ئەمەش پرسـیار لای (لۆنـا) دروسـت دەکـات، کە بـۆچی بە نـاوی خـۆی بـانگی ناکـات. (کوڕمـان) لە ڕێـی ئەم تەکنـیکە هۆکـاری ناوهێنـانی بەم نـاوە بـۆ ڕووداوێـک و بیـرەوەرییەک دەگێـڕێتەوە، کەوا لە گەنجینـەی پـێش ئاگـاییەوە خەزن کرابـوو. لە ڕێـی یـادەوەرییەوە ئەم چیرۆکە دەهێنێتەوە بۆ جیهانی هەستی. **((جارێکیـان پێیـت گـوت (لۆنلـۆن) بـووکەڵەی منداڵێکی دەراوسـێتان بـوو لە بەغـداد، بەڵام لە کـاتی بۆردومـانی شـارەکە لە ژێرزەمینێکدا لێی دزرا و نەیدۆزییەوە، بۆیە لە حەژمەتـان گیـانی دەرچـوو. ڕاسـتییەکەی ئەو کـوڕە بـاوەڕی نەدەکـرد دزراوە، بەڵکوو وای دەزانی تۆپی بەر کەوتووە و کوژراوە، تەنـانەت دەگریـا و دەیگـوت هـیچ نەبێت ئێسقانەکانی بۆ بهێنن، تا لای خۆی بیانپارێزێت. کاتێ وشـەی (ئێسـقان) لەگەڵ وشـەی (بووکەڵە)دا دێت، وەک شتێکی سـەیر دەکەوێتە بەر گوێچکە، بۆیە پێویستە بگوترێت ئەو وا لە بـووکەڵەکەی دەڕوانـی مرۆڤـی ڕاسـتییە.))**(کاکەسـوور،٢٠٢١: ١٦) دوای گێڕانەوەی ئەم چیـرۆکە، (لۆنـا) دەیەوێـت بزانێـت، جـگە لە نـاوەکەی چ خـاڵێکی دیـکەی لێکچـوو لە نێـوان ئەو و ئەو بووکەڵەی باسی دەکات هەیە؟ ئەگەرچـی (کوڕمـان) دەزانێت خـاڵی دیکەی لێکچـوو هەن، بەڵام نایەوێت لەوە زیاتر بۆی ڕوون بکاتەوە. **((شەرمت لە خۆت کردەوە. بۆت دەرکەوت هەم قژی و هەم چاوەکـانی لە هیـی بـووکەڵەکە دەچـن. شـڵەژایت. بـۆچی تـازە هەسـت بەوە دەکەیـت؟ ویستت بیشاریتەوە و پێی نەڵێیت، بەڵام نەتتوانی. سەری داخست و بێدەنگ بوو، کە دەتزانی بیر لە شتێک دەکاتەوە. بێگومان ئەو شتەیش پێوەندیی بە لەیەکچوونی خۆی و (لۆنلۆن)ـەوە هەیە. دەترسـایت ئەمجارەیـان بپرسـێت کـێ بـووکەڵەکەی بـۆ کڕیبـوو. بـۆچی لەو پرسـیارە**

**دەترسـایت؟ وەڵامێکـی دروسـتت دەسـت نەدەکەوت.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٧) ئەم چیرۆکە و ڕووداوەکانی پەیوەست بەم چیرۆکە، لە بیرەوەری (کورمان)ن، کۆمەڵێک ڕووداو و بەسەرهاتن و لە کۆگای پێش هەستی ماونەتەوە، بە هۆی بیرهاتنەوە، دووبارە دەگەڕێنەوە دونیای هەستی.

**- نەستی تاک**

کارەکتەری سەرەکیی (ست سۆزان) لە ڕۆمانی (ڕێگەکانی ژەهر)دا، بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و یادەوەریی خانەوادەکەی، وێنەی (سیامەند)ی خاڵی دێتەوە پێش چاو، کەوا زۆرجار لە ژوورەوە مەمکەکانی (سینەم)ی دایکی دەردەهێنا و مژی قووڵی لێدەدا. **((لە بیرمە لەو ژوورە مەمکەکانی (سینەم)ی نەنکمی لە یاخەی کراسەکەی دەردەهێنا و وەک منالی ساوا مڵچ مڵچ مژی لێ دەدان. من ئەگەرچی تەمەنم نەدەگەیشتە نۆ ساڵ، بەڵام ئەو دیمەنەم زۆر سەیر دەهاتە بەرچاو. پیاوێک لە باوەشی ژنێک پاڵ کەوتووە و هەر جارێ گۆی یەکێ لە مەمکەکانی دەخاتە نێوان لێوەکانیەوە، تاکوو لەگەڵ مژی قووڵ قووڵدا بیانلەرێنتەوە. دەمزانی نایەوێت من ئاوا ببینم، بەڵکوو نەیدەویست هیچ کەس بزانێت ئەوێکی گەنج مەمکی دایکی دەمژێت، بەڵام دەچووم لە درزی دەرگە شەقوشڕەکەوە لێیم دەڕوانی.))(کاکەسوور،٢٠١٧: ٢٥)** هۆگربوونی (سیامەند) بە دایکی، لە تەمەنێکی گەورە، وای کردووە ئەمە بەرانبەر دایکی ئەنجام بدات و چێژی لێ ببینێت. هۆگربوونی کوڕ بۆ دایکی و ڕێگربوونی لە لایەن باوکی، وای لێدەکات کۆمەڵێک حەز و ئارەزوو لە ناخیدا کپ بکات. دواتر لە نەمانی باوکیدا ئەو حەزە چەپێنراوانە دەگوازێتەوە جیهانی ئاگایی و دەیەوێت لە واقیعدا ئەو حەزە چەپێنراوەی تێر بکات. ئەمەش حەزێکی چەپێنراوی ناوەوەیە و تەنانەت خۆیشی نازانێت بۆچی کارێکی لەم شێوەیەی دەکرد و چێژێکی زۆری لێ وەردەگرت؟ تەنانەت (ست سۆزان)یش ئەگەرچی ئەو دیمەنەی سەیر دەهاتە بەرچاو، بەڵام نەیدەتوانی ڕووی لێ وەربگێڕێت. بۆیە کاتێک لە بارەی ئەو خووەی لێی پرسی، (سیامەند) **((ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی:**

**- خۆیشم ناخانم بۆچی ئاوام دەکرد. ئەوەندەم لا ڕوونە من تاکوو ئەم ساتەیش هەستێکی سەیرم لە ئاستی دایکمدا هەیە. هێشتا لە خۆمم ڕانەبینیوە بە وردی بیر لە ڕووداوی کوشتنەکەی بکەمەوە، بەڵام بە هیوام ڕۆژگارێک بتوانم.))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ٢٥-٢٦)

هەر لەم ڕۆمانەدا، کاتێک (دڵشاد) لە چۆڵەوانی دوور لە (دڵشان)ی خێزانی ژیان بەسەر دەبات، بەڕۆژ بەدوای ماردا دەگەڕێت، کەچی ئەوەی دەکەوێتە بەرچاوی، تەنیا مارمێلکە و بزنمژەن. **((مارمێلکەکان لە دەمارە شینەکانی مەمکی (دڵشان) دەچن، کە لەژێر ئەو پێستە سپی و تەنکەیدا دەردەکەوتن. زمانم پێدا دەهێنان و گازی سووک سووکم لێ دەگرتن. لەو کاتەدا هەستم دەکرد منداڵم و چێژێکی سەیرم لەو یارییە دەبینی، بە ڕادەیەک پێکەنینم بە ئەقڵی ساویلکانەی خۆم دەهات. ئێستایش لە دەوروبەری ئەشکەوتەکەم بە هەمان گیانی منداڵی لە مارەکان دەگەڕێم، بەڵام نایاندۆزمەوەز))(کاکەسوور،٢٠١٧: ٧٥)** (دڵشاد) تاسەی دووری خێزانەکەی، دەیگەڕێنێتەوە بۆ ناوەوەی خۆی، ئەو هەستە چەپێنراوانەی ناخی، دەگەڕێنێتەوە دنیای ئاگایی خۆی، کاتێک مەمکەکانی (دڵشان)ی مژیوە و چێژی بێ ئەندازەی لێوەرگرتوون. (دڵشاد) لە ڕێی زیندەخەون و هێنانەپێشچاو، گوزەر بەناو وێنە چەپێنراوەکانی نەستی دەکات و بە هەمان تامەزرۆییەوە بەدوای ژەهری ماردا دەگەڕێت.

لە ڕۆمانی (مۆزەخانەی کوڕەقژدرێژ)دا، دوای ماوەیەکی زۆر لە دوور بوونی لە ژن، (کوڕەقژدرێژ) لەگەڵ (ژنی ژێرزەمین) دەکەوێتە گفتوگۆ، موچوڕکێکی نێرایەتی بە سەرتاپێی گیانیدا دێت. وەگێڕی هەمووشتزان، بە گەڕانەوە بۆ ڕابردووی ژیانی (کوڕە قژدرێژ)، باس لەو ساتانە دەکات، کەوا لە کاتی هەرزەکاریدا، چەن جارێک (ژنی گیتارژەن)ی بردووەتە سەربان و دەم و لێوی مژیوە و چێژی بێ ئەندازەی لێوەرگرتووە. بەڵام لە ترسی (من) ئەو هەستەی لە ناخیدا کپکردووە.

**- سادیزم**

ئەم چەمکە گوزارشت لە بارودۆخێکی ناجێگیر دەکات، ئەویش نواندنی توندوتیژییە لە کاتی کردەی سێکسیدا. جا ئەم ئازاردانە جەستەیی بێت یان دەروونی یان هەردووکیان. کەسی سادیزم چێژ لە ئازاردان وەردەگرێت، سوکایەتی پێکردن و شکاندنی جەستە و دەروونی کەسی بەرانبەر. ئەم دیاردەیەش بە قەد کۆنی مرۆڤ کۆنە و لەگەڵیدا ماوەتەوە. تاکی سادیزم لە کاتی کردەی سێکسیدا بە ئازاردانی هاوبەشە سێکسییەکەی، چێژ لەم ئازاردانە وەردەگرێت. ئەم دیاردەیەش لە لایەن زانایانی دەروونناسی بە لادانی سێکسی ئەژمار دەکرێت. ناوی ئەم زاراوەیەش لە ناوی ((ڕۆماننووسی فەرەنسی (مارکیز دی ساد) وەرگیراوە، کە لە نێوان ساڵانی (١٧٤٠-١٨١٤) ژیاوە. ناوەرۆکی چیرۆک و ڕۆمانەکانی و ژیانی تایبەتیی خۆیشی؛ پڕ

بووە لە توندوتیژی و ئازاردان، لەوانە پرۆسێس و چالاکییە سێکسییەکانی نێو پاڵەوانەکانی. خۆیشی بەوە ناوبانگی دەرکردبوو کە لە تەک هاوسەرەکەی خۆی و ئافرەتی تریشدا زۆر درندە و توندوتیژ و بە ئازار بووە.))(قەرەچەتانی،٢٠١٠: ١٧٩) ئەم رۆماننووسە فەرەنسییە چەندین جار بە هۆی رەفتارە توندوتیژەکانی لە کاتی سێکس کردندا، زیندانی کراوە. لە رۆمانەکانیشیدا هەمیشە بانگەشەی بۆ کردەی توندوتیژی لە کاتی کرداری سێکسیدا کردووە. هەستی توندوتیژی و چێژ وەرگرتن لە ئازاردانی بەرانبەر، لە ناخی مرۆڤدا بوونی هەیە، "دی ساد"یش وەک تاکێک، ئەو رۆحە شەڕەنگێزییە لە ناخیدا چەکەرەی کردووە، بۆیە هەمیشە لە رێی کارەکتەرەکانی نێو چیرۆک و رۆمانەکانی، ئەو کەسایەتییە توندوتیژەی خۆی بەرجەستە کردووە. ئەم ئازاردانەی کەسی بەرانبەر، چێژ و ئاسوودەیی بە کەسی سادی دەبەخشێت. جا ئەم ئازاردانە بە شێوەی راستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، بە ڕەزامەندیی کەسی بەرانبەر بێت یان بە زۆر. دواتر ئەم ئازاردانە جەستەیی و دەروونییە لە کردەی سێکسی گوازراوەتەوە بۆ هەموو بوارەکانی دیکەی ژیان. ((واتە لە بنەڕەتدا بۆ توندوتیژی و ئازاردانی سێکسی بەکارهاتووە، بەڵام دواتر زاراوەکە فراوان تر بۆتەوە و توندوتیژی و ئازاردانی لایەنی تریشی گرتۆتەوە کە بەرانبەر بە مرۆڤەکان دەکرێت.))(صلیوە،٢٠١٣: ١٨٦) بەمەش لە ئێستادا بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە تەنیا لە مەسەلەی کردەی سێکسیدا قەتیس ناکرێت، بەڵکو بۆ زۆر بواری تری توندوتیژی گوازراوەتەوە وەکو توندوتیژی خاوەن هێز و دەسەڵات، چەوسانەوەی کۆمەڵگە لەلایەن حکومەتەکانیان. ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە، دەبینین؛ کۆمەڵگەی کوردی بە درێژایی سەدەکانی ڕابردوو لەلایەن داگیرکەرانەوە هەموو شێوازێکی سادیزمی بەرانبەر بەکارهێنراوە. هەمیشە چەوساوەی دەستی داگیرکەر بووە، دواتر ئەم سادیزمییەی داگیرکەران، گۆڕاوە بۆ سادیزمی دەسەڵات و فەرمانڕەواکانی کوردستان. مەسەلەی سادیزم و بەکارهێنانی توندوتیژی لە کردەی سێکسیدا تەنیا تایبەت نییە بە پیاو، بەڵکو ((ژنیش هەیە سادیزمە لە کاتی جووت بووندا حەز دەکات بەرانبەرەکەی خۆی ئازار بدات، چونکە بە ئازاردانی بەرانبەرەکەی خۆی بە لێدان و نواندنی هەڵوێستی توندوتیژی چێژ وەردەگرێت.))(صەلیوە،٢٠١٣: ١٨٧) ئەم بابەتە گوازراوەتەوە بواری نووسین و لە نێو دەقە ئەدەبیەکانیشدا ڕەنگیداوەتەوە. نووسەران و ئەدیبانیش وەکو تاکێکی کۆمەڵگە بەدەر نین لەو سیفەتە سادیزمە، بەڵکو زیاتر لە کەسانی ئاسایی هەست بەو ئازاردانە جەستەیی و دەروونییە دەکەن و دەیانەوێت لە رێی نووسینەکانیانەوە بەرجەستەی ئەم دیاردە سادیزییە بکەن، چونکە ((کەسانێکی زۆر هەبوون پڕبوونە لە گۆشەگیری و لا تەریکی و کەسانی کەم ئەندام بەشێک لە نەهامەتی ئەوان لەسەر دەستی چینە باڵاکان و خاوەن پایەکانی کۆمەڵ بە دەستی ئەوان ئازاریان چەشتووە، ئەگەرچی

ئەو چینە گۆشەگیر و کەم بایەخە چینێکی بێ دەسەڵات و مەینەت بار بوون، بەڵام لە ڕێی نووسینەوە کەسانێکی بوێر بوون و هەوڵی تۆڵەکردنەوەی خۆیان داوە، تفیان لە کۆمەڵ و چەوتی ژیان کردووە، بارە پەنگ خواردووەکانی ناخیشیان بەرانبەر ئەو کەسانەی، کە ئازاریان بە دەست چەشتوون، لە ڕێی سیفەتێکی سادیانە لە کارەکتەرەکانی چیرۆکەکانیان چێژ و خۆشی وەردەگرن.))(ڕەسوول،٢٠١٢: ١٧١)

## جۆرەکانی سادیزم

١- سادیزمی تاوان: خراپترین جۆرەکانی سادیزمە، کە تیایدا توندوتیژی بە هەموو جۆرەکانیەوە بەکاردەهێنرێت بە بەکارهێنانی ئامێری دار و پەت و ... ئەم جۆرە تا ڕادەی کوشتن درێژە دەکێشێت. ئەم جۆرەیان ڕێژەکەی ١٠٪ لە نێو کۆمەڵگە.

٢- سادیزمی سووک: لە هەموو جۆرەکانی دیکەی سادیزم بەربڵاوترە لە نێو کۆمەڵگە، کە کەسی سادی دەتوانێت توندوتیژی بەکاربهێنێت بەو ڕادەیەی کە کەسی بەرانبەر پێشبینی دەکات. ئەم جۆرەیان ڕێژەکەی ٣٥٪ لە نێو کۆمەڵگە.

٣- سادیزمی قبوڵکراو: ئەم جۆرەیان زیاتر لە گوتنی قسەی توند و زبر کورت دەبێتەوە نەک توندوتیژی جەستەیی. ئەم جۆرەیان ڕێژەکەی ٥٥٪ لە نێو کۆمەڵگە.(الریاض،٢٠١٦: ب.ل)

لە ڕۆمانی (ڕیگەکانی ژەهر)دا دیاردەی سادیزم ڕەنگیداوەتەوە. (ست سۆزان)ی کارەکتەر، هەر لە منداڵییەوە لای خاڵی هونەری سەماکردن فێربووە و بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش سەما دەکات. کاتێک لە یەکێک لە ئاهەنگەکاندا خەریکی سەما و گۆرانی گوتنە، لە پڕ ئەفسەرێکی چوارشانە کە پلەیەکی بەرزی هەیە، زۆر پێی سەرسام دەبێت و دەستی بەسەردا دەگرێت. دوای ئاهەنگەکەش وازی لێناهێنێت، ئەگەرچی خاڵی هەوڵێکی زۆر دەدات تا لە چنگی ڕزگاری بکات، بێ سوود دەبێت. (ست سۆزان) لە خەیاڵیدا وا هەست دەکات ئەم پیاوە بە تەواوی عاشقی بووە و دەیەوێت بیکات بە ژنی خۆی، بەڵام هەر زوو دەردەکەوێت تەنیا بۆ ڕابواردن و ڕازیکردنی دڵی ئەفسەرانی لە خۆی پلەدارترە. بۆیە زووزوو هاوپیشەکانی کۆدەکاتەوە و ئەو کچە ناسکەیان دەخاتە باوەشیەوە. چێژ لەو دیمەنانە وەردەگرێت، کە پلەدارەکانی لە بەردەمی، لەگەڵ ئەو کچە ئەنجامی دەدەن. ئازار و ناڵە و هاوارەکانی ئەو کچە، مایەی چێژ و خۆشیی ئەو ئەفسەرە ڕەشتاڵەیە. **((سەیر ئەوەیە هەر زووزوو هاوپیشەکانی کۆدەکاتەوە، تاکوو ژنەکەی لەبەرچاویاندا بە جلی تەنکەوە سووریان بۆ بخوات و گۆرانییان بۆ بڵێت. بەڵکو کاتێ تەواو مەست دەبێت، بە قژ ڕایدەکێشێت و دەیخاتە باوەشیانەوە. سەرەتا (سۆزان)**

**وادەزانێت ئەمە لە پێناوی پارەدا دەکات، یان ڕەنگە بیەوێت گەورەکانی لە سوپادا پلەی بەرزتر بکەنەوە، بەڵام دوایی بۆی دەردەکەوێت تەنیا ئەوەیە چێژ لەوە دەبینێت، کاتێ لە بەرچاوی لەگەڵی ڕادەبوێرن.))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ٢٤) ئەم ئەفسەرە پیاوێکی سادیزمە و ڕەفتارەکانیشی، ڕەفتاری سادین. چێژ لەو ئازاردانە دەبینێت، کەوا خۆی، دواتر هاوپیشەکانی لە کردەی سێکسیدا لەگەڵ ئەو کچە ئەنجامی دەدەن. بە ئازاردان و گریانی ئەم کچە لە ژێر دەستیان و دڵخۆشبوونی هاوپیشەکانی دڵی ئاو دەخواتەوە.

لە ڕۆمانی (ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)دا نمایندەی سادیزم بە شێوەیەکی زەق لە ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق دەردەکەوێت. تەنانەت ئەفسەر و سەربازەکانیش وا پەروەردە کراون، کە چێژ لە ئەشکەنجە و ئازاردانی میللەتەکەی خۆشیان ببینن، چ جای نەتەوەیەکی وەکو کورد، کە بە دوژمنی سەرسەختی خۆیانیان دەزانن. ئەمەش وەکو نەریتێکی بەدووەکانی عیراق مێژوویەکی کۆنی هەیە. ڕۆماننووس ئەم دیاردەیە مێژووییەی بەشێوەیەکی هونەری خزاندووەتە نێو ڕۆمانەکانی و ئەوەی خستووەتە ڕوو کەوا میللەتی کورد چۆن بە دەستی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق چەوساوەتەوە. هەریەک لەم ڕژێمانە بە جۆرەها شێواز ئازاری ئەم نەتەوەیان داوە و چێژیانی لە ئازاردان و کوشتن و بڕین و هەتککردنی نامووس و دەستدرێژیی کردنە سەر ئافرەتی کورد بینیوە. لەم ڕۆمانەدا، یەکێک لە ملازمەکانی حەرەس قەومییەکان کاتێک بە دوای (فەرهاد قەوقازی)دا دەگەڕێت و دەیەوێت بیگرێت، چونکە دەزانێت (فەرهاد) بەهۆی زمانە پاراوەکەی کاریگەریی هەیە لەسەر دەوروبەرەکەی بۆ دژایەتی کردنی ڕژێم. بۆیە بڕیاری داوە بە هەر نرخێک بێت دەستگیری بکات و بە توندترین شێوە سزای بدات. وەگێڕی هەمووشتزان لەسەر زاری (ملازم فلەیح)ی ئەفسەر دەڵێت: ((**سوێندی بە خوا و پێغەمبەر خواردبوو زمانی ئەو کافرە لە بنڕا ببڕێت و بە دیاری بۆ بەغدادی بنێرێت. ئەمەیش یەکێکە لە نەریتەکانی بەدوو، کە زمانی بڕاو، یان کەللەسەری ناحەزانیان بۆ پایتەخت ناردووە. مێژوونووسانی موسڵمان باسی دەیان کەللە سەری موسڵمانان دەکەن، کە هەر بە دەستی جەنگاوەرە موسڵمانەکان پەڕێنراون و بە دیاری بۆ ئەملا و ئەولا نێردراون، لەوانە کەللەسەری (حوسەین)ی کوڕی (ئیمامی عەلی) و (فاتیمەی زەهرا)، کە لە کەربەلاوە بۆ کۆشکی خەلیفە (یەزیدی کوڕی مەعاویە) لە دیمەشق ڕەوانە کراوە.))**(کاکەسوور،٢٠١٥: ٧٨) ئەم ملازمە و هاو ئاوازەکانی، ئەوەندە تینون بە خوێنی کورد، ئامادەن سەر لە لەشیان جیا بکاتەوە و لە کەللە سەریان شەراب بخۆنەوە و چێژی لێ وەربگرن. ئەوەش ئەوپەڕی هەستی سادیزمانەیانە بەرانبەر نەیارەکانیان.

لە ڕۆمانی (مۆزەخانەی کوڕە قژدرێژ)دا، ئەفسەر و کۆمیشنەرەکانی ئەمن هەمیشە نمایندەی ئەو توندوتیژی و سادیزمە لە بەرانبەر خەڵک دەکەن. هەردەم دەکەونە ویزەی ژێر دەستەکانیان و چێژێکی بێ ئەندازە لە لێدان و توندوتیژی کردن بەرانبەریان وەردەگرن. کارەکتەری سەرەکیی (کوڕە قژدرێژ) کاتێک خۆی و هەریەکە لە ژنی (ژێرزەمین) و (ژنی ساڵۆن) لە لایەن پۆلیسی پاراستنی ڕەوشت دەگیرێن، لە لایەن کۆمیشنەرەوە کۆمەڵێک پرسیاری سەبارەت بە پەیوەندیی ئەو بە (ژنی ژێر زەمین) لێدەکرێت، کاتێک وەڵامەکان بە دڵی نابێت، دەکەوێتە ویزەی (کوڕە قژدێژ)ەوە. ئەمەش بە ڕوونی لە گفتوگۆی نێوان (کوڕە قژدرێژ) و کۆمیشنەردا دەردەکەوێت. **((_ ئەو ژنە چۆن دەناسیت؟**

**_ نایناسم. تەنیا یەک جارم دیوە. ئەویش کاتێ کاسکێتم لە بەرانبەر ساڵۆنەکەیدا دەفرۆشت، حەزی کرد لەبارەی ئیشەکەمەوە قسەم لەگەڵدا بکات.**

**ئەفسەر بە ئاماژەی چاو بە یەکێ لە ئەمنەکان دەڵێت لێی بدات. ئەو گەنجە ڕەشتاڵەیە کەیبڵێکی لە پشتی دەدات، بە ڕادەیەک کوڕەقژدرێژ سنگی دەکەوێتە سەر مێزەکەوە. ئەفسەر، کە بە دیالێکتەکەیەوە دیارە خەڵکی یەکێ لە شارۆچکەکانی نزیک سنووری سووریایە، دارێکی قایم بە پشتیدا دەکێشێت و دەیخاتە سەر زەوی. ناوسەری دەخولێتەوە و نەخشی کاشییەکان لە بەرچاویدا وەک کۆمەڵێک گیانەوەری ئەفسانەیی دەردەکەون. یەکێ لە ئەمنەکان هەڵیدەگرێتەوە، بەو مەبەستەی ڕووی لە ئەفسەر بێت:**

**_ هەر لە یەکەم قسەتەوە بە درۆ دەستت پێ کرد، دایک قەحپە!))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٤٠-١٤١)
مەبەستی کۆمیشنەر وەرگرتنی زانیارییە لە (کوڕە قژدرێژ) سەبارەت بە (ژنی ژێرزەمین)، ئەگەرچی (کوڕە قژدرێژ) هیچ زانیارییەکی ئەوتۆی نییە تا پێیانی بڵێت، تەنیا ئەوەی دەیزانێت پێیانی دەڵێت، بەڵام ئەم وەڵامانە ڕازیکەر نین. لەسەر ئەمەش کۆمیشنەر بەردەوام ئازاری دەدات، هەم ئازاری جەستەیی بە لێدان، هەم ئازاری دەروونی بە ئیهانە و جنێوی دوور لە بەهای ڕەوشتی. چێژیش لەم ئازاردانەی وەردەگرێت.

لە ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان)دا؛ ڕۆماننووس وێنەی سادیستیانەی ڕژێمی بەعس دەکێشێت. سەرباز و سەرکردەکانیان ئەوەندە تینوون بە خوێنی کورد، سڵیان لە هیچ شتێک نەکردووەتەوە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆماننووس ئەوەیە، تەنیا لە ڕێی ئاماژەوە، وێنەیەکی گەورەی ڕووداوەکانمان بۆ دەگوازێتەوە، نەک لە ڕێی وەسفێکی دوور و درێژەوە. وەگێڕ کاتێک باس لە عەقیدێکی ڕژێم دەکات، کارەکتەرێکە بەوە ناسراوە، زۆر خۆی لە خەڵکی

هەژار و گوندنشینەکان نزیک دەکردەوە و هاوڕێیەتی لەگەڵیاندا دەکرد، نەک لەبەر ئەوەی کەسێکی خاکییە و خەڵکی هەژاری خۆشدەویێت؛ بەڵکو تەنیا ئارەزووی کۆتر بووە. لەڕێی ئەوەوە دەیویست دەستی بە کۆتری ڕەسەن و ناوازە بگات. بەهۆی ئەو حەزەی بۆ کۆتر، هەردەم لەلایەن ئەفسەرە باڵاکانی دی سەرزەنشت دەکرا و بە چاوی سووک سەیر دەکرا، چونکە ئەوان چارەی باڵندەی بەسەزمانیان نەدەویست. **((بە گشتی ئەفسەرەکان ئارەزووی بەخێوکردنی بازیان هەیە، کە ئامادەن پارەی زۆر بە بازی ڕەسەن بدەن، بۆیە لەو ڕشتەیەدا بەچاوی سووک سەیر کراوە، کە چۆن دەبێت باڵندەیەکی هێندە بەستەزمان سەرنجی ڕابکێشێت. لانی کەم با حەزی لە سەگی دڕ بووایە، کە ئاژەڵێکە، بەشێکی زۆری ئەفسەرانی بە خۆیەوە خەریک کردووە، بە تایبەتی لەوەتەی شەڕی عێراق و ئێران هەڵگیرساوە.))(یادەوەریی بووکەڵەکان،٢٠٢١: ١٩-٢٠)** کاتێک ئەنفال دەستپێدەکات، ئەو یەکێک دەبێت لەو سەرکردە هەڵبژێردراوانە بۆ بەشداریکردن لەم شاڵاوە. ئەم عەقیدە زۆری پێ خۆشدەبێت، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە دەستی بە کۆترە دەگمەنەکانی ئەم گوندانە بگات. کەچی لەناکاو ئەم شادییەی لێ تێکدەچێت، کاتێک هەواڵی ئەوەی پێدەگات، کەوا گازی کیمیایی لەم شاڵاوە بەکاردێت. ئەو پێی وایە بەکارهێنانی ئەم گازە، ئاواتەکانی لە گۆڕ دەنێت. بۆیە دژی بڕیاری سەرووی خۆی دەوەستێتەوە. ڕەفتاری سادیستیانەی ئەم کارەکتەرە لەوە دایە، دەیەوێت لە ڕێی ئەو چەک و جبەخانەی لەژێر دەستیدان، هەموو کارێکی قێزەون بەرانبەر خەڵکی ئەم گوندانە بکات، بە ئازارێکی زۆر ئەم خەڵکە لەناو ببات تەنیا ئەم گازە بەکارنەیەت تا بە ئاواتەکەی بگات. **((ئامادەیە منداڵ لە پێش پیر و پیر لە پێش لاوەوە گوللەباران بکات، بگرە دەتوانێت بە بایەنێت چاوی پەککەوتەکان هەڵبکۆڵێت، ورگی ژنی دووگیان هەڵبدڕێت، لە چاوترووکانێکدا گوند بکاتە گۆمی خوێن، بەڵام نایەوێت لە شاڵاوێکدا بەشدار ببێت، کە گازی کیمیاویی تێدا بەکاربهێنرێت.)) (یادەوەریی بووکەڵەکان،٢٠٢١: ٢٣-٢٤)** بۆیە ئامر لیواکەی بەهۆی ئەوەی فەرمانی سەرووتری شکاندووە، فەرمان دەردەکات لەم سەرمایە؛ کە کێوەکان سپی پۆش بوون، ڕووتی بکەنەوە و هەموو پلە و جلە سەربازییەکانی لەبەر دابکەنن. **((لە کاتێکدا با بەفری کێوەکان دەهێنێت و وردە وردە لەشی ڕووتی دادەپۆشێت. وا هەست دەکات سەرتاپێی لەکار کەوتووە و تەنیا چاوەکانی ماون، تا ساتەکانی دوای مەرگیشی بە ڕوونی ببینێت و سەرنجی قووڵ لە وردەکارییەکانی بدات.)(یادەوەریی بووکەڵەکان،٢٠٢١: ٢٥-٢٦)**

یەکێکی دی لە کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە، (وەستا هیشۆ)یە. ئەم کارەکتەرە کاتێک لە لایەن براکانیەوە تێر شەق دەکرێت و لە ماڵ وەدەر دەنرێت، دەبێتە کرێکاری کورە. کاتێک لە لایەی خاوەن کورەوە، کاری تاقەت پڕووکێنی پێدەکرێت، لە هەمان کاتیشدا سووکایەتی پێدەکەن.

**(("هیشـام" هەر ئەو ڕۆژە، بەو هەمـوو خـوێنەوە سـەری هەڵگرتـووە. لێرە بـووەتە کرێکـاری کوورە و کاری تاقەتپڕووکێنیان پێ کردووە. وەستا دڵڕەقەکان، بگرە هەندێک لە کرێکارەکانیش هەزار جوێنیان پێ داوە. سەرەتا زمانی نەزانیوە و وەک کەر بە قامچی تێی کەوتوون، تا ساتێ نەوەسـتێت و هەر لە جـوولەدا بێـت. وەک سـەگیش هەر لای کوورەکـان زەوی هەڵـدڕیوە و شەوانە خۆی لە باران و بەفر دوور گرتووە.))** (یادەوەریی بووکەڵەکان،٢٠٢١: ٥٢٩) وەستاکانی کوورە، کەسانی سادین. ئازارێکی زۆری (وەستا هیشۆ) دەدەن، لە هەمان کاتیشدا چێژ لەم ئازاردانە وەردەگرن. ئەمەش ئەو هەستە سادیزمەیە، کە لە ناخی هەر تاکێکدا بوونی هەیە، کاتێک مرۆڤ دەسەڵات پەیدا دەکات و لە هەمان کاتیشدا حەزە شەڕانگێزەکانی ئید لە ناخیدا زاڵ دەبێت، ئامادەیە ئەو هەستە سادیستەی خۆی بەدەر بخات.

**ماسۆشیزم(Masochism)**

بریتییە لەوەی کەسێک حەز لەوە بکات لە لایەن کەسی دیکەوە ئازار بدرێت، چێژیش لەو ئازاردانە وەردەگرێت. زۆر جاریش خۆی ئازاری خۆی دەدات و چێژی لێوەردەگرێت. ئەمەش تەواو پێچەوانەی سادیزمە. کەسی ماسۆشی چێژ لەوە دەبینێت لە کاتی سێکسدا لە لایەن کەسی بەرانبەر ئازار بدرێت، ئەم دیاردەیەش زیاتر لە لایەن ئافرەتانەوە بە ڕێژەی جیاواز بەدی دەکرێت. کەسی ماسۆشی ڕازییە بەوەی لە پەیوەندیی سێکسیدا لە لایەن کەسی بەرانبەرەوە ئازاری جەستەیی و دەروونی بدرێت. سروشتی مرۆڤایەتییش لەسەر بنەمای دەسەڵاتدار و ملکەچ بوو لە مامەڵەی ژیانی ڕۆژانە دامەزراوە. ناوی مۆسۆشیزم لە ناوی ((ڕۆماننووسی نەمساوی "لیونالردی ساشر ماسوش ١٨٣٦-١٨٩٥" وەرگیراوە، کە ناسراوە بە خۆ بەدەست دان و ڕازی بوون بە ئازاردانی لە لایەن کەسانی ترەوە وەک لە ڕۆمانەکانیدا دەردەکەوێت، پاڵەوانی ڕۆمانەکانی هەست بە چێژ و خۆشییەکی سێکسی گەورە دەکەن، ئەگەر ئەو ئافرەتەی خۆشی دەوێت ئازاری بدات. زۆر جار هەندێک لە گۆڤارە سێکسییەکانی ڕۆژئاوا نموونەی پیاوێکی کڕنووش بردوو نیشاندەدات کە ژنێک بە دیار سەریەوە بە قامچییەکەوە ڕاوەستاوە و پیاوەکەش ڕاکشاوە لە بەردەمیدا.))(هیمەت،٢٠٠٥: ٨٥)

زانای دەروونشیکار "سیگمۆند فرۆید" لە پەرتووکی ( Three Paper of Sexual Theory) باس لە هەردوو چەمکی سادیزم و ماسۆشیزم دەکات و بە دوو دیاردەی لادەریان دادەنێت، ((کە لە تەمەنی منالییەوە لە مرۆڤدا گەشە دەکات و دەتوانریت نیشانەکانی ئەم حاڵەتە

دەستنیشان بکرێت. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات بەهۆی لاوازبوونی ئیگۆ و سوپەر ئیگۆوە ئەم حاڵەتە زیاتر گەشەدەکات.))(عەلی،٢٠١٩ www.negative group.org) لە ئێستادا بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە تەنیا لە مەسەلەی سێکسی کورت ناکرێتەوە، بەڵکو لە زۆر بوارەکانی دیکەی ژیان بەکاردێت. ئەگەر کۆمەڵگەی کوردی بە نموونە وەربگرین، دەبینین دەسەڵاتی کوردی؛ دەسەڵاتێکی سادییە، کۆمەڵگەی کوردیش؛ کۆمەڵگەیەکی ماسۆشییە. ئەگەرچی لەلایەن دەسەڵاتەوە مافی دەخورێت و ستەمی لێدەکرێت، کەچی چێژ لەو ئازارە وەردەگرێت. ئەمەش درێژکراوەی ئەوەیە، کەوا ئەم کۆمەڵگەیە بەدرێژایی مێژوو هەر لەژێر چەپۆکی دوژمن و داگیرکاریدا بووە، هەمیشە چەوسێنراوەتەوە. ئەمەش وای لێکردووە هەردەم ببێتە تاکێکی خاوەن کەسێتییەکی ملکەچ و خۆبەکەمزان. ئەم ئازارە بەردەوامە بووەتە بەشێک لە ژیانی و چێژیشی لێوەردەگرێت. دروستکردنی هەستی نائومێدی و ڕەشبینی و بوون بە کۆیلەی دەسەڵات، لای زۆربەی تاکی کورد ڕەگی داکوتاوە و گەیشتووە بەوەی چێژ لەو ئازارە ویژدانی و دەروونیی و نائومێدی و ڕەشبینییە وەربگرێت.

(مامۆستا دلاوەر)ی کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانی (ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)، کارەکتەرێکی ماسۆشییە. ئەو ڕیبەنە سوورەی ملی، وای لێکردووە کە چەندان جار تووشی هەڕەشە و گرتن و لێدان و تەنانەت کوشتنیش ببێتەوە، کەچی ئامادە نییە ئەو ڕیبەنە لە ملی بکاتەوە، یان بە ڕەنگێکی دیکەی بگۆڕێت. **((هەتا ئەم ڕیبەنە سوورە لە ملی ببەستێت، ڕۆژێکی ئاسوودە بە چاو نابینێت، کەچی ناشتوانێت فڕێی بدات، تەنانەت دەستی تێ ناچێت بە یەکێکی تری بگۆڕێت. لانی کەم بە ڕەنگێکی دیکەی بێلایەنی بگۆڕێت، کە ئەو هەموو دوژمنە سەرسەختەی نەبن.))(کاکەسوور،٢٠١٥: ٥٦)** ڕۆژێکیان کاتێک بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە، وێنەیەکی خۆی و (ویداد)ی خێزانی، کە لە ستۆدیۆ گرتوویانە؛ بە دەستییەوەیە، لە لایەن چەند کەسێکەوە پەلامار دەدرێت. **((پێنج کەس دێنە سەر ڕێی و پەلاماری دەدەن. کاتێک دەزانێت دەستەکانی خوێنیان لێ دەچۆڕێتەوە، چونکە جامی وێنەکە وردوخاش بووە و پارچەکانی لە دەیان لاوە بڕیویانن لەناو ببەن.))(کاکەسوور،٢٠١٥: ٥٩)** کاتێک یەکێک لە هاوڕێکانی بەم شێوەیە دەیبینێت، پرسیاری لێ دەکات، ئاخۆ بۆچی وایان بەسەر هێناوە؟ ئەو لە وەڵامدا، بە پێکەنینەوە دەڵێت: **((- لێرە خەڵک چەند لە ڕووی بیرکردنەوەوە لە یەکتر دوور بن، ئەوە هەموویان لەوەدا بەیەک دەگەنەوە، کە دوژمنی ئەو ڕیبەنە سوورەی منن. لەو پەڕی چەپەوە بۆ ئەوپەڕی ڕاست چارەیان ناوێت.))(کاکەسوور،٢٠١٥: ٥٩)** ئازاری (دلاوەر)، ئازارێکی قووڵە، چێژیش لەم ئازارەی وەردەگرێت. ئەم چێژ وەرگرتنەشی لەبەر ئەوە نییە کە پێی خۆشە کەسانێک ستەمی لێدەکەن، بەڵکو لەبەر ئەوەیە لە ڕێی ئەم ئازارەوە هەست دەکات کەوا خودی خۆیتی. ((کارەکتەری

"مامۆستا دلاوەر بێجان" یەکێکە لە کەسە واقیعیەکان، کە حسێب بۆ هەموو شتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکە دەکات، بەڵام لە بن زەبری هیچ هێزێک ڕیبەنە سوورەکەی ملی داناکەنێت! چونکە ڕیبەنە سوورەکە، وەک ملپێچە ڕەشەکەی (ئومێد) سەر بە خودن.))(یوسف،٢٠٢٣: ١٧٤) ئەو ڕیبەنە سوورەی (دلاوەر) هیچ یەک لەو شتانە نین، کە کۆمەڵگە بە ڕاست و چەپەوە لێکدانەوەی بۆ دەکەن، بەڵکو ئەوە شتێکە هی خۆیەتی. ئەوە دەوروبەرە درک بە نهێنی ژیانی (دلاوەر) ناکەن. (مامۆستا دلاوەر) خاوەن کەسایەتیی خۆیەتی و کۆیلەی کەسانی دی و هیچ ئایدۆلۆژیایەک نییە. بۆیە ئازارەکەش بە هی خۆی دەزانێت و چێژی لێ وەردەگرێت.

(کوڕمان)، کە کارەکتەرێکی سەرەکیی ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان)ە، کارەکتەرێکی ماسۆشییە. کاتێک زەنگی دەرگا لێدەدات و دەرگا دەکاتەوە، (نەرزان چەرکەش)ی دایکی (زانا)ی تاقانە دەبینێت. (زانا) هاوڕێی (کوڕمان)ە، لەلایەن ڕژێمەوە دەگیرێت و لە سێدارە دەدرێت. دایکی وا دەزانێت (کوڕمان) سیخوڕە و دەستی لە گرتنی تاقانە کوڕەکەی هەبووە. بۆیە هەر دەرگا دەکاتەوە، وەکو دڕندەیەکی برسی پەلاماری دەدات و بە چڕنوک و گاز گرتن شوێنی ساغی ناهێڵێت و هەموو جەستەی دەشێوێنێت. تەنانەت دەرفەت بە (کوڕمان) نادات بۆی ڕوون بکاتەوە، کە دەستی لەو بابەتە نییە و ئاگاداریش نییە. **((تا دێت قایمتر گاز و چڕنووکت لێ دەگرێت. دەگاتە ئەوەی تانکتۆپ و دەرپێ کورتیشت لەبەر دادەکەنرێت. تەواو ڕووتیت، کەچی هێشتا دەست هەڵناگرێت، بگرە گونیشت وەک هەر بەشێکی دیکەی جەستەت دەکەوێتە بەر لێدان. باش بوو زوو خاولییەکە لە شانت ترازا، دەنا لە ملتی دەئاڵاند و دەیخنکاندیت، بەڵام نا، لەوە دەچێت ڕاستەوخۆ، بەبێ بەکارهێنانی هیچ ئامێرێک، جەستەت تێک بشکێنێت، کە تەنیا بەم شێوەیە کۆڵی دڵی دادەمرکێتەوە.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٢٠٩) (کوڕمان) وەکو کەسێکی ماسۆشی ئەگەرچی جەستە و دەروونی لە ناو ئازاردا دەناڵێنێت، کەچی چێژ لەو ئازارە وەردەگرێت. بگرە هیچ شتێک هێندەی ئەو ئازارە چێژی پێناگەیەنێت. کاتێکیش هەواڵی ئەوەی پێدەگات، کەوا (نەرزان چەرکەش) لە ماڵەکەی خۆی، خۆی بە پەت هەڵواسیوە و مردووە، لەگەڵ یادگارییەکانی ئەو ژنە دەژی. وەگێڕی هەمانشتزان باسی ئەو بارە دەروونییەی (کوڕمان)مان بۆ دەکات، کاتێک دەڵێ: **((شوێنی ددان و نینۆکەکانی بە ڕوونی لەسەر جەستەتدا جێ هێشتووە، وەک ئەوە وایە ویستبێتی تا ماویت لە ڕابردوودا نغرۆت بکات. لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا بەسەربردنی کات لەگەڵ بریندا یارییەکی چێژبەخشە، ئەگەر نەڵێیت هیچ یارییەکی تر پێی ناگات. دەکرێت بە زۆر شێوەی جیاواز یاریی لەگەڵدا بکەیت، بەڵام دیارترینیان خوراندنیەتی. سەرەتا سووک سووک و بە سەری پەنجە، دوایی بە نینۆک و چەند بڵێی بەهێز، بگرە دڵڕەقانە، تا دەگاتە ئەوەی ڕیتمی هەناسەت دەگۆڕێت، قوڕگت**

**ئەنزایمێکی تاڵ دەردەدات و ناو گەڵت دەتریوێنێت، کە هەر ئەوانە دەتگەیەننە لووتکەی چێژ و لە ناکاو سەرجەم گیانت خاو دەبێتەوە.))**(کاکەسوور،۲۰۲۱: ۲۲٤) (کورمان) برینەکانی جەستەی، کە بە چڕنووک و گازگرتن لەسەر جەستەی نەخشێنراون، لە برینی گوللە گەورەتر دەبینێت. تەنانەت پێی وایە جیاوازییەک نییە لە نێوان برینەکانی جەستە و جووتبوون، چونکە لە هەردووکیاندا تا دەگاتە لوتکەی چێژ؛ کاریگەریی لەسەر لەش دەمێنێت. چێژی جووتبوون و گەیشتن بە ئۆرگازم لە چیژی برینی جەستە بە کەمتر نازانێت. ئەمەش لوتکەی ئەو چێژەیە، کەوا کارەکتەری ماسۆشی لەو ئازارە دەیبینێت. **((هێزی گاز و چڕنووک لە هیی گوللە و خەنجەر گەورەترە، بەوەی ڕاستەوخۆیە، بگرە هاوشانی جووتبوونە، مەگەر ئەوانە بەشێک نین لە پرۆسەسی سێکس؟ زۆرن، ئەوانەی تا دەگەنە ئۆرگازم، دەیان چاڵ و دەلاقە دەکرێنە لەشیان، هاوکات دەیان چاڵ و دەلاقەش دەکەنە لەشی بەرانبەریان.))**(کاکەسوور،۲۰۲۱: ۲۲٤) چێژ وەرگرتن لەم ئازارە لای ئەم کارەکتەرە بە نەمری ماوەتەوە و هەمیشە لەگەڵیدا دەژیت. نایەوێت لەم ئازارە ڕزگاری بێت. دوای ماوەیەکی زۆریش هەر لەگەڵ یادگارییەکانی ئەم ئازارەدا ژیان ڕێ دەکات.

**- خودشەیدایی (نەرگسیەت)**

وەکو زاراوە؛ زاراوەیەکی یۆنانی کۆنە و لە وشەی (Narcisss) وەرگیراوە، کە ((ناوی گەنجێکی ئەفسانەیی جوانە، دڵی دەچێتە وێنەکەی خۆی کە لەسەر ئاوەکە دەدرەوشێتەوە، عەشقی دەبێت و دەیەوێت باوەشی پیا بکات، بەڵام دەخنکێت، خواوەندیش دەیکات بەو گوڵەی کە بەم ناوە ناسراوە.))(صلیبیا،۱۹۷۸: ٤٦٢) دواتر ئەم زاراوەیە گوازراوەتەوە نێو ئەدەب و لە بەرهەمی ئەدیب و شاعیران بە ڕێژەی جیاواز ڕەنگیداوەتەوە. هەر بۆیە ڕەخنەگران ((ئاوڕیان لەم لایەنە داوەتەوە و بە دەروازەیەکی دەروونییان داناوە، بۆ چوونە ناو ئەدەبەوە بە مەبەستی دۆزینەوەی شتە نادیارەکانی ناو دەق و لێکدانەوەیان بە دەروون و شاراوەکانی ژیانی شاعیر بە تایبەتی ئەو ئەدەبەی کە لە لایەنە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان دووردەکەوێتەوە و جەخت لەسەر دەربڕینی ناوەوەی دەق دەکات، با بڵێین ئەو ئەدەبەی کە بایەخی سەرەکی بە لایەنی دەروونی نووسەر و کەسەکان دەکات.))(بەرزنجی،۲۰۱٤: ۹۸) بێ گومان هەموو کەسێک تا ئاستێک سیفەتی خودشەیدایی تێدایە، ئەمەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی دەگۆڕێت. (فرۆید) ئاماژە بەوە دەکات کەوا نەرگسیەت گوزارشت لە قۆناغێکی گەشەی مرۆڤ دەکات، کە لە ساڵانی یەکەمی تەمەنی منداڵیدا بە چڕی و بە خەستی

جەخت دەکاتە سەر خۆی، دوای قۆناغێکی دی ڕوو لە کەسانی دەوروبەر دەکات. واتا (فرۆید) ((دوو جۆر نارسیسیزم جیادەکاتەوە، کە بە سادەیی: نارسیسیزمی سەرەتایی سەر بە منداڵ، سەر بە پرەنسیپی چێژ، جۆرێک لە ئیگۆیستانەیە و نزیکە لە ئۆتیزم و نەناسینی ئەویترەوە. بەڵام نارسیسیزمی دووەم، سەر بە گەشەی ناو پرەنسیپی واقیعە و هی گەورەکانە و ئۆبێکت سەنتەرە.))(ئاسۆن،٢٠٢١: ١٤٨) کەسی نێرگسی هەست بە شکۆمەندی و بڕوا بەخۆ بوون دەکات و حەز دەکات خۆی لەوانی دی بە دەسەڵاتتر و دیارتر و باڵاتر بێت، بەڵام ئەم بابەتە بۆ ئەدەبیات ((ڕەهەندێکی تر وەردەگرێت، ئەدیب لە خۆی دەدوێت و خۆی دەکاتە پاڵەوانی شتەکان و دەروونی خۆی دەدوێنێت.))(صلیوە،٢٠١٣: ١٧٨)

لە ڕۆمانی (ڕێگەکانی ژەهر)دا، کاتێک (دڵشاد)ی کارەکتەری سەرەکی لە لایەن (خەڵۆ)ی پاسەوانییەوە لە چۆڵەوانی ڕووت دەکرێتەوە و بە تەنیا جێدەهێڵدرێت، لەو تەنیایی و چۆڵەوانییە پەنا بۆ ئەشکەوتێک دەبات و لەو ئەشکەوتە ساتەکانی ژیانی بەڕێدەکات. ماوەیەک دوای ئەوە هەست بە گۆڕانێکی زۆر لە ڕووخسار و ڕەفتاری دەکات. کاتێکیش دەچێتە سەر ئەو گۆمەی لە نزیک ئەشکەوتەکەیە، چێژ لەو گۆڕانە وەردەگرێت کە لە جەستەیدا ڕوویداوە. بۆیە ڕۆژانە دەچێتە ناو ئەو گۆمە ئاوە و وێنەی جەستەی لە ئاوەکەدا دەبینێت و زیاتر سەرسامی خۆی دەبێت. درێژبووی قژی و گەورەبوونی مەمکەکانی، زیاتر وای لێدەکات چێژ لە جەستەی خۆی وەربگرێت. **((وات لێ هاتووە ڕۆژانە دێیتە لای ئەو گۆمە و دەچیتە ناوی، تاکوو سەرنج لە گیانت بدەیت. ئاگات لێیە وا وردەوردە چێژ لە بینینی خۆت دەبینیت، بە ڕادەیەک زۆربەی کاتت لەوێ بەسەر دەبەیت. گۆڕانێکی سەیر لە تۆدا ڕووی داوە، کە دەتەوێت هەردەم جەستەی خۆتت لێ دیاربێت، بە تایبەتی قژە درێژ و مەمکە قوتەکانت.))**(کاکە سوور،٢٠١٧: ٨٠) ڕۆماننووس لێرەدا بە ئاگاییەوە دیمەنی (نێرسس)ی ئەفسانەی یۆنانی بە شێوەیەکی هونەری خزاندووەتە نێو ڕۆمانەکەی و لە کارەکتەری (دڵشاد)دا بەرجەستەی کردووە. کارەکتەری (دڵشاد) بە هۆی ئەو بارە ناهەموارەی دووچاری بووەتەوە، بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو بارودۆخ و هاوسەنگییە دەروونییەی (ئەدلەر) باسی دەکات، خودی خۆی دەکاتە سەرچاوەی سۆز بەخشین بۆ خۆی. واتە ئەو نەرگسیەتەی (دڵشاد) بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو تێکشانە دەروونییە و سەلماندنی خودی خۆیەتی.

(دکتۆر سیامەند)ی برای (ئەرڤارد)یش یەکێکی دیکەیە لەو کارەکتەرانەی حەزی خودشەیدایی لە ناخیدا چەکەرەی کردووە. دوای ئەوەی لە شانۆگەرییەکی منداڵاندا ڕۆڵی دکتۆرێکی دڵسۆز دەبینێت، لە لایەن (ئەرڤارد)ی برای، کە ڕۆڵی پیاوێکی خراپەکار دەبینێت؛

خۆی و خێزانی و منداڵەکەی دەکوژرێت. لەوەوە ئەم شانۆگەرییە دەگوازرێتەوە دونیای واقیع و لەو ڕۆژەوە پێشگری دکتۆر دەخرێتە پاڵ ناوی (سیامەند) و (بێ شەرەف)یش دەبێتە پاشگر بۆ (ئەرڤارد). ئەمە وا لە (سیامەند) دەکات دیاردەی خودشەیدایی لە لای دروست بێت. **((ڕاستییەکەی ژیانی (دۆکتۆر سیامەند) هەر لە دوای نمایشەکەوە ئاڕاستەیەکی تەواو جیاواز لە هیی ئەم وەردەگرێت. دەکرێت بگوترێت لەو ڕۆژەوە لە قۆناغی منداڵییەوە بۆ قۆناغی گەورەیی باز هەڵدەدات. واز لە یاری دەهێنێت و وەک پیاوێکی سەنگین هەڵسوکەوت دەکات. خەڵکیش هەر حیسابی دۆکتۆری بۆ دەکەن و ڕێزی بێپایانی لێ دەگرن، بگرە بە شەرمەوە لەگەڵی دەدوێن.))** (کاکەسوور،٢٠١٧: ٢٤٠) سێیەری نەرگسیەت بە ڕێژەیەکی زۆر بەسەر ئەم کارەکتەرەدا زاڵە، ئەمەش وای لێدەکات، دایکی خۆی جێبهێڵێت و ژیانێکی سەربەخۆی دوور لە دایکی و براکەی بەسەر ببات. چەند جارێکیش بە گیانێکی خۆبەزلزانییەوە لە چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی و ڕۆژنامەنووساندا بە خراپ ناوی براکەی هێناوە و زۆر بە خۆی نازیوە.

**((ئەگەرچی وەک بیستوویەتی ژنەکەی بە ڕووخۆشی بەناوبانگە، بەڵام خۆی زۆر کەسێکی لووتبەرز و داخراوە. جارێکیان لە کەناڵێکی گەورەی تەلەڤیزیۆندا دیویەتی، کە چ وەک کەسایەتییەکی دیار و چ وەک دۆکتۆرێکی ماڵنشین گفتوگۆی لەگەڵدا کراوە. ڕۆژنامەنووسەکە کچی ئەو کوڕە بووە، کە لە نمایشەکەدا بووەتە منداڵەکەی و برا بێشەرەفەکەی کوشتوویەتی. شانازیی بەوە کردووە، کە چ بە لای دایکی و چ بە لای باوکیەوە سەر بە خێزانی ڕەسەن و ناودارە. باوکی پارێزەر و سیاسەت مەدارێکی گەورە بووە و کۆمەڵەی (پ. کورد)ی دامەزراندووە. داپیروباپیری خاوەنی کۆمەڵێک کووره بوونە و دەیان کرێکار لایان ئیشیان کردووە. باوکی دایکی بە کاربەدەستێکی گەورەی عوسمانی دانراوە و زۆری دیکە، بەڵام هەرگیز نەیگوتووە (سازیلە)ی دایکی خۆی کوشتووە، لە کاتێکدا ئەو تازە لە کۆلیج وەرگیراوە و نەیوستووە پرسەی بۆ دابنێت، بەڵکوو سواری ئۆتۆمۆبێل بووە و بۆ بەغداد بە ڕێ کەوتووە. هەر لەو گفتوگۆیەدا گوتوویەتی برایەکی بوودەڵە و بەدکاری هەبووە، بەڵام هەر لە زووەوە پێوەندیی خۆی پێوە نەهێشتووە و حاشای لێ کردووە.))**(کاکەسوور، ٢٠١٧: ٢٤١)

لە هەر یەکێک لەم دوو نموونەی سەرەوەدا، دیاردەی خودشەیدایی لە پێکهاتەی کەسایەتیی ئەم کارەکتەرانەدا لە سەرەتادا بەو ڕێژەیە نەبووە، بەڵکو کۆمەڵگە ڕۆڵی لە دروستکردنی ئەم دیاردەیەدا هەبووە. (دڵشاد) بە هۆی خوویەکی پووچ دووچاری ئەم دیاردەیە دەبێت و (سیامەند)یش هاندانی کۆمەڵگە و گەورەکردنی زیاد لە پێویست لە قەبارەی خۆی، بە هۆی ئەو تایبەتمەندییانەی بۆی داتاشیوە، بەرەو دیاردەی خودشەیداییان بردووە.

لە ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان)دا، (کورمان)ی کارەکتەری سەرەکیی؛ کارەکتەرێکی نەرگسییە. ئەگەرچی لەگەڵ (لۆنا) پەیوەندییەکەیان بە جۆرێکە، زۆر هۆگری بووە و خۆشی دەوێت. تەنانەت هاوڕێ و هاوکارەکانی کتێبخانە وا دەزانن (لۆنا) خۆشەویستیی (کۆرمان)ە. (کورمان) بە هیچ شێوەیەک نایەوێت (لۆنا) لە دەست بدات، بەڵکو بە پێویستیی ژیانی خۆی دەزانێت. تەنیا لەبەر ئەوەی بوونی (لۆنا) لە ژیانی (کورمان)دا بە مانای پارێزگاری کردنە لەو ڕابردوو و یادەوەرییەی خۆی. **((ئەگەر تۆ بتوانیت لە ئاستی ژنێکدا بەهێز بیت، کە هەم خۆشت دەوێت، هەم جوان و سێکسییە، بگرە سەرنجڕاکێش و تەفرەدەرە، ئەوە هێشتا بەشێکی لە ڕابردووت. (بەهێز بیت)، واتە نەهێڵیت ئەو چێژەی لە بینیندا وەریدەگریت، بۆ جەستەت بپەڕێتەوە. هەستەکان کاتێ دادەگیرسێن، کە بەر جەستە دەکەون، بگرە جەستە مەڵبەندی تەقینەوەی هەستەکانە. ڕەنگە دەربڕینێکی ورد نەبێت، بۆیە چاکترە بڵێیت نە لەسەر تەختی نووستنەکە و نە لە هیچ شوێنێکی تریشدا جەستەت بە جەستەی بگەیەنیت، بەڵام لەوەیش گرنگتر ئەوەیە، ڕێ نەدەیت ئەویش جەستەی لە جەستەت نزیک بکاتەوە. ئایا ئەمە کارێکی بەد ڕەوشتانە نییە، ئاوا هەستی ژنێک بۆ مەبەستێکی خۆت بەکاربهێنیت، بگرە بیشکێنیت؟ پرسیارێکە زوو زوو یەخەت دەگرێت.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٤٥١) خودشەیدایی (کورمان) لەوە دەردەکەوێت، پێی وایە ئەگەر ئەو عیشق و خۆشەویستییە بپەڕێتەوە بۆ جەستە و چێژ لە جەستەی ببینێت، ئەوا بەشێکی زۆر لەو یادەوەرییانەی ڕابردووی لە دەست دەدات. بۆیە لە پێناو پارێزگاری کردن لە یادەوەرییەکانی خۆیدا، ناچارە ئازاری (لۆنا)ی خۆشەویستیی بدات.

**- چەپاندن**

لە ڕۆمانی (ڕێبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)دا، (ئومێد)؛ کە کارەکتەرێکی نێو ئەم ڕۆمانەیە، جۆرێک لە چەپاندن بەسەریدا زاڵە. بۆیە حەزە چەپێنراوەکانی نەستی لە ڕێی خەون و هێنانە پێش چاوی تێر دەکات. (ئومێد) لە ڕێگەی قوتابخانە عاشقی کچێک دەبێت بە ناوی (ڤیڤیان). هەمیشە هەوڵدەدات لێی نزیک ببێتەوە و ڕازی دڵی خۆی بۆ بدرکێنێت، بەڵام (ڤیڤیان) هەر بەلاوەی ناوە و ئاوڕی لێ نەداوەتەوە. بۆیە حەز و خولیا خەفەکراوەکانی ناخی بوونەتە زیندە خەون و خەیاڵی (ئومێد)یان داگیرکردووە. وەگێڕی هەمووشتزان باس لەو بارە چەپاوەی ناخی (ئومێد)مان بۆ دەکات و دەڵێت: **((زۆرجار پێش خەوتن هێناویەتیە پێش چاوی چۆن هەردوو چمکی بەم دەست بەو دەستی گرتووە و ڕایکێشاون، بۆ ئەوەی جەستەی لەگەڵ جەستەیدا جووت بکات و دەمی بەر دەمی بکەوێت. ئەوسات ئەو لێوە ئاڵانەی دەمژێت، بگرە**

**گـازی قایمیـان لـێ دەگرێـت. چەنـدان شـەو خەونـی پێـوە دیـوە.)**(کاکەسـوور،٢٠١٥: ١٨٧-١٨) خەونەکانی بوونەتە مۆتەکە و لەوە دەچێت سەریشی لەسەر دابنێت. (ئومێد) دوای دەرکەوتنی ئەو حەزە سێکسییە لە ناخی بە هۆی فشاری (ئید) لەسەر (من) بۆ دەرخستن و تێرکردنی ئەو حەزە و ڕێگری کردنی (منی باڵا) لە تێرکردنی بە هۆی تابۆ ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەمە وا لە (من) دەکات ئەو حەزە سێکسییە فڕێ بداتە جیهانی نائاگایی و لەوێ دەچێتە باری چەپاندن. بۆیە لە ڕێی خەون و زیندە خەون، ڕێگە بە تێربوونی حەزە سێکسییەکانی دەدات، هەروەکو (فرۆید) ئاماژە بەوە دەکات، کەوا خەون ڕێگەیەکە بۆ تێرکردنی حەزە سێکسییەکان. زیندە خەونیش لە ڕوانگەی (فرۆید)ەوە یارمەتیی مرۆڤ دەدات تا بتوانێت لە ڕێگەیەوە ((حەز و تاسە و ئاواتەکانی خۆی لە ساتە وەختی بێداریدا بهێنێتە دی.))(الوردی،٢٠١٢: ١٠٢)

لە ڕۆمـانی (ڕێگەکـانی ژەهـر)دا، ڕۆمـاننووس لە ڕێـی کـارەکتەری (خەلـۆ)، کە پاسـەوانی تایبەتیی (دڵشاد)ە، ئەو بارە چەپاوەی ناخی (خەلۆ) دەردەخات. (خەلۆ) چەند جارێک لە لایەن (دڵشـاد) نێردراوەتە ماڵەوە، تـا یـارمەتیی خێزانەکەی بـدات و لە ئیشـی مـاڵ هاوکـاری بکـات. هەستی وروژاوی (خەلۆ) بۆ (شادان) لە تەقینەوەدا بووە، بەڵام لە ترسی سانسۆری (منی باڵا) نەیتوانیـوە ئەو حەزە سـەربخاتە جیهـانی ئاگـایی، بـۆیە بە ناچـاری لە نەسـتیدا کپـی کـردووە. (خەلۆ) لە ڕێی نووسینەوە ئەو حەزە پەنگخواردووەی نـاخی خستۆتەڕوو، کەوا چەندین جار خەون و زیندە خەونی پێوە دیوە. بە هـۆی ئەوەی کاتێک لە ترسـی سانسـۆری منی بـاڵا ، ئەو حەزە سێکسـییەی لە جیهـانی واقیعـدا بـۆ نـایەتەدی، لە نەسـتیدا دەیچەپێنێـت، دواتـر لە ڕێـی میکـانیزمی لادانەوە ئەو حەزە چەپێنـراوەی نـاخی، لە ڕێـی خەون و خەیـاڵ و زینـدە خەون مەیسەر دەکات. **((هەمیشە خەون و زیندەخەونی پێوە دیوە. چەند جارێک بە ڕووتی بینیویەتی و ویسـتوویەتی پەلامـاری بـدات، بەڵام ترسـاوە لە دەسـتی بچێت، لە کاتێکدا دڵنیایە ڕۆژێک ڕێیەکی چاکتر دەدۆزێتەوە و دەیکاتە ژنی خۆی.))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ٨٤-٨٥) (مـن) ویسـتوویەتی حەز و ئـارەزووە سێکسـییەکەی (ئیـد) بەجێبهێنێـت و بـاوەش بە (دڵشـان)دا بکـات و حەزی وروژاوی ناخی دامرکێنێتەوە، بەڵام لەبەر (منی باڵا) کە نوێنەرایەتی دابونەریت و بەها باڵاکانی کـۆمەڵگە دەکـات، نەیـوێراوە. بـۆیە لە نەسـتیدا خەفەی کـردووە. بەمەش (منـی بـاڵا) ڕۆڵێکـی سەرەکی و بنچینەیی دەبینێت لەوەی ڕێگری بکات ئەو حەزە ئیبلیسییەی (ئید) بە ئاشکرا خۆی دەربڕێت.

هەر لەم ڕۆمانەدا، (دیدار) کاتێک کەمێک کهول دەخواتەوە، کە لەسەر مێزەکە دانراوە، مەست دەبێـت و دەچێـتە بـاری بـێ ئاگـاییەوە. لەم کاتەشـدا سـەرجەم حەزە چەپێنراوەکـانی ئیـد دزە

دەکەن. بۆیە لێرەدا (دیدار) وا هەست دەکات خەون دەبینێت و لەم خەوەیدا شەبزووزی دەرهێناوە و میز بە دەموچاو و سینگی ڕووتی دایکیدا دەکات. ((**هەموو شتێک وەک خەون خۆی دەنواند. نەتدەزانی بۆچی شەبزووزتت لە درزی زنجیری تراکسویدەکەت دەرهێناوە و وا میز بە دەموچاو و سنگی ڕووتیدا دەکەیت. دەتویست میزەکەت بوەستێنیت، یان ئاڕاستەکەی بگۆڕیت، بەڵام بۆت نەدەکرا. شتەکان لە ژێر ویستی تۆدا دەرچووبوون. ملوانکەکەی دڵۆپ دڵۆپ میزی لێ دەتکا. تیشکی گڵۆپ دەیبریسکاندنەوە. جارجار لە وێنەی باوکتت دەڕوانی، کە بە قەدی دیوارەوە هەڵواسرابوو و پێدەکەنی. هەر بە ڕاستی گوێت لە قاقاکەی دەبوو. هێندەی نەبرد ترسێکی سەیر گەمارۆی دایت.**))(کاکەسوور،٢٠١٧: ٤٤) هۆگربوونی منداڵ بە دایکی لە ڕێی مژینی مەمکی دایکی، لە قۆناغێکی دیکەدا ئەم هێزە چووەتە شەبزووزی و لە ڕێی ئەو ڕژێنەوە دەردەدرێت. لەم ڕێگەیەوە ئەو هۆگربوونەی بە دایکی بەردەوام دەبێت. ترس و سانسۆری باوک وا دەکات ئەم حەزە بچەپێنێت. کاتێک لە کاتی مەستیدا ئەم سانسۆرە کز دەبێت، ئیتر ئەو حەزە چەپێنراوەی ئید بە ئاسانی دێتە نێو جیهانی هەستییەوە. (دیدار) تەنانەت لە بێ ئاگاییشدا ناتوانێت خۆی لەم ترس و تۆقانەی باوکی ڕزگار بکات، بۆیە باوەشی دایک دەکاتە پەناگە بۆ ڕزگاربوون لەم ترسە. ((**باوکتت دەبینی لە پەنایانەوە سەری دەردەهێنا و قاقای لێ دەدا. وا دەهاتە بەرچاوت ئەویش شەبزووزی دەرهێناوە و میز بە هەردووکتاندا دەکات، بێ ئەوەی قاقای پێکەنینی بوەستێنێت. خۆت خستە باوەشی دایکتەوە. مەمکەکانیت لە یاخەی کراسە تەنکەکەی دەرهێنا و وەک منداڵی ساوا بەردەوام مژت لێ دەدان، کە بە میزی تۆ و هیی باوکت تەڕ بووبوون و زمان و قوڕگتیان دەکزاندەوە. نەتدەزانی بۆچی وا دەکەیت و چیت لەو (تەرم!)ە دەوێت، کە ژەهر لە جووڵەی خستووە. ئەوەندەت لا ڕوون بوو نەتدەویست دیمەنی باوکت بەو شێوەیە ببینیت، بگرە بەرگەی ئەو ڕیسواییەت نەدەگرت.**))(کاکەسوور، ٢٠١٧: ٤٥) ئەو کۆمەڵگەیەی ڕۆماننووس تێیدا پەروەردە بووە، هەمیشە دایک ئەو پەناگە ئارامە بووە کەوا منداڵی لە هەموو شتێک و تەنانەت ترسی باوکیشی پاراستووە.

کارەکتەری سەرەکیی (کوڕە قژدرێژ) لە ڕۆمانی (مۆزەخانەی کوڕە قژدرێژ)دا، بە هۆی ئەوەی دوور بووە لە سۆز و خۆشەویستیی دایکی، وای کردووە تا تەمەنێکی زۆر لە ژن بە دوور بێت و لێی نزیک نەبێتەوە. دوور بوونی لە خۆشەویستی، بە مانای دوور بوونە لە حەزی سێکسی. وەگێڕ کاتێک بە ڕابردووی ژیانی (کوڕە قژدرێژ) شۆڕدەبێتەوە، باس لە تەمەنی هەرزەکاریی ئەم کارەکتەرە دەکات، کاتێک لەو تەمەنەدا چەندین جار ژنی گیتاڕ ژەنەکەی بردووەتە ژووری سەرەوە و لێوی مژیوە. کەچی ئەو هەستە وروژاوەی لە نەستی خۆیدا چەپاندووە. کاتێک (ژنی سالۆن) لە ناو بازاڕ بۆ لای (کوڕە قژدرێژ) دێت و لێی نزیک

دەبێتەوە، شەرمێکی زۆر دایدەگرێت. شەرم لە ڕەگەزی مێ، شەرمی دوورکەوتنەوە و نەبینینی ژن. هەموو ئەوانە وای لێدەکەن تەزوو بە گیانیدا گوزەر بکات و لە ناو ئارەقی خۆیدا ڕۆبچێت. **((ئەوەتا ژنەکە بۆی لای دێت، بەڵام ئەم خەریکە لە شەرمان دەمرێت. هەرگیز هێندە شەرمی لە ژن نەکردووە، بەڵام کەی ژنی دیوە، هەتا بزانێت شەرمیان لێ دەکات، یان چی؟ ڕاستە تا ئەو دەمەی دایک و باوکی لە ژیاندا بوون، جاروبار هەندێک کچی ناسیاویانی دەبینی، ئینجا چ خۆیان سەردانیان بکردنایە، یان ئەوان بهاتنایە، بگرە گاڵتەی سەیریشی لەگەڵدا دەکردن، تەنانەت یەک دووانێکی لە باوەش گرتبوون، بەتایبەتی کچە گیتارژەنەکەی قژی لە شێوەی بۆب دەبڕی، کە زووزوو دەیبردە ژووری خۆی و دەمی دەمژی، بەڵام لەو ڕۆژەوە ئەوان نەمان و ڕووی لە کاری بازرگانی کرد، ئیدی تەنیا پیاوی سمێڵزلی دەبینی.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٩٨-٩٩) بەمەش کارەکتەری (کوڕە قژدرێژ) دوای مردنی دایک و باوکی و بە تەنیا مانەوەی لە نێو ژیانێکی سەخت و پڕ لە ئاڵنگاری، ژیانێک کەوا هی خۆی نییە و بەسەریدا سەپێنراوە و خۆی لە دروست کردنیدا بەشدار نەبووە. بۆیە هەر لەو تەمەنەدا هەموو ئەو شتانەی پەیوەستن بە ئافرەت و خۆشەویستیی ئافرەت، لە ناخیدا خەفەی دەکات. ئێستا حەزی سێکسی لای ئەم کارەکتەرە مردووە، کاتێکیش لە لایەن (ژنی ساڵۆن) کۆمەڵێک پرسیاری وروژێنەری لێدەکرێت، ڕایدەچڵەکێنێت و لەو شوێن و کاتە هەستیارەدا ئەو ساتانەی بیر دەکەوێتەوە کەوا لە هەرزەکاریدا کۆمەڵێک کردەوەی وروژێنەری سێکسی لەگەڵ کچاندا ئەنجامداوە. ئەو کاتانەیشی لە دەست چووە. ئێستا کچێک نەماوە بە ناوی کچی گیتارژەن و چەند بۆی بگەڕێت نایدۆزێتەوە. دوای ئەم کاتە زۆرە، هەست دەکات یەکەم جارە ژنێک خۆشی دەوێت و گرنگی بە ژیان و وردەکارییەکانی دەدات. **((کوڕەقژدرێژ تەزوو بە سەرتاپێی گیانیدا دێت، بەڵام دڵی پڕ دەبێت و هێندەی نامێنێت لە پرمەی گریان بدات. هەرچۆنێکە بەسەر ئەو هەستە بەهێزەیدا زاڵ دەبێت و دەڵێت:**

**ـ بەپێچەوانەوە، تۆ شتێکت پێ گوتم، کە هیی ئەوەیە بیری لێ بکەمەوە، بەڵام چۆن ئەمانە لەبارەی منەوە دەزانیت؟ چۆن؟ باوەڕ ناکەیت من چەند پێویستم بەوەیە ئەمەم لە دەمی تۆوە گوێ لێ ببێت!))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٠١-١٠٢) وروژاندنی ئەو هەستەی (کوڕە قژدرێژ) وای لێدەکات دڵی بۆی لێ بدات و لێی نزی ببێتەوە و خۆشی بوێت. **((کوڕەقژدرێژ دوور لە ویستی خۆی لێی نزیک دەبێتەوە، بگرە دەیەوێت گوێ بەوە نەدات چ دیمەنێکی ناشیرینی هەیە، لە باوەشی بگرێت.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٠٢) حەزی وروژاوی سێکسیی (کوڕە قژدرێژ) وای لێ دەکات ئەو ژنەی خۆشبووێت بەپێی ئەو ئەنجامەی دەروونناسەکان لە بابەتی خۆشەویستی و

سێکسدا پێی گەیشتوون، کەوا ((سێکس لای پیاو لە پێش خۆشەویستییەوە دێت.))(مەلازادە،٢٠١٦: ٣١٠)

لە ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان)دا چەپاندن لای کارەکتەری سەرەکیی (کوڕمان) بە زەقی دەردەکەوێت، کاتێک لەگەڵ (دادە نەهران) دەچنە ماڵی (دادە نەسیمە)، لەوێ لەگەڵ (دیالا)ی برازای دادە نەسیمە کۆمەڵێک یاری و دەستبازی دەکەن، ئەگەرچی تەمەنیشیان زۆر گەورە نییە. لەو تەمەنە بچووکەدا بناغەی خۆشەویستیی بەرانبەر (دیالا) لە دڵیدا دادەمەزرێنێت، بەڵام لە ترسی (من– Ego) و سانسۆری کلتور و دابونەریتی کۆمەڵگە، دەیشارێتەوە. بۆیە کاتێک جلەکانی خۆی دەبینێت لەگەڵ جلەکانی (دیالا) شووراوە و هەڵخراوە، خۆزگە دەخوازێت ڕۆژێک ئاوا ئەوانیش بەیەکەوە خۆیان بشۆن. **((تیشێرتت لەسەر تەنافی حەوشە هەڵخراوە، کە (خانمی مەکرباز)ی لەسەر نووسراوە. ئەم بەیانییە (دادە نەسیمە) لەگەڵ جلوبەرگی (دیالا)دا شووشتی و هەڵیخست. دەنگێک پێی گوتیت: (خۆشە، ڕۆژێک ئاوا پێکەوەیش خۆتان بشۆن!)، بەڵام سەرکوتت کرد.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٢٦١) دەرکەوتنی ئەو حەزە چەپێنراوەی (ئید – Id) هەر زوو لەلایەن (من–Ego) سەرکوت دەکرێت. جگە لەمەش (کوڕمان) هەر لە منداڵییەوە، کەسایەتییەکی بزێو و سەرەڕۆی هەبوو. بەردەوام بە ویستی خۆی بێت یان بێ ویستی خۆی، کۆمەڵێک دیمەنی وروژێنەری سێکسی کەوتووەتە بەر چاوی. وای لێهاتووە هەوڵدان بۆ بینینی ئەم دیمەنانە بووەتە خوویەک بۆی و دەستی لێ هەڵناگرێت. **((نیوەڕۆی هاوینی پار دایکت نادرتیە ماڵی دەراوسێی چەپتان، تا کلیلی کردنەوەی قوتووی دۆشاوی تەماتەی بۆ بهێنێت، چونکە ئەوەی خۆتانی نەدەدۆزییەوە. بەسەر دیواری نێوانتاندا بازت هەڵدا و بە چەند هەنگاوێک گەیشتیتە هەیوان. لەوێ ناڵەناڵ و دەنگی سەیرت هاتنە گوێ. تەختی نووستنەکەیش بەردەوام جیڕەجیڕی بوو. بە ئەسپایی چوویتە لای پەنجەرە و بینییت پەردەکە ئەگەرچی دادراوەتەوە. بەڵام هێشتا درزێک ماوە، لێیەوە بڕوانیتە ژوورێ. ناکرێت چاوت لەو دیمەنە بنووقێنیت و ڕووت بۆ دواوە وەربگێڕیت.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٨٣) دیمەنی جووڵە و خاوبوونەوەی ئەو ژن و مێردە پاش گەیشتن بە ئۆرگازم، حەزی سێکسی لای (کوڕمان) دروستکردووە، کەچی لە ترسی (منی باڵا) لە ناخی خۆیدا هەڵیدەگرێت و تەنانەت ناتوانێت پرسیار لەم بابەتانەش بکات، تەنیا بە ئاماژە چەند وشەیەک لای دایکی و پوری دەدرکێنێت. **((دایکت و پوورت سەریان لەو دۆخەی تۆ دەرناچێت. لێت دەپرسن مەبەستت چییە، کاتێ دەڵێیت دیسان شتەکان خاوبوونەوە، بەڵام ناتوانیت بۆیان ڕوون بکەیتەوە.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٨٤) بەمەش (کوڕمان) هەموو ئەو حەزە چەپێنراوانەی ناخی، لە ڕێی یادەوەرییەوە باس دەکات و لێیانەوە دەدوێت.

- خـەون

هەروەکو لە بەشی یەکەمدا باسمان کرد، کەوا یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دەروونشیکاریی ئەدەب، خەونە. مادام بەرهەمی ئەدەبی بە هەموو ژانرەکانییەوە، ژانی لەدایکبوونی کۆرپەیەک بـن لای نووسـەر، ئەوا ژانـری ئەدەبـیش ئەو خەونەیە کەوا ڕۆمـاننووس ناتوانێت خـۆی لـێ دەرباز بکات. خەون وەک دیاردەیەک لە نێو ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور) ڕەنگیداوەتەوە. لە ڕۆمـانی (ڕێبەنێکـی سـوور و ملپێچێکـی ڕەش)دا ئەگەر سـەرنج بـدەینە ژیـانی (مامۆسـتا دلاوەر)، دەبینین هەمـان ئەو واقیعەی ژیـان دەگوازێتەوە نێو خەونەکانی. ئەمەش هەمـان ئەو لێکدانەوەی (فرۆید)ە، کە پێی وایە خەون مێژووە. وەگێڕی هەمووشتزان بەم شێوەیە خەونی (دلاوەر)مان بۆ دەخاتەڕوو. (( **کاتێ ئاوڕ دەداتەوە ڕیزێک عەرەبانە دەبینێت، کە هەر یەکەی چەند تەرمێکی لێ بار کراوە و لە پشت ئەم وەستاون. چاوەڕێن دەرگەی حەمام بکرێتەوە و بیانبەنە ژوورێ. تەرمەکانی سـەر عەرەبـانەی پێشـەوە بەوە لەوانە دی جودا دەکرێنەوە، کە دەسـت و قاچیـان پێوە نەمـاوە. پێستیان ڕەش هەڵگەڕاوە. لەوە دەچێت زۆر لەبەر هەتـاودا مـــابێتنەوە. چاویشـــیان دەرهێنـــراوە، کە ڕەنـــگە بزمـــاری داخبوویـــان تـــێ چەقێنرابێـت.**))(کاکەسـوور،٢٠١٥: ٦٣) لەمەوە بۆمـان دەردەکەوێـت کەوا (دلاوەر) و (ویـداد)ی هاوسەری وەکو خێزانێکی کورد، لەنێو ئەو بارودۆخە سەخت و دژوارەی سـەردەمی حەرەس قەومییەکان ژیاون، کە مێژوویەکی ڕەشی حوکمڕانی بووە لە عیراق. گەڕانەوەیە بۆ سـەردەمی جـاهیلیەتی عەرەبـی بەدەوی، کە شـانازییان بە کوشـتن و سـەربڕینی نەیارەکانیـانەوە دەکـرد. دووبارەبوونەوەی ئەو واقیعە لە ژیانی (مامۆستا دلاوەر) لە لایەن حەرەس قەومییەکانەوە، لە خەونەکانیشیدا ڕەنگیداوەتەوە. وەگێڕ باشتر ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە بینینی ئەو هەموو تەرمە لەبەر کـورد بوونیـان بـووە. بە شـێوەیەکی هـونەریی لە گفتوگۆی نێـوان مامۆسـتایەکی زمانی کوردی و عارەبانچییەکە ئەوە دەخاتەڕوو. (( **- مەڵێ عەرەبانە، بەڵکو بڵێ گالیسکە! ئاخر گالیسکە کوردییە.**

**ئەویش دەمی زلی بستێک دەکاتەوە، بە ڕادەیەک ددانە ڕزیوەکانی دەردەکەون و دەڵێت:**

**- گالیسکە ئەوەیە گا ڕایدەکێشێت. چاک بزانە من گا نیم! عەرەبـانە، نەخێر، عەرەبـانەیش نـا، بەڵکو عارەبانە دروستە، چونکە من ڕایدەکێشم. ئەمە یەکەم و دووەمیش ناوم عارەبە. هیی من هەر عارەبانەیە، یان هیچ نەبێت عارەبلیسکە.**

**یەکێ لە تەرمەکـان، کە قەڵەوێکـی ڕەشـتاڵەیە،لێرە و لەوێ گـوللە گیـانی هەڵـدڕیوە و لە لای پێشەوەی عەرەبانەیەکیاندا پاڵ خراوە، بە حاڵ دەمی دەکاتەوە و دەڵێت:**

**- گوێی مەدەرێ و با بۆ خۆی هەر چەنەبازی بکات! ئێمە خۆمان بڕیار دەدەین چ ناوێک لەو ئامێرانە بنرێت، کە دەمانگوێزنەوە. ئەرێ پێم نالێن ئێمە کوژراوین ودەنێژرێین، یان ئەو مامۆستایە؟))**(کاکەسوور،٢٠١٥: ٦٣-٦٤) ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم دەقەی سەرەوە، بەڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کەوا (مامۆستا دلاوەر) لە خەونیشیدا ڕووبەڕووی هەمان ئەو کێشە نەتەوەییە دەبێتەوە، کە لە نێوان نەتەوەی کورد و عەرەب، بەتایبەتیش حەرەس قەومیی عەرەبە شۆڤینییەکاندا هەیە. کارەکتەری عارەبانچی داکۆکی لە عەرەببوونی خۆی دەکات، تەنانەت مۆرکی بەعەرەبکردن بەو ئامێرەش دەدات، کە تەرمەکانی پێ دەگوازێتەوە. بەمەش باڵادەستی ڕۆماننووسمان لە بەکارهێنانی دال و مەدلوولەکان بۆ دەردەکەوێت. لە بەردەوامی گفتوگۆی نێوان مامۆستا و تەرمەکاندا، تەرمی ئافرەتێک قسە دەکات، وەکو ئافرەتێکی کۆمەڵگەی کوردیی چەوساوە، کە کەمتر دەرفەتی ئازادیی ڕادەربڕینی پێدراوە. ئافرەتێک دەیەوێت لە خەوندا ئازادیی ڕادەربڕینی هەبێت و ئازادانە گوزارشت لە بۆچوونی خۆی بکات. وەگێڕ خەونی کردووەتە بیانوویەک، تا لە ڕێیەوە حەزە چەپێنراوەکانی ناخی (دلاوەر)مان بۆ ئاشکرا بکات. (فریال) کە کچێکی عەرەبە، (مامۆستا دلاوەر)یش کوڕێکی کوردە. جیاوازی نەتەوەییش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بە یەکتر نەگەیشتنیان. (مامۆستا دلاوەر) زۆر پێی کاریگەر بووە، هەر ئەمەش وای لێکردووە لە خەوندا حەز و ئارەزووە چەپێنراوەکانی تێر بکات. تەنانەت بە وازهێنانیشی بێت لە هەستە نەتەوەییەکانی. **((خەیاڵیشی هەر لای (فریال)ە. دەیەوێت دوای ئەوەی خۆی و جل و بەرگی پاک دەشوات و بۆنەکەی نامێنێت، ئینجا بۆ لای بگەڕێتەوە و لەو ئاهەنگە دانسی لەگەڵ بکات، ئەگەرچی مادام ئەو هەموو تەرمە دەبرێنە حەمام، مانای وایە پاکبوونەوەی مەحاڵە. لەگەڵ دەنگی تەرزەدا بێدار دەبێتەوە.))**(کاکەسوور،٢٠١٥: ٦٦) حەمام شوێنی مردوو شۆردنی تەرمی کوردەکانە. (مامۆستا دلاوەر)یش دەیەوێت لەو حەمامە خۆی بشوات و خۆی لەو بۆنە ناخۆشە پاک بکاتەوە. دەیەوێت خەون وەکو ئامرازێک بەکاربهێنێت بۆ شرۆڤەکردنی ئەو واقیعەی، کە لە دەرەوەی خەوندا نایەتە دی. هەرگیزیش ناتوانێت، چونکە حەمام؛ کە ڕەمزە بۆ خۆدەربازکردن لە کوردبوون و گەیشتن بە (فریال). ئەگەرچی ئەمە لە واقیعدا نایەتەدی، تەنانەت لە خەونیشدا نەیتوانی بەو ئاواتەی بگات و بێدار بووەوە.

لە ژیانی (مامۆستا دلاوەر) و (ست ویداد دێرتی)ی هاوسەری، ناخۆشترین سەردەمی ژیانیان، سەردەمی حەرەس قەومییەکان بووە. هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکێدا بوون. هەموو کات لە خەمی ئەوەدا بوون ئێستا نا ساتێکی دی لە دەرگەیان دەدەن و بە جووتە گوللە بارانیان دەکەن، بۆیە لە خەویشدا خەونیان پێوە دەبینن. **((پێرێ کاتێ بە هاواری خۆی لە**

**خەوەکەی ڕاپەڕی، (ویداد) دەستی چەپی لە ملی کردبوو و بە دەستی ڕاستی ڕیبەنەکەی ڕادەکێشا، لەوە دەچوو ئەویش خەونێکی لەم بابەتەی دیبێت.))**(کاکەسوور،٢٠١٥: ٧٠)

لە ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان)دا دیاردەی خەون بەرچاو دەکەوێت بە تایبەتی لای کارەکتەری (نیدۆ)، کە باوکی کوژراوە و بە منداڵی لە سۆزی باوکی بێ بەش بووە. بۆیە هەمیشە لە خەونەکانیدا باوکی دەبینێت و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات. بەردەوامیش خەونەکانی بۆ (کورمان)ی هاوڕێی دەگێڕێتەوە. (( **– من هەموو شەوێ خەون بە باوکمەوە دەبینم. هەر ئەو پیاوەیە، کە لەو وێنانەدا .....**

**– پێم نەگوتیت تۆ بووکەڵەیت؟ بووکەڵەکان هەمیشە خەون بەو پیاوانەوە دەبینن، کە نەماون و بە واکی خۆیانیان دەزانن. ئەو پیاوەی وێنەکانیت دیون و دیتەوە خەونت، نەمردووە؟**

**– کوژراوە.**

**– ئەوەی بکوژرێت، نامرێت؟**

**– تۆ خەونت بە مردووەوە دیوە.**

**– بەڵام لە خەونەکەدا زیندووە و قسەم لەگەڵدا دەکات.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٧٧-٧٨) ئەگەرچی (کورمان) لەم گفتوگۆیە، (نیدۆ) بە بووکەڵە دەزانێت و پێی وایە لە کاتی ئاگایی و نائاگاییدا هەڵسوکەوتەکانی بووکەڵە ئاسان و تەنانەت خەون بینینەکانیشی وەک هیی مرۆڤی ئاسایی نین، کەچی (نیدۆ) بەردەوام بە حەزەوە خەونەکانی بۆ ئەو دەگێڕێتەوە و بووەتە خوویەکی ڕۆژانە بۆی. (کورمان) ئاسوودە نییە بە گێڕانەوەی ئەم خەونانە لە لایەن هاوڕێکەیەوە، بەڵکو بووەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی دووچاری خەمۆکی بێت، چونکە گێڕانەوەی خەونەکان وایان کردووە لە ڕێیەوە پەی بە نهێنییەکانی ژیانی (نیدۆ) ببات و بە نهێنییەکانی بزانێت. ((**پێم باشترە بە پەنجەکانم، بێ ئەوەی دەستکێش بەکار بهێنم، قنگت بسرم، بەڵام خەونەکانت لێک نەدەمەوە. نازانم ئەرکە هیچوپووچە چییە تۆ دەیخەیتە سەر شانی من!))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٦٩-٧٠) نەمانی باوک وای کردووە سەرجەم خەونەکانی (نیدۆ) لەم چوارچێوەیەدا خۆی ببینێتەوە. نەمانی باوکی وای لێ کردووە خۆی بە خاوەنی دایکی بزانێت و گرێی ئۆدیبی بۆ دروست ببێت. هەستێکی وایشی بۆ دروست بووە، کەوا دایکی لە نەبوونی باوکیدا ڕەنگە خیانەت لەویش بکات. ئەمەش دووچاری گرێی خۆبەکەمزانینی دەکات. (کورمان)یش هەر وای لێکدەداتەوە، چونکە ئەویش هەمان گرفتاری (نیدۆ)ی هاوڕێی هەیە و باوکی نەماوە و کۆمەڵێک هەڵسوکەوتی وای لە دایکی خۆی بینیوە، ڕەنگە بۆنی خیانەتی لێ بێت. لە گفتوگۆی نێوان ئەم

دوو کارەکتەرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کەوا هەردووکیان لە دۆخێکی سایکۆلۆژیی سەخت و دژواردا دەژین. بە هۆی بێ باوکی؛ هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکێ و پەشێوییەکی دەروونیی زۆر دان. ترسی (نیدۆ) لەوەیە ڕۆژێک دایکی بە هۆی شووکردنەوە یان خیانەت یان هەر هۆکارێکی دی لێی دابڕێت. ئەو ترس و نیگەرانییە لە ناخیدا پەنگی خواردووەتەوە. لای (نیدۆ) لە خەونـدا بەرجەستە دەبێتەوە و لای (کوڕمان)یش بە هێنانە پێش چاو(Imagnation) لێکدانەوە بۆ خەونەکانی هاوڕێکەی دەکات.

**(( – من بە پێی ئەو خەونە چیم بەسەر دێ، کوڕمان؟**

**– کارەباتان وەک هیی سەرتاپێی گەڕەک بڕاوە، دایکت لە ناندین چرایەکی داگیرساندووە و خەریکی چێشتلێنانە. ئاگری تەباخەکەیش دەبینم، بەڵام ئاگای لێ نییە وا پیاوێک لە ژوورەوە چەقۆیەکی گەورەی بە دەستەوە گرتووە و چاوەڕێیە، هەر چێشتەکە بەگەیەنێتە ئەوێ و بیکوژێت.**

**– نایکوژێت. ئەوە چەقۆ نییە. ئاخر بۆیە گوتم با هەموو خەونەکەت بۆ بگێڕمەوە.**

**– چەقۆ نییە؟ ئەدی چییە، نیدۆ؟**

**– ئێسقانە، ئێسقانێکی درێژ. بە دەمیەوەیە.**

**– بە دەمیەوەیە؟**

**– سەگە، پیاو نییە.**

**– ئەوەی من دەیبینم، پیاوە. پیاوێکی باڵابەرزیشە.**

**– پیاو لە خەونی مندا دەبێتە سەگ، کوڕمان.**

**– ئەدی ژن؟**

**– مانگا.**

**– بەڵام ئەوە پیاوە. بە جەمەدانی دەمامکی خۆی داوە.**

**– سەگە، سەگ! ئێستا، هەر ئێستا کاتێ دایکم دەچێتە لای، خۆیی تێ هەڵدەسووێت. دەموچاو و ملی دەلێسێتەوە.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٨٩-٩٠) هەر لە ڕێی خەونی (نیدۆ)وە، (کوڕمان) ڕەمز و هێماکانی نێو خەونەکەی بۆ شیدەکاتەوە، چونکە ئەم تا ئێستایش (نیدۆ) بە بووکەڵە دەزانێت و

پێی وایە ناتوانێت بە ئاسانی لەو ڕەمز و هێمایانە بگات، کە لە خەونەکەیدا بینیویەتی. هەروەکو فرۆید لە بۆچوونەکانی سەبارەت بە خەون، پێی وایە هەندێک ڕەمز و هێما و کۆدەکانی نێو خەون ئاڵۆزن و هەموو کەسێک توانای لێکدانەوە و ڕاڤەکردنیانی نییە. (کوڕمان) وەکو کەسێکی مارانگەستە، بەو بارودۆخەدا تێپەڕیوە، بۆیە چاکتر لە هاوڕێکەی توانای لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی ڕەمز و هێماکانی هەیە. (( **_ نیشانەی ئەوەیە زۆری نەماوە بە تەواوی ببێتە سەگ. دایە دەستی لە کورسییەکە بەر داوە؟**

**_ نا، بەڵام کەمێک خۆی چەماندووەتەوە.**

**_ تەواوە. ئێستا مەکینە و کورسی ون دەبن و مانگایەک دەردەکەوێت، کوڕمان. لە ئێستاوە بزانە ئەوە دایەیە!**

**_ پیاوەکە لە دواوە ناوقەدی دایکتی گرتووە.**

**_ لە دواوە، یان لە پێشەوە؟**

**_ لە دواوە.**

**_ نەمگوت، کوڕمان؟ وا وردەوردە دەگۆڕێن.**

**_ دایکت ڕووی وەرگێڕاوە و پیاوەکە ماچ دەکات.**

**_ مەکینە و کورسییەکە ماون؟**

**_ لە شوێنی خۆیانن، بەڵام ئەوان لە نزیکیەوە درێژ بوون.**

**_ پیاوەکە بۆ سەگ گۆڕا؟**

**_ گۆڕانی چی، نیدۆ؟ هەر پیاوە، بەڵام دەمامکی لا بردووە و وا مەمکی دەمژێت.**

**_ دایەیش نەبووەتە مانگا؟**

**_ نا، بەڵام مەمکەکانی زۆر گەورە دیارن.**

**_ مانگایە! تۆ سەگێک نابینیت، کە گوانی مانگایەک دەمژێت، کوڕمان؟**

**_ ژنێکم لێ دیارە، لەسەر پیاوێکدا پاڵ کەوتووە و هەڵدەپەڕێت، بەڵام جلوبەرگیان داکەندوون.**

**_ ئەوەم بە دڵە! مانای وایە وردەوردە ئەمیان بۆ مانگا و ئەویان بۆ سەگ دەگۆڕێت.**

**_ باوەڕ بکە هێشتا نەگۆڕاون!**

**_ دەگۆڕێن، کوڕمان. دەگۆڕێن، دەگۆڕێن.))(کەکەسوور،٢٠٢١: ٩٠-٩١)**

(کوڕمان) لە ڕێی (نیدۆ)ی هاوڕێیەوە، دەیەوێت هەموو حەزە چەپێنراوەکانی ناخی، کە چەندین ساڵە لە نەستیدا چەپێنراوە و لەبەر چاودێریی مـن نەیتوانیوە دەریان ببڕێت، ئێستا لە ڕێی لێکدانەوەی خەونەکانی هاوڕێکەیەوە درزێکی لا دروست بووە تا حەزە چەپێنراوەکانی لە نەستەوە بە شێوازی خستنەسەر(الاسقاط) بگوازێتەوە بۆ جیهانی هەست.

## تەوەری دووەم: تەرزە سەرەتاییەکانی کۆنەست و ڕەنگدانەوەیان لە ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسووردا

### - ئایین

بابەتی ئایین بابەتێکی لەمێژینەی مرۆڤایەتییە و پێویستییەکی ڕۆحی مرۆڤە. هەموو کۆمەڵگەیەک ئایینێکی تایبەت بە خۆیان هەیە. میللەتی کوردیش، کە چەندین ئایین و ئاینزا لە خۆی دەگرێت، زۆرترینیان ئایینی ئیسلامە. هەر بۆیەش دەبینین لە ڕۆمانی کوردیدا مەسەلەی ئایین و ئایینی ئیسلام ڕەنگدانەوەی لە کۆنەستی تاکی کورددا هەبووە، بابەتە ئایینی و شەرعییەکان ڕەگی خۆیان داکوتاوە، بە تایبەتیش بابەتی ژن و ژنخوازی و فرەژنی. لە ڕۆمانی (ڕێگەکانی ژەهر)دا باس لە ئایینی مەسیحی کراوە و بیروباوەڕی مەسیحیەت خراوەتەڕوو. لە کۆنەستی هەر تاکێکدا، بڕوادارانی هەر ئایینێک، لەو باوەڕەدان، ئەگەر مرۆڤ پەرستراوەکەی بە ڕاستی بپەرستێت و ڕاستگۆ بێت، ئەوا لە کاتی تەنگانەدا ئەو پەرستراوە بەهانایەوە دێت و لە ناخۆشییەکان دەیپارێزێت. (ئەرڤارد) کاتێک لە ترس و تەنیاییدا دەیەوێت پەناگەیەک بدۆزێتەوە تا خۆی تێدا حەشار بدات، (ئۆلیڤەر)ی مەسیحی بە هانای دێت و دەیباتە لای خۆی. کاتێک لە بارەی ژیانی خۆی و ئازارەکانی ناخی دەدوێت، (ئۆلیڤەر) داوای لێدەکات بچێت خۆی بەدەستەوە بدات، ئەویش لە مەسیح بۆی دەپاڕێتەوە. **((پێی دەڵێت بەپێی ئەو باوەڕەی هەیەتی لەگەڵ ئەوەدایە بچێت خۆی بە دەستەوە بدات، بەڵام ئەگەر وا نەکات، مەحاڵە نهێنییەکانی لای هیچ کەسێکدا بدرکێنێت، بگرە بۆی لە (مەسیح) دەپاڕێتەوە بە سەلامەتی بگاتە جێ. پێی دەڵێت هەموو ئەو گوناهانە لە مرۆڤ دەوەشێنەوە، مادام سروشتی خۆی لە (ئادەم)ی گونهبارەوە**

**وەرگرتووە. تەنیا کاتێ پاک دەبێتەوە، کە باوەڕ بەوە دەهێنێت (مەسیح) لە یەک کاتدا کوڕ، باوک و گیانی پیرۆزە.))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ٢٦٥) بەپێی بیروباوەڕی مەسیحی خودا لە هەمان کاتدا یەکە و سێیە. لە ڕووی دەسەڵات و کردارەوە یەکە، بەڵام لە ڕووی خۆ ئاشکراکردنەوە سێیە، کە بریتین لە (خودا "باوک" – حەزرەتی مەسیح"کوڕ" – گیانی پیرۆز) (ئەرڤارد)یش لەو باوەڕە دایە، کەوا بەپێی پێوەری ئەوان بۆ چاکە و خراپە، ئەو کەسێکی خراپە، کەچی (ئۆلیڤەر) ئەگەر دەست لە خراپە هەڵبگرێت و چاکە بکات، ئەوا خوای گەورە دڵخۆش و بەختەوەری دەکات. ئەم بیروباوەڕەش بە پێوەری هەموو ئایینە ئاسمانی و زەمینییەکان، لە کۆنەستی هەر تاکێکدا ڕەگی داکوتاوە. باوکیش لە کۆنەستی هەر تاکێکدا ئامادەیی هەیە. ئەو ئامادەگییەش بەپێی تاک و کۆمەڵگە و جۆری هەڵسوکەوتی باوک دەگۆڕێت. لای هەندێک بە پیرۆزی دەزانن، لای هەندێکی دیکەش سەرچاوەی ترس و تۆقاندنە.

لە ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان)دا نووسەر لە ڕێی کارەکتەری (وەستا هیشۆ)وە باس لە بابەتی فرەژنی و کەنیزەک دەکات و ڕەخنەی لێ دەگرێت و ڕەتی دەکاتەوە. ئەم بابەتەش تەنیا بە مەسەلەی تێرکردنی ئارەزووی سێکسی دەبەستێتەوە. لە ململانێی نێوان (وەستا هیشۆ) و باوکی یەکێک لە کرێکارەکاندا، کە داوای لێ دەکات کچەکەی خۆی پێ بدات، بەریەککەوتنی دوو ئایدۆلۆژیامان بەرچاو دەکەوێت. یەکیان ئایینە و ئەویدیکەیان بۆچوونی تاکەکەسیی (وەستا هیشۆ)یە، کە هەمیشە دژی ئەو ئایدیایە بووە کەوا ژن وەک ئامرازێک تەنیا بۆ تێرکردنی حەزە سێکسییەکانی پیاو سەیر دەکات. بۆچونی وابوو، کەوا ژن وەک پیاو هاوبەشە لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە و بەرەو پێشچوونی شار. بۆیە هەمیشە ئەو پێشنیاز و مەرجانە ڕەت دەکاتەوە بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری. **((پیرێ باوکی یەکێ لە کرێکارەکانی بردییە پەنایەک و پێی گوت با بە ئارەزووی خۆی دەست بخاتە سەر یەکێ لە کیژەکانی، کە ئەوەتا لە کۆڵانی چوارەمی قەڵاتن و لە جوانیدا ناوبانگیان دەرکردووە، تا مەلا بهێنێت و مارەی لێی ببڕێت. کابرا تاکە مەرجی هەر ئەوە بوو نوێژ بکات، بەڵام قاقای لێ دا و بە لای گاڵتەدا شکاندییەوە. (دەیکەمە کچم و بەڵێن بێت وەک گوڵ پێی بگەیەنم).))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٥٦٤) لە کۆنەستی تاکی کورددا، بابەتی فرەژنی و باسکردنی لە قورئانی پیرۆزدا لای پیاوانی کورد بوونی هەیە. هەمیشە لێکدانەوەیەکی وایان بۆ کردووە، کە بە ئارەزووی خۆیان بتوانن فرەژنی جێبەجێ بکەن. ئەمەش بە بیانووی خۆپاراستن لە تاوان. **((ئەو پیاوانەی خۆیان لە گوناهـ دوور دەگرن، پەنا بۆ ژن دەبەن. لە چوارچێوەی شەرعدا یەکێک دەکەنە دووان و دووان دەکەنە چوار، بگرە ئەگەر بۆیان بلوێت، بێژمار کەنیزەیش بە دەست دەهێنن، بۆیە ئەوانە لە دامەزراندنی شاردا**

**بەشدار نین، بگرە بیر لە گۆڕینی دۆخی ئێستا ناکەنەوە، بەڵام ناچارن تێیدا بمێننەوە، بەو هیوایەی ڕۆژگارێک ئەم خاکە لە بەدڕەوشتی پاک ببێتەوە.))(کاکەسوور،٢٠٢١: ٥٦٤)**

نەتەوەی کورد بەردەوام پابەندی خۆی بۆ ئایینە جیاوازەکان هەبووە و نەتەوەیەکی ئایین پەروەر بووە. لەگەڵ هاتنی هەر ئایینێکی تازە، خۆی لەگەڵی گونجاندووە و زۆربەیان پابەندی ئەو ئایینە تازەیە بوونە. کۆنترین ئایینیش لە نێو کورددا، ئایینی زەردەشتە. لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانیوە ئایین بقۆزێتەوە بۆ دروستکردنی کیانێکی سەربەخۆ. بەردەوامیش لە لایەن نەیارەکانییەوە سوود لە ئایین وەرگیراوە بۆ ستەم و قڕکردنی ئەم نەتەوەیە. ئەم دیاردەیە لە نێو ڕۆمانەکانی ڕۆماننووسدا بە ڕوونی دەبینرێت. لە ڕۆمانی (ڕێبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)دا، لەسەر زاری یەکێک لە ئەفسەرانی حەرەس قەومییەکان بە ڕوونی دەردەکەوێت. (( – **لەم شارەدا هیچ شتێک وەک ئەوە نامکوژێت، کە نەفامەکانی دەیانەوێت فێری دینم بکەن! ئێمە نەبووینایە ئەوانە تاکو ئەمڕۆیش ئاگریان دەپەرست، بەڵام ئای کە بەدنمەک و حەرامزادەن! سوێند دەخۆم ئەگەر هەموو خانووەکانیان بڕووخێنن و لە شوێنیاندا مزگەوت دروس بکەن، هێشتا لە ناخەوە واز لە پەرستنی ئاگر ناهێنن.))(کاکەسوور،٢٠١٥: ٤١-٤٢)** لەم دەقەی سەرەوەدا ئەوە دەردەکەوێت کەوا ئەفسەر و سەرباز و تاکە شۆڤێنییەکان بۆ ڕەوایەتی دان بە کۆمەڵکوژی نەتەوەی کورد، وێنایەکی خراپی ئەم نەتەوەیە لە هزری تاکەکانی کۆمەڵگە دەکەن و کورد بە نەوەی ئاگرپەرست و جنۆکە دەزانن. ئەم بابەتە لە کۆنەستیان ڕەگی داکوتاوە، هەر بۆیە داگیرکردن و کوشتن و لەناوبردنیان بە ڕەوا دەزانن.

**– ئەفسانە**

ڕەگەزێکی گرنگی ئەدەبی میلیی نووسراو وەکو ژانرێکی گێڕدراوە؛ ئەفسانەیە. ئەفسانە کاریگەریی لەسەر هەموو زانستەکانی دی هەیە. بە واتایەکی دی مرۆڤ لە کۆنەوە لە هەر دیاردەیەک نەگەیشتبێت یان ترسی لە هەر دیاردەیەک هەبووبێت، ئەفسانەیەکی بۆ داهێناوە. ڕوانینی (یۆنگ) بۆ ئەفسانە، ڕوانینێکی تایبەتە. (یۆنگ) ئەفسانە بۆ کۆنەستی مرۆڤ دەگێڕێتەوە، کە وەکو گەنجینەیەک لە باب و و باپیرانمانەوە پشتاوپشت گێڕدراوەتەوە. لەگەڵ بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگە، هەر ماوە و لە هەناوی خۆیاندا پاراستوویانە. بە بۆچوونی (یۆنگ): ((ئەفسانە هیچ نەبێت جگە لە پاشماوەی مێژوویی، پێویستە لەسەر مرۆڤ بپرسێت، بۆچی بە درێژایی ئەم هەموو کاتە زۆر ون نەبووە؟ بۆچی هەستکردن بە کاریگەرییەکان هەر

دەمێنێتەوە و بەردەوام دەبێت؟ لەسەر ئاستی بەرزترین شارستانیەت.))(یونغ،٢٠١٦: ٣١٣)
(کاروان کاکەسوور)یش ئەو گەنجینە گرنگەی کۆنەستی مرۆڤی فەرامۆش نەکردووە، بەڵکو ئەفسانە وەکو کەرەستەیەکی گرنگ خۆی خزاندووەتە نێو ڕۆمانەکانی و بە شێوەیەکی هونەریی لە نێو ڕۆمانەکانیدا پەنای بۆ بردووە. لە ڕۆمانی (مۆزەخانەی کوڕەقژدرێژ)دا، ڕۆماننووس بەسوود وەرگرتن لە حیکایەتی فۆلکلۆری و ئەفسانەیی پێکهاتەکانی ئەم ڕۆمانەی بنیاتناوە، ئەویش حیکایەتی (کوڕە کەچەڵ)ە، کە حیکایەتێکی فۆلکلۆریی ئەفسانەییە و لە کۆنەستی تاکی کورددا ئامادەیی هەیە و زانراوە. هەر لە سەرەتای گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەیدا، ئاماژە بەوە دەکات، کەوا **((ئەوەی من ئێستا بۆتی دەگێڕمەوە چیرۆکی کوڕەقژدرێژە، کە ڕێک پێچەوانەی چیرۆکی کوڕەکەچەڵە.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٦) وەگێڕ بۆئەوەی بەراورد لەنێوان چیرۆکی (کوڕە کەچەڵ) و (کوڕە قژدرێژ) بکات، چیرۆکی (کوڕە کەچەڵ) بەیان دەکات. هەموو ئەو ڕووداوانەی پەیوەستن بە (کوڕە کەچەڵ)، ڕووداوی ئەفسانەیین، وەک کوشتنی باوکی کوڕە کەچەڵ لەلایەن، گایەکەی خۆیان، کە پێشتر ئەو گایە گەنجێکی قۆز بووە و دڵی بە دایکی کوڕە کەچەڵ بووە، کاتێک بە ئاکام نەگەیشتووە، لە بۆ ئەم گایە گۆڕاوە، هەروەکو لە لاپەڕە(٧-٨-٩-١٠) بەدرێژی باسکراوە. ڕۆماننووس بە شێوەیەکی ستاتیکی، ئەم حیکایەتە ئەفسانەییەی، تێکهەڵکێشی حیکایەتێکی دیکە دەکات، لەم ڕووەوە دەسەڵاتی باوکسالاری و کێشەی ئاغا و جوتیار و ئەو دیارە کۆمەڵایەتییە قێزەونانەی، لە کۆنەستی تاکی کورددا ماوەتەوە، دەخاتەڕوو.

لە ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان)دا کاتێک لە بارەی وشەی (حەنەش) پرسیار لە (خەلفان حەنەش) دەکرێت، کە لە فەرهەنگدا بە واتای (ماری ڕەش) دێت، ڕۆماننووس لەسەر زاری (خەلفان حەنەش) چیرۆکێکی ئەفسانەیی دەخزێنێتە نێو ڕۆمانەکەوە، گوایە وشەی (حەنەش) وەک ناوێک لە باپیرە گەورەی بۆی ماوەتەوە، کاتێک باپیرە گەورەی شەوێک ڕووبەڕووی شێرێک دەبێتەوە و دەیکوژێت. لە ئەفسانەدا ڕووبەڕوو بوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵی دڕندە و ئەژدیها شتێکی نامۆ نییە. لە شانۆنامەی (ئۆدیب پاشا)دا، کاتێک (ئۆدیب) دەگەڕێتەوە شارەکەی، خەڵکەکەی پێی ڕادەگەیەنن کەوا ئەژدیها سەرچاوەی ئاوی شاری گرتووە. بۆیە (ئۆدیب) ڕووبەڕووی دەبێتەوە و ئەژدیهاکە لەناو دەبات. لەم ڕۆمانەدا، ئەژدیها و ماری ژەهراوی بەرچاو دەکەوێت. **((شەوێکیان دوای ئەوەی شێرێکی کوشتووە و کەوڵەکەی بە شانی داداوە،تا بۆ گوندەکەی بهێنێتەوە. دەکەوێتە بۆسەی مارە ژەهراوییەکانەوە، چونکە وەک دەرکەوتووە مار زۆریان حەزی لە گۆشتی شێرە و هەر بۆنی بکەن، دەورووژێن. ئێستا وا کەوڵەکەی بە سەر شانی مرۆڤەوەیە و ئاسانە. ڕاستە کەوڵ تامی گۆشت نادات، بەڵام خۆ**

**نکوولّی ناکرێت هیی شێرە. بەم شێوەیە سەدانی درێژ و کەللەزل  بە جارێ پەلاماری دەدەن. تێکڕا دەلرفێنن و زمانیان چەند گەز درێژ دەکەن، بگرە ئەو ناوە بە ژەهر دەڕشێنن، بەڵام هەر بەو شمشێرەی شێرەکەی پێ کوشتووە، تێیان دەکەوێت و یەک دانەیان ناهێڵێت. ئینجا بڕیار دەدات لە هەر شوێنێ مارێک ما بێت، بیکوژێت.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٣٥) دیاردەی ڕووبەڕوو بوونەوەی مرۆڤ و ئەژدیها و زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر ئەژدیهادا شتێکی ڕوون و بەرچاوە. ئەمەش لە تەواوی ئەفسانەی گەلاندا هەیە کەوا لە کۆتایی ئەم ڕووبەڕوو بوونەوەیەدا مرۆڤ سەردەکەوێت. لەم ئەفسانەیەدا (حەنەش) بەسەر مارەکاندا سەردەکەوێت، ئەوانیش ناچار پەنا بۆ سەرۆکی مارە ڕەشەکان دەبەن، کە دۆستی مرۆڤن تا دانوستانی لەگەڵدا بکەن بۆ ئەوەی ڕەچەڵەکیان بە تەواوی لەناو نەچێت. ناوی (حەنەش)یش کە بە واتای (ماری ڕەش) دێت، گوایە لەوەوە وەرگیراوە.

**- کلتور**

لە نێو ڕۆمانەکانی (کاکەسوور)دا، کلتور بە کۆمەڵێک شێوازی جیاواز گوزارشتی لێوە کراوە. یەکێک لەم کلتورانەش، کلتوری ژن کوشتنە. کلتوری ژن کوشتن یەکێکە لەو بابەتانەی لە نەستی تاکی کورددا هەیە، هۆکارەکەشی زۆر جار لە ژێر ناوی پاراستنی شەرەف و تۆڵەکردنەوەیە. کاتێک کچێک پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکدا دەبێت، ئەگەرچی پەیوەندییەکی زۆر ئاساییش بێت، کەچی باوک یان برای کچەکە هیچ شتێک بە چارەسەر نازانێت تەنیا کوشتن نەبێت، بۆ ئەوەی لای خەڵک سەری بڵند بێت و شەرەفی پاک بکاتەوە. ((ئەم نەریتە کۆنە تا ئەمڕۆ لە کوشتنی ژندا بە ناوی نامووس فرۆش هەر ماوە و تاکوو ئێستا لە ناو کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتیشدا باوە لەگەڵ ئەوەی زۆربەی یاساکانی سزا هەوڵی سووککردنی سزاکەی داوە، بە تایبەتی مەسەلەی "کوشتن بە ناوی شەرەف"، چونکە ئەگەر ئافرەتەکە تاوانێکی کرد، خێزان و کەسوکار و عەشیرەتیشی دەگرێتەوە بە ناوی "نامووس سڕینەوە" دەکوژرێت و بە خوێنەکەی شەرەف دەکرێنەوە.))(ڕەسووڵ،٢٠٢٢: ١٥)

لە ڕۆمانی (ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)دا، (دلاوەر بێجان)ی کارەکتەریی سەرەکی، کاتێک (ئومێد)ی کوڕی لەدایک دەبێت، هاوسەرەکەی تووشی بارێکی دەروونی خراپ دەبێت، بەمەش ناتوانێت کۆرپەکەی بەخێو بکات، بۆیە (مامۆستا دلاوەر) ناچار دەبێت کۆرپەکەی بباتە لای (ئاواز)ی خوشکی، کە لە بەغدا دەژی. وەگێڕی هەمووشتزان بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، چیرۆکی تراژیدیی (ئاواز)مان بۆ باسدەکات. (ئاواز) خوێندکاری زانکۆیە و لە بەغدا خوێندن

تەواو دەکات. کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ هەولێر، هاوسەرگیری لەگەڵ (فکری) دەکات، کە کوڕێکی گەڕەکی خۆیانە. ئامۆزای (ئاواز) تەنیا لەبەرئەوەی خۆی دڵی بە (ئاواز)ەوە بووە، بەڵام شووی پێنەکردووە و کەسێکی دیکەی هەڵبژاردووە. بەمەش بیستنی ئەم هەواڵەی پێ هەزم ناکرێت و لە ڕۆژی زەماوەندەکە پەلاماری دەدات. ((**ئەو خوشکەی لەگەڵ کوڕێکی گەڕەکی خۆیاندا ژیانی خێزانیی پێکەوە ناوە بەڵام ئامۆزایەکی ئەمەی پێ ناخۆش بووە، چونکە ویستوویەتی خۆی بیخوازێت، بۆیە لە ڕۆژی زەماوەندەکەی پەلاماری داوە بەو مەبەستەی بیکوژێت. گوللەیەک لە ملی دەدات، بەڵام نامرێت. کاتێ چاک دەبێتەوە، بڕیار دەدات ماڵی بباتە بەغداد و لە هەموو ژیانیدا بە سەردانیش بۆ ئێرە نەگەڕێتەوە، کە خوێندنیش هەر لەوێ تەواوکردووە.**))(کاکەسوور، ٢٠١٥: ٢٩)

یەکێکی دیکە لەو دیاردانەی لە کۆنەستی کۆمەڵگەی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە، کلتوری گەندەڵییە. گەندەڵی یەکێکە  لەو دیاردە کوشندانەی؛ کۆمەڵگە بەرەو هەڵدێر و وێرانکاری دەبات. (گەندەڵیی بووەتە دەرخەرێکی هەمیشەیی بۆ نەستی گشتیی گەلان و لە ناویشیاندا گەلی کورد، کە لە کلتوری گەندەڵیی بێبەری نییە و زۆربەی بەرپرسەکان بە گەورە و بچووکەوە لە گەندەڵی تێوەگلاون.))(ئیسماعیل،٢٠٢٠: ١٣٥) لە ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور)یشدا ئاوڕ لەم لایەنە دراوەتەوە و لە هەندێک شوێندا باس لەم دیاردەیە کراوە.

لە ڕۆمانی (ڕێبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)دا، ئاماژە بەم کلتورە کراوە. کاتێک (مامۆستا دلاوەر) و (ویداد دێرتی)ی خێزانی، دەیانەوێت منداڵێکی دۆزراوە بکەن بە هیی خۆیان، لە ڕێی ناسیاوێکیان دەیانەوێت ناسنامەیەکی ساختەی بۆ دروست بکەن. ((**بەیانییەکیان (تیلیلیلی) دەباتە دایەرەی نفووس، کە (فەرهاد داوید قەفقازی)ی هاوڕێی منداڵیی لەوێ فەرمانبەرە و دەیەوێت بە شێوەی نایاسایی ناسنامەی بۆ دەربهێنێت. ڕاستییەکەی (فەرهاد) بە پارەی دایکوباوکی (دلاوەر) خوێندوویەتی و لە بەغداد کۆلێژی تەواوکردووە، بۆیە خۆی بە کەسێکی زۆر نزیکی دادەنێت. لە مەترسیی ئەو کارەی ئاگادار دەکاتەوە، کە ئەگەر ڕۆژێک بزانرێت بە شێوەی نایاسایی ناسنامەی بۆ دەرهێناوە، ئەوا بێگومان پەت لە ملی هەردووکیان دەکەن و هەڵیاندەواسن.**))(کاکەسوور،٢٠١٥: ٢٧) دەرهێنانی ناسنامەی ساختە بۆ منداڵێک و کردنی بەناوی خۆیانەوە، کارێکی ئێجگار پڕ مەترسییە، بە تایبەتی خەڵکی ئەم گەڕەکە زۆربەیان ئاگادارن بەوەی ئەو منداڵە لە دایک و باوکی دابڕاوە و هیی ئەوان نییە. تەنانەت (فەرهاد)ی ناسیاویشیان زۆر لەو بابەتە و ئەنجامەکەی دەترسێت. بۆیە پاش گفتوگۆیەکی زۆر لەگەڵ (مامۆستا دلاوەر) ئینجا ڕازی دەبێت. (( **- هیچ شتێک نابێت، فەرهاد! هیچ شتێک نابێت!**

**- هیوادارم وا بێت.**

**دوای کەمێک بێدەنگی درێژەی پێ دەدات:**

**- دنیا شەو وڕۆژێک نییە، دلاوەر.مرۆڤ پێویستە بیر لە ئایندەیش بکاتەوە. سبەینێ منداڵتان دەبێت و گەورە دەبن. ڕەنگە هەر ئەوان کێشەی گەورەت بۆ دروست بکەن.**

**- ئەرێ تـۆ بـۆ ئـاوا بە ڕەشـبینی لێـی دەڕوانیـت، فەرهـاد؟ شـتەکە یەکجـار ئـاوا نیـیە.))**(کاکەسـوور،٢٠١٥: ٢٨) مەترسـیی ئەم کـارە و ئاشـکرا بـوونی، هەمیشـە وا لە (مامۆسـتا دلاوەر) دەکات بە ترسـەوە بژیت. تەنانەت دوای ئەوەی (فەرهـاد)یش دەکوژرێت، ترسـەکەیان نـاڕەوێتەوە، بەڵکـو ترسـیان زیـاتر دەبێت. ترسـی ئەوەیـان هەیە (فەرهـاد) لای خێزانـی ئەو نهێنیـیەی درکانـدبێت. گەنـدەڵی زۆربەی جومگەکـانی حـوکمڕانیی و خێـزان و کـۆمەڵگەی گرتووەتەوە، یەکێکیش لەو دیاردە ترسناکانەی گەندەڵیش، دروستکردنی ناسنامەی ساختەیە. ئەم جۆرەشیان ترسناکترین جۆری گەندەڵییە لە دوای گەندەڵیی ئابوری و دارایی، چونکە بەمە تاکەکانی خێزان تووشی ونبوونی ناسنامە دەبن.

لە ڕۆمانی (ڕێگەکانی ژەهر)دا دیاردەی گەندەڵی خراوەتەڕوو. ئەگەرچی کارەکتەری (ئەرڤارد) کارەکتەرێکی بێزراوە لای خەڵک و کەس چارەی ناوێت، بەڵام لەبەر ئەوەی خاوەن بەهرەیەکی سـەیر و نـاوازەیە لە کـاری سـاختەکاریدا، ئەوا زۆرجـار بە ناچـاری بـۆ کـاری سـاختە ڕووی تێدەکەن. **((لەگـەڵ ڕاپەڕینـدا زیـاتر بایـەخی کارەکـەی دەردەکـەوێت. لـە ڕۆژی یەکەمـەوە بەرپرسەکانی شۆڕش بـە هـۆی دەلاڵەکانـەوە دەیدۆزنـەوە و کۆمـەڵێک ئـەرکی پـێ دەسـپێرن، یـەکێکیان گواسـتنەوەی هەندێک موڵکە بۆ سـەر نـاوی خۆیـان. ئـەو موڵکانـە بەشـێکیان هیـی دەوڵەت و بەشێکیان هیی خەڵکن. زۆر بە چاکی و لێزانانە ئـەو ئەرکانـە بـە جێ دەهێنێت. بـە شێوەیەک ئەو دۆکیۆمێنتە ساختانەیان دەخاتە بەردەست، سەریان سوور دەمێنێت. مەحاڵە هیچ چاوێک، چەند زیت و وریایش بێت، هەست بکات دەستکاری کراون.))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ٢١٥) (ئەرڤارد) ئەو کاتە بەهای لای خەڵک هەیە، کاتێک هەڵبژاردن دێتە پێشـەوە. گرنگیی کـارەکەی (ئەرڤـارد) لای بەرپـرس و سـەرکردە حزبییەکـان تەنیـا لەو کـاتەدا دەردەکەوێت. **((خـۆ کـاتێ مەسەلەی هەڵبژاردن دێتە گۆڕێ و پارلەمان وەک سیستێمێکی نوێی حوکمڕانی دەردەکەوێت، ئەوا بەرپرس و سەرکردەکان زیاتر بایەخی هونەرەکەی دەزانن و پتر لـە جـاران پـەنای بۆ دەهێنن، بـەڵام بـە شـێوەیەک دەسـت بۆ ئـەو کـارە دەبـەن، کـە ئـەم هەسـت نـەکات بووەتـە هاوڕێیان.))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ٢١٥) لە هەوڵە سەرەتاییەکانی بەرەی کوردستانی بۆ دامەزراندنی پەرلەمـان و حکومەت، سـەرکردە و حزبەکانیـان نەیـانتوانی پرۆسـەیەکی دیموکراسـیی پـاک و

بێگەرد نیشانی دنیا بدەن. هەر زوو پەنایان بردە بەر کەسانی وەکو (ئەرڤارد) بۆ کاری ساختەیی و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی زیاتر. ئەمەش بوو بە دیاردەیەک و تا ئەمڕۆش لە هەڵبژاردنەکاندا نەیانتوانیوە خۆیان لەم دیاردە قێزەوەنە دەرباز بکەن. ئێستاش بە شێواز و تەکنیکی نوێ و سەردەم پەنای بۆ دەبەن. تەنانەت ئەم دیاردەیە هەموو جومگەکانی دەسەڵات و بەڕێوەبەرایەتییەکانی گرتووەتەوە.

ئەم دیاردە قێزەوەنە لە نێو ڕۆمانی (مۆزەخانەی کوڕە قژدرێژ) لە چەند شوێنێک بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت. کارەکتەری (کوڕە قژدرێژ) بۆ ئەوەی سامانە زۆرەکەی باوکی لەناو ببات، داوا لە بازرگانەکان دەکات شتی سەیر و نەخوازراوی بۆ بێنن تا لە ڕێیەوە بتوانێت سەروەتەکەی باوکی لەناو ببات. بازرگانەکان نایانەوێت بە هۆی ئەو ئامێرە نامۆ و نەخوزراوانە متمانەیان لای دوکاندارەکان لە دەست بدەن. بۆیە ناچنە ژێر باری داوایەکی لەم شێوەیە. هەر بۆیە (کوڕە قژدرێژ) لە هێنانی هەر ئامێرێکی نەخوازراودا، بڕێکی زۆری پارە وەک بەرتیل دەخاتە بەردەم بازرگانەکان تا بێ دەنگیان بکات و بە داواکەی ڕازی بن. لە یەکەم هەنگاویدا دوو ملیۆن (بەفرماڵ – Snow Shovel ) دەهێنێت، بەڵام نازانێت چۆن لە بازاڕ ساغیان بکاتەوە. **((دەچێتە لای کۆمەڵێک دەڵاڵی ناسراو، بەو هیوایەی بۆیانی ساغ بکەنەوە، بەڵام ئەوان دەڵێن لە ڕوویان نایەت دەست بۆ کاری وا ببەن، چونکە خەڵک پێیان پێدەکەنن و دەڵێن بێگومان ئەوانە گەمژەن. ڕاستییەکەیشی سەرنج دراوە هەر دەڵاڵێک، یان بازرگانێک ئەگەر ڕەواج بە شتومەکی سەیر و نەخوازراو بدات، ئەوا متمانەی نامێنێت و ناوی دەزڕێت. بە پارەی زۆر تەفرەیان دەدات و ڕازییان دەکات هەر یەکەی چەند دانەیەک وەک نموونە ببات، بەو مەبەستەی پێشانی دووکاندار و بازرگانانیان بدەن.))(کاکەسوور،٢٠٢١: ٢٧)**

جگە لەوەش (کوڕە قژدرێژ) وەکو کارەکتەرێکی نامۆ، بە هۆی قژە درێژەکەی و ئەو کارە نامۆیانەی ئەنجامی دەدات، چەند جارێک لە لایەن پۆلیسی پاراستنی ڕەوشت دەگیرێت و دەیانەوێت بۆ زیندانی ببەن، بەڵام چەند جارێک بڕە پارەیەکی بە پۆلیسەکان داوە و لە بەرانبەردا ئازادیان کردووە. **((هەر لەم چەند ڕۆژەدا زیاتر لە دە جاریش پۆلیسی پاراستنی ڕەوشت گرتوویانە و ویستوویانە لە بەر چاوی خەڵکدا قژی بە مەقەستی کول هەڵبپاچن، ئینجا بیخەنە قەفەزی دواوەی پیکەب و بۆ زیندانی ببەن، بەڵام خێرا پارەی خستووەتە گیرفانیانەوە و وازیان لێ هێناوە))(کاکەسوور،٢٠٢١: ٢٧-٢٨)** ئەمەش جۆرێکی دیکەی گەندەڵییە، کە لە لایەن دەزگا ئەمنیەکان ئەنجام دەدرێت بە چاوپۆشین لە هەندێک شت لە بەرانبەر وەرگرتنی بڕێک پارە. دوا جار پاش ئەوەی سامانە زۆرەکەی باوکی لەدەستدەدات، دووبارە لە لایەن پۆلیس

دەگیرێتەوە و دەیانەوێت لە ناو جەرگەی بازاڕ سەری پاک بتاشن. یەکێک لە پۆلیسەکان بە گوێیدا دەچرپێنێت کەوا بڕێک پارەیان پێ بدات تا ئازادی بکەن. ((**سەرتاشەکە گەنجێکە لەوە دەچێت تازە لە ڕشتەی پۆلیس وەرگیرابێت، پێی دەڵێت هەندێک پارەی بداتێ، بەشکوو بتوانێت بە ڕێی بکات، بەڵام یەک فلسی پێ نییە و پۆلیسیش لە کاتی دەوامدا بیکوژێت، جگە لە پارە، هیچی دیکە وەرناگرێت.**))(کاکەسوور،٢٠٢١: ١١٥) خستنەڕووی ئەو دیمەنە ناشرینە لە لایەن ڕۆماننووس، کە ئەویش بەرتیل وەرگرتنە لە لایەن دەزگا سیاسی و ئەمنیەکانی ئەم وڵاتە، کۆنەستی کۆمەڵگەی تەنیوە و وەکو تەرزێکی سەرەتایی تا ئێستاش ماوەتەوە.

کلتوری گەندەڵی وەکو دیاردەیەکی کوشندەی نێو کۆمەڵگە، لە ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان) لە چەند شوێنێک بەرچاو دەکەوێت. ئەگەرچی مەرج نییە کردارە گەندەڵییەکان بە مەبەستی کارێکی خراپ ئەنجام بدرێت، بەڵام خودی کارەکە، دیاردەیەکی قێزەون و ناشرینە. ئەم دیاردە قێزەونە لە کۆنەستی تاکی کورددا بوونی هەیە. لە گفتوگۆی نێوان (کوڕمان) و (شادی)دا، ئەوە دەردەکەوێت کەوا (شادی) ڕاپۆرتێکی پزیشکیی ساختەی بۆ (کوڕمان) هێناوە تا لە مەشقی هاوینەی سەربازی ببەخشرێت.

**(( - ئەوە چییە؟**

**- بیخوێنەرەوە!**

**هەر بە چاوپێداخشانێکی خێرا بۆت دەردەکەوێت ڕاپۆرتی پزیشکە و بە ناوی تووە دەرکراوە. وێنەیەکی بچووکیشتی پێوەیە، کە هەر ئەو وێنەیەیە، پێشتر مونەزەمە داوایان لێ کردوویت و هەشت دانەت پێت داون. لەوان زیاتر کەسی دی ئەو وێنەیەتی نییە. بە کورتی لە ڕاپۆرتەکەدا نووسراوە تۆ بەوەدا نەخۆشیی دڵت هەیە، دەبێت چاوپۆشیت لێ بکرێت و بۆ مەشقی سەربازیت نەبەن.**))(کاکە سوور،٢٠٢١: ٣٦٥) ئەگەرچی (کوڕمان) ئەم ڕاپۆرتە ڕەت دەکاتەوە و ئامادەیە بە نەچوونی بۆ مەشقیی سەربازی هەر چەشنە سزایەک هەیە بیچێژێت، نەک بە گەندەڵیی و ڕاپۆرتی ساختەوە بمێنێتەوە، بەڵام (شادی) هۆشداریی ئەوەی پێدەدات، کە دەبێت بەم ڕاپۆرتە ڕازی بێت، ئەگینا پووری و مێردی پووری؛ کە ئەو کارەیان کردووە، دووچاری سزای توند دەبنەوە. ((**تۆ ناتوانیت ئەو ڕاپۆرتە بەکار نەهێنیت، لە کاتێکدا کۆپییەکی لە ڕێگەی پۆستەوە بۆ بەڕێوەبەرێتیی ئۆردوگاو یەکێکی بۆ کۆلیجەکەت نێردراوە، چونکە مێردی پوورم پووریشم ئاشکرا دەبن، کە کاری ساختەیان کردووە.**))(کاکەسوور،٢٠٢١: ٣٧٣) لە بەشێکی دیکەی ئەم ڕۆمانەدا دیاردەیەکی دیکەی گەندەڵیی بەرچاو دەکەوێت، ئەویش بەرتیل دانە لە پێناو ساختەکردنی ناسنامە بۆ کچێک، کە (دادە نەهران) لە نەبوونی دایک و باوکی لە خۆی گرتووە

بۆ ئەوەی ڕێگە لەوە بگرێت ئەو منداڵە نەخۆشە لەگەڵ دایک و باوکی بۆ بیابانەکان ببردرێت و لەویَ بمرێت. لە لایەکی دیکەشەوە بۆ ئەوەی ئەم منداڵە بیَ بەش نەبێت لە قوتابخانە و نەخۆشخانەکانی میری. بۆ ئەم مەبەستەش (دادە نەهران) لە ڕێی ناسناوێکییەوە پارەیەکی ئێجگار زۆری بە ئەفسەرێکی باڵا داوە، تا ناسنامەی ساختە بۆ ئەم منداڵە دەربهێنێت. **(("دادە نەهران" دەیەوێت هەر لە ڕێگەی ئەو ئەفسەرەوە ناسنامەی نوێی بۆ دەربهێنێت، کە ئەوەتە بە ڕەزامەندیی هەموو لایەک ناوەکەی بۆ (ڕۆزا) گۆڕاوە. سەرەتا هەم بۆ خۆی و هەم بۆ ئێوەیش سەخت بوو ئاوا بانگی بکەن، بەڵام ئێستا گەیشتووەتە ئەوەی تا ڕادەیەک ئاسایی بێت. ڕاستییەکەی بە (نیدی) بانگ دەکرێت، چونکە (دادە نەهران) پێی وایە ناوی ڕاستی لە ڕووی دەروونییەوە قورسە و نازناو باشترە. بەدەستهێنانی ناسنامەیەکی ساختە بەو ناوە، دیسان پارەی زۆری دەوێت. بەبیَ ئەو ناسنامەیە نە لە قوتابخانە وەردەگیرێت و نە لە هیچ نەخۆسخانەیەکدا چارەسەر دەکرێت. بۆیە هەتا زوو بۆی پەیدا بکەن، درەنگە.))(کاکەسوور،٢٠٢١:** ٣٣٥) بێگومان (دادە نەهران) بۆ ئەم مەبەستەش پارەیەکی خەیاڵی بەو ئەفسەرە داوە، تەنانەت هەرچی زێڕی هەبووە فرۆشتوویەتی تەنیا بۆ ئەوەی ئەفسەر ڕازی بکات کارێکی وا پڕ مەترسیی بۆ ئەنجام بدات و لە ئاکامیشدا ئەم کارەی سەردەگرێت.

یەکێکی دی لەو بابەتانەی لە کۆنەستی شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتیدا بوونی هەیە، شوومی هەندێک باڵندە و بە پیرۆزکردنی هەندێکی دیکەیە. یەکێک لەو باڵندانەی لای گەلانی ڕۆژهەڵات بە شووم دادەنرێت و پێیان وایە لە هەر شوێنێک بنیشێت وێرانی و کاولکاری بە دوای خۆیدا دەهێنێت؛ (کونەپەپوو)یە. لە ڕۆمانی (ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)دا، (ڤیڤیان)ی کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە، لە سەرانسەری شار بەوە ناسراوە، کە هەمیشە ملپێچێکی ڕەش دەپۆشێت. ئەم ملپێچە هەردوو لای لە شێوەی کونەپەپوو نەخشێنراوە. کاتێک بەسەر شان و ملیدا دێتە خوارەوە، وا دەردەکەوێت دوو کونەپەپووی زیندوون و لەویَ هەڵنیشتوون. ئەمەش بە هەموو شێوەیەک وێنەیەکی ناڕێک و پڕ لە مەترسییە، چونکە **((ئەو باڵندەیە لای خەڵکی ڕۆژهەڵات بە گشتی و لای خەڵکی ئەم شارە بە تایبەتی شوومە. پێیان وایە لە هەر شوێنیَ بنیشێت یان بخوێنێت، نەهامەتی و شەڕی بۆ دەهێنێت. ئیدی خێر و خۆشی ڕووی تیَ ناکەن. یەک کەس نایبینێت لێرە وێنەی کونەپەپوو بە قەد دیوارەوە هەڵبواسێت، بگرە خوێندکارێک لە خوێندنگە نادۆزیتەوە لە دەفتەری نیگارکێشانەکەیدا شوێنێکی بەو باڵندە چاو تیژە ڕەوا ببینێت.))**(کاکەسوور ،٢٠١٥: ١٧) (ڤیڤیان) لای نەنکی و باپیریەتی، بەهۆی ئەوەی دایک و باوکی لەلایەن ڕژێمەوە گولله باران کراون. ئەوانیش زۆر هەوڵی لەگەڵ دەدەن کە ئەم ملپێچە ڕەشە لە مل نەکات، کەچی نەک هەر بە گوێیان ناکات، بەڵکو هەرڕەشەی ئەوەیان

لێدەکات، ئەگەر ئەوەندەی لەگەڵ بڵێن، بە یەکجاری جێیان دەهێڵێت و جارێکی دی چاویان پێی ناکەوێتەوە. ((**باپیری پەیکەر تاشێکی هێناوە، بۆ ئەوەی پەیکەری کۆمەڵێک لەو باڵندانەی بۆ دروست بکات و لەسەر دیوار و سەربانیان دابنێت،کە لای خەڵک بە پیرۆز دەزانرێن، وەک پەڕەسێلکە، پەپووسلێمانە و لەقلەق، بەو هیوایەی هەم بتوانن پێش لەو کارەساتە بگرن، کە ئەمڕۆ نا سبەی بە هۆی ئەو باڵندە شوومەوەڕوویان تێ دەکەن و هەم تێڕوانینی خەڵک بۆ ماڵەکەیان بگۆڕن. واتە وەک شوێنێکی شووم و بەد لێی نەڕوانن.**))(کاکەسوور ،٢٠١٥: ١٨) ئەمەش ئاماژەکردنە بە کۆمەڵێک باڵندە، کە لە کۆنەستی گەلانی ڕۆژهەلات بە پیرۆز دادەنرێن وەک: پەپووسلێمانە و پەڕەسێلکە و حاجی لەقلەق.

یەکێکی دی لەو دیاردانەی لە کۆنەستی کۆمەڵگەی کوردیی ڕەنگیداوەتەوە، مەسەلەی زڕدایک و زڕباوکە. هەر یەک لەمانە وێنەیەکی ناشرینی لە کۆنەستمان دروستکردووە. ئەمانە بەوە ناسراون، بە دەگمەن نەبێت کەسانی دڵڕەق و بێ ویژدان و ستەمکارن بەرانبەر بەو منداڵانەی بە هیی خۆیانی نازانن. لە ڕۆمانی (ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)دا، وێنەیەکی ناڕاستەوخۆی ئەم دیاردەیە نیشاندراوە. لەم ڕۆمانەدا کاتێک دایک و باوکی (ئومێد) زۆر لە (ئومێد) دەدەن و خەڵتانی خوێنی دەکەن، بە زۆر دراوسێکان لەژێر چەپۆکیان دەری دەهێنن. لە گفتوگۆی نێوان دراوسێکاندا باس لەوە دەکەن: (( **- ئەوە باوە ژنیەتی؟**

**- نەخێر، دایکیەتی. تۆ نەک هەر لەم گەڕەکە، بەڵکو لە شارەکەیش نوێیت و هێشتا ویدە دێرتی ناناسیت، بەڵام دەبێت لە ئێستاوە بزانیت چ ژنێکی دڵڕەقە.**

**- مادام دەبێت ئەوپیاوە باوەپیارەی بێت، کە شریتی سووری لە مل بەستووە و هێندە دڵڕەقانە لە ماڵی دەرکرد.**

**- نەخێر، باوکی ڕاستەقینەیەتی.**))(کاکەسوور،٢٠١٥: ١٥)

دیاردەیەکی دی کەوا لە کۆنەستی کۆمەڵگەی کوردیدا وەکو نەریت ڕەگی داکوتاوە و ماوەتەوە، پارێزگاری کردنە لە کۆمەڵێک داب و نەریتی چەوت و ڕێگە نەدان بە هاتنە ناوەوەی نوێخوازی بۆ نێو ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە. لە ڕۆمانی (ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)، ماڵی مامی (دلاوەر)ی کارەکتەری سەرەکی پارێزبەندی لەو نەریتە چەوتانەی خانەوادەکەیان دەکەن و ماڵی (دلاوەر) بە لە ڕێ لادەر دەزانن و تەنانەت پەیوەندیی خزمایەتیشیان لەگەڵدا دەپچڕێنن. کاتێکیش کە دێنە سەر ئەوەی باسی خوشکی (دلاوەر) بکەن، باوکسالاری زۆر بە ڕوونی لە قسەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە. وەگێڕی هەمووشتزان لەسەر زاری ئەم خانەوادەیە

دەڵێت: ((- **بە خۆڕایی خۆیان بەو کچەوە ماندوو دەکەن و بۆ خوێندنگەی دەنێرن، چونکە هەر یەک دوو ساڵی دیکەیەو بە زۆر لێیان دەستێنین. لەو کوڕە گەورەیەی خۆمانی مارە دەکەین. ئەودەم خوێندنی چی و چوونەدەرەی چی؟ دەبێت لەو ماڵەوە دابنیشێت. خزمەتی مێرد بکات و بێشکەی منداڵ ڕابهەژێنێت.**))(کاکەسوور،٢٠١٥: ١٠٢) باوکسالاری ئەو دیاردە قێزەونەیە، تیایدا نێر خۆی بە خاوەنی هەموو شتێک دەزانێت. وەکو کاڵا ڕەفتار لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەر دەکات. بە واتایەکی دی خۆی بە خاوەنی ئەوانیش دەزانێت. ئافرەتیش دەبێت لەو سیستەمە پیاوسالارییەدا دەست لە هەموو ماف و خواست و ئارەزووەکانی خۆی هەڵبگرێت، جگە لەو بابەتانەی کەوا پیاو پێی ڕەوا دەبینێت و پێی دەدات. دیاردەی باوکسالاری لەم ڕۆمانەدا لە کارەکتەرە لاوەکییەکانیش ڕەنگیداوەتەوە. (ئەتڵەس) یەکێکی دیکەیە لەو کارەکتەرانەی بووەتە قوربانی ئەم نەریتە. کاتێک بە نمرەی بەرز خوێندنی ئامادەیی تەواودەکات، دەبێت بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی ڕوو لە شارێکی دی بکات. بەڵام باپیری؛ کە نوێنەری کۆنەپەرستی و باوکسالارییە، لەگەڵ ئەوەی دەشزانێت ئەگەر (ئەتلەس) بچێت بۆ ئەو شارە، بە نمرەی بەرز دەگەڕێتەوە بۆ لایان، بەڵام نایەوێت دەست لەو دیاردە دزێوەی هەڵبگرێت. ((**باپیری سوێندی خواردووە نەهێڵێت سنووری ئەم شارە جێ بهێڵێت و بچێتە شارێکی گەورەی وەک بەغداد، کە لای ڕوونە بە بڕوانامەی بەرز و ڕەوشتی نزمەمە بۆی دەگەڕێتەوە.**))(کاکەسوور،٢٠١٥: ١٨٠) سەرەنجام (ئەتلەس) ناچار دەبێت وەکو ئافرەتێکی ستەملێکراو، پەنا بۆ کارێکی قێزەوەنتر ببات، ئەویش دیاردەی خۆ سووتاندنە. ((**بە درێژایی ڕۆژەکە لە ماڵەوە بووە، تەنیا نیو سەعاتێک جێی هێشتووە، ئەویش کاتێ زرووکەی ژنانی کۆڵانی هاتووەتە گوێ، گوایە (ئەتڵەس)ی دراوسێیان خۆی سووتاندووە، چونکە نەیانهێشتووە بچێت لە زانکۆی بەغداد بخوێنێت.**))(کاکەسوور،٢٠١٥: ١٨٠)

یەکێکی دی لەو بابەتانەی لە کۆنەست و عەقڵیەتیی زۆرینەی تاکی کورددا ڕەگی داکوتاوە، کلتوری ژن کوشتنە. ئەم کلتورەش لەژێر ناوی پاراستنی شەرەف و بەرز ڕاگرتنیەتی. تەنانەت زۆر جار لەنێو کۆمەڵگەی ئێمەدا، کە کۆمەڵگەیەکی نێرسالارییە، پیاوی بکوژ بە کرینەوەی شەرەفی خۆی وەک پاڵەوان لە نێو خەڵک دەناسرێت. لە ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان)دا دیاردەی ژن کوشتن ڕەنگیداوەتەوە. (یەشار شاری شارکجی) کە کارەکتەرێکی نێو ئەم ڕۆمانەیە، باوکی لەسەر سیاسەت کوژراوە. ئەم کارەکتەرە بە ناچاری واز لە خوێندن دەهێنێت و دەست بە کرێکاری دەکات تا دوو خوشکەکەی بژیێنێت، ئەمەش دوای ئەوەی دایکی لە لایەن شوو براکەی بە تۆمەتی ناپاکی و پاراستنی شەرەفی بنەماڵەکەی دەکوژرێت. ((**دایکە سیستەرەکەیشی تەنیا چوار ساڵ بەسەر نەمانی مێردیدا تێپەڕیبوو، کاتێ بە دەستی شوو برای**

**گیانی لەناو برا.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٧٨) (یەشار) ئەگەرچی توانا و بەهرەیەکی زۆری لە نووسینی شیعردا هەبوو، بەڵام بەهۆی ئەم ڕووداوەوە هەموو خەونەکانی لەگۆڕ نرا. ئەمەش چارەنووسی ئافرەتە لە کۆمەڵگەیەکی نێرسالاریدا، کەوا لەسەر شتی بچووک ژیانی لێدەسێنرێتەوە، ڕەگەزی بەرانبەریش کە هاوبەشە لەو کارە، کەچی پاڵەوانە.

لە ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان)دا، (دیالا)ی کچەزای (دادە نەسیمە) یەکێکە لەو کارەکتەرانەی دوای مردنی دایک و باوکی لەلایەن ئەفسەرێکەوە، (دادە نەسیمە) دەیگرێتە خۆی و پیشەکەی؛ کە مامۆستایە، جێدەهێڵێت و خۆی بۆ بەخێوکردنی کچەزاکەی تەرخان دەکات. دایکی (دیالا) قوربانی دەستی پیاوە. ئەگەرچی ئەفسەرە بکوژەکە، لە ڕۆژگاری خوێندنندا لەگەڵ (دیالا) دڵیان بەیەکەوە بووە، بەڵام بە هەر هۆکارێک بووە بۆ یەک نەبوون و هەریەکەیان چوونەتە ژیانی تایبەتیی خۆیەوە. ئەم بابەتی خۆشەویستییە ڕق و کینە لە دڵی ئەفسەر دروستدەکات و وای لێکدەداتەوە کەوا خۆشەویستەکەی خیانەتی لێ کردووە. بۆیە دوای چەندین ساڵ، خۆشەویستەکەی؛ کە دایکی (دیالا)یە لەگەڵ هاوسەری بەیەکەوە دەکوژێت. منداڵێک هەتیو و بێ دایک و باوک دەکات. وەگێڕ کاتێک باس لە ژیانی تایبەتیی (دیالا) دەکات، ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو. **((خۆی لە منداڵییەوەگەورەی کردووە، چونکە دایکی بە دەستی ئەفسەرێک کوژراوە. ئەو پیاوە شەوێکیان لەگەڵ چەند هاوڕێکیدایە و کاتەکە بە دەم گفتوگۆوە بەسەر دەبەن. یەکێکیان تانەی لێ دەدات، گوایە وەک جووتێ پێڵاو لە پێی کردووە و چووەتە باوەشی ئەندازیاریکی ڕێگاوبانەوە، کە هەر لە ڕۆژگاری خوێندنەوە دڵیان بە یەکدا چووە، بۆیە دەمودەست دەچێتە دەرێ دەڵێت ناگەڕێتەوە، تا هەردووکیان نەکوژێت.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٢٣٤)

یەکێکی دی لەو هۆکارانەی وا دەکات پیاو ژنی خۆی بکوژێت، جوانیەکەیەتی. جوانی ژن هەندێک جار وا لە پیاو دەکات دڵی لێی پیس بێت. ئەو دڵ پیسییەش زۆرجار دەگۆڕێت بۆ ڕقێکی زۆر و دەگاتە ئەوەی بیکوژێت. کاتێک (دادە نەهران) و (کوڕمان) دەچنە بەغدا بۆ لای (دادە نەسیمە). لەناو بووسەکە ئافرەتێک لەگەڵیان سوار دەبێت، کە ناوی (ڤیڤیان)ە. (دادە نەهران) ڕابردوویەک بە بیر (کوڕمان) دەهێنێتەوە، کاتێک منداڵ بووە و لە کۆڵانیان دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەتەوە گوایە پیاوێک خێزانی خۆی کوشتووە. (دادە نەهران) بە گوێی (کوڕمان)دا دەچرپێنێت، کە ئەوە هەمان ئەو ئافرەتەیە و نەمردووە. **(( – لە بیرتە شەوێکیان لە گەڕەکماندا بووە تەقە و گوتیان ژنێکیان کوشتووە؟**

**– بەڵێ، هەردووکمان لە سەربان خەوتبووین و ویدانییش لە خوارەوە باخی ئاو دەدا.**

**- هەر دەڵێم تۆ منداڵیی خۆتت چاک لە بیرە! هەی، کوڕی نازانم کێ، تازە پێت دەنایە چوار ساڵی.**

**- ژنەکە دایکی بوو؟**

**- دایکی چی؟**

**- ئەوە نییە ماوە؟**

**- گوتیان کوژراوە، بەڵام وا دەرنەچوو.**

**- چی؟ چی؟ ئەو ڤیانە بوو؟**

**- مێردی چوار گوللەی لێ دا، بەڵام زوو هەستایەوە و بە ساغی لە نەخۆشخانە هاتە دەرێ. دوای ئەوە پیاوەکە لە خەفەتان مرد. هەندێک دەڵێن خۆی کوشت. ڕەنگە خۆی کوشتبێت. پیاو هەوڵی زۆر دەدات ببێتە مێردی ژنی جوان، کەچی دواجار هەر ئەو جوانییە دەیکوژێت.**

**- چۆن؟**

**- دڵی لیی پیس دەبێت.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٢٥٦) ئەوە هەمان ئەو ئافرەتە جوانەیە، کە دوای ئەوەی پیاوەکەی چەند گوللەیەکی لێدا، دواتریش خۆی کوشت. لە دوای خۆی خەمێکی قووڵی خستە دڵی ئەم ژنە و تا ئێستاش پێیەوە دەتلێتەوە.

یەکێکی دی لەو دیاردە باوانەی کلتوری کوردی، کە تا ئێستاش لە کۆنەستی تاکی کورددا ماوەتەوە و پەیڕەوی لێ دەکرێت، کلتوری بەزۆر بەشوودانی کچانە. باوک وەک دەسەڵاتی یەکەمی خێزان، بێ گەڕانەوە بۆ ڕەزامەندی کچەکە و تەنانەت دایکیشی، لەپێناو دەستکەوتێکی ماددی یان هەر مەرامێکی تایبەتیی خۆی بێت، بەشووی دەدات. باوک لە کلتوری ئێمەدا نمایندەی ئەو سیستەمە ڕەوشتی و سیاسییانە دەکات، کە بوونەتە تارمایی بەسەر نەوەکان. ئەمەش بە شێوەیەکی بۆماوەیی، وەچە دوای وەچە بۆی دەگوازرێتەوە و پەیڕەوی لەو دەسەڵاتە دەکرێت، کەوا لە کۆنەستی تاکی کورددا وێنا کراوە. لە ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان)دا، وەگێڕ باسی (مازێ)ی خێزانی (وەستا هیشۆ) دەکات، کە بەر لەوەی شوو بە (وەستا هیشۆ) بکات، باوکی (مازێ) لە تەمەنێکی زۆر زووەوە بۆ مەبەستی دەستکەوتنی نەختێک پارە، کچە منداڵەکەی بە پیاوێک دەدات کە زۆر لە خۆی گەورەترە. (مازێ) لەگەڵ ئەوەی تەمەنی زۆر بچووک بوو، بەڵام ژنێکی ئازا و وریا بوو. توانی بەرگەی هەموو ئەو

فشـارە دەروونییـانە بگرێـت، کە لە ئاکـامی شـووکردنەکەیەوە دووچـاری بـوون. **((ئەو مەلایەی مارەیان دەبڕێت، خاوەنی پێگەی بەرزی کۆمەڵایەتییە و خەڵک گوێی لێ دەگرن، لە چاکەی خۆی (سمایلۆ) دەباتە پەنـایەک و پێی دەڵێت ڕاسـتە ئێسـتا بەپێـی شـەرع ژنیەتـی و هەمـوو جەستەی حەڵاڵیەتی، بەڵام پێویستە بزانێت منداڵە و بەرگەی پیاوێکی وەک ئەم ناگرێت، کە بەشێکی تەمەنی لەگەڵ ماکەردا بەسەربردووە، بۆیە نابێت کارێک بکات، ببێتە هۆی لەدەستدانی ئەو زەعیفەیە. پیاوێکی هەژاری وەک ئەم بە هەزار حاڵ ئەو بڕە پارەیەی پاشەکەوت کردووە و خسـتوویەتیە نـاو دەسـتی بـاوکە چـاوچنۆکەکەی (مـازێ)وە. ئەگەر خوانەخواسـتە تووشـی خوێنبەربوون ببێت، ئەوە مردنـی مسـۆگەرە. ڕەنگە بە دە سـاڵی تـریش خـۆی نەگرێتەوە و نەتوانێـت دانەیەکـی تـر بسـتێنێت.))**(کاکەسـوور،٢٠٢١: ٥٢٢) لەگەڵ بەرەوپێشـچوونی کـۆمەڵگە و هۆشیاری کۆمەڵایەتی، ئەو بابەتانە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ئێسـتا بەدەگمەن نەبێت، کچ لە تەمەنـی زوو بەشـوو نادرێت، ئەمەش بـۆ هۆشـیاریی دایک و بـاوک و تاکەکانی نێو کۆمەڵگە دەگەڕێــتەوە، چــونکە ئەم دیــاردەیەی پێشــوو، لــێکەوتەی خراپــی جەســتەیی و دەروونــی لیکەوتـووەتەوە. ئەمەش وایکـردووە، وردەوردە کـاڵ ببێـتەوە و دەسـتی لـێ هەڵبگـرن و وەکـو دیاردەیەکی ناشرین سەیری بکەن.

یەکێکی دی لەو بابەتانەی کەوا لە کۆنەستی ئێمەدا بوونی هەیە، مەسـەلەی چوونی جنە بۆ نێو لەشی مرۆڤ. ئەم بابەتە جێگەی مشتومڕێکی زۆرە لای پیاوانی ئایینی. هەندێک بۆچوونی ئایینی پێی وایە جنۆکە دەچێتە لەشی مرۆڤەوە، هەندێکی دیکەش بە پێچەوانەوە لێی دەڕوانن. بـابەتەکە هەر چۆنێک بێت، بەڵام چـوونی جنـۆکە بـۆ نێو لەشـی مـرۆڤ لە کۆنـدا لە کۆنەسـتی ئێمەدا شتێکی بـاو و دانپێدانراوە. لە ڕۆمـانی (یادەوەریی بووکەڵەکان)دا، کـارەکتەری (خەلفـان حەنەش) کە سـیخوڕێکی ئەمـنە و سـیخوڕە بەسـەر (کوڕمـان)ەوە، دووچـاری نەخۆشـییەکی سەخت دەبێت، بەڵام (خەلفان) خۆی بەوە نازانێت کەوا نەخۆشییەکی کوشندەی هەیە، بەڵکو باوەڕی وایە جنۆکە چووەتە لەشیەوە. **((شتێکی ئەوتۆ لە بـارەی نەخۆشـییەکەیەوە نازانێت، بەڵکوو پێی وایە جنۆکە چوونەتە نـاویەوە و چەند جار مەلای گوندەکەی، کە لە سـەرووی کەرکوکە، نوشتەی بۆ کردووە.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٣٤) لەم دەقەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کەوا ئەم بـابەتی جـنە؛ بـابەتێکی بـاوە و تەنـانەت لە بیـر و بـاوەڕی هەنـدێک مەلای ئایینیشـدا چارەسـەری بەوە کـراوە، کە نووشـتەی بـۆ بکرێـت و دوعـای بەسـەردا بخوێنـدرێت، چـونکە پێیـان وایە ئەگەر زوو چارەســەر نەکرێـت، دەبـنە چـاوگەیەک کە ((مـرۆڤ بەرەو لە دەستدانی عەقڵ دەبەن، واتە مرۆڤ شێت دەکەن و تا ماوە مرۆڤ پێی دەتلێتەوە.))(حەمەد،٢٠١٢: ٢٠٦)

## - پەند و قسەی نەستەق و یاری وەکو ڕەگەزێکی فۆلکلۆر

بابەتێکی دی کەوا لە کۆنەستی تاکی کورددا، هەمیشە شوێنی خۆی گرتووە، ئەویش بابەتی پەند و قسەی نەستەقە، بەڵام ڕۆماننووس لە نێو ڕۆمانەکانیدا زۆر بە کەمی ئاوڕی لەم گەنجینەیەی نەتەوەکەی داوەتەوە. کارەکتەرەکانی لە چەند شوێنێکی ڕۆمانەکاندا نەبێت، پەنا نابەنە بەر بەکارهێنانی پەند و قسەی نەستەق، کە بە دڵنیاییەوە لە کۆنەستی هەر تاکێکدا ئەم سامانە نەتەوەییە، وەکو تەرزێکی سەرەتایی بوونی هەیە. لە ڕۆمانی (ڕێبەنێکی سوور و ملیێچێکی ڕەش)دا تەنیا یەک جار لە گفتوگۆی نێوان دایک و باوکی (دلاوەر)ی کارەکتەر دەردەکەوێت، کەوا نوێنەری نەوەی پێش خۆیانن. باوکی (دلاوەر) ڕوو لە دایکی (دلاوەر) دەکات و دەڵێت: **((ئێمە وا دەچینە ناو خانووی نوێ و با واز لەم قسانە بێنین، کای کۆن بە با مەکە!))(کاکەسوور،٢٠١٥: ٩٣)** هێنانەوەی ئەم پەندە کوردییە و بەکارهێنانی لە گفتوگۆی نێوان ئەم دوو کارەکتەرە، بۆ ئەوەیە کە (سیامەند)ی باوکی خۆی لەو پرسیارانە بدزێتەوە، کە پەیوەستن بە ڕابردووی نێوان خۆی و هاوسەری. پەنا بردنە بەر پەندی کوردی بۆئەوەیە، لە ڕێیەوە پشت لە ڕابردوو و ڕوو لە ئایندە بکات. لە لایەکی دیکەوە پەند و قسەی نەستەقی کوردەواری پیرۆزییەکی خۆی لای تاکەکانی کۆمەڵگە هەیە. ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین لەو کاتانە پەنای بۆ دەبرێت، کە سەرەتای دەستپێکی قسەکردن یان کۆتایی هێنانە بە مشتومڕ و یەکلایی کردنەوەی بابەتێک. زۆر جار تاکەکانی کۆمەڵگە بێ ویستی خۆیان پابەندیی ئەو پەندانە دەبن.

یەکێکی دی لەو دیاردانەی لە کۆنەستی تاکی کورددا هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە، یاری و کایە فۆلکلۆرییەکانن. ئەگەرچی ئەم یارییانە ئێستا بە هۆی بەرەو پێشچوونی تەکنەلۆژیا، زۆر بە کەمی بایەخی پێدەدرێت، بەڵام ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان)دا، بە بیانووی جەنگ و شەڕەوە وەک یادەوەرییەک و بیرەوەرییەکی کۆن هەندێک لەم یارییانەی خزاندووەتە نێو دەقەکەیەوە. هەرچەندە ئەم یارییانە جاران زیاتر منداڵ پێوەی سەرقاڵ دەبوو، بەڵام لە بارودۆخێکی وادا کە جەنگ بەرۆکی وڵاتی گرتووە، بە هۆی نەمانی کارەبا و لە کار کەوتنی ئامێرەکانی وەک ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، خەڵک جارێکی دی؛ گەورە و بچووک بۆ کات بەسەربردن و سەر گەرمکردنیان پەنایان بۆ ئەم یارییە زۆر کۆن و فۆلکلۆرییانە بردووەتەوە. **((خەڵک هەموو ئەو ئامێرە سەرگەرمکەرانەی وەک تەلەڤیزیۆن، ریکۆردەر و ڤیدیۆ، تەنانەت ڕەیدیۆشیان لە دەست داون. بۆ ئەو یارییە فۆلکلۆرییانە گەڕاونەتەوە، کە ڕەنگە نەنک و باپیرانیان کردبێتیانن و ئەمڕۆ تەنیا لە کتێبدا دەتوانن بیاندۆزنەوە. تا بزانن یاساکانیان زۆرن، بە چ شێوەیەک دەکرێن و چەند کەس تێیدا بەشداربن. بەم شێوەیە (بلبل حاج: هەلوکێن)،**

**(محێبس)، (الثعلب فات فات)، (بیت بیوتي: ماڵەباجێنە) و هیی زۆر لەمانە کۆنتریش گەڕاونەتەوە.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٤٥٧) ئەگەرچی ئەم یارییانە، یاری بە کۆمەڵن، بەڵام (پەنژێ خان)ی خەسووی (کورمان)ی کارەکتەری سەرەکی بە هۆی ئەوەی نەخۆشە و لە ماڵ کەوتووە، ئەم یارییانە بە تەنیا و لەسەر تەختی نووستنەکەی ئەنجام دەدات و چێژی لێ دەبینێت.

## تەوەری سێیەم: مەبەستەکانی بەکارهێنانی دەمامک لە ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسووردا

### ١- دەمامکی ئاینی

دەمامکی ئایینی هەمیشە لە لایەن داگیرکەرانی کوردستان و نەتەوە دراوسێکانمان بەکارهاتووە، بۆ ئەوەی کوردستان داگیر بکەن و گەلەکەی بچەوسێننەوە. بۆ ئەم مەبەستەش لە قۆناغ و ڕژێمە جیاجیاکاندا، دروشمی جیاوازیان بەکارهێناوە و تا ئێستاش پەیڕەو دەکرێت. بۆ نموونە وڵاتی تورکیا لە ژێر دروشمی سورەتی (الفتح) هەرێمی عەفرینی داگیرکرد. ئەم دیاردەیە خزاوەتە نێو ئەدەبیاتیش، بە تایبەتی ژانری ڕۆمان. ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (ڕێبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)دا بە وردی پەنجە لەسەر ئەم دیاردەیە دادەنێت و لە زاری ئەفسەرێکی حەرەس قەومییەکان بە ڕوونی ئەوە دەخاتەڕوو. کاتێک حەرەس قەومییەکان سڵ لە هیچ کارێکی بەدڕەوشتی و قێزەونی دژ بە ئایین ناکەنەوە، کەچی ئەفسەرەکە لە وەڵامی دراوسێی ماڵی (پاکیزە)دا، کە ئافرەتێکی تورکمانە، لە پای ئەو هەموو کارە قێزەونەی دەرهەق بە ماڵی (پاکیزە) دەکرێت، پێیان دەڵێت: **((ئەللاهـ پێغەمبەرە تانمەسس؟ نە ئەللاهـ نە پێغەمبەر هیچ قەبوڵ ئێتمەس.))**(کاکەسوور،٢٠١٥ :٤١) ئەفسەرەکە دەڵێت: **((- لەم شارەدا هیچ شتێک وەک ئەوە نامکوژێت، کە نەفامەکانی دەیانەوێت فێری دینم بکەن! ئێمە نەبووینایە ئەوانە تاکوو ئەمڕۆیش ئاگریان دەپرست.))**(کاکەسوور،٢٠١٥: ٤١-٤٢)

(پەروین) یەکێکە لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانی (ڕێگەکانی ژەهر). ئەم کارەکتەرە خەڵکی ڕانیەیە، بەوە ناسراوە ژنێکی بێ شەرم و چەقاوەسووە. شووی بە پیاوێکی بازرگانی عەرەب کردووە، بەم هۆیەشەوە خزم و کەس و کاری، خۆی لێ بێبەری دەکەن. دوای ئەوەی مێردی بە سەرخۆشیی ستایشی ئەمریکای کافری کردووە و لەژێر پێڵاوی هاوڕێکانی نراوە و گیانی دەرچووە، بۆیە لای موسڵمانەکان دەبێتە کەسێکی بێزراو و شتی لێ ناکڕن. بەمەش بازاڕی

ڕوو لە کزی دەکات. ئەم ئافرەتە چەقاوەسووە، ڕێگەیەکی دی دەدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی بازاڕی لای خەڵک گەرم بێت. بۆ ئەمەش پیشەکەی لە فرۆشتنی خۆراک بۆ فرۆشتنی پێڵاو دەگۆڕێت، گوایە ئەمەیان بێ نرخە و وەکو خۆراک پەیوەندیی بە شەرەف و کەرامەتەوە نییە. لە پاڵ ئەمەشدا ماسکێکی ئایینی دەپۆشێت و ئایین دەکاتە ئامرازێک تا تێڕوانینی خەڵک سەبارەت بە خۆی بگۆڕێت. بەمەش بازاڕی ببوژێتەوە و لەم ڕێیەوە کرێی دوکان و بژێوی ژیان بۆ منداڵەکانی دابین بکات. پۆشینی جلوبەرگی شەرعی و نوێژکردن و بەڕۆژوو بوونی، تەنیا دەمامکێکە و دەیەوێت ئەوە نیشانی کڕیارەکانی بدات، کە ئەو وەکو پیاوەکەی نییە، بەڵکو ژنێکی موسڵمان و لەخوا ترسە. **((هاوکات لەچکی ئەستوور دەبەستێت و جلوبەرگی شەرعی دەپۆشێت، بەو مەبەستەی زیاتر پێشانیان بدات ئەم وەک مێردی نییە. ژنێکی موسڵمان و لەخواترسە. ئیدی ئەو قژە درێژ و ڕەشەی، ئەو قاچە لووس و گۆشتنانەی، قۆڵی سپی و ناسکی لە چاوە تەماعکارەکان دەشارێتەوە، کە لەوەتەی هەیە پێیان ناسراوە و سەرنجی دەیان لاوی چ لە ڕانیە و چ لە بەغدا ڕاکێشاوە. ئەوەتا هێندە لە خودا و پێغەمبەرەکەی دەترسێت، تەنانەت کاتێ لە گەرمەی بازاڕدا بانگی مزگەوتەکانی دەوروبەری دەبیستێت، دەڕابەکەی دادەخات و هەموو شتێک جێ دەهێڵێت. خۆی دەگەیەنێتە شوێنێکی پاکی دووکانەکەی، تاکوو لەودیو، بێ ئەوەی چاوی یەک نێرینەی لێ دیار بێت، مشووری نوێژەکانی بخوات و پێیان بڵێت: (گیانم بە قوربانتان بێت، ئەی پەروەردگار و خۆشەویستەکەی). هەر دینارێکی چنگ بکەوێت، چەند جارێ ماچی دەکات و ماوەیەک بە ناوچەوانی خۆیەوە دەنووسێنێت، ئینجا دەستەکانی بۆ ئاسمان هەڵدەبڕێت و بە دەنگی کزۆڵەی، بەڵام بە مەرجێک خەڵک بیبیستن، دەپاڕێتەوە: ((سوپاس بۆ ئێوە، کە نانی حەڵاڵتان پێ بەخشیوم و ناهێڵن خۆم و منداڵم لە برسان بمرین.))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ١٤٣-١٤٤) بەم شێوەیە لە پاڵ بەجێگەیاندنی ئەرکە شەرعییەکانی، ڕقی خۆی بەرانبەر ئەمریکا دەردەبڕێت و بە دوژمنی سەرسەختی خۆی دەزانێت. **((دوژمنی سەرسەختی ئەمەریکای داگیرکەرە و باوەڕی وایە یەک سەرۆک ناگاتە کۆشکی سپی، ئەگەر کوڕانی جوو بە کۆمەڵ دەموچاو و ناوگەڵی دایکە سۆزانییەکەی بە سپێرم سواغ نەدەن. ئەمە بە زۆربەی کڕیارەکانی دەڵێت، بە ڕادەیەک لە بازاڕ بەو گوتەیە ناسراوە. منداڵەکانیشی فێر کردووە بڵێن: (بوش بوش شیل ایدک، هذا الحچی مایفیدک)...))**(کاکەسوور،٢٠١٧: ١٤٤)

یەکێکی دی لەو دەمامکە ئایینییانەی بەکاردێت، نوشتەکردنە. لە کۆنەستی تاکی کورددا هەمیشە ئەو پیاوانەی دەستیان داوەتە نووشتە کردن، وەکو پیاوانی ئایینی خۆیان نیشاندەدەن و لای خەڵک ڕێز لێگیراون. وەگێڕی هەمووشتزان باس لەو کاتە دەکات، کەوا (کوڕمان) لەگەڵ

دوو منداڵی ئاو فرۆش و ژنە فاڵچییەکە لە گەراژ وەستاوە. لە ناکاو بووسێک دەوەستێت، چوار کەس دادەبەزن کە بە (کێربڕ) ناسراون، بە مەبەستی سونەتکردنی منداڵان ڕوو لە گوندەکان دەکەن. بەهۆی ئەوەی خەڵک لە جاران هۆشیارترە، بۆیە کاری ئەمانەش ڕووی لە کزی کردووە، ((**چوار لەو پیاوانەی بە "کێربڕ" ناسراون و بە "سەیید" بانگ دەکرێن، هەر لەو بووسە دابەزیون. جانتای بچووکی سەیریان پێیە. سەیر، بەو مانایەی هاوشێوەیان لە هیچ شوێنێکی دیکەدا نابینیت و بۆ هیچ شتێکی تریش دەست نادەن. سەختە مرۆڤ بزانێت ئەو جانتایانە چ ڕەنگێکیان هەیە وەک چۆن کەس ناتوانێت وێنەیان بکێشێت.**))(کاکەسوور،٢٠٢١ :١٩٠) بۆیە ناچارن لە پاڵ کارەکەیاندا ڕوویان لە نووشتە کردن کردووە. پۆشینی ئەو ڕووپۆشە ئایینییە تەنیا بۆ ئەوەیە خەڵک بە پیاوی چاکیان بزانن و پێشوازییان لێ بکەن، ئەوانیش لە پاڵ ئەمە، کارەکەی خۆیان بکەن. ((**خاڵی هاوبەش لە نێوان هەردوو پیشەکەدا هەیە و بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەمیان بەویان دەگاتەوە. بەوەدا ئەرکی ئایینی بەجێ دەهێنن، لای خەڵک ڕێزیان هەیە و جێگەی متمانەن.**))(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٩١)

لایەنێکی دیکەی دەمامکی ئایینی لەم ڕۆمانەدا، کە ڕۆماننووس تیشکی خستووەتە سەر، دیاردەی بە کۆیلە بوون و کڕین و فرۆشتنە بە ئافرەت. ئەمەش لە پاڵ ئایینەوە ئەنجام دەدرێت. لە پەنای ئایینەوە ڕەوایەتیی بە کڕین و فرۆشتن و دەستدرێژی کردنە سەر جەستەی ئافرەت دەدرێت و پێیان وایە لە سنووری شەرعدا کاری وا دەکەن و ئایین ئەو مافەی پێداون. ئەمەش بە ڕوونی لە گفتوگۆی بنەماڵەی (وەستا هیشۆ) دەردەکەوێت. (وەستا هیشۆ) بە هۆی ئەوەی دژایەتیی ڕەفتارەکانی باوک و براکانی دەکات سەبارەت بە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ کۆیلەکانیان، لای بنەماڵەکەی بێزراو و خۆشەویست نییە. ((**ماوەیەک (هیشام) سەرنج دەدات هەم باوکی و هەم برا گەورەکانیشی لەگەڵ کەنیزەکاندا ڕادەبوێرن، بۆیە هێندەی تر ڕقی هەڵدەستێت و پتر قێز دەکاتەوە. ئایا ئەوان، کە خۆیان بە موسڵمان دەزانن، چۆن لە خودا ناترسن؟ بۆچی دەهێڵن ئەم تا ئەو ڕادەیە بێز بکاتەوە و دڵی تێک هەڵبێت؟ ئایا ئەمە ڕەوایە؟ دیارە ئاسان نییە بە دایکی بڵێت باوکی دەستی داوەتە کارێکی وا قێزەون، بەڵام دوای ئەوەی بەردەوام دەبێت، ناچارە پێی بڵێت، چونکە ناتوانێت لەوە زیاتر ئەمە لە دڵی خۆیدا بهێڵێتەوە، کە لای ڕوونە وەک ژەهر دەیکوژێت.**))(کاکەسوور،٢٠٢١: ٥٢٧) دوای ئەوەی دایکی ئاگادار دەکاتەوە لەسەر ڕەفتارە خراپەکانی باوکی، کە بە چاوی خۆی بینیویەتی چۆن باوک و براکانی لە باوەشی کەنیزەکان دەخەون و ڕادەبوێرن. دایکیشی ئەگەرچی لە دڵەوە ئەم ڕەفتارانەی پێ ناخۆشە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ئەویش کچە مەلایە و تۆزێک سەر لە دین دەردەکات، بۆیە ڕەوایەتی بەم ڕەفتارانەیان دەدات. بە گوێی (هیشام)ی کوڕی دەچرپێنێت کەوا ئەوانە لە

سنووری شەرعدا ئەم کارانە دەکەن. ئەم ڕەفتارانە هێندەی دی (وەستا هیشۆ) لە بەرانبەر خانەوادەکەی ڕق ئەستوورتر دەکات، تا دوا جار لە لایەن براکانییەوە زۆری لێدەدرێت و لە ماڵ دەردەکرێت و لە هەموو شتێک بێ بەش دەکرێت. **((تۆ کێیت، بە فاسقمان بزانیت؟ تۆ هیچووپووچیت. ئێمە پشتمان لە دین کردووە، یان خۆت؟ ئاخر قوونبەگووی وەک تۆ چی لە شەرع دەزانێت؟ لە پێنج نوێژ دووان ناکەیت. ئەگەر لە ترسی ئێمە نەبێت، هەر دەستنوێژیش هەڵناگریت. بە هۆی تۆوە ئابڕوومان چووە و خەڵک تانەمان لێ دەدەن. بێز لە مەخلوقاتی خوای گەورە دەکەیتەوە؟))**(کاکەسوور، ٢٠٢١: ٥٢٩) بنەماڵەی (وەستا هیشۆ) ئایین دەکەنە ڕووپۆشێک تا بە هۆیەوە ڕەوایەتی بە هەموو ئەو کارانە بدەن، تا لە ڕێیەوە شەهوەت و حەزە سێکسیەکانیان تێر بکەن.

## ٢- دەمامکی کۆمەڵایەتی

(ویداد دێرتی) کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانی (ڕێبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)، دوای ئەوەی (ئومێد)ی کوڕی لە ماڵ دەردەکات و پێی ڕادەگەیەنێت کە نابێت جارێکی دی بگەڕێتەوە ماڵەوە. بەمەش نائومێدی و ڕەشبینییەکی زۆر باڵ بەسەر ماڵەکەیاندا دەکێشێت. (دلاوەر)ی هاوسەری و (تەلار)ی کچی، لە داخ و حەسرەتی ئەم جیابوونەوەیە، خەریکە گیانیان دەردەچێت. وە نەبێت (ویداد دێرتی) بێ بەش بێت لەم خەمە قووڵ و گەورەیە. ئەویش لە بارێکی دەروونیی سەختدا دەژی و دەروونی تەواو داڕووخاوە، بەڵام لەبەر ئەوەی مامۆستای ئامادەییە، بۆیە دەبێت خۆی کۆبکاتەوە و بەسەر ئازارەکانی ناخیدا زاڵبێت. ئەو ڕووپۆشەی (ویداد) دەیپۆشێت لە ڕووخسار و سیمایدا، ڕێک پێچەوانەی خەم و ناسۆری ناخیەتی. **((ئەوەتا سبەینێ زوو، وەک بڵێی هیچ ڕووی نەدابێت،پێویستە لە خەو هەڵبستێت. لە بەرانبەر ئاوێنەکەدا بوەستێت. جوانترین جلوبەرگ و بپۆشێت. قژی دابهێنێت. ماکیاژێکی جوان بکات. جووتێ پێڵاوی نایاب لە لۆکەرەکە هەڵببژێرێت، کە لەگەڵ جلوبەرگ و گوارەکانی بگونجێن. دەبێت لە پۆلیش بە ڕووی خۆشەوە وانە بڵێتەوە و نەهێڵێت خەیاڵی بۆ ئەملا و ئەولا بڕوات، تەنانەت دەبێ وریای ئەوە بێت کاتێ بۆ ڕوونکردنەوەی گرامەر نموونە دەهێنێتەوە، ڕستەکان ئاماژە بە خەم و ناخۆشی نەدەن، نەبادا بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەوە لە سیمایدا دەربکەوێت، بەڵکو پێویستە زیاتر مانای ئاسوودەیی و گەشبینی بگەیەنن.))**(کاکەسوور ،٢٠١٥: ١٣٠-١٣١) ئەوە ئەو دەمامکە ساختەیە، کە (مامۆستا ویداد) پێویستە بیپۆشێت تا ئازارەکانی ناخی ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی نەبێت.

لە رۆمانی ڕێگەکانی ژەهردا، (ست سۆزان) تامەزرۆی ئەوەیە، نهێنیی (ست ڕافۆن) ئاشکرا بکات، تەنانەت زانیاری لەسەر ئەوە نییە ئایا ڕەگەزی ئەم بوونەوەرە نێرە یان مێ! هەمیشە دەیگوت (ست)ی مێ و (ڕافۆن)ی نێر، تێکەڵەیەکن لە ژن و پیاو. ئەم تێکەڵەیە سیمای ئەو نیشان دەدەن. ئەو هەڵسوکەوتە سەیرانەی چ وەک پیاو و چ وەک ژن نیشانی دەدا، ئەستەم بوو لێی تێبگات. بۆیە هەمیشە خۆزگەی ئەوەی دەخواست، جارێک بە ڕووتی ببینێت تا هیچ نەبێت ڕەگەزی بۆ ئاشکرا بێت. **((ڕەنگە نەچێتە ئەقڵەوە کاتێ دەڵێم لەبەر خاتری ئەو حەمامێکی بچووکم لەو سووچە دروست کرد، تاکوو ببیمە ئەوێ و بە بیانووی شووشتنی، سەرجەم جلەکانی لەبەر دابکەنم، کە نایشارمەوە مەراقی هەرە گەورەم ئەوە بوو بە ڕووتی ببینم. باوەڕم پێ بکەن لەسەردەمی هەرزەکاریمدا هێندە پەرۆشی بینینی کوڕی ڕووت نەبووم وەک ئەوەی بەردەوام ئاواتم دەخواست (ست ڕافۆن) بەبێ جل خۆیم پێشان بدات.))(کاکەسوور،٢٠١٧:**
١٣) بۆ داوایەکی سەیری لەم شێوەیەش ناچار بوو دەمامکی جۆراو جۆر بپۆشێت، تا ڕازی بکات و لە ڕێی یەکێک لەو دەمامکانەوە ئەو نهێنییەی بۆ ئاشکرابێت. **((هەرچەندی هەوڵم لەگەڵی دەدا و بە درۆ پێیم دەگوت لە گۆڤارێکی ئەمەریکیدا خوێندوومەتەوە، کە پێویستە دوای برینی قژ یەکسەر هەموو جەستە بشۆرێت، یان وام دەردەخست هەندێک شامپۆی نایابم لە فەرەنساوە بۆ هاتوون و دەمەوێت کۆستمە تایبەتەکانمیان پێ بشۆم، بەڵام ئەو هەر شانێکی هەڵدەتەکاند و بەو دەنگە سەیرەی، کە نە لە هیی ژن دەچوو و نە لە هیی پیاو؛ دەیگوت:**

**_ ناتوانم لە بەرچاوی مێیینەدا خۆم ڕووت بکەمەوە.**

**جارێکیان ڕێگەم بە خۆم دا و بە ناوی گاڵتەوە لێیم پرسی:**

**_ دیارە دەتوانیت لە بەرچاوی نێرییینەدا خۆت ڕووت بکەیتەوە؟**

**ماوەیەک بەو گلێنە گەورانەی لێم ڕاما و بزەیەکی سەیری کرد، کە ئاسان نەبوو لەوە تێبگەم، ئاخۆ مانای ناڕەزایی دەگەیەنێت، یان وەڵامێکی دۆستانەی ئەو گاڵتەیەی منە.))(کاکەسوور،٢٠١٧:**
١٣) پێداگریی زۆری (ست سۆزان) لەسەر داوایەکی لەم شێوەیە، گومانی لای (ست ڕافۆن) دروستکرد، بەڵام ئەم گومانەی نەبووە هۆی ئەوەی (ست سۆزان) جێبهێڵێت و هەر لەم سنوورە مایەوە.

کارەکتەری سەرەکیی (کوڕە قژدرێژ) لە ڕۆمانی (مۆزەخانەی کوڕە قژدرێژ)دا، لە چەندین هەڵوێستی جیاوازدا ناچار دەبێت دەمامک بەکاربهێنێت. کاتێک لە یەکەم دیداریدا پیاوێک لێی پەیدا دەبێت و دەیەوێت هەموو ئامێرەکانی لێ بکڕێت، (کوڕە قژدرێژ) ئەم پیاوە تارماییە وەکو

بەربەستێک دەبینێت لە گەیشتن بە خەونەکەی. کاتێکیش ئەم تارماییە یەک ڕێگە لە بەردەمی دادەنێت، ئەویش فرۆشتنی هەموو کەلوپەلەکانیەتی بە ئەو بە نیوەی نرخ، (کوڕە قژدرێژ) هەست دەکات ناتوانێت ڕووبەڕووی ببێتەوە. **((کوڕە قژدرێژ هیچی بۆ نامێنێتەوە، ئەوە نەبێت پێبکەنێت، پێکەنینێکی دەستکر، گوایە خۆی لە ئاستیدا لاواز نابینێت و لەسەر ئەو نرخەی داپناوە، ڕێک بکەوێت.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٣٠) پێکەنینی (کوڕەقژدرێژ) ڕووپۆشێکە بۆ شاردنەی ئەو ترسەی لە ناخیدا دروستبووە سەبارەت بەم تارماییە. لە هەڵوێستێکی دیکەدا کاتێک (کوڕەقژدرێژ) بۆ یەکەم جار (ژنی سالۆن) دەبینێت و دەکەوێتە گفتوگۆ لە گەڵیدا، زۆر شەرمی لێ دەکات، بەڵام بۆ شاردنەوەی شەرمەکەی کۆمەڵێک ڕەفتاری سەیر ئەنجام دەدات. **((سوورێک دەخوات، گوایە دەیەوێت پێشانی بدات دڵی خۆشە، بەڵام ڕاستییەکەی بۆ ئەوەیەتی بەسەر شەرمەکەیدا زاڵببێت.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٩٩) کاتێکیش (ژنی سالۆن) دەیەوێت بڕوات و چیتر کاتی ئەو نەگرێت، دەمامکێکی کۆمەڵایەتی دەپۆشێت تا لە ڕێی ئەمەوە زانیاریی وردی سەبارەت بە ژیانی تایبەتیی (کوڕە قژدرێژ) دەست بکەوێت. **((_ ئەرێ من لەوساوە خەریکی چەنەبازیم، بەشکوو کاتی تۆم گرتبێت و پەلەی ئەوەت بێت بۆ ماڵ بگەڕێیتەوە!**

**کوڕەقژدرێژ لای ڕوونە ئەمەی بە ڕاستی نییە، بەڵکوو دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە دوو شت بزانێت، یەکەم، ئاخۆ پێی خۆشە ئاوا لەگەڵیدا وەستاوە و دەیدوێنێت، دووەم، مەبەستیەتی لەوە تێبگات هاوسەری هەیە. بەڵام بێگومان ئەو پرسیارە مانای ئەوەیشە، کە هەر دەبێت پێ بڵێت ئەم کەسی نییە:**

**_ من لە ئیش تەواو بووم و کاتم هەیە.**

**_ لە ماڵەوە کەس چاوەڕێت ناکات؟ هاوسەرت؟ منداڵت؟**

**_ من نە ماڵم هەیە، نە هاوسەر و نە منداڵ.**

**ژنە پێی دەڵێت:**

**_ دەزانم بێماڵیت، بەڵام گوتم لەوانەیە کەسێکت هەر هەبێت.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٠٧)

(ژنی ژێرزەمین) عاشقی (کوڕە قژدرێژ) دەبێت، بەڵام نایەوێت جارێک ئەم عیشقەی بۆی ئاشکرا بکات تا زانیارییەکی تەواوی سەبارەت بە ژیانی تایبەتیی ئەو دەست نەکەوێت. بۆیە لە ڕێی کۆمەڵێک دەمامکەوە، کۆمەڵێک زانیاریی گرنگی دەست دەکەوێت.

کارەکتەری سەرەکیی (کورمان) لە ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان)دا هەموو ڕۆژێک لەلایەن پیاوانی ئەمن بانگ دەکرێت و داوای ڕاپۆرتی لێدەکەن، بۆیە ناچارە ئەو شتانە لە خەسووی بشارێتەوە. بۆ ئەمەش بەردەوام ڕووپۆشی جۆرارجۆر بەکاردەهێنێت. **((هەموو جارێ لە خەسووتی دەشاریتەوە کە ئەرکی وا قورس و ترسناکت خراوەتە ئەستۆ، چونکە لات ڕوونە هێندەی تر زەندەقی دەڕژێت، تەنانەت پێی ناڵێیت ئەو فۆرمە چەند پرسیار و چ جۆرە پرسیارێکی لە خۆ گرتووە.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ٣٦) (کورمان) هەمیشە وا خۆی دەردەخات کەوا هەموو ئەو ڕاپۆرتانەی دەینووسێت، پەیوەندیی بە کارەکەیەوە هەیە بەو پێیەی خۆی خوێندکاری بەشی کۆمەڵناسییە. **((هەمیشە وا پیشانی خەسووتی دەدەیت ڕاپۆرتەکانت بۆ مامۆستاکانن، بەڵام خۆ کەسێکی وا ساویلکەیش نییە، فێڵی لێ بکرێت، بۆیە ناوە ناوە دەپرسێت ئەو بابەتە چ پەیوەندیی بە کۆمەڵناسییەوە هەیە. ئەو کاتە زمانت تێک دەئاڵێت و گوتە پچرپچرەکانت دەبنە مایەی پێکەنین. (ڤیڤی)، کە خۆی هەر لە سەرەتاوە ئاگاداری کردوویەتیەوە بە هیچ شێوەیەک باسی ڕاپۆرت لای دایکی نەکەیت، لەو کاتەدا فریات دەکەوێت و هەوڵ دەدات لە باسەکەی دوور بخاتەوە، بەڵام دواجار هەر بۆی دەگەڕێتەوە.))**(کاکە سوور،٢٠٢١: ٣٧) (کورمان) هەست بەوە دەکات، لەو ڕۆژەی بووەتە هاوسەری (ڤیان)، خەسووی زیاتر دەترسێت و نیگەرانە. بەشێکی نیگەرانییەکانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەوا دوای بێ سەر و شوێن بوونی کوڕەکەی، هەموو هیوایەکی لەسەر (کورمان) و (ڤیان)ی کچی هەڵچنیوە تا نەوەکەی لە باوەشیاندا ببینێت، بۆیە زۆر هەستیارە و لە بەرانبەر ڕەفتارەکانی زاواکەی هەست بە مەترسییەکی زۆر دەکات. تەمەن و ئەزموونی خۆیشی ئەوەی پێدەڵێن، کە ئەوانەی خەریکی ڕاپۆرت و ڕاپۆرتکاری بوون، چارەنووسیان باش نەبووە. بۆیە هەمیشە هەوڵدەدات زاواکەی لەم جۆرە کارانە دوور بخاتەوە. بەردەوام چاوی لەسەریەتی، بە تایبەتیی ماوەیەکە کتێبی نزیک لە سیاسەتی بە دەستییەوە دەبینێت، وەکو کتێبەکانی (دۆرکایم و مارکس). ئەو بەیانییەی (کورمان) دەیەوێت بچێت بۆ زانکۆ، کتێبی (خۆکوشتن)ی دۆرکایمی بە دەستەوەیە، بۆیە لە لایەن (پەنژێ خان)ی خەسووی ڕووبەڕووی چەندین پرسیار دەبێتەوە، خەسووی پێی وایە توانیویەتی دەمامکی سەر ڕووی زاواکەی هەڵبماڵێت و بزانێت چی لە ژێر سەردایە. **((ماوەیەکە زۆر بە پێچوپەنا قسەم لەگەڵدا دەکەیت. دوێنێیش، کە لەگەڵ ڤیاندا تەختی نووستنمت لای پەنجەرەوە بۆ نزیکی دەرگە گوێزایەوە، پێم گوتیت ئەوەی جاران نەماویت.))**(کاکە سوور،٢٠٢١: ١١٧) بەم شێوەیە (کورمان) بەردەوام خەریکی دەمامکی خۆیەتی بەرانبەر خەسووی و وای تێدەگەیەنێت، کەوا دوور و نزیک پەیوەندیی بە سیاسەتەوە نییە و خەریکی خوێندنی خۆیەتی. ئەگەرچی خەسوویشی باوەڕی تەواوی پێی نییە، بەڵام ناچارە تەنیا داوای ئەوەی لێبکات هەر

چییەک بێت، بۆ ئەوەی دەوروبەر گومانی هیچ شتێکیان بۆ دروست نەبێت، لە دەرەوە زۆر ئاگای لە هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی بێت. تاکێکی دیکەی کۆمەڵگە، کەوا هەمیشە پشت بە دەمامک دەبەستێت، ئافرەتە. ئافرەت هەمیشە بەرانبەر ئەو پرسیارەی (تەمەنت چەندە؟) لای بووەتە گرێیەکی دەروونی و نایەوێت ڕاستییەکە بە کەس بڵێت. جگە لەمەش لە هەڵسوکەوتیدا وا خۆی نیشاندەدات، کە تەمەنی کەمترە لەوەی خەڵک وای بۆ دەچێت. ئەمەش لە کارەکتەری (دادە نەهران) ڕەنگی داوەتەوە. کاتێک لەگەڵ (کوڕمان) دەچێت بە لای خزمانی لە بەغدا، بەر لە گەیشتنیان دەیەوێت ئەو تاڵە قژە سپیانەی بشارێتەوە کەوا نیشانەی پیربوونە. **((تۆقەی لە قژی ترازاند، کە تازە بە ڕەش بۆیەی کردووە، تا تاڵە سپییەکانی بشارێتەوە. ڕێکی خستەوە و چاکتر بەستییەوە. هەمیشە ویستوویەتی بۆ سەفەری لای خزمەکانی خۆی وا پێشان بدات بەهێزە و هێشتا خەمی دنیا پەکی نەخستووە. تەنانەت زانیویەتی چ جۆرە جل و بەرگێکیش بپۆشێت و چ پێڵاوێک لە پێ بکات.))(کاکەسوور،٢٠٢١: ٢٥٧)** (کوڕمان)ی کارەکتەری سەرەکی، هەمیشە بە دەمامکەوە دەردەکەوێت بەرانبەر دەوروبەری. کاتێک لەگەڵ (نیدی)ی خوشکی دەکەوێتە گفتوگۆ سەبارەت بە (سۆزان)ی کۆنە خۆشەویستی، تووشی دڵەڕاوکێ دەبێت و لە ناخەوە تووڕە و نیگەرانە، کەچی نایەوێت خوشکەکەی هەست بەمە بکات، بۆیە ڕووخسارێکی دەمامکدار لە بەرانبەری بەکاردەهێنێت.

**((هەواڵێکیش هەیە، کە نازانم چۆنت تێ بگەیەنم، کوڕمان!**

**- یەکەمجار نییە دەڵێیم بەم شێوەیە هەواڵم پێ مەگەیەنە، بەڵام لەگەڵ تۆدا هیچ ناکرێت. وەک ئەوە وایە ناچارم بکەیت، کە هەر دەبێت بیبیستم. دەی، چییە ئەو هەواڵە، مادەمۆزێل؟**

**- سۆزان جەمال لە بەهرۆز سەلیم پۆستە جودا بووەوە.**

**دادەچڵەکێیت و ئەویش سەرنجت لێ دەدات، تا بزانێت هەواڵەکە چ کاردانەوەیەکی دەبێت. وا خۆت پێشان دەدەیت بە خەیاڵتدا نایەت. بە ساردی دەپرسیت:**

**- بۆ؟**

**- دڵی لێی پیس بوو. ڕۆژانە چەند جارێ بە ناوی تۆ بانگی کردووە.))(کاکەسوور،٢٠٢١: ٣٩١)**

لە درێژەی ئەم گفتوگۆیەیاندا، (نیدی) هۆکاری جیابوونەوەی (سۆزان) و پرسینی لێی بۆ باسدەکات، کەچی (کوڕمان) وا خۆی نیشان دەدات کەوا ئەوی لە ژیانی خۆیدا سڕیوەتەوە و

گرنگ نییە چی دەکات و چی دەڵێت، بەڵام لە ناخیدا هێشتا دڵی بۆی لێدەدات ئەگەرچی هەوڵی زۆری داوە تا لە بیری خۆی بباتەوە.

### ٣- دەمامکی رامیاری

لە ڕۆمانی (مۆزەخانەی کوڕەقژدرێژ)دا، کاتێک کارەکتەری (کوڕە قژدرێژ) لە لایەن پۆلیسی پاراستنی ڕەوشت دەگیرێت و لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت. کۆمیشنەر لە بەردەم پۆلیسەکان و (کوڕە قژدرێژ) دەیەوێت پەسنی کوڕە بچووکەکەی خۆی بکات، کەوا زیرەک و چالاکە. داوای لێدەکات هەموو ئەو بەندەی سەبارەت بە (پاپزیڤزیڤیا) لە تەلەفۆن بۆی گوتووە، بە دەنگێکی بەرز بیڵێتەوە. ((**باوکی توند لە باوەشی دەگرێت و پێی دەڵێت ئافەرین، بەڵام پۆلیسەکان بە چەپڵە ئەو ژوورە دەهەژێننەوە و وا خۆیان پێشان دەدەن زۆر بەوە خۆشحاڵن، کە منداڵێکی هێندە زیرەک و ڕەوشتبەرزیان دیوە. کۆمیشینەر هەڵدەستێتەوە و بە کوڕەکەی دەڵێت:**

**_ دڵت ناشکێنم، کوڕی شیرینم. ڕاستە لەم دەمودەستەدا ناتوانم قاپقاپ پەیدا بکەم و بیخەمە دەمیەوە، بەڵام بە شەق قنگیت بۆ دەدڕێنم.**))(کاکەسوور،٢٠٢١: ٥٤) چەپڵە لێدان و دڵخۆشی پۆلیسەکان، تەنیا ڕووپۆشێکە بۆ پیشاندانی خۆشەویستی بۆی لە ترسی کۆمیشنەر و ماستاو کردنە لە لایەکی دیکەوە.

(خەلفان حەنەش) یەکێکە لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان). ئەم کارەکتەرە سەر بە ڕژێمی بەعسە و لە هەمان کاتیشدا سیخوڕە. بۆ ئەوەیان داناوە تا سیخوڕی بەسەر (کوڕمان)دا بکات. کاتێک هەواڵی کوشتنی بە ناو کۆلیژدا بڵاودەبێتەوە، ماتەمینی باڵ بەسەر کۆلیژدا دەکێشێت. وا دەردەکەوێت هاوڕێکانی زۆر بۆی پەرۆش بن. وێنەی ڕووخساریان ڕووپۆشێکە تەواو پێچەوانەی ناخیانە. ئەگەرچی قوتابییەکان لە ناخەوە دڵخۆشن بەوەی سیخوڕێک لە کۆلیژەکەیان مردووە، بەڵام لە ڕواڵەتدا خۆیان غەمبار نیشان دەدەن و فرمێسکی بۆ دەڕێژن. وەگێڕی هەمووشتزان دیمەنی ئەو ساتەمان بۆ دەخاتە ڕوو کەوا هەواڵی کوژرانی (خەلفان حەنەش) لە کۆلیژ بڵاودەبێتەوە. ((**ماتەمینی باڵی بەسەر کۆلیجدا کێشاوە، بە تایبەتی بەسەر بەشی کۆمەڵناسیدا، کە سەرجەم قوتابی و مامۆستاکان بە ڕاستیان بێت، یان بە درۆ، وا خۆیان پیشان دەدەن بەو ڕووداوە تەزیون. سەرۆکی یەکێتیی قوتابییانی زانکۆ داوای کردووە هەموو لەو باخەدا کۆببنەوە، تا چەند وشەیەکی خەمناک لەو بارەیەوە بخوێنێتەوە.**

**کوڕان دوعـا دەخـوێنن و ڕەحمەتـی بـۆ دەنێـرن. لە ئەڵـڵای تەبـارەک وەتەعـالا دەپـاڕێنەوە بەهەشـتی پـێ ڕەوا ببینێـت، کچـان دەگـرین و بە کلینـیکس فرمێسـکیان دەسـڕن، تەنـانەت باخەوانەکان دەستیان لە کار هەڵگرتووە و بە کزی وەستاون.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٤٩) ئەگەرچی ئەم دیمەنە لە ڕووواڵەتدا وا دەردەکەوێت، کەوا دەمامکێکی کۆمەڵایەتییە و پەیوەندیی هاوڕێیەتی و دۆسـتانەیان لەگەڵ (خەلفـان حەنەش)دا هەیە و بە کوشـتنی نـیگەرانن، بەڵام لە ڕاسـتیدا ئەم ڕووپۆشەی ئامادەبووان لە ترسی ڕژێمە سیاسـییەکەی ئەو کاتە، کە (حەنەش)یش سـیخوڕ و پیاوی ئەو ڕژێمە بووە. لە شـوێنێکی دیکەی نێو ڕۆمـانەکەدا هەردوو کـارەکتەری (کوڕمـان) و (خەلفان حەنەش) دەمامکێکی دیکەی سیاسیمان بەرچاو دەخەن. کاتێک هەردووکیـان بەیەکەوە ئەو وانەیە جێدەهێڵن کەوا مامۆستا باس لە ڕاگوێزان و نیشتەجێبوون دەکات و پەسنی دەکات. (خەلفـان حەنەش)ی سـیخوڕ وا خـۆی نیشـاندەدات کەوا بێـزارە لەم ڕەفتـارانەی ڕژێـم، بەڵام (کوڕمـان) وای دەبینێت کەوا (خەلفـان) تەنیـا مەبەسـتیەتی لەم ڕێگەیەوە شـتێکی دەسـتکەوێت، بـۆیە بە وشـیارییەوە خـۆی لەم بـابەتە دەدۆزێـتەوە. وەگێـڕ بەم شـێوەیە بـاس لەم گفتوگـۆیە دەکات. **((- کارێکی باشت کرد، هاتیتە دەرێ. منیش بە هۆی تۆوە ڕێگەم بۆ خۆش بوو، دەنا دڵـم دەتەقـی. ئەرێ ئەوە کەی بـابەتە، گـوێی لـێ بگـرین؟ باسـی باشـییەکانی ڕاگـوێزان و نیشـتەجێکردنمان بـۆ دەکـات. ئەو دووانە سـەرچاوەی بەڵای هەمـوو دنیـان. هەسـت دەکەیـت ئەمڕۆ بە شێوەیەکی جیاواز لە ڕۆژان دەدوێت. تۆ بڵێی فێریـان نەکردبێت؟ تەنیا بە قاقـایەک وەڵامی دەدەیتەوە، گوایە شتەکە ئەوە ناهێنێت، هیچی لە بـارەیەوە بڵێیت، بەڵام ڕاسـتییەکەی مەبەستتە خۆت لە قسە بدزیتەوە.))**(کاکەسوور،٢٠٢١: ١٣٧) ڕەنگە (خەلفان حەنەش) ئەو بـابەتەی ڕاگواستنی کوردەکان و نیشتەجێکردنیان لە بیابانەکانی پێ خۆش نەبێت، بەڵام (کوڕمان) خۆی لەم بـابەتە بە دوور دەگرێـت تـاکو ئایـدۆلۆژیای سیاسـیانەی بـۆ (خەلفـان) ئاشـکرا نەبێت. بـۆ ئەمەش ڕووپۆشێکی ڕامیاری دەکات و بە باش و خراپ لەسەر ئەم بابەتە نادوێت و خـۆی لـێ بە دوور دەگرێت.

## ئەنجـــــــام

١- ناونیشـانی ڕۆمانەکـانی (کـاروان کاکەسـوور) ناونیشـانێکن، هەڵگـری کۆمەڵێـک دەلالەتـی واتایین. ئەگەرچی ناونیشانەکان بارگاوین بە کۆمەڵێک ڕەمز و ئاماژە، لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی جوانیناسـی لەبەر چـاو گرتـووە. بـۆ نمـوونە ڕۆمـانی (ڕێبەنێکی سـوور و ملپێچێکـی ڕەش)، بارگاوییە بە مەزڵومیەت و سەرکێشیی نەتەوەیەک؛ کە کوردە. لە فۆڕمدا ناونیشانێکی درێژە، بەڵام هەڵبژاردنـی وشـەکان و خسـتنە پـاڵ یەکیـان بە شـێوەیەکی هـونەری، جـوانی و سەرنجڕاکێشـی بە ناونیشـانەکە بەخشـیوە. ڕۆمـاننووس بە هۆشـیارییەوە مـامەڵەی لەگەڵ ناونیشـاندا کـردووە، پـاڵنەری دەروونیـی کەسـێتییەکان ڕۆڵیـان لە هەڵبژاردنـی ناونیشـانەکاندا هەبووە.

٢- لەم ڕۆمانـانەدا زۆربەی پـاڵنەرە دەروونییەکـان بەرچـاو دەکەوێـت، لە گرنگتـرین پاڵنەرەکـانیش: (گرێـی هەسـت بەکەمیکـردن، ڕەشـبینی، گەشـبینی، دڵەڕاوکـێ ....). (کوڕمـان)ی کـارەکتەری سـەرەکی لە ڕۆمـانی (یـادەوەریی بووکەڵەکـان) و (کـوڕە قژدرێـژ) لە ڕۆمـانی (مۆزەخـانەی کوڕە قژدرێژ)دا، دوو کـارەکتەری سـەرەکین، دووچـاری گرێـی خـۆبەکەم زانـین بـوون. (ئەرڤـارد)ی کـارەکتەری سـەرەکی ڕۆمـانی (ڕێگەکـانی ژەهـر) و (دلاوەر)ی کـارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی (ڕێبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)، دوو کـارەکتەری تەواو ڕەشـبینن، بەڵام ئەو ڕەشـبینیەیان مانـای دەسـتبەردان نەبـووە لە ژیـان، بەڵکو هەمیشـە تروسکاییەک بـۆ ژیـان وەکو پاڵنەرێکی دەروونی لە ناخیاندا، گەشبینیان پێدەبەخشێت.

٣- ئەو سەردەمەی ڕۆماننووس تێیدا لەدایکبووە و گەورە بووە، پڕ بووە لە ترس و تۆقاندن. جا ئەم ترسە چ لە یەکەم دەزگای کۆمەڵایەتی بووبێت، کە خێزانە، یان ڕژێمی سیاسی بووبێت، کە پڕ بووە لە گرتن و ڕاوەدوونان و کوشتن لەسەر بیر و ئایدۆلۆژیای جیاواز. ئەگەر سـەرنج بـدەینە ڕۆمانەکـانی، دەبینـین ئەم ترسـە بە ڕوونـی لە ژیـانی کارەکتەرەکانـدا ڕەنگیـداوەتەوە. ترسـی (کوڕمـان) و (دلاوەر) و (کـوڕە قژدرێـژ) لە دەسـەڵاتی کـۆمەڵایەتی و سیاسـی. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کەوا ترس وەکو خەسڵەتێکی دەروونی پانتاییەکی فراوانی لە نێو ڕۆمانەکانیدا بۆ تەرخان کردووە. ئەم ترسانەش زیاتر پەیوەستن بە یادەوەریی و ڕووداوەکانی سـەردەمی منداڵی، کە لە نەستدا هەڵگیراون و لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی کارەکتەرەکاندا ڕەنگدەدەنەوە.

٤- نـامۆیی لای (کـاروان کاکەسـوور) بە ناوەوەیـدا ڕۆچـووە و چـووەتە نـاو بـوونی، بـووەتە کەنـاڵێکی نـامۆ و گوزارشـت لە نـاوەوەی خـۆی دەکـات، ئەمەش لە زمـانی نووسـینیدا

ڕەنگیداوەتەوە؛ کە زمانێکی ترازاوە. شێوازی نووسین و ئەو تەکنیکانەی بەکاری دەهێنێت، لە شێوازی نووسینی هیچ لە ڕۆماننووسانی کورد ناچێت. تەنانەت ئەو دیمەنانەی دروستی دەکات، بەرهەمی ئەو نامۆییەن. نامۆیی لە ڕۆمانەکاندا پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە. ناوی کارەکتەرەکان نامۆن، ئەو ڕەفتارانەی کارەکتەرەکان دەینوێنن نامۆن و لەگەڵ ئاکاری باوی کۆمەڵگە ناگونجێن. ئەو شوێنانەی کارەکتەرەکان تێیدا دەژین، شوێنی نامۆن. زۆربەی جۆرەکانی نامۆیی لە نێو ڕۆمانەکانی ڕۆماننووسدا ڕەنگیداوەتەوە.

٥- سادیزم وەکو چەمکێکی دەروونی، خزێنراوەتە نێو ڕۆمانەکان، لە زۆربەی ڕۆمانەکاندا، ئەو چەمکە لە مەسەلەی سێکسی ترازاوە، نمایندەی ئەو بارودۆخەیە، کە ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عیراق لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو پەیڕەویان کردووە و چێژیان لە ئازاردانی گەلانی ژێر دەستیان وەرگرتووە. ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر دەروونی کارەکتەرەکانی جیهانی ڕۆمانەکەی هەبووە.

٧- چەپاندن کە خەسڵەتێکی تایبەتیی هەر تاکێکە، گرنگترین چەمکی دەروونشیکاریی (فرۆید)ە، لە ناخی هەموو کارەکتەرە سەرەکی و لاوەکییەکاندا ئامادەیی هەیە. ئەو بابەتە سێکسییانەی تابۆن و بە هۆی سانسۆری منی باڵا ڕێگە بە دەرچوونیان نادرێت، لە ناخیاندا دەچەپێنرێت. لە ڕێی خەون و بەرهەمە ئەدەبییەکان دەردەکەونەوە.

٨- تەرزە سەرەتاییەکانی یۆنگ و ڕەنگدانەوەیان لە کۆنەستی تاکدا، لە پێکهاتەی ڕۆمانەکانی ڕۆماننووسدا ئامادەییان هەیە، وەکو (ئایین و ئەفسانە و کلتور و فۆلکلۆر). بە وردی دیاردەکانی باوکسالاری و ژن کوشتن و گەندەڵی باسی لە بارەوە کراوە، زۆر بە دەگمەن پەند و قسەی نەستەق، کە سامانێکی گرنگیی نەتەوەیی و تەرزێکی سەرەتاییە؛ ئاوڕی لێدراوەتەوە. لە چەند شوێنێکی کەم نەبێت، باس نەکراوە.

٩- لە نێو ڕۆمانەکاندا دەمامکی کۆمەڵایەتی و ئایین و ڕامیاری خراوەتە ڕوو، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز. ئەمەش بە مەبەستی شاردنەوەی دیوی ڕاستەقینەی کارەکتەرەکانی ئەنجامداوە، بە هۆی بارودۆخی جیاوازەوە. دەمامکی کۆمەڵایەتی بە ڕێژەیەکی زیاتر لەوانی دی بەکارهاتووە.

## سەرچاوەکان:

### ١- سەرچاوە کوردییەکان

### ئـ - پەرتووک

- الرحمانی، ئەحمەد(٢٠٢١) تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و پراکتیزەکردنیان، و.سەردار گەردی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر

- العمری، خیرالدین شریف(٢٠١٠)، دڵەڕاوکێ لە بەرگی سەردەمدا، و. عبدالله گەرمیانی، چاپی دووەم، چاپخانەی سایە

- الماضی، شکری عزیز(٢٠١٠)، تیۆری ئەدەب، و. سەردار ئەحمەد گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر

- برێسلێر، چارلز(٢٠٠٧) ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، و. عەبدولخالق یەعقووبی، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر

- بۆکانی، سابیر(٢٠٠٦)، لە نێوان هەست و نەستدا، چاپخانەی ڕەنج،

- بەرزنجی، عەلی تاهیر(٢٠١٤)، چەند تویژینەوەیەکی ڕەخنەیی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر

- جەمال، سۆزان(٢٠٠٩) سایکۆلۆژی و مێیەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک

- حاجی، ئەڤراز سلێمان(٢٠٢٢)، ڕەهەندێن دەروونی د هوزانێن (ئەحمەدێ نالبەند)دا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر

- حسێن، قاسم(٢٠٠٢)، مرۆڤ لە ڕوانگەی فرۆیدەوە، و.عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

- حسێن، هیمداد(٢٠٠٧)، دەروازەیەت بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، هەولێر

- حوسێن، محەمەد تەها(٢٠١٧) سایکۆلۆجیای کەسێتی، چاپی دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە، سلێمانی

- حوسێن، محەمەد تەها(٢٠٢١)، سایکۆلۆجیای کەسێتی، چاپی دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە

- حەسەن، ناڵە(٢٠١٢) چەمکە دەروونییەکان و دەقی ئەدەبی، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

- حەمەد، یوسف عوسمان(ب.س)، چەند وێستگەیەکی سایکۆلۆژی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئۆفسێتی تیشک

- حەمەد، یوسف عوسمان(ب.س)، گەنج و گرفتە دەروونییەکان، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی سێیەم، بڵاوکراوەی نواڵەی نوێ، چاپخانەی منارە، هەولێر

- حەمەد، ئیبراهیم حەسەن(٢٠١٢)، ڕەنگدانەوەی کەلەپوور لە ڕۆمانی کوردیدا(باشووری کوردستان ١٩٨٥-١٩٩١)، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر

- خەلیل، ئیبراهیم مەحمود(٢٠١٧)، ڕەخنەی ئەدەبی نوێ (لە لاسایی کردنەوە بۆ هەڵوەشانەوەگەرایی)، و: پ.ی.د.محمد تاتانی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی

- دوبرینکوف، ف،(٢٠٢١) فرۆیدییە نوێیەکان و.سۆزان جەمال، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران

- دۆنسیڵ، جەی. ئێف(٢٠١٩)دەروونشیکاری و ئەو سیستمانەی لێی جیا بوونەتەوە، و.ئاوات ئەحمەد سوڵتان، چاپی دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، سلێمانی

- ڕەسول، ڕۆشنا ئەحمەد(٢٠٠١) داهێنان لە ڕوانگەی چەند تیۆرێکەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

- ڕەسووڵ، شوکریە(٢٠٢٢)، دیاردەی تاوانی کوشتنی ژنان بە ناوی پاراستنی شەرەف و سڕینەوەی لەکە، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان،

- ڕەسووڵ، شوکریە(٢٠٢٢)، نامۆ ۆ نامۆبوون(نامۆیی) لە هەندێ شیعری حاجی قادری کۆییدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، هەولێر

- رەسووڵ، هەڵمەت بایز(٢٠١٢) ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر

- ڕەشـید، فوئـاد(٢٠٠٧) دەقـی ئەدەبی(ئەدگار.چێژ.بەها)چەنـد نووسـینێکی ڕەخنەیـی تیـۆری و پراکتیکییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

- ڕەفیق، ئاشنا جەلال(٢٠١٤) لاواندنەوە لە شیعری کوردی کرمـانجیی خواروودا، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر

- رەئـوف، لوقمـان(٢٠١٦) دەقـی شـیعری کـوردی لە ڕوانـگەی سـیمیۆلۆژییەوە(١٩٥٠-١٩٧٥) کرمانجی خواروو، چاپخانەی حەمدی.

- زوبـانچیچ، ئەلێنکـا(٢٠٢٠) دەروونشـیکاری بـۆ؟، چـاپی یەکەم، ناوەنـدی ڕۆشـنبیریی ڕەهەنـد، سلێمانی

- سـالار، ئەحـمەد(٢٠٠٥) هـونەر و ژیـان، چـاپی یەکەم، دەزگـای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، سلێمانی

- سـلێمان، هـانی(٢٠١١) دەروونزانـی گشـتی هەمـوو لایەنە گرنگەکـانی دەروونزانـی، و.ئامـانج محمد، چاپی سێیەم، چاپخانەی کاردۆ.

- سوەیلی، ڕێبوار(٢٠٠٤)، لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر

- سەعدون، سامان عیزەدین(٢٠١٥) دەقە شیعرییەکانی گۆران لە ڕوانگەی دەروونییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران

- سەعدوون، سامان عیزەدین(٢٠٢٢)، توێژینەوەی ڕەخنەیی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم

- سـەید حسـێنی، ڕەزا(٢٠٠٦) ڕەخـنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، و.حەمەکەریـم عـارف، چـاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

- شـریف، عبدالسـتار طـاهر(٢٠١٩)، فەرهەنگـی دەروونناسـی(عەرەبی- ئینگلیـزی - کـوردی)، و.موحسین چینی، چاپی یەکەم، هەولێر

- شەکشـەک، ئەنەس(٢٠١٧) دەروونناسـی گشـتی، و: سـەلاح سـەعدی، چـاپی دووەم، دەزگـای چاپ و پەخشی نارین

- شەورۆ، فازیل(٢٠١٤)، ڕەهەندەکانی خەون لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر

- صالح، ئاوارە کەمال(٢٠٢٠) شێواز لە ڕۆمانی کوردیدا "ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکە سوور بە نموونە"، چاپی، یەکەم، ناوەندی ڕۆشەنبیریی ئاوێر.

- صلیوە، هاوژین(٢٠١٣)، ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر

- عزیز، عزالدین احمد(٢٠١٤) بنەماکانی دەروونزانی گشتی، چاپی پێنجەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر

- عەبدوڵلا، پێشڕەو(٢٠١٣) دەروونشیکاری شیعر، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر

- عەبدوڵلا، پێشڕەو(٢٠٢١) سایکۆلۆژیای شیعری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی

- عەزیز، ئا.و. ڕێباز(٢٠٠٩) فێربوونی سەرکەوتوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان

- عەزیزی، بەیان(٢٠٢١)، دەروونشیکاری جەستەی قوربانی کە منم کە ژنم، چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆسا

- عەلی، ئەحمەد شەریف(٢٠١٠)، ئەنفال لە ڕۆمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر

- عەلی، ئەحمەد شەریف، ئەنفال لە ڕۆمانی کوردیدا، ٢٠١٠، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر

- فرۆم، ئێریک(٢٠٢١) ئەرکەکەی فرۆید، و. کامیل محەمەد قەرەداغی، چاپی دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانی،

- فرۆم، ئەریک(٢٠٠٤)، مرۆڤ لەنێوان ڕواڵەت و جەوهەردا، و: سابیر بۆکای، چاپی دووەم، سلێمانی،

- فرۆید، زیگمۆند(٢٠٢١) هەڵوەشانەوەی گرێی ئۆدیب، و.وەلید عومەر، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانی

- فرۆید، سیگماند(٢٠١٧) لێکدانەوەی سێکسیانە بۆ مێژوو، و.سەڵاح سەعدی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- فرۆید، سیگمۆند(٢٠٠٧)، پێنج وانە لە دەروونشیکاریدا، و.صباحی مەلا عەولا،خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاوێر

- فرۆید، سیگمۆند(٢٠٢٠) من و ئەو "ئیگۆ و ئید"، و.یوسف عوسمان حەمەد، چاپی دووەم، پرۆژەی هاوبەشی ناوەندی ئاوێر – گۆڤاری نما، سلێمانی

- فرۆید، سیگمۆند(٢٠٢٠)، هێڵە گشتییەکانی دەروونشیکاری، و. وەلید عومەر، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕەهەند

- فرۆید، سیگمۆند(٢٠٢١)، دەروازەیەک بۆ خودئەڤینی(نەرگسیەت)، و. وەلید عومەر

- فرۆید، سیگمۆند(٢٠٠٦)، تەوتەم و تاپۆ، و: ڕەزا مەنوچهری، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی

- فضل، صلاح(٢٠١٦)، میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و: پ.د.سەردار گەردی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- قادر، سەرکەوت سەعدی(٢٠١١) نامۆیی لە ڕۆمانەکانی (سەڵاح عومەر)دا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر

- قطوس، بەسام(٢٠١١) دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی رەخنەی هاوچەرخ، و. د. محەمەد تاتانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان.

- قەرەچەتانی، کەریم شەریف(٢٠٠٣)، سروشتی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی جان جاک ڕۆسۆ و سیگمۆند فرۆیدەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر

- قەرەچەتانی، کەریم شەریف(٢٠٠٩)، سایکۆلۆژیای گەشە(منداڵ و هەرزەکار)، چاپی یەکم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی

- قەرەچەتانی، کەریم شەریف(٢٠١٠)، نەخۆشی و گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی

- قەرەچەتانی، کەریم شەریف(٢٠١٥)، سایکۆلۆژی گەشە(منداڵ و هەرزەکار)، چاپی چوارەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی

- قەرەداخی، عەتا(٢٠٢٢) گەڕان بە دوای هارمۆنیا و چێژی جوانیی دەقدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

- کاکەسوور، کاروان عومەر(٢٠١٥) ڕێبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش(ڕۆمان)، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

- کاکەسوور، کاروان عومەر(٢٠١٧) ڕێگەکانی ژەهر، چاپی یەکەم(ڕۆمان)، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

- کاکەسوور، کاروان عومەر(٢٠٢١) مۆزەخانەی کوڕەقژدرێژ، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاشتی

- کاکەسوور، کاروان عومەر(٢٠٢١) یادەوەریی بووکەڵەکان(ڕۆمان)، چاپی یەکەم، ناوەندی فێربون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

- کۆمەڵێک نووسەر(٢٠١٤)، بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی، و. ساماڵ ئەحمەدی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر

- کۆمەڵێک نووسەر(٢٠١٥) ئاشنابوون بە ژاک لاکان، و.کۆمەڵێک وەرگێڕ، چاپی یەکەم، چاپخانەی دلێر، سلێمانی

- کۆمەڵێک نووسەر(٢٠١٧) ڕەخنەی ئەدەبی، هونەری هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی، و: کۆمەڵێک وەرگێڕ، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم

- کۆمەڵێک نووسەر(٢٠٢٠)، دەروونشیکاری تایبەت بە ژاک لاکان، و.کۆمەڵێک وەرگێڕ، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانی

- کۆمەڵێک نووسەر، فرۆیدیزم(٢٠٢٠) و. کۆمەڵێک وەرگێڕ، چاپخانەی حەمدی، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

- کەسنەزانی، بوشرا(٢٠٢٢) جوانیناسیی گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا،چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی

- گەردی، ژوان عەبدولسەلام عەزیز(٢٠٢٢)، شێوازناسی ئەدەب، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاوێر

- گەرمیانی، عادل(٢٠٠٦)، ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکی من و قاله و سەگەکەی باڤلۆڤدا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکراوەی کوردی، بەغدا

- مارتین، زاک(٢٠١٣) بەهێزکردنی توانا گیانی و دەروونییەکان، و: قادر حەسەن عەلی، چاپی سێیەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی

- مارف، سالام(٢٠١٦) نامۆبوونی ئایین لە بارەی پارادۆکسی بوون و بیرکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران

- موسا، هاوکار(٢٠١٩)، خەون لە شیعردا "لێکۆڵینەوەیەکی دەروونشیکارییە"، چاپی یەکەم، ناوەندی سارا، سلێمانی

- مەعروف، کەمال(٢٠٠٣)، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، چاپخانەی ژین، سلێمانی

- مەعروف، کەمال(٢٠١٢)، تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی

- مەلازادە، ڕێبوار محمد(٢٠١٦) داهێنانی شیعری نالی لە ڕوانگەی ڕەخنەی دەروونی و میتۆدی دەروونشیکارییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر

- مەلازادە، ڕێبوار محەمەد(٢٠٢١)، زانستی دەق لە ئەدەبدا، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- مەنتک، حەمە(٢٠١١) سۆریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر

- مەنتک، حەمە(٢٠١٧) سیمیۆلۆژیای ناونیشان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

- مەنتک، حەمە(٢٠١٨) میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تەفسیر

- هۆمەر، شۆن(٢٠١٧)، ژاک لاکان، و. غەریبە حوسێن، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر

- هیدایەت، صادقی(٢٠٠٠) پەیامی کافکا،و. هیمداد حوسێن، بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ، سلێمانی

- هیمەت، فازیل(٢٠٠٥)، کێشە سێکسییەکان، چاپی چوارەم، چاپخانە و ئۆفیستی شڤان، سلێمانی

- وێبستەر، ڕۆجەر(٢٠١٧) لێکۆڵینەوەی تیۆریی ئەدەبی، و. عەتا قەرەداغی، چاپخانەی تاران

- وەردی، عەلی(٢٠١٥)، سێکس و دەروون، و: سۆزان جەمال، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی

- ئاسۆن، پۆل- لۆران(٢٠٢١) فەرهەنگی شرۆڤەیی فرۆید، و.وەلید عومەر، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانی

- یونکەر، هێلمۆن(٢٠٠٨)، دەروونناسی ترس، و.ناسر سەلاحی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان

- یۆنگ، کارل گۆستاڤ(٢٠٠٥) مرۆڤ و هێماکانی، و.ئاوات ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

- یۆنگ، کارل گۆستاڤ(٢٠٢١)، خەونەکان، و. مەحموود هۆمەر باوزی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- ئیستۆپ، ئانتۆنی(٢٠١٩) نەست لە دەروونشیکاریی فرۆید و لاکاندا، و. وەلید عومەر، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانی

- ئیگڵتن، تێری(٢٠١٦) تیۆریی ئەدەبی، و.عەتا قەرەداغی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران

- ئیگلتۆن، تیری(٢٠٠٤)، شیکردنەوەی دەروونی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، و.سەلاح حەسەن پاڵەوان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

- ئیمامی، نەسروڵلا(٢٠١٨)، بنەما و میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، و.سەنگەر نازم – هیمداد حوسێن،چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر

- ئەحمەد، خورشید ڕەشید(١٩٨٩) ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەئەدەبی کوردیدا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی جاحز، بەغدا

– ئەدلەر، ئەلفرێد(٢٠٠٥) بوژانەوەی سایکۆلۆژیەت لە ژیاندا، و.شوکر سلیمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر

– ئەدلەر، ئەلفرێد(٢٠٠٨) ناسینی سروشتی مرۆڤ، و.سیدۆ داود عەلی – فرمێسک ڕزگار محمد، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

– ئەرستۆ(٢٠٠٤)، هونەری شیعر(شیعرناسی)، و. عەزیز گەردی، بڵاوکردنەوەی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپخانەی گەنج، سلێمانی

– ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد(٢٠١١) فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی

### ب- فەرهەنگ

فرۆید، سیگمۆند(٢٠٢٠) دۆستۆیڤسکی و باوککوژی، و. خدر ڕەسول، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانی

### پ – گۆڤار و ڕۆژنامە

– باپیر، لوقمان(٢٠٠٩)، نەخۆشی دەروونی، گۆڤاری مێرگ، ژ(٤٨)

– حسین، ناهیدە(٢٠١٧)، ڕەنگدانەوەی عیشق لە شیعرەکانی (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی)دا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژ(٤٣)

– حەسەن، ئاوات ڕەحیم کەریم(٢٠١٩)، سایکۆلۆژیای ئەدەب، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ(٤٢)

– خەلیل، ئیبراهیم مەحمود(٢٠٠٨)، زانستە مرۆڤایەتییەکان و ڕەخنەی ئەدەبی، و.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، گۆڤاری سەردەم، ژ(٥٦)

– سلێمانی، سەعید(٢٠٠٧) ڕەهەندەکانی ئەنیما و ئەنیمۆس لە (شازادە احتجاب)دا، گۆڤاری ڕامان، ژ(١٢٦)

- شـڵتز، دوان(١٩٩٩) ئەدلەر و سـایکۆلۆژیای تـاکەکەس، و.ڕێبـوار ئەحـمەد، گۆڤـاری ڕامـان، ژ(٤٠)

- عومەر، موحسین ئەحمەد(٢٠٠٦)، ئەدەب و سایکۆلۆژی، گۆڤاری ڕامان، ژ(١٠٩)

- عەلی، ئیدریس(٢٠٠٩) دیدار لەگەڵ کاروان عومەر کاکەسوور، گۆڤاری ئاینده، ژ(٨٥).

- قەرەچەتانی، کەریم شەریف(٢٠٠٥) ئەلفرێد ئەدلەر، گۆڤاری ڕامان، ژ(١٠١)

- مەنتـک، حەمە(٢٠٢٣) کـاتی دەروونـی و ڕەهەنـدەکانی ڕۆمـانی یـادەوەریی بووکەڵەکـان بە نموونە، گۆڤاری وانەر، ژ(٩).

- نووری، سەعید محەمەد(٢٠١٠)، دەروازەیەک بۆ سایکۆلۆژیای نووستن و خەوبینین، گۆڤاری ڕامان، ژ(١٥٢)

- ئیبراهیم، ڕێزان عەلی(٢٠٠٠)، گرنگترین تیۆرییەکانی کەسایەتی تیۆری شیکارییەت، گۆڤاری ڕامان، ژ(٤٨)

- عیسـا، هـاوژین صـلیوە(٢٠١٦)، جگەرە و نـامۆیی لە شـیعرەکانی شـێرکۆ بێکەسـدا، گۆڤـاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(١١)

- گەرمیانی، عادل(٢٠٠٣)، دەروونشیکاری و ئەدەبی دەروونی، گۆڤاری ئاینده، ژمارە(٤٣)

### ت- نامەی ئەکادیمی

- خالد، عبدالله محمد(٢٠٢١) ستراتیژیەتی ناونیشـان لە شیعرەکانی (شـێرکۆ بێکەس)دا، نـامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر

- سـەعید، شـیرین سـەعید مـحەمەد(٢٠٠١) نـامۆیی لەشـیعرەکانی شـێرکۆ بێکەسـدا، نـامەی ماستەر، کۆلیژی ژمان، زانکۆی سلێمانی

- صالح، تەنیا ئەسعەد محەمەد(٢٠٠١)، دیاردەی غەم لە شیعری حەسیب قەرەداغیدا، نـامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر

- قادر، ئارام محەمە(٢٠٠٧) نامۆیی لە شیعری کوردیدا کرمانجی خواروو(١٩٧٥-٢٠٠٠)، نامەی ماستەر، کۆلیژی ژمان، زانکۆی سلێمانی

- کەریـم، مـحەمەد کەریـم(٢٠١٥)، ئاسـتەکانی روانـین لە ڕۆمانەکـانی (کـاروان عـومەر کاکەسوور)دا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر

- مام کاک میرخان، نارین صدیق(٢٠٠٤)، شەپۆلی هۆش لە چیرۆکی نوێی کوردیدا(١٩٧٠-١٩٨٠)، زانکۆی بەغدا، کۆلیژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، نامەی ماستەر

- ئیسماعیل، روندک محسن(٢٠١٧) دەلالەتا ڕەنگان د هۆزانا نویخوازا کوردیدا(دەڤەرا بادینان ٢٠٠٣-٢٠١٥)، ناما ماستەر، فەکۆلتیا زانستێن مرۆڤایەتی- پشکا زمانێ کوردی – زانکۆیا زاخو.

- ئیسماعیل، مزەفەر مستەفا(٢٠٢٠) ڕەنگدانەوەی نەستی گشتی لە ڕۆمانەکانی (کاکە مەم بۆتانی)دا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سۆران

- ئەمین، کـارزان کەریـم(٢٠٠٩) ئاراسـتەکانی ڕەخـنەی شـیعری کـوردی( بە نـموونەی ماستەرنامەکانی ئەدەب ١٩٨٨-٢٠٠٠، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین

**ج- سایتی ئینتەرنێت**

- قەیسی، جەواد(٢٠١٧)، قۆناغەکانی گەشەکردنی کەسێتی لە بیردۆزی فرۆیددا، و.زانکۆ محمد

- darwnshikary.word press.com 2022/4/2

- حەیدەر، حەمە(٢٠٢٢) ئەنیما و ئەنیمۆسی مۆدێرن،

سایتی ئەنتەرنێت: darwnshikary.blogspot.com کاتی سەردان: ٢٠٢٢/٦/٢٧

- پێکهاتەی کەسایەتی لای یۆنگ، زانخوازی Curiosity، Marshal Sofia

m.facebook.com کاتی سەردان: ٢٠٢٢/٦/٢٥

www.iran-emrooz.net ٣٠/٩/٢٠٢٢

- سالْح، ئاسۆس(٢٠٢١)وێنە، وەک دەرخەری نامۆیی لە ڕوانگەی کارڵ مارکسەوە، ماڵپەڕی www.kurdrawn.com ٢٠٢٢/١١/٢٠

- عەلی، شوشە(٢٠١٩)، سادیزم و ماسۆشیزم www.negative group.org

- ئەلکەنجی، فوئاد(٢٠١٦ ) نامۆیی، الاغتراب، و.جیهاد موحەمەد، ماڵپەڕی www.wtarikurd.info ١/١١/٢٠٢٢

**ح- دیدەنی**

- دیدەنی (شوان عثمان) لەگەڵ ڕۆماننووس (کاروان عومەر کاکەسوور)، ڕۆژی سێشەم، ٢٠٢١/١١/١

- دیدەنی و گفتوگۆ لەگەڵ ڕۆماننووس (کاروان کاکەسوور)، ١-/٤-/٢٠٢٣ کاتژمێر (١٠)شەو.

**سەرچاوە عەرەبییەکان**

**أ- الكتب**

- احمد، قيس هادى(١٩٨٠) الانسان المعاصر عند هوبرت ماكيوز، ط(١)، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت

- الجزار، محمد فكرى(١٩٩٨) العنوان و سيميوطيقا الأتصال الأدبى، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.

- الداهر، حسن(٢٠٠٨)، سيكولوجية الابداع و الشخصية، الطبعة الاولى، دار الصفاء، عمان

- الرويلي و البازعي، ميجان و سعد(٢٠٠٤)، دليل الناقد الادبي، ط(٤)، الدار البيضاء، المغرب

- الزعبي، أحمد محمد(٢٠٠٢)، علم النفس النم "الطفولة و المراهقة، دار نهران، عمان، اردن

- الشاذلي،عبدالسلام(٢٠١٥)، التغريب و التجريب في الأدب العربيي المعاصر، الهيئة المصرية العامة للكتاب، قاهرة

– الشعيبي، محمد مصطفى(١٩٦٣) مقالات في علم النفس، الطبعة الثانية، مكتبة الهضة المصرية، قاهرة

– الطالب، محمد(١٩٨٨)، مناهج الدراسات الأدبية، دار النشر و التوزيع، دار البيضاء، مغرب، (ط١)

– الطاهر، علي جواد(١٩٩٦)، الطبعة الثانية، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت

– العبدالله، يحي(٢٠٠٥) الاغتراب " دراسة تحليلية لشخصيات الطاهر بن جلول الروائية، الطبعة الاولى، دار الفارس للنشر و التوزيع، عمان

– العيسوي، عبدالرحمن محمد(٢٠٠٢) سيكولوجية الشخصية، مطبعة عصام جابر، مصر

– الغذامى، عبدالله محمد(١٩٩٣) ثقافة الاسئلة(مقالات في النقد و النظرية)، دار سعاد الصباح، كويت

– المختاري، زين الدين(١٩٩٨) المدخل الى نظريي النقد النفسي(سايكولوجيي الصورة الشعرية في نقد العقاد نموذجا)، منشورات اتحاد كتا العرب، دمشق

– المليجي، حلمي(٢٠٠٠) علم النفس الاكلينيكي، دارالنهضة العربية للطباعة و النشر و التوزيع

– أمحمد، خذارى(٢٠١٥) شعرية الأنا عند المتنبي بين الرواية النفسية والتشكيل الأسلوبي، الطبعة الاولى، دار غيداء للنشر و التوزيع، عمان، الاردن

– تادييه، جان ايف(١٩٩٣) النقد الأدبي في القرن العشرين، ت: د.قاسم المقداد، منشورات وزارة الثقافة، دمشق

– جاسم، عزيز السيد(١٩٨٦) تاملات في الحضارة و الاغتراب، الطبعة الاولى، وزارة الثقافة و الاعلام، دار الشؤون الثقافية، بغداد

– حجازي، سمير سعيد(٢٠٠٥)، نقد الادبى و أوهام رواد الحداثة، مؤسسة طيبة للنشر و التوزيع، قاهرة

– حجازي، سمير سعيد(٢٠٠٧) قضايا النقد الادبى المعاصر، دارالآفاق العربيي الطبعة الاولى، قاهرة

– سعيدي، بشرى(٢٠١٦)، نظريات التحليل النفسي و المسرح، الطبعة الاولى، دار غيداء للنشر و التوزيع، عمان

– سيلامى، نور مير(٢٠٠١)، المعجم الموسوعى في علم النفس، ت: وجيه اسعد، جزء الثالث، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، سوريا

– صلبيا، جميل(١٩٧٨)، المعجم الفلسفي، جزء الثاني، دارالكتاب اللبنانية

– ضاوي، سعدي(١٩٩٤) مدخل الى علم اجتماع الأدب، ط(١)، دارالفكر العربي، بيروت

– عاقل، فاخر(١٩٦٨)، مدارس علم النفس، الطبعة الاولى، دارالعلم الملايين، بيروت

– عباسي، فيصل(١٩٩٠)، أساليب دراسة الشخصية التكتيكات الاستقاطية، الطبعة الاولى، دارالفكر اللبنانى، بيروت

– عبدالقار، حامد(٢٠١٧)، دراسات في علم النفس الأدبي، الطبعة النموذجية، لجنة البيان العربي

– عزت، راجح احمد(١٩٦٨) اصول علم النفس،دار الكاتب العربي للطباعة و النشر، ط(٧)، قاهرة

– غريب، روز(١٩٧٤)، تمهيد في النقد الحديث، الطبعة الاولى، بيروت

– فرويد، سيغموند(١٩٥٤)، الأنا و الهو، ت: محمد عثمان نجاتي، ط(١)، دارالشروق، قاهرة

– فرويد، سيغموند(١٩٧٩)، قلق في الحضارة، ت:جورج طرابلسي، ط(٢)، دار الطليعة للطباعة و النشر، بيروت

– فرويد، سيگموند(١٩٦٢)، القلق في الحضارة، ت: د. محمد عثمان نجاتي، دارالنهضة العربية للنشر، قاهرة

– قصاب، وليد(٢٠٠٧)، مناهج النقد الأدبي الحديث(رؤية اسلامية، ط(١)، مطبعة دارالفكر، دمشق

– قطوس، بسام(٢٠٠١) سيمياء العنوان، ط١، طبع بدعم من وزارة الثقافة، الاردن.

– ثودي – كورس، فليب – آن(٢٠٠٣)، أقدم لک بارت، ت: جمال الجزيري، مجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، مصر

– كالفن، س.هول(١٩٧٣) مباديء علم النفس الفرويدي، ت: دحام الكيال، الطبعة الثانية، مكتبة النهضة، بغداد

– محمد، محمد جاسم(٢٠٠٤)، مدخل الى علم النفس، عمان، الاردن

- موسى، نبيل(٢٠٠٢) موسوعة مشاهير العالم(أعلام علم النفس و أعلام التربية و الطب النفسي و التحليل الندفسي)، الطبعة الاولى، جلد الثاني، دارالصداقة العربية، بيروت، لبنان

- الوردى، على(٢٠١٢)، الاحلام بين العلم و العقيدة، الطبعة الثانية، دار الورق للنشر المحدودة

- ديتش، ديڤد(١٩٦٧) منهاج النقد الأدبي بين النظرية و التطبيق، ت: د.محمد يوسف نجم، بيروت

- ويليک - وارين، رينيه - أوستن(١٩٨٧) نظرية الأدب، ت: محي الدين صبحي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت،

- يوسف، محمد عباس(٢٠٠٤)، الاغتراب و الابداع الفني، دار غريب للطباعة و النشر و التوزيع، قاهرة

- يونغ، ک. غ(١٩٩٧) علم النفس التحليلي، ت:نهاد خياطة، دار الحوار للنشر و التوزيع، (ط٢)، اللاذقية، سورية

- يونغ، كارل غوستاف(١٩٩٤) البنية النفسية عند الانسان، ت: نبيل محسن، دار الحوار للنشر و التوزيع، اللاذقية، سورية

- يونغ، كارل غوستاف(١٩٩٧) جدلية الأنا و اللاوعي، ت: نبيل محسن، دار الحوار، اللاذقية، سورية

- يونغ، كارل غوستاف(٢٠١٦)، النماذج البدئية و اللاوعي الجمعي، ت: متيم الظائع، الطبعة الاولى، دارالحوار، اللاذقية، سورية

**ب- المجلة:**

- الرياض، شيماء ابراهيم(٢٠١٦)، السادية أعراضها و أنواعها و ترق العلاج، مجلة سيدتي

- على، كوثر محمد(٢٠١٣) عتبة العنوان في قصص فرج ياسين القصيرة جدا، دراسة في بينتها التركيبيه، مجلة كلية التربية الاساسية، جامعة بابل، عدد١٢

**أطروحات:**

- ابوالسعود، عبدالله على عبدالرحمن(٢٠٠٥) الاعجاز النفسي في القران الكريم(دراسة تأصيلية)، رسالة ماجستير، جامعة الاردنية

- احمد، حيدوش(١٩٨٣)، الاتجاه النفسي في النقد العربي الحديث، رسالة ماجستير، جامعة بغداد

- مصباحي، علي(٢٠١٩)، النقد السيكولوجي العربي المعاصر، أطروحة دكتوراه، كلية اللغة و العربي و الفنون، جامعة الحاج لخضر باتنة، جزائر

**سەرچاوە فارسیەکان**

- فروید، زیگموند(١٣٦٣)، روانشناسی، ت: مهدی افشار، انتشارات کاویان، تهران

- شاریه، ژان پل(١٣٧٠) فروید، ناخوداگا و روانکاری، ت: سید علی محمد، نشر نکته، تهرا

- شمیسا، سیروس(١٣٩٠)، نقد ادبی(ویراست سوم)، چاپخانه روحانی، تهران

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

- HOEK, LEO.H.(1981), LA MARQUE DUTITE, DISPOSITIFS SEMIOTIQUES DUNE PARTIQUE TEXTUELLE, MOUTON, PUBLISHERS, THE HAGUE, PARIS, NEWYOURK

- GENETTE,GERARD(1987), SEUIL, ET SEUIL, COLLECTION POETIQUE, PARIS

- PECK – COYLE, JOHN – MARTIN(2002), LITERARY PARGRAVE Mac- 3th , TERMS AND CRITICISM, Millan

## ملخـص البحــث

البحث في الرواية حسب المدرسة النفسية, هي احد المواضيع المهمة في المجال النقد الادبي الذي اهتم به كثيرا, وهذه العلاقة التي بين الادب و علم النفس واضحة وقديمة. و هذه العلاقة التي بين الادب و علم نفس ادت الى تاسيس مدرسة جديدة في قرن العشرين وهي مدرسة تحليل النفسي التي يدرونها: سيغموند فرويد, يونك, ادلر. كان الذين يعملون على اللاشعور عند الانسان, الرواية النفسية لها آسس ومناهج خاصة بها. وهذة الخصائص تختلف عن الرواية التقليدية, واحد هذه الخصائص ان الكاتب يسلط الضوء على داخل الشخصيات والتفاعل والرغبة الموجودة في الشخصيات و (كاروان عمر كاكه سوور) كاتب روائي معروف نجد في رواياته البعد النفسي بهذه الخصائص النفسية والدوافع تبرز في رواياته. والشخصيات الموجودة في رواياته شخصيات معقدة لهم مشاكل مع البيئة المحيطة بهم, لديهم مشاكل مع هذا المفهوم المحيط بهيم لذالك الشخصيات غريبة. و اختيار عناوين الرواية لها دلائل نفسية.

اوجاع كل من الشخصيات اوجاع عميقة, مع هذا يتلذون مع الاوجاع. و الخوف يظهر كصفة نفسية في الروايات, وخوف الشخصيات هو خوف من سلطة الاجتماعية و السياسية. الخوف من وجودهم. والمدرسة النفسية ومدرائها عملوا على هذا المفهوم.

ويتكون هذا البحث من ثلاثة اقسام: القسم الاول: قسم نظري يتحدث عن مفهوم وتعريف علم النفس و العلاقة بين الادب و علم النفس. ومنهج نقد النفسي و اظهار مؤسسين هذه المناهج. في القسم الثاني يتحدث عن عنوان الرواية من الناحية النفسية. واظهار الدوافع النفسية, التي تجد في اعمالهم. وفي القسم الثالث يتحدث عن الخصائص النفسية للشخصيات. واللاشعور الفردي. واخذ نمازج من الروايات. في النهاية اظهار النتائج والقائمة المصادر.

# ABSTRACT

The search in the novel according to the psychological school is one of the subjects that has been concerned. That's based on the ancient relationship between literature and psychology. This mingle and relationship of the literature and psychology made a new school to be founded at the beginnings of th 20th century, which was psychologysis school, led by (Froid) and his students (Jung) and (Adler), thy worked on the human unconciousness as their priority. And the psychological novel has its methods and basics that make it different from traditional novel.

One of the characteristics of this type of novel is that the novelist emphasizes the internal and icepted desires of the characters. (Karwan Kakesoor) as a prominent kurdish novelist, psychological motivations are clearly declared in his novels. The characters of his novels are complex and full of troubles, they have problem with the ideas and understandings of the people around them, that's why they are isolated, alienated and rebellious characters. There is psychological indication in choosing the title of his novles. The pain of the character is deep, although they enjoy the pain.

Fear as a psychological characteristic has a wide area in his novels. Which are the characters fear of the political and social power, fear of the self existence. In which all the psychological terms that had been used by the psychological and the leaders of that school, have been discussed and clearly showed in his novels.

جمهورية العراق الفدرالي
حكومة اقليم كردستان
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة تعليم العالي و البحث العلمي
جامعة كوية – فاكلتي التربية
قسم اللغة الكردية و ادابها

# التحليل النفسي للروايات (كاروان عومەر كاكەسوور) (٢٠١٥-٢٠٢١)

**اطروحة**

تم تقديمه الى فاكلتي التربية/ قسم اللغة الكردي  بجامعة كوية، كجزء من متطلبات نيل – شهادة الدكتوراه في الأدب الكردية

من قبل
**شوان عثمان نوري**
حصلت على شهادة ماجستير في (الأدب الكردي) في كلية اللغات – جامعة صلاح الدين (٢٠١٦)

بأشراف
**أ.د. هاوژين صليوة عيسى**

٢٠٢٣ ميلادي	٢٧٢٣ كردي

Federal Republic of Iraq
Kurdistan Regional Government / Iraq
Presidency of Ministers Council
Ministry of Higher Education and Scientific Research
Koya University – Faculty of Education
Kurdish Department

# The Novels of (Karwan Omer Kakasur) from a Psychoanalysis Perspective (2015 – 2021)

A thesis submitted to the Council of Faculty of Education – Koye University as partial fulfillment the degreeof Doctorate in Kurdish Literature

A PhD thesis by:

**Shwan Othman Noori**

Master degree in Kurdish Literature from Salahaddin University of Language(2016)

Supervised by

**Prof. Dr. Hawzheen Sliwa Essa**

**2023**